نەوشیروان مستەفا ئەمین

لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ

دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق

١٩٧٥-١٩٧٨

خودایا ! بەسیە ئیتر لابەری دەیجوری ئیضمیحلال
طلوعي پێ بکە خـــورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستقبال
لەگەڵ خولیای هیجرتدا بەسەر چو عومری شیرینم
دەسا نۆبەی ویصالە ,ئاه.....
ئەی ئومێدی ئیستسقلال !

(م.نوري ١٩٩٢)

چاپ و بلاوکردنەوەی:

Postfach 210231
10502 Berlin
Germany

ناوەرۆک

لە نزیک سلیمانی: گەرانی بەردەوام

لە شەمەزینانەوە بۆ شارباژێر. ناوی شوێن. بەنداوی دوکان. دولی جافەتی. ڕیکخستنەوەی کاروباری هەرێم. زەردە و دەرزی. ق م لە ناوچەی سلیمانی. هاتنی خالید و شیخ حسین بۆ ناوچەی سلیمانی. پاسوک. شێخان. شلێر. گوزرانی نارام. تێکەوتن لە چنگنیان. ڕاوەکەو. زی ی پچوک. ل ١٩١ - ٢٤٥

نزگان: سەرەتای کارەسات

شەری دەشتیو. کوبونەوەی کادرەکانی کومەلە. کیشە لە ناو بزوتنەوەدا. دەفتەری سەروەری. ڕاگویزانی سنور. دوەمین کوبونەوەی کومیتەی سەرکردایەتی. گەرانەوە بۆ ناوچەی ٣ سنور. دیسانەوە ق م. بە ری کەوتنی هیزەکانی یەکیتی بو ٣ سنور. ل ٢٤٧ - ٢٧٦

هەکاری: شانوی کارەسات

هیزە چەکدارەکانی عیراق، ئیران، تورکیا. دژواریەکانی ریگا. شەری بازی. کشانەوە و لەتوپەت بون. دوایین شەر و نە ناوچونی یەکجاری. ل ٢٧٧ - ٢٩٥

قەندیل: هەستانەوە

دولەنی و مراد شیریژ. هەوالنامە. دولی بالەییان. سەراسێ و شەوبیداری. کوشتنی عەلی عەسکەری و خالید سەعید و شیخ حسین. کوری روژنامەوانی صەددام. ٣ حاجی. زلکردنی دوژمن. ماموستا عەزیز لە داوی دوژمن دا. مفە حەیاتەکە. «تقییم» ەکەی د. مەحمود. هەلگرتن - رەدوکەوتن. ناثارامی لە جەزیرەی نارام دا. بوشایی سیاسی لە کوردستانی ئیران دا. هەستانەوەی سیاسی، پیشمەرگەیی، ریکخراوەیی.. یەکیتی. ل ٢٩٧ - ٣٥٦

خری ناوزەنگ: پایتەختی شورش

کوبونەوەی کادرەکانی کومەلە. شەری شینی. دامەزراندنی بنکەکانی سەرکردایەتی. ل ٣٥٧ - ٣٦٢

بەلگە

پێشەکی

ئەم کتێبە ئەڵقەی یەکەمە لە زنجیرەیەکی پێنج ئەڵقەیی، کە چیرۆکەکانی دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی ساڵانی ۱۹۷۵ - ۱۹۹٦ ی کوردستانی عێراق ئەگێڕێتەوە. ئەگەر خوای گەورە یار و تەمەن و جەوهەری شیرین باقی بێ، بە دوای یەک دا بڵاویان ئەکەمەوە.

*

ڕووداوەکانم لە ڕوانگەی خۆمەوە بە شێوەی «ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوان» نووسیوەتەوە. ئۆبالی گشت هەواڵ و دەنگوباسەکانی، ئاگاداری و زانیارییەکانی، بیر و بۆچوونەکانی، سەرنج و تێبینییەکانی، گێڕانەوە و هەڵسەنگاندنەکانی... بە تەنیا لە ئەستۆی خۆم دایە.

بێگومان من لە نووسینەکەم دا ناتوانم بێلایەن بم، چونکە خۆم لە کێشەکان دا لایەن بووم، بۆیە لە باتی ئەوەی خوێنەر ڕەخنەی بێلایەن نەبوونم لێ بگری، باشترە داوا لە کەسانی پەیوەندیدار بکا ئەوانیش بیرەوەرییەکانی خۆیان لە باری سەرنجی خۆیانەوە بنووسنەوە.


*

کاتی خۆی من جێگایەکی ئەمینم نەبوو نامە و نووسراو و بەڵگەی تێ دا هەڵبگرم، لە بەر ئەوە زۆر کەم شتم هەڵئەگرت، بەتایبەتی بەیان و بڵاوکراوە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە... وە ئەوەی هەڵبەشم گرت بوو ساڵی ۱۹۹۰ هەمووم تێکەڵاوی ئارشیفە دەوڵەمەندەکەی مام جەلال کرد. ئەو ماوەیەی خەریکی نووسینی ئەم ئەڵقەیە بووم، دەستم نەیانگەیشتێ. نەیشمەویست بەو هۆیەوە دوای بخەم. کێ ئەزانێ چەند ئەژی و، چۆن و کەی و لە کوێ ئەمری؟ ویستم تا خۆم زیندووم و، زۆر لەوانەی ناویان لەم پێنج ئەڵقەیەدا دێ زیندوون، بڵاو ببێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم لە ناخی دڵەوە سپاسی هەردوو دۆستی بەڕێزم: د. فوئاد مەعسوم و، د. لەتیف ڕەشید بکەم. هەردووکیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئارشیفەکانی خۆیان خستە بەردەستم بۆ ئەم نووسینە کەڵکیان لێ وەربگرم. ئەگەر چاکەی ئەو دوو جوامێرە نەبوایە ئەم کارەم بەمجۆرە بۆ تەواو نەئەکرا.

لەندەن، ۱ ی شوباتی ۱۹۹۷

نەوشیروان



تورکیا
سوریا
عێراق
ئێران
هەکاری
ورمێ
شنۆ
مهاباد
خانە
حاجی ئومەران
ڕەواندز
چیای قەندیل
شەقلاوە
ڕانیە
قەلادزە
سەردەشت
بانە
چوارتا
پێنجوین
سلێمانی
چەمچەماڵ
کەرکووک
هەولێر
مووسڵ
دهۆک
زاخۆ
ئامێدی
سنجار
زێی بچووک
زێی گەورە
ڕووباری دیجلە
هەڵەبجە
سنە
کفری
خانەقین
قەسری شیرین
مەندەلی
بەغدا
سنووری دەولی
ڕووبار
پایتەخت
پارێزگا (ئوستان)
شاری بچووک

ڤیيەننا: بوكى رازاوە

*

مارتی سالی ١٩٧٥ كە تاشەتال بو، ٣ سال زیاتر بو من لە ڤیەننا بوم.
ئەوسا كوردی عیراق لە ئەوروپا بە گشتی و، لە نەمسە بە تایبەتی زور كەم بون.
ئەوانەی لە ڤیەننا بون بە پەنجەی دەس ئەژمەردران:
كونتەرینیان د. وریا رەواندزی بو كە لە سەرەتای پەنجاكانەوە لەوی جیگیر بوبو و پزیشكی پسپوری نەخوشیەكانی هەناو بو. عومەر دزەیی لە سەفارەتی عیراق كاروباری وەرگیرانی روژنامەوانی ئەكرد. وریای ئەحمەدی قازی و بەختیاری برای. وریا لەشەستەكانەوە لەوی ئەژیا و كاری ئەكرد. فوئادی مەلا مەحمود سەرەتای حەفتاكان چوبوە ڤیەننا. فوئاد هاورییەكی زور نزیك و خوشەویستم بو، بە خوشیی ئەوەوە منیش چو بوم بو ئەوی. دواییتر یەكدوكەسی تریش هاتن.
ژمارەی كوردی ئیران لە كوردی عیراق كەمتر بو. لە ناو ئەوان دا كەریمی پیروتی دیار بو، كە تیكەلاوی كوردەكانی تر ئەبو.
ژمارەی كوردەكانی سوریاش لە پەنجەی دەس تیپەری نەئەكرد.
ژمارەیەكی زور كریكاری كوردی توركیا لە نەمسا بون. بەلام هیشتا جولانەوەی سیاسییان تی نەكەوت بو. زور كەم بەشداری چالاكی سیاسی ئەبون.
لە ناو ئەم كومەلە كوردییە بچوكەدا چەند كەسی لە كوردەكانی سوریا لە هەموان چالاكتر بون. هەندیكیان ببون بە ئەندام و بەرپرس لە پ د ك ی عیراق و كومەلەی خویندكاران دا. كاریان بو ئەوان ئەكرد.
ئیمە: كوردەكانی عیراق، ئەگەرچی ناوبەناو یەكتریمان ئەبینی و ئەچوین بو گەران و پیاسە و سەیران و، هەمو نەوروزی ئاهەنگمان ئەگیرا و، ئەگەر بونەیەكی گرنگ بهاتایەتە پیشەوە كو ئەبوینەوە، بەلام هەر كەس خەریكی كار و ژیانی تایبەتی خوی بو. یەكیكی تازەی وەكو من ئەبو بو راپەراندنی كارەكانی خوی پشت بە خوی ببەستی. هەول بدا بە زویی زمان فیر ببی و، شارەزایی پەیدا بكاو، ئاسماو بو خوی بدوزیتەوە.
نە من و نە هیچكام لە كوردەكانی عیراق ئەوسا ئەبوبون بە پەنابەری سیاسی.
پەنابەری سیاسی لە ناو كوردەكانی عیراق دا هەر نەبو، یان ئەگەر بویی زور دەگمەن بو.
من خویندكار بوم لە زانستگای ڤیەننا، كە یەكیكە لە زانستگا كونەكانی

ئەوروپا. وەزارەتی خوێندنی بەرز موافەقەتی بۆ کرد بوم لە یەک کات دا دو خوێندن تەواو بکەم: زانستی سیاسەت لە «فاکولتیتی فەلسەفە» و، پەیوەندی ناودەولەتان لە «فاکولتیتی قانون». مامۆستای سیاسەتم پرۆفیسۆری زانستگا «هاینریک شنایدەر»، سەرۆکی ئینستیتوتی پولیتولوگی و، مامۆستای پەیوەندی ناو دەولەتانم پرۆفیسۆری زانستگا «شتیفان فیروستا»، سەرۆکی ئینستیتوتی قانونی ناودەولەتان بو. دوستایەتیم لە گەڵ هەردو پرۆفیسۆر و، هەندی لە مامۆستاکانی تر و، لە گەڵ زۆر خوێندکاری نەمسایی دامەزراند بو. وا باوە کە نەمسایی گیانی خۆبەزلزانینیان تی دایە و، بە چاوی سوک سەیری بیگانە، تەنانەت، هی ئەوروپاییش نەکەن، بەلام کە تیکەلاویان ئەبی ئەم قسەیە هیچ مەعنایەکی نامینی. ناسک و قسەخوش و میواندوستن. لە دوستایەتی دا دلسوز و سەرراستن. لە پیویستی دا بە پی ی توانا بە دەنگتەوە دین.

سەرەتا چەند جاری جیگورکیم کرد لەم ژورەوە بو ژوریکی تر. پاشان جیگیر بوم. سالی زیاتر لە فلاتیکی سەر شەقامی گشتی «گویرتل» و، پاشماوەی ماوەی مانەوەم لە فییەننا لە ژوریکی «خانوی جیهانیی خوێندکاران» بوم لە شەقامی «شتارکفریدگاسە». خانوەکەمان هی ژوری بازرگانی بو، جیگاکەمان تا بلی ی خوش و، کەشی ناو خانوەکە بو خوێندن و لیکولینەوە نمونەیی بو. هەمو خوێندکاریک ژوریکی سەربەخوی هەبو. تەوالیت و شوینی دروستکردنی خواردنی هەر ۱۰ خوێندکار پیکەوە بو. باخی گەورە، ئەستیلی مەلە، مەیدانی یاری، هولی ئاهەنگ، شوینی تایبەتی تەماشای تەلەفزیون، قاوەخانە و ریستورانتی تی دا بو. ئوتیلیکی ریکوپیکی پچوکیش لە ناو بلوکی ئەم خانوانەدا تەرخان کرا بو بو میوانی خوێندکارەکان. کاتی وچانی هاوینەی زانستگا هەمو خانوەکانیان ئەکرد بە ئوتیلی توریستی. کاتی خوی کە لە زانستگای بەغداد ئەمخویند ماوەیەکی کورت لە «مدینە الرشاد» بوم، خومم پی نەگیرا، بە جیم هیشت، دوا سالی لە «دار الطلبە» بوم، گوایە ئەمە باشترین خانوی خوێندکاران بو، تەرخان کرا بو بو خوێندکارانی دوا پولی زانستگا، ٦ خوێندکار پیکەوە لە یەک ژوردا بوین.

زانستگای فییەننا وەرزشی بو هەمو خوێندکارەکانی لە هەر تەمەن و، پلەیەکی شارەزایی و، لە هەر بابەتیکی خوێندن دا بوایە، دابین کرد بو. من بە منالی وەرزشکار نەبوم. باوکیشم هەرگیز هانی نەدابوم بو یاری و وەرزش. بەلام لە نەمسا تیگەیشتم وەرزش بەشیکی پیویست و گرنگی ژیانە.

دارستانی فییەننا «فیینەر فالد» زور دور نەبو لە خانوەکەمانەوە. زور جار بو پیاسەی دریژ ئەچوم بو ئەوی. لیرەواریکی چروپر و فراوان بو. بە پی رویشتن وەرزشیکی

باو بو، زور کەس بو ئەم وەرزشە ئەهاتن بو ئەوێ و، هەندێکیان بە درێژایی روژەکە لەوێ ئەمانەوە. جگە لەمەش لە زانستگا چو بومە کورسی دو جور وەرزشی خوشەوە: جومناستیک و شاخەوانی.

بو هەردو باری جلوبەرگ و کەلوپەلی تایبەتی خوی پێویست بو.

جومناستیک لە هولەکانی ناو زانستگا و، لە روژانی خوێندن دا بو، بەلام شاخەوانی لە روژانی کوتایی هەفتە و، لە شاخەکانی دەوروبەری ڤییەننا بو، زور جار شەوانی یەکشەممە لە شاخ ئەمایەنەوە. لەو ولاتە شاخاوییانە، لە کونەوە خێرومەندەکان خانوی زوریان لە چیاکان دروست کردوە. رێبوار و راوکەر و شوانەکان بە شەو وەکو «نوا» یەکی گەرم و ئەمین تیایان دا ئەمێننەوە.

شاخەوانیی لە نەمسا باو بو. چەندین یانەی هەبو. راهێنەرەکانی ئێمە هەر یەکەیان مەشقی بە گروپێکی ٦ کەسی ئەکرد و، ئەیان کردین بە تاقمی دوکەسی. هەردوکەس پێکەوە بە شاخ دا هەلئەگەران بو ئەوەی لە کاتی پێویست دا یارمەتی یەکتری بدەن. هەندێ لەو شوێنانەی مەشقمان لێ ئەکرد گوری ئەوانەی لێ بو کە لە شاخەکە هەلدێرا بون. راهێنەرەکانی ئێمە هەمو کەسانی لێهاتوی شارەزا و، لەوانە بون بە هیمالایادا هەلگەرا بون.

لە هەردو وەرزش دا من نەشارەزا بوم. لە سەرەتاوە دەستم پێ کرد و، تا گەیشتمە قوناغی ناوەنجی رویشتم، ئیتر وازم لێ هێنان.

سواری یەکێکە لە وەرزشە ئاریستوکراتیەکانی خەلکی نەمسا. لە کونەوە فێرگەیەکی سواری بە ناوبانگی لێ بە ناوی: «فێرگەی سواریی ئیسپانی» یە و، رەسەنێکی تایبەتی ئەسپیشیان هەیە. هاورێیەکم هەبو حەزی لە سواری ئەکرد. جارێکیان پێکەوە چوین بو یانەیەکی سواری بو چەند سەعاتێک ولاخیان لێ بە کری بگرین. کابرای ولاخدار لە منی پرسی: «سواری ئەزانیت؟». وتم : «بەلێ». ئەسپێکی بو هێنام وتی: «سواری بە!». منیش یەکسەر خوم هەلدایە سەر پشتی. هێشتا بە سەر پشتی ئەسپەکەوە بوم لێ ی پرسیم ئەگەر ویستم غاری پێ بکەم چی لێ ئەکەم.

منیش وتم: «بە پاژنەی پێلاوەکانم لە ورگی ئەژەنم».

کابرا یەکسەر وتی: «دابەزە!». دابەزیم. وتی: «هەرگیز ولاخ بە تو نادەم سواری بیت».

قسەکەیم بەلاوە سەیر بو وتم: «بوچی؟»

وتی: «من ولاخەکانم بە نوقل و پسکیت بە خێو ئەکەم، جەنابیشت لێی یان

ئەدەی، لیرە لە ولاخ نادەن بە رەشمەکەی ئیشارەتی ئەدەنی»
چەندی لە گەلی خەریک بوم کابرا نەی سەلماند، وتی: «تو بە لیدانی راهاتویت، تازە ناتوانی شیوەی سواری خوت بگوری»

*

ڤییەننا یەکیکە لە شارە هەرە خوشەکانی دنیا.
ناوەندیکی گرنگی دیپلوماسی و موسیقا و فەلسەفە بوە و، ئیستاش ناوەندیکی خوشیی توریزمە. سەدان فەیلەسوف، زانا، سیاسی، موسیقار، ئەدیبی گەورەی تی دا هەلکەوتوە کە ناوبانگیان بە هەمو دنیادا بلاو بوتەوە. تەنانەت هیتلەریش نەمسایی بوە.
خەلکی ڤییەننا ئیستاش شانازی بەوەوە ئەکەن کە دو جار ئوردوی زەبەللاحی تورکیان لە بەر دیوارەکانی شارەکەیان دا شکاندوە و، نەیانهیشتوە شارەکەیان داگیر بکری. یەکی لە موزەخانەکانی بو ئەم شەرانە تەرخان کراوە. دەواری ئاغاکانی کوردیشی تی دایە کە لە ئوردوگای تورک دا، دوای شکاندنیان، بە تالان گیراوە.
بارەگای ریکخراوی «ئوپیک» و، چەندین ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەوانە «دەزگای جیهانیی وزەی ئوتوم» لە ڤییەننایە. نەتەوە یەکگرتوەکان شاریکی تایبەتییان لە ناو ڤییەننادا هەیە.
ڤییەننا دەیان کوشکی دیرینی شاهانە و، دەیان موزەخانەی جوراوجور و، دەیان پارکی رەنگینی خوشی تی دایە. بورگ تیئاتر، شتاتس ئوپەر، کونسەرت هاوس... ٣ جیگای کەم وینەن لە دنیادا. رازاندنەوەی دەرودیوار و بنمیچی بیناکان و، کورسی و پەردە و کەلوپەلی ناوی. تەماشاکەران: ئافرەتەکان، هەمو جوانترین و گرانترین جلوبەرگیان لە بەر کردوە و، پیاوەکان هەمو بە قاتی رەش و کراسی سپی و بوینباخەوە، لە وچانەکانی نیوان پەردەکان دا، هیمن و بیدەنگ، لەسەر خو و، بە ریز و سەربەرزییەوە بە یەک دا دین و ئەچن. من کە ئەچوم بو ئەم شوینانە وام ئەزانی لە دەرباری قەیسەر دام. لە ناو ئەو پارچانەدا کە ئەو سەردەمە بو تەماشا کردنی چوم: «ئایدە» و، «زەماوەندی شای قەرەجەکان» ی شتراوس بو.
لە سەر جادەی بەناوبانگی «رینگ» باخی شار هەیە. دەرگایەکی سەفارەتی عیراقی بەرامبەر بە دەرگایەکی ئەم باخە بو. تیپیکی موسیقا لەم باخەدا تایبەت بو بە دوبارەکردنەوەی ئاوازەکانی شتراوس. من هەندی جار بە تایبەتی بو گوی گرتن لەم ئاوازە خوشانە بە تایبەتی پارچەی «دانوبی شین» ئەچوم بو باخی شار.
«پراتەر شتیرن» کە شاری یارییە و، باخی «شوینبرون» کە کوشکی قەرالیچە

ماریا تریزا بوه و، «تیبیر گارتن» کە بیشەلانی درندە و مەلی کیوییە، لە شوینە خوشەکانی گەران و سەیران بون.

زورم حەز لە دانیشتنی روژانەی قاوەخانەکانی ڤییەننا بو. دانیشتنی قاوەخانەکانی تام و لەززەتیکی تایبەتی هەیە. شیرینی و کاری هەویری نایابیان تی دا دەس ئەکەوی. ریکوپیک و هیمن و جوانن، سەرەرای ئەوش زوریەی روژنامە و گوڤارەکانی نەمسا و ئەلمانیا و، هەندی جار هی ئەمریکاو بەریتاناشی بە تازەیی لی دانراوە بو خویندنەوە. لەو شوینە خوشانەی کە حەزم ئەکرد شەوان لە گەڵ دوست و هاوری و، میوان بچم «ئوگوستینە کیلەر» و «١٢ ئەپوستل کیلەر» بە زستان و، مەیخانەکانی «گرینسینگ» بە هاوینان. ئەو جورە مەیخانانە شتی تایبەتی ڤییەننان. زور جار شەوان لە گەڵ فوئاد و عومەر ئەچوین بو ئەم شوینانە.

زور شوینی ناو ڤییەننا شارەزا بوم و، زور شار و ناوچەی نەمسە گەرام. چەند جاری چوم بو بورگنلاند، شتایەرمارک، تیرول و، شارەکانی لینتز، سالسبورگ، لەمەش دا بە زوری قەرزاری دوستیکی لینتزی: گیردا ماوکس بوم. جگە لەوەی زوری یارمەتی دام بو فیر بونی زمانی ئەلمانی، زوریش یارمەتی دام بو شارەزا بونی ژیانی کومەلایەتی و روشنبیری و هونەریی خەلکی نەمسا.

هەمو سالی ژوری بازرگانی یەکی لە هەریمەکانی نەمسا، خویندکارە بیانیەکانی خانوەکەی ئیمەیان بانگهیشتن ئەکرد بو سەردانی ناوچەکە و، پیشان دانی نیشانە پیشەسازی و بازرگانی و توریستی و روشنبیرییەکانی. جاریکیان منیش لە گەلیان چوم بو «شتایەرمارک» حەفتەیەک ماینەوە. لەو شوینانەی پیشانیان داین: کارگەی دروستکردنی تفەنگ، کوتاڵ، مەکینەی کشتوکاڵ، ئیستگای بەرهەمهینانی کارەباوی... بو. چیاکانی کوردستان شوینی زور و لەباری لەو بابەتەی لی یە بو دامەزراندنی ئەو جورە ئیستگانەی لەم ناوچەیەدا بو بەرهەمهینانی کارەبا دایان نا بو.

گەلان بە جوری جیا جیا ریز لە پیاوە هەلکەوتوەکانیان ئەگرن. لە مەیدان و شەقام و باخ و کوشک و زانستگاکان دا بە سەدان پەیکەری پیاوە هەلکەوتوەکانیان داناوە و، شەقام و کولانیان بە ناوەوە ناو ناون. خانوی هەندیکیان کردوە بە «موزەخانە» بو تەماشاکردنی گشتی. ستالین ماوەیەک لە ڤییەننا ژیاوە. یاسە بە ناویانگەکەی لە سەر «نەتەوە» لەوی نوسیوە. پلیتیک بە دیواری ئەو ماڵەدا هەلواسراوە لە سەری نوسراوە ستالین فلان ساڵ لەم خانوەدا ژیاوە و، باسەکەی لە سەر نەتەوە لیرەدا نوسیوە.

سالسبورگ پایتەختی هاوینەی قەیسەرەکانی نەمسا بوە. شاریکی پچوکی خوشە.

همو سالی ئاهەنگی جیهانیی موسیقای لی ساز ئەکرا. تیپە بەناوبانگەکانی فیلهارمونیکا بەشداریان تی دا ئەکرد و، ئاوازە کلاسیکییەکانی موزارت، بیتهوڤن، هایدن، باخ، دفورشاک... تی دا دوبارە ئەکرایەوە. هاوری یەکی سالسبورگیم: توماس کراوس، چەند جاری بانگی کردم بو مالی خویان میوانی ئەو ئەبوم. ئەو فلاتەی کاتی خوی «موزارت» ی تی دا ژیا بو کرا بو بە موزەخانە. هەندی لە کەلوپەلەکانی و نوتەکانی و ئامرازە موسیقییەکانی لی دانرا بو.

*

ئەو ماوەیەی من لە ڤییەننا بوم هەندی لە کوردە ناسراوەکان بو گەشت و گەران سەردانی ڤییەننایان ئەکرد لەوانە: مامجەلال کە تازە ژنی گواست بوەوە، رەحمانی زەبیحی، رەشید عارف، سامی حسین ناظم، د. محمد باقر و، د. ئومید مەدحەت موبارەک، د. موراد عەزیز.

د. موراد چاکەی تایبەتی بە سەر منەوە هەبو. کاتی خوی لە بەغدا گیرم خوارد بو نەمئەتوانی دەربچم چونکە چەندین «مەنعی سەفەر» ی کون و تازەم لە سەر بو. د. موراد، بە هوی زەبیحییەوە، یارمەتی دام لە بەغدا دەرباز بوم.

سەرهەنگ نەوائی کە یەکی بو لە ئەفسەرانی بەشداری روداوەکانی ئازەربایجان و، ماوەیەکی دریژی لە سوڤیت و چین بە سەر برد بو. ماوەیەکیش لە بەغدا بو. لە گەل خیزانەکەی هاتە ڤییەننا. هاوسەرەکەی ناساغ بو. زەبیحی فوئاد و منی راسپارد بو یارمەتی بدەین. نەوائی پیاویکی روشنبیر و نەجیبزادە بو.

*

زەبیحی دو سال لە سەر یەک بو گەشتوگەران هات بو ڤییەننا. بەشیکی لە خوشی فوئادی مەلا مەحمود و من بو. هەردوجار زوری کاتەکەی لە گەل من و فوئاد بە سەر ئەبرد.

لیرەدا بە پیویستی ئەزانم لە ئاستی ئەم پیاوە گومناوەدا ئیستیک بکەم.

هەرچەندە تەمەن و بیروبوچونمان لە زور لایەنەوە جیاواز بو بەلام رەحمانی زەبیحی دوستیکی خوشەویست و دلسوزم بو. تیکوشەریکی کولنەدەری ریگەی کوردایەتی بو. زەبیحی لە سابلاغی موکریان لە دایک بوبو. بە گەنجی تیکەلاوی جولانەوەی کورد بوبو. یەکی بو لە دامەزرینەرانی کومەلەی «ژ ک» و، تا هەلوەشانەوەی سکرتیری بو. دوای ئەوە بو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان. دامەزرینەری گوڤاری نهینی «نیشتمان» بو. زور وتاری سیاسی لە گوڤاری «نیشتمان: بلاوکەرەوەی بیری

کـومـەڵەی ژ ک» و رۆژنامـەی «کـوردسـتـان: بڵاوکـەرەوەی بیـری حـیـزبی دیـمـوکـراتی کوردستان» دا بڵاو کرد بوەوە. دوای رووخانی حکومەتی کوردستان لە مەهاباد بە نهێنی هاتبوە عـیـراق. پاش مـاوەیەک لە عـیـراق ئاشکرا ئەبێ ئەچێ بۆ سـوریا. لـە سـوریا بە عەرەبی نامـیلکەیەکی نوسی بو بە ناونیشانی «الرد علی الکوسموپولیتیـه» ویست بوی تیـا بسـەلمێنی کـورد بە گوێرەی تیگەیشتنی سـتـالین نەتەوەیە. لە سـوریا بەشـداریـیـەکی کـاریگەری کـرد بو هاندانی دامـەزراندنی «پارتی دیمـوکـراتی کـورد». پاشـان گـەڕایەوە کوردستانی عیراق لە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری ئەکرد. مـاوەیەک ئەندامی کـومـیتـەی ناوەندی و مـەکـتـەبی سیـاسی بو. لە دەسپـێکردنی شـۆڕشی ئەیلول دا لێپرسراوی لقی کەرکوک و، دوایەتر لێپرسراوی لقی بەغداد بو.

زەبیـحی خوێنەویست و دل و دەرون فـراوان و نەفس بەرز بو. هەتا بڵێی ی نتم بو. رووداوەکانی ژیانی سیاسی و ئەدەبی خوی باس نەئەکرد. تەنانەت ئەوەی ماوەی زوریشی بە سەردا تێ پەری بو.

زەبیـحی نوسـەر و ئـەدیب و رۆژنامـەوان بو. چەندین زمـانی ئەزانی. زور شـارەزای زمـان و ئەدەب و مـێـژوی کـورد بو. لە مـێـژ بو خـەریکی نوسـینی فـەرهەنگی کـوردی - کوردی بو. لە کوتایی شـەسـتـەکان دا منی راسپـارد لە سلێمـانی «فـەرهەنگی مـەردوخ» و هەندێ شتی تری لەو بابەتەی بو پەیدا بکەم. زور جار سـاخکردنـەوە و لێکدانەوەی وشـەی سلێمانی و دەوروبەری لێ ئەپرسیم.

دوەم جـار کە بینیـم زوری لە گـەڵ خـەریک بوم لە ڤـیـیـەننا بمێنێـتـەوە تا خـەریکی تەواو کردنی فەرهەنگەکەی بێ. فـوئاد و من پێشنیـارمان بو کرد بو خو خەریک کردن و دابینکردنی ژیانی، دوکانێکی کتێبفروشی کتێبی عـەرەبی و فـارسی و تورکی دابنێ و، تیـمـەش یارمـەتی بدەین. ئەوسا کتێبفروشی وەها لە ئەوروپا نەبو، یان ئەگەر هەشبوبێ بە ناوبانگ نەبو. زەبیـحی پێشنیارەکەی قوبوڵ نەکرد و سور بو لە سەر گەرانەوەی بو عیراق. هەندێ بیـانوی هێنایەوە بو من قـانعکەر نەبو. بە تایبـەتی زەبیـحی خـەڵکی کـوردسـتـانی عیراق نەبو، ژن و منال و خزم و کەسوکاری لەوێ نەبو. هەتا مردیش هەر رەبەن بو.

مەلا مستەفای بارزانی رێی لێ ی بو، چونکە ئەو وەکو هەزار، خوی بە لای ئەودا نەخست بو.

سـەرانی دیمـوکـرات، بە تایبـەتی د. قـاسـملو، حـەزیان لە چارەی نـەئەکرد، چونکە کـاری لە گـەڵ ئەوان نـەکـرد بو. زەبیـحی باوەری وابو هەر کوردێ کـەوتە هەر پارچەیەکـەوە پێویستە خزمەت بەو پارچەیە بکا.

حیزبی بەعس قینیان لی ی بو. چونکە بە دوستی مامجەلال و ئیبراهیم ئەحمەدیان دائەنا. جارێک گیرا و چەند مانگی لە زیندان دا بی سەروشوێن بو. ئەشکەنجەی زوریان دا. هاوسەرەکەی جەنەرال تەیموری بەختیار بوی تی کەوت لە گرتن و مردن رزگاری کرد.

لە دوا سالەکانی تەمەنی دا هەلەیەکی سیاسی گەورەی کرد، چوە ناو یەکی لە حیزبە کارتونیبەکانەوە، لە کاتێک دا نە ئەو پێویستی بە مە هەبو، وە نە لەو رێگایەشەوە ئەیتوانی خزمەتێکی کورد بکا.

دوای روخانی شا، زەبیحی سەردانی کوردستانی ئێرانی کرد. لە گوندی شینی جارێکی تر بینیمەوە. پێشنیارە کونەکەم بو دوبارە کردە: کە لەوی بمێنێتەوە و خەریکی تەواو کردنی فەرهەنگەکەی بی. بە تایبەتی لەو کاتەدا تایپرایتەری تازە بابەت داهات بو، کومپیوتەر پێشکەوت بو، ئەیتوانی کەلکیان لی وەربگری. دیسان نەی سەلماند. مانەوەی پروژەی فەرهەنگەکە بە ناتەواوی خەسارەتێکی گەورە بو بو زمانی کوردی. زەبیحی زورتر خوی بە تێکوشەر و سیاسی ئەزانی تا زمانەوان و ئەدیب، لە کاتێک دا کەم کەس زەبیحی وەکو تێکوشەری سیاسی ئەناسی، کەچی زور کەس وەکو زمانەوانێکی گەورە سەیری ئەکەن.

زەبیحی دو بەرگی لە فەرهەنگەکەی بلاو کردەوە. هەرچی دیویتی بە شاکارێکی زمانەوانی دائەنی. فریا نەکەوت بەرگەکانی تری بلاو بکاتەوە لە هەلومەرجێکی ئالوزدا لە ناوچەیەکی سنوری نێوان کوردستانی ئێران و عێراق بی سەروشوێن بزر بو. وەکو ئەلێن مسودەی بەرگەکانی تری فەرهەنگەکەی کەوتوتە لای دەزگا ئەمنیبەکانی عێراق، چونکە مالەکەی لە بەغدا بو.

*

لەو کاتەوە کە چو بوم بو لوبنانا هەولم ئەدا خوم لە روداوە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق دور رابگرم. بەشداری هەندی لە کوبونەوەکانی خوێندکاران ئەبوم بەلام کەم تێکەلاوی چالاکی پارتایەتی ئەبوم. بە درێژایی ئەو ماوەیەی لەوی ئەمخوێند هاوبەشی هیچ کونگرەیەکی خوێندکاران نەبوم و، بو هیچ کونفرەنسێکی پارتی نەچوم. زورتر لە گەل چەپەکانی ئێران تێکەلاو بوم. لەبەرئەوە عەرەبەکان وایان ئەزانی من ئێرانیم و، ئێرانیبەکانیش، چونکە فارسیبەکەم «غەلیز» بو وایان ئەزانی من ئەفغانیم.

ئەوسا لە نێوان کورد و حکومەتی بەعس دا هێشتا ئاشتی بو. نێوانی ئێمەش لە گەل سەفارەت ئاسایی بو. بو ئاهەنگە رەسمیبەکانیان بانگیان ئەکردین. بە رێکوپێکی روژنامەکانی بەغداد: «الثورە» و «الجمهوریە» یان بو ئەناردم. بە هوی پارتیشەوە جاروبار

«التاخی» م نەبینی. شازاد صائیب و بەختیاری برام بە ریکوپیکی گوڤار و کتیبە کوردیەکانیان بو ئەناردم.

*

خویندکاریکی کوردی سوریا نامیلکەیەکی کورتیلەی بە زمانی ئەلمانی لە ژیر ناوی: «کورد: گەلیکی بی دەولەت» نوسی بو. هەندی زانیاری سەرەتایی و گشتی لە سەر کورد و نیشتمانەکەی تی دا بو. بو ناساندنی کورد بە کەسیکی نەشارەزا شتیکی باش بو. نەخشەیەکی فراوانکراوی کوردستانی لە سەر بەرگەکەی کرد بو، لای خواروی لە سەر خەلیج و لای روژئاوای گەیشت بوە سەر دەریای سپی ناوەراست. نامیلکەکە بە ناوی «لقی ئەمسای کومەلەی خویندکاران» ەوە بلاو ئەکرایەوە.

چەند جاری کوبونەوەی لە سەر کرا و، ناوەروکەکەی خرایە بەر باس و لیکولینەوە. لە سەر نەخشەکەی کوردستان من هەندی بوچونم دەربری. کورتەی قسەکانم ئەمە بو: «ئەمجورە نەخشەیە گەلانی دراوسی ئەترسینی و، دژی کورد ئەیان وروژینی، چونکە هەندی شوین خراوەتە ناو سنوری جوگرافی کوردستانەوە، ئیستا بە ئەرزی کورد دانانرین، رەنگە هەبی بلی: کورد هیشتا دەولەتی نیە چاوی بریوەتە ئەرزی گەلانی تر، ئەبی ئەگەر دەولەت و لەشکری هەبی چی بکا؟»

قسەیەکی زور کرا لە سەر دەسکاری نەخشەکە. چەند کەسی تریش قسەیان کرد. کوریک لە کورەکەدا بو، ناوی «حەننان»، خەلکی چیای کرمانج بو لە سوریا و، تەندروستی ناژەلی ئەخویند. سور بو لە سەر هەلویستی خوی، زور بە گەرمی دیفاعی لە باری سەرنجی خوی ئەکرد، ئەیوت: «ئەوانە هەزار سالە کوردستان تالان ئەکەن، لە باتی تەعویضی ئەوە، من بە پارە لی یان رازی نابم، ئەرزیان لی وەرئەگرم». هەرچی کردمان و کوشاین ئیستا و ئەوسا بیانوەکانی ئیمەی ئەسەلماند و پیلەبازیەکەی بەوە بریەوە: «ئەز دەڤ ژ بەحری بەر نادەم!»، واتە من دەس لە دەریا بەر نادەم. دەسکاری نەخشەکەی نەکرد.

پی ی وابو من گرنگیی هەبونی دەریا نازانم، و نازانم نەبونی سنوری دەریایی چ کاریکی خراپی کردوتە سەر چارەنوسی سیاسی کورد، بویە من دەستم لی بەر ئەدا و، ئەو دەستی لی بەر نەئەدا.

*

ئەو کاتەی خەریکی ئامادەکردنی نامەی دکتورا بوم لە سەر: «پەیدا بون و گەشەکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد» روبەروی پرسیاری ئەبومەوە، ئەبو وەلامیکی زانستیی بو بدوزمەوە، ئەویش: «کورد بوچی نەیتوانیوە دەولەتی تایبەتی خوی

دامەزرینی، لە کاتیک دا هەمو نەتەوە دراوسیکانی: عـەرەب، فـارس، تورک، ئەرمـەنی.. دەولەتی خویان دامەزراندوە؟»

ئەمە پاسیکی قول و، لیکولینەوەی زوری گەرەک بو، نوسەرانی کوردیش زور کەم و بە کـورتی لی ی دواون. لە ناو ئەواندا لەم مـەسـەلـەیە دواون، لە کـونەکـان: ئەمـیـر شـەرەفـخـانی بەتلیـسی، ئەحـمـەدی خـانی، حـاجی قـادری کـویی و، لە ناو نوسـەرانی هاوچەرخیش دا: ئەمین زەکی، عەلائەدین سجادی، جەمال نەبەز، مەسعود محەمەد.

نوسەرانی کون: هەمـویان هویەکەیان گەراوەتەوە بو خـوخوری کورد و تەفرەقـە و نیفاق.

نوسەرانی هاوچەرخ: ئەمین زەکی لە «خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستـان» دا ئەیگیـرێتەوە بو «پی نەگەیشتن» و نەبونی «عیلم و سەروەت» و، عـەلائەدین سـەجادی لە «شـورشـەکـانی کـورد» ا بو «مـوسـولمانەتی» کـورد و، جـەمـال نەبەز لە «کـوردسـتـان و شورشەکەی» دا بو نـەبونی «دین یا مەزەب» یەکی تایبەتی بە کورد و، مەسعو محەمەد لە «حاجی قادری کویی» دا بو «تزیفی تابوری» کە بـە هوی دراوسی بە هیزەکانیـەوە توشی کوردستان بوە.

هەر کـەسی لە مـانە لە ئەنجامی لیکدانەوەی قـول و دریژی خـوی دا ئەم ئەنجـامـەی هەلهینجـاوە و، بیانوی خوی هەیە بو سەلماندنی، بەلام هیـچکامیان دریژەیان بـە باسەکـەیان نەداوە.

بە دوای سـەرچاوەدا هەردو کـتـیـبـخـانە گـرنگەکـەی ڤـیـیـەننا: کـتـیـبـخـانەی دەولەت «شتاتس بیبلوتیک» و، «کتیبخانەی زانستگا» بە وردی گەرام. کتیبی کوردییان تی دا نەبو. کتیبی عەرەبییش زور دەگمەن بو. بە زمانە ئەوروپاییەکانیش بە دەگمەن سەرچاوەی لە سەر کورد تی دا دەس ئەکەوت. یەکی پیویستایە بابەتی لە سەر کورد ئامادە بکا ئەبو خوی سەرچاوەکانی پەیدا بکا. زوری ئەو کتیبانەی لە سەر کورد بە زمانی ئەلمانی لەو دو کـتـیـبـخـانەیەدا بون سـەیرم کـردون، بە تایبـەتی ئـەوانەی کـون چاپ کـرا بون. لەوانە: کـتـیـبـەکانی لیرخ، جـوستی، وەرگیـرانی ئەلمانی شـەرەفنامـە لە لایەن «بارب»، نامـەکـانی مولتکە.

مـولتکە، کـە دوایی وەکـو جـەنـەرالیکی سـتـراتیـجی زان ناوی دەرکـرد و، بو بە سـەروکی «هەیئـەتی ئەرکـان» ی پروسـیـا، ئەوسـا وەکـو ئەفـسـەریکی پچوک لـە هەندی لە لەشکرکیشـیـیـەکانی ئوردوی عوسمـانی دا بو سەر میـرایەتییـەکانی کورد لە کـوردستانی تورکیـا، بەشداری کـرد بو. لە شـوینی شەرەکانەوە هەندی نامەی نوسـیـوە باسی شـەرەکـان

ئەگێڕیتەوە. بابەتی مێژوویی خۆش و بەنرخیان تێ دابە، بە تایبەتی لە سەر ڕەفتاری هێزی داگیرکەری تورک. نوسخە کۆنەکانی چەند نەخشە و وێنەی دەستکری قەڵاکانی ئەوسای کوردستانی تێ دا بو.

هەندێ بابەتی خۆش و نایابم لەم کتێبانە وەرگرت بو. بە تایبەتی لە نامەکانی مولتکە. بە هۆی گەڕانەوەمەوە بۆ کوردستان، نەمتوانی کەڵکیان لێ وەربگرم.

*

من نەمئەتوانی بە ئازادی هاتوچوی عێراق بکەم. پێشودانەکان سەفەری وڵاتانم ئەکرد.

زستانی ٧٢ - ٧٣ سەفەرێکی درێژم کرد بۆ سویسرا، ئیتالیا، فەرەنسا، ئیسپانیا. ئیسپانیا هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی فرانکۆدا ئەیناڵاند. طەیب بەرواری لەو کاتەدا دیپلومات بو لە سەفارەتی عێراقی لە مەدرید کاری ئەکرد. جەنەڕاڵ حەسەن ئەلنەقیب سەفیر و، حەمید سەعید «ملحقی صحفی» بو. هەردوکیان دورخرا بونەوە. بە ئاشکرا نارەزاییان دەرئەبری. دیپلوماتێکی تری لێ بو، پیاوێکی قسە خۆش و دڵپاک بو. حەزی زۆری لە خواردنەوە بو. چەند جارێ لە ماڵی خۆیان و دەرەوە میواندارییی کردم. هەمیشە ئەم وتەیەی دوبارە ئەکردەوە: «من المحيط الى الخليج قطيع من الغنم!». طەیب و من هاوڕێ ی ساڵانی زانستگا و کاری سیاسی بوین. ئەوسا هەردوکمان سەڵت بوین. زیاتر لە ٤ حەفتە لە مەدرید مامەوە. شەوی سەری ساڵم لە مەیدانێکی گشتی مەدریدا لە گەڵ دەیان هەزار گەنج بە سەر برد.

د. فوئاد جەلال و ئاجیبەی خوشکم بۆ گەشت و گەڕان هات بون بۆ ڤییەننا. پێکەوە بە ئۆتۆمۆبیل سەفەری هەنگاریامان کرد.

لەو ماوەیەدا سەردانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، یوگوسلافیا، بولگارستان...م کرد. هەوڵی زۆرم دا سەردانی موسکو و لەندەن بکەم. سەرکەوتو نەبوم. ئەیانوت: «ئەبێ لە بەغداد ڤیزای سەردانی ئەو شوێنانە وەربگری».

جارێکی تر سەفەرێکی درێژی چیکوسلوفاکیا و ڕومانیام کرد. هاوڕێ ی سەردەمی قوتابخانەم ئیبراهیمی شێخ مەحمود لە بوخارێست ئەیخوێند. ئەو زەمانە ئیتر کۆمۆنیزمی ئەو وڵاتانەم لە بەرچاو کەوت. بەرتیلخۆری بو بو بە نەریتێکی باو، لە هەمو ئاستەکانی حکومەت و حیزب دا. تەنانەت لە ناو پرۆفیسۆرەکانی زانستگادا، بڵاو بوبوەوە. هێشتا خانوی لە قوڕ دروستکراو لە گوندەکان زۆر بو. ئاستی ژیانی کاربەدەستانی حیزب و خەڵک بە ئاشکرا دیار بو جیاوازە. تەنانەت ژمارەی

ئوتومبیلەکانیشیان جیاواز بو. خوێندکارە رومانییەکان هەندێکیان ئەوەندە هەژار بون لە مینزا چاوەڕوانی خوێندکارەکانی تریان ئەکرد کەی قاپەکانیان بە جێ ئەهێشت، ئیمان هێرشیان ئەکردە سەر مێزەکە و پاشماوەکانیان ئەخوارد. لە خانوی خوێندکاران کەس سابونی بە جێ نەئەهێشت و، فانیلە، دەرپێ، گورەوی، خاولی.. لە دەرەوە هەڵنەئەواسی چونکە ئەیان دزی. بێگانە راوە کچی بە گورەوی و بلوز و مەمکوانە ئەکرد. گەورەترین ئەخوشخانەی «سفلس» لەوێ بو.

کە ئەم دیاردە دزێوانەم ئەبینی سەیرم بەو زنجیرە وتارە ئەهات کە چەند ساڵی لەوەو پێش، «پارێزەر بەهجەت محەمەد» لە هەفتەنامەی «ژین» ی سلێمانی دا لە ژێر سەرناوی: «رومانیای تیر و تەسەل» دا نوسی بوی. لەخۆم ئەپرسی: «ئەگەر ئەمانە تیر و تەسەل بن، ئەبێ برسی کێ بێ؟».

لەو سەردەمە دا هەر لە بابەتی ئەم وتارە ئایدیولوجییەی بو پشتیوانی لە سوڤیت نوسرا بو، چەندین وتار و نامیلکەی لەم بابەتە لە عێراق بلاو ئەکرایەوە. لە بیرم دێ نامیلکەیەکیان بە ناونیشانی: «لە یەکێتی سوڤیت گەراومەتەوە» بو، نوسەر هەر ئەوەندەی مابو بڵی لە بەهەشت هاتومەوە وەرن بو زیارەتی دەستم. نوسەری روسی «بوریس پاسترناک» لە سەر داستانی «دوکتور ژیڤاکو» خەلاتی نوبلی وەرگرت. محەمەدی مەلا کەریم، چونکە بیست بوی ئەم داستانە دژی سوڤیتە، بێ ئەوەی داستانەکەی خوێند بیتەوە یا دی بیتی، وتارێکی درێژی لە دژی نوسی. هەروەها چەندین وتاریان لە سەر خوشبی ژیان و پێشکەوتنی سیاسی و روشنبیری و ئەدەبی کوردەکانی سوڤیت ئەنوسی، کەچی وەکو دوایی دەرکەوت کوردەکانی سوڤیت لەو زەمانەدا وەکو کوردە ئەنفالکراوەکانی گەرمیانیان لی کرا بو.

لە سەردەمی شەری ساردا کە دنیا دابەش بو بو بە سەر بلوکی رۆژهەلات و بلوکی رۆژئاوادا، حشع ئەندامەکانی خوی بە «سوڤیتپەرستی» پەروەردە ئەکرد. وای فێر کرد بون کە مێشکی خویان بە کار نەهێنن بو جیاکردنەوەی چاک لە خراپ. باوەرێکی پێشەکی ئامادەکراوی لە لا دروست کرد بون کە هەرچی لە دنیای سەرمایەداری دا بێ خراپە و، هەرچی لە دنیای کومونیستی دا بێ باشە.

سەردانی ئەم ولاتانە کە سیستەمی حوکمرانییان و، جوری ژیانی دانیشتوانیان جیاواز بو، یارمەتییان دام زور لە بوچونە کونەکانم سەبارەت بە سەرمایەداری، سوسیالیزم، کومونیزم، دیموکراسی، ئازادی بیر و روژنامەوانی و پارتایەتی... بگورم.

*

حیزبی شیوعی عیراق چوبونە ناو جەبهەکەی حکومەتەوە. هەروەها بەشداری وەزارەت بون. نێوانیان لە گەڵ پارتی تێکچوبو. ڕۆژنامەکانی «طریق الشعب» ی حیزبی شیوعی و «التاخی» پارتی پەلاماری یەکتریان ئەدا. پارتی لەو شوێنانەی دەستی ئەرۆیشت تەنگی پێ هەڵچنی بون. ئەندام و لایەنگرەکانیان ئەگرتن و ئازاریان ئەدان. عیسا سواری بارزانی، سەرلەشکری هێزەکانی پارتی لە بادینان، ١٢ کادری شیوعی کە لە سوریاوە ئەگەڕانەوە، بە کۆمەڵ کوشت. وەکو دوایی بارزانی لە نامەیەکی دا بۆ کارتەر دانی پێ دا ناوە، تەنگ هەڵچنین بە کۆمۆنیستەکان بە زوری بۆ ڕازی کردنی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بوە.

لەو ماوەیەدا پیوەندی سەرکردایەتی بارزانی لە گەڵ ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل و، پیوەندی سەرکردایەتی بەعس لە گەڵ سۆڤیت بەهێز بوبو. عیراق و سۆڤیت «پەیمانی هاوکاری و دوستایەتی» یان ئیمزا کرد بو.

*

ڕژێمی بەعس گرنگیی مەسەلەی کوردو گەورەیی مەترسی ئەم جولانەوەیەی بۆ سەر خاکی عیراق و پاشەڕۆژی ئەزانی و ئەیزانی چ قورسایەکی عەسکەری، ئابوری، سیاسی لەسەر دروست کردوە.

حیزبی بەعس لە ئیمزاکردنی بەیانی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ بارزانی ئومێدی وا بو کە کارتی کوردی لە دەس شا دەربهێنی و، بە قازانجی خۆی بە کاری بهێنی، بەلام هەوڵدانی شا لەگەڵ بارزانی بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە لە ڕێکەوتن لەگەڵ بەعس و، پیلانگێرانی بەعسی دژی بارزانی و، بزوتنەوەی کورد، هەروەها بێ بڕوایی بارزانی بە بەعس و نەویستنی ڕێکەوتن لەگەڵ بەعس، ئەو ئومێدەی بەعسی نەهێنایە دی و کارتی کوردی بە موافەقەتی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد لەدەس شادا مابوەوە.

ئەو ٤ ساڵەی لە بەیانی ئازاردا بۆ بڵاو کردنەوەی قانونی ئوتونومی دیاری کرا بو بەرەو تەواو بون ئەچو. بەعس سور بو لە کاتی خۆی دا قانونەکە بڵاو بکرێتەوە. سەرکردایەتی پارتی ئەیویست دوای بخا. بیروبۆچونی هەردولا لە سەر زور مەسەلەی بنەرەتی جیاواز بو. هیچ لایەکیان بڕوای بەوی تر نەمابو.

مانگی مارتی ٧٤ گفتوگۆی سەرکردایەتی بارزانی و بەعس چوە ناو کۆلانێکی داخراوەوە، بە تایبەتی دوای چونی ئیدریس بۆ بەغدا بۆ بینینی صەددام و، گەڕانەوەی بە بێ ڕێککەوتن.

چەند جاری صەددام باسی ئەم کۆبونەوەیەی گێڕاوەتەوە. دواتریش، لە گفتوگۆکانی

٨٤ دا بو نوینەرایەتی یەکیتی باس کرد و، پیش داگیرکردنی کویت بو ئەپریل گلاسپی سەفیری ئەمەریکای گیراوەتەوە. وت بوی: «چارەنوسی ئیوە بەستراوە بە پشتیوانی ئیرانەوە و، ئیران داوای شەطولعەرەب ئەکا، شەطولعەرەب لە کوردستان خوشەویستتر نیە. ئەگەر شەر دەس پی بکەنەوە، سالیک شەرتان لە گەڵ ئەکەم، ئەگەر نەمتوانی بە سەرتانا زال بم، لە گەڵ ئیران ریک ئەکەوم نیوەی شەطولعەرەبی ئەدەمی بەرامبەر بەوەی یارمەتیتان لی ببری.. ئوبالەکەی لە گەردنی ئیوەدا ئەبی و، واتان لی ئەکەم پەشیمان ببنەوە. بەلام ئەوسا ئیتر پەشیمانی کەلکی نابی...»

بارزانی ئەوسا ئەم هەرەشەیەی بە هەند نەگرت بو. بارزانی پشت ئەستور بو بە هاوپەیمانەکانی. خوی بە خورت و هیزدار ئەزانی. تەنانەت د. مەحمود عەلی عوسمان لە کوبونەوەیەک دا لە مزگەوتەکەی گەلالە وت بوی: «حکومەتی عیراق بە کام چەک لیمان بدا بە هەمان چەک لی ی ئەدەینەوە!»

لە مانگی نیسانەوە شەر بە گەرمی لە کوردستان دا دەستی پی کردەوە. نزیکەی هەمو کوردی عیراق لە ژیر ئالای بارزانی دا کوبونەوە و، دژی حیزبی بەعس راوەستان. جگە لە حشع و ژمارەیەکی کەمی کورد کەسیکی ئەوتو هاوکاری بەعسی نەکرد.

شەری ئەمجارە لە چاو قوناغەکانی پیشودا لە هەمو کات گەرمتر و سەختتر بو. پشتیوانی کوردیش لە شورشەکە لە چاو قوناغەکانی پیشودا لە هەمو کات فراوانتر بو. سەدان هەزار کەس چونە ناو ریزی شورشەکەوە لەوانە بە سەدان ئەفسەر، ماموستای زانستگا و قوتابخانەکانی ناوەندی و سەرەتایی، پزیشک، ئەندازیار، پاریزەر... توپخانەی قورسی ئیران و شارەزاکانی بەشدار بون.

نوینەرایەتی دەرەوەی پارتی لە ١ ی ئابی ٧٤ دا بەیانیکی بە ئینگلیزی دەربارەی هەلومەرجی کوردستان بلاو کرد بوەوە، بو نیشاندانی گەرمیی شەرەکە، لیرەدا ئەم چەند هەوالەی لی رائەگویزم:

- لە ماوەی: ٤/١٥ تا ٧/١٥

ژمارەی هیرشی ئاسمانی: ١٥٤٢

ژمارەی کوژراو: ٤٨٥

ژمارەی دی و شاری بردومانکراو: ٤٣٣

- خەرجی روژانەی شەر نزیکەی نیو ملیون دیناری عیراقی بەرامبەر ....,٦٢٥ پاوەنی ستەرلینی تی چوە.

- ئەم هیزانەی جەیشی عیراقی بەشداری شەر بون:

فیرقەکانی ١ و ٢ و ٤ و ٦ و ٨
لە نیوە زیاتری فیرقەکانی ٣ و ١٠
نزیکەی ٢٥ کەرتی تانک
هەمو هیزی ئاسمانیی
چەندین کەرتی جاشی بەکریگیراوی کورد
تا ئاشبەتاڵ شەر بە سەختی دریژەی کیشا.

پاش ماوەیەک لە ئاشبەتاڵ سەروکی هەیئەتی ئەرکانی جەیشی عیراق و، جاریکیش صەددام خوی لە پەردەمی «المجلس الوطنی» دا بە بونەی هەلوەشاندنەوەی ریککەوتنی جەزائیرەوە لە ١٧ ی ئەیلولی ١٩٨٠. دا وتی: جەیشی عیراق لە ماوەی دوانزە مانگی شەردا زیاتر لە ١٦ هەزار ئەنگاوتەی، بە کوژراو و بریندارەوە، هەبوە و، تیکرای ئەنگاوتەی جەیش و خەلک گەیشتوتە ٦٠. هەزار. بیگومان شەرەکە قورس بو، بەلام من لام وایە ئەم ژمارەیە راست نەبو. ئەنگاوتەی هەردولا، هی بەعس و کورد، لە مە کەمتر بوە و، صەددام بو پاساودانی ریککەوتننامەی جەزایر ئەم درویەی ئەکرد.

*

روژنامە بلاوەکانی نەمسا: کوریر، کرونین، پریسە، هەندی جار هەوال و دەنگوباسەکانی شەری کوردستانیان بلاو ئەکردەوە. یەکی لە کاربەدەستەکانی تەلەفزیون: «هانز بەندیکت» سەری کوردستانی دا و، بەرنامەیەکی دریژی لە سەر شەری کوردستان ئامادە کرد، لەم بەرنامەیەدا گفتوگوی لە گەل بارزانی، حەبیب محەمەد کەریم، د. مەحمود عوسمان کرد بو. بەندیکت بە هاودەردییەکی قولەوە لەگەل کورد ئەم بەرنامەیەی لە تەلەفزیونی نەمسادا بلاو کردەوە. لە ناو روژنامە ئەلمانیزمانەکان دا روژنامەی سویسری: «نویە زوریخە تسایتونگ» زورجار وتار و لیدوانی سەنگینی لە سەر کیشەی کورد ئەنوسی.

هیلموت کرامەر، یەکی لە ماموستاکانم، کە دەرسی پەیوەندییەکانی ناودەولەتانی پی ئەوتین، داوای لی کردم: منیش بە باسیک لە سەر کیشەی کورد لەو سمیستەرەدا هابەشی بکەم. لەو سمیستەرەدا کیشەکانی شیلی، ڤیەتنام، فەلەستین، بەرزبونەوەی نرخی نەوت و، کیشەی لەو بابەتانە، باس و لیکولینەوەیان لە سەر ئەکرا. ئەوەی منیش بو بە بەشیکی بەرنامەی ئەو سمیستەرە. لە گەل ماموستاکەم ریک کەوتین باسەکەی من وەلامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- بوچی شورشی کورد هەمیشە لە عیراق دا ئەتەقیتەوە، لە کاتیک دا

هەلومەرجی ژیانی سیاسی کورد لە عیراق دا باشترە لە هی کوردەکانی تورکیا و ئیران و، ژمارەشیان لەوان کەمترە؟

- ئیران و تورکیا هەردوکیان سەر بە کامپی رۆژئاوان و، هەردوکیان ئەندامی پەیمانی «سنتو» ن و، هەردوکیان کەمایەتییەکی گەورەی کوردیان تێ دا ئەژی... بۆچی ئیران یارمەتی شورشی کوردەکانی عیراق ئەدا کەچی تورکیا دوژمنایەتی ئەکا؟

- بوچی یەکیتی سوفیت سیاسەتی خوی بەرامبەر شورشی کورد گوریوە، لەوەی پشتیوانی لی ئەکرد و جاریک بە هوی مەنگولیاوە ویستی بیهانە بەردەمی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کەچی ئیستا بە ئاشکرا یارمەتی عیراق ئەدا دژی کورد؟

- ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بوچی جاران جولانەوەی کوردی بە سور دائەنا کەچی ئیستا پشتیوانی ئەکا؟

هەندی پرسیاری تری لەم بابەتە.

من بە گویرەی بیروبوچونی ئەو کاتەی خوم، باسیکی تیروتەسەلم لە سەر ئامادە کرد و لە کوریکی گەورەدا پیشکەشم کرد. لە ناو گویگرەکان دا خویندکاریکی تورکی تی دا بو، خوی بە چەپ دائەنا. بە توندی بەرپەرچی دامەوە. یەکی لە رەخنەکانی ئەوە بو: «شورش ئەبی کومەل لە قوناغیکی دواکەوتوەوە بەبا بو قوناغیکی پیشکەوتوتر، بەلام ئەمەی ئیوە یاخی بونیکی کونەپەرستانەیە ئەتانباتەوە بو دواوە». ئینجا کەوتە هیرش بو سەر بارزانی. منیش وتم: «کورد ریگای هیمنانەی خەباتی سیاسی بو نەماوەتەوە بویە پەنای بردوتە بەر شورش. کورد ئەیەوی لە ژیانی سیاسی و ئابوری و روشنبیری عیراق دا بەشدار بکری. ئەیەوی لە ولاتەکەی خوی دا ئازادی حیزبایەتی و روژنامەوانی و هەلبژاردنی هەبی. ئەیەوی قوتابخانە، نەخوشخانە، ریگاوبان، کارگە... لە کوردستان بکریتەوە... ئەگەر تو ئەمانە بە کونەپەرستی بزانی ئەبی پیشکەوتن چی بی؟» کورەکە دوسەعاتیکی خاپاند.

هەر لەو ماوەیەدا «یەکیتیی خویندکارانی جو» بە دوای کوردیک دا گەرا بون کیشەکەیان بو رون بکاتەوە. روژیکیان سەروکەکەیان تەلەفونی بو کردم. ئەو زەمانە منیش لە ژیر تەئسیری پروپاگاندەی عەرەب و فەلەستینییەکان دا بوم. لە هەمو پیوەندییەک لە گەل جو ئەسلەمیمەوە. ویستم خومی لی بدزمەوە. کورەکە هەستی پی کرد وتی: «ئیمە جولەکەی ئەمسایین، ئیسرائیلی نیین». گفتوگوکەمان بەوە تەواو بو بەلینم دایە داواکەی جیبەجی بکەم. کاتیکمان دیاری کرد لە بارەگاکەی خویان کو بینەوە. بارەگاکەیان نزیک زانستگا بو. لە گەل یەکی لە کوردەکانی سوریا، کە لە هەموان چالاکتر و ئەلمانی باشتر

ئەزانی، لە کاتی دیاریکراودا ئامادە بوین. ژمارەیەکی زور خوێندکاری کور و کچ هات بون. بە گەرمی پیشوازییان کردین. ئەوی پیویست بو بومان رون کردنەوە. لە کوتایی دا یەکیکیان لی ی پرسین، هەلویستمان لە ئیسرائیل چیە؟ من وەلامم دایەوە: وتم: «ئەمە رەئی خومە: من دژی جولەکە نیم، بەلام لایەنگری فەلستینییەکانم، لام وایە ئیسرائیل زولمی لە گەلی فەلستین کردوە». قسەکەی منیان بە ئاسایی وەرگرت. نە کەسیان تورە بو و، نە کەسیشیان وەلامی دامەوە.

*

جەنگی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ ی کورد - بەعس ئەگەرچی لە نیوان هیزە چەکدارەکانی کورد و جەیشی عیراقی دا بو، لە سەر ئەرزی کوردستان ئەکرا، لە پیناوی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا بو، بەلام لە راستی دا ململانی ی سیاسی - جەنگیی، ئیرانی - عیراقی بو. هیزەکانی کورد بە چەک و ئیمکانیاتی ئیرانی ئەجەنگان و بەعس بە چەکی روسی و ئیمکانیاتی نەوتی کەرکوک. لەم ململانی یەدا عیراق بالادەستی بە سەر کوردا و، ئیران بالادەستی بە سەر عیراق دا هەبو.

ئیران دەسکەلای گوشاری کوردی - عیراقی بەدەستەوە بو، کە نەک هەر گوشاریکی توند بو لە سەر ژیانی ئابوری، سیاسی، کومەلایەتی.. بەلکو هەرەشەیەکی راستەقینە بو لە دەسەلاتی بەعس و یەکیتی ئەرزی عیراق و ئاسایشی نەتەوەی عەرەب.

لە بەرامبەر ئەمەدا عیراق دەسکەلایەکی هاوتای ئەمەی دژی ئیران بەدەستەوە نەبو. ئەگەرچی رژیمی شا رژیمیکی ناخوشەویست بو لە ناو ئیران دا، بەشیکی زوری خەلکی ئیران دژی بون، چەندین تاقمی ئوپوزیسیونی چەپ و راست لە ئەوروپاو لە عیراق دا هەبون، هەر لە ئوپوزیسیونی دینیەوە وەکو ئیمام خومەینی، تاسەر ئوپوزیسیونی دیموکراتی و کومونیستی و نەتەوەیی. بەلام لەو سەردەمەدا نە لە ناو ئیران دا ئوپوزیسیون هیشتا توانیبوی زەمینەی بەرەنگاری کاریگەر و راپەرین خوش بکا، وە نە ئەو ئوپوزیسیونەی لە عیراق کوبوبونەوە قورسایەکی ئەوتویان هەبو کە هاوسەنگی ئوپوزیسیونی کوردی عیراق بکەن لە ئیران دا.

لەو سەودایەدا کە ئیران و عیراق ئەبو بیکەن بو ئەوەی بگەنە یەک، ئیران دەسکەلایەکی گوشاری کاریگەری لە ناو عیراق دا هەبو ئەیتوانی بیگوریتەوە لەگەل عیراق، بەلام بەعس جگە لە ئەرزی عیراق و ناوبانگی سیاسی خوی شتیکی تری ئەبو لە بەرامبەر ئەو گوشارەدا بیدا بە ئیران. بەم پی یە صەددام ئەبو مل بدا بو شا، خواستە کونەکانی لە شەطولعەرەب بە جی بهینی بو ئەوەی ئەویش دەس لە یارمەتیدانی کورد

هەلگری.

*

لە گەرمەی شەری کورد - بەعس دا، هەولدانی ئاشکرا و ژیرەژیر هەبو بو ریکخستنەوەی ئیران و عیراق. روژنامە ناسراوەکانی دنیا و، دەزگاکانی راگەیاندن هەوال و دەنگوباسی ئەم هەولانەیان بلاو ئەکردەوە. ئەم هەوالانە لە ریگای نوینەرایەتی دەرەوەی پارتیەوە ئەگەیشتەوە «دەزگای پاراستن» و، لە ریگای ئەوانیشەوە بە بارزانی و سەرکردایەتی پارتی. سامی سنجاری لەو کتیبەدا کە بە ناوی: «طريق الحركة التحررية الكردية: تقييم ثورة ايلول والبرنامج الجديد للحزب الديمقراطي الكردستاني» وەکو راپورتی سیاسی، لە ئابی ۱۹۷٦ دا، داویتی بە کونفرەنسی قیادەی موەقەتە دانی پەودا ناوە کە لە کاتی شەردا دەنگوباسی هەولی ژیر بە ژیری ریککەوتنی عیراق و ئیران و، ناوبژی مەلیک حسین و بومدەین و ساداتیان بیستوە.

مامجەلال، کە ئەو دەم، لە قاهیرە ئەژیا، هەوالی نزیک کەوتنەوەی عیراق و ئیرانی بو بارزانی و سەرکردایەتی شورش نوسی بو.

پروفیسوری ئەمەریکایی (بە ریچەلەک ئیرانی)، د. روحوللای رەمەزانی، لە باسەکەی دا لە ژیر ناوی: «تەنگەی هورمز» بە زمانی ئینگلیزی، بە وردی ئەم هەولانەی لە سەرچاوەی باوەرپیکراوەوە گیراوەتەوە و، شی کردونەتەوە. لیرەدا هەندی لەو هەوالانە ئەگیرمەوە. گرنگترینیان ئەمانە بون:

- هەولەکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.

لە دوای پیکدادانیکی خویناوی هیزەکانی عیراق و ئیران دا لە ۱۰ ی شوباتی ۷٤ دا کە ٦٥ کەس لە هەردولا کوژرا، هەردولا ناوبژی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیان قبول کرد بو ئەوەی کیشەکە بە ئاشتی لایەلا بکا. سکرتیری گشتی نوینەری تایبەتی خوی نارد.

لە ۲۱ ی مایس دا ڤالدهایم راپورتیکی دا بە ئەنجومەنی ئاسایش ئاگاداری کردن کە هەردولای ناکوکییەکە بە شیوەیەکی سەرەتایی قبولیان کردوە کە:

أ. هەردولا هیزەکانیان بکیشنەوە سنور.

ب. هیچی تر پەنا نەبەنە بەر کاری دوژمنانە.

ج. پیرەوی سەرەتای گفتوگو بکەن.

لە ۲۸ ی مایس دا ئەنجومەنی ئاسایش موافەقەتی هەردولای بو گفتوگو لە سەر چارەسەری گشتلایەنەی هینانەی ناکوکییەکانی پەسند کرد. وەزیرەکانی کاروباری دەرەوەی

هەردو دەولەت لە مانگی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر) دا لە ئەستەمول یەکتریان بینی. ئەگەرچی ئەم کۆبونەوەیە کێشەکانی بە لادا نەخست، بەلام عەبباس عەلی خەلعەتبەری، وەزیری دەرەوەی ئێران گەشبینی خۆی دەربڕی دەربارەی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ.

- هەوڵی سۆڤیێتی

لەو سەفەرەدا کە شای ئێران بۆ یەکێتی سۆڤیێتی کرد. پۆدگۆرنی لە کۆبونەوەی رۆژی ٢ ی تشرینی دوەم (نۆڤەمبەر) ی ١٩٧٤ دا لە سەر کێشەی ئێران - عێراق بەمجۆرە لە گەڵ شا دوا بو:

پۆدگۆرنی: هەمو گرژییەکی ئاسایشی جیهان لە هەر ناوچەیەک دا بێ لەوانە ناوچەی خەلیجی فارس و ئۆقیانوسی هیند، جەووی پێوەندی لە هەمو دنیادا ئەشێوێنێ. گرژی لە پێوەندییەکانی ئێران و عێراق دا بە قازانجی ئاشتی نیە پێمان خۆش بو و ئێستاش حەز ئەکەین ناکۆکییەکانی عێراق - ئێران لە لایەن خۆیانەوە لە سەر مێزی گفتوگۆ لایەلا بکرێ، لایەلا کردنێک لە سەر بنچینەی سەرەتاکانی پێکەوەژیان بە ئاشتی و پێوەندییەکانی دراوسێیەتی باش دامەزرا بێ.

شا: حەز ئەکەم بڵێم ئەگەر عێراقیش لە پێوەندییەکانی دا لە گەڵ ئێمە هەمان هەڵوێستی هەبوایە کە ئێوەی دراوسێ ی گەورە هەتانە و، ئەگەر عێراق نەنوسایە بە میراتی ئیمپریالی بەریتانیەوە، هیچ کێشەیەکمان لە سەر ئەم مەسەلەیە لە بەین دا نەئەبو. بە هەر حاڵ ئێران بەردەوام ئەبێ لە تەقەللاکانی دا بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە بە رێگای گفتوگۆ.

- هەوڵی ئەمەریکی

کیسینگەر لەو کاتەدا خەریکی مەسەلەی ئیسرائیل و میصر بو ، سوریا بە توندی دژی هەڵوێستی میصری بو، ئەمەریکاش بو ئەوەی سوریە خەریک بکا بە شتێکی ترەوە نەیپەرژێتە سەر مەسەلەی میصر و ئیسرائیل بە چاکی ئەزانی شۆرشی کورد لە عێراق دا بکوژێتەوە بو ئەوەی عیراق دەستی بە تاڵ بێ بو یەکگرتنی سوریا... بۆیە ئەمەریکاش بە نهێنی هانی ئێرانی دا ناکۆکیەکانی خۆی لەگەڵ عیراق بە ئاشتی چارەسەر بکا.

- هەوڵی مەلیک حسێن

شای ئێران سەفەرێکی کرد بو ئوردون. مەلیک حسێن، شای ئوردون، لەم سەفەرەی دا لە ناو گفتوگۆکانی دا، داوای لە شا کرد بو: کێشەی ئێران لە گەڵ عێراق بە ئاشتی چارەسەر بکا.

له کـونگرەی سـەرانی عـەرەب دا له رەباط، صـەددام داوای له هەندی له سـەرانی عەرەب کرد بو، به تایبەتی ئەوانەی پیوەندییان له گەل ئیران ئاسایی بو، لەوانه: مەلیک حسین، ئەنوەر سادات، هەواری بومدیەن... هەول بدەن بو ناوبژی له نیوان ئیران و عیراق دا.

*

ح. ا. مهران، وەرگیری فـارسی کـتـیبـه ئینگلیزییەکەی فریدون هویدا: «سقوط شـاه» بو ئەوەی بەربەرچی قـسـەکـانی هوەیدا بداتەوه، کـه ریککەوتنی (ناوەراسـتی ئیسـفـەندی ۵۳) ی شـا و صـەددام له جەزایر بریاری «خـود سـرانه» ی شـا نەبوه، بەلکو ئەنجامی ریککەوتنی ئەمەریکا و سوڤیت بوه، بو خوشکردنی زەمینەی ئەم ریککەوتنه له (ل ۱۵۵) دا کرونولوجییەکی ریک خستوه لیرەدا وەکو خوی ئەی نوسمەوه:

- سـەرەتای ئابانی ۵۳ هینری کـیسـینگەر هاته ئیـران. دوای ئەوه یەکـسـەر وەزیرانی کـاروباری دەرەوەی ئیـران و عـیـراق لـه ناو کـوبونەوەکـانی کـومـەلەی گـشـتی ریکخراوی نەتەوه یەکگرتوەکان له نیویورک گفتوگویان له گەل یەکتری دەس پی کرد.

- کـوتایی ئابان ۵۳ شـا چو بو ئوردون لەوی له گـەل طاریق عـەزیز وەزیری ئیعلامی عیراق دانیشت.

- سەرەتای دەی ۵۳ شا چو بو سوڤیت و له راگەیاندنی هاوبەشی هەردو ولات دا باسی پیویستی ئاشتبونەوەی ئیران و عیراق کرا بو.

- ناوەراسـتی دەی ۵۳ شـا دوباره چوەوه بو ئوردون و لەویوه چو بو مـیـصـر، ئاژانسـەکـانی هەوالنیـری دەربـارەی هەردو سـەفـەر بلاویان کردەوه کـه شـا حـسـین و ئەنوەر سادات ئەیانەوی ناوبژی له نیوان شا و صەددام دا بکەن.

- سەرەتای بەهـمـەنی ۵۳ گفـتـوگوی خەلعەتبەری (وەزیری دەرەوەی شا) له گەل سەعـدون حەمادی (وەزیری دەرەوەی عـیراق، کـه ئەیانوت له هەمو عیـراقـیـیـەکـانی تر له زمانی شا تی ئەگات) له شاری ئەستەمول دەستی پی کرد، یەکسەر دوای ئەوەش صەددام چو بو ئوردون.

- سـەرەتای ئیـسـفـەندی ۵۳ شـا له سـەفـەری رابواردنی خـوی دا بو سـویـسـره گفـتـوگویـەکی دریژی له گەل هینری کیـسینگەر و جوزیف سیسکو (یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکا) کـرد و، دوای گـەرانەوەی بو ئیـران یەکـسـەر چو بو جـەزایر تـا له کـونفەرەنسی سـەرانی ئوپیک دا بەشـدار بی. لەم سەفـەرەدا بو له نیـوان ئەو و صـەددام دا ریککەوتننامەی ناسراوی ۱۹۷۵ ی جەزائیر ئیمزا کرا.

*

صەددام ئانومید بو لەوەی بە شەر شورشی کورد بکوژێنیتەوە. وەکو هەرەشەی کرد بو، دوای سالیک شەری سەرنەکەوتو ئینجا ریگای سیاسی، واتە ریگای رازی کردنی ئیرانی گرت.

پیش ئەوەی ئەم دو دەولەتە ریک بکەون، سادات کە سامی سنجاری، بە نوینەرایەتی بارزانی لە قاهیرە دی، هەوالی بو بارزانی نارد کە بەو نزیکانە هەردو دەولەت پیک دین، چاکتر وایە کورد بە زویی مشوری خوی بخوات. هەیکەلیش هەمان قسەی بە سامی وت بو لە قاهیرە، تەنانەت لی ی پرسی بو: «ئەگەر ئیران و عیراق پیک هاتن، ئیوە چی ئەکەن؟». سامی لە وەلام دا وت بوی: «بەوپەری توانامانەوە دریژە بە شەر ئەدەین». سامی دوای ئاشبەتال بە سال و نیویک لە راپورتەکەی کە بە ناوی قیادە موقەتەوە نوسیبویتی، هەندی لەم رازەی دەرکاندوە. بەلام هەیکەل هەرزو لەو گفتوگویەدا کە دوای ئاشبەتال لە تاران لە گەل بارزانی کردی، ئەم وریاکردنەوە پیش وەختەی بە بیر هینابوەوە.

سەروکی جەزائیری بومەدین پەیوەندی لەگەل عیراق و ئیران کرد، پیشنیاری دانوستانی روبەروی کرد بو هەردو لایان لە جەزائیر لە کاتی کوبونەوەی سەرانی ئوپیک، صەددام وەکو لە: «آراء ومواقف» دا رونی کردوتەوە، سەرکردایەتی بەعس ئەمەی بە «هەلیکی رەخساو دانا بو رزگارکردنی ئاسایشی عیراق و، یەکیتی نیشتیمانی و، ئاسایشی جەبهەی عیراق .. لە سەر ئەو بنچینەیە سەرکردایەتی حیزب و دەولەت بریاری دا لەگەل ئیران دانوستان قبول بکا و خەتی تالویگ وەکو خەتی سنوری شط العرب قبول بکا. بەرامبەر بە کشانەوەی ئیران لەو ئەرزانەی لەسەردەمەکانی پیشودا داگیری کردوە... وە هەروەها واز بهینی لە یارمەتیدانی سپایی و هی تری ئەو تاقمە نوکەرە هەلگەراوەیەی سەروی نیشتیمان»

*

ئاشبەتال

لە کوتایی حەفتاکان دا، لە یەکی ژمارەکانی خولی یەکەمی گوڤاری «کومەلە» دا روداوەکانی روژانی ئاشبەتالم بە دریژی نوسیبوە. لەوەدا پشتم بە گیرانەوەی دەیان شایەتی ئاگادار بەست بو. لەبەر ئەوەی ئەو ژمارەیەی کومەلەم دەس نەکەوت لیرەدا دوبارە بینوسمەوە، لە بەر گرنگی ئەم کارەساتە، وا بە کورتی کرونولوجی روداوەکانی ئەو چەند روژە لیرەدا تومار ئەکەم.

٦ ی مـارت   له ٤ - ٦ مـارتی ١٩٧٥ کـۆبوونەوەی سـەرانی ئۆپێک لە جەزائیـر بەسترا. هەواری بومەدیەن کە میوانداری کۆبوونەوەکەی ئەکرد بۆ لابەلا کردنی ناکۆکیەکانی عیـراق و ئیران کەوتبوە ناوێژی. شای ئیران و صـەددام حسـین دو جار کۆبوونەوە بە ئامادە بونی بومـەدیەن. لە دوایین دانیـشـتنی سـەرانی ئۆپێک بومـەدیەن لە ناو سـەرسـورمـانی ئەندامانی کـۆبوونەوەکەدا وەتی: « خۆشحالم پێتان رابگەیەنم کە رۆژی رابردو ڕێکەوتنێکی گشتی بو لە نیوان دوو ولاتی برا ئیران و عیراق دا بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکانیان»

رۆژی ٦ مارتی ١٩٧٥ ڕێکەوتنەکە بەم شێوەیە بلاو کرایەوە :

«اثناء انعقاد مؤتمر القمة للدول الاعضاء فی منظمة الاوبيك فی عاصمة الجزائر وبمبادرة الرئيس هواری بومدين، تقابل مرتين صاحب الجلالة شاه ايران والسيد صدام حسين نائب رئيس مجلس قيادة الثورة واجريا محادثات مطولة حول العلاقات بين العراق وايران وقد اتسمت هذه المحادثات التی جرت بحضور الرئيس هواری بومدين بـديع الصراحة الكاملة و بإرادة مخلصة من الطرفين للوصول الی حل نهائی دائم لجميع المشاكل القائمة بين بلديهما وتطبيقا لمبادئ سلامة التراب وحرمة الحدود وعدم التدخل بالشؤون الداخلية قرر الطرفان السامیان المتعاقدان:

اولا: اجراء تخطيط نهائی لحدودهما البرية بناء علی بروتوكول القسطنطينية لسنة ١٩١٣ ومحاضر لجنة تحديد الحدود لسنة ١٩١٤.

ثانيا: تحديد حدودهم النهرية حسب خط تالوك.

ثالثا: بناء علی هذا سيعيد الطرفان الامن والثقة المتبادلة علی طول حدودهما المشتركة ويلتزمان من ثم علی اجراء رقابة مشددة وفعالة علی حدودهما المشتركة وذلك من اجل وضع حد نهائی لكل التسللات ذات الطابع التخريبی من حيث اتت.

رابعا: كما اتفق الطرفان علی اعتبار هذه الترتيبات المشار اليها اعلاه كعناصر لاتتجزء لحل شامل وبالتالی فإن ای مساس بإحدی مقوماتها يتنافی بطبيعة الحال مع روح اتفاق الجزائر و سيبقی الطرفان علی اتصال دائم مع الرئيس هواری بومدين الذی سيقدم عند الحاجة معونة الجزائر الاخوية من اجل تطبيق هذه القرارات ...

*

ڕێکەوتنی شـا - صـەددام ئەگـەر چی ناوی کـوردی نەهێنا بو بەلام سـەودایەکی ئێرانی - عیراقی بو لە سەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد. کـۆبوونەوەی شا و صەددام لەگەل یەکتری و ڕێکەوتنەکەیان، بو بەرزانی و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد ڕوداوێکی کتوپڕی چاوەڕی نەکراو بو، ئەوانیش وەکـو خەلکی تر لە دەزگـاکـانی ڕاگـەیاندنی جیـهـانیـەوە

بیستیان. هەلبەت پیشتر دەزگاکانی راگەیاندن هەوالی پیوەندی و گفتوگوی ژیر بەژیری نوینەرانی عـیـراقی و ئیـرانیـان بلاو ئەکـردەوە، ئەم هەوالانە ئەگـەیشـتنەوە بارزانی، لە سەرچاوەی تایبەتی خویشیەوە دەنگوباسی لەو بابەتەی پی گەیشت بو، بەلام بارزانی بروای وابو کـە ناکـوکـیـەکـانی شـاو صـەددام لەوە قـولتـرە بتـوانن ریک بکەون. لەبەرئەوە ئەو هەوالانەی بە هەند نەئەگرت.

٩ ی مـارت ریککەوتنی جـەزائیری شـا – صـەددام پشـیـویـیەکی زوری لە ناو بنەمـالەی بارزانی و سـەرکـردایەتی پارتی و لە سـەرانسـەری کـوردسـتـان دا دروست کرد. زوریان ئەگریان و، نەیانئەزانی چی بکەن. مەلا مستەفا لە کوردستانەوە چوە تاران. لەوی چاوەروانی گەرانەوە و بینینی شای ئەکرد.

١٢ ی مـارت بارزانی لە گـەل د. مـحـمـود و مـوحـسـین دزەیی بران بو دیدەنی شـا. لەم دیدارەدا سەروکی سـاواک جنەرال نـەصـیری یش بەشدار بو. پاش ئەوەی بارزانی دەستی شا ماچ ئەکا، شا ریگای دانیشتنیان ئەدا و، دەس ئەکا بە قسە و ئەلی:

«دەولەتانی عـەرەبی لەم سـەردەمـەدا بونەتە هیـزیکی گـەورەی ئەوتو لە دنیـادا کـە ناکری پشتگوی بخرین، قازانجی ئیران لەوەدایە کە ناکوکیـەکانی خوی لەگەل ئەوان بەلادا بخات و لەگەلیان ریک بکەوی. بەم ریککەوتنە ئیـمـە توانیـمـان ناکوکیـەکانی خومان لەگەل عـیـراق کـە ٤٢ سـالە نەمـانتـوانی بو لابەلا بکەین، بە جـوری بە لادا بخـەین کـە ئیـمـە ئەمانویست.

ئیوەش خوتان ئازادن لەوەدا چی ئەکەن:

– دینە ئیران ولاتی خوتانە وەکو هاوولاتی ئیرانی رەفتارتان لە گەل ئەکەین.

– ئەگەرینەوە عیراق بەلینم لە صەددام وەرگرتوە کەستان نەکوژی.

– دریژە بەشـەر ئەدەن ئارەزوی خـوتـانە، بەلام من ئیـتـر سنور لە بارمـەتیـدانی جەنگیی دائەخەم...»

مەلا مستەفا وت بوی:

«ئیمە میللەتی توین. مادەم تو لە ریککەوتنەکە رازیت و قازانجی ئیرانی تی دایە کە دایکی ئیمەشە، ئیمەش هیچمان لە سەری نیە. ئیمە لە ژیر فەرمانی ئیوەداین بلی بمرن ئەمرین و بلی بژین ئەژین. ئیمە دلسوزی ئیوە بوین و، دلسوزی ئیوەین و، دلسوزی ئیوە ئەمینینەوە...»

تەنیا قسـەی موحسین دزەیی لەو دانیشتنەدا کرد بوی، ئەوە بوە لە شای پرسی بو: «من کـاتی کـە سـەفـیـری عـیـراق بوم لە پراگ بەردەوام راپورتم بو ئەنوسیت، ئاخو

گەیشتوە یا نە؟» شا دلنیای کرد بو کە راپورتەکانی پی گەیشتوە.

«نیـو ستـەیتـمـان» لە ژمـارەی ١١ی ئەپریلی ٧٥ دا هەوالی ئەم دیدەنیـیـەی بە کورتی گیرا بوەوە و نوسی بوی: شای ئیران بارزانی خستە بەردەم هەلبژاردنی ١ی لە ٣ ریگا: خـویەدەسـتـەوەدانی عـیـراق، دریژە پیـدانی بەرەنگاری بی پشـتـیـوانی، هینانی خەلکەکەی بو ئیران.

١٣ ی مارت   بارزانی گەرایەوە کـوردستـان. خـەلک هەمـو چاوەروانی ئەوە بون بارزانی چی ئەلی. کوبونەوەکانی بارەگای بارزانی: (مەلا مـستـەفا، ئیدریس، مەسعود) و مەکتەبی سیاسی: (حەبیب محەممەد کەریم، د. مـحمود عوسمان، نوری شاوەیس، عـلی عـەبدوللا، صالح یوسفی) و کومیـتـەی ناوەندی و سـەرکردەکانی شورشـەکە، بو لیدوان لە هەلومەرجی نوی، دستی پی کرد.

١٤ ی مارت   کوبونەوەکان دریژەیان پی درا.

١٥ ی مارت   کوبونەوەکان دریژەیان پی درا.

١٦ ی مارت   کوبونەوەکان دریژەیان پی درا. مەکتەبی سیاسی بروسکەیەکی بو سەرکردایەتی بەعس لی دا. ئامادەیی خوی دەربری بو چارەسەرکردنی کیشـەکە بە گفتوگو و، ناردنی نوینەری بو ئەو مەبەستە.

١٧ ی مارت   حیزبی بەعس داواکەی مەکتەبی سیاسی بو گفتوگو رەت کردەوە. لە بەیانیک دا کە واع (وکالة الانباء العراقیة) بلاوی کردەوە، داوای خویەدەستەوەدانی بی قەید و شەرتی لی کردن.

١٨ ی مارت   کوبونەوەکان دریژەیان پی درا.

١٩ ی مـــارت   بریار درا ئاشـبـەتال بکری. ئەمـە یەکی بو لە گـەورەترین کارەساتەکانی میژوی نوی ی کورد. مەینەتییـەکی نەتەوەیی وای بە سەر کورد هینا هەتا ئیستاش شوینەوارەکانی ساریژ نەبون.

بە دریژایی ئەم کوبونەوانە دو رەئی هەبون: یەکیکیـان، لای وا بو مادەم عـیـراق و ئیران ریک کەوتون کورد بە تەنیا بەرگری پی ناکری و، ئەوی تریان، لای وابو سەرەرای هەمو کەموکوری و ناتەواوییەک بەرگری ئەکری و ئەبی دریژە بە بەرگری بدری.

بو ئەوەی خـەلک ئەوروژی و، کـارەکـانی بی دەردیسـەر ئەنجـام بدا، بارزانی رەئی خوی دەربارەی ئاشبەتال بە ئاشکرا دەرنەئەبری. لەم ماوەیەدا خەریکی گویزانەوەی سامان و دارایی و بەلگە و نامـە و، رانە مـەر و رەوە ئەسـپـەکـانی بو. بی گـیـروگـرفت هەمـویان گواستەوە دیوی ئیران. کـە ئەوەی تەواو کرد، ئینجـا رەئی خوی بە ئاشکرا دەربری کەوا:

مونامەرەیەکی دەولی لە کایەدایە بو لە ناوبردنی کورد، بویە ئەبی کورد موقامەت نەکا و ئەگینا ئیبادە ئەبی و، ئەبی بکشیتەوە ئیران و، چاوەروانی هەلومەرجیکی دەولی باشتر بکا.

. ٢ ی مارت بارەگای بارزانی بروسکەی بو هەموو فەرماندەی هیزەکان لی دا واز لە شەر بهینن. چەکەکان بشکینن و تەقەمەنی و دەبوکانیان بتەقیننەوە و، بچن بو ئیران. لەو کاتەوە کادر و پیشمەرگەکانی پارتی لە ناڕەزایی دا ئەم بڕیارەیان ناو نا «ئاشبەتال» و، وەکو زاراویکی سیاسی کەوتە سەر زمانی خەلک و بلاو بووەوە. ئەوسا یەکیتی هیشتا دانەمەزرا بو.

لە ڕوژانی ١٩ تا ٢٦ ی مارت کوتایی بە شورشەکە هات و، زوری ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی و کومیتەی ناوەندی خەریکی ساخ کردنەوەی کەلوپەلی فروشگاکانی شورش بون. پیشمەرگە و کادر و فەرماندە و بەرپرسەکانی پارتی بە کومەل چونە ئیران یا خویان بە دەست کاربەدەستانی عیراقەوە دا.

*

کە ئاشبەتال بو، ئەم حیزب و ڕیکخراوانە، لە کوردستان دا هەبون:

- پدک، کە گەورەترین ڕیکخراوی سیاسی کوردستانی عیراق بو، سەرکردایەتی شورشەکەی ئەکرد، بە ڕوخانی شورشەکە هەموو لق و ڕیکخراو و ڕیکخستنەکانی ئەمیش هەرەسیان هینا و، هەلوەشان.

- حشع، چەند سالی پیشتر ببو بە دو پارچەوە:

لوجنەی مەرکەزی، هیزی سەرەکی حیزبەکە بو، یەکیتیی سوفیت پشتیوانی لی ئەکرد، هاوبەشی بەعس بو لە حوکمی عیراق و، لە وەزارەت و جەبهەدا. هەندی کەرتی چەکداری دروست کرد بو، دژی شورش و پیشمەرگەکانی لە هەندی جی بە گویرەی ئەو توانا کەمەی هەیان بو بەشداری شەر ئەبون.

قیادەی مەرکەزی، پاش لیدانی چەند جار لە لایەن بەعس و گوشاری پارتی لاواز ببو، هەندی بنکە و پیشمەرگەی هەبو لە ناوچەکانی شورش دا، بەلام شورش و سەرکردایەتی شورش لە توانای هیزیکی وا لاواز و کەم نفوز دا نەبو. ئەمانیش بە کومەل گەڕانەوە عیراق.

- کاژیک، ڕیکخستنیکی پچوک بو، ئەندامە ناسراوەکانی خویان خزاند بوە ناو بارەگای بارزانی و پارتی و، چارەنوسی خویان بە بنەمالەی بارزانییەوە بەست بو. ناوبانگی سیاسییان باش نەبو، سەرکردایەتی و هیزیکی ئەوتوریان نەبو بتوانی سەرکردایەتی شورش

بگریته ئەستو.

- کومەلە، ریکخستنیکی پچوک بو، بەلام کادر و ئەندامی باشی پی گەیاند بو، خوی ئاشکرا نەکرد بو، لە بەر ئەوە وەکو حیزبی سیاسی خەلک نەیان ئەناسی. زوری سەرکردە و ئەندامە پیشکەوتوەکانی چوبونە ریزی شورشەکەوە. ریزەکانی کومەلەش لە بەر یەک ترازا بو. کە ئاشبەتال بو لە پیش دا بە هیوای مانەوە و، دریژەدان بون بە شورش، بو ئەو مەبەستە پیوەندیان لە گەل قیادەی مەرکەزی و، سەرانی کاژیک و، هەندی لە فەرماندەکانی پیشمەرگە کرد بو، کەسیکی ئەوتو بە دەنگیانەوە نەهات بو. ئەمانیش نائومید بوبون و بە کومەل گەرانەوە بو عیراق.

*

تەلەفزیونی عیراق ریپورتاجی دریژی لە سەر هەرەسهینانی شورشەکە و، خوبەدەستەوەدانی بە کومەلی پیشمەرگە پیشان ئەدا. پیشمەرگەکان بە بی چەک لە دەوری لەگەنیک خواردن لە ناو مەعسکەری جەیش دا دانیشت بون نانیان ئەخوارد. سەربازی عیراقی دەورەی دابون و، تفەنگەکانیان، وەکو داری سوتاندن، لیژنە کرد بون. ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی (واع) ئەم ریپورتاجانەی بە سەر دەزگاکانی راگەیاندن دا لە سەرانسەری جیهان دا بلاو ئەکردەوە. ئەوانیش: بە تایبەتی دەزگای تەلەفزیون و روژنامەکان، هەندی بەشیان، بە لیدوانەوە، لی بلاو ئەکردەوە. من ئەم دیمەنانەم لە تەلەفزیونی نەمساوە ئەدی. لە پیش دا دلم بروایی نەئەدا باوەر بکەم، لام وابو ئەمەش فیلی پروپاگەندەی سەرکردایەتی بەعسە. بەلام بە زویی دەرکەوت کارساتەکە لەوەش سامناکتر بو.

بارزانی خوی و بنەمالەکەی و بەشیکی عەشیرەتەکەی و بەشیکی هیزەکەی لەگەلی کشانەوە ئیران، خوی و بنەمالەکەی و سەد کەس لە لیپرسراوەکانی جولانەوەکەیان لە گەرەکیکی شاری کەرەج لە نزیک تاران جی کردەوە، ئەوانی تریش کە لە پیش دا لە ١٥ هەزار کەس زیاتر بون، هەمویان بەسەر شارەکانی ئیران دا دور لە کوردستان دابەش کرد.

شتیکی سەیرە، هیچکام لە بەشدارانی جولانەوەی کورد بیرەوەرییەکانی خویان نەنوسیوەتەوە. زور لە رووداوەکان وەکو «مەتەل» ماونەتەوە و، هەندیکی بە تەواوی کویر بونەوە، مەگەر لە پاشەروژدا بەشیکی ئەم نهینیانە لە ئارشیفی دەزگا «موخابەراتییەکان» دا بدوزرینەوە. لەم رووەوە د. محمود عەلی عوسمان شایانی ریزلینانیکی تایبەتیە، چونکە دوای ئاشبەتال هەندی لەم باسە گرنگانەی بو رای گشتی کورد ئاشکرا کرد، ئەگینا ئەوانیش وەکو زور رووداوی تر بزر ئەبو. بەلام ئەویش لە وی دا بریبیەوە.

نوسەری ئەمەریکایی (بە ڕیچەڵەک لوبنانی): «ئەدمۆن غەریب»، نامەی دکتۆراکەی لە سەر جولانەوەی کورد نوسیوە. ئەو کاتەی مەلا مستەفا لە واشینتۆن بو، هەولێکی زۆری لە گەل دا بو بو ئەوەی بیرەوەرییەکانی بۆ بگێڕێتەوە و، لە سەر کاسێت تۆماری بکا، ئەمیش بیکا بە کتێبێکی سەربەخو. بارزانی ڕازی نەبو بو.

*

لەبەینی بارزانی و شادا هیچ جورە ڕێکەوتنێکی سیاسی یا قانونی نەبو کە جوری هاوکارییان دژی حکومەتی عیراق ڕیک بخات، وە ئیلتیزامی هەردولایان بەرامبەر بە یەکتری دیاری بکات. تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتنێکی لەو بابەتەش لە نیوان گەلێکی بچوکی بی دەولەتی وەکو کورد و، دەولەتیکی گەورەی خاوەن میژویەکی دریژ لە دەس برین دا وەکو ئیران هەبوایە، تاچ رادەیەک ئەبی بەرامبەری و بەجیبەینانی بەلینی تیدا بی؟

ئیران لە سالانی ۱۹۷۰ - ۱۹۷٤ کاتی کە هیشتا دانوستان لە نیوان بارزانی و بە عس دا بەردەوام بو، هەمیشە خەریکی تیکدانی هەولی چارەسەرکردنی بە ئاشتی مەسەلەی کورد بو، هانی بارزانی ئەدا بو هەلگیرسانەوەی شەر، بەلینی پشتیوانی و یارمەتی پی ئەدا، توانی سەرلەنوی لە شەریەوە بگلینی، کەچی کاتی عیراق ئامادەیی دەربری خواستەکانی بەجی بینی، لەگەلی ڕیک کەوت و دەستی لە بزوتنەوەی کورد هەلگرت، هەرچەندە ئەمە لە لای هەندی کەسایەتی ئیرانی وەکو سیاسی ناسراو «فەریدون هویدا» لە (ل ١٥٤-١٥٥) کتیبی: «سقوط شاه» دا بە «عهد شکنی» و، میژونوسی ناسراو «منوچهر پارسادوست» لە کتیبی: «ریشەهای تاریخی اختلافات عراق و ایران» دا بە «شکستی سەنگینی... ئەخلاقی» ئیرانی دائەنین، بەلام ئەمە چی لە مەینەتی کورد کەم ئەکاتەوە.

ئیرانییەکان قسەیەکی مەشهوریان هەیە ئەلی: «سیاست پدر و مادر ندارد» واتە: سیاسەت دایک و باوکی نیە، ئەمە بە جوریکی سادە هەمان ناوەروکی قسە ئینگلیزیەکە دەرئەبری کە ئەلی: «لە سیاسەت دا دوستی هەتا سەر و، دوژمنی هەتا سەر نیە، بەلکو قازانجی هەتا سەر هەیە».

شا خوی لە گفتوگویەکی روژنامەوانی دا دوای چەن هەفتەیەک لەگەل هەیکەل رونی ئەکاتەوە بو جیبەجی کردنی سیاسەتی دەرەوەی خوی گەلک لە چ دەسکەلایەک وەرئەگری. ئەم گفتوگویە کاتی خوی لە روژنامەی «کەیهان» ی تارانی دا بلاو کرایەوە. هەیکەلیش لە گوشە بە ناوبانگەکەی دا: «بصراحة» کە هەفتانە بو «الاهرام» ی ئەنوسی و، -

دوای ئەوامیش بو چەندین رۆژنامەی ئوردنی و کویتی و لوبنانی، هەر لەو کاتەدا بلاو کردەوە.

لە بەر ئەوەی دەقە عەرەبیەکەی چەند جاری بلاو بوتەوە و، هەیکەل لە کتیبەکەی دا: «وزیارة جدیدة للتاریخ» سەر لە نوی بلاوی کردوتەوە. زور خوینەواری کورد عەرەبیەکەیان دیوە. من لیرەدا تیکستە فارسیەکەی وەکو ئەوسا لە ژمارەی رۆژی ۱۵ ی سەپتەمبەری ۱۹۷۵ (۲٤ی شەهریوەری ٥٤) ی رۆژنامەی «کیهان» ی تارانی دا وەرم گرتوە ئەنوسمەوە. دەقە عەرەبیەکەی ئەگەر جیاوازیەکی هەبی لە گەل دەقە فارسیەکەدا تەنها لە دارشتنەکەیدایەتی ئەگینا ناوەروکی هەردوکیان وەکو یەکە:

شاهنشاه فرمودند: میرسیم به قسمت سوم سوال شما «داستان ما با انقلاب کرد» باید صریحا به شما بگویم: آری ما به انقلاب کرد کمک کردیم و در دوره اخیر ما قدرت عملی در پشت سر آن بودیم و وقتی حمایت خودرا از آن پس گرفتیم آنچەرا که میبایست اتفاق بیفتد اتفاق افتاد. میخواهم برای شما روشن کنم که ما انقلاب کردرا اختراع نکردیم بلکه ما آنرا یک حقیقت موجود یافتیم. سال های طولانی رژیم های حاکم بر عراق با ما دشمنی میورزیدند حملات خصمانه و دشمنی آشکار نشان می دادند. خرابکاران از مرزهای ما می گذشتند و گاهی اوقات برخوردهای مسلحانه روی میداد انقلاب کرد فرصتی یافت و ما از آن بهرەگیری کردیم، آیا ما در واقع میخواهیم یک مشکل کرد بوجود بیاوریم؟ طبیعتا خیر باید بدانید که ما دارای اقلیت کرد بزرگی هستیم بطوریکه یادآوری شد رژیمهای حاکم در عراق سالهای طولانی با ایران دشمنی میورزیدند آیا حق نداشتیم باین روش آنها جواب بدهیم؟ و از فرصتی اگر بدست آید استفاده کنیم؟ آری به انقلاب کرد علیه حکومت بغداد کمک کردیم و این اقدام ما پاسخی بود به اقداماتی که علیه ایران کرده بودند. وقتی ما معتقد به کاری باشیم که انجام دادەایم چرا پرده پوشی کنیم؟ انها از دشمنی با ما دست برداشتند ما نیز چنین کردیم آیا میدانید جا دادن پناهندگان کرد از عراق تا بحال برای ما ۳۰۰ میلیون دلار خرج برداشته است؟ باوجود این آیا غیر از این میتوانستیم کاری انجام بدهیم؟»

کاتی خوی لە یەکەم ژمارەی «ریبازی نوی» دا لە وتاریکی دریژدا لە سەر «ریککەوتنی جەزایر و هاوچارەنوسی نەتەوەی کورد» لەم قسانەی شا دواوم.

*

ماوەی نیوانخوشی ئیرانی - عیراقی

دوابەدوای ریکەوتنەکەی جەزائیر وەزیری کاروباری دەرەوەی عیراق سەعدون

حەممادی و وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیران عەبباس عەلی خەلعەتبەری بە ئامادەبوونی وەزیری کاروباری دەرەوەی جەزائیر عەبدولعەزیز بوتەفلیقە چەن ڕێکەوتنەکیان ئیمزا کرد، لەناو ئەوانەدا ئەوی بو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عـــیراق و لە ئیـــران گـــرنگ بو «پروتوکولی ئاسایشی سنور بو».

صەددام خویشی سەردانی شای کرد لە تاران بو جێگیر کردنی ڕێکەوتنەکەیان.

ئیران و عەیراق سنورەکانی خویان قایم کرد، ئیران ئاگاداری کوردەکانی عەیراقی کرد کە نابی چالاکی سیاسی بنوێنن. کاتێک گومانی لە هەندێکیان کرد کە خەریکی خو ڕێکخستنەوەن ساواک گرتنی. هەروەها عیراقیش ئاگاداری ئیرانیەکانی کرد کە نابی چالاکی دژی ئیران بکەن. هەردو دەولەت کومیتەی هاوکاری یان دروست کرد.

*

ئاشتبونەوەی عیراق و ئیران جەزرەبەیەکی کاریگەری لە کورد دا. بەعس ئەو هەلەی قوستەوە بو جێ بەجێ کردنی پلانەکانی تەهجیر و تەرحیل و تەعریب و تەبعیس، جولانەوەی کوردی لاواز کرد. بەلام ڕێگە بو کەندکردنی شینەیی ئوپوزیسیونی دینیی ئیران کرایەوە. لەوە پێش بە هوی گرژی پەیوەندیانەوە، ڕێگەی زیارەتی شوێنە پیروزەکانی عیراق لە شیعەکانی ئیران گیرا بو. لە دوای ڕێکەوتنی جەزائیر هاتوچوکردنی هاوولاتیانی هەردو دەولەت بو یەکتری ئاسان بو. پێشەوای ئوپوزیسیونی دینیی ئیران، ئیمام خومەینی لە ١٩٦٤ەوە لە نەجەف دانیشت بو، پەیوەندی لەگەل لایەنگر و شاگردەکانی کز و کەم بو.

هیلین کارێر دانکوس، یەکێ لە شارەزایانی کاروباری بلوکی ڕوژهەلات لەم بارەیەوە نوسی بوی: «موخالەفەتی ڕابەرانی دینی کە ماوەیەک بە هوی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی شاوە بێدەنگ بو بو، لە سالی ١٩٧٥ بێدار بوەوە، واتە کاتی کە ڕێکەوتنی ئیران و عیراق ڕێگەی بە زائیرانی ئیرانی ئەدا سەردانی شوێنە پیروزەکانی بکەن و لەگەڕانەوەدا پەیام و شریتەکانی خومەینیان لەگەل خویان ئەبردەوە. جورێکی تازە لە شورش، واتە «شورش بە هوی شریتەوە» سەری هەل دا».

*

مەلا مستەفاو گفتوگوی ڕوژنامەوانی

ئەودەمی مەلا مستەفا بە پەنابەری لە کەرەج جێگیر بو. ئەوی خوێندومەتەوە دیومە دو گفتوگوی ڕوژنامەوانی کرد: یەکێکیان لە گەل «ئەمیری طاهیری» نوسەری ڕوژنامەی «کیهان» ی تارانی و، ئەوی تریان لە گەل ڕوژنامەوانی میصری بە ناوبانگ

«محەممەد حەسەنەین هەیکەل».

خوزگە یەکێکی شارەزا هەمو گفتوگۆکانی مەلا مستەفای لە گەڵ ڕۆژنامەوانەکان، لە دوای گەڕانەوەیەوە لە سۆڤیەت بۆ کوردستانی عێراق (١٩٥٨) تا کۆچی دوایی لە واشینتۆن (١٩٧٩) کۆ ئەکردەوە و، بە بێلایەنی و بە پێوانەی زانستی لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر ئەکرد بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی «ئەقلییەتی سیاسی» بە ناوبانگترین و بە تەمەنترین سەرکردەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد.

گفتوگۆ ڕۆژنامەوانیەکانی مەلا مستەفا ٣ جۆرن:

١. ئەو گفتوگۆیانەی کەسی سێیەم وەکو تەرجومان لە بەینی مەلا مستەفا و ڕۆژنامەوانەکەدا بوە. وەڵامەکانی بارزانی لە لایەن کابرای تەرجومانەوە بژار کراوە لە قسەی «هەڵەق مەلەق» و، ڕازێنراوەتەوە. نمونەی ئەمەش گفتوگۆکانیتی لە گەڵ ڕۆژنامەوانی بەریتانی «دەیڤید ئادەمسن» نوسەری کتێبی: «شەڕی کورد» و، ڕۆژنامەوانی ئەمەریکایی «دانا ئادەم شمیت» نوسەری کتێبی: «گەشتێ بە ناو پیاوە ئازاکان دا» و، ڕۆژنامەوانی فەرەنسی «ئیریک ڕولو» نوسەری ڕۆژنامەی «لیموند دیپلوماتیک»...

٢. ئەو گفتوگۆیانەی پرسیار و وەڵامەکانی بە نوسین ئامادە کراون. ئەم گفتوگۆیانەش بە زوری ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی وەکو ئیبراهیم ئەحمەد، مامجەلال، حەبیب کەریم، د. مەحمود عوسمان، سامی سنجاری و، دارا توفیق بۆیان هونیوەتەوە و، بۆیان ڕێک خستوە. نمونەی ئەمەش گفتوگۆکانیتی لە گەڵ ڕۆژنامەکانی «خەبات» و «التاخی»...

هەمو یادداشت و بیرەوەریەکانیشی هەر ئەوان بۆیان نوسیوە.

٣. ئەو گفتوگۆیانەی ڕاستەوخۆ خۆی لە گەڵ ڕۆژنامەوانی عەرەب و فارس و کورد کردویەتی. بۆ ئەم گفتوگۆیانە بارزانی پێویستی بە کەسی سێیەم، واتە تەرجومان، نەبوە، ئەوەی لە دڵی دا بوە بە ئارەزوی خۆی و بە زمانەکەی خۆی وەڵامی داوەتەوە.

جۆری سێیەمی گفتوگۆکانی گرنگیەکی زوریان هەیە چونکە قسەی ڕاستەقینەی «بێ ڕوتوش و دەسکاری» خۆیەتی. نمونەی ئەمەش ئەم دو گفتوگۆیەیە لە گەڵ «ئەمیری طاهیری» و «هەیکەل» و، چەند گفتوگۆیەکی پێشوتری لە گەڵ گۆڤاری «روز الیوسف» ی قاهیرەیی و، «ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست» ی میصری.

ئەمیری طاهیری گفتوگۆکەی خۆی بە فارسی لە ڕۆژنامەی «کیهان» و «ڕستاخیز» ی تارانی دا و، بە عەرەبی لە ژمارەی ٣٨٠ ی ڕۆژانی ١٠ - ١٧ ئاباری ١٩٧٥ ی حەفتەنامەی «الاخاء» تارانی دا بلاو کردەوە. لێرەدا دەقی فارسی گفتوگۆکە وەکو لە

ژمارەی ڕوژی ۱۰ ی مایسی ۱۹۷۵ ی «کیهان هوائی» دا بلاو کراوەتەوە، وەکو خوی بەبی هیچ دەستکاریبەک تەنانەت لە فاریزە و نوقتەدا، ئەنوسمەوە. تەنیا شت کە لەم لاپەڕوە مانشیتەکانیتی:

«قسمتی از مصاحبه اختصاصی امیر طاهری سردبیر کیهان با ملامصطفی بارزانی

ملامصطفی بارزانی، ۷۳ ساله، که شاید قدیمی ترین و معروفترین رهبر جنگ های پارتیزانی در جهان است، با این تاکید نشان داد که فصلی مهم از تاریخ عراق، فصلی پر از ماجراهای خونین، برای همیشه بسته شده است.

بارزانی اکنون به همراه خانواده اش در نزدیکی تهران زندگی میکند. هفته پیش که به دیدار او رفتم بسیار شادمان و سر حال بنظر میرسید. هنگامی که از پایان جنگ در شمال عراق سخن می گفت و پایان زندگی سیاسی و نظامی خود را اعلام میکرد، کوچکترین اثری از تلخی یا تاسف در لحن او دیده نمیشد.

ملا که اکنون لباس های محلی کردی را کنار گذارده و کت و شلوار می پوشد و کراوات میزند در سراسر دیدار ۹۵ دقیقه ای ما مکرر در مکرر تاکید میکرد: من یک بنده ناچیز خداوند بزرگ هستم. همه چیز از قبل در کتاب سرنوشت امده است و بندگان را از ان گریزی نیست.

بارزانی گفت: هرگز به اندازه امروز احساس تندرستی و ارامش نکرده ام. اینده را نمی توانم پیش بینی کنم اما میتوانم بگویم که حالا فکر نمی کنم هرگز به عراق برگردم.

بارزانی افزود که قبلا هیچ اطلاعی از توافق ایران و عراق در الجزایر نداشت اما از این توافق پشتیبانی میکند زیرا صلاح ملت ایران را در بر دارد. هرچه خیر ایران را بهمراه داشته باشد مورد موافقت همه کردهاست.

در جریان یک سال نبرد، هیچ کشوری جز ایران به کردها کمک نکرد. بارزانی گفت: انها که یکباره کردها کشف کرده اند و برای ما اشک تمساح میریزند قصدی جز حمله تبلیغاتی علیه ایران ندارند. بعضی ها برای ما صدقه میفرستادند اما هرگز کمک جدی نمی کردند. مقداری پتو و مقداری دارو... همین، مسخره است و ما خودمان را مدیون هیچ کشوری بجز ایران نمیدانیم.

شورشی کهنسال که از دو ماه پیش سیگار را ترک کرده است و اکنون پیپ می کند ادامه داد:

همه ما از انچه ایران برایمان کرده است و می کند سپاسگزاریم. ما در ایران زیر

سایه شاهنشاه، رهبر تمامی اریائی نژادها، به احترام و اسودگی زندگی میکنیم.

کردهای عراق اکنون چه باید بکنند؟ بارزانی در پاسخ به این پرسش گفت: من اینجا هستم و انها در انجا. همه چیز به خود انها بستگی دارد. من دیگر یک رهبر نیستم و به شما اطمینان میدهم که هرگز دوباره یک رهبر نخواهم شد. من تمام شده ام، مطلقا تمام شده ام، ارزویم این است که نامم از تاریخ محو شود اما شما روزنامه نگاران نمی گذارید.

بارزانی شدیدا به بعضی عناصر کرد عراقی که از خارج علیه ایران اظهاراتی کرده اند، تاخت و گفت: ان ها انسان نیستند، کرد نیستند، مرد نیستند.

درباره یکی از انها، عصمت شریف وانلی، بارزانی گفت: او خودش را فروخته است، او یک هیولاست به صورت انسان.

بارزانی در حالیکه مشتانش را گره کرده بود افزود: کسی که این طور عمل میکند و خود را به یک سفارت خارجی میفروشد مسلمان نیست. خداوند همه موجودات بی شرف از این نوع را مجازات خواهد فرمود.

رهبر پیشین کردهای عراقی هم چنین به تلخی از کمونیست ها یاد کرد و ان ها را مسئول کشتار در شمال عراق خواند، کمونیست ها به گفته ملا: دشمنان اسلام هستند و از هر وسیله ای برای انداختن مسلمانان بجان یکدیگر استفاده میکنند.

ملا که چشمهائی با هوش و ذهنی دقیق دارد، گفت: به اعتقاد من اکثریت کردهای عراقی طرفدار پایان دادن به جنگ بودند. عراق نزدیک به سه ملیون کرد دارد که تنها ۱۰۰ هزار نفر انها خارج از عراق بسر میبرند.

اکثریت این صد هزار نفر در ایران هستند و چند صد روشنفکر کرد نیز در اروپا زندگی میکنند.

ملا گزارش های مربوط به درخواست پناهندگی او و پسرش ادریس را از ایالات متحده و سویس تکذیب کرد و گفت: همه اینها دروغ محض است ما نمی خواهیم ایران را ترک کنیم و از خارجی ها گدائی کنیم.

بارزانی به یاد اورد که در گذشته او را «ملای سرخ» می خواندند و گفت: این لقب را دشمنان درست کردند. من همواره مخالف کمونیسم بودم زیرا مسلمان هستم. در میان همکاران من حتی یک کمونیست وجود نداشت یا اگر وجود داشت جرئت نمیکرد دستش را رو کند.

ملا دست کم ۲۰ سال جوانتر از سن اش بنظر میرسد، کوتاه قدتر از انست که

انتظار میرود، اما بسیار تنومند است و شانه های پهن دارد. با انکه رژیم غذائی ندارد از بزرگی شکم در رنج نیست، میگوید: هرگز واقعا بیمار نشده ام. دکترهایم میگویند که حالم کاملا خوب است. او همان زمینه و برنامه های زندگی را که در روستای دیلمان، مرکز فرماندهی اش در کردستان عراق، داشت ادامه میدهد - با این تفاوت که در اقامتگاه اش در نزدیکی تهران سخن از جنگ و تصمیم های جنگی روزانه در میان نیست.»

مەلا مستەفا لەم گفتوگویانەدا خۆی بە گەوج و نەزان پیشان ئەدا و، قسەی وای نەکرد لە نرخی خۆی زۆر دابەبەزاند. تەنیا مەبەستی ئەوە بو شا و ساواک دلنیا بکات. مەلا مستەفا تەمەنێکی درێژی بە سەر برد بو ئەتەبو ئەوەندە گوی بداتە پاشماوەی ژیانی خۆی، سەرەرای ئەوەش بارزانی لەو کاتەدا پیاوێکی ناسراو و بەرێز بو لە دنیادا، ناوی خرابوە دەلیلی کەسایەتیە جیهانیەکانی لە بابەتی: «ڤنیشەر ڤیلت ئالمانناخ» ەوە، شا بە ئاسانی نەیەتوانی ئازاری بدا یا تەنگی پێ هەڵچنی. هەرکەسێکی شارەزا گفتوگوکانی بارزانی لە گەڵ رۆژنامەوانەکای بیگانە و، نامەکانی کە بو کاربەدەستانی ئینگلیز و سالانی دوایی تەمەنی بو شای ئیران و، دیمیرێلی سەرۆوەزیرانی تورکیا و، کارتەری سەرۆکی ئەمەریکای... نوسیبوە، بخوێنێتەوە و، بە وردی شی بکاتەوە ، بوی دەرئەکەوی کە: مەلا مستەفا لە ئاستی هاوڵاتی کوردا خۆی چەند بە زل ئەزانی و، دلرەق و بی بەزەیی و زووردار بو، کەچی لە ئاستی بیگانەدا خۆی چەند بە پچوک و خزمەتکار و ملکەچ دائەنا.

هەیکەل گفتوگوکەی خۆی رۆژی ٦ ی ئەیلول (سەپتەمبەر) ی ١٩٧٥ لە ژێر سەرناوی «مقابلە مع صقر عجوز من کردستان» دا بڵاو کردەوە. هەیکەل ئەوسا لە ئەهرام نەمابو. وتارە حەفتەییەکانی لە چەند رۆژنامەیەکی ئوردونی، کوێتی و لوبنانی دا لە یەک رۆژدا چاپ ئەکرا. هەیکەل ئەم گفتوگویەی لە هیچکام لە کتێبەکانی دا بڵاو نەکردەوە.

دلنیا نیم لەوەی ئەمیری طاهیری قسەکانی بارزانی وەکو خۆی نوسی بو یا شیواند بوی، بەلام هەیکەل لەوانە نەبو قسەی بارزانی بگوری، هیچ دەسکەوتێکی لەوەدا نەبو، کەسیش زۆری لی نەکرد بو. ئەگەر یەکی ناوەروکی هەردو گفتوگو لە گەڵ یەکتری بەراورد بکا ئەبینی زۆر جیاواز نین.

هەیکەل گفتوگوکەی بە هەندی سەرنج و بیروبوچونی خۆی تەواو ئەکا. لەوی دا ئاموژگاری دەسەلاتدارانی عیراق ئەکا سەبارەت بە جوری رەفتاریان لە گەڵ کورد و مافەکانی. ئەگەر صەددام ئاموژگاریەکانی هەیکەلی لە گوی بگرتایە و، بە جی ی بهینایە، لەوانە بو پیویست نەکا کورد جارێکی تر پەنا بەرێتەوە بەر چەک.

هەیکەل پیری بارزانی ئەخاتەوە کە بە نوینەرەکەی دا کاتی خوی هەوالی بو نارد ئیران و عیراق پیک دین، مشوریکی خوی بخوا، بوچی هیچی نەکرد؟

بارزانی ئەلی: ئیرادەی خوا بو. خوالیخۆشبوو عبدولرحمن ئەحمد خوت داوە

ئەم وەلامە چیروکیکی کونی بە بیر هینامەوە. هولاکو کە بەغدای گرت لە خواجە نەصیرەدینی طوسی پرسی: ئەگەر خەلیفە بکوژری راستە دنیا ژیروژەبەر ئەبی؟ طوسی ئەلی: ئەم هەمو صەحابەیەی پیغەمبەر لەتوپەت کران هیچ نەقەوما ئەبی بە کوشتنی ئەم بوچی دنیا ژیروژەبەر بی؟

هولاکو خەلیفەی گرت و، بە زور گەنجینەی سەدان سالی بنەمالەی عەبباسی پی دەرهینا. گەنجینەکەیان پر بو لە خشل و دەفری زیرین. هولاکو خەلیفەی لە قەفەزیکا دانا بو. خەلیفە پرسی بو داوای خواردنی کرد. هولاکو فەرمانی دا لە سەر سینییەکی زیر ژەمی خواردنی گەورە لە زیر و گەوهەر و مرواری... برازیننەوە و بوی بەبەن. بویان برد و لەبەردەمی دا دایان نا بیخوات.

خەلیفە وتی: ئەمە ناخوری.

هولاکو ئینجا لی ی پرسی: مادام ناخوری کە هەوالت زانی من لەشکرم ساز داوە بیمە سەرت، بوچی ئەم زیرەت نەکرد بە دراو بیدەی بە موچەی مانگانەی سەربازەکانت و بیانیریتە سەر ئاوی جەیحون ریگەم پی بگرن؟

خەلیفە وتی: ئیرادەی خوا بو.

هولاکو پرسی: باشە کە من ئیرانم گرت و لە بەغدا نزیک کەوتمەوە بوچی ئەم زیرەت نەتوانەوە بیکەی بە دەروازەی شاری بەغدا بو ئەوەی من نەتوانم بیگرم؟

خەلیفە وتی: ئیرادەی خوا بو.

هولاکو وتی: مادەم وایە ئیرادەی خوایە منیش تو بکوژم.

لە باوەری مەغول دا نەئەبو خوینی گەورەپیاوان برژیتە سەر ئەرز. لە بەرئەوە فەرمانی دا لباد لە خەلیفەوە بپیچن و بیسوننەوە و هەلی گلوفن هەتا ئەمری.

بارزانی ئەگەر دریژەی بە بەرەنگاریی بدایە بیگومان ئەبو بە سەرکردەیەکی سیاسی و پیشمەرگەیی ئەفسانەیی بەریز لە هەمو دنیادا. بەلام ناشیەتالی کرد، ئەمیش هەمان بەهانەکەی خەلیفەی هیناوەتەوە. هەرچەندە چارەنوسی شەخسی بارزانی لە هی خەلیفە بەختیارتر بو، چونکە بەردەستی صەددام نەکەوت، ئەویش بە پی ی ئیرادەی خوا بیفلیقینیتەوە، بەلکو خوی لە ئەمەریکا بە دەردی خوا مرد، بەلام چارەنوسی بارزانی وەکو پیشەوای سیاسی و، سەرکردەی عەسکەری کورد لە هی خەلیفە باشتر نەبو.

*

دامەزراندنی یەکێتی

لە ڕۆژانی ئاشبەتاڵ دا ئاژانسەکانی دەنگوباس بڵاویان کردەوە عەلی عەسکەری و چەند کەسێکی تر بڕیاریان داوە درێژە بە شۆڕش بدەن. ئەم هەواڵە بۆ من هەم مایەی دڵخۆشیی بو، هەم سەیر نەبو. عەلی عەسکەری ئەوەندەی من ئەمناسی کاری وای لە دەس ئەهات. زۆری پێ نەچو دەرکەوت هەواڵەکە ڕاست نیە. کاک عەلی چو بوە ئێران.

«کۆمەڵە» ڕێکخستنێکی پتەوی دامەزراند بو. من زۆرتر دڵم بەوە خۆش بو کە کۆمەڵە ئەرکی درێژە پێدانی بەرەنگاریی ئەگرێتە ئەستۆ. زۆرجار باسی ئەوەمان کرد بو کە بورجوازیەتی کورد ناتوانی هەتا سەر درێژە بە خەبات بدا، لە قوناغێک دا ڕائەوەستێ، ئەوسا ئیتر سەرە دێتە سەر کۆمەڵە درێژە بە خەبات بدا تا سەرکەوتن. من لام وابو ئەو قوناغە هاتوتە پێشەوە. کۆمەڵەش ئەرکی مێژویی خۆی ئەبینی. بە تایبەتی وەکو بۆیان باس کرد بوم کادری باشی پێ گەیاند بو، سەرکردەی ناسراوی وەکو مامجەلالیشی لە پشت بو. بەڵام ئەمیش نەبو.

د. کەمال فوئاد دوای بۆردومانی قەڵادزێ گەڕابوەوە بو ئەڵمانیا. ناوبەناو تەلەفونمان بو یەکتری ئەکرد و نامەمان ئەگۆڕییەوە. ڕۆژانی ئاشبەتاڵ زۆر جار تەلەفونمان لە گەڵ یەکتری ئەکرد، هەروەها لە گەڵ زۆر لەوانەی ئەمناسین. هەمومان لامان وابو کە پێویستە ئێمەش لە دەرەوە خۆمان ڕێک بخەینەوە، بو ئەوەی ئەگەر لە وڵات بەرەنگاریی دەستی پێ کردەوە، یا ڕێکخراوێکی نوێ دامەزرا، ئێمەش هاوکاری بکەین، بە تایبەتی لقی ئەورووپای پارتی وەکو هەمو دەزگاکانی تری شۆڕشەکە هەڵوەشا و، لە کار کەوت بو. لە ماوەیەکی کورت دا زۆر کەس، لە زۆر وڵاتی جیاواز، بون بە هاودەنگ و هاوبیرمان.

مامجەلال کەوت بوە جموجوڵ. ئەو ماوەیە لە قاهیرە، بیروت، دیمەشق، تەرابلوس هاتوچوی ئەکرد. لە بیروتەوە هەواڵ بڵاو کرایەوە کە مامجەلال خۆی بو گەڕانەوە ئامادە ئەکات. مامجەلال دوستایەتی لە گەڵ کەمال فوئاد و لە گەڵ من بە هێز بو. دوستایەتی من لە گەڵ مامجەلال ئەگەڕایەوە بو ساڵی ١٩٦١، بو ئەو کاتەی لێپرسراوی لقی سلێمانی پارتی بو. چەند جاری تەلەفونی بو کردم و نامەی بو ناردم، هەواڵ و دەنگوباسەکانی پێ ئەگەیاندم و، بیرو بوچونەکانی خۆی بو ڕون ئەکردەوە، منیش بیروبوچونەکانی خۆمم بو باس ئەکرد. داوای لێ کردم خۆم ئامادە بکەم بو بەشداری لەو ڕێکخراوە تازەیەدا کە خەریکی دامەزراندنیەتی و، بو گەڕانەوە بو وڵات. ئەگەرچی ماوەیەکی درێژ بو من لە کوردستان دور بوم بەڵام «ئیلتیزامی ئەخلاقی و ئەدەبی» بە کۆمەڵە و بە مامجەلالیەوە

ئەم سەردانە گرنگی هەبوە بۆ گەڕانەوەم

بەست بوم، بە جوانم نەنەزانی لە ژێری دەربچم. یەکسەر وتم: کەی داوات کردم بە سەر چاو ئامادەم.

ئەم قسەیەی من لای هەندێ کەس سەیر بو. لەو هەلومەرجە سەختەدا کە زور کەس بە ئاواتەوە بون بگەنە ئەوروپا، من لە ئەوروپا جیگیر بوبوم، لە دوا قوناغی تەواو کردنی خوێندنی دکتوورادا بوم، دەس لە هەمو شت هەلبگرم و ملی رێگای هات و نەهات بگرم بەرەو کوردستانی ژێر هەرەسی ئاشبەتال. راستی بریارێکی وەها دژوار، هەمو کەس بە ئاسانی نەی ئەسەلماند، بگرە هەندێ کەس بە فشەیان ئەزانی.

جارێکیان لە وەلامی نامەیەکی دا، بو ئەوەی دلنیای بکەم لەوەی من هەر لە سەر پەلینە کونەکەی خوم ماوم، سەرەتای نامەکەم بەم شیعرەی «سالم» دەس پێ کرد:

ئەی قیبلەی مورادم ئاخو بە روژگاران

جاری لە کەس ئەپرسی حالی غەریبی تاران

بەو سوێندەکەی کە خواردم: من هەر ئەوەم کە دیوتم،

حاشا بکەم فەراموش، میثاق و عەهدی جاران!

لە دێری دوەمی بەیتی یەکەم دا وشەی «تاران» م گوری بو بە «شاران».

پەلینم دابە هەر کاری بو دەسپێکردنەوەی شورش دەس پێ بکەن، من واز لە هەمو شتێکی خوم ئەهێنم لە ڤیەننا و، لە گەلیان ئەبم. بەلام ئەو ماوەیە من ئازادی هاتوچوم نەبو. پاسپورتەکەم عیراقی بو. سەفارەت بویان تازە نەکرد بوەوە. نەمئەتوانی هاتوچو بکەم. لە ڤیەننا گیرم خوارد بو.

مامجەلال لە سەرەتادا رەئی وابو کە هەمو تێکوشەرانی کورد لە چەپەوە بو راست لە یەک رێکخراوی فراوان دا یەک بخرێن. بو ئەم مەبەستە پیوەندی لە گەل زور کەس کرد بو بە تایبەتی لە گەل ئەو ئەندامانەی کومیتەی ناوەندی پارتی کە هاتبونە دەرەوە، لە گەل ئەوانەی نوێنەری بارزانی بون. ئەم بیرە سەری نەگرت.

د. فوئاد مەعصوم نوێنەری بارزانی بو لە قاهیرە. لە گەل مامجەلال پیوەندی باش بو. ئەویش لە گەل مامجەلال هاوبیر بو کە رێکخراوێکی نوێ دروست بکرێ بو درێژەپێدانی خەبات.

عادل موراد و عەبدوررەزاق میرزا عەزیز لە ئێرانەوە چوبون بو سوریا بو لای مامجەلال. عادل سەروکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و عەبدوررەزاق ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی لاوان بو.

مامجەلال کومیتەیەکی پێک هێنا بو لە: خوی، د. فوئاد مەعصوم، عادل موراد،

عەبدولرەزاق فەیلی، کەمال فوئاد، عومەر شیخموس و، من بو سەرکردایەتی ریکخراویکی تازە کە دریژە بە خەباتی سیاسی - چەکدار بدا. ناو لەم کومیتەیە نرا بو «دەستەی دامەزرینەری یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان» و یەکەمین بەیانی راگەیاندنی دامەزراندنی بە عەرەبی، لە شام پاش باس کردنی لە گەل د. فوئاد و عادل و عەبدولرەزاق، لە ٧٥/٥/٢٢ دا نوسی بو و، بلاو کرد بوەوە و، بو کەمال فوئادیشیان نارد بو لە ئەوروپا بلاوی بکاتەوە. ئەویش دوای ئەوەی هەندی دەسکاری تی دا کرد بو لە ٧٥/٦/١ دا بلاوی کردەوە. من ئەوسا هیشتا لە ڤییەننا نەجولا بوم، لە بەر ئەوە لە دارشتنی بیرەکانی ئەم بەیانەدا بەشدار نەبوم.

دەزگاکانی راگەیاندن لە سوریا ئەم بەیانەیان بلاو کردەوە. ئەم بەیانە لە سەرانسەری دنیا بە زمانی جیاواز چاپ و بلاو کرابوەوە لەوانە: ئینگلیزی، ئەلمانی، فارسی. کەمال بورقای ئەوسا لە تورکیا مانگنامەی «ئوزگورلک یولو» ی دەردەکرد. ئەویش دەقی بەیانەکەی بە تورکی بلاو کرد بوەوە.

ئەگەرچی نائومیدی و سەرلیشیوان و بی وورەیی کوردی داگرت بو، بەلام راگەیاندنی ئەم بەیانە دەنگدانەوەیەکی زور گەورەی هەبو لە کوردستان دا.

ئیمەش: کەمال فوئاد و عومەر شیخموس و من لە ئەوروپا کەوتینە دروست کردنی ریکخستنی ئەوروپا. لە ئەوروپاش کومیتەیەکمان پیک هینا بە ناوی «دەستەی دامەزرینەر» بو سەرپەرشتی دامەزراندن و چالاکی یەکیتی. زەمینەی سیاسی لە بار بو لە ماوەیەکی زور کورت دا لە زوری ولاتانی ئەوروپا ریکخستنی فراوان دامەزرا. مامجەلال و هەڤالانی سوریا کەوتنە پیوەندی لە گەل کادرە ناسراوەکانی جولانەوەی کورد لە ئیران و لە عیراق. مامجەلال نامەیەکی بو بارزانی نوسی بو دەربارەی دامەزراندنی ئەم ریکخستنە نوی یە و، دلنیای کرد بو لەوەی کە نەک دژی بارزانی نابی بەلکو بە چاوی سەرکردەی جولانەوەی کورد سەیری ئەکاو، بو پشتیوانی ئەبی لەو هەر هەنگاوی بنی.

*

ئاشبەتال تیکوشەرانی کوردی هەژاند بو. سەر لی شیوان و نائومیدی و بەرچاوتاریکیی هەمو لایەکی داگرت بو. چەند کەسی لە کاربەدەستە زلەکانی پارتی بی ئەوەی هیچ بیانویەکیان هەبی تەسلیمی عیراق بونەوە. سالح یوسفی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، هەر زو لە گەلالەوە گەرابوەوە بو عیراق، هەروەها عەبدولی سوران و، صدیق ئەمین کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بون. حەبیب محەمەد کەریم، سکرتیری پارتی، لە قاهیرە بو، ئەویش لەویوە خوی تەسلیم بە عیراق کردەوە. دارا توفیق، لە بیروت بو،

لەویوە رویشتەوە بو بەغدا. چەند کەسیکی تریش لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و، فەرماندەی هیز و بەتالیونەکان، تسلیم بونەوە. وە نەبی ئەمانە بەرنامە یا پلانیکیان هەبوبی، بەلکو لە ئەنجامی نائومیدی و روخان دا تەسلیم بونەوە. ئەوانی تریشیان لە تیران خەریکی ریکخستن و داپینکردنی ژیانی خویان بون. هەرسەکە ئەوەندە گەورە و کاریگەر بو زور کەس لایان وابو ئیتر جولانەوەی کورد تەواو. بەعس و هاوکارە کوردەکانیان لە پایەتی عەزیز عەقراوی بروایان بەم بوچونە ئەدا و ئەیانوت: «مەسەلەی کورد، هیچ نەبی لەم قوناغەدا تەواو، حەوالەی نەوەکانی داهاتو کراوە».

لە ئیران، مەلا مستەفا ئەیویست زورترین ژمارەی خەلک لە دەوری خوی بهیلیتەوە. هەر جارە قسەیەکی ئەکرد. جاریک ئەیوت: «زەرفی دەولی خراپە، ئەبی چاوەروانی زەرفیکی دەولی باش بکەین» و، جاریک ئەیوت: «کاری من تەواو ئیتر من سەرکردەی کورد نیم» و، جاریکی تریش ئەیوت: «ئیستا ئومیدم لە جاران بە هیزترە و، بەمزوانە بە هیزیکی گەورەترەوە ئەگەریینەوە کوردستان و ئەمسال تری ی رەش لە حاجی ئومەران ئەخوین». تیرانیش خەریکی بلاوە پی کردن و جیگیر کردنی پەنابەرانی کورد بو لە دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان.

عیراق چەند جاری نوینەرانی خوی نارد بو ناو پەنابەرانی کورد بو ئەوەی قانعیان بکا بگەرینەوە عیراق. زوریشیان قانع کرد و گەرانەوە.

لە بەغدە، تاقمی لە کادرەکانی پارتی، لە هەردو بالی مەلایی و جەلالی، لەوانە: عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، تایەری عەلی والی، رەسول مامەند، عەلی هەژار، کاردو گەلالی... چەند جاری لە ناو خویان دا کوبونەوە، بو لیکدانەوەی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و، دانانی نەخشەی کاری داهاتو. ئەمانە لایان وابو سەرکردایەتی بارزانی بەو ریبازە سیاسیە چەوتەی لە چەند سالی رابردودا گرت بوی، جولانەوەی کوردی توشی هەلدیران کردوە. ریکخستنەوەی پارتی لە سەر بنچینەیەکی پیشکەوتو، بە دوستایەتی لە گەل بەعس و، بەشداری لە داوودەزگای حوکمی زاتی دا ئەکری هەندی لە دەسکەوتەکانی کورد بپاریزری.

کاربەدەستانی بەعس لە سەرەتادا بەلینیان پی دان. بەو هیوایەوە بە کومەل گەرانەوە عیراق. لە عیراق بە گەرمی پیشوازیان لی کردن. بەلام بەعس هیچکام لە بەلینەکانی بە جی نەهینا. پاش ماوەیەکی کورت چالاکی سیاسی لی قەدەغە کردن و، لە کوردستان دوری خستنەوە، هەریەکەیانی بە وەزیفەیەکی حکومەتی نارد بو جیگایەکی خواروی عیراق.

بەلام ئەمان کە لە تیران قسەیان کرد بو بە یەک، لە عیراقیش لە ناو خویان دا ئەو پەیوەندییەیان پاراست و، ریکخستنیکیان پیک هینا، سەرەتا بە چاولیکەری «الحرکە التصـحـیحـیـە» کەی بەعس لە سوریا، ئەمانیش ناویان لە خویان نا «بزوتنەوەی راستکردنەوە»، گوایە چەوتی و لادانە سیاسییەکانی پارتی راست ئەکەنەوە. چەندین کەسی تریش، لەوانە: سالح یوسفی بو بو بە هاوبیر و هاوەدەنگیان. سەرەنجام ناوی خویان کرد بە: «بزوتنەوەی سوشیالیستی دیموکراتی کوردستان»

*

کوردی سەرانسەری کوردستان بە هاودەردییەکی قولەوە سەیری روداوەکانی کوردستانی عیراقیان ئەکرد و، هەمویان بە مەینەتی خویان ئەزانی. زوری سیاسەییەکانی دەرەوەیان ئامادە بون هەرچییەکیان لە دەس بی بیکەن بو هەلساندنەوەی جولانەوەی کورد لە عیراق دا. هەندیکیشیان بە کردەوە بەشدار بون. لە ناو کوردەکانی ئیران دا حەسەنی قازی و محەمەدی موهتەدی لە هەمویان زیاتر بە پەروش بون. حەسەن بلاوکراوە گرنگەکانی یەکیتی کرد بە فارسی و بلاوی کردنەوە. ئەمەش بو ناسینی یەکیتی لە ناو ئیرانییەکان دا بایەخیکی تایبەتی هەبو.

*

چەند مانگی دوای ئاشبەتال نوری ئەحمەد طەها گەیشتە لیبەننا. کاک نوری لە تارانەوە چو بوە دیمەشق و، لە دیمەشقەوە هات بو بو لیبەننا، بو ئەوەی بچی بو ئەلمانیای روژئاوا بو لای کورە گەورەکەی: ئاسو.

کاک نوری لە تیکوشەرە دیرینەکانی ریگای کوردایەتی بو. کە جمهوریەتی مەهاباد دامەزرا ئەم ئەفسەریکی تازە دەرچو بو لە جەیشی عیراق دا. چوە مەهاباد بو ئەوەی لە ریزی سپای کوردستان دا خزمەت بکا. یەکی بو لە دامەزرینەرەکانی «پارتی دیموکراتی کورد». دوای روخانی جمهوریەتی مەهاباد، لە گەل بارزانی چو بو تاران بو گفتوگو لە گەل ئیرانیەکان. لەوی هەندی هەلویستی ئازایانەی نواند بو. بارزانی لە بەر ئەوە ریزی لی ئەگرت. دوای رویشتنی بارزانی بو سوڤیت ئەم گەرایەوە کوردستان. چەند سالی لە زیندان دا مایەوە. لە زیندان دا بە هەلویستی ئازایانە بە ناوبانگ بو. دوای بەربونی دریژەی یەکاری سیاسی دا لە کومیتەی ناوەندی پارتی دا. لە سەر چالاکی سیاسی چەند جاریکی تر خرایەوە زیندان، بە تایبەتی دوای خوپیشاندانەکانی کرا لە دژی دەستدریژی ۳ قولی بو سەر میصر و، بو ناشتنی تەرمی شیخ مەحمود.

دوای ١٤ ی تەموزی ٥٨ گیرایانەوە بو جەیش. وەزیفەیەکی ئیداری پچوکیان

دابویە لە شوێنێکی دووری کوردستان، بەلام هەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی پارتی مابووەوە. ئینجا خوی خانەنشین کرد و، خەریکی کاری حیزبایەتی بو.

لە دەسپێکردنی شورشی ئەیلول دا کاک نوری پێشمەرگەی ناوشاری دامەزراند و، خوی راستەوخو سەرپەرشتی چالاکیەکانی ئەکرد. لە ناکوکیەکانی نیوان مەکتەبی سیاسی و بارزانی دا، سەرەتا لە گەل مەکتەبی سیاسی بو، دوایی بەلای مەلا مستەفادا کەوت و، زوری نەبرد خوی لە ژیانی حیزبی کنارەگیر کرد.

لە ئەنفلابی سەرنەکەوتوەکەی عەبدولغەنی ئەلراوی دا بو گورینی حوکمی حیزبی بەعس کاک نوریش ئیتیهام کرا. لەو ساوە چوە ناوچەی ناوپردان لە نزیک بارەگای بارزانی دانیشت.

کاک نوری لە ژیانی سیاسی خوی دا هەستی بە «غبن» ئەکرد، لە بەر ئەوە لە هیچ شوێن و لە هیچ موناسەبەتیک دا دەمی خوی نەئەگرت. رەخنەی ئەگرت، پلاری ئەهاویشت و، توانجی لەم و لەو ئەگرت. قسەی «گالتە» و «جیددی» تێکەلاو ئەکرد. لە دەربرینی بیروڕا و هەلویستەکانی لە هیچ نەئەترسا و، لە هیچ نەئەپونگایەوە. دوای ۱۱ ی ئازار جاریک ئەچێتە لای بارزانی و شیعرە بە ناوبانگەکەی خالیصی بو ئەخوێنێتەوە، کە ئەگاتە ئەم بەیتەی:

لە لای تو وەک یەکن، بی فەرقن لە خزمەت تو،
شەهین و حاجی لەقلەق، شیر و ریوی، مورشید و جانی!

کاک نوری وت بوی: «سالی ۱۹۲۰ شەهین و حاجی لەقلەق، شیر و ریوی، مورشید و جانی، وەکو یەک وا بون. سالی ۱۹۷۰ دوای ۵۰ سال ئەبی خەبات بکەین بو ئەوەی وەکو یەکیان لی بیتەوە، چونکە ئیستا حاجی لەقلەق بە سەر شەهین و، ریوی بە سەر شیر و، جانی بە سەر مورشیدا زال بوە...»

لە سەر ئەم قسانە چارەی خوی لە لای زور لە کاربەدەستەکانی پارتی و شورش قورس کرد بو. حەزیان لە چارەی نەئەکرد و بویان تی ئەچاند. بەلام گوی ی نەئەدایە و، لە قسەکانی نەئەکەوت.

مالی «ئەحمەدی طەها» لە کونەوە لە بەرخانەقا نیشتەجی بون. ئاسیاو و دراوسی ی کونی مالی ئیمە بون. ماوەیەک مالی ئیمە و مالی کاک نوری دەرگامان بە دەرگای یەکتریەوە بو بە تایبەتی لە ناوەراستی پەنجاکان دا. کە ئەهاتنە سەر مالەکەیان بو گرتنی زور جار کەلوپەلی نهینی لە مالی ئیمە ئەشاردەوە.

من لە منالیەوە کاک نوریم لە نزیکەوە ئەناسی. ریزیکی تایبەتی لە لای من

هەبو. ئەو یەکێ بو لەوانەی کاریان تێ کردم تێکەڵاوی کاری سیاسی ببم.

کاک نوری زور لە ڤییەننا نەمایەوە. چوە ئەڵمانیای روژئاوا. منالەکانی لە سلێمانی بە جێ هێشت بو. لە ئەڵمانیا خوی پێ نەگیرا گەرایەوە عێراق. لە کورەوەکەدا کوچی دوایی کرد.

*

هێشتا کاک نوری لە ڤییەننا بو، شازاد صائیب بو گەشتوگەران لە گەڵ هاوسەرەکەی و منالەکانی لە مانگی ئابی ۷۵ دا هاتن بو ئەوروپا. شازاد لە ۷٤ دا نەچوبوە ریزی شورشەوە. هاتوچو بو ئەو ئاسانتر بو لە چاو ئەوانەدا کە چوبونە ناو پێشمەرگەوە. هاورێیانی کومەڵە رایان سپارد بو «استطلاع» ی هەلومەرجی دەرەوە بکا بزانی چیمان بە دەستەوەیە. لە لەندەن مامجەلالی دی بو. بە درێژی قسەیان کرد بو. هەندێ راسپاردەی پێ وت بو بە سەرکردایەتی کومەڵەی بلێ. هاتە ڤییەنناش. لەو دەروبەرەدا ژمارەیەکی زوری تێکوشەرانی کوردستان بە تەمای ئەوە بون سەرەتای کار لە دەرەوە دەس پێ بکات. چەندین نامەی لەم بابەتەم لە هاورێ و دوستەکانەوە بو ئەهات.

شازاد، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانی بو. خوێندکارێکی چالاکی ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و، پارتی دیموکراتی کوردستان بو لە زانستگای بەغداد و، دواییتر کەسایەتییەکی ناسراوی بەرێز و، پارێزەرێکی سەرکەوتو بو. هاورێ یەکی نزیک و گیانی بە گیانی سەردەمی خوێندن و کاری سیاسی و روژنامەوانی منیش بو.

پێکەوە هەفتەنامەی «رزگاری» مان دەرکرد بو. پێکەوە لەو گروپەدا کارمان کرد بو کە بیری دامەزراندنی کومەڵەیان چەسپاند و، پێکەوە هەندێ لە ناوکەکانیمان رێکخست بو. هەندێ کێشەی خوبەخو هاتە پێشەوە، ئێمە وامان بە قازانجی رێکخراوە تازەکە زانی، خومان لە مەسئولیەتی سەرکردایەتی بکێشینەوە. لەو گروپەی ئێمە هەندێک دور کەوتنەوە، زوریەیان وەکو ئەندام لە ریزەکانی کومەڵەدا درێژەیان بە کار دا، شازاد یەکێ لەوانە بو. من چوم بو ڤییەننا، بە کردەوە منیش دور کەوتمەوە.

لە گەڵ هەڵگیرسانەوەی شەری کوردستان دا ساڵی ۷٤ سەرکردایەتی کومەڵە و زوری کادرە پێشکەوتوەکانی و ئەندامەکانی چونە ریزی شورشەوە، هەرکەسەیان بە گوێرەی ئەو کارەی پێیان سپارد بو، بە دڵسوزی کارەکانی خوی ئەنجام ئەدا. لە روژانی هەرەسهێنانی شورشەکەدا، لە پێش دا بە تەمای مانەوە و، رێکخستنی بەرەنگاری بون و، پەیوەندییان لە گەڵ زور کەس کرد بو، بەلام کە ئەبینن هەرەسەکە بەمان ناگیرێتەوە ئەمانیش بە کومەڵ گەرانەوە بو عێراق. هەوڵیان دا ریزەکانی خویان، کە بە هوی لە یەک

داهران و چونه ریزی پیشمەرگەوە شیوا بو، سەر لەنوی ریک بخەنەوە.

شازاد هەلومەرجی ولاتی بە وردی بو باس کردم و منیش بیروبوچونەکانی خومم بو باس کرد. گەرایەوە کوردستان و، قسەو باسەکان و، بیروبوچونەکانی ئیمەی بو باس کرد بون.

دوای ئەویش لە روژانی بەستنی کونگرەی خویندکاران دا لە بەرلین، فەرەیدون عەبدولقادر بە نهینی هات بو. ماوەیەکی زور کورت مابوەوە. من نەمبینی چونکە درەنگ ئیزای ئەلمانیایان دامی، بەلام لە گەل مامجەلال یەکتریان دی بو. راسپاردە و پیشنیاری سەرکردایەتی کومەلەی هینا بو. مامجەلالیش راسپاردەکانی خوی پی دا نارد بوەوە بو سەرکردایەتی کومەلە.

گرنگترین راسپاردەکانی مامجەلال بو سەرکردایەتی کومەلە ئەمانە بو:

١. دستەی دامەزرینەری یەکیتی لە ولات دابمەزرینن. تیکەلاو بی لە ئەندامانی کومەلە و کەسایەتی ناسراوی نیشتمانیی و دیموکرات. ناوی هەندی کەسیشی دیاری کرد بو قسەیان لە گەل بکەن.

٢. پەیوەندی لە گەل کادرە پیشمەرگەییەکانی شورشی ئەیلول بکەن. ریکخراوی پیشمەرگەیان لی پیک بهینن و، ئامادەیان بکەن بو دەس پی کردنەوەی خەباتی چەکدار.

٣. لە هیچ حالەتیک دا نابی کوردستان بە جی بهیلن. لە کاتی لیقەومان و ئاشکرا بون دا خویان بشارنەوە یان بچنە شاخ.

ئیمە دلیکمان بە ریکخستنەکەی کومەلە خوش بو. هیوایەکی زورمان لە سەر هەلچنی بو. بەلام روداوەکانی کوردستان کاری لە سەر کومەلەش کرد بو. ناکوکی لە ریزەکانیان دا تەقاند بوەوە. تاقمیکی ریکخستنەکانی خوارەوەی کومەلە دژی سەرکردایەتییەکەی راوەستا بون، بە ئاشکرا کەوت بونە جمەوجول و موهاتەرات و دامەزراندنی ریکخستنی تازە. سەرکردایەتی هەرچەند هەولی دابو بە ریگایەکی ئوسولی چارەی ناکوکییەکان بکا، کەلکی نەبو. سەرەنجام، بو ئەوەی لەو ئاژاوەیە دەربچن و ریکخستن لە لیدان بپاریزن، بریار ئەدەن برون بو ئیران بو ئەوەی لەویوە بچن بو سوریا.

سەرکردایەتی کومەلە بزر بون. ئیمە وامان زانی راسپاردەکانی مامجەلالیان جیبەجی کردوە و، خویان شاردوتەوە. تومەز چون بو ئیران و لەوی: شەهابی شیخ نوری سکرتیری ریکخستنەکە و، فەرەیدون عەبدولقادر، جەعفەر عەبدولواحید، عومەری سەید عەلی، عەلی محەممەد عەسکەری (عەلی پچکول)، ئەرسەلان بایز، ئاوات زەکی عەبدولغەفور گیراون. ئیمە بەمەمان نەئەزانی. پاش چەند حەفتەیەک کە حکومەتی ئیران

له پینجوین تسلیمی حکومەتی عیراقی کردنەوە، ئینجا زانیمان. بو ئیمە ئەمە رووداویکی چاوەری نەکراو بو. بەشی لە هیواکانی داروخانین. ریکخستنەکانی کومەلە کەوتنە بەر هیرشی راونان و گرتن. هەندیکی گیرا و هەندیکی خوی شاردەوە.

له ئەوروپا حەملەیەکی گەورە ساز کرا بو ئازاد کردنیان. چەندین بەیاننامەیان بە زمانی جیاجیا له سەر بلاو کرایەوە. «ئەمنستی ئینتەرناشنال» مەسەلەکەی گرتنە ئەستو.

*

له ١٤ ی ئابی ٧٥ دا عیصمەت شەریف وانلی بەیانیکی بە عەرەبی بو «دەولەکانی گەلی کورد» بلاو کردەوە نوسی بوی کە بە دەعوەتی حکومەتی عیراق لە گەل چەند کەسایەتیەکی تردا ئەچی بو گفتوگو لە گەل کاربەدەستانی عیراقی بو دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد.

بەعس لە دنیادا زوری پروپاگاندە کرد بو دەربارەی سەلماندنی مافی نەتەوەیی کورد و. جیبەجی کردنی قانونی حوکمی زاتی. عیصمەت و ئەوانەشی دەعوەت کرد بو بە چاوی خویان دەسکەوتەکانی کورد ببینن.

عیصمەت له کوردەکانی سوریا بو. لە سەرەتای پەنجاکانەوە لە سویسرە نیشتەجی بو. یەکی بو لە دامەزرینەرەکانی «کومەلەی خویندکاران» و ماوەیەکی دریژ سەروکی بو. لە کونگرەی «یەکیتیی خویندکارانی جیهان» دا کە سالی ١٩٦٠ لە بەغدا بەسترا، لە گەل سەروکی «یەکیتیی قوتابیانی عیراق» بو بە کیشەیان لە سەر مەسەلەی کورد. ئەم رووداوە نەوسا لە لایەن پارتی و روژنامەی «خەبات» ەوە کە بە عەرەبی لە بەغدا دەرئەچو زوری باس کرا. بەم هویەوە عیصمەت ناوبانگی دەرکرد. کە شورش لە کوردستانی عیراق دا هەلگیرسا، عیصمەت یەکی بو لە «کومیتەی پاراستنی مافەکانی گەلی کورد» و، دوایی بو بە نوینەری بارزانی و قسەکەری شورش. ماوەیەکی دریژ بەم ناوەوە پیوەندی لە گەل دەزگاکانی راگەیاندن دا ئەکرد. لە سەرەتای حەفتاکان دا کە پارتی دەزگای نوینەرایەتی خوی لە ئەوروپا دامەزراند، ئیتر عیصمەت دەوریکی گرنگی لەم دەزگایەدا نەما، بەلام هیشتا کەسایەتیەکی ناسراو بو لە ناو کور و کومەلە سیاسیەکان و، لای دەزگاکانی راگەیاندن.

ئەم بەیانەی عیصمەت لای زور کەس و لا سەیر بو، بەکەمیان، چونکە ئەوەی بە مەلا مستەفا و سەد هەزار پیشمەرگە نەسینرا بو، چون بەم لە بەعس وەرئەگیری. دوەمیان، لەو کاتەدا کورد بە دەس حوکمی بەعسەوە توشی کارەساتیکی نەتەوەیی بوبو، عیراق ئەیویست رووی دزیوی خوی بشاریتەوە. کورد ئەبو بچن بە گژی دا و، ریسوای

بکەن نەک یارمەتی بدەن.

عیصمەت گوێ ی نەدایە لومە و ئامۆژگاریی هیچ کەس و لایەک و، وەفدێکی پێک هێنا لە: «شەریف بو مەعزە»، کە یەکێ بو لە سەرکردەکانی شۆرشی جەزائیر. «جان کلود لوتی»، لە «یەکیتیی جیهانیی مافی مروڤ» و، یوسف پەری، کە قەشەیەکی کوردی عیراق بو.

ئەم وەفدە لە ١٨ ئاب دا گەیشتنە عیراق و، گەشتەکەیان تا ٦ ئەیلول درێژەی کێشا. دوای ئەوە گەرانەوە ئەورویا.

لە ٧٥/١١/١٧ دا عیصمەت راپورتێکی درێژی لە سەر گەشتەکەیان بلاو کردەوە. باسی سەردانەکەیانی بو شارەکانی کەرکوک، هەولێر، دهوک، سلێمانی، موسل و بەعقوبە، هەروەها خانەقین، قەلادزە، پێنگرد، ئاکرێ.. و بینینی کاربەدەستانی حکومەتی و حیزبیی لەم شارانە و، گفتوگوکانیان لە گەل سەران و وەزیرەکانی بەعس: طاریق عەزیز، نەعیم حەداد، زەید حەیدەر، مونذیر شاوی... بە درێژی گێرا بوەوە.

لە راپورتەکەی دا لایەنە سلبی و ئیجابییەکانی سیاسەتی بەعسی لە کوردستان دا باس کرد بو. ناسینی کورد لە دەستور دا وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی و، سەلماندنی مافی ئوتونومی و، ریزگرتنی مافی نەتەوایەتی لە ناوچەی ئوتونومی دا و، ریفورمی کومەلایەتی لە ژیانی جوتیار و کرێکاری کوردستان دا وەکو شتی ئیجابی و، تەعجیر و تەعریب و، ریز نەگرتنی مافی نەتەوایەتی لە دەرەوەی ناوچەی ئوتونومی و، ناتەواوییەکی قانونی حوکمی زاتی.. وەکو شتی سلبی ژمارد بو.

لە راپورتەکەی دا دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بە کارێکی چەوت و لە کردن نەهاتو دانا بو.

پێ ئەچی بینینەکانی عیصمەت لە گەل چاوەروانییەکانی جوت نەبوبێ، ئەمە بە راپورتەکەیەوە دیارە. دوای ئەوەش چەند بەیانێکی تری دەرکرد و، چەند گفتوگویەکی روژنامەوانی کرد. لە سەر ئەمە بەعس زور تورە بو. ناردیان بو کوشتنی. بە ناوی میواندارێ دوستانەوە چونە لای و بەر گوللەیان دا. کابرای بکوژ وایزانی بو عیصمەت تەواو بوە لە بەر ئەوە بە جێ ی هێشت بو. گەیەنرایە نەخوشخانە و لە مردن رزگاری بو.

*

سالی ٧٤ ماوەی پاسپورتەکەم تەواو بوبو. سەفارەت بویان درێژ نەکردمەوە داوایان نەکرد بگەرێمەوە عیراق لەوێ درێژی بکەمەوە. لە گەل تێشکانی شورش و، دەرچونی لێبوردنی گشتی، حکومەتی عیراق بریاری دا پاسپورتی ئێمەمانانیش درێژ بکەنەوە. چوم

بو سەفارەت بە کابرای «استعلامات» م وت: «ئەمەوی پاسپورتەکەم تازە بکەمەوە بەلکو یەکی لە کاربەدەستان ببینم» کابرا شەلیکی نەمسایی بو لەوی کاری ئەکرد. ناوەکەمی پرسی. ناوی خومم پی وت. تەلەفونی بو کونسول کرد. دەسبەجی داوای کردم بو لای خوی.

زور بە گەرمی پیشوازی کردم وتی: «کاکە! ناوی تو زورجار ئەبیستم، بەلام هیچ جاری خوت نابینم، زورم پیخوشە هاتی و بینیمیت». خیزانیکی عیراقی، پی ئەچو بو گەشتوگەران هاتبن، میوانی بون. روی کردە ئەوان، بە پیکەنینیکی سەرکەوتوانەوە وتی: «ئەمە لە برا کوردەکانمانە، زوری کار کردوە لە دژی ئیمە». من نەچو بوم بو شەر لە سەری نەرویشتم. پاش هەندی سوجامەلە و قاوە خواردنەوە، وتی: «ئەزانم ئیشت هەیە بویە هاتوی» وتم: «بەلی» وتی: «ئەتەوی پاسپورتەکەت تازە بکەیتەوە؟» وتم: «بەلی» وتی: «راستە تەعلیمات لەو بارەیەوە دەرچوە، پر بەدل حەزم ئەکرد ئیشەکەت جیبەجی بکەم، بەلام تازە کردنەوەی پاسپورتەکەی تو لە دەسەلاتی من دا نیە. ئەبی پرسی بەغدا بکەم. بەلینت ئەدەمی بە باشی لە سەرت بنوسم». منیش سوپاسم کرد. ئینجا وتی: «کاکە! لیرە بە دواوە چی ئەکەی؟» وتم: «هیچ ناکەم. خەریکی خویندن ئەبم». بە پیکەنینەوە وتی: «ئەقلم نابری ئارام دابنیشی!» وتم: «مەلا مستەفا دانیشت و سەد هەزار چەکدار وازیان هینا، ئیمەمانان لە دەرەوە ئەتوانین چی بکەین؟». لام وابو قسەکەی بە گوی دا چو. وتی: «ئەوپەری دو حەفتەی پی ئەچی وەلامەکەی دیتەوە. بە تەلەفون ئاگادارت ئەکەم یان خوت سەرمان لی بدە».

دوحەفتە تی پەری وەلامی نەهاتەوە. چەند جاری بە تەلەفون لیم پرسین خەبەری نەبو. نائومید بوم. نامەم بو چەند کومەلەیەکی جوتیاری نوسی بو بو کاری ئاژەلداری. لە هەندیکیانەوە وەلامی وەرگرتنم بو هاتەوە. لە گوندیکی پچوک لە ناوچەی «شتایەرمارک» لای کابرایەکی خاوەن گاوگوتال کاریکم دوزییەوە. کارەکەم لە چیای بەناوبانگی «ئالپ» بو.

«کارخوی» کەم ٤٢ مانگای هەبو. لەو ماوەیە شارەزاییەکی زورباشم پەیدا کرد لە سەر ژیانی جوتیارانی نەمسا و، جوری راگرتن و پەروەردەکردنی گویرەکە، چیل، گای ئەوروپایی. گەوری ولاخەکانی ئەوان ریکوپیکتر دروست کرا بو لە خانوی ئەوسای زور لە ئاغاکانی لای ئیمە.

چوار حەفتە مامەوە لە سەفارەتەوە هەوالم بو هات کارەکەم جیبەجی بوە. وازم لە کارەکەم هینا و یەکسەر گەرامەوە بو ڤییەننا، پاسپورتەکەم تازە کردەوە. هەر لەو ماوەیەدا

کونگرەی خوێندکاران لە بەرلین ئەبەسترا. مامجەلالیش ئامادە ئەبو. ئەبو منیش بچم.

*

چەند گەنجێکی باسک حوکمی ئیعدام درا بون. فرانکو لە نەخۆشخانە کەوت بو لە سەر مردن بو. حوکمی ئیعدامی ئەوانە لە دنیادا زور بە خراپ دەنگی دابوەوە. زور کەسایەتی ناسراو و حیزب و ڕیکخراو داوایان لە فرانکو کرد بیانبەخشێ و، لە چەند شاری ئەوروپا خۆپیشاندانی نارەزایی ساز کرا، لەوانە شاری ڤیەننا. فرانکو گوێ ی نەدایە رای گشتی جیهان. لە سەر نەریتی کونی ئیسپانی ئیعدامی کردن، بڕبڕەی پشتیان شکاندن. فرانکو وەکو دیکتاتورێکی خوێنرێژ زور بەدناو بو، بەم کارەی بەدناوتر بو.

پاش ماوەیەکی کورت لەم روداوە فرانکو مرد. صەددام حسین، ئەوسا، جێگری سەروکی «مجلس قیادە الثورە» بو. بو بەشداری پرسەکەی چو بو بو سەفارەتی ئیسپانی. لە دەفتەری تەشریفات دا چەند دێرێکی لە ستایشی فرانکودا نوسی بو، وەکو شاسواری ولاتەکەی و، دوستی هەرە نزیکی عەرەب و، شتی لەم بابەتە. لە کاتی ئەم نوسینەدا وینەی صەددامیان گرت بو. روخساری صەددام لە کاتی نوسینەکەدا بە تەنیشت وێنەی فرانکو وە، وەکو ئەوەی پێکەوە بن، دەرچو بو. روژنامەکانی عێراق ئەم وینەیەیان لە لاپەرەی یەکەم دا لە گەڵ تەعلیقەکەی صەددام بلاو کرد بوەوە.

ئیمەش ئەم وێنەیەمان وەرگرت و تەعلیقەکەی صەددامان کرد بە ئینگلیزی و ئەلمانی و، لە ژیر سەرناوی هاوتای «الطیور علی اشکالها تقع» چاپ کردەوە. زور بە بلاوی دابەشمان کرد.

بەیانییەک بانگیان کردم بو وەلامدانەوەی تەلەفون. فەلاح حسەن مەطرود بو. فەلاح موچەخورێکی دیپلومات بو لە سەفارەتی عێراقی. زور بە توڕەییەوە وتی: «تو بە کونسولت نەوت ئیتر هیچ ناکەم، چوی بو کونگرەی خوێندکاران قەیناکا، ئەمە چیە کردوتانە؟ بوچی ناوبانگی ولاتەکەی خوتان خراپ ئەکەن؟» من ئەمزانی مەبەستی چیە بەلام ویستم خومی لی هەلە بکەم. وتم: «من هیچم نەکردوە ناوبانگی ولاتەکەمی پی خراپ بێ. نازانم تو باسی چی ئەکەی؟» دیسان بە توڕەییەوە وتی: «دلنیام ئەزانی باسی چی ئەکەم.. بوچی ئەوەتان لە سەر السید النائب نوسیوە؟». منیش بێئاگایی خومم پیشان دا. ئەو هەر لە سەری رویشت وتی: « کەسیکی کە شتی وا ناکا تو نەبی. من دلنیام ئیشی تویە. قسە بە حکومەت ئەلین، قسە بە حیزب ئەلین، قسە بە هەر کەس ئەلین قەیناکا جگە لەو. بوچی ئیوە دوست و دوژمنی خوتان ناناسن؟ ئەگەر کورد لە عیراق دا یەک دوستی هەبی صەددام حسێنە...» من ئیتر قسەکەم پی بری وتم: «ئەگەر

صەددام حسین دوستی کورد بێ، کورد ئیتر پێویستی بە دوژمن نیە!» کابرای تایمز زیاتر تورە بو وتی: «ئێمەش شت لە سەر جەلال تالەبانی بڵاو ئەکەینەوە. ئەنوسین: جەلال رۆژی عەمیلی ئێران بوە، رۆژی عەمیلی عێراق بوە، رۆژی عەمیلی لیبیا و، رۆژی عەمیلی سوریایە...» خەریک بو گفتوگۆکەمان زیاتر توندوتیژ بێ لە بەر ئەوە ویستم بیبڕمەوە وتم: «بێ مننەت بن چیتان لە دەس دێ بیکەن. حەز ئەکەی کەمێنێ بو دابنێن» تەلەفونەکەم بە رودا داخستەوە.

ئەوسا ئەوقسەیەی ئەم پیاوەم دەربارەی صەددام بە هەند نەگرت.

*

کونگرەی کومەلەی خوێندکاران

سەروک و سکرتێر و زوری ئەندامەکانی «دەستەی بەڕێوەبەری کومەلەی خوێندکاران» ئەندامی پارتی بون. هەندێکیان کاریان بو «دەزگای پاراستن» ئەکرد. ئەمیش وەکو هەمو دەزگاکانی تری سەر بە شورش لە ئەنجامی ئاشبەتاڵ دا توشی ئیفلیجی بو بو. بو ئەوەی لەو حاڵە دەربێ و بکەوێتەوە چالاکی ئەبو «کونگرەی حەڤدەهەم» ببەستێ. لە پێش بەستنی کونگرەکەدا طاریق عەقراوی، سەروکی کومەلە، چو بو ئێران بو ئەوەی دوا ئامۆژگاری لە ماڵی بارزانی وەربگرێ و، لە دەوروبەری کونگرەکەدا گەڕابوەوە.

ئەندامانی خوێندکاران لە هەمو وڵاتەکانەوە بانگ کران بو بەرلینی رۆژئاوا، شوێنی بەستنی کونگرە. رۆژی دەسپێکردنی ٧٥/٨/٢٦ کە ئەندامەکان چو بون بو هۆڵی کۆبونەوە، سەیریان کرد بو وێنەیەکی زور گەورەی مەلا مستەفا بە دیواری سەکوی بەردەمی هۆڵەکەدا هەڵواسراوە، دەستەی بەڕێوەبەر لە بەردەمی دا دانیشتون. ئەمە نارەزاییەکی زوری لە ناو هۆڵەکەدا خولقاند بو. داوا کرا بو وێنەکە دابگرن. ئەوانیش سور بون لە سەر هێشتنەوەی. زوری ئەندامەکان هۆڵەکەیان بە جێ هێشت بو. کونگرەکە تێکچو و، کۆبونەوەکانی دواخرا.

من ئەو رۆژە لەوێ نەبوم چونکە ڤیزای ئەلمانیام درەنگ پێ گەیشت بو. کە من گەیشتم لە پشتی پەردەوە گفتوگوی لایەلا ئەکرا بو دوزینەوەی چارەیەکی مامناوەنجی کە هەمو بەشدارەکان پێ ی رازی بن.

سالانی تر من بو هیچ کونگرەیەکی نەچوبوم. ئەمجارەیان لە بەر ئاستی هەلومەرجی سیاسی لە سەر داوای یەکێتی چوم. مامجەلال و کەمال فوئاد و عومەر شێخموس هات بون.

ئێمە: ئەوانەی یەکێتی، رەشیمان وابو کونگرە بە یەکگرتویی بمێنێتەوە و،

ریبازێکی پێشکەوتنخوازانە بگری و، نوێنەرانی هەر چوار بەشەکەی کوردستانی تی دابی. هیچ بیسانویەکی بەجی مـــان نەشەدی بو تێهکدانی کـــونگرە و، لەتکردنی کـــومەڵەی خـوێندکـاران. بە تایبـەتی نەتوانرا بە هەڵبـژاردنی ئازاد دەسـتـەی بەرێوەبەر لە دەس پارتی دەربهێنری.

هەندی لە کوردەکـانی ئێـران کە سـەر بە حیـزبی دیموکراتی کوردسـتـان بون لەو روەوە زور توندرەو بون. تەنانەت ئەمیـری قـازی، کـە وەکـو دەمـراستی کـوردەکـانی ئێـران ئەدوا، بە راشکاوی ئەیوت: «ئیـمـە ئامـادە نین لە ژێر یەک سـەقف دا لە گـەڵ لایەنگرانی بارزانی دابنیشین. ئەوانە سەر بە ساواکن. هەواڵەکانی ئیمە بە ساواک ئەگەیەنن».

چارەیەکی کاتی دوزرایەوە. دەستەیەکی تیکەڵاو دانرا بو بەرێوە بردنی کونگرە تا هەڵبژاردنی گشتی. چونە هوڵەکەوە. ئەمیر کامەران بەدرخان هات بو ئەوەی وەکو میوانی کـونگرە بەشداری بکا. ئەمیـری قـازی هەسـتـا بە نارەزاییـەوە هەندی قـسـەی کـرد و، وتی کـونگرە پر بوە لە پیـاوی گـومـانلیکراو لە بەرئەوە جێگای ئێـمـەی تی دا نەمـاوەتەوە. لە هولی کـوبونەوە چوە دەرەوە و، کـوردەکـانی ئێـران و، هەندێکی تـورکیـاش بە دوای دا رویشتن. ئیمەش بە ناچاری لە گەڵیان دەرچوین. ئەمیری قازی ئەوەندە باسی ئەوەی ئەکرد کە ئەوان ئامادە نین لە ژێر یەک «سەقف» دا لە گەڵ لایەنگرانی بارزانی دابنیشن ناویان نا بون: «ئاغایانی سەقفی».

ئەم کـونگرەیە، یەکـەمـین روداوی سیـاسی گرنگ بو دوای ئاشبەتاڵ، بەڵام چەند شتیکی بە رونی دەرخست:

– سـەرەرای ئەو مەینەتیـە نەتەوایەتییەی بنەماڵەی بارزانی بە سەر گەلی کوردیان هینا بو، هیشتا ژمارەیەکی زور لایەنگری دلسوزیان هەبو، لە هەمو هەنگاویکی باش و خراپی دا کویرانە دوای ئەکەوتن.

– بارزانی، بە پیـچەوانەی ئەوەی ئیدیعای ئەکرد کە دەوری تەواو بوە، سەرلەنوی کـەوت بوەوە خـو کـوکـردنەوە بو ئەوەی جـاریکی تر دەس بگریتـەوە بە سـەر جـولانەوەی کـوردا. لایەنگرەکـانی خوی هاویشـتـەوە مـەیدان. هەر لەو مـاوەیەدا یەکـەمـین بەیانیـان دەربارەی ئاشبەتاڵ بە ناوی لقی ئەوروپای پارتییەوە بلاو کردەوە.

– بنەمـاڵەی بارزانی تەجـروبەیان لە رابوردو وەرنەگـرت بو، هەمـو جـوری لە «پلورالیزم» یان رەت ئەکردەوە و، وەکو جاران سور بون لە سەر سەپاندنی «سەروکایەتی بارزانی» و «پارتی پیشرەو» بە سەر جولانەوەی کوردا. بو جیبەجی کردنی ئەمەش سلیان لە هیچ جورە «حەرام و حەلاڵ» یکی سیاسی نەئەکردەوە.

ئیمە هەولیکی زورمان دا کومەلەی خویندکاران لەت نەبی، بەلام سەرەنجام بو رازی کردنی کوردەکانی ئیران ئیمەش: لایەنگرانی یەکیتی جیا بوینەوە. کونگرەیەکی جیاوازمان بەست. کومیتەیەکی ئامادە کردنیان دامەزراند. پاش چەند مانگی «کومەلەی خویندکارانی کورد لە دەرەوەی ولات» یان پیک هینا. هەردو کومەلە دەوریکی ئەوتویان نەما لە ئەوروپا. لایەنگرانی دیموکرات وەکو گەرم بون بو لەت کردنی کومەلە، ئەوەندە گەرم نەبون بو یەکگرخستنی کومەلەی نوی و بو بەشداری لە چالاکییەکانی دا.

*

فاروقی مەلا مستەفا، ئاموزای فوئادی مەلا مەحمود و، ئاسیاوی لە میژینەی منیش بو. بە هوی بیروباوەری سیاسییەوە لە گەل یەک کوک و تەبا نەبوین. ئەو لە سەردەمی خویندنی سانەوییەوە لە گەل حشع بو، منیش لە گەل پارتی بوم. لە گەل ئەوەش دا دوستایەتیمان هەر هەبو.

کە حشع بو بە دو بەشەوە و، عەزیز ئەلحاج جیا بوەوە و، «القیادە المرکزیە للحزب الشیوعی العراقی» پیک هینا. فاروق و هەندی لە هاوریکانی دایانە پال عەزیز حاج. دوایی عەزیز گیرا و، خیانەتی لە هاوریکانی کرد و، هاتە سەر تەلەفزیون پەشیمانی لە رابوردوی خوی دەربری. پاشماوەکەی قیادەی مەرکەزی دریژەیان بە کارەکانی خویان دا. ئیبراهیم عەللاوی رابەری کردن. ئیبراهیم چو بوە سوریا و، فاروق مەسئولی بنکە و پیشمەرگە و ریکخستنەکانی کوردستانیان بو لە ناو کیلەکان دائەنیشت.

روژانی ئاشبەتال، ئەمیش لە گەل سەرکردەکانی کومەلە قسەی کرد بو، هاوکاری بکەن بو مانەوە و بەرەنگاری. پاشان بویان دەرکەوت بو ئەم کارەیان پی ناکری، ئەوانیش لە گەل لیشاوی خەلک دا گەرا بونەوە بو عیراق. کاربەدەستان، لەوانە غانم عەبدولجەلیل، لە گەل فاروق و هاوریکانی قسەیان کرد بو: کە حیزبەکەی ئەوانیش لە وەزارەت و بەرەدا بەشداری بکەن. ئەمان خویان لەو مەسەلەیە دزی بوەوە بە بیانوی ئەوەی مەسئولەکانیان لە دەرەوەیە. ریگایان بەو و بە هاوریییەکی تری: عەنفان چلەبران، دابو بچنە دەرەوەی عیراق، بو ئەوەی قسە لە گەل هاوریکانیان بکەن، بە تایبەتی لە گەل ئیبراهیم عەللاوی.

فاروق لە گەشتەکەی دا بو ئەوروپا گەیشتە ڤییەننا. چەند روژی مایەوە. بە تیر و تەسەلی لە سەر هەلومەرجی کوردستان دواین و، من باسی بەرنامەی کاری داهاتوی یەکیتیم بو کرد. لە گەل فوئاد زوری لە گەل خەریک بوین لە ڤییەننا بمینیتەوە و، نەچیتەوە بەر چەقوی بەعس، تا ئیمەش دەس پی ئەکەینەوە، ئەوسا پیکەوە ئەگەریینەوە کوردستان. فاروق ملی نەدا و سور بو لە سەر گەرانەوەی بو عیراق. بیانوەکەشی ئەوە بو،

کە ئیلتیزامی هەیە و، بەڵێنی داوە بە هاوڕێکانی بگەڕێتەوە لایان، ئەگەر نەگەڕێتەوە لەوانەیە بەعس ئازاریان بدات. فاروق تەیتەزانی چارەنوسی چی ئەبی و بەعس چۆن رەفتاری لە گەڵ ئەکا، لە گەڵ ئەوەش دا گەڕایەوە بۆ عیراق. بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی جوامێرانە و ئازایانە بو.

عەللاوی و حیزبەکەی ئەندامی «التجمع الوطنی العراقی» بون. عەللاوی دوای ئاشبەتاڵ رەنی وابو: لە بەر ئەوەی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی لە عیراق دا زەرەری زوری لی کەوتوە و، کادری زوری لە دەس داوە و، لە بەرامبەر داوودەزگای بەعس دا لاواز بوە، هێزە سیاسیەکان بو ئەوەی پارێزگاری رێکخستنەکانیان و کادرەکانیان بکەن بە هیوای هەلێکی لە بار، جاری چالاکی خویان راگرن. ئیبراهیم عەللاوی مالی لە دیمەشقەوە گوێزایەوە بو لەندەن. قیادەی مەرکەزی چالاکی خوی راگرت، حیزبی بەعسیش وازی لی هێنان.

لە شام دەستەیەک لە کادرەکانیان بە مە رازی نەبون. ڕێکخراوێکی نوی یان پێک هێنا و بڵاو کراوەیەکیان بە ناوی «وحدە القاعدە» وە دەر ئەکرد. عادل عبدالمهدی «ابو امل» ڕیبەریی ئەکردن. لەو کوردانەی لە گەڵیان بون: فاضلی مەلا محمود و، سامی شورش.

*

تا ئاشبەتاڵ پەنابەری کوردی عیراق لە ئەوروپا و ئەمەریکا نەبو. یا ئەگەر بویی زور بە دەگمەن بو. کوردەکانی دەرەوە توشی گیروگرفتی پاسپورت و گەڕانەوە و هاتوچو ئەبون. بەلام هەمو گفتوگویەک جوری لە چارەسەر کردنی ئەم کیشانەی بە سەرا ئەهات.

ئاشبەتاڵ مەینەتیەکی نەتەوایەتی گەورەی بە سەر کوردا هێنا. سەدان هەزار کوردی عیراقی دەربەدەر بون. زوریان رویان کردە ئیران. ئیران جیگای کردنەوە بەلام نەیهێشت لە ناوچە کوردنشینەکان دا بمیننەوە. دابەشی کردن بە سەر ئوستانەکانی دەرەوەی کوردستان دا. دوای ماوەیەک هەر کەسێکیش بیتوانیایە ولاتێکی تر بو خوی هەلبژێری رێگایان لی نەئەگرت ماوەیان ئەدا بروات. هەندێ ولاتی ئەورووپی بڕیاریان دا یەکی ۱۰۰ خیزانی کورد بە پەنابەری سیاسی وەربگرن لەوانە: نەمسا، هولەندە، سوید.

نەمسا تەجروبەیەکی زوری هەبو لە مەسەلەی پەنادانی سیاسی دا. دوای روداوەکانی دوبچیک سەدان هەزار چیکوسلوفاکی رویان کرد بوە نەمسا. لە بەهاری ۷٦ دا لە تارانەوە ۱۰۰ کەس، هەندێکیان خیزاندار و هەندێکیان سەلت، لە سەر حسابی نەمسا گوێزرانەوە بو نەمسە. هەمویان لە ئوردوگایەکی پەنابەریی نزیک ڤیەننا دانان.

ئیمەمانان کە خومان پەنابەری سیاسی نەبوین نەمان ئەزانی مافەکانی پەنابەر، بە تایبەتی موچەو خانو... چیە. لەو رووەوە ئیمە نەمانئەتوانی هیچ رینماییەکیان بکەین. خویان بە شێنەیی شارەزای ژیانی پەنابەری بون.

زوری پی نەچو سامی سنجاری هاتە ئەوروپا بو گەشتیکی سیاسی. لەو گەشتەدا سەردانی نەمسای کرد و، سەری پەنابەرەکانیشی دا. پەنابەرەکان ئەوان خویان هەلیان بژارد بون. هەندیکیان ئەندامی کومیتەی ناوەندی «قیادە موقەتە» بون. بەلام کە گەیشتنە ئەوروپا ژمارەیەکی زوری ئەندامەکانیان لیان جیا بونەوە.

زاراوەکانی پەنابردنی سیاسی و هیجرەت هیشتا لە ناو کوردا ئاشنا نەبو. لە ئەدەبی سیاسی کوردی دا بلاو نەبوبوە. دولەتەکانی دەسەلاتداری کوردستانیش ریگای هیجرەتی کوردیان نەئەدا. هەر لە قوتابخانە «ادب المهجر» ی عەرەبەکانی لوبنانمان خویند بو. دوای ئاشبەتال شەپولی پەنابەری سیاسی بو ئەوروپا و ئەمەریکا دەستی پی کرد. راستییەکەی ئەمە «هیجرەت» بو نەک «پەنابردن». زور لەوانەی بە ناوی پەنابەری سیاسی گەیشتنە ئەوروپا و ئەمەریکا، ئەیانئەتوانی لە عیراق بژین بەلام ئەوانە ئەیانەویست لە ولاتیکی ترا، کە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی و روشنبیری... ژیان باشتر و خوشتر بی دابمەزرین، ئەگینا مەترسی راستەقینە لە سەر ژیانیان نەبو، بگرە هەندیکیان فریان بە سەر کاروباری سیاسیەوە نەبو.

نەریتی «چونە دەرەوە» ئیتر لە ناو کوردستانی عیراق دا داهات و بو بە باو.

*

لە نیسانی ٧٦ دا کوبونەوەیەکی دەستەی دامەزرینەرمان لە ڤییەننا کرد. لەم کوبونەوەیەدا: مامجەلال، کەمال فوئاد، عومەر شیخموس، عادل مووراد، فوئاد مەعصوم و، من بەشدار بوین. عەبدوررەزاق نەیتوانی بەشدار بیت.

بو ئەوەی جوری بیرکردنەوەی ئەوسای هەندی لە سەرکردەکانی یەکیتی پیشان بدەم لیرەدا ئەم نمونەیە ئەگیرمەوە:

یەکی لەو باسانەی لەم کوبونەوەیەدا کرا، باسی جولانی دیپلوماسی بو بو تازەکردنەوەی پەیوەندی لە گەل حکومەتان، پارلەمان، حیزبەکان و، دەزگاکانی راگەیاندنی دنیا. هەر لەم بوارەدا پرسیاریان لەمن کرد وەکو نمونە لە نەمسا چی بکری باشە؟ منیش وتم: لە نەمسا دو پارتیی گەورەی لی یە سوسیال دیموکرات و گەل کە ناوبەناو حوکم ئەگرنە دەس. ئیستا سوسیال دیموکرات لە سەرکارن. کرایسکی رابەریانە. گەل ئوپوسیونن. جگە لەمان چەند پارتییەکی تر هەیە لەوان بچوکترن وەکو حیزبی ئازادیخواز

کە تاوانبار ئەکرێن بەوەی کونە نازییەکانی تیا کوبوتەوە. ئەوانیش نوێنەریان لە پارلەمان دا هەیە. پارتی کومونیستی سەر بە یەکێتی سوڤیت و دو ڕێکخراوی پچوکی ماوییەکان و تروتسکییەکانیش هەیە کە نوێنەریان لە پارلەمان دا نیە. ئەمە نەخشەی دابەشبونی سیاسی ئەم ولاتەیە. ئەگەر بمانەوێ جولانی سیاسی دەس پێ بکەین ئەبێ لە پارتی دەسەلاتدارەوە دەس پێ بکەین تا ئەگاتە سەر ئەوانی تر.

دەزگای ڕاگەیاندنی ئەم ولاتەش جگە لە ڕادیو و تەلەفزیون ٣ ڕوژنامەی گەورەیان هەیە: کوریر، کرونین، پریسە...

کەمال فوئاد، کە خوی بە مارکسی ئەشەزانی و ماوەیەکی درێژ لە ئەوروپا ژیا بو، لە ناو سەرکردایەتی یەکێتی یش دا بە «معتدل» دانرا بو، هەلی دایەو، بە زمانە گالتەجارییەکەی خوی کەوتە قسە وتی: «سوسیال دیموکرات» لە یەکەمین جەنگی جیهانییەوە لینین «جەواب» ی داون. «پارتی گەل» سەر بە کارتیل و تریستەکانن. هەر لایەک پیوەندی لە گەل «پارتی ئازادیخوازەکان» بکا ئابروی ئەچێ. «پارتی کومونیست» تا لە سوڤیتەوە فەرمانی بو دەرنەچێ قسەشیان لە گەل بکەین کەلکی نیە. «ماوییەکان» و «تروتسکییەکان» یش وەکو شێخ ڕەزا ئەلێ: «ئەولادی ئەم عەسرەن» کەلکی هیچیان پێوە نیە».

بەمجورە بە کورتی هەموانی فت کرد.

منیش وتم: «ئەگەر وابێ لە نەمسا کەس نامێنێتەوە قسەیان لە گەل بکەین پیرێژن و سەگەکانیان نەبێ». نەمسا بە هوی ئەوەی لە دوەمین جەنگی جیهانیی دا ژمارەیەکی زور لە پیاوەکانی کوژرا بو، ڕادەی پیرێژن زور زیاتر بو لە پیرەمێرد.

لەو سەفەرەدا مامجەلال ژمارەیەکی باش لە کاربەدەست و سیاسی و ڕوژنامەوانی نەمسایی بینی. ڕادیو و تەلەفزیون گفتوگوی کورتیان لە گەل مامجەلال بلاو کردەوە، ڕوژنامەکانیش هەندی ستونیان دەربارەی قسەکانی نوسی. هەروەها لە گەل سامی و هەندی لە بەرپرسەکانی ق م دانیشت بو ئاساییکردنەوەی نێوانی ق م و یەکێتی. بەلام کوبونەوەکە هیچی لێ سەوز نەبو.

*

ئەو شوێنەی من لێ ی ئەژیام جگە لەوەی «خانوی خوێندکاران» بو ئوتێلێکی پچکولەشی هەبو بو خزم و میوانی خوێندکارەکان. جەماعەت لەوێ دابەزی بون. کوبونەوەکانمان لە جێگایەکی تر ئەکرد. دوستێکی ئێرانی فلاتەکەی خوی بو چول کرد بوین. لە گەرمەی قسەکردن دا بوین، یەکێ لە زەنگی مالەکەی دا. دەرگامان کردەوە

کچیک بو وتی: «من دانیشتوی ئەو فلاتەی تەنیشت ئیرم. خوێندکاری زانستگای پزیشکیم. خەریکی دەرس خوێندنم. چەند ڕۆژێکی تر تاقیکردنەوەیەکی گرنگم هەیە. دەنگتان زۆر بەرزە. تکایە بە دەنگی نزم بدوێن». وتمان: باشە. دریژەمان بە کۆبونەوەکان دا. پاش ماوەیەکی تر تەلەفونی بو کردین دیسان داوای لی کردین بە دەنگی نزم قسە بکەین. وا دیار بو ئیمە ڕاهاتبوین بە دەنگی بەرز قسە بکەین داواکانی کچی تایەن کەلکی نەبو. دواجار هاتەوە سەرمان وتی: «ئەگەر بیدەنگ نەبن تەلەفون بو پولیس ئەکەم تەلیم تاقمی تیروریست لە فلاتەکەی تەنیشتا من خەریکی دانانی پلانی کاریکی تیروریستین!»

ئیوارەیەکیان لە گەل د. فوئاد چوین بو گەران. لەو کاتەدا تازە فلیمی بە ناوبانگی «ئەمانوێل» لە سینەماکان پیشان ئەدرا. پیکەوە چوین بو سەیری ئەم فلیمە. لە سالونی بلیت برین دا بە ڕیکەوت توشی کونسولی عیراق بوین. ئەویش ئەچو بو سەیری هەمان فلیم. چاکوچونی لە گەل من کرد ئەیزانی جمعیەت لە ڤییەننان. پرسی: «ئەوە مامجەلالە لە گەلت؟». وتم: «نەخیر». وتی: «کەواتە د. فوئادە». وا دیار بو بە قەلەوی دا ناسیبوەوە.

*

د. کمال خوشناو لە «بەلگراد» ی پایتەختی «یوگوسلاڤیا» وە تەلەفونی بو کردم کە هاتوتە دەرەوە و، ئەیەوی من ببینی. حەزم کرد بیتە ڤییەننا نەیئەتوانی. لە بەر ئەوە من چوم بو لای. کە زانستگای سلیمانی کرابوەوە د. کمال خوشناو لەوی دامەزرا. پیشتر ناسیاویمان هەبو بەلام کە هاتە سلیمانی دوستایەتیەکمان بە هیزتر بو. لە یەکگرتنەوەی هەردو بالەکەی پارتی دا بو بە ئەندامی لقی سلیمانی و، لە گەل هەلگیرسانەوەی شەردا چوە ریزی پیشمەرگەوە.

عیراق بو هاندانی زاناکان یا وەکو خوی پی ی ئەوتن: «اصحاب الکفائات» ی عیراق هەندی «ئیمتیازی» تەرخان کرد بو. یەکی لەو ئیمتیازانە ئەوەبو ڕیگای ئەدان لە ئەورووپا ئوتوموبیل و کەلوپەلی ناومال بکرن و بی گومرگ بیهینەوە بو عیراق. د. کمال خوشناو کە زەمانیک «عەمید» ی کاروباری خوێندکاران بو لە زانستگای سلیمانی ئەیتوانی کەلک لەم ئیمتیازە وەربگری. بەو بیانوەوە هات بوە دەرەوە. لە کوردستان قسەی لە گەل کاک شەهاب کرد بو. کاک شەهاب پیی وت بو لە دەرەوە قسە لە گەل ئیمە بکات و هەر ڕیوشوینیکمان پیشان دا بە قسەمان بکا.

لە ڕوژانی ئاشبەتال دا کە هیرشی جەیش بو سەر ناوچەی سەیدصادق دەستی پی

کرد، کاک کەمال ئەندامی لقی سلیمانی پارتی بو، پیش دەسپیکردنی هیرشەکە، لە گەڵ فەتاح ئاغا و، کومەلیکی تر لە مەسئولەکانی شورش چو بون بو ئەو ناوچەیە. هیرشەکە گەیشتە سەریان. حەمەی سەید علی حافظ، یەکی لە فەرماندەکانی هیزەکە، بو ئەوەی بە زیندویەتی نەکەویتە بەردەستی دوژمن خوی کوشت و، ئەوانی تر بە نارەحەتییەکی زور لە گەماروی جەیش دەرباز بون. کەمال لەم شەرەدا قاچی بریندار بو بو. کە هاتە بەلگراد هیشتا بە تەواوی چاک نەبوبوەوە و ئەشەلی.

چوم بو بەلگراد. لە گەڵ د. کەمال یەکمان گرتەوە و چەند روژی پیکەوە بوین. گفتوگوی تەواومان کرد. پیشتر من لە گەڵ هەندی لە ئەندامانی دەستەی دامەزرینەر قسەم کرد بو کە چی بکات، بگەریتەوە یا بمینیتەوە؟ ئەگەر بمینیتەوە چی بکات؟ رشیان وابو: نەگەریتەوە بو عیراق. هەول بدا جاری لە دەرەوە بمینیتەوە. ئەگەر بتوانی بو دابینکردنی ژیانی کاریک بدوزیتەوە، تا بزانین روداوەکان بەرەو کوی ئەرون.

د. کەمال نەگەرایەوە بو عیراق. خویندنی کشتوکالی لە زانستگای بەغداد و خویندنی دکتورای لە یوگوسلاڤیا تەواو کرد بو. کاری لە لای کومپانیەکی یوگوسلاڤی دوزیەوە. کارەکەی لە لیبیا بو. د. کەمال چوە سەر کارەکەی لە لیبیا تا کاتی داوا کرا بو سوریا و دوایی بو کوردستان.

هەر لەم سەفەرەدا بە هەلم زانی بو پیکهینانی ریکخراوەکانی یەکیتی لە ناو خویندکارە کوردەکان دا سەردانی زوری کومارەکانی یوگوسلاڤیام کرد، لە «زەگریب» ەوە دەستم پی کرد، تا «سکوپیا» ی پایتەختی «مەکەدونیا».

*

پیش ئەوەی ڤییەننا بە جی بهیلم بو خواحافیزی سەردانی هەندی ماموستا و ناسیاوم کرد. لە ناو ئەوانەدا «هیلموت کرامەر». پیم وت: «هاتوم بو خواحافیزی. ئەگەریمەوە بو کوردستان». وتی: «بوچی ئەگەریتەوە؟». وتم: «ئەچین شورش هەلئەگیرسینینەوە». سەیری بە قسەکەم هات. دەستی برد بو لای لاجانگی و پەنجەکانی بادا. ئەمە نیشانەی تیکچون و شیتی بو. وتم: «نا من تیک نەچوم بەلام ئیمە سەر بە دو جیهانی جیاوازین لە یەکتری تی ناگەین. لای ئیوە ئازادی ئەوەندە زورە گەیشتوتە رادەی داوشین «دیکلیناسیون: انحطاط»، کەچی لای ئیمە هیچ جورە ئازادیەک نیە. لای ئیوە پارە ئەوەندە زورە گەیشتوتە رادەی ئاوسان «ئینفلاسیون: تضخم» کەچی لای ئیمە پارە نیە. لای ئیوە پیشەسازی ئەوەندە زورە گەیشتوتە رادەی پیسبونی ژینگە «پولیوشن: تلوث البیئە» کەچی لای ئیمە هیشتا پیشەسازی نیە. لە بەر ئەوە زەحمەتە لە من تی

بکەی». ئیتر خواحافیزیم لی کرد. تا ئیستاش دلنیا نیم لەوەی: بۆچوونەکەی ئەو راست بو کە منی بە گەوج ئەزانی، یان کارەکەی من کە چوم بو بەشداری لە دەسپیکردنەوەی شورش دا.

*

شام: مەکۆی خۆسازدان

*

رۆژی ۷۵/۱۲/۱۳ بو یەکەمین جار لە ڤییەنناوە بە فڕوکە چوم بو دیمەشق. دەستەی دامەزرێنەر، جگە لە عومەرشێخموس کە کوردی سوریا بو تەیشتوانی ئامادە بی، ئەندامەکانی تر: مامجەلال، د. فوئاد مەعصوم، د. کەمال فوئاد، عادل موراد، عەبدوڕەزاق میرزا و، من، هەمو لە دیمەشق خڕ بویونەوە.

مونذیر نەقشبەندی هاوڕێ ی عادل موراد بو ئەویش لە تارانەوە هات بو، عەلی سنجاریش لە شام نیشتەجی بو بو، هەردوکیان بە تەما بون ببنە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر.

جگە لە مان، لەو ماوەیەدا چەندین کوردی عیراقی گەیشت بونە سوریا:

سەلامی مەلا ئەحمەد، عارف شێخ کەریم، ئەنوەر شاکەلی، ئیبراهیم عەزو، ئیبراهیم عەبد عەلی، ئەندامی کومەلە بون، دوای دەس پی کردنی هێرشی گرتنی ئەندامانی کومەلە لە عیراقەوە هات بون.

حسەین خوشناو، سەید کەریم کەریم، جەمال ئەحمەد بەنا، عەبدوللا خوشناو، وەلید نەقشبەندی، فوئاد عومەر، قەرەنی جەمیل، عومەر عوسمان (زەعیم عەلی)، سەردار ئەبوبەکر، عەلی مستەفا، راشید عەزیز، ئەنوەری ئەمین مەیسری.. ئەفسەر بون و، حسەین بابەشێخ، بوزی، مستەفا خوخی، حسەن نەرمو، عەباس شەبەک، سامان گەرمیانی، عادل شوکر، داود محەممەد عەلی... لە ئیرانەوە هات بون.

ئەمانە و، زوری تریش، بە ڕێگای جیاجیا گەیشت بونە سوریا. هەندێک بە پاسپورتی عیراقی و، هەندێک بە «پەروانەی عوبور» ی ئیرانی و، هەندی بە پێ، بەلام هەمو لە دەوری یەکێتی کوبویونەوە، هەندێکیان لە قامیشلی بون و، هەندێکیان لە دیمەشق. هەمویان هات بون، بە قسەی خویان، بە نیازی بەشداری کردن لە دەسپێکردنەوەی شورش دا.

کوبونەوەکان تەواو بون. ئەو مەسەلانەی پێویست بون باس کران و، ڕێوشوێنی کاری داهاتو دانرا. هێشتا کاتی گەڕانەوەی نیشتمان نەهات بو، منیش هێشتا هەندی وردە کارم لە ڤییەننا مابو. دوای ئەوەی لە گەل هەمو ئەوانەی لە سوریا کوبویونەوە ئاشنایەتی و ئاسیاویم پەیدا کرد، پاش چەند حەفتەیەک گەڕامەوە ڤییەننا، بە هیوای ئەوەی لە

ماوەیەکی کورت دا دیسان بیمەوە شام.

*

دوای ئەو شالاوەی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس بو سەر ریکخستنەکانی کومەلەی کرد، ریزەکانی پشیوییەکی زوریان تی کەوت بو. سەرکردایەتی و، کومیتەی ریکخستنی شارەکانی نەما بو. بەلام هەندی لە کادر و ئەندامەکانی بەر دەس نەکەوت بون خویان شارد بوەوە و، هەندیکیشی هەر ئاشکرا نەبو بون.

هەندی لەو ئەندام و کادرانەی لەم شالاوە دەرباز بوبون، هەولیان دا ریکخستنەکە بگرنەوە، بەلام هەندی لەوانەش گیران و، کارەکەیان سەری نەگرت.

شاسوار جەلال، کە دوایی بە «کاک ئارام» ناوی دەرکرد، لەوانە بو بەر دەس نەکەوت بو، خوی شارد بوەوە. شاسوار لە سەرەتاوە یەکی بو لە ئەندامە چالاکەکانی کومەلە و، شارەزای ریکخستن و، زوری ئەندامەکانی بو، هەر زو هەولیکی زوری دا بو گرتنەوەی پاشماوەی ریکخستنەکە و، ریکخستنەوەی. ئەوسا ریکخستنی کومەلە هەر پاریزگایەکی بە هەریمیک دانا بو. لە هەر پاریزگایەک یەکیکی دیاری کرد بو، لەوانە: سالار (نەجمەدین عەزیز) لە سلیمانی، عادل (ئازاد هەورامی) لە کەرکوک، مەلا بەختیار (حیکمەت محەممەد کەریم) لە خانەقین، عەبدوررەزاق لە هەولیر. پیکەوە کومیتەیەکیان پیک هینا بو بو سەرکردایەتی کومەلە و ناویان نا بو: «کومیتەی هەریمەکان». عەبدوررەزاق پاش ماوەیەک لە گەلیان تیک چو بو، هاوکاری لە گەل نەکرد بون، بەلام سەرپەرشتی ئەو ریکخراوانەی کرد بو کە ناسی بونی.

ئەم کومیتەیە چەند کاریکی گرنگیان ئەنجام دا:

١. ئەندامەکانی کومەلەیان ریک خستەوە، لە گەل زوری ئەوانەی خویان شارد بوەوە و، ئەوانەی ئاشکرا نەبوبون، پەیوەندییان دروست کرد و، هەمو ئەو شانە و خەتانەیان پیکەوە گری دایەوە کە ما بون و، کومیتەیان لە شارەکان دا دامەزراندەوە و، کەوتنە راکیشانی تیکوشەرانی تازە.

٢. پەیوەندییان لە گەل چەندین ئەفسەری شورشگیر و کادری پیشمەرگایەتی دروست کرد و، داوایان لی کرد بون خویان ئامادە بکەن بو چونە شاخ.

٣. پەیوەندییان لە گەل دەستەی دامەزرینەری یەکیتی لە دەرەوە بە تایبەتی لە گەل مامجەلال دروست کرد.

جگە لە ئەندامانی کومیتەی هەریمەکان، چەند کەسیکی تریش هاوکاری زور و کاریگەریان کرد بون بو بەجیهینانی ئەرکەکانیان، لەوانە: جەمال علی مەعروف

«جەمالەرەش»، جەمال تایەر، شازاد صائیب، ئیبراهیم ئەحمەد، عەزیز محمود...

جەمال عەلی عارف (جەمالە رەش) و، ئیبراهیم ئەحمەد هەر یەکەی جاریک هاتن بۆ سوریا نامەی کومەلەیان هینا و، عوسمانی مام برایم چەند جاری هات بۆ عەممان.

*

سوریا و عیراق ئەگەرچی هەردوکیان لە ژیر دەسەلاتی حیزبی بەعس دا بون، بەلام هەر لە سەرەتاوە ناکوک، بەلکو بە خوینی سەری یەکتری تینو بون.

هەندی لەو عیراقیانەی چوبونە سوریا ریکخراویکی «بەرەیی»ان دامەزراند بۆ بە ناوی «التجمع الوطنی العراقی: توع».

ئەو حیزب و ریکخراوانەی لە «توع» دا کو بوبونەوە بریتی بون لە مانە:

- حزب البعث العربی الاشتراکی - قیادە قطر العراق. احمد العزاوی و باقر یاسین
- الحرکە العربیە الاشتراکیە.

عبدالالە النصراوی، جواد الدوش، عونی قلمچی.

- الحزب الشیوعی العراقی (القیادە المرکزیە)

ابراهیم علاوی

- الحزب الاشتراکی

رشید محسن، مبدر الویس.

- موتمر القومیین

ایاد سعید ثابت

هیچ ریکخراویکی کوردی لە توع دا نەبو. لە پیش ئاشبەتال دا، توع لە گەل بارزانی و سەرکردایەتی پارتی نیوانی باش بو، بەلام پارتی تیکەلاوی نەبوبو. رەنگە هوی یەکەمی ئەوە بوبی کە توع چەپ و عەرەبپەرست و دوژمنی ئیسرائیل و ئەمەریکا بو. ئەوەش لە گەل تیکەیشتنی بارزانی نەئەگونجا. هوی دوەمیشی رەنگە ئەوە بوبی، بارزانی و پارتی خویان لە توع زور بە زلتر ئەزانی. ئەوان حوکمرانی ناوچەیەکی فراوان و، خاوەنی لەشکریکی گەورە بون، لە کاتیک دا توع پەنابەر بون لە ولاتیکی تر.

یەکیتی دوای ئەوەی سوریای کرد بە مەلبەندی سەرکردایەتی خوی ئەبو هەلویستی خوی لە توع رون بکاتەوە. سوریا بۆ یەکیتی پیویست بو. مانەوەی یەکیتی لە سوریا و، راپەراندنی کارەکانی، وەکو مامجەلال ئەیوت: بەند بو لە سەر ئەوەی یەکیتی ببیتە ئەندامی «توع». بەلام ئەندامیتی یەکیتی لە توع دا، یەکیتی ئەخستە ژیر باری چەند

ئیلتیزامیکی سیاسی گرانەوە، لەوانە:
١. ئەبو شورشی کورد بەشی بی لە شورشی عیراق و، دروشمەکانی شورشیکی عیراقی بەرز بکاتەوە و، یەکیتی لە ژیر ئالای توع دا شورش بکا.
٢. ئەبو یەکیتی روخاندنی ریژیم بکاتە ئامانج و دروشمی سەرەکی خوی.
٣. ئەبو یەکیتی تا روخاندنی رژیمی عیراقی دریژە بە خەبات بدا و، هیچ جورە سازین و چارەیەکی مامناوەنجی قبول نەکا.
لە کوبونەوەیەکی «دەستەی دامەزرینەر» دا ئەم باسە خرایە بەر لیکولینەوە و هەلسەنگاندن و دەنگدان. عادل موراد و من دەنگمان نەدا بو ئەندامەتی توع. من رەئیم وابو: یەکیتی نەچیتە ژیر باری هیچ ئیلتیزامیکی سیاسیەوە و، خوی نەبەستیتەوە بە هیچ ریکخراویکی ترەوە، بو ئەوەی ئازادی جولانی هەبی. بە زورایەتی دەنگی دەستەی دامەزرینەر یەکیتی بریاری دا ببی بە ئەندامی توع. لە گەل توع کەوتە گفتوگو، زور مسەلەی گرنگی پی سەلماند:
- پروگرامی توع دەستکاری کرا، مافەکانی کورد رونتر و فراوانتر خرایە ناوی.
- توع بەلینی دا کە ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی بو شورشی کورد دابین بکەن و، شورشەکە گەشە پی بدەن بو شورشیکی عیراقی لە روی: سەرکردایەتی و بەشداری و مەیدانی کارەوە.
- توع بەلینی دا کە هاوزەمان لە گەل دەسپیکردنەوەی خەباتی چەکداردا لە کوردستان ئەوانیش لە ناوەراست و خواروی عیراق دا چالاکی شورشگیرانە دەس پی بکەن.
بارەگاکەی توع لە نزیک «الجسر الابیض» بو بو بە شوینی کوبونەوەی عیراقیەکان. بە روژ لەوی یەکتریان ئەدی و قسە و باسیان ئەکرد. سەرکردەکانی بەعس لە بارەگای قیادەی قەومی دەوامیان ئەکرد، هاتوچوی توع یان نەئەکرد. سەرکردەی هەندی لە حیزبەکانی تر وەکو: رشید محسن، مهدی الویس (ابو عروبە) لە قاهیرە بون، چاروبار ئەهاتن بو دیمەشق. ئەوەی بە زوری لەوی دەوامی ئەکرد: جواد الدوش (ابو شوقی) و، عونی قلمچی (ابو عمر) بون.

*

راپورتی پایک

ئوتیس پایک نوینەری نیویورک بو لە کونگریسی ئەمریکادا. کرا بە سەروکی کومیتەیەک بو لیکولینەوە لە جموجولە نهینیەکانی «سیا». لە بەر ئەوە کومیتەکە و راپورتەکەی ئامادەیان کرد بو بە ناوی «پایک» ەوە ناویان دەرکردوە.

ئەم کومیتەیە لە ۳ مەسەلەیان کولی بوەوە یەکێکیان پیوەندی ئەمەریکا و کورد بو. روژی ٧٦/١/١٩ راپورتەکەیان دا بە کونگرێس. چەند نهێنییەکیان ئاشکرا کرد بو، بلاوکردنەوەی بو ناوبانگی ئەمەریکا خراپ بو، لە بەر ئەوە سیا و بەریوەبەرایەتی ئەمەریکی، تەنانەت سەروک فورد، هەولیکی زوریان دا بو هیشتنەوەی بە نهێنی، بەلام دانەیەکی ئەم راپورتە گەیشتە دەس روژنامەوانەکانی گوڤاری «دەنگی لادی: ڤیلیج ڤویس» و، لە ٧٦/٢/٢٣ دا بلاوی کردەوە.

ئەم راپورتە میژوی پەیوەندی بارزانی - ئەمەریکا لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا کاتی ئاشبەتال ئەگیریتەوە. ئەمەریکیەکان مەسەلەی کوردیان بە «کارتی یاری» ناوبردوە. راپورتەکە ئەیگیریتەوە چون ئەم کارتەیان بە کارهیناوە بو تەنگاو کردنی عیراق، کاتی عیراق دوژمنایەتی ئیرانی شای ئەکرد و، کاتی عیراق دژی لیک جیا کردنەوەی هیزەکانی عەرەب و ئیسرائیل بو، وە چون ئەم کارتەیان لە کار خست بو ئەوەی عیراق دەستی بەتال بی بو دوژمنایەتی سوریا، چونکە سوریا لەو کاتەدا دژی رەوتی ئاشتی بو لە گەل ئیسرائیل.

ئەم راپورتە لە دنیادا دەنگی دایەوە. یەکیتی کاتی خوی دانەیەکی دەس کەوت، وەریگیرایە سەر عەرەبی و، لە «الشرارە» دا وتاریکی لە سەر نوسی. بەلام هەیکەل لە وتارەکانی دا چەند جاری باسی کرد وەکو نمونەیەک لە سەر جوری کاری کیسینگەر لە بەریوەبردنی ململانی دا. هەروەها (ل١٣٦ - ١٤١) ی کتیبەکەی : «والحل والحرب» ی بو ئەم باسە تەرخان کردوە و، نوقتە سەرەکییەکانی بە وردی وەرگرتوە.

کاتیک گلەیی لە کیسینگەر کرا لە سەر ئەم رەفتارەی لە گەل کورد وتی: «سەودای ژیربەژیر کاری تەبشیری نیە». مەبەستی ئەوە بو لە پیلانگیران و کاری جاسوسی دا گوی نادریتە بەهاکانی رەوشت و دین.

*

دوای ئەوەی لە هەلبژاردنی گشتی دا لە تورکیا «جمهوریەت خلق پارتی سی» بە ریبەری «بولەند ئەجەویت» هاتە سەر کار، «لیبوردنی گشتی» بو هەمو بەند و هەلاتوە سیاسیەکان دەرکرد. گیراوەکانی کورد بەربون و، ئەوانەی لە دەرەوە بون گەرانەوە تورکیا. جوری لە ئازادی سیاسی لە سەرانسەری تورکیادا بلاو بوەوە. جولانەوەی نەتەوەیی کورد بوژایەوە و، گەشەکردنیکی گەورەی بە خویەوە بینی. نەخشەی سیاسی ناو کوردستانی تورکیا لەو کاتەدا بەمجورە بو:

- کادرەکانی حیزبەکەی د. شڤان سەرلەنوی حیزبەکەیان بە ناوی «پارتی

دیموکراتی کوردستان له تورکیا» ریک خستهوه، بو داپوشینی چالاکی حیزبهکهیان ریکخراویکی قانونیشیان به ناوی: «د د ک د» دامهزراند. ئهم ریکخراوه له سهرانسهری کوردستان دا پهرهی سهند و، لقی یانهی قانونیی دامهزراند. عهلی چهتین، ئهحمهد قارلی، نهجمهدین بیوک قهیا، عهلی شیر، عهبدولحافظ، موحتهرهم، سهعید، محهممهد عهلی، زهروک.. له سهرکرده چالاکهکانیان بون.

ئهم حیزبه، به قسهی خوی، پارتی پیشرهوی مارکسی - لینینی دائهمهزراند و، خوی ئاماده ئهکرد له دواروژدا شورش له کوردستانی تورکیا بهرپا بکا. له ناو لاوان و روشنبیرانی چهپی ناوشارهکان دا نفوزی پهیدا کرد بو.

- کادرهکانی حیزبهکهی سهعید ئالچی یش سهر لهنوی حیزبهکهیان به ناوی: «پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا» ریک خستهوه و، له ناو روشنبیرانی گونهپاریزی شارهکان و سهرانی عهشائیر دا، نفوزی پهیدا کرد. دهرویشی سهعدو و، عهلی دیلهر له سهرکرده چالاکهکانیان بون.

- بنکهیهکی بلاوکردنهوه به ناوی «کومال» دامهزرا و، گوڤاری «رزگاری» به تورکی بلاو ئهکردهوه. ئهم گوڤارهش ههندی روشنبیر و لاوی لی کوبوهوه و، ریکخراویکیان به ناوی رزگاری دامهزراند. مومتاز قوتان و، خهدیجه پهشار له چالاکهکانیان بون.

- بنکهیهکی تری بلاوکردنهوه گوڤاری تورکی «توزگورلک یولو: ریگای ئازادی» بلاو کردهوه ئهمیش ههندی روشنبیر و لاوی شارهکانی لی کوبوهوه و، ریکخراویکیان پیک هینا. دوایی بو به ناوکی «پارتی سوسیالیستی کوردستانی تورکیا». ئهم ریکخراوه زور به توندی لایهنگری یهکیتیی سوڤیت بو. کمال بورقای ریبهریان بو.

- چهند کهسیکی تر بنکهیهکی تریان دامهزراند به ناوی «کاوه». ئهمیش بو به تاقمیکی سیاسی.

جگه لهم ریکخراوه نهینیه ناقانونیانه، ههمو حیزبه گهورهکانی تورکیا وهکو: «جمهوریهت خهلق پارتی سی» به ریبهری بولهند ئهجهوید. «عهدالهت پارتی سی» به ریبهری سولهیمان دهمیرهل. «میللی سهلامهت پارتی سی» به ریبهری نهجمهدین ئهربهقان. تهنانهت حیزبه نهتهوهییه فاشیستهکهی: «میللهتچی حهرهکهت پارتی سی» به ریبهری تورکهش، له کوردستان دا جموجولیکی زور و، ئهندام و لایهنگری زوریان ههبو.

که یهکیتی دامهزرا، ههولیکی زوری زوبهزوی دا بو دامهزراندنی پهناغهی دوستایهتی له گهل ههمو ئهو ریکخراوانه. یهکیتی ریکخراویکی تازه و نهناسراو بو له

کوردستانی تورکیا. مامجەلال ناسراو بو، ئەویش بە هوی پروپاگاندەی پارتیەوە ناوی زور بە خراپی رویشت بو. هەر لە سەرەتاوە هەندی لەم ریکخراونە بە هوی ناوی مامجەلالەوە لە یەکیتی کەوتنە سلەمینەوە.

کە ق م دامەزرا، کوردستانی تورکیای کرد بە مەیدانی سەرەکی چالاکییەکانی خوی و، هەندی لە بەرپرس و کادرەکانی خوی ناردە ئەوی. زور بە زویی دوستایەتی خوی لە گەل دوستەکانی تازە کردەوە. حیزبەکەی دەرویشی سەعدو و عەلی دینلەر وەکو لقی ق م لە تورکیا کەوتە گەر. هەمو چالاکیەکانی خوی تەرخان کرد بو دوژمنایەتی یەکیتی. بە «تایپ و رونیو» بلاوکراوەیەکی تورکییان بە ناوی: «خەبات» دەرئەکرد، هەمو بابەتەکانی جنیو بو بە مامجەلال و هیرش بو بو سەر یەکیتی. یەکیتی یان بە «جاشی ۷٦» ناو ئەبرد. سەرانی عشیرەتەکانی سنوریان لە یەکیتی تیژ کرد بو.

د. شڤان، ئەو کاتەی لە ناوچەی زاخو ژیا بو، هەندی وتار و بابەتی لە سەر کوردستانی عیراق نوسی بو، بو رازی کردنی بارزانی و پارتی، زور بە توندی هیرشی کرد بوە سەر مامجەلال و بە خیانەت تاوانباری کرد بو، لەم ماوەیەدا رزگاری ئەو وتارانەی شڤانی سەرلەنوی بلاو کردەوە.

حیزبیکی ماوی لە تورکیا دامەزرا بو، روژنامەی «ئایدنلک» یان دەر ئەکرد. ئەم روژنامەیە زور جار وتاری خراپی لە سەر یەکیتی ئەنوسی و، یەکیتی بە نوکەری سوڤیت دائەنا. لە وتارەکانی دا جوری لە جاسوسی بو حکومەتی تورکیا ئەکرد. ریگاکانی هاتوچوی کادرەکانی یەکیتی و، شوینی مانەوەیان و، ناوی دوستەکانی ئاشکرا ئەکرد.

یەکیتی، لە ناو ریکخراوەکانی تورکیادا، بە تەنیا لە گەل «پ د ک ت - بالی شڤان» توانی دوستایەتی دابمەزرینی. ئەمەش چەند هویەکی هەبو:

١. بارزانی، «د. شڤان»، ریبەری حیزبەکەیان و، دو لە کادرەکانی سەرکردایەتی: «بروسک» و «چەکو» ی بە تاوانی کوشتنی «سەعید ئیلچی» ، ریبەری بالەکەی تری «پ د ک ت» کوشت بو. بنکەکانی کوردستانی عیراقیان داخست بون. کادر و ئەندامەکانیان توشی گرتن و راو نان و سەرگەردانی بو بون. بەم هویەوە حەزیان لە چارەی بارزانی نەبو.

٢. لە شەرەکانی ۷٤ دا بارزانی پشتیوانی سوڤیتی و، حیزبە شیوعیەکانی دنیای لە دەس دابو. دوای ئاشبەتالیش پەنای بو ئیران برد بو، دوایش چو بوە ئەمریکا. بارزانی بە کونەپەرست و دوستی ئەمریکا ناسرا بو، لە کاتیک دا یەکیتی بە چەپ و دوستی سوڤیت.

٣. یەکیتی یارمەتی زوری ئەم حیزبەی ئەدا. ژمارەیەکی زور چەکی دایە.

چەردەیەک پارەی بۆ ژیانی کـادروەکـانی و چالاکی حـیـزبەکـەیان تەرخـان کـرد بوو. بە ریکخراوە فەلەستینیـیەکانی ناساند، کە ئەوسا لە لای جولانەوەکانی چەپی تورکیا وەکو قیبلەی موسولمانەکان سەیر ئەکران.

د د ک د کە چەتری قانونیی ئەم حیزبە بوو زور بە خیرایی پەرەی سەند، بەلام لە ناو گوندەکان و، سەرانی عـەشیرەتەکان دا دەسەلات و نفوزیکی ئەوتوی نەبوو، بە تایبەتی لەو ناوچانەدا کە یەکیتی پیویستی پی ی هەبوو.

د د ک د زوری پی ناخـوش بوو یەکـیـتی لە گـەل هیچ ریکخـراویکی تر و هیچ لایەن و کەسایەتییـەکی تر پەیوەندی دابمەزرینی، بەلکو هەندی جار هەرەشەیان ئەکرد کە ئەگەر یەکـیـتی کاری وا بکا، ئەوا ئەوان «دانوستـان» ی خـویان لە گەل یەکـیـتی «قـوت» ئەکەن!

لە گـەل ئەوەش دا هەولی زور درا بو ئەوەی لە گـەل هەمـوویان پـیـوەندی باش دابمەزرینی، تەنانەت دەرویشی سەعدو «دەعوەت» کرا بو سوریا و، زوری قسە لە گەل کرا بی سود بوو. لە گەل کەمال بورقای کە ئەو زەمانە لە ئەنقەرە بو پەیوەندیمان کرد. منیش لە گـەرانەوەم دا چوم بو لای و، مـامـجـەلالیش لە گـەرانەوەی دا سـەردانی کـرد. «پارتی سوسیالیست» ئەوسا لاواز بوو، لە ناو دیهات دا نفوزی نەبوو.

لە ناو یەکیتی دا ئیمە لامان وابوو:

١. گرنگیی کوردستانی تورکیا بو کورد وەکو گرنگیی میصر وایە بو عەرەب.

٢. ئەو هەلسانەوەیەی لە کوردستانی تورکیا دەستی پی کردوە ئەبی پشتیوانی بی قەیدوشەرت بکری بی ئەوەی گوی بدریتە ئەوەی ئەوان هەلویستییان لە یەکیتی چیە و چونە.

٣. ئەبی جولانەوەی سیاسی کوردستانی تورکیا بە بی دەستیوەردان و کویخایەتی گەشە بکات.

لە بەر ئەوە بە هیچ جوری یەکیتی خوی لە کاروباری سیاسی کوردستانی تورکیا هەلنەئەقورتاند، تەنانەت دژایەتی ئەوحیزبانەشی نەئەکرد کە دژایەتی یەکیتییان ئەکرد و، ئامادە بو یارمەتییان پیشکەش بکا.

*

کاری فیکری

بو یەکیتی کاری راگەیاندن و فیکری شتیکی گرنگ بو چونکە ریکخراویکی تازە دامەزراو بوو، رابردوی دور و ناسراوی نەبوو، جەماوەری خوی هەبی لی ی کو بیتەوە. ئەوەی

ئەندامـانی یەکـیـتی بە یەکـەوە ئەبەسـتـەوە: کـوردایەتی، بیـروباوەری پێـشکەوتنخـوازی، هەلگیرساندنەوەی شۆرش، بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد بو... ئەمانە بیری بەرز و پاک بون، تیکوشەرانی کورد خۆیان لە پیناوادا بەخت ئەکرد.

یەکـەمین بەیاننامـەی یەکـیتی، ئەوەبو بە بونەی دامەزراندنی یەکـیـتـیـەوە لە ٧٥/٥/٢٢ دا لە شـام و، لە ٧٥/٦/١ دا لە ئەوروپا بلاو کرایەوە. ئەم بەیانە لە رادیوی دیمەشقـەوە خوێندرا بوەوە. لە کوردستان دا بە چاکی دەنگی دا بوەوە. پیش ئەوەی هیچ ئەندام و کادری لە کوردستان کار بو دروستکردنی ریکخستنی یەکیتی بکات، ئەم بەیانە دوست و لایەنگری بو پەیدا کـرد بو. بەیانەکـە مـامـجـەلال بە عـەرەبی نوسی بوی. وەرگیردرایە سەر چەند زمانیکی تر: عومەر شیخموس کردی بە ئینگلیزی و کمال فوئاد بە ئەلمانی و، حەسەنی قازی بە فارسی. بە هەزاران دانەی لی بلاو کرایەوە.

بە دوای ئەمـەدا نامیلکەیەک لە ژیر سەرناوی «الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا؟» بلاو کرایەوە. ئەم نامیلکەیەش مامجەلال بە عەرەبی نوسی بوی. ئارام لە کوردستان کردی بە کـوردی. پارتی تا ئیـسـتـاش وا ئیـدیعـا ئەکـا کـە یەکـیتی بو لە ناو بردنی پارتی دامـەزراوە و، ئەم نامـیلکەیە ئەکـات بە بەلگە. گوایە لەم نامیلکەیەدا نوسراوە: «ناکـوکی سـەرەکی یەکـیـتی لە گـەل پارتیـە و، پارتی دوژمنی سـەرەکی یەکـیـتی و کـوردە». راستیەکەی ئەوە واهیمەی سەرانی پارتیە ئەگینا شتی وا لەم نامیلکەیەدا نیە. یەکیتی توشی دوژمنایەتی و، ناکوکی خوێناوی بو لە گەل پارتی، بەلام هەرگیز پارتی بە ناکوکی سەرەکی و دوژمنی سەرەکی نەزانیوە، هەمیشە رژیمی بەعسی بە دوژمنی سەرەکی خوی و کورد داناوە. من ئەمـەم لە وتاریک دا لە ژیر سـەرناوی: «باری ئیـستـای گـەلەکـمـان و ریکخستنی ی ن ک» دا لە یەکەمین ژمارەی «ریبازی نوی» دا رون کردوتەوە.

پیویست بو یەکیتی ئورگان، یان وەکو ئەلین: «زمـان حال» ی هەبی، بو ئەوەی بیروبوچونەکانی بە خەلک بناسینی و، هەلویستی خـوی لە روداوەکان دیاری بکا. بریار درا بە عەرەبی «الشرارە» و بە کوردی «ریبازی نوی» بلاو بکریتەوە.

یەکەم ژمارەی «الشرارە» لە تشرینی دوەمی ١٩٧٥ دا دەر چو.

وتارەکانی ژمارەی یەکەم بریتی بو لە:

- هذه الجريده
- نداء الى الامه العربيه المجيده
- حمله الاعدامات الجماعيه مستمره في العراق
- من اجل جمعيه كردستانيه تقدميه للطلبه الاكراد في اوروبا

- المراه الكرديه تواصل نضالها
- من الذى اقترح ميثاق امن الخليج
ئەم هەوال و کورتە تەعلیقانەشی تی دا بو:
- التجمع الوطنى يبارک الاتحاد الوطنى الكردستانى
- لماذا لا تذكر الصحافه العراقيه اسم القوات الايرانيه الغازيه فى الخليج
- على طريق اتفاقيه اذار الخيانيه: اعتراف الدكتاتوريه العراقيه بحكم السلطان قابوس
- حقيقه صارخه: حكم ذاتى كارتونى على الطريقه التكريتيه
- اليس السكوت عن جرائم التشريد والتهجير الجماعيه بحق الشعب الكردى خيانه وطنيه ايها الساده المسؤلون الاكراد؟
- الاتحاد الوطنى الكردستانى يشكر التجمع الوطنى العراقى
هەروەها «البيان الاول للاتحاد الوطنى الكردستانى» و «بيان اتحاد الشبيبه الديمقراطى الكردستانى واتحاد طلبه كردستان: النصر لشعبنا العراقى والاندحار للفاشيه وتحالفاتها الرجعيه» لەم ژمارەیەدا دوبارە بڵاو کراوەتەوە. بە خوێندەوارانیشی ڕاگەیاند بو کە بەو نزیکانە «ڕێبازی نوی» بە کوردی بڵاو ئەبێتەوە.
زوری وتارەکانی مامجەلال نوسی بوی. لە چاپخانەکەی «القیادە القومیە» لە شام چاپ کرا.
دوەم ژمارەی «الشراره» لە کانونی دوەمی ١٩٧٦ دا بڵاو کرایەوە.
وتارەکانی ژمارەی دوەم بریتی بو لە:
- عام جديد من النضال والفداء
- الاستقلاليه والاعتماد على الجماهير الشعبيه سبيلنا لتخليص القضيه الكرديه من اللعبه الدوليه
- التهجير الجماعى مظهر واضح للعنصريه الفاشيه
- واقع الحقوق الثقافيه للشعب الكردى فى العراق
- اسس الحكم فى العراق
- لماذا التراجع؟
زوری وتارەکانی ئەم ژمارەیەش مامجەلال نوسی بوی.
ئەمانویست «ڕێبازی نوی» دەر بکەین. ئەمە دو کێشەی لە بەردەم دا بو: یەکەمیان، هونەری بو. لە شام هیچ چاپخانەیەکی لی نەبو پیتی کوردی هەبی تا

رۆژنامەکەی لێ چاپ بکەین. دووەمیان، سیاسی بوو، بۆ چاپی ڕۆژنامەیەکی وا لە چاپخانەیەکی ئەهلی دا ئەبوو موافەقەتی چەند داوودەزگای حکومەتی وەربگیری. تا ئەوسا لە سوریا نوسینی کوردی چاپ نەکرا بوو.

بڕیارمان دا ڕۆژنامەکە لە لوبنان چاپ بکەین. عارفی شێخ کەریم مسوودەکانی لە گەڵ خۆی برد و لە بێروت چاپی کرد و هێنایەوە.

ژمارەی یەکەمی «ڕێبازی نوێ» لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ دا بڵاو کرایەوە. وتارەکانی بریتی بوون لە:

- سەروتار
- چیای لالش بە شۆڤینیەکان ناگوێزرێتەوە
- ڕێکەوتنی صەدام و شا لە جەزایر و مەسەلەی هاوچارەنوسیی نەتەوەی کورد
- باری ئێستای گەلەکەمان و ڕێکخستنی ی ن ک

جگە لە سەروتارەکەی کە مامجەلال نوسیبویتی، وتارەکانی تری هەمووی من نوسی بوم. دوای چەند حەفتەیەک ژمارەی دووەمیشمان چاپ کرد. ئەم ژمارەیەیان لە شام چاپ کرا. ئەویش سەروتارەکەی مامجەلال و ئەوی تری من نوسیبومە.

جگە لە هەردو ئۆرگان، چەند بەیان و نامیلکەیەکیش بڵاو کرایەوە. لەوانە بەیانێک بە عەرەبی بە بۆنەی چواردەهەمین یادی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلولەوە و، نامیلکەیەک بە ناونیشانی «باری ئێستای خەباتمان». ئەمە ڕاپۆرتێکە مامجەلال لە کۆبونەوەیەکی «دەستەی دامەزرێنەر» دا خوێندبوەوە. پاش هەڵسەنگاندن و هەندێ ئالوگۆری کەم بڵاو کرایەوە.

«ڕێبازی نوێ» لە ئەوروپا باش بڵاو ئەکرایەوە، بەڵام زۆر بە کەمی و زۆر بە زەحمەت ئەگەیشتە کوردستان. منیش خەریکی ئامادە کردنی خۆم و پێشمەرگەکان بوم بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان. کاتێکی ئەوتۆم نەمابو بۆ ڕێبازی نوێ. ڕۆژنامەکە وەستا. تا دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئێران، لە کوردستان دەزگای ڕاگەیاندن سەرلەنوێ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی.

«الشرارە» هەر بەردەوام بو لە دەرچون. دەرچونی بڵاوکراوەیەکی عەرەبی زۆر پێویست بو، بۆ گەیاندنی بیروبۆچونەکانی یەکێتی بە دنیای عەرەب. زۆری وتارەکانی الشرارە مامجەلال ئەینوسی و د. فوئاد مەعصوم سەرپەرشتی چاپەکەی ئەکرد. منیش چەند وتارێکم بۆ نوسی. هەندێکیان بە عەرەبی و، هەندێکیشیان بە کوردی د. فوئاد کردونی بە عەرەبی. دوای گەڕانەوەی مامجەلال بۆ کوردستان ئەویش ڕاوەستا، ئەویش دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئێران لە کوردستان دیسان بڵاو کرایەوە.

*

هەرکەس بلاو کراوەکانی یەکیتی بخوێنێتەوە ئەبینی توندڕەوی زاڵە بە سەری دا. ناوی «الشرارە» لە ناوی ئورگانەکەی لینین و، قسە نەستەقەکەی ژێریشی: «ومن الشرارە یندلع اللهیب» لە ماوتسی تونگ وەرگیرا بو. ناوەروکی باسەکانیش پڕن لە بابەتی دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی و سەهیونیزم... ئەمەش نابی بە داپڕاوی لە ڕوداوەکانی ئەو زەمانە سەیری بکری.

یەکەم، بە هوی کارەساتەکەی جەزائیرەوە، ڕەدفعلێکی بەهێز دژی ئەمەریکا و ئیران لە لای هەمو کورد دروست بوبو. هەمو کەس ئەم دوهێزەیان بە پیلانگێر و دوژمنی کورد دائەنا.

دوەم، ئیمەش: خومان پێشینەی فیکریمان مارکسی و چەپ بو. پەستڕا بوینەوە بە کومەڵەوە. هەندی لەو بوچونانە «قەناعەتی فیکری» بون لە لامان. بیری چەپ ئەوەندە برەوی هەبو، تاڵەبانی وەکو ئیمە پێش بون بە مارکسی. لەم ڕووەوە لە «طریق الحرکە التحرریە الکردیە» دا نوسی بویان: «واخیرا ولیس اخرا نعتمد فی وضع سیاستنا الجدیدة علی الدراسة العلمیة فی ضوء المارکسیة اللینینیة لوضع الشعب الکردی المضطهد والامة الکردیة المجزاة والشعب العراقی المقید وطبیعة السلطة الفاشیة...»

*

بیرمان لەوە کرد بوەوە بو ئەوەی ئازادی زورترمان هەبی و، کەمتر پێویستیمان بە سوریا بی، بنکەیەک لە لوبنان دابمەزرێنین. لوبنان لاوازترین وڵاتی عەرەبی بو، تا ڕادەیەکیش دیموکراسی و، ئازادی بیر و کاری سیاسی تی دا بو. ڕێکخراوە فەلەستینیەکان لاوازی لوبنانیان بە هەل زانی بارەگا و بنکە و لەشکر و جبەخانەکانیان لەوی کو کردەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی سوریا و میصر ڕێگای چالاکی فیدایان نەئەدان و، ئوردونیش لە «ئەیلولی ڕەش» دا بە شەڕ دەری کرد بون.

مامجەلال نیوانی لە گەڵ سەرانی فەلەستینی خوش بو. دوستایەتی لە گەڵ عەرەفات و، جورج حەبەش و، نایف حەواتمە هەبو. لەو ڕێگایەوە یەکیتی پش پیوەندی لە گەڵ دامەزراند بون. بەڵێنیان دابو یارمەتی یەکیتی بدەن بە: چەک و، مەشق پی کردنی کادر و پێشمەرگەکانی. ئامادەش بون یارمەتی یەکیتی بدەن بنکەی پێشمەرگایەتی لە لوبنان دابمەزرێنی.

شەڕی ناوخو لە لوبنان تا ئەهات گەرمتر ئەبو. وازمان لە بیری کردنەوەی بنکەی پێشمەرگایەتی هێنا. هەمو لایەنەکان، هەر یەکەیان بە جورێ، لە شەڕەوە گلا بون.

ترسابن ئیمش، بی ئەوەی هیچ قازانجیکی گەلەکەمان لەو شەڕەدا هەبی، تیوە بگلیین.

بو یەکەمین جار من سالی ١٩٧٠ بە دەم ڕیگاوە بو قاهیرە سەردانیکی چەند ڕۆژەی بیروتم کرد بو. ئەمجارەیان لە دیمەشقەوە چەند جاری بو گەڕان و سەیران و کتیب سەردانی لوبنانم کردەوە. شەڕی ناوخو لوبنانی ئەهاری و، ئەو ولاتە خوشەی سەردەمیک لە چاو هەمو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا ئەمینترین مەلبەند و، ناوەندی ڕۆژنامەوانی و، بازرگانی و، توریزم و، نمونەی ئازادی سیاسی و فیکری بو، بو بو بە ئوردوگایەکی گەورەی دوژمنایەتی و مەرگ. دەیان هەزار لوبنانی لە تاو شەڕی ناوخو هەلات بون بو سوریا.

*

لیبیەکان بەلینیان بە مامجەلال دابو، بەردەوام یارمەتی یەکیتی بدەن بە: پارە و چەک. ئەودەم هیشتا خەیاتی چەکدار لە کوردستان دەستی پی نەکرد بووە. لیبیەکان مانگانە چەردەیەک پارەیان بو یارمەتیدانی بارەگا و کادر و پیشمەرگەکانی یەکیتی لە سوریا تەرخان کرد بو. هەمو مانگی پارەکەیان ئەناردە سەر حسابیک لە لوبنان. مامجەلال باوەڕیکی بەهیزی بە مونذیر نەقشبەندی هەبو، چەند جاری ئەوی نارد بو وەرگرتن و هینانەوەی بو سوریا.

لیبیەکان کاتی خوی بەو شەرتە یارمەتی یەکیتییان ئەدا عیراق پی نەزانی. کەچی پاش ماوەیەکی کەم عیراق بەمەی زانی، لیبیەکان بە گلەیی و تورەبونەوە وت بویان: عیراق ژمارەی «چەکەکانی بانک» یشی زانی بو. لە سەر ئەمە یارمەتیدانی لیبی ماوەیەک ڕاگیرا و، کوسپی تی کەوت.

کەس گومانی لە مونذیر نەئەکرد. مونذیر وریا و چالاک و گەرموگور بو. سوریەکان پوستەیەکی سەفارەتی عیراقیان لە فرۆکەخانەی بیروت گرت، لە ناو «هەمانەی دیپلۆماسی» دا بو بەغدایان ئەنارد. لە ناو هەمانەکەدا هەندی ڕاپورتی تی دا بو لە سەر چالاکییەکانی موعارەضە لە سوریا. وەکو لیکولینەوە دەری خست مونذیر نوسی بونی. مونذیر بە نهینی لە گەل موخابەراتی عیراق پەیوەندی هەبو، هەر ئەویش مەسەلەی یارمەتی لیبیای بو موخابەراتی عیراقی ئاشکرا کرد بو.

*

لە کونەوە لە شام «جالیە» یەکی کوردی لی یە. ئەمانە بە یەک جار و لە یەک سەردەم دا نەچونەتە شام. بەلکو پچڕ پچڕ و لە زەمانی جیاجیادا کوچیان کردوە بو ئەوی. هەندی لە کوردەکان هیشتا پاریزگاری ڕیچەلەکی خویان کردوە و، هەندیکی تریشی لە

ناو کومەلی شامی دا تواونەتەوە. ئەو کاتەی ئێمە لە شام بوین دەیان هەزار کورد لە جەزیرە و ناوچەکانی ترەوە بو کریکاری هات بون بو شام.

پاش تیشکانی شورشەکانی کورد لە تورکیا پولیک لە روشنبیرەکانی پەریوەی سوریا بون. لە شام و ناوچەی جزیرە جیگیر بون. حیزبی «خویبون» یان پیک هینا و، یەکی لە مەلبەندەکانی چالاکییان حسەکە بو. کە شورشی ئاگری داغ هەلگیرسا، ئەو ئەمانیش لە ناوچەکانی سیبورەک، ماردین، جزیرە... دەس بکەن بە چالاکی چەکدار. ئەوەنسییەکان پییان زانین و، لە سنور دوریان خستنەوە. جەلادەت بەدرخان، دوای ئەوەی لە کاری سیاسی - حیزبی کنارەگیری کرد، خوی بو زمان و ئەدەب تەرخان کرد. لە سەرەتای سییەکانەوە دەستی کرد بە بلاوکردنەوەی گوڤاری کرمانجی - فەرەنسی «هاوار» و، چەندین نامیلکە و کتیبی دەربارەی زمان و ئەدەبی کورد بلاو کردەوە. لە چلەکان دا بە هاوکاری کامەرانی برای و، چەند کەسیکی تر «ستیر» و «روژانو» یان بلاو کردوتەوە. دەستەیەکی باش نوسەر و شاعیری کورد پی گەیشتن، لەوانە: عوسمان صەبری، قەدری جان، جگەرخوین، رشید کورد. نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، دوای سەربەخویی سوریا، ئەم مافەیان بە کورد رەوا نەدی. نەیانهیشت هیچ نوسینیکی کوردی بلاو ببیتەوە و، چالاکی روشنبیری، سیاسی، کومەلایەتییان لی قەدەغە کردن.

جولانەوەیەکی سیاسی ئەوتو لە ناو کوردەکانی سوریادا نەما تا سالی ١٩٥٦ کە «پارتی دیموکراتی کورد» دامەزرا. ئەویش دوای «وەحدە» ی سوریا لە گەل میصر کەوتە بەر هیرش و پەلامار و، دوایيتریش پارچە پارچە بو.

چەند گەورەپیاویکی کورد لە شام نیژراون، لەوانە: صەلاحەدینی ئەیوبی، مەولانا خالیدی شارەزوری، بەدرخان بەگی میری بوتان... لە یەکەمین سەفەرم دا بو شام لە گەل د. کەمال فوئاد، سەردانی گوری صەلاحەدینم لە تزیک «جامع الاموی» و گوری مەولانا خالیدم لە «قاسیون» کرد. گوری بەدرخان بەگمان بو نەدوزرایەوە. لە زور کەسیشمان پرسی پی یان نەئەزانی.

*

ئەجو سەردانی زور لە کوردە ناودارەکانی شامی ئەکرد. هەندی لە مانە لە تورکیا لە دایک بوبون و هەر لەویش خویند بویان و گەورە ببوبون، بەلام بە هوی تیشکانی شورشەکانی کوردەوە پەریوەی سوریا و، جیگیر بوبون. ئەوانە هەرچەندە پیوەندییەکی ئەوتویان بە کوردستانی تورکیا و ریکخراوەکانی و، تەنانەت بە بنەمالە و خیزانەکانیشیانەوە نەما بو، بەلام ئاستالجیا «حنین» یکی قولیان بو کوردستانی تورکیا

هەر مابو. بە پەرۆشەوە تەعقیبی هەواڵەکانیان ئەکرد و، بە خۆشییەوە لە بوژانەوەی جولانەوەی کوردیان ئەروانی. ریزێکی تایبەتییان لە نەجو ئەنا.

جارێکیان نەجو لە گەڵ خۆی بردمی بو سەردانی مەمدوح سەلیم بەگ لە فلاتەکەی خوی دا. مەمدوح بەگ لە تێکوشەرەکانی بیستەکانی ئەم سەدەیە بو. لە پێش یەکەمین جەنگی جیهانییەوە بەشداریی لە چالاکی سیاسی و روژنامەوانی و کومەلایەتی کوردا کرد بو. دوای جەنگ یەکێ بو لە چالاکەکانی جولانەوەی کورد. لە گەڵ چەند هاورییەکی «پارتی دیموکراتی کورد» یان دامەزراندوە. چەندین یادداشتیان دەربارەی مافی نەتەوەیی کورد داوە بە نوێنەرانی هاوپەیمانەکان و، خویان گفتوگویان لە گەڵ کردون. گوڤاری، دواییتر جەریدەی، تورکی - کوردی «ژین» ی بە هاوکاری لە گەڵ هەمزە مەکسی لە ئەستەمول بلاو کردوتەوە. دوای هاتنی مستەفا کەمال، ئەمیش وەکو تێکوشەرەکانی تری کورد دەربەدەر بوە. سەرەنجام لە سوریا گیرسا بوەوە. لە دامەزراندنی «خویبون» دا هاوبەش بوە.

ئەوکاتەی لە گەڵ نەجو چوین بو لای، مەمدوح بەگ پیر بوبو، بەلام هێشتا قسەکانی ریکوپێک بون. وێنەیەکی سولتان عەبدولحەمیدی لە ژورەکەدا هەلواسی بو. دەرەنگ ژنی هێنا بو. هاوسەرەکەی کورد نەبو، منالیشی نەبو.

مەمدوح بەگ جگە لەوەی ریزێکی زوری نەجوی گرت کومەلی چاپکراوی بە نرخی بە دیاری پێشکەش کرد، لەوانە هەندێ لە ژمارەکانی «ژین» و «کوردستان» و «هاوار» و «روژانو» و چەند بەرگێک لە کتێبە مێژوییەکانی سەردەمی عوسمانی. پێم سەیر بو، مەسعود محەمەد بە ناوی «کوری زانیاری کورد» ەوە، هەلکوت هەلکوت چو بو شام بو سەردانی مەمدوح بەگ و چەند کەسێکی تر، کەچی هیچی لە مانە تەنانەت فوتوکوپیەکانیشی نەداوە.

*

ی ن ک لە کاتی دامەزراندنی دا سوریای کرد بە بنکەی سەرکردایەتی و شوێنی خوریکخستن و، مەشق پی کردنی هەندێ لە کادر و پێشمەرگەکانی و، چاپ و بلاو کردنەوەی ئورگان و بەیاننامەکانی. راستییەکەی ئەگەر دامەزراندنی یەکێتی و، هەلگیرساندنەوەی شورش دوای ئاشبەتال، بە سەروەرییەکی گەورە لە مێژوی کوردا حساب بکری، ئەبی لەم سەروەرییەدا کورد بە ریز لی نانەوە چاکەی سوریا، بە تایبەتی هی سەروک حافظ ئەسەدی، لە بەر چاو بی.

لە روژانی ئاشبەتال دا ژمارەیەکی زور لە پێشمەرگەکانی خەلکی

تەلەعفەر، زەممار، زاخو کە سەر بە عەشیرەتەکانی کوچەر، مەران، گەرگەری، سندی، گولی، تەی، پاتوا، یەزیدی و لە هێزەکانی تەلەعفەر، سنجار و، زاخو بون ... هات بونە ناو سوریاوە. زوریان خزم و ئاسیاوی خویان لە ناو کوردەکانی سوریادا هەبو. کاربەدەستانی سوریش کارئاسانییان بو کرد بون و ریگەیان لی نەگرت بون. یەکێتی هەندی لە کادرەکانی خوی تەرخان کرد بو سازدان و ریکخستنەوەیان. بە زوری لە گوندەکانی قامیشلی و دیرکی و حەسەکە نیشتەجی بون.

ئەم ناوچەیە هاوسنور بو لە گەل عیراق و تورکیا. لەوی وە ئەتوانرا دزە بکری بو زاخو و شنگار و گوندەکانی ناوچەکە. هەروەها ئەتوانرا دزە بکری بو ناو تورکیا و لەوێوە دزە بکری بو ناو کوردستانی عیراق.

کاربەدەستانی عیراق بەر لە رووداوەکانی سالی ٧٤ و لە کاتی شەرەکانی ٧٤ دا و دوای هەرەسی جولانەوەکەش ناوچەکەی تەعجیر و تەعریب کرد بو. گوندەکانی سنوری هەمو راگویزا بو. زورایەتی کوردەکانی شنگار و دەوروبەری راگویزا بو بو ئوردوگای زورەملی و شارەکانی تر. «ربیە» ی زوری لە سەر سنور دانا بو. ریگا و شوینە گرنگەکانی بە مین چاند بو. چیای بیخیری زور بە توندی گرت بو. هیزیکی زوری جەیشی لە ناوچەکەدا بلاو کرد بووەوە.

ی ن ک لە چوارچیوەی ئەو پلانە گشتیەیدا کە دای نا بو، بو دروست کردنی مەفرەزەی بچوکی بلاوی بە چەندایەتی کەم و بە چونایەتی باش، لە سوریاش خەریکی سازدان و ریکخستنی هەندی مەفرەزە بو. ئەو کونە پیشمەرگانەی ئامادە بون ببنەوە بە پیشمەرگە زوری ریکخستنەوە، هەندی دەورەی تەدریبی لە موعەسکەرەکانی شام بو کردنەوە، لە چەند مەفرەزەیەک دا ریکی خست بون. لایەنگرانی بنەمالەی بارزانی کە دوایی تر بە ناوی قیادەی موەقتەوە کەوتنە کار کردن، زور بە توندی کەوتنە دوژمنایەتی ی ن ک. هەولیان ئەدا خەلکیان لی بەدگومان بکەن و پیشمەرگە و لایەنگرەکانیان لی هەل بگیرنەوە، لە ناو خەلک دا پروپاگاندەی خراپیان دژی ینک و سەرکردە و کادرەکانیان بلاو ئەکردەوە. تەنانەت هەندی کەسیان خزا بونە دەزگا ئەمنیەکانی سوریا و تورکیاوە بو پاراستنی خویان و ئازار دانی لایەنگرانی ینک و بەدگومان کردنی ئەو دەزگایانە لە چالاکییەکانیان.

لەگەل هەمو ئەوانەدا روژبەروژ ریکخستنی ینک پەرەی ئەسەند و لایەنگری زورتر ئەبون. لە ناو کوردستانیش دا دائەمەزرا.

*

ستراتیجی صەددام حسین لە کوردستان دا

بەعس، راگویزانی کوردی کرد بو بە یەکێ لە پایە سەرەکییەکانی ستراتیجی کوردیی خوی. دوای ئاشبەتال بە پەلە کەوتنە جێبەجی کردنی. ئەمەیان لای روژنامەوانەکانی بیگانەش نەشاردەوە. طاریق عەزیز چەند جاری بە ئاشکرا باسی ئەمەی بو ئەکردن و کەلکەکانی راگویزانی بو ئەژماردن.

صەددام حسین، لە کوبونەوەیەک دا لە ۲۱ ی ئابی ۱۹۷٦ دا لە کوشکی «المجلس الوطنی» لە گەل ئەندامانی «اللجنه العلیا للجبهه الوطنیه والقومیه التقدمیه وسکرتاریه الجبهه وکل لجان الجبهه فی المحافظات»، ستراتیجی خوی بەرامبەر بە کورد رون کردەوە و، بە راشکاوی و بی پیچوپەنا مەسەلەی راگویزانی ناوچەکانی سنوری بە قولایی ۲۰ کیلومەتر و، بلاو کردنەوەی جەیشی لە کوردستان دا باس کرد. لەم وتارەدا وتی:

«ولقد قلت فی اجتماع المجلس التشریعی لمنطقة الحکم الذاتی: عندما تکون هناك استحالتان: استحالة مادیة و استحالة مبدئیة وروحیة، استحالة مادیة تمنع الانفصال، واستحالة مبدئیة وروحیة فی الوجدان وفی العقل وفی الایمان من قبل الغالبیة العظمی من ابناء شعبنا الکردی ومن قبل کل العراقیین، عندها لا یمکن ان یحصل ما یسیء الی وحدة شعبنا وارضنا. الا ان عدم ضبط الموازنة، وحصول میل لحساب ای من العاملین اللذین اشرنا الیهما علی حساب العامل الاخر، بای ظرف وفی ای عمل، سیلحق بمسیرتنا اضرارا فادحة، وعلی هذا الاساس، اذا ما تصور ای منا انه اذا عمل علی خلق الاستحالة المادیة وحدها متصورا انه سیخلق وحدة المصیر داخل الشعب العراقی، فان حکمه سیکون خاسرا بالتاکید، لان هذا لیس هو الرکن الوحید الذی یستند علیه عملنا وسیاساتنا، وعندما ننظر الی المسالة نظرة غیر عملیة وغیر موضوعیة وغیر سیاسیة ونتصور ان المسالة تحل ضمن الحکم المبدئی والعقلی المجرد دون ان نعمل علی خلق الرکائز المادیة والموضوعیة لجعل الانفصال عملیة مستحیلة، نکون بذلك قد اعطینا الفرصة الواسعة للاستعمار لان یعبث بوحدة شعبنا....

یجب ان تکون القوی المضادة، ومن بینها القوی الراغبة فی الانفصال، والساعیة الیه امام استحالتین: استحالة مبدئیة ووجدانیة، بمعنی ان یؤمن شعبنا فی کردستان بان مصیره مرتبط نهائیا بوحدة تراب العراق ووحدة شعبه، ویقتنع به قناعة عقلیة ویربط کل اهدافه وآماله فی هذا الاطار، واستحالة مادیة موازیة لها توجدها التدابیر القانونیة والسیاسیة والاقتصادیة وحتی العسکریة التی تتخذها الدولة والتوازن بین هذا وذاك یجب ان تحکمه المبادئ. ان ایا من الاستحالتین وحدها، لایمکن ان یلغی دور العمل المضاد فی منطقة

كردستان للحكم الذاتي. ان من يتصور بانه من خلال التعامل بالمبادئ المجردة فقط يلغي فرص العمل المضاد في كردستان، لا يمكن بتصوره هذا ان يخدم وحدة العراق بل انه يقود شعبنا الى نتائج منحرفة. كما ان التصور الذي ينطلق من ان الاجراءات السياسية والعسكرية والاقتصادية وما يماثلها تلغي وحدها فرص العمل المضاد وتلغي نزعة الانفصال، فان هذا التصور منحرف ايضا لان هذا الجانب وحده لا يمكن ان يلغي هذه الفرص.. ان ما يلغي فرص العمل المضاد هو المبادئ والتدابير المتصلة بالمبادئ التي تجعل شعبنا في منطقة الحكم الذاتي يؤمن بان الناس والقيادة في بغداد، انما هم جزء منه، وانهم يسعون من اجله، ويريدون له الخير، ويعملون من اجل قضيته القومية كما يعمل هو، اضافة الى ذلك، لابد من استكمال بعض المستلزمات الاخرى مثل ضبط الحدود، والترحيل من الحدود بعمق عشرين كيلومتر، لكي لا يحدث تسلل، وايجاد اجهزة لتقصي المعلومات والنزعات الشريرة، وابقاء جيش في المنطقة وتوزيعه على شكل معسكرات معينة وشق الطرق في الجبال..الخ»

راگویزان کاری بو کە مەترسییەکی گەورەی بو سەر پاشەڕۆژی کورد دروست نەکرد.

*

لە کوبونەوەیەکی دەستەی دامەزرێنەردا لە شام باسی دارشتنی پروگرام و پەیرەوی ناوخوی یەکیتی کرا. جگە لە عومەر شیخموس هەمو ئەندامەکان بەشدار بون لە باسەکانی دا. بابەتە سەرەکییەکانی دیاری کرا و، دارشتنەوەی بە کوردی بە من سپێردرا. بێگومان پروگرام و پەیرەوی ناوخو گرنگییەکی گەورەیان هەیە، پروگرام: ڕێبازی سیاسی ڕێکخراوەکە بو چارەسەرکردنی کیشەکانی کومەڵ و، پەیرەوی ناوخو: ژیانی ناو ڕێکخراوەکە ڕێک ئەخات. لیرەدا سەر لە نوی ئەیان نوسمەوە:

بەرنامە

یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان خەبات ئەکات بو:

یەکەم - عیراقی دیموکرات

أ. ڕزگار کردنی عیراق لە کوت و زنجیر و پەیوەندییەکانی کولونیالیزمی نوی و لە ڕژیمی دیکتاتوری دوژمن بە گەل و هێنانە سەر کاری حکومەتیکی دیموکراتی ئیئتیلافی لە نوینەرانی پارتیە سیاسییە پیشکەوتوەکان و چینەکانی گەل و نەتەوە سەرەکی و پچوکەکانی عیراق، تا ولات لە ماوەیەکی کورت دا بگوێزیتەوە ژیانیکی ئاسایی دیموکرات، کە هەمو سەربەستییە دیموکراتییەکان بو گەل دابین بکا: سەربەستیی

هەلبژاردن، نوسین، فەرهەنگ، دامەزراندنی پارتی، نەقابە، کومەلانی جوتیاران، ریکخراوە دیموکراتیەکانی لاوان، قوتابیان، ماموستایان، ئافرەتان، مافی کوبونەوە، خوپیشاندان و مانگرتن.

ب. پیکهینانی ئەنجومەنیکی نیشتمانی لە ریگەی هەلبژاردنی ئازاد و راستەوخو و نهینییەوە لە لایەن کومەلانی خەلکی عیراقەوە، بو دانانی دستوری ولات و دارشتنی بناغەی حوکمی دیموکراتی و سەلماندنی ئوتونومی.

ج. بەشدار بونی کورد و نەتەوە بچوکەکان لە ئورگانە ناوەندییەکان دا بە پی ی ژمارەیان.

د. گەراندنەوەی دانیشتوانی ئەسلیی ئەو ناوچانەی لە شوینەکانی خویان بە زور دەرکراون.

ه. بەرەللا کردنی هەمو گیراوە سیاسییەکان و گیرانەوەیان لە گەل هەمو ئەوانەی لە سەر بیروباوەری پیشکەوتوانە لە کار دەرکراون بو سەر کار و فەرمانەکانی خویان.

و. لابردنی هەمو ئەو یاسایانەی بە گیانی فاشیستی و بیروباوەری کونەپەرستانە دانراون، وە هەلوەشاندنەوەی هەمو ئەو ریککەوتنە ناودەولەتی یانەی کە بە پیچەوانەی ئازادیی گەلەوە کراون.

ز. هەلبژاردنی شارەوانییەکان و دەزگاکانی بەریوە بردن، راستەوخو لە لایەن هاوولاتییانەوە.

دووەم – کوردستانی ئوتونوم ✳

أ. پیکهینانی هەریمی کوردستانی ئوتونوم لە ناوچەکانی: شەنگار، زمار، سمیل، دهوک، شیخان، تلکیف، بەعشیقە، لیواکانی هەولیر، کەرکوک، سلیمانی و، قەزاکانی خانەقین و مەندەلی.

ب. دەزگاکانی ئوتونومی جگە لە کاروباری پاراستنی ولات، پەیوەندییەکانی دەرەوە، دارایی گشتی کە بە دەس دەزگای ناوەندییەوە ئەبن، هەمو دەسەلاتیکی تری ئەبی.

ج. دەزگای ئوتونومی ئازادییە دیموکراتییەکان بو گەل دابین ئەکات.

د. دانیشتوانی کوردستان، لە ١٨ سالییەوە بەرەو ژور، بە ریگەیەکی ئازاد و نهینی و راستەوخو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان هەل ئەبژیرن.

ه. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەزگایەکی بەریوە بردن بو هەلسوراندنی کاروباری هەریمی ئوتونومی کوردستان هەلئەبژیری و، باوەری ئەداتی یا لی ی

ئەسپێنەوە.

و. هێزەکانی پولیس، ئەمن، پاسەوانی سنور و پێشمەرگە، ئەبەسترێن بە دەزگای بەڕێوەبردنی ئوتونومییەوە.

ز. بودجەی ئوتونومی پێک دێ لە باجە ناوچەییان و دەرامەتی پرۆژەکانی ئابوریی تایبەتی هەرێمەکە و ئەو بەشەی بودجەی گشتیی عیراق کە بە پێ ی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی ئوتونومی لە چاو هی هەمو عیراق دا دیاری ئەکرێت.

ح. تەئمین کردنی ژیانی خێزانی شەهید و پەککەوتو و لیقەوماوانی شۆڕشی کوردستان و پاراستنی مافەکانی ئەوان و هەمو ئەوانەی بەشداری شۆڕش ئەبن و زەرەریان لێ ئەکەوێ.

ط. هەمو کوردێکی نیشتمانپەروەر بوی هەیە بێتە هەرێمی ئوتونومی کوردستانەوە و کار بکات.

سێیەم - مافی ئاسوری، تورکومان و کلدان

أ. بو ئەوەی لە ناو چوارچێوەی کوردستانی ئوتونوم دا سەربەستیی بە کار هێنان و گەشە پێدانی مافی نەتەوەیی و فەرهەنگیی ئاسوری، تورکومان، کلدان تەئمین بکرێ، بە پێ ی ژمارەیان لە چاو دانیشتوانی هەرێمەکەدا نوێنەریان ئەبێ لە ئەنجومەنی نیشتمانی و دەزگای بەڕێوەبردنی کوردستان دا.

ب. لەو شوێنانەدا کە زورایەتیی دانیشتوانن مافی دامەزراندنی دەزگای تایبەتی خوبەڕێوەبەزدنیان هەبێ.

ج. هەمو ئەوانەی دەربەدەر کراون مافی گەڕانەوەیان هەبێ بو هەرێمی کوردستان.

چوارەم - گەشەپێدانی لادێ

أ. چاکردنی بنەڕەتیی کشتوکاڵ بە پشت بەستن بە جەماوەری جوتیاران بە جورێکی ئەوتو کە ڕەگوڕیشەی پەیوەندییە دەرەبەگی و خێلەکییەکان دەربهێنێ و ئەرز و ئازادی بو جوتیاران تەئمین بکا و بیبێتە هوی خەملین و گەشەکردنی لادێ و ژیانی لادێیەکان و ماکیناوی کردنی کشتوکاڵ و پرۆژەکانی ئالودان.

ب. دامەزراندنی ئارایی کشتوکاڵی، ئاژەڵی، پیشەسازی بو دروستکردنی مەڵبەندی ئاوەدان و عەسریی ژیان بە کوکردنەوەی چەند گوندێکی پچوک، وە یان دانیشتوانی ناوچەیەک لە دەوری پرۆژەیەکی سەرەکی.

ج. باشکردنی ژیانی شوان و گاوان و خاوەن ئاژەڵەکان و پاراستن و پەروەردە کردن و گەشەپێدانی ئاژەڵ و وڵسات و دیاریکردنی شوێنی کوکردنەوە و لەوەڕاندنیان، چاکردنی

چوناپەتی و زورکردنیان، وە دامەزراندنی پیشەسازیی ئاژەلی و پەرەپیدانی خزمەتی بەیتالی.

د. دانانی پلانیکی دریژخایەن بو بین کردنەوەی گوند و شاروچکەکانی کوردستان بە شیوەیەکی وا کە لە گەل پیویستییەکانی ژیانی مروڤی ئەم سەردەمە و تەئمین کردنی خانو و بەرە بو هەمو کەس و جوانی سروشت و ئاووهەوای کوردستان بگونجی.

هـ. بەستنی گوند و شارەکانی کوردستان بە یەکترییەوە لە ریگەی دروستکردنی توری ریگاوبانی ئاسن و ئاسفالت و ریگەی هەواییەوە.

پینجەم - بە دەسهینان و چەسپاندن و گەشەپیدانی سەربەخویی ئابوریی نیشتمانی

أ. بە تەواوی رزگار کردنی سامانی پەترولی عیراق لە چنگ کومپانیا ئیمپریالیستییەکان بە هەلهینجان و پالاوتن و گواستنەوە و فروشتنەوە، دامەزراندنی پیشەسازی پیترو - کیماوی و، پەیرەوی کردنی سیاسەتیکی نیشتمانیی دووربین لە هەلهینجان و فروشتنی پەترول دا کە بە تەواوی بگونجی لە گەل نەخشەی دریژخایەنی گەشەپیدانی ئابوری و کومەلایەتی و فەرهەنگی دا.

ب. نەتەوەیی کردنی بازرگانیی دەرەوە و چاودیری کردنی بازرگانی ناوەوەی ولات و گەشەپیدانی دەزگاکانی بەشی گشتی.

ج. گەشەپیدان و فراوانکردنی بەشی گشتی لە پیشەسازی و دروستکردن و بازرگانی و بانقەکانا لە گەل هاندانی بەشی تایبەتی لە پیشەسازی و پروژە بەرهەم هینەکان دا.

د. دانانی پلانیکی دریژخایەن بو پیشەساز کردنی کوردستان لە ریگەی دامەزراندنی پیشەسازیی کشتوکالی و ئاژەلی و پەرەپیدانی پیشەسازی پەترولی و پیترو - کیماوی و بەهرەوەرگرتن لەو مەعدەنانەی هەن بو دامەزراندنی پیشەسازی قورس و ئەوانەی بو گەشەپیدانی ولات پیویستن.

هـ. دامەزراندنی ئیستگای بەرهەم هینانی وزەی کارەبا لە گوی ئستیلە دەستکرد و ئاڤگە سروشتییەکان دا بو کارەباوی کردنی سەرانسەری ولات.

شەشەم - پەیوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی و جیهانی

بو سەرکەوتنی بزوتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان لە دارشتنی پەیوەندییە نیشتمانیی و نەتەوەیی و جیهانییەکان دا ی ن ک بە رەچاو کردنی سەربەخویون، دەس وەر نەدانە کاروباری یەکتری، گورینەوەی بیرورا، ئالوگوری یارمەتی و ئالیکاری، خەبات ئەکات بو:

أ. پیکهینانی یەکگرتنی ریزەکانی گەلی کوردستانی عیراق، یەکگرتنی کریکاران و جوتیاران، بورجوازیی پچوک و بورجوازیی نیشتمانیی پیشکەوتو، یەکگرتنی تاقم و پیلە پیشکەوتوە جیاجیاکان لە یەکیتییەکی نیشتمانیی پیشکەوتوی دژ بە ئیمپریالیزم و کونەپەرستی، دژی دەربەدەر کردنی کورد و بە عەرەب کردنی کوردستان، بو بەدیهینانی ئامانجەکانی شورشی نیشتمانیی دیموکرات.

ب. پیکهینانی بەرەی یەکگرتوی هەمو پارتی و ریکخراو و تاقم و کەسیع پیشکەوتو و دیموکرات و مارکسیە لینینییەکانی عیراق لە پیناوی روخاندنی حوکمی فاشیستی و هینانە سەر کاری حکومەتیکی دیموکراتی ئینتیلافی، کە دیموکراسی بو عیراق و ئوتونومی بو کوردستان جیبەجی بکات.

ج. پیکهینانی هاوکاری پتەو لە گەل بەشەکانی تری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان دا لە پیناوی بەدەستهینانی مافی چارەنوسی دا.

د. پیکەوە گری دانی خەباتی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخواز و شورشگیرانەی عەرەب، فارس، تورک، ئازەری، بلوچ و گەلەکانی تر بو شکاندن و دەرکردنی ئیمپریالیزم و زایونیزم و روخاندنی حوکمی چینە کونەپەرستەکانی ناوچەکە، تەواو کردنی سەربەخویی نیشتمانیی سیاسی و ئابوری، وە گەشە پیدانی دیموکراسی لە روژهەلات دا.

هـ. پیکەوە گری دانی بزوتنەوەی خەلکی کوردستان لە گەل بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی دنیای سییەم، بزوتنەوەی شورشگیرانەی چینی کریکاری ولاتانی سەرمایەدار و دەولەتە سوشیالیستەکان دا.

حەوتەم - گەشەکردنی کومەلایەتی

أ. ئافرەت

١. رزگار کردنی ئافرەت لە کوت و زنجیرەکانی کونەپەرستیی سەدەکانی ناوەراست و تەئمین کردنی مافی سیاسی، ئابوری و کومەلایەتی یان و یەکسانی تەواو و هاوبەشی یان لە گەل پیاودا، وە دانانی یاسای ئەوتو کە مافەکانی ئافرەت لە کارکردن، خویندن، شوکردن، جیابونەوە و میرات دا بپاریزی.

٢. دابینکردنی سەربەستیی دیموکراتی بو بە هیزکردنی بزوتنەوەی ئافرەتان و خستنە گەریان بو گەشەپیدانی کومەلایەتی و سیاسی و ئابوری ولات.

٣. پاراستنی مافی دایک و منال، تەئمینکردنی بەخیو کردنیان و چاودیریکردنی دایکە کارکەرەکان.

٤. تەئمینکردنی کار، یا موچەی بێکاری بۆ هەمو هاوولاتییەکی ژن و پیاو، وە تەئمینکردنی موچەی خانەنشینی و بە سالا چون و پەک کەوتنیان.

ب. کرێکار

١. پاراستنی مافی کرێکارانی شار و لادێ، برینەوەی موچەیەکی گونجاو لە گەڵ چونایەتی کارەکەیان کە لایەنی کەمی ژیانێکی ئاسودەیان بۆ تەئمین بکات.

٢. دیاریکردنی ماوەی کارکردنی رۆژانە بە ٧ سەعات.

٣. تەئمینکردنی مافی دامەزراندنی نەقابە و جوش دانی بزوتنەوەی کرێکاران تا دەوری مێژویی خوی ببینێت لە ژیانی سیاسی، کومەلایەتی و ئابوری ولات دا.

٤. تەئمینکردنی مافی مانگرتن و خوپیشاندان.

٥. چاک کردنی شەرتەکانی کارکردن و پاراستنی کرێکاران لە نەخوشی و مەترسییەکانی کار.

ج. تەندروستی

١. زیادکردنی تیمارخانە و نەخوشخانە و دابەشکردنی دکتور و برینپێچ بە سەر ناوچەکان دا، بە پی ی پێویستی ناوچەکان و ژمارەی دانیشتوانیان.

٢. پاراستنی تەندروستی گەل بە تەئمینکردنی تیماری خورایی و لە ناوبردنی نەخوشیە بلاوەکان.

٣. کردنەوەی خوێندنگا و کولیجی پزیشکی بو ئامادەکردنی کادری پێویست.

٤. بایەخدان بە هاوینەهوار و شوینەکانی حەسانەوە بو کومەلانی خەلک.

٥. پاراستنی پاک و خاوێنیی مەلبەندی ژیان.

هەشتەم - گەشەپێدانی خوێندن و پەروەردە

أ. بە زورکردنی خوێندن لە پلەی سەرەتایی دا و ئامادەکردنی ئەو مەرجانەی پێویستن بو ئەوەی هەمو منالێک بتوانێت لە کاتی خوی دا بچێتە خوێندنگا.

ب. بە کوردی کردنی خوێندن لە هەمو پلەکان دا لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافی نەتەوە بچوکەکان (ئاسوری، تورکومان، کلدان...) لە خوێندن دا بە زمانی خویان.

ج. کردنەوەی خوێندنگای پێگەیاندنی ماموستایان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دا.

د. فراوان کردن و گەشەپێدانی زانستگای سلێمانی وەکو زانستگایەکی تایبەتی هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بە دەزگاکانی ئوتونومییەوە و بایەخدانێکی تایبەتی بە

زمان و ئەدەب و مێژو و فەرهەنگی کورد تیای دا.

هـ. خوێندنی زمان، ئەدەب و مێژوی عەرەب لە هەمو پلەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستان دا. وە هەروەها خوێندنی زمان و ئەدەب و مێژوی کورد لە خوێندنگاکانی ناوچەکانی تری عێراق لە پێناوی بەهێزکردنی گیانی برایەتی لە نێوان هەردو نەتەوەی کورد و عەرەب دا.

و. پاک کردنەوەی پایەتەکانی خوێندن لە بیروباوەری شوڤینی و کۆنەپەرستی و ناراست و پەروەردە کردنی قوتابی بە گیانی پێشکەوتنخوازی و برایەتی گەلان و دوژمنایەتی ئیمپریالیزم ، زایۆنیزم و کۆنەپەرستی.

ز. دامەزراندنی ئاکادیمیی زانستی کوردی لە کوردستان، لە کەسانی زانا و شارەزای نیشتمانپەروەر بۆ سەرپەرشتی کردنی نوسینەوەی مێژوی زمان و ئەدەب و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان و ساخ کردنەوە و چەسپاندنی زاراوە زانستیەکان بە کوردی و دانانی شێوەیەکی یەکگرتو بۆ نوسینی زمانی کوردی.

ح. گەشەپێدانی یەکیەتیی نوسەرانی کورد و کۆمەلی روشنبیرانی کورد و گواستنەوەی بارەگاکانیان بۆ پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمی و تەشەنکردنی سەربەستیی بیرکردنەوە و نوسین و هەلبژاردنیان.

ط. دانانی ئیستگای رادیو و تەلەفزیونی کوردستان لە ژێر چاودێری دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دا.

ی. پایەخدان بە سامانی نەتەوەیی هونەری و ئەدەبی و ژیاندنەوە و گەشەپێدانی لا پێشکەوتوەکەی فولکلور و هونەری گەل.

ک. پایەخدان بە هونەری موسیقا و گۆرانی و وەرزش، وە گەشە پێدانیان بۆ خزمەتی گەل.

ل. دامەزراندنی دەزگای نوێ ی ئەوتوی چاپەمەنی لە کوردستان دا کە بتوانێت پێویستییەکانی هەرێمەکە پر بکاتەوە لە روی چاپ و بلاو کردنەوە بە زمانەکانی کوردی و ئاسوری و تورکومانی.

بیرە بنەرەتییەکانی حکومەتی ئیئتیلافی و، چەسپاندنی سەربەخۆیی ئابوری و، ریکخستنی پیوەندییە نیشتمانی و نەتەوەیی و جیهانییەکان هی مامجەلال و... پایەتەکانی پلورالیزمی سیاسی و فیکری و نەتەوەیی و، گەشەپێدانی لادێ و کۆمەلایەتی هی من و... گەشەپێدانی خوێندن و پەروەردە هی کەمال فواد و فوئاد مەعصوم بو..

وارشتنەوەی ماددەکانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ بە کوردی بە من سپێردرا. مامجەلال بە عەرەبی پێشەکییەکی درێژی بۆ نوسی. د. فوئاد مەعصوم بەرنامە و پیڕەوی ناوخۆی کرد بە عەرەبی و، منیش پێشەکییەکەم کرد بە کورد. لە مانگی ئەیلولی ۱۹۷٦ دا بلاو کرایەوە.

*

دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدار: «خطە رزگاری»

مامجەلال پێوەندی لە گەڵ کاک ئارام لە کۆمەڵە و، عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری لە بزوتنەوە و، د. خالید سەعید و چەندین کەسی تر دامەزراند بو. بە نامە ئالوگۆڕی بیروڕای لە گەڵ ئەکردن. یەکێ لەو مەسەلانەی باسی ئەکرا: جۆری دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بو.

بۆ ئەم مەبەستە مامجەلال چەندین کۆبونەوەی لە گەڵ ئەندامانی دستەی دامەزرێنەر و، ئەفسەرەکان و، کادرەکانی تر کرد بو. ڕوژی ۷٦/٥/۱۹ منیش بە یەکجاری ڤیەننام بە جێ هێشت و بە فرۆکە چومەوە شام، بۆ ئەوەی لەو کارەدا بەشدار بم.

لە زنجیرەی ئەو کۆبونەوانەدا، ڕوژی ۲۳ - ۱۹۷٦/٥/۲٤ کۆبونەوەیەکی ترمان لە شام کرد، عەلی سنجاری و مونذیر نەقشبەندی یش ئامادە بون. مامجەلال پرۆژەیەکی ئامادە کرد بو، لەم کۆبونەوەیەدا باس کرا و، پاش زیادکردنی هەندێ بابەت پەسند کرا. هەروەها بڕیار درا یەکەمین وجبەی پێشمەرگە ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە و، نامە بۆ هەمو ڕیکخستنەکانی ناو ولات بنێردرێ کە ئیتر دەس بکەن بە ناردنی مەفرەزەکان بۆ شاخ.

پرۆژەکەی مامجەلال:

اسم الخطة: رزگاری

الهدف: اشعال الثورة مجددا فی کردستان تمهیدا لثورة عراقیة (عربیة - کردیة) تستهدف الدیمقراطیة للعراق والحکم الذاتی الحقیقی لکردستان العراق.

المبادئ الاساسیة: *

١. الثورة عمل جماهیری تعتمد علی الجماهیر، لذلك فان مهمتنا الرئیسیة هی استنهاض وتنظیم وتوعیة وقیادة الجماهیر الشعبیة ومراعاة مبدا الاعتماد علی النفس، علی الشعب وطاقاته الخلاقة ومراعاة قواعد حرب الانصار العصریة تمهیدا لتحویلها الی حرب الشعب الثوریة.

٢. الالتحام الکفاحی مع القوی الثوریة العربیة (الممثلة للجماهیر الکادحة) المؤمنة

بحق الشعب الكردى فى تقرير المصير اولا ومن ثم مع القوى الوطنية والتقدمية الاخرى.

التلاحم الكفاحى فى ساحة النضال الفعلى هو الاساس والجوهر والتجمع الوطنى العراقى هو الاطار الوطنى العام.

٣. الالتحام الكفاحى مع القوى التقدمية الكردستانية فى ايران وتركيا والاستعداد لمختلف الاحتمالات باعتبار كردستان وطننا المجزأ وباعتبار ان استنهاض جماهيرها وتنظيمها وتوعيتها هو مهمة مشتركة لجميع الاحزاب الكردستانية التقدمية.

قواعد العمل: *

١. ايجاد وحدات مسلحة صغيرة ومتحركة تتألف من خيرة العناصر الثورية، الواعية والشجاعة، مهمتها الرئيسية فى المرحلة الراهنة هى: الدعاية السياسية، التوعية، التنظيم، التحريض الجماهيرى، رفع معنويات الناس، وحماية الكوادر والعناصر الثورية الهاربة من المدن.

٢. تتجنب هذه الوحدات قدر المستطاع الاصطدام بالقوات المسلحة للعدو حتى تحين اللحظة المناسبة وتدق ساعة الانتفاضة العامة.

٣. تنتقل العناصر الواعية والمقدامة الباسلة الموجودة فى الخارج الى الداخل تدريجيا، وتخلق لها قواعد سرية ومتنقلة، وتوجد ارتباطات واتصالات بالمنظمات الموجودة وتساعد على تنظيم الجماهير حيث لا يوجد تنظيم.

٤. يؤلف الرفاق - فى الداخل - وحدات مسلحة تقوم بنفس المهام فى مختلف انحاء البلاد، وتأمر تنظيمات الداخل رفاقها والعناصر الثورية القريبة منها بالامتناع عن اطاعة اوامر الحكومة بنقلها الى خارج المنطقة بل تلتجأ الى الجبال لنفس الغرض.

٥. ارسال الاسلحة والذخيرة الى الداخل لتوزيعها على الرفاق وخزنها فى اماكن سرية ومخفية.

٦. ايجاد قيادة مركزية موحدة لقيادة وتنسيق فعاليات الوحدات المسلحة فى مختلف المناطق مع مراعاة مبد اللامركزية فى حرب الانصار فى التنفيذ والتكتيك والمركزية فى الخطة العامة والستراتيجية.

٧. تشغيل الاذاعة وتوفير اجهزة لاسلكية واستحصال بعض انواع الاسلحة كالصواريخ المعادية للدروع والطائرات.

بعض المستلزمات الاخر:

١. توفير دعم خارجى سياسى ودعائى - مادى و معنوى.

٢. توفير مقدار من الاموال والذخيرة تكفى لمدة سنة لحرب انصار محدودة ومتحركة.

٣. ضمان مساندة قوى عربية (بعثية وناصرية) على الاقل، فضلا عن التلاحم الجدى مع القوى الثورية العراقية.

المقترحات المضافة:

١. ارسال عناصر قيادية الى الداخل و عنصر الى تركيا.
٢. ارسال بعض اخواننا العرب مع الوجبة الثانية.
٣. السعى لتامين خط الامداد - التموين والذخيرة -
٤. تأمين معيشة الذين يرسلون الى الداخل.
٥. وضع خطة زمنية للوجبات وارسالها الى الوطن.
٦. الانتفاضة يجب ان تعلن وتبدأ من الداخل.

به هه‌مان مه‌عنا، مامجه‌لال نامه‌ی بو هه‌مو خه‌ته‌كانی ریكخستنه‌كانی ناو ولات نوسی. داوای لی كردن مه‌فره‌زه‌ی «به چونایه‌تی باش و به چه‌ندایه‌تی كه‌م» بنیرنه شاخ و، تیپی پروپاگانده‌ی سیاسی «فرق الدعایه المسلحه» له سه‌رانسه‌ری كوردستان دا پیك بهینن.

سه‌ركردایه‌تی ئه‌م پوله پیشمه‌رگه‌یه كه بریتی بون له ٣٧ كه‌س و، دابه‌ش كرا بون به سه‌ر ٤ مه‌فره‌زه‌دا، ئه‌بو ئیبراهیم عه‌زو بیكا. ئیبراهیم له عه‌شیره‌تی گه‌رگه‌ری بو. ده‌رچوی كلیه‌ی هندسه‌ی زانستگای موسل بو. له سه‌ر حسابی جه‌یش خوینند بوی. له سالانی خویندن دا هات بوه ریزی كومه‌له‌وه. كه خویندنی ته‌واو كرد بو به ئه‌فسه‌ر له جه‌یشی عیراق دا، بو ده‌وره‌ی فیربونی ساروخ نیردرا بو سوفیت و میصر. گه‌یشت بوه پله‌ی «نقیب مهندس». گه‌نجیكی روشنبیر و زیره‌ك و وریا بو. سورانیه‌كی ره‌وان له هاوریكانیه‌وه فیر بو بو. روح سوك و قسه خوش و گورجوگول بو. دوای ئاشكرا بونی ریكخستنه‌كانی كومه‌له، ئه‌میش له گه‌ل ئه‌نوه‌ر شاكه‌لی و ئیبراهیم عبد علی، له به‌غداوه چوبونه ره‌مادی و به پی له سنور په‌ری بونه‌وه بو سوریا. ئیبراهیم له قامیشلی مابوه بو كاری سیاسی و پیشمه‌رگه‌یی له ناو كورده عیراقیه‌كانی ئه‌وی دا.

پیشمه‌رگه‌كانی ئاماده‌كرا بون بو گه‌رانه‌وه، له ناو هیزه‌كه‌ی ئه‌وی دا هه‌لبژیردرا بون و، عه‌زه‌ت ئیسماعیل شه‌نگاری و، عه‌بدولجه‌بار مه‌لا غه‌نی سندی، عومه‌ر ئیبراهیم ره‌شید، عه‌بدولره‌حمان حه‌سه‌ن دانرا بون به فه‌رمانده‌ی مه‌فره‌زه‌كانیان. زوریان پیشمه‌رگه یا كادر بون له شورشی ئه‌یلول دا، شاره‌زای ناوچه‌كانی بادینان و، ئاشنای خه‌لكه‌كه‌ی بون.

مامجه‌لال چو بو قامیشلی بو به‌ری كردنی یه‌كه‌مین وه‌جبه‌ی پیشمه‌رگه‌كان به سه‌ركردایه‌تی ئیبراهیم عه‌زو به‌ره‌و كوردستان. پیشمه‌رگه‌كان به وره‌یه‌كی به‌رزه‌وه، كه

ئەتوت ئێچن بو شایی و زەماوەن، خواحافیزیهان لە مامجەلال کرد بو.
نەجمەدین بیوکقەیا(نەجو)، کە ئەوسا لە ناو ئێمەدا بە سەلاح ناسراو بو، ئەم پۆلە پیشمەرگەیەی گەیاندەوە کوردستانی عیراق.

*

باسی سەرەتای کارەکانی یەکیتی بێ باسی نەجو ناتەواو دەرئەچێ.
نەجو سالی ١٩٤٣ لە شاری ئورفای کوردستانی تورکیا لە دایک بوبو. لە سالانی ١٩٦٦-١٩٧١ لە زانکوی ئیستەمول خوێندکاری زانستگای حقوق بو.
خوێندکارانی ناوچە کوردنشینەکانی روژهەلات چەند یانەیەکی کومەلایەتیهان لە ئیستەمول دامەزراند بو. ئەم یانانە بوبون بە ناوەندی چالاکی سیاسی. هوشی کوردایەتی بوژاندبوه. نەجو یەکی لە هەرە چالاکەکانی ئەم یانەیە بو. ماوەیەک بو بە سەروکی یانە. هەر ئەوسا چوبوه ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاوە.
سالی ٧١ دامەزراوی جەنگیی تورک، بو راگرتنی گەشەکردنی چەپ و سەرکوتکردنی چالاکی کورد، کودەتای کرد و، باری ناناسایی لە تورکیا راگەیاند. ژمارەیەکی زور سیاسی و تیکوشەری تورک و کوردیان گرت. فەرمانی گرتن بو نەجو دەرچو. نەجو چوە کوردستانی عیراق بو لای د. شڤان.
د. شڤان ناوی نهێنی د. سەعید قرمزتوپراخ بو. لەو کاتەدا پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (پ د ک ت) بو بو بە دوبالی چەپ و راست. بالی چەپی د. شڤان و، بالی راستی سەعید ئالچی رێبەریان ئەکرد. بنکەی هەردوکیان لە کوردستانی عیراق بو. بارزانی بو رازی کردنی تورک سەعید ئالچی کوشت و، بە سەر د. شڤانی دا هێنا. بەو بیانوەوە شڤانیشی کوشت. هەردو سکرتێر کوژران. نەجو و، زور لە تیکوشەرانی تری کوردستانی تورکیا ئاوارە بون. نەجو بو چیکوسلوڤاکیا و، لەویوە چو بو سوید بو بە پەنابەری سیاسی. سالی ٧٤ هەلبژاردن لە تورکیا بو. حکومەتی تورک «لیبوردنی گشتی» بو هەمو ئەوانە دەرکرد کە لەبەر هوی سیاسی گیرا بون یا هەلات بون. نەجو گەرایەوە بو تورکیا. لە گەل هاوریکانی کەوتنە ریکخستنەوەی پارتی. ریکخراویکی قانونی ئاشکرایان بە ناوی دەدەکادە وەکو چەتر بو حیزبەکەیان دروست کرد. نەجو دیسان لە ریزی هەرە چالاکەکانی حیزبە نهێنیەکەو ریکخراوە قانونیەکەش بو. هەرزو دیسان فەرمانی گرتنی بو دەرچو.
یەکیتی لە دوای دامەزرانی لە گەل هەمو حیزب و ریکخراوە سیاسیەکانی سەرانسەری کوردستان پیوەندی کرد بو. لەوانە ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی

تورکیا. نەجو بە نوینەرایەتی حیزبەکەیان هاتە سوریا. ئەوسا حیزبەکەیان سکرتاریەتیکی ۳ کەسی هەبو ئەم یەکیکیان بو.

ناوچە سنورییەکانی کوردستانی تورکیا گرنگیەکی ژیانیان بو یەکیتی هەبو. یەکی لەو یاسانەی کە لەگەڵ ئەم حیزبەو زور لە ریکخراوەکانی تر کرا هاوکاری سیاسی و، یارمەتیدانی تیکوشەرانی یەکیتی بو گەرانەوە بو کوردستانی عیراق.

هاوکاری نیوان هەردولا بە زویی دامەزرا و بە هیز بو. سەرکردایەتی حیزب، وای تیدەیھا ئەکرد، کە خوی بو شورش ئامادە ئەکا. یەکیتی زور لە پیویستییەکانی بو دابین کردن. ئەوسا ئەوان بوبون بە ریکخراویکی سیاسی گەورەو فراوان. لە پیشەوە بە گەرمی هاوکاری یەکیتییان ئەکرد و، نەجویان تەرخان کرد بو پیوەندی لە گەڵ یەکیتی. لە دوایی دا خاو بونەوە، خویان لە هەمو جورە هاوکارییەک ئەدزییەوە ئەترسان، وەکو خویان ئەیانوت: یەکیتی ئوشی «تەعلوکە» یان بکا و، حیزبەکەیان پیش وەخت بەر هیرشی دەزگاکانی تورک بکەوی.

نەجو زورجار ئەهات بو سوریا. چەند جاریکیش بو کاری حیزبەکەی خویان چو بو لوبنان. ئیبراهیم عەزو و هاوریکانی بە ریبەری ئەم چونەوە بو کوردستان. منیش لە گەڵ نەجو چوم بو تورکیاو لە دیاربەکر لە یەکتری جیابوینەوە. نەجو لە گەڵ حەسەن خوشناو چون بو ئەستەمول بو پیشوازی و هینانەوەی مامجەلال بو کوردستان. چەندین وەجبە چەکی لە سوریاوە بە ناو تورکیا گەیاندە دەست یەکیتی. کوردیکی راستگو، جوامیر، تیگەیشتو و، هەتا بلی ی ئازاو لە خوبوردو بو. لە گەڵ سەرکردایەتی حیزبەکەی سەبارەت بە هەلویستی لە یەکیتی و خوئامادەکردن بو شورش و هەندی مەسەلەی تر تیکچو. ئەیتوانی بەشیکی گەورەی ریکخستنەکە لە گەڵ خوی جیا بکاتەوە. ئیمە لامان وابو تازە خەریکە کوردایەتی لە تورکیا ئەبوژیتەوە. ئەو حیزبە هەلویستی هەرچونی بی لە ئیمە، ئیمە بە چاکی نازانین ریزەکانی تیک بچی. روداوەکانی تورکیا راستیی هەلسەنگاندنەکانی نەجوی سەلماند. نەجو لە دوای کودەتاکەی سالی ۸۱ گیرا و، لە روژی ۲۲ی ئوکتوبەری ۱۹۸٤ دا لە زیندانی دیاربەکر کوشتیان. نەجو کادریکی خاوەن تەجروبەی بە نرخ بو بو کوردستانی تورکیا. مەخابن بەو جورە لە ناوەختا کوژرا..

نەجو بیرەوەرییەکانی خوی نوسیوەتەوە. لە ناو بیرەوەرییەکانی دا بەشیکی زوری بو یەکیتی و قەم تەرخان کردوە. روداوەکانی زور بە وردی نوسیوەو، بیروڕای خوی بە رونی لە سەر دەربریون. کە ئەهات بو شام بە زوری میوانی من ئەبو. بەلام نەمئەزانی بیرەوەرییەکانی تومار ئەکا.

ئەجىو لە یادداشتەکانی دا سەفەری ری ی هات و ئەهاتەی ئیبراهیم عەزو و هاوریکانی و، دوایەتر کوژرانیانی بە دریژی گیراوەتەوە.
لە کوردستانیش ئیتر دەستیان کرد بە ناردنی مەفرەزە و چونە شاخ.

*

نامەکانی لە د. خالیدەوە ئەهات، هەروەها نامەکانی کاک ئارام هەمویان پی یان لە سەر دەسپیکردنەوەی خەباتی چەکدار دائەگرت. د. خالید لە نامەیەکی دا نوسی بوی: «دواکەوتن بە قازانجی دوژمنە، کاتی دەسپیکردن هاتوە...» نامەکان رەنگە لە ئارشیفەکەی مامجەلال دا مابن. لە راستی دا ئیمەش هەمو خومان بو دەسپیکردنەوەی خەباتی چەکدار ئامادە ئەکرد و، من خوم هەر بو ئەو مەبەستە هات بوم بو سوریا.
لە شام چەند کوبونەوەیەک کرا بو جور و کاتی دەسپیکردنەوە. مامجەلال کوبونەوەکانی ریک ئەخست، ئیمەش: د. فوئاد مەعصوم، عەبدورەزاق فەیلی، عادل موراد، مونذیر نەقشبەندی، عەلی سنجاری و، من بەشداریمان ئەکرد.
لە جزیرە چەند مەفرەزەیەک ئامادە کرابون بو گەرانەوە. عەلی سنجاری لە کوبونەوەکان دا هەمیشە پی ی لە سەر ئەوە دائەگرت کە یان ئەو مەفرەزانە نەگەرینەوە بو کوردستان، یان ئەگەر گەرانەوە ئەبی خویان لە ق م بپاریزن و، زور وریا بن، چونکە بە هەمو تواناپەکیانەوە لی یان ئەدەن.
ئەوسا ئیمە باوەرمان نەئەکرد بنەمالەی بارزانی زات بکا چەکدار بنیریتە سەر پیشمەرگە، یا ئەگەر بیەوی دوای ئەو ئاشبەتالەی ئەوان کردویانە کەسانی هەبن بە قسەیان بکەن و، پیشمەرگەیان بو بکوژن. بوچونەکەی عەلی سنجاری لە شارەزایی و ئاگادارییەوە بو، بوچونەکەی ئیمە لە خوشباوەرییەوە بو.
مامجەلال نامەی بو کومەلە و بو خالید سەعید و عەلی عەسکەری نوسی کە دەس بکەن بە ناردنی مەفرەزەکان بو شاخ. لە سوریاشەوە چەند مەفرەزەیەک ئەنیرن بو بادینان. بە تەما بوین ئەوان ناوچەی سوران ئاوا بکەنەوە، ئیمەش بادینان و، بەمجورە هەردو لا یەک بگرینەوە.
سەرەتای مانگی حوزەیران مەفرەزەکانی بادینان بە هوی ئەجو وە بەرەو کوردستان بە ری کەوتن. د. خالید و کومەلش بە دریژایی مانگەکانی حوزەیران تا مانگی تشرینی دوەم خەریکی ریکخستن و ناردنی مەفرەزەکان بون. دەیان مەفرەزە لە سەرانسەری کوردستان دا بلاو بونەوە.
لە دروستکردنی هیزی پیشمەرگەدا بە دو جوری جیاواز کاریان ئەکرد:

سەرانی کومەلە، پەیوەندیيان لە گەل تەفسەرە گەنجەکان کرد بو. پیشمەرگەکانیان بە زوری لە خەلکی شارەکان دروست ئەکرد و ئەیان ناردن بو دەرەوە.

سەرانی بزوتنەوە، دانیشتوانی لادیکان و عەشائیریان ساز ئەدا و، پاش ئەوەی کە خویان چونە شاخ، هیزی چەکداریان لی پیک هینان.

زوری ئەخایاند سەدان کەس لە کەسانی ناوداری عەشائیر هاتنە ریزی پیشمەرگەوە. بایزی هەباس ئاغاو کویخاکانی ئاکو، بالەبیان، عەلی حەسەن ئاغا و کویخاکانی مەنگور، مامەش، دولی جافەتی، شینکایەتی، بە کومەل هاتنە ریزی پیشمەرگەوە. هیزیکی گەورەیان پیک هینا. دەیان بارەگایان دانا. مەفرەزەکانی کومەلە لە چاو ئەوان دا بو بون بە کەمایەتی.

یەکیتی بە بونەی دەسپیکردنەوەی خەباتی چەکدارەوە بەیانیکی بە ناونیشانی «النصر للثورة العراقیه المندلعه فی جبال کردستان» بلاو کردەوە. بەیانەکە مامجەلال نوسی بوی. لەو کاتەدا من لە دیرکی بوم.

ئەمە پەژارەی بو قم و بو بەعس دروست کرد. هەردولایان بە خو کەوتن قم بو تیکدانی و، بەعس بو کوژاندنەوەی.

قم لە تەهرانەوە جەوهەر نامیق و کەریم سنجاریيان بو ناوچە سنوریيەکانی تورکیا و، محمد قادر (کەمال کەرکوکی)، شیرکوی شیخ عەلی سەرگەلو، فاضیل جەلال (عادل) یان نارده ناوچەکانی سوران. کاری سەرەکیيان تیکدانی شورشەکە بو.

کەمال و شیرکو و فاضیل، بە پارە و مەسئولیەت، سەدان کەسیان هەلگیرابوە و، هەندی ناوچەیان بە تەواوی تیک دا. چەندین کەسی وەکو فەقی سمایلی باخیان، ستاری سەعید خەلەف، عەبدولەلیکیان هەلگیرابوە و، لە هەمان کات دا دەستیان ئازاد کردن چون لە گەل خەلک رەفتار ئەکەن بیکەن. بەمەش خەریک بو چارەی پیشمەرگەی نوی بە تەواوی لە بەرچاوی خەلک ناشیرین و دزیو بکەن.

جەوهەر نامیق و کەریم سنجاریش، مەفرەزەکانی بادینانیان تەفروتونا کرد.

حیزبی بەعسیش، بە ئاشبەتال ئەوەندە بایی بوبو، لای وابو جاریکی تر شورشی کورد نابیتەوە. لە سەرەتادا مەسەلەکەی بە هەند نەگرت. تەنانەت صەددام جاریکیان لە باسی گفتوگو دا لە گەل مامجەلال بە جورج حەبەشی وت بو: «جەلال دارخورما لە سەری ئەروی بەلام جاریکی تر ناتوانی حەوت کەس بنیریتە شاخ».

لە حوزەیرانی ٧٦ وە تا مارتی ٧٧ جەیشی عیراق هیچ لەشکرکیشیەکی ئەوتوی نەکرد و، هیچ پەلاماریکی گرنگی پیشمەرگە و بنکەکانی نەدا. پیشمەرگەش

هیشتا لە قوناغی خوسازدان دا بو لە بەر ئەوە خوی لە پەلاماردانی هیزەکانی حکومەت لا ئەدا.

سەرکردایەتی بەعس لە پیش بەهاردا بە چەند حەفتەیەک کەوتە خوسازدان و دانانی نەخشەی پەلاماردان. ئیسماعیل تایە ئەلنعیمی راسپیردرا شورشی ئەمجارەی کورد بکوژینیتەوە.

*

کیشەی ق م

کە ی ن ک دامەزرا ئەوسا بارزانی و سەرانی پارتی لە تیهران بون. بارزانی لە چەند جیگا بە ئاشکراو بە نهینی ئەیوت: دەوری ئەو تەواو بوە. زەرفی دەولی خراپە. کورد ناتوانی و نابی هیچ بکا.

پارتی هیچ چالاکییەکی نەمابو. بەشی لە ئەندامەکانی کومیتەی ناوەندی و، سکرتیری حیزب، گەرابونەوە عیراق. هەندیکی تریشیان لە تیران بون. ئاشبەتال بوشاییەکی سیاسی گەورەی لە جولانەوەی کوردا دروست کرد بو. کە یەکیتی دامەزرا ئاسویەکی روشنی بو تیکوشەرانی کورد کردەوە. زوری پی نەچو یەکیتی پەرەی سەند. ریکخستنی لە سەرانسەری ئەوروپا دامەزراند. بەشیکی زوری ئەوانەی پەنایان برد بوە بەر سوریا ریکخران. پیوەندی لە گەل هەندی لە کادرە چالاکەکانی لە ئیران بون دامەزران. هەندی لە ئەفسەر و کادرە سیاسییەکان لە ئیرانەوە بە فروکەو هەندیکیان بە پی بە ناو تورکیادا هاتنە سوریا.

جموجولی یەکیتی ساواکی سلەماندەوە. ترسان ئەو بوشاییە سیاسییەی بە ئاشبەتالی بارزانی و سەرانی پارتی دروست بوە، بە ریکخراویکی چەپی دژی تیهران پر ببیتەوە. بە تایبەتی یەکیتی لە سەرەتاوە بە هیرش بو سەر شا و رژیمی ئیرانی دەستی پی کرد. بارزانیش ئەترسا سەرکردایەتی لە دەس دەربهینری. چەند جاری ئیدریس هەوالی بو مامجەلال و سەرکردایەتی یەکیتی ئەنارد: «کە ئەگەر شورشیان پی نەکری، شورشیان پی تیک ئەدری» داوای لە سەرانی یەکیتی ئەکرد جموجول نەکەن.

بنەمالەی بارزانی بە هاوکاری ساواک کەوتنەوە خوریکخستنەوە.

یەکەمین چالاکیان ئەوەبو لە دەوروبەری گرتنی کونگرەی کومەلەی خویندکاران دا طارق عەقراوییان بە پارە و بەیاننەوە ناردەوە بو ئەوروپا. طاریق لە گەل خوی مسودەی بەیانیکی کالوکرچی هینابو بە ناوی «ولقی دەرەوە» ی پارتییەوە بە عەرەبی نوسرابو. هوی شکستی شورشی کوردی گیرابوەوە بو «عاملی جوغرافی مەشئوم». دوای ئەوە ئیتر

بنەماڵەی بارزانی بە ناوی قم مەوە کەوتە چالاکی. ئێران ڕێگای سامی دا بێتە ئەورووپا سەرپەرشتی ڕێکخستنەوەی پارتی بکا. سامی بە موافەقەتی بنەماڵەی بارزانی سەرکردایەتیەکی بۆ پارتی دروست کرد بۆ بە ناوی قم مەوە پێکهاتبوو لە ئیدریس و مەسعود، جەوهەر نامیق، عارف تەیفور، کەریم سنجاری، محەمەد حەمە ڕەزا، ئازاد خەفاف، ئازاد بەرواری، غازی زێباری، وریا سەعاتچی، فاضیل جەلال، ئەورەحمان بیداوی، کەمال کەرکوکی، شێرکۆی شێخ عەلی...

ئەمانەیان دابەش کرد هەندێکیان بۆ تورکیا، هەندێکیان بۆ ئەورووپاو، هەندێکیان بۆ کوردستانی عێراق. ئەرکی سەرەکیەیان دوژمنایەتی یەکێتی و تێکدانی کارەکانی یان وردتر وەکو ئیدریس وتبوی: «تێکدانی شۆڕش بۆ مادەم خۆیان پێیان ناکرێ».

ڕاستیەکەشی قم گیروگرفتێکی ڕاستەقینەو گەورەی بۆ یەکێتی دروست کرد بۆ لە هی عێراق و ئێران و تورکیا گەورەتر بوو. ئەمان بە ناوی پارتی پێشڕەو و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشەوە کاریان ئەکرد و، ناوبانگی بارزانی و پارتی و شۆڕشی کوردیان بەکار ئەهێنا بۆ دوژمنایەتی یەکێتی.

١. جەنگی پڕوپاگاندەیان دژی یەکێتی و سەرکردەکانی بە تایبەتی مامجەلال دەس پێ کرد.

٢. لە سەر سنوری تورکیا کەوتنە چالاکیەکی زۆر بۆ هاندانی عەشیرەتەکانی ئەوی دژی یەکێتی و، بۆ ڕێگرتن لە هاتوچۆی تەتەر و پێشمەرگەکانی یەکێتی.

٣. باوەڕپێکراوانی خۆیان نارده ناو ڕیزی پێشمەرگە و ڕێکخستنی یەکێتی بۆ کلۆر کردن و تێکدانی لە ناوەوە.

٤. ئەندامەکانیان فێر کرد بۆ بێ شەرم و شورەیی هاوکاری لە گەڵ دەزگا موخابەراتیەکانی ناوچەکە: ساواک، میت، موخابەراتی سوری.. بکەن بۆ پاراستنی خۆیان و زمانداان لە ئەندام و دەستەکانی یەکێتی.

٥. هەڵگێڕانەوەی کادر و پێشمەرگەی یەکێتی لە کوردستان بە پارە و پلەی مەسئولییەت و، ئازادکردنی دەستیان بۆ ئەوەی چییان بوی بیکەن.

٦. ڕاسپاردنی کادرە عەسکەریەکانیان بۆ دروستکردنی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستیخباراتی عەسکەری عێراق بۆ ڕاوی پێشمەرگە.

سوریا بۆ یەکێتی گرنگیەکی زۆری هەبوو. بنکەی کۆبونەوەی کادر و پێشمەرگەکانی دەرەوەی بوو. سەرچاوەی چەک و تەقەمەنی بوو. جێگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی بوو. بەلام لە بەر ئەوەی سنوری عێراق و سوریا

وا نامەیەکم بە هوی ئیوەوە بو کاک ئیدریس و کاک مسعود هنارد هیوام وایە پی یان بگەیەنیت و ئومیدیشم زورە کە ئیوەش هوی چاکە و خیر بن لە نیوان دا.

بە راستی رەفتار و کرداری تاقمی کەریم سنجاری و جەوهەر نامیق لە تورکیا گەیشتوتە رادەیەک چیکە خومان پی ناگیری لە عاستیان دا. ئەمە شەری براکوژیە. ئەمە ئیملاتی حەربە لە سەرمان.

ئیمە ئەمانەوی دژی بەغدا شەر بکەین، شورش بکەینەوە، بویە هەمو کوردیکی دلسوز ئەبی یارمەتیمان بدات. ئەوەی کوسپ بخاتە ئەم ریگەیە، بەربەرەکانی بکات، هەر تەنها خزمەتی ئەم پلانە ئیمپریالیستیە - شوفینییە ئەکات کە شورشەکەی دوایی پی هینا.

جا هیوام وایە کە توش لە گەل کاک مسعود قسە بکەیت کەوا: خیلافی سیاسی نیوانمان ئەکەنەوە شەری براکوژە، یا بە ریگەی سیاسی، ریگەی نوسین و رەخنە و، پەنا بردنە بەر جەماهیری گەل لایەلا بکەین. ئەم جورە کردەوانە کە راستەوخو بە یارمەتی تورکیە و لە بەر چاوی کاربەدەستانی تورانی ئەکریت ریسواکردنی زوری تی ناچیت، بەلام ئیمە نامانەوی بگاتە ئەم رادەیە بویە تکای زورم هەیە لە سەرەتاوە چارسەری ئەم مسئلەیە بکەن بە منع کردنی تاقمەکەی تورکیا لە بەرهەلست کردنی هاتوچوی خەلک بو لامان، لە ماوە دان بە پەناهەندەکانی دین بو لامان لە ئیرانەوە، لە بەرەللا کردنی ئەوانەی گرتویانن، لە ریگە نەگرتن لەوانەی هاتوچوی لای ئیمە ئەکەن لە بادینانەوە. چونکە ئەمە دەوری ژەندرمەی تورکی و شورتەی عیراقە.

بو میژو، بو دواروژ، ئەم نامەیەتان پیشکەش ئەکەم وە ئەتانخەمە رو لە گەل مسئولییەتی میژویی دا.

هەر خوش بن   برای دلسوزتان

مام جەلال

- نامەی دوەم:

١٩٧٦/٨/١٤

برایانی بەریز: کاک ئیدریس و کاک مسعود

سلاویکی گەرم

هیوام وایە ساغ و سەلامەت بن.

لەم زوروفە نالەبارەدا کە گەلەکەمان پی ی دا تی پەر ئەبیت زور بە پیویستم زانی

لەم راستییانەی خوارەوە ئاگادارتان بکەم وە بتانخەمە بەردەم مەسئولیەتی مێژوویی خوتان.
دامەزراندنی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان بو ریکخستنەوەی ریزەکانی گەلەکەمان و هینانەوە جوش و خروشی هیزەکانی شورشی کوردستان بو. لە پاش ماوەیەکی، لە چاو خوی دا کەم، توانرا کە خو سازدان بو دستکردنەوە بە شەری پارتیزانی و بەشیوەی نوی بگاتە رادەیەک بتوانریت سەدان پیشمەرگە ئامادە بکرین لە ولات داو، سەدانیش لە دەرەوە. ئەوانەی دەرەوە زورتر بو یارمەتی دان و یارمەتی گەیاندن بە هەڤالانی ناوەوەیە، ئەگینا شورش وەک هەمو جورە خەباتیکی تر هەر لە ولات ئەکری.
هەلسانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەم فرمانە میژوویینەی خوی جیگەی بایەخی هەمو دلسوزیکی کورد و کوردستانە وە لە لایەن زوربەی زوری گەلەکەمانەوە پیشوازییەکی گەرمی لی ئەکریت، بە تایبەتی سەبارەت بەو دواهینانە بی جی و ری یەی سەرکردایەتی شورش بە خەباتی سیاسی و عەسکەری هینا، هەروەک لە ئازاری ٧٥ بە تصریحاتی تەلەفزیونی و صحفی جەنابی بارزانی بو روژنامەی رستاخیز بە سەربەستی دەرتان بری. جا لەم کاتەدا دو مەسەلە خویان قوت ئەکەنەوە لە بەرامبەرمان دا:
یەکەمیان، ئەمەیە کە هەمو هیز و تاقم و کوردیک ئەبی هەلویستی خوی دیار و ئاشکرا کات بەرامبەر بەم هەولەی تاقمیک لە روله جوامیرە لە خوبوردوەکانی کوردستان ئەیدەن دژی حوکمی فاشیستی بەغداد و ئەو پلانە ئیمپریالیستیەی دژی کوردایەتی گیردرا. ئەوانەی یارمەتی ئەم خەباتە تازەیە ئەدەن دلسوز و کوردپەروەرن و، ئەوانەی دژی ئەوەستن، دژی کوردایەتی ئەوەستن، دژی ژیاندنەوەی شورش و بەربەرەکانی «تعریب و تشرید» ی گەلەکەمان و لە ناوبردنی کوردایەتی ئەوەستن، لە ریزی حوکمی بەغداد و پلانە ئیمپریالیستیەکەدان.
دومیان، ئەمە کە پەیوەندی نیوان ئیوە و یەکیتیی نیشتمانی چون ئەبیت؟
هەروەک لە سەرەتاوە بە نامە بو کاک مەسعود نوسراوە و چەندین جار بە زار و بە راسپاردەش عەرزتان کراوە ئیمە لایەنگری یەکیتیی ریزەکانی گەلی کوردین لە سەر بناغەیەکی: نیشتمانیی و پیشکەوتو دژی ئیمپریالیزم و فاشیست و صەهیونیەتی ئیسرائیلی و سەنتو و هیزە کونەپەرستەکانی خومالی. وە زور هەولیشمان لە گەل ئیوە داوە. ئیستەش بەم نامەیە بە ناوی یەکیتیی نیشتمانییەوە عەرزتان ئەکەم کە:
١. بو هاوکاری سیاسی هەر تەنها یەک تاکە شەرتمان هەیە ئەویش پچراندنی

پەیوەندییە لە گەل ئیمپریالیزم (بە تایبەتی ئەمەریکا) و صەهیونیەتی ئیسرائیلی و سەنتو. واتە یەکگرتنیکی نیشتمانی و پیشکەوتوی کوردایەتی مان گەرەکە و بەس.

٢. بو هاوکاری له کوری شەری پیشمەرگانەدا کە دەستمان داوەتی ئیمە ئامادەین لە گەل هەمو کەس و هێز و تاقم و حیزبیک هاوکاری بکەین کە ئامادەی هاوکاری بیت، بەو شەرتەی رازی بیت لە سەر پروگرامی (التجمع الوطني العراقي) کە خەباتەکە لە ژیر ئالاکەی دا ئەکریت.

برایانی بەریزا

ئەوەی جیگەی داخە ئەوە تا ئیستا وەرامی هیچ نامەیەک یا وتاریکی ئیمەتان نەداوەتەوە بە شیوەیەکی سیاسیانە و ئاشکرا. بەلکو وەرامەکەتان بریتی بو لە پروپاگاندەیەکی شەقەوی زور توندوتیژ دژی یەکیتیی نیشتمانی بەگشتی و دژی شەخسی من بە تایبەتی.

ب. ناردنی تاقمیک کەس لە (پاراستن) بو تورکیە تاکو بە هاوکاری لە گەل پولیسی تورک و موخابەراتی تورکی هەرچی ئەتوانن دژی شورشی کوریەی کوردایەتی لە کوردستانی عیراق دا بیکەن وە بو بلاوکردنەوەی هەمو جورە پروپاگاندەیەکی ناڕەوا دژی یەکیتیی نیشتمانی.

ئیستە تاقمەکەی کە لە تورکیان بە ئاشکرا و بە بەرچاوی سلطاتی تورکیەوە بە دەوری: مەنع کردنی خەلک لە هاتن بو سوریە لە ئیرانەوە، هەلئەسن، مەنع کردنی پیشمەرگەی کوردستانی سەر بە یەکیتی لە چونەوە عیراق، وە یان پەیوەندی کردنەوەیان لە گەل براکانیان لە سوریە، گرتن و راونانی ئەو مەفرەزانەی هاتوچو ئەکەن لە نیوان سوریە و عیراق دا.

بیگومان ئەم کارەش راستەوخو بە پیچەوانەی کوردایەتی و خزمەت کردنە بە دوژمنەکانی، بویە هیوامان وایە بە ئەمری ئیوە نەبیت و بە ئاگاداری ئیوە نەکرا بیت.

نمونەیەکی زیندوی ئەم کارە گرتنی ٨ هەڤالی چەکداری هیزی پیشمەرگەی کوردستانە کە لە بادینانەوە ئەهاتنەوە بو سوریە بە کاری گرنگ. وە ئەشکەنجە دان و ئەزیەت دانیان بە شیوەیەکی دڕندانە. ئەم روداوە لە ٧/١٦ دا لە دی یەکی قشوریان قەوماوە.

- ناردنی عەناسیری پاراستن بو ناو ریزەکانی یەکیتیی نیشتمانی لە سوریە بو گیرەشیوینی کردن وە تیک دانی ریزەکانی و دەنگوباس گەیاندن بە دوژمنانی گەلەکەمان. بویە ئەلیم دوژمنانی گەلەکەمان - نەک هەر بە ئیوە چونکە خوتان ئەزانن کە پاراستن لە سەر دەستی موخابەراتی ئیسرائیلی و جیهانی تر تەدریب کراوە بویە دور نیە بگرە و زور نزیکە نوکەرانی ئیمپریالیزم و ئیسرائیلی تی دا خزا بیت وە خەبەر بە دوژمنانی گەلەکەمان

بکەیەنن.

برایانی بەریز!

ریگەی خەبات و شورش لە کەس نەگیراوە و کەسیش ناتوانی بیگریت. ئەگەر ئیوە ئەتانەوی شورش بکەنەوە خو ئەوا دەستی پی بکەنەوە و، ئیمە هیچ ریگەمان لە ئیوە نەگرتوە. ئەگەر تاقمەکەی ئیوە لە تورکیە گەرەکیانە شورش بکەنەوە فەرمو با بیکەنەوە و ئیمەش هیچ کوسپمان بو دروست نەکردون، تەنانەت ئەمانەی لە سوریەوە گەرەکیانە بچنە لایان ئیمە لە کوبونەوەی گشتی داوایان لی ئەکەین بچن و یارمەتیشیان ئەدەین برون بو لایان وەک یارمەتی بورهانی برای جەوهەر نامیق مان دا.

برایانی بەریز!

ئەو کردەوانەی تاقمەکەی ئیوە لە تورکیە لای ئیمە ئیعتیبار کراوە بە اعلانی حرب لە سەرمان واتە دەستکردنەوە بە شەری براکوژی لە دوای راکردن لە شەرکردن لە گەل دوژمنان بویە داواتان لی ئەکەین هەلویستی خوتان بە رونی و ئاشکرا دەربرن: گەر ئەم کارە بە ئەمری ئیوەیە ئەوا ئوبالی شەری براکوژە ئەکەویتە ئەستوتان، ئەگەر بە ئەمری ئیوە نیە ئەوا ئەبی دەستبەجی (حەدیکی جدی) یان بو دانین و ئەمریان بدەنی کە برایانی ئیمە بەرەللا کەن وە واز بینن بە نیهائی لە هەلسان بە دەوری ژەندرمەیی لە گرتن و مەنع کردنی خەلک لە هاتوچون بو لای ئیمە. ئەگینا یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان ناچار ئەبیت هەلسیت بە واجبی مقدسی (دفاع عن النفس) و ئاشکرا کردنی ئەم راستیە بو گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانی عیراق و بو رەئی گشتی روژهەلات و دنیا.

ئەم نامەیە تکایەکی دلسوزانەی برایانەیە بو بەربەستی کردنی هەلگیرساندنی شەری براکوژە لە ناومان دا بو ئەوەیە کە ئەو خیلافە سیاسیانەی نیوان هەردولا بخریتە قالبی سیاسی و دیمانی خوی بە شیوەی رەخنە و رەخنە لە خو گرتن و حواری علنی لە بەرچاوی جەماوەری گەلەکەمان بکریت، نەک بە شیوەی بە گژ یەکا چونی عەسکەری و یەکتر کوشتن و هەولدان بو ئیغتیال کردنی سەرکردەکانی هەردولا.

برایانی بەریز!

هیوام وایە نامەکەم بخەنە چوارچیوەی سیاسی خویەوە نە پارانەوە و نەیە هەرەشەی ئەدەنە قەلەم، بە گفتوگویەکی صریح و بی پیچوپەنای بدەنە قەلەم.

دیسان بانگی ویجدانتان ئەکەم کە دەسکەوتی گەلەکەمان، دەسکەوتی شورشی کوریە و تازەمان، بخەنە سەر هەمو شتیکی تایبەتی. فەرمون بو یەکیتییەکی نیشتمانی پیشکەوتو لە نیوان هەمو هیزەکانی کوردستان و عیراق دا، فەرمون بو هاریکارییەکی

جدی بو ژیاندنەوەی شورش و خەبات دژی حوکمی فاشیستی بەغدا، شان بە شانی هەمو هیزە پیشکەوتوەکانی عیراق، فەرمون بو برایەتی نەوەکا بو شەری براکوژە.

بە هیوای وەرامیکی نوسراو لیتانەوە بە خواتان ئەسپیرم

براتان جەلال تالەبانی

ئاگاداری: لە دوای سەری مانگەوە خومان بە سەربەست ئەزانین لە وەرامدانەوەی رەفتاری تاقمەکەی کەریم سنجاری - جەوهەر نامیق لە تورکیە بە هەمو شیوەیەکی سیاسی، دیعائی،... و هتد. بویە تکایە هەرچی ئەیکەن پیش ئەو ماوەیە بیت.

*

لە جزیرە

چەندین هەزار کوردی عیراق بە تایبەتی خەلکی دهوک، زاخو، تەلعەفەر، سمیل، شەنگار، شیخان دوای ئاشبەتال رویان کردبوە سوریا. ئیلە کوردەکان لەو ناوچەیەدا لە هەر ۳ لای سنوردا لە کونەوە لە گەل یەک پیوەندییان هەیە. لە سەردەمی میرایەتی جزیرەدا، هەندی لە ناوچە کوردنشینەکانی سەر سنوری ئیستای سوریا و عیراق تا شەنگار بەشی بوە لە قەلەمرەوی میری بوتان.

ئەوانەی پەری بونەوە سوریا بە زوری لە گوندەکانی جزیرە دانیشت بون. زوریان لە ناو خزم و ئیلەکانی خویان دا جیگیر بوبون. زوریان بە خیزانەوە هات بون. هەندیکیان پیشمەرگە و هەندیکیان هاوولاتی بون. سوریا ریگای لی نەگرتبون، بەلام وەزعی قانونییان دیاری نەکرا بو. بە «پەنابەری سیاسی» دانەنرا بون. دەزگایەک هەبو بە ناوی «مکتب شوون العراق» سەر بە حیزبی بەعس ئەو سەرپەرشتی ئەکردن. کاغەزی هاتوچوی ئەدانی.

*

د. مەحمود عەلی عوسمان یەکی بو لەوانەی بە دلسوزی خزمەتی شورش و مەلا مستەفای کرد بو، لە سەر ئاشبەتال لە مەلا جیا بوبوە. ئەو کاتەی لە تیران بو لە گەل مامجەلال نامەیان ئالوگور ئەکرد و بە تەلەفون قسەیان ئەکرد. پاش ماوەیەک بە مالەوە هاتە دیمەشق. شەمسەدین موفتی و عەدنان موفتی و قادر جەباری پشی لە گەل هات. ئەمان خویان دەستەیەکی هاوبیرو باوەر بون. د. مەحمود ئامادەیی خوی دەربری بیتە ناو یەکیتییەوە، بەلام ئەیوت لە بەر ئەوەی ئیلتیزامی لە گەل شەمسەدین و قادر هەیە ناتوانی دەستیان لی هەلبگری و، خوی بە تەنیا بیت. لە ناو دەستەی دامەزرینەر و هەندی لە کادرانی دەرەوەشدا هەبون حەزیان لە چارەی شەمسەدین نەئەکرد و، قادریشیان بە

پیاوێکی بەدناو ئەزانی. ئەم تاقمەیان هان ئەدا بینە ناو یەکێتییەوە.

د. مەحمود بە هاوکاری لە گەڵ هاوڕێکانی «اللجنه التحضریه للحزب الدیمقراطی الکردستانی» یان دروست کرد، بەو هیوایەی کادر و ئەندامەکانی پارتی لە خۆیان کۆ بکەنەوە و، سەرلەنوێ پارتی ڕێک بخەنەوە.

یەکێ لە کارە هەرە گرنگ و مێژوویییەکانی ئەم کۆمیتەیە بڵاو کردنەوەی نامیلکەیەک بو بە ناوی «تقییم مسیره الشوره الکردیه وانهیارها والدروس والعبر المستخلصه منها» و، بڵاوکردنەوەی حسابی داهات و خەرجی شۆرش و، پارەی پاشەکەوت کراو بو. تا ئەوسا کەس نەیئەزانی لە کۆبونەوەی شا - بارزانی دا چی وتراوە و، حسابی جولانەوەکە چون بوە.

بنەماڵەی بارزانی زۆر بە خۆ کەوتن. قیادەی موەقەتەیان دامەزران. پارتی بو بە حیزبی ئەم بنەماڵەیە، کادرو ئەندامەکانی پارتی لە ق م کۆبونەوە و، کەسێکی ئەوتۆ لە د. مەحمود و کۆمیتەی ئامادەکردن کۆ نەبوەوە.

*

دوای گەڕانەوەی ئیبراهیم عەزو و هاوڕێکانی بو کوردستان ئەبو من بچم بو ناوچەی جزیرە و، وەجبەی دوەمی پێشمەرگەکان بنێرمەوە بو کوردستان. لە وێ من «دێرکێ» م هەڵبژارد بو شوێنی مانەوەم.

دێرکێ ناحیەیەکی پچوکی ناوچەی جزیرەیە. زۆری ئەو پێشمەرگانەی یەکێتی ڕێکی خست بون لە دێرک و گوندەکانی دەوروبەری دانیشت بون. دێرک کەوتوتە ناوچەی ۳ سنوری عیراق و تورکیا و سوریا. لە نزیک ئەوێ چەمی قیشخابور تێکەڵاوی ڕوباری دیجلە ئەبێ. ناوچەیەکی دەشتاییە. چاندنی دانەوێڵە بەروبومی سەرەکییانە. ئاژەڵداریش ئەکەن. حکومەتی سوری ناوی دێرکی کرد بو بە «مالکیە» هەروەها ناوی کوردی هەمو گوندەکانی گۆڕی بو بە ناوی عەرەبی.

چەند مانگێ بو چوبومە دێرک. لەوێ بارەگایەکم دانا بو. هەندێ لە پێشمەرگە سورانییەکانیش لەوێ بون. لەوەش چەند مەبەستێکم هەبو:

- شارەزای پێشمەرگەکان ببم و بیانناسم.

- ئەویمان کرد بو بە بنکەی گوێزانەوەی چەک لە ناو تورکیاوە بو سەر سنوری عیراق.

- ڕێگای هاتوچۆ بو ناو عیراق بدوزمەوە.

قم دەورێکی زۆر خراپیان هەبو لە تێکدانی ڕیزەکانی پێشمەرگەکان و، تەنانەت لە

رەفتاری سپاسبیان دا. فێری هەڵاتن و تفەنگ فڕاندن و دوورویی و دوزمانیی و جاسوسیان ئەکردن. ئەیانویست گومان و بێ بڕوایی لە ناو ریزەکانمانا بڵاو بکەنەوە.

*

بارەگاکەمان لە دێرکی خانویەکی لە قوڕ دروستکراو بو، لە کۆڵانێکی قیرتاو نەکراودا. دێرکی شارێکی بچوکی دواکەوتوی پشت گوێ خراو بو. چەردەیەکی زۆر چەکی جوراوجور و، مین و، تی ئێن تی، تی دا هەڵگیرا بو. ئەترسام، دەستی تێکدان، ئاگر لە خانوەکەمان بەر بدات یا شتی بتەقێنێتەوە و، ماڵەکەمان ئاگر بگری و، ببێتە هوی تەقاندنەوەی هەمو گەڕەکەکە. ناوچەکە زور نزیک بو لە عیراقەوە. قیادەی مووەقەتیش کنەی لە هێزەکەمان دا کرد بو. ناو بە ناو پێشمەرگەمان رایان ئەکرد بو تورکیا و چەکیان ئەفڕاندین. لە بەر ئەوە بو ئێشکی ماڵەکە ناچار بوم زور بە وریایی پێشمەرگە هەڵبژێرم و، تەنیا ئەوانەم دائەنا کە زور لێ یان دڵنیا بوم.

بارەگاکەمان دو کەسی خوشی لی بو، نمونەی دو کەسایەتی جیاواز بون: مامە زەبیا و یونس. مامە زەبیا دیان و، بە ریچەڵەک تیاری بو. ماوەیەکی درێژ پێشمەرگایەتی کرد بو. خواردنی بو دروست ئەکردین. یونس خوشناو بو خەڵکی شەقڵاوە بو. ژمارەیەکی زور رادیو شکاوی کو کرد بوەوە، گوایە پارچەکانی بە کار ئەهێنان بو چاکردنی رادیو و رێکوردەری تر. پی نەئەچو هیچ شارەزاییەکی، لەم پیشەیەدا، هەبێ. زور رادیوی خراپ کرد. جەماعەت گەرستەیەکیان دەس کەوت بو خویانی پێوە خەریک بکەن. یونسیان هەڵئەدا و لە گەڵ مامە زەبیا بە شەڕیان ئەدان.

لە منالیەوە حەزم لە پەروەردەکردنی گوڵ و، راگرتنی مەل و، گیان لە بەر، ئەکرد. ئەمانە لەو سەرگەرمیانەی من بون، کاتی بێکاری و بەتاڵیم پی بەسەر ئەبرد و، حەسانەوەی دوای ماندبونیان پی ئەبەخشیم. لە حەڵەب چەند کەوێکی تۆرم کری و، لە گەڵ خوم بردمەوە بو بارەگاکەی دێرکی و، لەوی دامنان بە هیوای ئەوەی بە شینەیی کەویان بکەم. بو کارێکی پێویست ئەبو بچم بو قامیشلی. کەوەکانم بە یەکی لە پێشمەرگاکان سپارد تا خوم ئەگەڕێمەوە ئاگای لێیان بی. چەند روژی لە قامیشلی گیر بوم. کە گەڕامەوە کەوەکان نەما بون. پرسیم: «چییان لی هاتوە؟» وتیان: «پشیلە خواردویەتی».

زورم پی ناخوش بو بەو هەمو پێشمەرگەیە نەیانتوانی بو چەند کەوێ لە پشیلە بپارێزن. زوری لە سەر رویشتم و، زورم توانج و تەشەر لی دان. سەرەنجام یەکێکیان درکاندی کە پشیلە کەوەکانی نەخوارد بو، بەڵکو کوریک سەری بڕی بون، ناوی رەئوف بو. زور زیاترم پی ناخوش بو، چونکە: یەکەم، ناتەمینی و بی زەوقی رەئوفی ئەگەیاند و،

دوەم، شاردنەوەی رووداوەکانی ناو مالەکە لە من، بە رەفتاریکی نا دروستم ئەزانی.

رەئوف خەلکی دوزی لای کەرکوک بو لە ئیرانەوە هات بو. بو هەندی کاروبار ناردمانە ناوچەی هەکاری لە تورکیا. لە دی یەک مایەوە و، ئیتر لەوێ جیگیر بو.

لە گەل خوم جوتی پیلاوی شاخەوانی نەمسایبم برد بو. چەرمەکەی ئەستور بو، ناوبەناو پیویستی بە چەورکردن هەبو. تیوبیکی کریمم لە تاقیکی ژوورەکەم دا دانا بو. پاشماوەیەک دەسم لی دا خەریک بو تەواو ئەبو. بە لامەوە سەیر بو چونکە خوم بەکارم نەهینا بو. پرسیم: «کی بەکاری هیناوە؟». لە پیش دا کەس نەچوە ژیری. دوایی حەسەن خوی دانی پی دا نا کە ئەو بە کاری هیناوە. تومەز هەمو جار کە ریشی تاشی بو بەو کریمە دەموچاوی چەور کرد بو.

حەسەن خەلکی کەرکوک بو لە ئیرانەوە هات بو. ئەویش چو بو ئەوروپا دانیشت.

عارف لە شام بی تاقەت بو بو ماوەیەک هاتە دیرکی بای بالی خوی بدات. شەویک دایان نابو بە ئیشکگر. کاتی سەرەی گەیشت بویە، چی لە گەلی خەریک بو بون لە خەو هەستی ماوەی دیاریکراوی خوی ئیشک بگری، هەلنەستا بو، وت بوی: «هەلناستم پیویستم بە خەو هەیە». هاوریکانی ئەوەندەیان سەر کردە سەری، سەری خوی هەلگرت، لە پیش دا چوە خەلیج و، سەرەنجام لە سوید گیرسایەوە.

*

لە ناو ئاوارەکانی جەزیرەدا تاقمیکی زور یەزیدیبان تی دا بو، پلە و پایەی کومەلایەتی و دینییان جیاواز بو، وەکو: شیخ، قەوال، فەقیر...

شیخ حسین، خویندەواریکی روشنبیر و، سیاسیەکی کوردپەروەر و، نەجیب، کوری بابەشیخ بو. لە ناو یەزیدییەکان دا «میر» خاوەنی دەسەلاتی دنیایی و، «بابەشیخ» خاوەنی دەسەلاتی دینییە. لە مەسەلە دینییەکان دا بابەشیخ «فتوا» ئەدا و، راست و ناراست دیاری ئەکا، تەنانەت ئەتوانی یەزیدی لە دین دەر بکا.

جگە لە شیخ حسین چەند شیخیکی تری لی بو، لەوانە: شیخ خەلەف. خەلەف لەو سەردەمەدا کە بەعسیەکان گیچەلیان بە کوردەکانی شەنگال ئەکرد و، ئەیانویست رایان بگویزن، لیپرسراوی لیژنەی ناوچەی پارتی بو لە سنجار بو، لەو هەرایەدا قایمقامی سنجار کوژرا. لەم رووداوەدا شیخ خەلەف تاوانبار کرا بو. شیخ خەلەف ئەگەرچی نەخویندەوار بو، بەلام پیاویکی نوکتەبازی وریا و، شارەزای کاروباری دینیی خویان و ناوچەکەیان بو.

یەزدین، حەسەن نەرمو، خودیدە پسی، قاسم ملکو... لە پیاوە ناسراوەکانیان بون.

له سەر یەزیدییەکان کتێب و وتار زۆر نوسراوە.

عوسمانییەکان بە هاندان و فتوای مەلاکان زۆر جار لەشکریان ناردوتە سەریان، جگە لەوەی بە شەیتانپەرستی و، کافری تاوانباریان کردون، شتێکی تریان لە سەر نەنوسیون. ئەگەر شەرەفنامەی بەدلیسی نەبێت کە هەرزانی یەزیدییەکانی کردوە لە کوردیان داوە

ئەم کەمایەتییە دینییە سەرنجی هەندێ لە نوسەر و گەڕیدە ئەوروپاییەکانی راکێشاوە. سەردانی ناوچەکانیان کردون و، شتیان لە سەر نوسیون. کتێبەکەی «لایارد» بە ئینگلیزی لەسەر «کەلاوەکانی نەینەوا» هەندێ وێنەی دەسکردی جوانی یەزیدییەکان و شوێنە پیرۆزەکانی تێ دایە.

لە سییەکانی ئەم سەدەیەوە بە عەرەبی چەندین وتار و کتێبیان لە سەر نوسراوە، لە ناو ئەواندا هەردو مێژونوسی عێراقی: «السید عبدالرزاق الحسنی» و «المحامی عباس العزاوی» دو کتێبیان لە سەر نوسیون و، چەند جاری دەسکارییان تێ دا کردوە و، چاپ کراونەتەوە.

شاکیر فەتاح، ماوەیەک لە ناویان دا ژیا بو، ئەویش بە کوردی کتێبێکی لە سەر نوسیون. پێش ئەوەی بڵاوی بکاتەوە چەند بەشێکی بو ئێمە نارد لە «رزگاری» دا بە زنجیرە بڵاومان کردەوە.

یەزیدییەکان خویان هیچیان لە سەر خویان نەنوسیوە.

تا ئیستاش لێکولینەوەیەکی زانستی بێلایەن و تێروتەسەلیان لە سەر نەنوسراوە، لە بەر ئەوە زۆر بابەتی دینیی و کومەلایەتییان، هێشتا وەکو مەتەڵ ماوەتەوە و، هەریەکە بە جورێ لێ یان ئەدوێ.

بو من هەلێکی باش رەخسا بو هەندێ لە زانیارییە کونەکانی لە سەر یەزیدی خوێند بومەوە تاقی بکەمەوە و، هەندێ شتی نوێ یان لێ فێر بێم. سەرەتا سڵیان لێ ئەکردمەوە. منیان بە «کومەلە» ئەناسی و، پێش منیش نمونەیەکی خراپی کومەلەیان دی بو. وایان ئەزانی منیش لەو تیپەم. زوری پێ نەچو سڵەکەیانم رەواندنەوە. بوین بە دوست و ئاشنا. بێ سڵەمینەوە گفتوگومان ئەکرد و، بە راشکاوی وەلامی پرسیارەکانیان ئەدامەوە و، هەندێ لە بیروڕا دینییەکانی خویان بو رون ئەکردمەوە.

یەزیدییەکان بە خویان ئەڵێن: «میللەت» و بە دینەکەیان ئەڵێن: «ئولی ئێزدی».

خویان بە میللەتی هەڵبژێردراوی یەزدان ئەزانن، چونکە لایان وایە مروڤایەتی هەموی لە نەوەی «ئادەم و حەوا» ن، بە تەنیا ئەوان لە «ئادەم» کەوتونەتەوە. بە کرمانجییەکی رەوان ئەدوێن و، لایان وایە لە روژی قیامەت دا خوا و فریشتەکانی بە کرمانجی لە گەڵ مروڤ

ئەدوین و، هەر کەسی ئەم زمانە نەزانێ ناچێتە بەهەشت. نوێژ و بەیتە دینییەکانیان هەموی بە کرمانجییە.

«ئولی ئیزدی» بێگومان دینێکی کۆن و سەربەخۆی، تایبەت بوە بە کورد. بە تێپەڕینی زەمان و لە ئەنجامی تێکەڵاوییان لە گەڵ دینەکانی دراوسێیان هەندێ باوەڕ و نەریت و زاراویان لێ وەرگرتون، بەڵام ئەمە کاری نەکردوتە سەر باوەڕە بنەڕەتییەکانیان.

ئایینەکان بە گوێرەی «خواپەرستی» دابەش ئەکرێن بۆ یەک خوایی «مونو ثایزم» و، دوخوایی «دوالیزم» و، چەند خوایی «پولی ثایزم»:

- یونانییەکان باوەڕیان بە هەبونی «چەند خوا» هەبوە، وەکو خوای جوانی، خوای شەڕ، خوای باران، خوای دەریا...

- زەردەشتییەکان باوەڕیان بە هەبونی «دوخوا» هەبوە، خوای چاکە «ئاهورامەزدا» و، خوای خراپە «ئەهریمەن».

- جو و، مەسیحی و، موسوڵمان باوەڕیان بە هەبونی «خوای تاک و تەنیا» هەبوە و، لایان وابوە ئەوانەی دوخوا یا زیادتر ئەپەرستن موشریک و کافرن.

زۆر کەس وا ئەزانن یەزیدییەکان ئەچنە خانەی «دوخواپەرستەکان» ەوە. هەندێ لە ڕوشنبیرانی یەزیدی یش خۆیان بە پاشماوەی زەردەشتییەکان دائەنێن. بەڵام ئەوەی من لەو ماوەیەدا لێ یان تێ گەیشتم: یەزیدییەکان باوەڕیان بە «ئیزد»، واتە خوای تاک و تەنیا هەیە. «مەلەک تاوس» کە موسوڵمانەکان بە «شەیتان» و، هەندێکی تر بە خوای شەڕی زەردەشتییەکان «ئەهریمەن» ی دائەنێن «ئیزد» یا «خودی» نیە بەڵکو «فریشتە: مەلایکەت» ە، بەڵام فریشتەیەکە پایەیەکی تایبەتی لای یەزدان هەیە، چونکە ئەم لە ڕوناکی دروست بوە نەک لە قوڕ.

یەزیدییەکان بە درێژایی مێژو قوربانیی زۆرلێکراوی ئازادی دین و ویژدان بون. زۆر جار کەوتونەتە بەر پەلاماری بێ بەزەییانەی ئوردوی تورک و، حوکمڕانەکانی دەوروپشتیان. وەکو دەماودەم بۆیان باس کردوین ۳۲ جار «فەرمان» بۆ لە ناوبردنیان دەرچوە. فەرمان وشەیەک بوە بە مەعنای: «ئەمری سوڵتان و گەورە کاربەدەستەکانی عوسمانی»، بەڵام لە زمانی ئەمان دا «ڕاپەڕینی فەرمان» واتە قەتلوعام، یا بە زمانی ئەم زەمانە «جینوساید» چونکە هەمو جار فەرمانەکان بۆ لە ناوبردنی یەزیدی و تالانکردن و وێرانکردنی ئاواییەکانیان بوە. بە هۆی ئەم هەمو پەلامارەی خۆیان و شوێنە پیرۆزەکانیانەوە، هیچ بەڵگەیەکی نوسراویان نەماوە. کتێبە پیرۆزەکانیان: «جەلوە» و «مەسحەفی ڕەش» لای خۆیان نەماوە و، ئەوی دەس ئەوروپاییەکانیش کەوتوە جێگای

باوەر نیە. باوەڕە دینییەکانیان ئەوەیە کە لە سنگی «باپەشیخ» و «قەوال» ەکانیان دا پارێزراوە.

«قەوال» کە لە وشەی «قەول» داتاشراوە، بەو کەسانە ئەلێن کە بەیتە دینییەکانی ئولی ئیزدییان لە بەرە و، لە موناسەبەتە دینییەکان دا بە گۆرانیەوە بۆیان ئەگێڕنەوە. قەوالەکانی سەردەمی زۆر نەخوێندەوار بون. یەکێ لە بەیتە دینییە گرنگەکان: «بەیتی ئافراندن» واتە «سفر الخليقة» بە کە باسی دروستبونی گەردون ئەگێڕێتەوە لە باری سەرنجی دینییانەوە. بەیتی تریان زۆرە. بەیتەکانیان سادەن و، لە سەر ئەفسانە دامەزراون.

زۆرم مەبەست بو تیرمینولوجی تایبەتی ئولی ئیزدی ساخ بکەمەوە و، لە گەڵ زاراوە ناسراوەکانی تیولوجی و سوسیولوجی بەراوردیان بکەم. شتێکی ئەوتوم گیر نەکەوت، چونکە زۆری زاراوە کرمانجییەکان فەوتاون و لە بیر چونەتەوە، ئەوی ما بو کەسێکی زۆر کەم بو، بەلام وەکو «مفهوم» و «معنى» باسی ئەکەن.

یەکێ لەو باسانەی ئەمویست بچمە بنجوبناونی و، زاراوەکانی وەربگرم «تناسخ» بو. «تناسخ» کە لای کاکەیی «ئەهلی هەق» پێ ی ئەلێن: «دونادون» لای ئەمان زاراوێکی تایبەتی نیە. کەچی لە بنەرەتی باوەڕە دینیەکانیانە. عبدالرزاق الحسني باسی ٤ جور «دونادون» ئەکا: «نسخ، فسخ، رسخ، مسخ»، بە واتای چونی گیانی کەسی کە ئەمری، بە گوێرەی کردەوە باش یا خراپەکانی، بو ناو لەشی کەسێکی تر، یان ئەچێتە ناو لەشی حەیوان، یان ئەبێ بە نەبات، یا جەماد.. ئەم باوەڕەیان لە لا هەیە، بەلام بە وشە و زاراوی تایبەتی دیاریبان نەکردوە.

احمد العزاوي، ئەندامی «قیادەی قەومی» و «ئەمین سری قیادەی قوطری عیراق»، لە تەقینەوەیەک دا لە شام کوژرا. بەعسیەکان لە تامیشلی پرسەیان بو دانا بو. لە گەڵ چەند کەسێکی تر، لەوانە هەندی یەزیدی، چوبن بو پرسەکە. لەوی بە دەنگێکی نزم لە شیخ خەلەفم پرسی: «گیانی ئەم کابرایە چوتە چیەوە؟». بی سەبودر وتی: «کوچک»، واتە سەگ. دیارە سەگ لای خەلکی ئەم ناوچانە گلاو و سوک و چەپەلە.

ئولی ئیزدی دینێکە لە سەر بنچینەی چینایەتی دابەش بون. چینەکان: میر، شیخ، قەوال، فەقیر، داخراون. بە میر، کە بەرزترینیانە دەس پێ ئەکا، بە فەقیر، کەمترینیانە دوایی دی. یەکێکی چینی خوارەوتر هەرچی بکا ناتوانی هەلکشی بو چینێکی لە خوی بەرەوژورتر، هەمیشە لە ناو سنوری چینەکەی خوی دا ئەمێنێتەوە و، بوی نیە ژن لە چینی سەرووی خوی بهێنی.

لە ناو یەزیدی دا «کریف» رێزێکی تایبەتی هەیە. دو خیزان یا دو بنەماڵە کە

ئەم هەمان سیستمی کومەڵ... بیندیە.

خزمایەتییان نێو ئەیانەوی بن بە دوست و هاوپەیمانی یەکتری، ئەبن بە «کریف».

ئەم دو لایە وا ریک ئەکەون لە ئاهەنگی «خەتەنە» ی کورەکەدا ئامادە ئەبی، پیاویکی لای یەکەم منالی پیاوی لای دوەم ئەکاتە باوەشی و، خەتەنەی ئەکەن. یەمە ئیتر ئەبن بە «کریف» ی یەکتری، لە خوشی و ناخوشی و، شایی و شیوەنی یەکتری دا، هاوبەش ئەبن. تەنانەت لە شەری خیلایەتی دا لە سەر یەکتری ئەکەنەوە.

یەزیدی بوی هەیە لە گەل موسولمان، مەسیحی و، جو، ببیتە «کریف»، بەلام بوی نیە لە غەیری یەزیدی ژن بهینی.

یەزیدییەکان ریزیکی تایبەتی بو گەورەکانیان قایل بون و، پیرەوی پایەی چیناپەتییان ئەکردن. میری یەزیدییەکان، تەحسین بەگ، لە حەفتاکان دا چو بوە ناو شورشەوە و، دوای ئاشبەتال چو بوە ئەوروپا. ئەو ماوەیەی من لە جەزیرە بوم، سەردانیکی یەزیدیەکانی جەزیرەی کرد. وەکو کەسیکی پیروز رەفتاریان لە گەل ئەکرد. دەست یا چاکەتەکەیان ماچ ئەکرد. تەنانەت لە کاتی داکەندن و لە پی کردنی پیلاوەکانی دا، یەکی بە ئارەزوی خوی لە بەردەمی دا دائەنیشت، قاچی بە پیلاوەکانەوە ئەگرتە باوەش بو کردنەوە و بەستنەوەی قەیتانەکانی. هەندی لە یەزیدیەکان لە بەر داپینکردنی گوزەرانیان بو بون بە بەعسی. بەعس لی ی قەدەغە کرد بون دەستی تەحسین بەگ ماچ بکەن. ئەوانیش بە دزییەوە دەستیان ماچ ئەکرد.

هەندی رەوشتیان هەیە پی ئەچی خویان پیوە گرت بی و، لی یان بوبی بە نەریت، ئەگینا هیچ تەفسیریکی دینیی ئەوتویان بوی نیە. بو نمونە: سمیل ناتاشن، هەندیکیان ئەگریجە بەرئەدەنەوە، کاهو ناخون، خویان لە رەنگی شین ئەپاریزن... شیخ خەلەف و بنەمالەکەی گوشتی کەلەشیریان نەئەخوارد، هەرچەند کەلەشیری دەس بکەوتایە بو منی ئەنارد.

ئەوەندەی من ناسیمن و، تیکەلاویان بوم، نمونەی پیاوی جوامیر و رەوشت بەرز و سەر راست بون.

*

عەبدورەزاق فەیلی سەرپەرشتی ریکخستنەوەی کوردە عیراقییەکانی قامیشلی ئەکرد. هەر لەو نزیکانە پاش گیرانی هەندی لە ئەندامەکانی کومەلە لە بەغدا ئیبراهیم عەزو، ئەنوەر شاکەلی و ئیبراهیم عەبد عەلی کە هەرسیکیان ئەندامی کومەلە بون و فەرمانی گرتنیان دەرچوبو، بە پی لە سنور پەرینەوە و، گەیشتنە سوریا.

سەرکردایەتی یەکیتی کومیتەیەکی پیک هینا بو لە قامیشلی بو سەرپەرشتی

ڕێکخستنی ئەوانەی بە ئەندامەتی یان بۆ پێشمەرگایەتی ئەهاتنە ڕیزی یەکێتییەوە. سوریا کارئاسانی زۆری بۆ چالاکییەکانی یەکێتی ئەکرد. دەورەیەکی جەنگیی بۆ ئەفسەرەکان و، چەند دەورەیەکی بۆ پێشمەرگەکان کردەوە.

*

ناوچەی جزیرە درێژبونەوەی جوگرافی جزیرەی بوتانە و، بەشێک بوە لە قەڵەمڕەوی ئەوان. سەردەمێکی درێژ مەڵبەندی هاتوچوی ئێلە ڕەوەندەکان بوە و، بە دەگمەن ئاوایی تێ دا بوە. دوای یەکەمین جەنگی جیهانی کە سوریا لە ئیمپراتورییەتی عوسمانی جیا کرایەوە، هێڵی ئاسنین کرایە سنوری هەردو وڵات. ئەم سنورە چەندین شار و ئاوایی و ئێل و بنەماڵەی، بێ هیچ ئیعتیبارێکی ئینسانی، کردوتە دوبەش. شارەکانی: نسیبین - قامیشلی، جیلانپنار - سەرێکانی (راس العین) لەوانەن.

*

کابرایەک بە ناوی «محمد طلب هلال» کتێبێکی لە سەر ناوچەی جەزیرە نوسی بو. کوردەکانی سوریا، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوە ئەژیان، هەرای زۆریان لە دژی کرد، ڕۆژنامەی حیزبە کوردییەکان، لەوانە «خەبات»، وتاریان لە سەر نوسی بو. «عیصمەت شەریف» یش نامیلکەیەکی بە ئینگلیزی بۆ بەرپەرچدانەوەی نوسی بو. مەسەلەی «الحزام العربی» و «الحزام الاخضر» و تەعریبی ناوچە کوردنشینەکانی جەزیرە، بو بو بە پەژارەی ڕاستەقینەیان و، ئەم کتێبەیان ئەکرد بە شایەت و بەڵگە. دانەیەکم لە کتێبی تایبەتی پەیدا کرد و، کەوتمە خوێندنەوە و تاوتوێ کردنی. لێرەدا بیر و پێشنیارە بنەرەتییەکانی ئەگێڕمەوە.

ناوی کتێبەکە:

«دراسة عن محافظة الجزيرة: من النواحي القومية، الاجتماعية، السياسية»

ناوی نوسەرەکەی:

الملازم الاول محمد طلب هلال رئيس الشعبة السياسية بالحسكة

ساڵ و شوێنی چاپی لە سەر نییە، بەلام لە ١٩٦٣/١١/١٢دا لە نوسینەوەی بوتەوە. بە سەر یەکەوە ١٥٦ لاپەرەیە.

لە (المقدمه) دا باسی ئەهونی سەرچاوەی پێویست ئەکا، لە بەر ئەوە نوسینەکەی لە سەر بنچینەی تەجرووبەی خۆی و کەسانی تر نوسیوە و، باسی گرنگیی پاککردنەوەی نەتەوەیی ناوچەکە ئەکا لە تاقمی نەعەرەب بە تایبەتی پاش دۆزینەوەی نەوت لە ڕومەیلان و قەرەچوخ.

له (المدخل) دا (ل ١ تا ٢) به داخـەوە لەوە ئەدوێ کـە کـاربەدەستانی عـەرەب لەو ناوچەیەدا، بە هۆی زۆریی ناکـۆکی و تێکەڵاویی رەگـەز و نەتەوە و دینی جیـاوازەوە، هەست بەوە ناکـا لە وڵاتی خۆیایەتی. لە بەر ئەوە داوای پاکـکردنەوەی ئەکـا لە رەگـەزی بیگانە.

بەشی یەکـەم (ل ٣ تا ٢٥)ی تەرخان کردوە بۆ «سەرنجێکی مێژوویی لە کێشـەی کورد» لێرەدا باسی کێشـەی کورد ئەکا لە سەرەتاوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم و، کاتی یەکـەمین جەنگی جیهانی و، نێوان دو جەنگ. باسی بیری نیشتمانی نەتەوەیی کورد و، کورە جیهانیـەکان و ئیمپریالیزم و کورد ئەکا.

لەم بەشـەدا ئەیەوێ بیسـەلمێنی کـورد نەتەوە نیـە و نیشـتـمـانی نـەتەوەیی نیـە. دوژمنانی عەرەب بە تایبەتی ئیمپریالیزم کوردیان خستوتە سەر کەلکەڵەی بیری نەتەوەیی. لە شوێنێک دا ئەڵێ: «واذا یمکننا القول بانه لیس هناك شعب بمعنى الشعب (کردی) ولا امة بکاملها بمعنى الامة الکردیة» ئینجـا ئەڵێ: «لا یتعدى الشعب الکردی هذا المجال حیث لا تاریخ لهم ولا حضارة ولا لغة حتى ولا جنس، اللهم الا صفـة القوة والبطش والشـدة..» «لیست المشکلة الکردیة الان وقد اخذت فی تنظیم نفسـها الا انتفاخ ورمی خبیث نشأ او انشئ فی ناحیة من جسم هذه الامة العربیة ولیس له ای علاج سوى بتره»

بەشی دوەم (ل ٢٦ تا ٤٨) ی گـرنگـتـرین بەشـەکـانی کـتـێـبـەکـەیە. شـوێنی کوردەکانی سوریا دیاری ئەکا و، باسی خێلەکانیان ئەکا، پێشنیارەکانی خۆی بە دیاری کراوی ئەخاتە بەرچاوی کاربەدەستان بۆ چارسەرکردنی کێشەی کورد.

شوێنی کوردەکانی جزیرە بەم جۆرە دیاری ئەکا:

«یتجمع الاکراد على طول الشریط الشمالی محاذیا للحدود الترکیة فی محافظة الجزیرة بعمق نحو الجنوب یتراوح بین ١٥ - ٣٥ کیلومتر تقریبا من منطقة راس العین غربا حتى حدود منطقة المالکیة شرقا حیث یتکاثف التجمع هذا فی الامکنة الخصبة بحیث یستعصی علیك ایجاد جیب عربی صغیر فی بعض المناطق وخصوصا فی منطقة المالکیة وقبورالبیض والقامشلی وعامودا ویحتلون اخصب المناطق فی الجزیرة واکثرها امطارا حیث تتراوح نسبة الامطار فی منطقة المالکیة والقامشلی بین ٤٠٠ - ٥٠٠ مم مطری حسب خریطة الامطار.»

کـە باسی خێلە کـوردەکـانی سـوریا ئەکـا هەمـویان تاوانبـار ئەکـا بەوەی خـەو بە نیشتمانی نەتەوەیی: کوردستـانەوە ئەبینن، پارتی و شیوعین، ئیسلام نین و لە سەر دینی شەیتانن، بەلام بە پێ ی نەخشـەی ئیمپریالیزم بۆ هەڵخەڵەتاندنی عەرەب باسی ئیسـلامەتی

ئەکەن، هەموویان لە تورکیاوە هاتون و، لەو دیو سنور ئامۆزاو خزمیان هەیە و، سنور بە خەتیکی وەهمی دائەنێن. خێلە گرنگەکان وەکو هیلال ژماردونی ئەمانەن:

١. هەڤیرکان. لە قبور البیض و قامیشلی و هەندێکی لە حسەکە جێگیر بون.

٢. دەقوری. لە قامیشلی و عامودە جێگیر بون. نزیکەی ٤ هەزار خێزانن لە ١٢ گوندا ئەژین. ئەم خێلە ئەبن بە چەند تیرەیەکەوە گرنگترینیان: گاباره، لە ٣ گوندی عامودا ئەژین. کاباکا، لە ٢ گوندی عامودا ئەژین. سیدان، لە ٢ گوندی عامودا ئەژین.

٣. کیکی. لە درباسیە جێگیر بون. نزیکەی ٣ هەزار خێزانن لە ١٥ گوندا ئەژین. ئەم خێلە ئەبن بە چەند تیرەیەکەوە گرنگترینیان: ساروخان، کوسکان، ئومەران، هیسکان، ئیسماعیلانە.

٤. مرسینی. لە قامیشلی جێگیر بون. بەرەوژوری ١ هەزار خێزانن.

٥. ملی. لە راس العین جێگیر بون. نزیکەی ١٥٠٠ خێزانن. ئەبی بە ١٠ تیرەوە گرنگترینیان: خضرکان، کومنشان، تاجریان، دودکان، شیخان، دیدان، ماندان، زیلان...

جگە لەمانە چەند خێلێکی تری کورد ئەژمێری وەکو: بەرازی لە عین العرب و راس العین، کیتکان، شیخان، محەملی لە رۆژهەلاتی قامیشلی، دورکان، جابیە و حسنا و میران یا کوچەر.

دیتە سەر ئەوەی لەوەو پێش چۆن سەیری کوردیان کردوە و، لەمەرە بە دوا ئەبی چۆن سەیریان بکەن. لەوەو پێش لایان وا بوە کورد ئەمین و دلسوز و گوێرایەلە و، پەیوەندی دینیی ئیسلام پێکیانەوە ئەبەستی. بەلام ئیسلام ناتوانی ئیتر ئەو پەیوەندیە رابگری و، «یەهودستان» و «کوردستان» وەکو یەکن.

پاش ئەوەی تیوریە رەگەزپەرستییەکانی دەربارەی پارتی و، ئەوەی تازەی کورد رون ئەکاتەوە و، دەوری هەردو بلوک: رۆژئاوا و رۆژهەلات لە دوژمنایەتی عەرەب دا بە هوی جولەکە و کوردەوە باس ئەکا و ئەلی: «لم یتفق المعسکرین فی تاریخ صراعهما علی شئ اتفاقهما علی مسرحیتین وعلی الارض العربیة باللذات هی مسرحیة فلسطین و مسرحیة کردستان، کردستان العربیة علی وجه الخصوص.»

هیلال هیرش ئەکاتە سەر کاربەدەستانی میصر، بە تایبەتی ناصر، چونکە کورد بە برای دینیی عەرەب دائەنێن و، داوای چارسەری بە ئاشتی کێشەکەیان ئەکەن و، ئەم بۆچونەی ئەوان بە «شعوبی» و «سطحی» دائەنێ، ئینجا دیتە سەر بیروراکانی خوی. لە

بەر گرنگی باسەکە وەکو خوی رایان ئەگویزم. لە ژیر سەرناوی «المقترحات بشان المشكلە الكرديە» دا نوسیویتی:

١. ان تعمد الدولة الى عمليات التهجير الى الداخل مع التوزيع فى الداخل ومع ملاحظة عناصر الخطر اولا فاول. ولا باس ان تكون الخطة ثنائية او ثلاثية السنين تبدا بالعناصر الخطرة لتنتهى الى العناصر الاقل خطورة وهكذا...

٢. سياسة التجهيل: اى عدم انشاء مدارس او معاهد علمية فى المنطقة لان هذا اثبت عكس المطلوب بشكل صارخ وقوى...

٣. ان الاكثرية الساحقة من الاكراد المقيمين فى الجزيرة يتمتعون بالجنسية التركية. فلا بد لتصحيح السجلات المدنية وهذا يجرى الان انما نطلب ان يترتب على ذلك اجلاء كل من لم تثبت جنسيته وتسليمه الى الدولة التابع لها. اضف الى ذلك يجب ان يدرس من تثبت جنسيته دراسة ايضا معقولة وملاحظة كيفية كسب الجنسية لان الجنسية لا تكسب الا بمرسوم جمهورى. فكل جنسية ليست بمرسوم يجب ان تناقش تبقى من تبقى اى الاقل خطرا وتنزع من تنزع عنه الجنسية لنعيده بالتالى الى وطنه.

ثم هناك تنازع الجنسيات فانك تجد احدهم يحمل جنسيتين فى ان واحد او قل ثلاث جنسيات. فلا بد والحالة هذه ان يعاد الى جنسيته الاولى وعلى كل حال فالمهم ما يترتب على ذلك الاحصاء والتدقيق من اعمال، حيث يجب ان نقوم فورا بعمليات الاجلاء.

٤. سد باب العمل: لابد لنا ايضا مساهمة فى الخطة من سد ابواب العمل امام الاكراد حتى نجعلهم فى وضع، اولا غير قادر على التحرك وثانيا فى وضع غير المستقر المستعد للرحيل فى اية لحظة وهنا يجب ان ياخذ به الاصلاح الزراعى اولا فى الجزيرة بان لا يوجر ولا يملك اكراد والعناصر العربية كثيرة وموفورة بحمدالله.

٥. شن حملة من الدعاية الواسعة بين العناصر العربية ومركزة على الاكراد بتهيئة العناصر العربية اولا لحساب ما وخلخلة وضع الاكراد. ثانيا بحيث يجعلهم فى وضع قلق وغير مستقر.

٦. نزع الصفة الدينية عن مشايخ الدين عند الاكراد وارسال مشايخ بخطة مرسومة عربيا اقحاحا. او نقلهم الى الداخل بدلا من غيرهم. لان مجالسهم ليست مجالس دينية ابدا بل وبدقة العبارة مجالس كردية. فهم لدى دعوتهم الينا لا يرسلون برقيات ضد البرزانى انما يرسلون ضد سفك دماء المسلمين. واى قول هذا القول.

٧. ضرب الاكراد فى بعضهم وهذا سهل وقد يكون ميسورا باثارة من يدعون منهم بانهم من اصول عربية على العناصر الخطرة منهم. كما يكشف هذا العمل اوراق من يدعون

بانهم عربا.

٨. اسكان عناصر عربية وقومية في المناطق الكردية على الحدود فهم حصن المستقبل ورقابة بنفس الوقت على الاكراد ريثما يتم تهجيرهم. ونقترح ان تكون هذه العناصر من شمر لانهم اولا افقر القبائل بالارض وثانيا مضمونين قوميا مئة بالمئة.

٩. جعل الشريط الشمالي للجزيرة منطقة عسكرية كمنطقة الجبهة بحيث توضع فيها قطعات عسكرية مهمتها اسكان العرب واجلاء الاكراد وفق ما ترسم الدولة من خطة.

١٠. انشاء مزارع جماعية للعرب الذين تسكنهم الدولة في الشريط الشمالي على ان تكون هذه المزارع مدربة ومسلحة عسكريا كالمستعمرات اليهودية على الحدود تماما.

١١. عدم السماح لمن لا يتكلم اللغة العربية بان يمارس حق الانتخاب والترشيح في المناطق المذكورة.

١٢. منع اعطاء الجنسية السورية مطلقا لمن يريد السكن في تلك المنطقة مهما كانت جنسيته الاصلية (عدا الجنسية العربية. الخ..

هذا وان هذه المقترحات ليست كافية بل اردنا منها اثارة المسؤولين بحسب خبرتنا لتكون تباشير مشروع خطة جذرية شاملة لتؤخذ للذكرى بعين الاعتبار.

بەشی سێیەم (ل ٤٩ تا ٨٢) تەرخان کراوە بۆ بڵاو کردنەوەی هەندێ بەڵگە و، وتاری رۆژنامەکانی جیهان دەربارەی شۆرشی کوردستانی عیراق. پێ ئەچێ زۆری بەڵگەکان درۆ بن و دەستکردی خۆیان بێ بە نیهازی شێواندنی خواستە سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییە رەواکانی کورد لە سوریا و، هاندانی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لە کورد.

بەشی چوارەم (ل ٨٢ تا ١٠٩) باسی حیزبە سیاسییەکانی پارێزگای جەزیرە ئەکا. لە ناو ئەو حیزبانەدا باسی پارتی ئەکا. کابرا بە ئەنقەست پارتی دیموکراتی کوردی سوریای تێکەلاو کردوە لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق. بەشێ لە پرۆگرامی پارتییەکەی عیراقی نوسیوە وەکو ئامانجی پارتییەکەی سوریا.

بەشی پێنجەم (ل ١١٠ تا ١٣٧) شوێنی عەرەب و خێڵە عەرەبییەکانی جەزیرە دیاری ئەکا. لەم روەوە نوسیویتی:

«ولقد قررنا فيما مضى بان الشريط الشمالي للجزيرة اهل ومسكون بالاكراد وفق خطة استعمارية قديمة. ومن هذا نفهم ان اماكن ومواطن العشائر العربية هي المناطق الجنوبية من محافظة الجزيرة، حيث تتمركز اكثر العشائر العربية وهي بخطوطها العريضة: شمر في الشرق، والجبور في الوسط، والبكارة في الغرب على سفوح عبدالعزيز وتتراوح بقية العشائر

بين العشائر المذكورة تلك، كطى، والشرابين والحرب وغيرها من بقية العشائر الصغيرة من العرب. اجل انهم موزعون بحسب خريطة الامطار في سوريا في المناطق الجنوبية والتى تتراوح نسبة امطارها بين ١٠٠ - ٢٥٠ مم مطري فمناطق العشائر العربية اذا ليست خصبة عدا ما حول الخابور والسقي وهي قليلة وعدا قرى دهام الهادي وبعض قرى طي فهي على درجة من الخصوبة لا باس بها.»

خيله عەرەبەكانى جەزيرە بەمجۆرە ئەژمێرێ:

١. شەممەر. پيش ٣٠٠ سال لە ناوچەى نەجدى حيجازەوە هاتون و، لە ناوچەكانى بەغداد تا رقە جيگير بون. ئەبن بە دو تيرەوە: شمر الخرصه لە تەل كوچەك خر بونەتەوە و، شمر الزور لە تەل هدلول دانيشتون.

٢. طەى. لە حيجازەوە هاتون. نزيكەى ١٠ هەزار كەس ئەبن. ئەبن بە چەند تيرەيەكەوە: العساف، الحريث، الجواله، حرب، راشد، بنى سبعه، اليسار، زبيد، البوعاصى، الغنامه، المعامره، البكاره. لە سەروى رۆژهەلاتى قاميشلى لە سەر سنورى توركيا و، بەشيكيان لە مالكيه و، بەشيكيان لە حسەكە جيگير بون.

٣. شەرابى. لە ديركى و قاميشلى و حسەكە و راس العين دائەنيشن.

٤. جبور. لە كەنارى خابور ٢٠ كيلومەترخواروى حسەكە ئەژين. دابەش ئەبن بە سەر تيرەكانى: ملحم، سلطان، الهزيم، المحاسن، المحمد، الخنوى، الريت، البومهنا، الجحيش، البقه، العلى، البومانع، العامر، البرى، البوعمره، القضاه، الحليون، البورياش، البو سلامه.

٥. البكاره. لە بنارى چياى عبدالعزيزى سەرو ئەژين.

بو ئەوەى مەترسى كورد نەمينى و، خيلاتى عەرەب زال بى بە سەر ناوچەكەدا، هيلال بو بلاو كردنەوەى خويندەوارى پيشنيار ئەكا:

١. احداث اكثر مايمكن من المدارس وعلى مختلف درجاتها وانواعها بين العشائر العربيه وفى مناطقهم التى يعيشون فيها، وتجهيز تلك المدارس بكل ما تحتاجه المدارس الحديثه.

٢. وحدات ارشاديه وتوجيه شعبى يرافق تلك المدارس ويساعدها على نشر الثقافه والعلم.

٣. ارسال اكبر كميه من الشباب العربى ومن الفقراء على وجه الخصوص دون التقيد بالشروط المعروفه الى الخارج للدراسه واكمال الاختصاصات وذلك بخطه مستمره وباعداد كبيره...

٤. فتح معاهد زراعيه عاليه فی الجزيره لابناء العرب مجهزه بكل الوسائل الحديثه لتساعد على ازدهار النهضه الزراعيه وتحسينها.

بو چاككردنی هەلومەرجی مادی بەشیان پێشنیار ئەكا:

١. توزيع كل الفائض من الارض فی الجزيره والمشمول بقانون الاصلاح الزراعی على هذه العناصر فقط دون غيرها مطلقا. اذ على الاصلاح الزراعی ان لا يعطی سندات تمليك فی الجزيره الا لهولاء العناصر حتى ولا يوجر الا لهم لانهم السند والدعم والدرع الواقی عندما تتحسن احوالهم فهم امل المستقبل علما ووعيا وقوميا بالنسبه للجزيره.

٢. تقديم المساعدات الفعاله والمجديه بالنسبه للدوله لهولاء العاجله والاجله.

٣. انشاء جمعيات او مزارع جماعيه من تلك العناصر العربيه فقط.

٤. انشاء قرى نموذجيه تشرف عليها الدوله، بكثره وموزعه فی مختلف المناطق العربيه لكی يلحظوا الفارق بين حياتهم السابقه وحياتهم الاحقه ويشجعهم على العمل والجد فيما بعد.

٥. اشعارهم بالدعم الدائم من قبل السلطات المحليه التی كانت سابقا لا تستقبل سوى الشيخ ذو النفوذ. لكی يلحظوا الفارق ايضا ويحسوا بان الدوله هی دولتهم وهم ترسها وحماها. مما يعطيهم شيئا من المعنويات.

٦. فتح ابواب المصارف الزراعيه لهولاء الصغار فقط واغلاقها امام الشعوبيين والمقتدرين من العرب الاغنياء.

٧. وضع خطه عامه بالنسبه لهولاء العناصر العربيه لانقاذهم مما هم فيه تدخل فی موازنه خاصه.

هیلال لای وایە عەقلیەتی عەشائیری عەرەب كوسپێكی گەورەیە بویە داوا ئەكا پەیوەندیە مادی و جیگابیەكانی خیلەكان هەڵ بوەشینری و، شەممەر و جبور و طەی... لە یەك شوین دا تیەلاو بكرین. زوریش گلەیی لەوە هەیە كە پیوەندی نیوان خیلەكانی كورد و عەرەب لە ناوچەكەدا باش و دوستانەیە.

بەشی شەشەم (ل ١٣٨ تا ١٥٦) دوا بەشی كتیبەكەیە. تەرخانی كردوە بو باسی دین و مەزهەبی دانیشتوانی جەزیرە كە تیكەلاوە لە موسولمان و، مەسیحی كاتولیك و ئەرتودوكس و نستوری و پروتستانت و، یەزیدی و، لە ئاشوری و ئەرمەن و كلدانی و جو...

سالی ١٩٦٣ حیزبی بەعس بە كودەتایەكی خویناوی لە بەغدا حوكمی گرتە دەس، دوای ئەوە بە ماوەیەكی كورت حیزبی بەعس لە سوریاش بە هەمان ریگا حوكمی گرتە

دەس. بەعسییەکان بەمە بایی بون. ئەوپەری توندوتیژییان بەرامبەر دوژمن و ناحەزەکانیان بە کار ئەهێنا و، گیانی رەگەزپەرستییان خروشا بو. عیراق و سوریا و میصر گفتوگوی «وەحدە» یان دەس پی کرد. گفتوگوکەیان بە ئەنجام نەگەیشت. کەوتنە دژایەتی ناصر و میصر. کە شەریان دەس پی کردەوە لە دژی کورد، میصر پەسندی نەکرد، بەلام حکومەتی سوریا «لیوای یەرموک» ی بو یارمەتیدانی بەعس نارد بو عیراق. ئەم کتیبە لەو کەشە سیاسیەدا نوسراوە، بە هەمان گیانی رەگەزپەرستانە. بیروبوچونەکانی هیلال پیچەوانەی سەرەتاکانی دیموکراسی و مافی مروڤ و تیدیعا ئاشکراکانی حیزبی بەعسە.

کوردەکانی سوریا ئاهەنگیان نەبو، ئەم کتیبە ئەیهێنا هەرای گەورەتری لە سەر ساز بکرایە و، ئەگەر لە ولاتیک دا بونایە ریزی مافی مروڤی بگرتایە، ئەبو هیلال بدری بە دادگا.

*

سەردانی زور گوند و شاروچکەی ناوچەکەم کرد.

چەند جاری لە گەل هەندی روشنبیر و پیاوی ناسراوی ناوچەکە چوین بو سەیران بو کەناری دیجلە. جاریکیان چوین بو نزیک پردی «بافت». «بافت» شوینەواری پردیکی کونە. وەکو ئەیانوت دوانزە تاقی هەبوە، بە قەد بورجەکانی سال. هەر پایەیەکیشی وینەی یەکی لەو بورجانەی لە سەر بوە. ئەو کاتەی ئیمە چوین شوینەواریکی کەمی چەند تاقیکی مابو. ناوچەکە پوری زوری لی بو.

لە گەل شیخ حسینی بابەشیخ سەردانی بەحرکی و خاتونیەمان کرد لە راستی ناوچەی شەنگار دا. گومیکی خاوین و جوان و دلرفینی لی بو. رەنگیکی شینی قەشەنگی هەبو. دانیشتوانی ناوچەکە یەزیدی بون و، ئازەلداریان ئەکرد، دالدەی هەندی لە یەزیدییە ئاوارەکانی ئیمەیان دابو.

هەروەها چەند جاری چوم بو سەری کانی، عامودا، درباسیە.

ناوی گوند و شوینەکان بە زوری کوردی بون، حکومەت ناوەکانی گوری بون بە عەرەبی. زورایەتی دانیشتوانی ناوچەکە کوردن و، بە کرمانجییەکی رەوان ئەدوین، بەلام جلوبەرگی عەرەبی لە بەر ئەکەن. ئەمەش خویەکی دیرینەیە نەسەپێنراوە بە سەریان دا. زەویوزاری خویان بە دەس خویانەوە بو و، هەندیکیان ئەرزی فراوانیان هەبو. بەرهەمی سەرەکی دانەویلە، بە تایبەتی گەنم، بو. ناوچەیەکی بە پیت و دەولەمەن بو. ئەرزی بەراو و باخیشیان هەبو. لە هەندی جیگاش بیریان هەلکەند بو بو ئاودان. کشتوکال لەوی پیشکەوتوتر بو لە چاو کوردستانی عیراق دا. لە وەرزی هەلگرتنی گەنم دا سەدان شایی

ژنهینان ئەکرا.

نەوت لە جەزیرە دوزرا بوەوە. ئەو ناوچەیەی نەوتەکەیان لی دەرئەهینا ناوچەیەکی دەولەمەندی کشتوکاڵ و کوردنشین بو، ناوی «قەرەچوخ» بو. بیری نەوتەکان و، بوریەکانی لە ناو ئەرزی جوتیارەکان دا بو. حکومەت داگیری ئەکرد بو. زورجار تراکتور و کومباین لە نزیک بیرەکان کاریان ئەکرد بی ئەوەی دەس بهیننە ریگەیان.

*

سنوری سوریە - تورکیا، ئەگەرچی بە تەلی درکاوی پەرژین کرا بو، بە دریژای هیلی سنور مین یان لی چاند بو، ژمارەیەکی زوری جەندرمەش تەرخان کرا بون بو چاودیری سنورەکە بەلام جموجولی قاچاخچیتی هەر هەبو. لە تورکیاوە: ئاژل، پەتو، پیلاوی لاستیک... یان ئەهینا و، لە سوریاوە: چایی، جگەرە، تفەنگ و فیشەکیان ئەبرد. قاچاخچیە گەورەکان کریکار و کولهەلگریان بە کری ئەگرت کەلوپەلەکانیان لە سنور بپەریننەوە.

قاچاخچیەکان لە گەل ئەفسەرەکانی تورک ریک کەوتبون، بە پارە کولەکانیان ئەپەراندەوە. هەند جار بەرامبەر بە هەر کولیک چەرەیەک پارەیان ئەدا، یان بو چەند سەعاتی سنورەکەیان بە کری ئەگرت و، لەو ماوەیەدا چەندی بیانتوانیایە تی یان ئەپەراند. هەندی جاریش کە بە قاچاخ ئەپەرینەوە، کولهەلگرەکان بە سەر مین دا ئەکەوتن، یا بەر گوللەی جەندرمە ئەکەوتن.

دیجلە لەو ناوچەیەدا پی ی ئەلین: «ئاڤا مەزن» واتە ئاوی گەورە. لە مەبەر و ئەوبەری دیجلە چەند گوندی هەبون، زوریان ناوەکانیان وەکو یەک وا بو. هەندی جار بو پەراندنەوەی یەکی کومەلی لە خەلکی هەردو گوند بە ناوی مەلە و راوەماسیەوە ئەچونە ناو ئاوەکەوە. ئەوەی ئەیوست بپەریتەوە، ئەویش لە گەلیان ئەچو. پاش بلاوە لیکردن لە گەل خەلکی دی یەکە ئەچوە وشکایی، پیشتر جلوبەرگیان بو ئامادە کرد بو. جلی لە بەر ئەکرد و، تی یان ئەپەراند.

چەند جاری بوکیان، بە «کەلەک»، لە بەری تورکیاوە ئەهینا بو سوریا، یا لە سوریاوە ئەیانبرد بو تورکیا. بەلام زور جار ئەمەیان بە پارە تەگبیر ئەکرد.

کەلەک بو پەراندنەوەی ئاژەلیش بە کار ئەهینرا.

*

لیرەو لەوی هەندی گوندی نوی دروست کرا بون، خانوەکانیان لە قور و، هەژارانە دروست کرا بو. بە زوری ئەو جوتیارانە بون کە ئەرزەکانیان بو بو بە ژیر ئاوی بەنداوی

فوراتەوە. بەلام ئەمانە کەمایەتییەکی پچوک بون لە ناوچەکەدا. مەسەلەی تەعریب هەندێکی پیوە نرا بو، بەو قەوارەیە نەبو، کە من بیست بوم.

کوردەکان، ئەوانەی جنسیەی سوریبان نەبو، گیروگرفتی راستەقینەیان هەبو. بی بەش بون لە مافی خاوەنیتی زەوی و خانو و، دامەزران لە دائیرەکانی دەولەت دا و، خویندن لە زانستگاکانی سوریا.

کورد بە دەگمەن لە داوودەزگای حکومەتی و بەریوەبەرایەتی دا دائەمەزرینران، بە تایبەتی لە شوینی گرنگ دا، کاربەدەست و حوکمرانی ناوچەکە هەمو عەرەبی بەعسی بون.

یەکی لەو شتانەی بو من لیرە جیگەی سەرسورمان بو، یەکەمین جار بو ئافرەت بیبینم «کاری قورس» بکا. ژمارەیەکی زور کچی گەنج و ژن لە سەر جادەی نیوان قامیشلی و دیرک بەردیان ئەکیشا، یان لە کاری جادەکەدا، بە تایبەتی لە قیرتاوەکەی دا، ئیشیان ئەکرد.

*

سالی ۱۹۷۵ - ۱۹۷٦ کوردەکانی سوریا دابەش بوبون بە سەر چەندین حیزب دا، لیرەدا بو ناسینەوەیان ناوی سکرتیرەکانیان ئەهینم: حەمید دەرویش، کەمالی ئەحمەد ئاغا، صەلاح بەدرەدین، عیصمەت سەیدو، مەلا باقی، عەزیز چەرکەس...

- زوری ئەم حیزبانە ناویان «الحزب الدیمقراطی الکردی» بو. هەندی وشەی وەکو «الیساری» و «التقدمی» و شتی لەم بابەتەیان خست بوە سەری بو ئەوەی لە یەکتری جیا بکرینەوە.

- ئامانج و بەرنامەی هەمو ئەم حیزبانە لە گەل یەکتری جیاواز نەبو.

- لە سەرەتای دامەزراندنی پارتیەوە بو ئەوەی حکومەتی سوری و نەتەوەپەرستەکانی عەرەب تورە نەبن، وشەی کوردستانی سوریایان بەکار نەهینا بو.

- هیچ کام لەم حیزبانە، جگە لە صەلاح بەدرەدین کە لە دەرەوەی سوریا بو، دژی رژیمی سوری نەبون، بەلکو پشتیوانیان لە هەمو هەلویست و هەنگاوەکانی ئەکرد، بە تایبەتی لە ناکوکی عەرەبی - ئیسرائیلی و، ناکوکی سوری - عیراقی دا.

- هیچ کام لەم حیزبانە دروشمی تەبەی هەلنەگرت بو، ئامانجی زل و زوری نەبو، داوای مافی هاونیشتمانیتی سوری و یەکسانی و هەندی مافی روشنبیریان ئەکرد.

سەرەرای ئەوە، حکومەتی سوری ریگەی هیچ جورە چالاکییەکی سیاسی، روشنبیری، کومەلایەتی نەئەدان. ناوبەناو لی ی ئەگرتن و، بانگی ئەکردن بو لیپرسینەوە و

لیکولینەوە.

رووداوەکانی کوردستانی عیراق کاری لەوانیش کرد بو. حیزبەکان بوبون بە دوبەشەوە و، رای گشتی کوردەکانیش بوبو بە دو کەرتەوە.

- حیزبەکان هەندیکیان، وەکو جاران، پشتیوانییان لە بنەمالەی بارزانی ئەکرد و، باوەشیان بو قم کرد بوەوە. تەنانەت حیزبەکەی کەمالی ئەحمەد ئاغا وەکو لقی قم کاری ئەکرد.

- هەندیکی تریشیان وەکو حەمید دەرویش و عیصمەت پشتیوانییان لە یەکیتی ئەکرد.

- صەلاح بەدرەدین، لە لوبنان دائەنیشت، جورە پەیوەندییەکی لە گەل حکومەتی عیراق دروست کرد بو. لایەنی ئوتونومی بەعسی گرت بو. دژی جموجولی حیزبە کوردیەکانی عیراق بو. بەیانیکی دژی بەیانەکەی دەستەی دامەزرینەری یەکیتی دەر کرد بو.

من زوری ئەم جوامیرانەم بەردەوام ئەبینی و، گفتوگومان ئەکرد. شەویک لە گەل کەمالی ئەحمەد ئاغاش دانیشتم. زورمان قسە و باس کرد. جگە لە سەرکردەی حیزبەکان چەند دوستیکی ترم هەبو پیوەندییان لە گەل هیچکام لەو حیزبانە نەبو. جگە لەم حیزبە کوردییانە حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی سوریاش لقیان هەبو. حیزبی شیوعی بارەگای ئاشکرایان نەبو.

کوردەکانی سوریا بە گشتی سیاسی بون، یان راستتر بە دوی هەوالەکانی کوردستان دا ئەگەران. بەلام لایان وابو تا کورد لە عیراق یا لە تورکیا بە مافەکانی نەگات، ئەوان هیچ دەسکەوتیکی سیاسی بە دەس ناهینن. لەبەر ئەوە زور بە تەنگ ئەوەوە بون بزانن چارەنوسی کورد لە یەکی لەو دو پارچەیەدا بە چی ئەگات.

لە ناو ئەو کتیبانەدا کە لەو ماوەیە خویندمەوە دیوانی مەلای جزیری بو. ئەم دیوانە مەلایەکی کورد ساغی کرد بوەوە و، بە عەرەبی لیکی دابوەوە و، شیعرە کوردیەکانیشی بە ئیملای عەرەبی نوسی بو، بەلام سەرەوبوری بو وشە کوردیەکان کرد بو، بە ئاسانی ئەخویندرانەوە. لە سوریا چاپ کرا بو. ساغکردنەوەیەکی چاک و، لیکدانەوەیەکی باش بو. پیشتر تەنیا ئەوەم لە سەر مەلای جزیری و شیعرەکانی خویند بوەوە کە عەلادین سەجادی لە «میژوی ئەدەبی کوردی» دا نوسی بوی، بەلام بە هوی ئەم دیوانەوە شارەزای بیری بەرزی سوفییانەی مەلای جزیری بوم و، زوقم لە شیعرەکانی وەرگرت.

دیوانی شیعری جگەر خوین «کیمە ئەز؟» تازە بە تیپی لاتینی لە لوبنان چاپ

کرا بو. له ناو خوێندەوارانی کرمانجی دا جگەرخوێن بە شاعیرێکی گەورە دانرا.

«مەم و زین» ی ئەحمەدی خانی تازە لە تورکیا بە لاتینی و بە تەرجومەی تورکیەوە چاپ کرا بو. ئەو کتێبانەی لە تورکیا چاپ ئەکران ئەگەیشتنە ناوچەی جەزیرە، بەلام من کەلکێکی ئەوتۆم لێ وەرنەگرتن و، تێ یان نەئەگەیشتم.

*

سەرەنجامی مەفرەزەکانی بادینان

لێرەدا بە کورتی کرونولوجی بە سەرهاتی مەفرەزەکانی بادینان ئەنوسمەوە:

١ ی حوزەیرانی ١٩٧٦ بە بونەی تێپەر بونی ١ ساڵەوە بە سەر دامەزراندنی یەکێتی دا نقیب مهندس ئیبراهیم عەزو محەممەد (جەبار) فەرماندەی دەستە چەکدارەکانی بادینان بو یەکەمین جار لە نزیک روباری هێزل لە پشتی زاخو لە گەڵ پێشمەرگەکانی تردا یەکی گرتەوە و کو بوەوە بو رێکخستنەوەی مەفرەزەکان و دابەش کردنی کاروفرمان بە سەریان دا. ژمارەیان ٣٧ پێشمەرگە بو. بون بە چوار مەفرەزە: ئیبراهیم عەزو، عیززەت ئیسماعیل شەنگاری، عومەر ئیبراهیم رشید، جەبار مەلا غەنی سندی، هەریەکەیان فەرماندەی مەفرەزەیەکیان بو.

ئەم ٤ مەفرەزەیە بو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان دابەش بون بە سەر ناوچەکانی زاخو، ئامێدی، دهوک و، کەوتنە چالاکی سیاسی، رێکخراوی، پێشمەرگەیی. مژدەی دەس پێ کردنەوەی خەباتی چەکداریان بە خەڵکی بادینان دا و، پەیوەندیان لە گەڵ زور کەس لە گوند و شارەکان دامەزراند و، هەندی ناونیشانیان درا بویە بو دامەزراندنی پەیوەندی لە گەڵ رێکخراوەکانی کومەڵە لە سلێمانی. لە گەڵ ئەوانیش پەیوەندیان دامەزراند بو.

١٥ ی تەمموزی ٧٦ ئیبراهیم عەزو بو بەری کردنی پێشمەرگەیەکی نەخوش و، ناردنی پوستە دەربارەی ئەنجامی کارەکانیان لە گەڵ مەفرەزەکەی چوە گوندی «نیروە» ناوچەی گوییی (لە قەزای ئولودەرە) لە کوردستانی تورکیا. پێشتر قم کەوت بونە چاودێری و سوراخی ئەم پێشمەرگانە لە ناوچە سنورییەکانی ئولودەرە - چەقورجە و، خێلە کوردەکانی ئەوی یان لێ هان دا بون کە هەر کەسێکیان لەو پێشمەرگانە بەر دەس کەوت بیان گرن، چەک و کەلوپەلەکانیان بو ئەوان و، سەریشیان بو قم، چونکە ئەوانە جاشی سەددامن و، بە فیتی سەددام ئەیانەوی شورش لە بارزانی تێک بدەن!

خەڵکی گوندی نیروە بە ناوی میوانداریەوە لە ناو ماڵێک دا دایان ئەنێن. دەوریان ئەگرن و، بە فێڵ هەمویان چەک ئەکەن و، بە گیراوی تەسلیمی لێپرسراوەکانی

قم: هاشم رەمەزان، کەریم سنجاری، جەوهەر نامیق یان ئەکەن.

مـاوەیەک بە گـیـراوی لە گـەور و گـوفـەکـانی ناوچەکـانی گـویی، قـەشـوری، نەرتوشی... سـورانـدیانـەوە و، قم گـوی یان نـەدایە نامـەکـانی مـامـجـەلال و، ناوێژی و هەولەکانی سەرانی د د ک د، سەرەنجام هەموویان کوشتن.

١ ی ئابی ٧٦ پاش ئەوەی ماوەی چەند هەفتـەیەک مەفرەزەکانی یادینان ئاگایان لە فەرماندەکەیان نامێنی، جارێکی کە یەک ئەگرنەوە بڕیار ئەدەن: عـیززەت ئیسماعیل و عـومـەر ئیـبـراهیم بە خـویان و مـەفـرەزەکـانیـانەوە بچن بۆ سـوراخی ئیـبـراهیم عـەزو و هاوڕێکانی. جەباری مـەلا غەنی و مـەفـرەزەکـەشی لە ناوچەکەدا بمێنیـتـەوە بۆ درێژەدان بە کارەکانی خوی.

عـیززەت و عومەر لە گەڵ مەفرەزەکانیان ڕو ئەکەنە ناوچەی گوێی. دیسان تاقمی لە خەلکی گوندی «رووبوزک» بە ناوی میوانداریـیـەوە تەفرەیان دا بون. دەوریان گرت بون و داوایان لی کرد بون چەک دابنێن.

عـیززەت ئەکەویتـە دواندنیان بە قـسـەی خوش و نەرم زووریان لـە گەڵ خەریک ئەبی لەو بیرە چەوتە پەشیمانیـان بکاتەوە. کەلکی نابی. سەرەنجام پی یان ئەلی: «من چەکم بۆ ئازادی کوردستـان هەلگرتوە، لە ئاشبەتالەکەوە تەمی خواردو بوم، بەلێنم داوە تا کـوردستان ئازاد نـەبی جـارێکی تر بە سـاغی چەک بۆ هیچ کـەس و تاقم و لایەک دانانێم، مـەگـەر بمکوژن ئینجا چەکەکەم ببەن».

ئەبی بە میل ڕاکیشان لەوی دا عیززەت ئەکوژرێ.

ئینجا لی یان ئەپرسن: «کی مسئولتانە؟»

عومەر ئیبراهیم و، قاسم محەممەد هەلئەستن ئەلێن: «دوای ئەو ئیمە مسئولین».

عومـەر فەرماندەی مەفرەزە و، قاسم خوێندکاری کلیەی هندسەی زانستگای موسل و، ڕابەری سیاسی مەفرەزەکەیان بو، هەر لە وێ دا عومەر و قاسمیش ئەکوژن.

١٨ پیـشـمـەرگـە کە پاشمـاوەی هەردو مـەفرەزەکـە بون بە گیـراوی بران تەسلیـمی بارەگای قم کرا لە گوندی مەرگەهـ لە نزیک ئولودەرە.

١٥ ی ئابی ٧٦ تاقـمی لە چەکدارەکانی قم بە سەرکردایەتی عـەبدوللا رەمـەزان، مەحمـود گوێی، یوسف گوێی.. پێشمەرگە گیراوەکانی مەفرەزەکانی عیززەت و عومەریان دایە پێش بەرەو ئەشکەوتی «بالی» لە نزیک گـوندی مـەرگـەهـ. هەمـوویـان کـوشتن و لاشەکانیان لە ئەشکەوتەکەدا بە جی هێشتن. بە ڕێکەوت یەکی لە پێشمـەرگەکان نامری و، خوی ئەگەیەنیـتـە مالی یەکی لە دانیشتـوانی ناوچەکە، ئەوانیش دالدەیان دابو، تیمـاریان

کــرد بو، بەلام قم پی ی زانی بو، بو ئەوەی شــوێنەواری تاوانەکــەیان کــوێر بکەنەوە، ئەویشیان بە زۆر لە کابرا سەند و کوشتیان.

.٣ ی ئابی ٧٦ لە کـاتێک دا کـە مـەفـرەزەکـەی جـەبـاری مـەلا غـەنی لە سـەر کانیـەک لە ناوچەی سندی نزیک زاخو خەریکی چایی لینان بون، تاقمی لە چەکدارەکانی قم بە سەرکردایەتی محەمەد خالید دەوریان گرتن و دایاننە بەر دەسرێژی گولله. جەبار و ٣ پێشــمـەرگەی تر لە هاورێکانی لەوێ دا کـوژران. ئەورەحمـان حـەسـەن شـەنگاری و ٣ پێشمەرگەی کە لە ئاپلوقەکە دەرباز بون و، بەلام کەوتنە داوی جاشێکی عیراقەوە بە ناوی جەعفەر بیسفکی، ئەویش تەسلیمی عیراقی کردن. دوای ماوەیەک لە موسل هەلواسران. ئەورەحمان لە زیندانی موسلەوە نامەیەکی ئازایانەی بە عەرەبی بو مامجەلال نوسی بو.

بەمجورە مەفرەزەکانی بادینان بە ناکامی لە ناو چون.

*

هاتنی عومەر مستەفا و جەوهەر نامیق بو سوریا

کاک عومەر ویستبوی بێتە سوریا. د. خالید تاقمی پێشـمـەرگەی گورجوگولی بالەکایەتی هەلبژارد بو. مانگی تشرینی یەکەمی ٧٦ لە گەل کاک عومەر بە ڕێ کەوتن بو بادینان. چەندی سوراخیان کرد بو هەوالی پێشمەرگەکانی یەکیـتیـیان نەزانی بو. بە هوی چەند کـەسـێکی خەلکی ناوچەکـە زانی بویان هەندی لە سـەرکـردەکـانی قم لە نزیک «چەلی» ن لە تورکیا بە هوی ماجید بەگی سەروکی شاروانی چەلیوە پەیوەندییان لە گەل کرد بون. کەریم سنجاری و جەوهەر نامیق هاتبون لە جێگایەکی سەرسنور بە ناوی «دولی نەتیران» یەکتریـیان دی بو. وا ڕێک کەوت بون کاک عومەر و جەوهەر پێکەوە بێن بو سوریا بو یەلاداخستنی ناکوکییەکان. هەر لەوێوە ئەچنە چەلی و بە ناو تورکیادا هات بون بو جزیرە و، لەوێوە لە سنور پەری بونەوە بو ناو سـوریا. وەکـو دوایی دەرکـەوت، قم لەو ماوەیەدا ئیبراهیم و هاورێکانیان کوشت بو.

من لە دیرکی بوم کـە ئەوان گـەیشتن. کـاک عـومـەر دلێـری برازای و شـێروش و شالاوی عـەلی عـەسکەری لە گـەل خوی هێنا بو. لە دیرکی هاتنە بارەگـامـەی ئێـمـە. من جەوهەرم نەئەناسی. کاک عومەر وتی: «لە بادینان سوراخی پێشـمەرگەکانی یەکیتی مان کـرد، بەلام هیچ هەوالێکیـانمان دەس نەکـەوت». منیش وتم: «وەکـو ئەزانن قم هەمـویانی گرتوە و قسـە هەیە هەمـویان کوشت بن»، ئینجا دایەزیمـە سەر قم و باسی تاوانەکانیانم کرد. جەوهەر هەلی دایە. کاک عومەر وتی: «ئێمە فلانو پێکەوە هاتین ناکوکییەکان

چارەسەر بکەین». وتم: «کەواتە لەم بپرسە پێشمەرگەکانی بادینانی چی لێ کردوە؟». لە گەڵ جەوهەر بو بە دەمەقالێمان. لە دیرک نەمانەوە بە رێ کەوتن بو شام.

قم پیوەندی لە گەڵ حکومەتی سوریا دامەزراند بو. ئەوانیش وەکو ئێمە ئازادی هاتوچو و کاریان هەبو. لە گەڵ دەزگا موخابەراتیەکان پیوەندی بە هێزیان دروست کرد بو. زورجار هەواڵ و دەنگوباسی دروستکراویان لە سەر ئێمە ئەدا بە دەزگا ئەمنیەکانی سوریا. زورجار کێشەو گیروگرفتیان بو ئێمەو پێشمەرگەو ئەندامەکانمان ئەخولقاند.

*

رێپێوانێکی سەرنەکەوتو

لە گەڵ سەرکردایەتی وڵات وەها رێک کەوتبوین ئەوان خەریکی ئاواکردنەوەی ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک بن، ئێمەش هی بادینان. ٤ مەفرەزەی کە لە گەڵ ئیبراهیم عەزو گەرانەوە لە ناوچون. جگە لە بادینان لە هەمو ناوچەکانی تر پێشمەرگە کەوتنە جموجوڵ. بادینان گرنگیەکی جیوپولیتیکی هەبو. سنوری بە تورکیاو سوریاوە بو. رێگای هاتوچوی دنیا بو. رێگای گوێزانەوەی چەک بو. نەمانئەتوانی وازی لێ بهێنین.

لە ناو تورکیا خەڵکێکی زورمان رێک خست بو. زوریان لەوانە بون پێش ئاشبەتاڵ پێشمەرگە بون و جێگەی خویان لە تورکیا کرد بوەوە. لە جزیرە، سلوپی، شەرناخ، ئولودەرە، شەمزینان بنکەی سیاسی مان دامەزراندبو. لە زور جێگاش چەکمان حەشار دابو.

یەکی لەوانەی پشتمان پێ بەست بو کابرایەکی زاخویی بو بە ناوی «عیصمەت دینو». عیصمەت دوستی خالە بوزی و، ناسیاوی صەبری نەواف بو. ئەوان باوەریان پێ کرد بو بە ئێمەشیان بە ناسین دابو. عیصمەت بە خێزان و دەسوپیوەندەکانیەوە لە شوێنێکی سنوری عیراق و تورکیا دانیشت بو. چەندین کلاشینکوف و ئارپیجی و تەقەمەنی مان لە لا دانا بو. لە ئولودەرەش رێکخستنمان دروست کرد بو لە ناو کونە پێشمەرگەکانی گویی دا و چەکدارمان کرد بون و چەکی زیادەمان لە لا دانابون.

هێزەکانمان سازدا و، چەند مەفرەزەیەکمان لێ دروست کردن. ئەفسەرەکانمان کرد بە فەرماندەیان. دوا حەفتەی مانگی ١١ی ٧٦ ئامادەمان کردن بو جولان. هەمومان نەمانئەتوانی پێکەوە لە سوریا بەری بکەوین. لەبەرئەوە بو دەرباز بون لە سنور کردمان بە ٣ تاقم:

تاقمی یەکەم بە سەرکردایەتی حەسەن خوشناو بە کەلەک لە روباری دیجلە

پەڕینەوە. حەسەن ئەبو بچیتە ناوچەی گۆیی و، پێشمەرگەکانی ئەوی ساز بدا.

تاقمی دوەم بە سەرکردایەتی فوئاد عومەر شەوێک دوای ئەوان بە کەلەک لە ڕوباری دیجلە پەڕینەوە. فوئاد و جەمال ئەبو بچنە ناوچەی سلوپی عیسمەت دینو و پێشمەرگەکانی ئامادە بکەن.

تاقمی سێیەم کە عادل موراد و سەید کەریم و سەردار دەلویی و فەرهاد شاکەلی و منیان لە گەڵ بو ئەبو شەوی سێیەم ٧٦/١١/٢٤ لە دیجلە بپەڕینەوە، هەر ٣ تاقم لە لای عیسمەت دینو یەک بگرینەوە و، لەویوە بەرەو بادینان بەرێ بکەوین و، لە بادینان دابەش ببین بە سەر ناوچەکان دا.

ئەو شەوەی ئەبو ئیمە بپەڕینەوە ڕوژەکەی بارانێکی زور باری بو ئاوی دیجلە هەلسا بو. سواری کەلەک بوین لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا کەلەکەوانەکە گەڕایەوە بو دواوە. نەیتوانی بمانپەڕێنێتەوە. ئەو شەوە نەمانتوانی بڕوین. بو ڕوژی دایی ناچاربوین لە وشکایییەوە بڕوین هەرچەندە ڕێگاکەمانی دور ئەخستەوە. شەوەکەی لە تەلبەندی سنور دەرباز بوین. بەلام پێشەنگی هێزەکەمان لە گەڵ دەوریەی جەندرمە پێکا هەلپژان. هەرچونێ بو تێپەڕین. بەلام نەمانتوانی بگەینە جێگایەکی ئەمین. ڕوژمان بە گردێکەوە بەسەر برد لە نزیک دێیەک. دامەزراین بو شەر چونکە هێزی جەندرمە کەوتنە کێومالی ناوچەکە بە دوای ئێمەدا ئەگەڕان. ئێمە ئەوانمان بینی بەلام ئەوان ئێمەیان نەدی و، خەلکی گوندەکەش کوردپەروەر بون، نەک هەر زمانیان لێ نەداین، بەلکو سەریان لێ تێک دان.

ئێوارە بەرێ کەوتین بەرەو چیای جودی و لەوێوە بەرەو شوێنی دیاریکراو. کاتێ لە ناوچەکە نزیک کەوتینەوە زانیمان ڕوژێ پێشتر عیسمەت تەسلیمی عیراق بوتەوە. لە گەڵ هێزەکانی حەسەن و فوئاد یەکمان گرتەوە. چەند کەس و مەفرەزەی ئیمە لە بادینیەکان شەو لە ناو هەلاتن بو ناو قم. تومەز پێشتر پەیوەندییان لە گەڵ قم هەبوو تەگبیریان بو کرد بون. تەسلیمبونەوەی عیسمەت، کە بە تەمای ئەو بوین ڕێبەریمان بکا و، ڕاکردنی یەک لە دوای یەکی مەفرەزە بادینییەکان، نائومیدییەکی زوریان تێ دا بلاو کردینەوە. لە لایەک جەندرمە بە دوامانا ئەگەڕاو، لە لایەکی ترەوە خەلکی ناوچەکە هاوکارییان لە گەڵ نەئەکردین. تەنانەت خواردنیشیان پێ نەئەفروشتین. بو خوپاراستن زورمان جێگورکێ کرد. ڕێبەرەکانیشمان گویی بون، ئەترسان بە هوی ئێمەوە توشی کێشە بێن، ئەیان ڕەتاندین و ئەیانویست ماندومان بکەن بو ئەوەی بگەڕێینەوە. لە هەورازێکمان دا ناوی چەکو بو هەرگیز ڕێگای وا سەخت و کوورم نەدی بو. چوینە گوندەکانی شاخ و زیارەت. ئەمانە هەواری میری بوتان بون و کاتی خوی میربەدرخان هاوینانی لەوی گوزەراندوە. شاخ

گوندێکی زۆر خۆش بو.

عەلی شاخی یەکێ لە ڕێبەرەکانمان بو خەڵکی ئەو گوندە بو. قم پاش ماوەیەکی کورت کوشتیان لە سەر ئەوەی چاوساغی ئێمەی کرد بو. بە جێگایەکا ڕابوردین ناوی دوڵی کورتان بو بەرەو گوندی بلکێ. بلکێ لە سەر سنور بو. لە ناو سەرما خومان کرد بە ناو گوندا. خەڵکی گوندەکە بە نابەدڵی جێگایان کردینەوە. هەستمان کرد خۆیان ئامادە ئەکەن لیمان دامەزرێن. بەیانی زو، پێش ئەوەی ئەوان بە خو بکەون، بە وریایی و ڕێکوپێکی کشاینەوە. لام وایە لەبەر زوری ژمارەی ئێمەو وریایی خومان زاتیان نەکرد پەلامارمان بدەن. قم خەڵکی ئەو ناوچانەی لە یەکێتی تێژ کرد بو. کابرایەکیانم دواند، لەم پرسی بوچی دوژمنایەتیمان ئەکەن؟ وتی: «هون لە سەر خەتی سەروک نامەشن!»

من کەوتبومە هەڵوێستێکی نالەبارەوە. هەمو توشی نائومێدی بون. وایان ئەزانی خەڵک بە چەپڵەرێزان پێشوازیمان ئەکەن. کەچی دوژمنایەتیان ئەکردین. باوەڕم وابو بەمجورە تێپەڕین بو کوردستانی عیراق ناکرێ و، لەوە زیاتریش بینەینەوە توشی هەمان چارەنوسی ئیبراهیم عەزو و هاوڕێکانی ئەبین. چوینە شاخی هەرەکول لەوێ بڕیارم دا هێزەکمان هەموی بگەرێتەوە سوریا. من و سەید کەریم و حەسەن خوشناو و عەبدوللا خوشناو لێیان جیا بوینەوە چوینە گوندی «ڕەپن» تەنیشت «ئولودەرە» بو ناو گویەکان. گویی دویەش بون. هەندێکیان لە گەڵ قم و هەندێکیان لە گەڵ یەکێتی بون. هەندێکیان لە شورشی ئەیلول دا پێشمەرگە بون. زوریان بە کرێکاری چوبونە موسڵ و عەرەبیان ئەزانی. شارەزای بادینان بون و، جوری ژیان و هەڵسوکەوتی ڕوژانەیان فێری ژیانی عەسکەری کرد بون. ویستمان لەوێوە ڕێگایەکی تازە بدوزینەوە بو جارێکی تر. سەرکەوتو نەبوین.

یەکێ لەو نوکتانەی هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە لەم سەفەرەمدا گوێم لێ بو. نیوەشەوێکی سەرەتای مانگی کانونی یەکەم لە ڕوباری هێزل ئەپەڕینەوە. بو ئەوەی جلەکانمان تەر نەبێت خومان روت کرد بوەوە. هەوا زور سارد بو، ئاوەکەش ساردتر. ژان ئەچوە ئێسقانەوە. چاوساغێکی گوییمان هەبو ناوی حەمەرشید بو. کە لە ئاوەکە پەڕینەوە دنیا ئەوەندە تاریک بو چاو چاوی نەئەبینی. حەسەن خوشناو بە دەنگێکی بەرز بانگی کرد: «حەمەرشید! حەمەرشید!» .وتم ئاخو ئەبی حەمەرشیدی بوچی بی؟ حەمەرشید هات وتی: «بەڵێ کاک حەسەن ئەمرکە!». حەسەن زور بە خوین ساردییەوە وتی: «سەیری گونم بکە بزانە نەوەریوە!»

پاش هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچەکە و، ڕێگاوبانەکانی، تێگەیشتم گەڕانەوەی

بە کـومـەڵ لە کـردن نایەت. ئەبی بیـر لە شـیـوەیەکی تر بکەینەوە. ئیـمـەش بریارمـان دا بگەرینەوە بو سـوریا. چونـە جـبـلاتپنار و بە شـەو بە پارە لەگـەڵ جـەندرمـە لە سنور پەرینەوە بو سەری کانی لە سوریا. دو کەس لە سەرکردەکانی پ د ک ت مان لە گەڵ هات بون. ئەچون بو کوبونەوەی هاوبەشی ئەوان و یەکیتی.

هەرچەندە سـەفـەرەکـەمـان ۳ حـەفـتـە زیاتر دریژەی نەکـیـشـاو، هەمـو بە سـەلامـەتی گەیشتنەوە سوریا. بەلام بە راستی ئەمە تیشکانیکی نەفسی و سیاسی ناخوش بو. بو من تەجـروبەیەکی دەولەمـەن بو بو روژگـاری داهاتوم. هەندی لەوانەی هاوبـەشی ئەم ریپـیـوانە سەرنەکەوتوە بون، خەتای منیان ئەگرت و، بە یەکجاری چونە ئەوروپا.

من ئیـتـر نەچومـەوە بو دیرک و، ئومـیـدیکی ئەوتوشم بە کاری ئەوی نـەمـا. چومـە شام.

*

کەم بژی و، کەڵ بژی!

گیراوەکانی کومەلە: شـەهاب و هاوریکانی، دوای لیکولینەوەیەکی پر لە ئازاردانی چەند مانگە دران بە دادگا. شەهابی شیخ نوری و، جەعـفـەر عەبدولواحید لە سەرکردایەتی کومەلە و، ئەنوەر زوراب لە ریکخستنی بەغداد حوکمی ئیعدام و، ئەوانی تر لە ٥ تا ١٥ سال حوکم دران.

روژی ۷٦/۱۱/۲۱ شـەهاب و جەعفەر و ئەنوەر لە سیدارە دران و، تەرمەکانیان برایەوە بو کوردستان. ئەمانە تاقمی یەکەمی تیکوشەرانی کورد بون لە سیدارە بدرین. بە ئازایەتیـیەکی بی وینەوە رویەروی دەزگـاکانی لیکولینەوە و، دادگـا و، هەلواسـین بونەوە. نەریتی ئازایانەی «کەم بژی و، کەڵ بژی» یان بو هاوریکانیان داهینا. بە بونەی هەلواسینی شەهاب و هاوریکانیەوە کومەلە لە کوردستان بەیانیکی بە کوردی دەرکرد. بەیانەکە کاک ئارام نوسی بوی. لە سوریاش ژمارەیەکی «الشرارە» بو ئەم روداوە تەرخان کرا.

*

گـەرەکـیـکی شـام ناوی «حی الاکـراد» بوە. ناویان گـوری بو بـە «رکن الدین». حەسـەن خوشناو و سـەید کەریم و من چەند مـانگی لە فـلاتیک ئەژیاین لـە «رکن الدین» بەرامـبـەر بـە شـاخی قـاسـیـون و، «تاخی کـرمـانج». زور جـار بە پی بە قـاسـیـون دا هەلئەگەراین. زوری ئیواران مـیـوانمان ئەهات. ژیانی روژانەی خومان وا ریک خـسـت بو: سـەید کەریم خـواردنی دروست ئەکرد، حـەسـەن مـالەکـەی خاوین ئەکـردەوە، منیش قـاپ و قاچاغم ئەشت و، پیکەوە بازارمان ئەکرد. لە کاتی پیـویسـتـیش دا یارمـەتی یەکـتـریمـان

ئەدا. پیکەوە ۳ هاوری ی گیانی بە گیانی و تەنیا بوین. شورش عەسکەری یش کەهاتە شام هاتە لای ئیمە، ئەو کاتە هەرزەکاریکی تازە پیگەیشتو بو.

*

جاری یەکەم کە چوم بو شام چەند روژی من لە گەل چەند کەسیکی کەدا پیکەوە لە فلاتیک دا بوین. ماوەیەکیش ئەنوەر شاکەلی لەوی بو. ئەنوەر تازە ناوی خوی گوری بو بو فەرهاد شاکەلی. دیوانیکی شیعری نوسی بو بە تەما بو چاپی بکا. دای بە من بیخوینمەوە و رەئی خومی لە سەر بلیم. من خویندمەوە و بە وردیش خویندمەوە. فەرهاد ئەندامیکی تازە پیگەیشتوی کومەلە بو. بە سەنگ و تەرازوی ئەو کاتە بە روشنبیر لە قەلەم ئەدرا. بەلام لە بیروباوەردا هەتا بلیی توندرەو و کال بو. دژی زوری ئەوانە بو لە دەوری یەکیتی کوبوبونەوە و، بە بورجوازی و دەرەبەگ و بی کەلکی دائەنان. لای وابو دوای گوران تەنیا شاعیر لە کوردا هەلکەوت بی خویەتی.

من هەولیکی زورم لە گەل دا هەندی لەو بیرورا چەوتانەی راست بکەمەوە، بە هیوای ئەوەی بیبێتە کادریکی بە کەلکی کومەلە و یەکیتی، بەلام بیرورای لە سەر منیش گورا. بە تایبەتی کە ویستی، بەو جورەی خوی ئەیەوی، پیشەکی بو دیوانەکەی بنوسم، وەکو شاعیری کومەلە و جیگری گوران پیشکەش بە خویندەوارانی بکەم. راستیەکەی بە پیچەوانەی چاوەروانیەکانی ئەوەوە لە من، من ئاموژگاریم کرد، ئەو وەکو گەنجیکی روشنبیر کە سەرەرای کوردی، زمانەکانی عەرەبی و فارسی ئەزانی، باشتر وایە واز لەو شیعرە بی فەرانە بهینی و خوی بە نوسینی شتیکی بە کەلکترەوە خەریک بکا، بە تایبەتی لەو کاتەدا «الشرارە» دەر ئەچو، بە تەمای دەرکردنی «ریبازی نوی» ش بوین.

مەبەستم لەم قسەیە، بیگومان، شکاندنی نرخی ئەو پیاوە نەبو، بەلکو من وەکو بەرپرسیکی گوی لی گیراوی کومەلە و یەکیتی، لە روی دلسوزی و دل پی سوتانەوە ئەمویست ریگایەک پی نیشانی کەسیکی لە خوم کەمتەجرووبەتر بدەم، بۆ خوی و بو یەکیتی باشتر و سەرکەوتوتر بی.

دیوانەکەی چاپ کرد و، شیعرەکانیشی هیچ شورشیکیان لە ئەدەبی کوردی دا هەلنەگیرساند.

فەرهاد شاکەلی لە قسەکانی من توشی «خیبە امل» بو، بگرە وەکو ئەلین قوشقی بو. خۆیشی ماوەیەک بو توشی سەر لی شیوانی سیاسی بو بو، ئەیویست بە یەکجاری بچیٚ بۆ ئەوروپا، وازی لە یەکیتی و کومەلە هینا، ماوەیەک لە گەل «وحدە القاعدە» و ماوەیەکیش لە گەل «سازمانی ئینقیلابی» کاری کرد، پاشان روی کردە سوید. وازی لە

شیعر هینا، بەلام فیری «موهاتەراتی سیاسی» بو.

*

«زانستگای دیمەشق» هەمو ئەو خویندکارە کوردانەی وەرگرت کە لە ئیران و عیراقەوە هات بون. بیگومان ئەمەش کاریکی نائاسایی بو، «قیادەی قەومی» بە تایبەتی بو یەکیتی جیبەجی کرد. هەر خویندکارە پیشتر لە چ «کلیە» یەک و لە کام «پۆل» بو بو، لە هەمان «کلیە» و «پۆل» وەرگیران. یەکیتی ژیانی هەمویانی دابین کرد بو: موچەی مانگانەی بو بری بونەوە و، کری ی خانوی بو ئەدان.

مامجەلال تەعقیبی خویندکارەکانی کرد بو بۆ ئەوەی بزانی لە خویندن دا چونن، زوریان دەوامیان نەکرد بو. مامجەلال کوبونەوەیەکی لە گەل کردن بو ئەوەی لە گیروگرفتەکانیان بکولیتەوە و، بویان چارسەر بکا.

یەکی لەم خویندکارانە تازە لە عیراقەوە هات بو. دوستی کومەلە بو. لە کلیەی هندسە وەرگیرا بو. ناوی شەمال بو. شەمال لە هیچی کەم نەبو، موچەی مانگانەی ئەوەندەی موچەکەی من بو، پارەی کتیب و کەلوپەلی زانستگاشیان بو دا بو.

مامجەلال لی ی پرسی بو: «گیروگرفتەکانی چیە؟». وتبوی: «گیروگرفتم نیە». پرسی بوی: «ئەی بو دەوام ناکەی؟» شەمال وت بوی: «من ناتوانم لە ولاتیک دا بخوینم کوردی تی دا بچەوسیتەوە. کورد لە سوریا ئەچەوسینریتەوە لە بەر ئەوە منیش تاقەتی خویندنم نیە». شەمال خویندنی تەواو نەکرد و چو بۆ ئەوروپا.

*

عارف تەیفور و وریا سەعاتچی و کەریم سنجاری کەوت بونە هاتوچو بو سوریا.

مامجەلال چو بو لەندەن. مەسعود و سامی بینی بو. یەکی لە مەسەلەکانی باسیان کرد بو لیکولینەوەی هاوبەش بو لە کوشتنی مەفرەزەکانی یەکیتی و، سزادانی بکوژەکان. مەسعود و سامی بیئاگایی خویان لەو روداوە پیشان دابو. بەلینیان دابو کە ئەگەر لەگەل یەکیتی پیک بین یا پیک نەیەن لەو روداوە بکولنەوە سزای تاوانبار بدەن. مامجەلال پروژەیەکی سیاسی پی دابون بو ریککەوتن. پاش دەسکارییەکی کەم قەبولیان کرد بو.

*

جەموجولی بنەمالەی بارزانی لە مانگەکانی شوبات و مارتی ۷۷ دا نمونەیەکە لە جوری رەفتاری سیاسیی ئەم بنەمالەیە لە گەل روداوەکان دا لەوەتی سەرکردایەتی جولانەوەی کوردیان گرتوتە دەس:

– مەلا مستەفا لە واشینتون خەریکی تازەکردنەوەی پیوەندی بو لە گەل

بەڕیوەبەرایەتی ئەمریکی.
- مەسعود لە شام خەریکی تازەکردنەوەی پیوەندی بو لە گەڵ سوریا و ڕیکخراوە فەلستینییەکان.
- ئیدریس لە کەرەج خەریکی سەرپەرشتی چالاکیبەکانی ق م بو، کادر و مەفرەزەی ئەناردەوە بو کوردستانی عیراق.
- عوبید و لوقمان لە بەغدا بون. عوبید وەزیر بو لە وەزارەتەکەی بەعس دا.
لیرەدا بە پیویستی ئەزانم کرونولوجی هەندی لە روداوەکان، پشت ئەستور بە بەلگە، بنوسم بو ئەوەی خویندەوار بتوانی لە گەڵ یەک بەراوردیان بکا و، پیکەوەیان گری بدا. ئەوسا من هەندی لە مانەم ئەشزانی سالانی دوایی تیبان گەیشتم:
٩ ی شوباتی ٧٧ مەلا مستەفا نامەیەکی دریژ بو کارتەر ئەنوسی دەربارەی هەلومەرجی کوردستان. کارتەر نامەکەی پشت گوی خست و وەلامی نەدایەوە.
١٤ ی شوبات مەلا مستەفا نامە بو سیناتور و نوینەرەکانی ئەمەریکا ئەنوسی و، وینەیەکی نامەکەی بو کارتەری نارد بو، بویان ئەنیری و گلەیی ئەکا کە وەلامی نەدراوەتەوە.
٢٧ شوبات ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، ئیسماعیل تایە ئەلنعیمی بانگ ئەکات و، دایئەنی بە سەرکردەی فەیلەقی یەک و، کوژاندنەوەی شورشی سەرلەنوی دەس پی کردوی کوردستانی پی ئەسپیری. النعیمی لەم روەوە لە «تجربتی فی القیادە» دا نوسیویتی:
«٣٥٣. لقد کان الوقت مساء من یوم ٢٧ شباط ٩٧٧ وانا مشغول فی احد المؤتمرات الاسبوعیە لمناقشە کراسات التدریب واذا بالتلفون والمتکلم السید رئیس ارکان الجیش حیث طلب حضوری الی دائرتە وعند ذهابی الیە ابلغنی ان السید الرئیس القائد یطلب حضوری وقد ذهبنا معا الی دائرە السید وزیر الدفاع وبادرنی السید الرئیس القائد انە تم اختیاری قائد فیلق فی الشمال (مع العلم ان الحرکات فی شمال الوطن قد بدأت ثانیە) وقال انی اطلب منک ان تنهی المعرکە بسرعە فقلت لە سیدی سابذل کل جهدی من اجل ضرب العصاە ولکن لایمکن لای قائد عسکری ان یحدد موعدا لانهاء حرب عصابات یحرکها الاستعمار وهناک حدود مفتوحە تجاورها دولە لها اطماع فی بلدنا وفی منطقە ملائمە لحرب العصابات»
١ ی مارت سوریا ناکوکی یەکیتی و قم ی پی خوش نەبو. ئەیانزانی ئەوان لە تورکیا نفوز و دەسەلاتیان هەیەو، بە بی کرانەوەی ریگای تورکیاش یەکیتی ناتوانی پەرە بە چالاکییەکانی بدا. سوریەکان مەسعودیان بانگهیشت بو سوریا. لە ئوتیلی «میریدیان»

میوانداریان کرد.

ئاویانگی پارتی لە دوای ئاشبەتاڵ زرا بو. لە ناو هێزە سیاسیەکانی عیراق و ناوچەکەدا سوک بوبون. مەسعود و وەفدەکەیان لە هەولی ئەوەدا بون پەیوەندی ئەم نوی بکەنەوە لە گەڵ هەمو لایەک. خەریکی گفتوگو بون لە گەڵ حکومەتی سوری و، حیزبی بەعس و، «التجمع الوطنی العراقی» و، حیزبە کوردییەکانی سوریا و، ڕێکخراوە فەلەستینییەکان.

مەسعود و مامجەلال بە دوقولی و، نوینەرایەتی هەردولا لە ئەم: مەسعود و کەریم سنجاری و عارف تەیفور و، وریا سەعاتچی و، لە یەکێتی مامجەلال و د. فوئاد و، عادل و ، ڕەزاق و من چەندین جار دانیشتین و سەردانمان کردن. سەرکردایەتی عیراقی بەعس کە لە سوریا بون هەولیکی زوریان دا هەردولا لە یەکتری نزیک بخەنەوە. ئەم لە گەڵ تجمع نەگەیشتە ڕێککەوتن. بەلام ڕێککەوتنیکی مەیدانیی لە گەڵ یەکێتی و حیزبی بەعس ئیمزا کرد. ئەمەش دەقی ڕێککەوتنەکە:

من اجل تحقيق التعاون العملی فی ميدان العمليات العسكرية واتخاذ الخطوات الكفيلة بتنسيق جهود المقاتلين الثائرين على الحكم الفاشی فی العراق وايصال الاسلحة والاعتدة والمساعدات المالية اليهم وتوفير سائر مستلزمات ديمومة وانتصار الثورة المندلعة فی كردستان العراق باعتبارها جزءا هاما من الثورة العراقية الديمقراطية المناضلة من اجل تحقيق اهداف الشعب العراقی التی يشكل برنامج التجمع الوطنی العراقی ارضية جيدة لها. اتفقت الاطراف الثلاثة على اقرار وتنفيذ الخطوات التالية:

اولا: اعتبار جميع المقاتلين الثائرين على الفاشية فی كردستان العراق بصرف النظر عن انتماءاتهم الحزبية والسياسية جنودا لجيش الثورة العراقية الديمقراطية ومعاملتهم على قدم المساواة من حيث التسليح والتموين والاعتدة وتوفير سائر مستلزمات مواصلة القتال.

ثانيا: تاليف لجان تنسيق ميدانية من ممثلی الاطراف الثلاثة فی مناطق القتال المختلفة لتوحيد جهود الانصار وزجها ضد الفاشية كقوى متحدة ومتضامنة فی القتال وكذلك لحل الخلافات والاشكالات التی تنجم بروح الاخوة الكفاحية ورفقة السلاح فی الجيش الواحد.

ثالثا: الشروع فورا بتاليف لجان التنسيق فی المناطق الضرورية والممرات الهامة حسب مايتفق عليه لتامين ايصال الاسلحة والاعتدة الى المقاتلين على ارض الوطن وكذلك لاعادة المقاتلين الموجودين فی الخارج مع بعضهم لينضموا الى اخوتهم المقاتلين فی الوطن.

رابعا: بذل الجهود المشتركة والانفرادية المنسقة بين الاطراف المشتركة للحصول على الاسلحة المتطورة والاسلحة اللازمة لادامة الثورة بما فيها تشكيل لجنة مشتركة للتفتيش عن

الاسلحة وشرائها وتوحيد الجهود لامداد المقاتلين بها بالسرعة االقصوى.

خامسا: وقف الحملات الاعلامية والكلامية وتوجيه القواعد بروح التعاون والاخوة.

سادسا: يقوم كل طرف من الاطراف الثلاثة بابلاغ قياداته وجهازه المسؤول بمضمون هذا الاتفاق والزامهم بتنفيذه وبذل كل الجهود اللازمة لوضع هذا الاتفاق موضع التطبيق العملي.

عن حزب البعث العربي الاشتراكي

باقر ياسين

عن الحزب الديمقراطي الكردستاني القيادة المؤقتة

مسعود بارزاني

عن الاتحاد الوطني الكردستاني

جلال طالباني ١٩٧٧/٣/١

هەمان ڕۆژی کە یەکەمین ڕێککەوتن لە نێوان مامجەلال و مەسعودا ئیمزا کرا، ئیسماعیل تایە ئەلنعیمی بەش گەیشتە کەرکوک، بۆ بارەگای فەیلەقی یەک، بۆ سەرکردایەتی لەشکرکێشییەکانی جەیشی عیراق دژی کورد. پاش چەند ڕۆژی لەشکرکێشیی گەورەی دەس پێ کرد بۆ سەر پێشمەرگەکانی کوردستان و بنکەکانیان. لەم ڕووەوە نوسیویتی:

«ولم تكن هناك حفلة توديع ولا حتى توديع للضباط والمراتب لان المطلوب التحاقي بسرعة الى منصبي الجديد قائدا للفيلق الاول في الشمال وهكذا كانت رغبتي دائما هي الالتحاق السريع بعد صدور امر نقلي ولذلك كان سفري للالتحاق يوم ١ اذار ١٩٧٧ حيث وصلت بالطائرة الى قاعدة كركوك الجوية وكان عدد من الضباط قد حضروا لاستقبالي في المطار ووصلت الى مقر الفيلق في معسكر كركوك.»

٣ ی مارت مەلا مستەفا نامەیەکی تری بۆ کارتەر نوسی داوای بینینی ئەکات. لە نامەکەی دا نوسیویتی: «ئەم بینینەی دوایی ئێوە و بینینەکەی جێگری سەرکۆمار ماندێل لە گەڵ ڤلادمیر بوکوفسکی سەرنجی گەورەی ئێوەی لە گەلی زوڵملێکراو و، ئارەزوی ڕاستەقینەی ذیوەی بۆ یارمەتیدانی بۆ پێشەوە چونی «ئازادی و مافی دەربڕین»، بە ئاشکرا دەرخست. ئەم کارە بێگومان ورەی هەمو بەرهەڵستکارانی شورەوی بە هێز کرد. ٣ ملیون گەلی کورد لە عیراق دا کە بە هۆی ڕوداوەکانی پێش و پاش ڕێککەوتنی خیانەتکارانەی جەزائیرەوە لە ٦ ی مارتی ٧٥ دا ورەیان لە دەس داوە، لە هەمو کەسی زیاتر شایانی ئاور لی دانەوەی ئێوەن. بینینی ئێوە و جێگری سەرکۆمار یارمەتییەکی گەورە ئەبێ بۆ بەرزکردنەوەی ورەیان و هەروەها پشتیوانی لە بار و دوخی ئەوان لە

تاریکترین کاتی مێژوی کوردستان دا له لایەن ئێوەوە، یارمەتی ئەدا. بە ئومێد و خۆشییەکی زۆرەوە چاوەڕوانی بینینتانم.»

*

مەسعود داوای لە مامجەلال کرد بو: بادینییەکان بگەڕێنەوە بادینان و، سۆرانییەکان بگەڕێنەوە ناوچەی سۆران. مامجەلال ڕەزامەندی پیشان دابو، بەلام بە نیمەی نەوت. ئێمە خۆیشمان پێمان خۆش بو بچینە ئەو ناوچەیەی لی ی شارەزا بوین. خۆمان ئامادە کرد بو گەڕانەوە. پێشمەرگەکانی بادینان سازدران بە سەرکردایەتی حسێن بابەشێخ بگەڕێنەوە. مەسعود ستایشی شێخ حسێنی کرد بو. بەخۆشحالی خۆی دەربڕی بو بەوەی کە یەکێتی پیاوێکی نەرم و بەڕێزی وەکو شێخ حسێن لە بادینان دا ئەنێ. بەلێنی دابو هەمو جۆرە هاوکارییەکی لە گەل بکەن.

*

برادۆست: یه‌کگرتنه‌وه‌ی براکان

*

به‌ گوێره‌ی ئه‌و رێککه‌وتنه‌ی له‌ شام بۆ «هاوکاری مه‌یدانی» له‌ نێوان مامجه‌لال و مه‌سعود بارزانی دا ئیمزا کرا بوو، ئه‌م دوو هێزه‌ ئه‌بوو: له‌ هه‌مووملبه‌نده‌کانی کوردستانی عێراق کومیته‌ی هاوبه‌ش بۆ هاوکاری دابمه‌زرێنن. ئه‌بوو رێ له‌ یه‌ک نه‌گرن و یارمه‌تی یه‌کتر بده‌ن.

مانگی نیسانی ١٩٧٧ خالید سه‌عید و هه‌ندێ له‌ پێشمه‌رگه‌کانی باله‌کایه‌تی هات بوون بۆ هه‌ڵگورد و ناوچه‌ی برادۆست. ماوه‌یه‌ک له‌وێ مابوونه‌وه، چاوه‌ڕوانی گه‌یشتنی هه‌ندێ له‌ به‌رپرس و کادره‌کانی ینک یان ئه‌کرد له‌ سوریاوه. کاک خالید له‌ چاوه‌ڕوانی بێتاقه‌ت بوو بۆ رۆیشت بوو بۆ هه‌ڵگورد، به‌ڵام دوو مه‌فره‌زه‌ی له‌ ناوچه‌که‌دا به‌جێ هێشت بوو. یه‌کێکیان ئه‌وڕه‌حمان بیشه‌یی و ئه‌وی تریان قادر روستایی فه‌رمانده‌یان بوو. له‌ گه‌ڵ ئه‌وان دا جه‌وهه‌ری براشی دانا بوو. هه‌ر له‌ گه‌ڵ ئه‌وان دا بۆ شاره‌زایی و هاوده‌نگی پێشمه‌رگه‌یه‌کی جامانه‌سووریان له‌ گه‌ڵ بوو به‌ ناوی ره‌شید گه‌ردی. ره‌شید له‌ گه‌ردییه‌کانی تورکیا بوو به‌ڵام له‌ شۆڕشی ئه‌یلول دا پێشمه‌رگه‌ بوو. شاره‌زاییه‌کی زۆری له‌ ئه‌رز و دانیشتوانی ناوچه‌که‌ هه‌بوو. جاروبار له‌ گه‌ڵ ئه‌وان ئه‌گه‌را و جاروبار خۆی به‌ ته‌نیا ئه‌چوو بۆ گونده‌کانی سه‌رسنوور له‌ تورکیا.

له‌ مانگی نیسان دا له‌ گه‌ڵ شه‌هید نه‌جمه‌دین بیوک قه‌یا «نه‌جو» له‌ قامیشلییه‌وه چوینه‌ نسیبین و دوایی دیاربه‌کر. له‌ دیاربه‌کر له‌ گه‌ڵ سه‌رکرده‌کانی «پارتی دیموکراتی کوردستان له‌ تورکیا» کۆ بوومه‌وه. باسی هه‌لومه‌رجی کوردستان و پلانی کاری داهاتوی یه‌کێتی م بۆ کردن. نه‌جو له‌ گه‌ڵ سه‌رکرده‌کانی پ د ک ت تێک چوو بوو. له‌ دیاربه‌کره‌وه به‌ هۆی ئه‌وانه‌وه‌ چومه‌ وان بۆ ماڵی عه‌لی شێر. له‌وێش به‌ رێیان کردم بۆ گه‌وه‌ر «یوک سه‌کوا» بۆ لای مه‌لا حه‌قی. مه‌لا حه‌قیش به‌ره‌و رووی کوردێکی عێراقی کردمه‌وه‌ که‌ له‌ گوندێکی سه‌رسنوور دانیشت بوو، ناوی «موسا» بوو.

موسا کوڕێکی خوێنده‌وار و له‌ گه‌ردییه‌کانی هه‌ولێر بوو. دوای هه‌ره‌س به‌ ماڵ و خێزانه‌وه‌ چوو بووه‌ ناو گه‌ردییه‌کانی تورکیا و له‌ گوندی «بیگور» دانیشت بوو. پێشتر تالیب روسته‌م و خالید سه‌عید له‌ گه‌ڵ ئه‌م کوڕه‌ پێوه‌ندییان دروست کرد بوو. به‌ڵێنی هاوکاری دا بوو. تالیب سه‌فه‌رێکی کورتی بۆ سوریا کرد. زۆر نه‌مایه‌وه‌ و گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ

کوردستان. هەردوچار موسای دی بو. بیگور یەکیکە لە گوندەکانی شەمزینان. لە شوینیکی سەخت و عاسی دا بو. پەناگای پەرداوی زوری لی بو. زور بە زەحمەت دەستی جەندرمەی تورکی نەگەیشتی. لە گەل موسا وا ری کەوت بون کە مالەکەیان و گوندەکە وەکو بنکەیەکی نهینی بو هاتوچو و شاردنەوەی چەک بە کار بهینری. پیشتر پنک بە هوی دەدەقادە وە هەندی تفەنگی نارد بو ئەبو لە بیگور بشاردریتەوە بو ئەو کادر و پیشمەرگانەی لە سوریاوە بە «هویەی مزور» بە ناو تورکیادا ئەگەرانەوە بو کوردستان. چەند تفەنگیکی کەم گەیشت بوە دەست موسا. لە گەل موسا چوینە بیگور. موسا ئاگاداری دەنگوباسی سەفەرەکانی برادوست و کاک خالید بو. تفەنگیکم بو خوم لی وەرگرت. سەیریکی ناوچەکەمان کرد. لەو شوینانەی کە بە تایبەتی چوم بو سەیر کردنی ئەو چیا و کەورگە سەختە بو کە لە سیپەکان دا خوشەوی خەلیلی لی کوژرا بو.

بە شەو چوینە «کەتینە». کەتینە تەنیا یەک مال بو لە سەر روباری سەرکەم لە بەری تورکیا. خاوەنی مالەکە کابرایەکی بە سالاچوی دەمودان کەل بو. ناوی مەلا عیسا بو. بەلام تا بلیی پیاویکی دلسوز و نەترس و دەس و دل فراوان بو. هەوالی پیشمەرگەکانی ئەزانی لە کوین. من تا ئەو کاتەش کراس و پانتولی جینزم لە پی دا بو. ئەیزانی لە ئەوروپاوە هاتومەتەوە. رادیویەکی ترانسیستەری لە لاوە بو. پرسیاری دەنگوباسی دنیای لی کردم. هەروەها هەوالی بارزانی لی پرسیم. من هەندی قسەی گشتیم بو کرد. مەلا عیسا وتی: «نەتزانیوە لەو بەینەی پیشودا سەروکی ئەمریکا چوتە مەجلیسیکی گەورە مەلا مستەفاشی لی بوە. هەمو مەجلیسەکە لە بەر سەروک هەستا بون مەلا مستەفا نەبی. سەروک زوری پی ناخوش ئەبی لە مەلا مستەفا ئەپرسی ئەلی: «ئەوە بوچی هەمویان لە بەر من هەستان تو نەبی؟». مەلا مستەفا لە وەلام دا ئەلی: «تو هەردو قاچی منت بریوەتەوە چون ئەتوانم لە بەرت هەستم».

چیروکەکەم بەلاوە سەیر و خوش بو. بە لامەوە سەیر بو چونکە تازە بەتازە نامەکانی بارزانیم بو کارتەر خویند بوەوە، بە لاشمەوە خوش بو چونکە تا رادەیەک تی گەیشتم کە فولکلور چون دائەهینری و، خەلکی سادە ئارەزو ئەکەن سەرکردەکانیان چون بن.

هەر لە مالەکەی ئەو نانمان خوارد و تا دەمەوبەیانی نوستین. بەیانی بەر لەوەی دنیا روناک ببیتەوە لە گەل مەلا عیسا چوینە سەر ئاوەکە. خومان روت کردەوە. پەندە کونەکەی پیشینانم بیر کەوتەوە کە ئەلی: «قنگی رەش و سپی لە بوارا دەرئەکەوی!». لە «بر» یەکەوە لە روباری هەستاوی «سەرکەم» پەرینەوە. «بر» لەم ناوچەیەدا و، «بوار» لە

هەندێ ناوچەی تر، بەو شوێنانەی ناوەڕوی ڕووبارەکەیان ئەوت کە لە چاو شوێنەکانی تری دا تەنگتر و بەرینتر بو، پیاو لە بەریکیەوە ئەیتوانی بپەڕێتەوە بۆ بەرەکەی تری. گەیشتمە مەقەرەزەکەی یەنک لە گوندی «دەریا سور». دەریا سوریش گوندێکی پچوک بو لە سەر ڕووبارەکە لە بەری عیراق. خەڵکی هەردو بەر «گەردی» بون.

پێشمەرگەکان دەمێ بو چاوەڕێ بون کەسانێ لە سوریاوە بگاتە لایان. هەواڵی خوشی دەرەوە و مژدەی پەیدا کردنی دوست و پشتیوان و، چەک و پارەیان بو بهێنێتەوە. کاک خالیدمان ئاگادار کرد هات و یەکترمان بینی و، دوای ئەوەی چەند ڕوژێ بە یەکەوە بوین، گفتوگو و قسەی پێویستمان کرد، ئەو بو کارێکی پێویست چوە دوڵی لوڵان و، من لەوێ مامەوە. نامەیەکی درێژم دەربارەی هەلومەرجی دەرەوە بو کاک عەلی و هەڤاڵەکانی تر نوسی.

*

ناوچەی برادوست کەوتوتە نێوان ٣ سنور. لای سەرەوی هاوسنورە لە گەڵ سنوری ئێران و لای ڕوژئاوای هاوسنوری شەمزینانی تورکیایە. ناوەندی ئیداری ناوچەکە سیدەکانە کە سەر بە قەزای ڕواندز و ئەویش سەر بە محافظەی هەولێر بو.

کێوە بەرزەکانی سپیریزی خەبلانی و کێلەشین و دالانپەر لە ئێران و، ڕووباری سەرکەم، کە پێشی ئەڵێن ڕووباری حاجی بەگ لە تورکیای جیا ئەکاتەوە. زنجیرەی کێوە بەرزەکانی نەقیب و شەکیب بە سەر ڕووبارەکەدا ئەڕوانن. هیچ ڕێگایەکی قیرتاو یا خاکی ناوچەکەی بە هیچ کام لەم دو وڵاتەوە نەئەبەست. لە دیوی سنور جادەیەکی خاکی تا نزیک کێلەشین و لە دیوی شەمزینان جادەیەکی خاکی تا گوندی «ڕوبارۆک» ئەهات بەڵام نەبەسترا بون بە هیچ ڕێگایەکی دیوی برادوستەوە. بە لکو لە دیوی برادوست هیچ ڕێگایەکی قیر یا خاکی تی دا نە کرا بوە وە. ڕێگاکانی هەمو کوێرەڕێگای وڵاخ بون. کاروانی هێنانوبردنی کەلوپەلی قاچاغ و هاتوچوی میگەل لە نێوان هەر ٣ سنورا بەردەوام بو.

*

ئاژەڵداری یەکێ بو لە کارە سەرەکیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە. لەم ناوەدا چەند تیرەیەک هەبون برادوستیان پێک ئەهێنا: ڕەوەندوک، بنەجی و، خواکورک.. جگە لەمان هەرکیەکان بو لەوەڕخوری ئەهاتن بو کوێستانەکانی ئەم ناوچەیە. هەوارەکان لە زور کونەوە دابەش کراون. هەر تیرە و هوز و بنەماڵەیەک ئەزانی شوێنەکانی کوێ یە. وشەی «دەوار» لە ناوچەی سلێمانی دا بو ڕەشماڵ بە کار ئەهێنن بەڵام لەم ناوچەیەدا بە وڵاخ ئەڵێن:

«دموار» و، به رەشمال ئەلین: «کۆن». چەند کۆنێک پێکەوە لە شوێنێک دا هەلئەدەن پێ یان ئەلین «زۆم» و، چەند زۆمێک کە سەر بە یەک تیرەن لە چەند شوێنێکی نزیک لە یەک هەلئەدەن پێ یان ئەلین «هۆبە».

تام و بۆنی ماست و، کەرە و، دۆ و، پەنیرەکەیان بە هۆی گژوگیای بۆنخۆشی کوێستانەکانەوە زۆر خۆشە. هەروەها تامی گۆشتەکەشی. بۆ یەکەم جار لە کوردەواری بیینم پەنیری برژاو بخۆن لێرە بو. سەلکە پەنیری تازەیان وەکو گۆشت ئەچنی و لە شیشیان ئەدا و، لە سەر ئاگر دایان ئەنا تا ئەبرژا. خواردنێکی خۆش بو.

پەنیریان بۆ فرۆشتن دروست ئەکرد و، پەنیری پیستە و، ژاژی و، تەرەماستیان بۆ زستان بۆ وەرزی برانی شیر هەلئەگرت. یەکەم جار «تەرەماست» م لەوێ بینی و خوارد. پایزان کە ئیتر شیری ئاژەل خەست ئەبێتەوە و، بەرەو کەمبون و بڕان ئەچێ، بەشێکی لە تەنەکە و گۆزەدا ئەکەن بە ماست و، رۆنی قرچاوی خۆمالی بە سەردا ئەکەن تا چینێکی ئەستور دروست ئەکا، لە شوێنێکی فێنک دایان ئەنا. ماستەکە ئەمایەوە، خەست ئەبوەوە و، تامی زۆر خۆش ئەبو. لە زستان دا بە کەوچک سوچێکی رۆنەکەیان ئەشکاند و ماستەکەیان لێ دەرئەهێنا بۆ خواردن. بەم جۆرە ماستەیان ئەوت: «تەرەماست».

ئاژەلیان لە کوێستانەکان ئەلەوەراند. بۆ زستان، بۆ مەر گیایان ئەکرد بە «گزرە» و «گیش» و لە بەردەمی مالەکانی خۆیان دا لە شێوەی گومەزدا کەلەکەیان ئەکرد، پێ یان ئەوت: «قەزوری». بۆ بزن گەلا و چرۆی ناسکی بەرویان ئەبری و لە نێوان دولقی بەرزی داربەرویەک دا دایان ئەنا، پێ یان ئەوت: «گەلا». جوتیارە دەولەمەندەکان «پاوان» یان «قەدەغە» یان هەیە، بەشێکە لە لێرەواری ناوچەکە بەلام خاوەنی ناسراوی هەیە، جگە لە خاوەنەکەی کەس بۆی نیە داری لێ ببڕێ، یا گەلای لێ بکا.

شوانەکانی ئەم ناوچەیە هەریەکەی تەورداسێکی کرد بو بە بەر پشتێنەکەی دا. کە ئەگەیشتە خەلفی تازە پێگەیشتو و، پەلی سەوز و ناسکی دارەکان، تەورداسەکەی دەرئەهێنا و ئەکەوتە برینیان. ئاژەلەکەی تێ ئەوروکا.

زستان کە بەفری زۆر ئەباری و ئاژەل لە «هۆل» و «کەبر» دا ئەمایەوە گزرەیان ئەدا بە مەرەکانیان و چرو بە بزنەکانیان. بۆ ئەوەی لە ناو بەفردا نەچەقن و نقوم نەبن، شتێکیان ئەکرد بە پێلاوەکانیانەوە پێ یان ئەوت: «لیبان». لیبان لە دار دروست ئەکرا و، لە کەللەی هێلەک ئەچو.

هەندێ جار لە پایزدا کە لەوەر کەم ئەبو «گوێنی» یان بە تەوراس ئەچنی و ئەیان دا بە بزن. گۆشتی بزنەکەی ئەوەندە تال ئەکرد لە خواردن نەئەهات. ئەبو بزنەکە چەند رۆژێ

داپەستن و ئالیکی ئاسایی بەدرایەتی تا تالی لە گوشتەکەی دا نەشەما، ئینجا بە کەلکی کوشتنەوە و خواردن ئەهات.

ناوچەکە بەگشتی، لە گژوگیا و گولی کێوی دا زۆر دەولەمەندە. گیا بۆ خواردنی مروڤ، گیا بۆ لەوەری ئاژەل، گیا و گول بۆ جوانی و بۆنخوشی، گیای رەنگ، گیای ئابوری وەکو کەتیرە و گیا سالم، لە ناوچەکەدا زۆرە.

ژمارەیەکی زۆر پورە هەنگ شاریان لە کلوری دارە پیرەکان و کونەبەردی شاخەکان دا کرد بو. یەکی لە نەریتەکانی ناوچەکە ئەوە بو: هەر کەس پورە هەنگیکی کێوی ئەدوزییەوە نیشانەی ئەکرد. پارچەیەک دەستەسری پی دا هەلئەواسی، یان بە چەقو نیشانەیەکی لی هەلئەکەند. ئیتر هەرکەس ئەم نیشانەیەی بدیایە ئەیزانی کە یەکیک لە پیش ئەودا دوزیویەتییەوە، ئەم دەستی بو نەئەبرد. لە وەرزی دەرهینانی هەنگوین دا ئەچونەوە سەری. بەلام وا بە نەزانی و چاوچنوکی ئەیانبری هەنگەکە بە تەواوی ئەفەوتا.

پیش ئاشبەتال ناوچەکە لە ژیر دەسەلاتی بارزانییەکان دا بوبو. «خوداتی بارزان» لە میژ بو راوی کەو و کیویی قەدەغە کرد بو. ئەو بریارە لەم ناوچەیەش دا جیبەجی کرا بو. بە سەدان پولی قەلەبالغی کەوی لی بو. خەلکی ناوچەکە، ئەوسا، نەیانئەتوانی راو بکەن چونکە لە ترسی حکومەت کەس نەیئەویرا تفەنگ ئاشکرا بکات. دیمەنی ئەم پولە کەوانە کە ئەفرین و ئەیانخویند جوانییەکی بی وینەی دابو بە شاخ و شیوەکانی. تاکوتەرا ورچ و نیشانەکانی، ئەبینرا.

*

بیگومان ئەم ناوچەیە لە کونەوە ئاوەدان بوە. لە نزیک ئاوایی «پیریەینان» لیشاوی باران کەندیکی دری بو. چەند گوزەیەکی ساغی، لەو گوزانەی پیش ئیسلام لە سەرانسەری ئەم ناوچەیەدا باو بوە، دەرخست بو. وەکو باسیان کرد لە کوتایی دولی خواکورک دا ئەشکەوتیکی لی بو شوینەواری دیرینەی تی دا بو، «کیل» یکی میژوییشی لی بو. هەلومەرجی ئەو کاتە ریگایان نەدام سەری هیچکامیان بدەم. بەلام بە ناوبانگترین شوینەواری میژویی لەم ناوچەیەدا «کیلەشین» بو.

«کیلەشین» بەردیکی شینە بالای لە دو مەتر کەمترە چەند نوسینیکی گرنگی لە سەرە ئەگەریتەوە بو چەند سەدەیەک پیش زایین. کورد و خویندەوارەکانی، کاتی خوی، بایەخیان بەم جورە شوینەوارە میژوییانە نەداوە، بەلکو زور شوینەواری بە نرخی لەم بابەتەیان، بە بیانوی ئەوەی هی کافرە یان گاورکردە، لە ناو بردوە. ئەم کیلەش لە دەستدریژی مروڤی کورد دەرباز نەبوە. جیگای چەندین گوللە و بەردی پیوە بو.

٥. مەردارەکان فێری شێوەی نوێ ی بەرێنەوەی خوری بکرێن.

ب. کشتوکاڵ

ناوچەکە بە گشتی شاخاویە، زەوی بۆ کشتوکاڵی دانەوێڵە کەمە، بەڵام ئاووهەوای لە بارە بۆ رەز و باخ. لە لاپاڵی شاخەکان و، لە کەناری جوگا و چەمەکان ئەتوانری سەدان رەز و باخ ئاوا بکرێتەوە، رەزی: تری ی دێمی و بەراو، باخی: قەیسی، هەرمی، هەلوژە، قوخ، هەنجیر، هەنار. لە مانە هەموی گرنگتر ئەتوانری بە درێژایی شیو و دۆڵەکانی، لە کەناری جوگا و چەمەکان دا، هەزاران بن داری گوێز بروێنری و، بە خزمەتێکی کەم بەرهەمێکی زۆر ئەدەن. لەم ناوچەیەدا سەمورە دەورێکی گەورەتری لە مروڤ هەبوە لە رواندنی داری گوێزدا.

لە ناو لێرەوارەکەدا هەزاران داری قەزوان، کروسک، گوێژ، بەلالوک، چەقالەی تی دایە، کە ئەکری موتوربە بکرێن بە پستە، هەلوژە، هەرمی...

ج. پەروەردەکردنی هەنگ

ئەم ناوچەیە لە گوڵ و گژوگیادا زۆر دەوڵەمەندە و، شوێنێکی لە بارە بۆ بە خێو کردنی هەنگ. هەنگوینەکەی زۆر ناپاب و شانەکانی سپییە. لە شەمزینان لە دیوی تورکیا و، لە شنو لە دیوی ئیران، پەروەردە کردنی هەنگ بە شێوەی نوێ لە سنوقی ئەمەریکی دا بو بو بە باو، بەڵام لێرە هێشتا بە شێوەی کونی کوردەواری لە «شەلفە» ی خومالی دا بە خێویان ئەکرد. زۆر جار توشی نەخوشی ئەبو و ئەفەوتا.

ئەتوانری چەندین هەنگەڵانی گەورە لەم ناوچەیەدا دابمەزرێنری و، هەزاران پورە هەنگی بە شێوەی نوێ لی بە خێو بکری، لە هەمان کات دا پارێزگاری شێوە کونەکەش بکری. ئەتوانری هەمو ساڵ چەندین تەن جوری پاشی هەنگوین بەرهەم بهێنری.

د. توریزم

ناوچەکە، بە درێژایی ساڵ و لە هەمو وەرزەکانی دا، زۆر لە بار بو بو توریزم.

لە زستان دا بەفرێکی زۆری لی ئەباری، چەند مانگی ئەمێنێتەوە. چەندین جێگای تی دایە بو یاری زستانە بە تایبەتی خلیسکێنی سەر بەفر «سکی».

لە بەهاردا سەدان کانی دروزنەی لی ئەتەقی و، گوڵی جوراوجوری لی ئەگەشێتەوە.

بو هاوین زۆر جێگای لی بە دیمەنی جوان و، هەوای فێنک و، ئاوی سازگار و ساردی مشەیە. ئەشی هەوارگەی توریستی جوراوجوری لی بینا بکری.

یەکی لەو شوێنانەی رەنگە بو هەوارگەی توریستی خوش بی، هەواری «دێنارە» یە. دێنارە لە نزیکی هەلگوردە، بە لوتکەی شاخێکەوەیە ٣ هەزار مەتر زیاتر لە ئاستی

دەریاوە بەرزە، گ.رایی و گومبکی شینی جوانی لی بە جوگایەکی خوری ساردی لە بەر ئەروا، سەدان جور گژ و گیا و گولی کیوی جوان و بونخوشی لی ئەروی، بە سەر زور ناوچە و چیادا ئەروانی و، چاوئەندازیکی جوان و دلرفینی هەیە.

لەم ناوچەیەدا ئەتواتری چەندین بەنداوی گەورە و پچوک، بو گلدانەوەی ئاوی باران و بەفراو و کانیەکان، لە ناو شیوەکانی دا، بو مەبەستەکانی: ئاودان، بەرهەمهینانی کارەبا و، بو جوانی دروست بکری.

کردنەوەی جادە و ریگاوبان و، راکیشانی کارەبا و، دروستکردنی خانوبەرەی نوی ئەبی شان بە شانی هەنگاوەکانی تر جیبەجی بکری، بی ئەمانە ناوچەکە ناتوانی گەشە بکا لە مەیدانەکانی تردا.

*

دامەزراندنی بنکەی ئەمین

یەکی لە مەرجە سەرەکیەکانی مان و دریژەپیدانی چالاکیەکانی جولانەوەیەکی چەکدار دامەزراندنی بنکەی ئەمینە.

شورشی ئەیلول گیروگرفتی بنکەی ئەمینی نەبو، چونکە هەر لە سەرەتاوە زور شاخ و گوند و ناوچە و شاروچکەی کوردستانی عیراق کەوتە دەس پیشمەرگە و بە ئازادی مایەوە. بنکە و بارەگا و شوینی ژیان و حەسانەوە و زیندان و دەبو و چاپخانە و رادیو ... لی دانرا بو. لە شورشی ئەیلول دا جگە لە دەزگا سەرکردەییەکان، هەمو هیز و بەتالیون و لق و، هەمو لق و ناوچە و ریکخراوەکان بنکەی تایبەتی خویان هەبو، تارادەیەکیش ئەمین بون. واتە دور بو لە دەسەلات و پەلاماری دوژمنەوە.

دوای هەرەسی شورشی ئەیلول، سەرکردایەتی بەعس پلانیکی عەسکەری، ئەمنی، سیاسی... دانا بو دەس گرتن بە سەر کوردستان و دانیشتوانی دا. ناوچەی ئازاد، یا ناوچەی دەرەوەی ژیر دەسەلاتی بەعس نەما بو. دەسەلاتی بەعس لە هەمو جیگایەک یا هەبو یا ئەی توانی بە ئوتوموبیل و بە هالیکوپتەر بە ئاسانی و بە زویی بیگاتی. توری جاسوسی بەهیزی لە هەمو دیهاتەکان دا دامەزراند بو. هەمو موختارەکانی کرد بوە موچە خوری حکومەت و ئەبو هەوال و دەنگوباسی گوندەکەیان بە دەزگا ئەمنییەکان بگەیەنن. لە زور جیگای دور و چەپەک و شاخاوی و سەرسنور بارەگای ریکخستنی حزبی بەعسیان دامەزراند بو.

بوچونی ی ن ک بو دەس پی کردنەوەی کاری پیشمەرگەیی جیاواز بو لە هی شورشی ئەیلول، بە تایبەتی چونکە هەلومەرجی سیاسی - چەکدار و ریکخراوەیی جیاواز

و تەرازوی هێزی نێوان کورد و بەعس بە تەواوی گۆڕا بو.

ی ن ک لەو قوناغەدا نەیئەتوانی «پەنگەی ئەمین» ی هەبی. هێزەکانی ی ن ک ئەبو دابەش بن بە سەر شوێنە جیاوازەکانی کوردستانی عیراق دا. مەفرەزەی پچوکی ٥ تا ١٠ پێشمەرگەیی بە چەندایەتی کەم و بە چونایەتی باش دروست بکەن. بە هەمو تواناوە ئەبو خۆیان لە شەر و پێکادانی ڕوبەڕو لابدەن. ئەبو شوێن و بارەگای دیار و ئاشکرایان نەبی و هەمیشە لە گەڕان و سوڕان دا بن. بو چەواشە کردنی دوژمن ئەبو لە هەمو شوێنێک هەبن و لە هیچ شوێنێک نەبن. ماوە بە دوژمن نەدەن زەمان و زەمینی شەڕیان بە سەردا بسەپێنی. مەفرەزەکانی سەرەتا ناویان بە خۆیانەوە بو: تیپی پروپاگاندەی چەکدار «فرق الدعایه المسلحه» ئەرکی ئەمانەش بریتی بو لە: بەرز کردنەوەی وره و زاتی کومەلانی خەلک، دروست کردنی ڕێکخستنی سیاسی، سەرکوت کردنی جاسوس و نوکەرەکانی بەعس.

لە هەندی جێگا پێڕەوی ئەم سەرەتایانە نەکرا بو. سەرکردەکانی بزوتنەوە چەندی توانی بویان سەرانی خێل و کوێخای گوندیان ساز دابو بێن بە پێشمەرگە. هێزی زلی خێلەکییان لی پێک هێنا بون و بنکەی ئاشکرایان، وەکو سەردەمی شورشی ئەیلول، لە ناوچەکان دا دامەزراند بو، بە تایبەتی لە ناوچە عاسی و شاخاوییەکانی دولی جافەتی، شینکایەتی، بالەییان، مەنگوڕایەتی و ئاکویەتی... ئەمەش ماوەی بە هێزەکانی جەیش ئەدا ئاگاداریی تەواو لە سەر ژمارەی پێشمەرگە و چەک و شوێنەکانیان کو بکەنەوە و، پەلاماریان بدەن.

*

شەر لە گەل کورد بوتە بەشێکی سەرەکی پێشەی ئەفسەرانی جەیشی عیراق. بە هوی ئەم شەرەوە زوریان دەولەمەند بون، دەسەلاتیان پەیدا کرد و، ناویان دەرکرد. شەر لە گەل کورد، کوشتن و سوکایەتی پی کردنی، وێرانکردنی مال و ئاوایییەکانی و تالانکردنی، بو ئەوان لە هەمو شەرێکی تر ئاسانتر بو. کورد کەسی نەبو لە سەری هەل بداتی، خۆیشی هەرگیز نەیتوانیوە، یا بیری لەوە نەکردوتەوە، سزای تاوانکارەکانیان بدات، لە بەر ئەوە هەر ئەفسەرێکی گەورە تەکلیف کرابی سەرکردایەتی شەری کورد بکا، بە خۆشییەوە قبولی کردوە و، بە پەلە خۆی گەیاندوتە کوردستان. لە کوردستانیش هەر خراپەیەکی لە دەستی هات بی دریغی نەکردوە. قانونەکانی عیراقی پی شێل کردوە و، پی ی لە شەرەفی عەسکەری خۆی ناوە، بەها بەرز و پیروزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تەنانەت خێلایەتییەکانیشی فەرامۆش ئەکرد، تەنیا بو ئەوەی ئافەرینی سەروی خۆی بە دەس بهێنی

و، به زوبی دەولەمەن بێ. بو پاساوادانی ئەمەش، ئەوەی ئەکرد بە بیانو کە ئەم سیاسی نیه و، عسکەری «محترف» ، «ئەوامیر» تەنفیز ئەکا.

سەرکردەکانی جەیش هەمیشە لە دو لاوە بو کیشەی کورد ئەروانن:

- تەرازوی جەنگیی هیزەکانی جەیش و کورد، ئەگەر ئەوە سەرکەوتو نەبو،
- دەستی بیگانە لە کیشەی کوردا.

عیراق لە ژمارەی چەکدار و، چەک و، تفاقی جەنگ و، تواناى مادیی دا.. بە سەر کوردا هەمیشە بالادەس بوە. سەرکردایەتی جەیش، کە بە گویرەی ئەم بالادەستیە ریوشوینی کوژاندنەوەی جولانەوەکەیان دائەنا و، دوای بەکارهینانی هەمو ریگایەکی عسکەری بویان دەرنەکەوت جولانەوەکەیان پی ناشکی ئینجا، تاوانی ژیرکەوتنی خویان ئەخستە پال بیگانە. بیریان لەوە نەئەکردەوە کە هوی هەلگیرسانی جولانەوەکە و دریژە کیشانی و، سەرنەکەوتنی سەرکوتکردنی عسکەری، ئەگەریتەوە بوسیاسەتی چەوتی حکومەتی عیراق بەرامبەر گەلی کورد، نەک بو ستراتیجی جەنگیی و تاکتیکەکانی ئەوان و، دەستی بیگانە.

کاتی ئیسماعیل ئەلنعیمی گەیشتە کەرکوک بو سەرکردایەتی فەیلەقی یەک، نزیکەی ۱۰ فیرقە سەربازی جەیشی عیراق لە کوردستان مول درا بو. لە کەرکوک فیرقەی ۲ بە سەرکردایەتی ل ر سعدالدین عزیز، لە هەولیر فیرقەیەک بە سەرکردایەتی ع ر عبدالجواد ذنون، لە سلیمانی فیرقەیەک، لە موسل فیرقەیەک بە سەرکردایەتی ع ر حازم برهاوی، لە سەرسەنگ «قواتی نەهاوەند» بە سەرکردایەتی ع ر عبدالبر النعمه، لە زاخو «قواتی ذیقار» بە سەرکردایەتی ع ر کریم محمود گرجیه...

ئیسماعیل تایە ئەلنعیمی، سەرکردەی ئەوسای فەیلەقی یەک، کە خوی سەرکردایەتی هیرشەکانی کردوە، لە کتیبەکەی دا: «تجربتی فی القیادة» بەمجورە بەرنامەی کارەکانی ئەگیریتەوە:

۳۵۸. لقد طلبت قادة الفرق للحضور الى مؤتمر حدد له يوم معين من اجل العمل بسرعة لضرب العصاة الذين استطاعوا ان يحققوا بعض الانتصارات مؤخرا الامر الذى شجعهم للقيام باعمال واسعة فى المنطقة، لقد طلبت من قادة الفرق دراسة كافة الاوضاع فى قواطعهم وبيان مقترحاتهم لتطوير العمل ضد العصابات وارسالها الى الفيلق قبل موعد المؤتمر.

۳۵۹. لقد سبق وقاتلت العصاة عندما كنت قائد فرقة ولدى خبرة لاباس بها فى قتالهم كما استفدت كثيرا من قتالهم عندما كنت وكيل معاون العمليات حيث كنت فى المعركة مباشرة منذ ابتدائها فى آذار ١٩٧٤ وانتهائها فى اذار ١٩٧٥ حيث صدر بيان الجزائر وانهيار

العصاة، ان قضية العصيان في شمال الوطن اصبحت ملازمة لاوضاع العراق حيث اصبحت كما وصفها السيد الرئيس القائد المهيب الركن صدام حسين في حينه «ان التمرد ليس قطريا بل دوليا».

لذا فان الصراعات الدولية المتشابكة اخذت تحرك العصيان بما يخدم مصالح الدول الكبرى وستراتيجيتها في المنطقة الامر الذي يتطلب ان نعرف كيف نتعايش مع هذا الحرب ونضع الحلول الستراتيجية البعيدة المدى للقضاء عليها نهائيا.

ستراتيجية العمل ضد العصاة

٣٦٠. لقد فكرت بوضع ستراتيجية للعمل لتامين الاستقرار في المنطقة وقد فاتحت القيادة العامة للموافقة على هذه الستراتيجية فحصلت الموافقة على ان يتم العمل بها بمراحل وحسب توفر الامكانيات لذا فقد وضعت ستراتيجية للعمل لاول مرة في الفيلق وهي:

أ. مسك الحدود بصورة جيدة وحسب خطة مدروسة.

ب. فتح الطرق في المنطقة الشمالية بشكل واسع مع اعطاء الاسبقيات للمناطق الصعبة والمحتملة للعصيان والطرق الحدودية.

ج. كسب سكان المنطقة الى جانب السلطة الوطنية.

د. الانعاش الاقتصادي للمنطقة وامتصاص البطالة.

تطوير العمل العسكري في المنطقة الشمالية

٣٦١. لقد تطور عمل العصابات في المنطقة فليس من المعقول ان نبقى على اساليبنا السابقة لذا فقد تم التبديل «من مسك الارض» الى «قتل العصاة وملاحقتهم اينما وجدوا على ان نمسك الارض بقدر ما يحتاجه امن القطعات القائمة بالملاحقة».

لذا فقد تم اجراء تبديل رئيسي في اسلوب مقاتلة العصاة والتحول من الثبوت النسبي الى الحركة المستمرة.

٣٦٢. ان قتال العصابات يحتاج الى قوات كبيرة لمسك الارض وتامين الحماية لكل بقعة في المنطقة وهذا غير ممكن فكيف يتم تامين القوة المتحركة لمتابعة العصابات وقتلهم؟ لذا تم التفكير بما يلي لتامين القطعات اللازمة:

أ. تقليل نسبة القوة التي تمسك الارض وزيادة القوة المتحركة.

ب. ترك بعض المناطق التي تاتي بالدرجة الثانية من الاهمية ومسك المناطق المهمة فقط.

ج. تامين وحدات من المتطوعين الاكراد واستخدامهم في القتال.

د. زيادة عدد المفارز الخاصة التى ترتبط بمديرية الاستخبارات العسكرية.

هـ. اتباع اسلوب المروحة من قواعد امينة لتعجيز العصاة ومنعهم من تشكيل قواعد لهم.

و. استخدام الطائرات السمتية فى النقل والقتال بضرب قواعد العصاة.

ز. هناك ربايا ميتة واخرى حية وان عدد الربايا الحية قليل جدا لذا فان العصاة لا يابهون للربايا الميتة بل انهم يحسبون كل الحسابات للربايا الحية وان مواصفات كل منهما ما يلى:

اولا: الربيئة الحية تتصف بما يلى:

(١). فيها رصد مستمر لمتابعة تحركات العصاة فى منطقة نفوذها.

(٢). على الربيئة اقامة علاقات جيدة مع القرى القريبة للاطلاع على تحرك العصابات و اخبار مرجعها بذلك.

(٣). على الربيئة التحرك للسيطرة على منطقة نفوذها ولاتبقى قابعة فى موضعها.

(٤). تبتكر وسائل جديدة من اجل ازالة الملل عن منتسبيها.

(٥). بعيدة عن الغفلة والاطمئنان ومنتبهة لما يدور حولها.

ثانيا: الربيئة الميتة تتصف بما يلى:

(١). التقوقع فى الموضع وعدم التحرك ولا يخرج منها احد الا فى الاجازات والادامة.

(٢). يعرف عنها العدو اكثر مما تعرف عنه.

(٣). لا تخبر مرجعها بالمعلومات التى تحصل عليها لاعتبارها غير مهمة.

(٤). لا تبالى بما يدور حولها من احداث بل عليها مسك جدار الربيئة فقط.

(٥). لا تعرف عن الاهلين فى القرى القريبة منها ومشاكلهم واحيانا لا تعرف اسماء القرى نفسها.

(٦). لا تعرف ماذا تفعل بوقت الفراغ القاتل لذا فان معنويات جنودها هابطة لانهم يفكرون بعوائلهم وبموعد وجبة النزول.

*

بە گوێرەی ئەو ستراتیجەی نعیمی بۆ دامرکاندنەوەی خەباتی چەکداری کورد دای نا بوو:

١. لەشکرکێشی گەورە و، هێرش بردن بە هێزی زۆر بۆ سەر ناوچەی تەسک و

هێزی پچوک دەستی پێ کرد. هەندێ جار بۆ یەک هێرش لە ١ فیرقە تا ٤ فیرقەیان بە کار ئەهێنا.

٢. لە سنورێکی فراوان دا کەوتنە بەکارهێنانی هالیکوپتەر بۆ دابەزاندنی هێزی چەکدار لە شوێنی پێویست دا، لە هەمان کات دا بۆ لێدانی پێشمەرگە کە ئەیان دۆزیەوە.

٣. لە سەرانسەری کوردستان دا هەزاران رەبیەیان دامەزراند. هەندێ لەم رەبیانە لە نێوان ٨٠ - ١٢٠ سەربازی تێ دا دانرا بو. ئەمەش بەشێکی زوری جەیشی عیراقی زەمینگیر کرد. بە پێچەوانەی چاوەروانی ئەوانەوە بون بە هێزێکی لە کار کەوتو.

جەیشی عیراق بە تەنیا دژی مروڤی کورد نەبو، بەلکو دژی سروشتی کوردستانیش بو. بە هوی ئەم رەبیانەوە هەمو لوتکەی شاخ و گردەکانیان ناشیرین و پیس کرد. بە ملیون «مین» یان چاند و، بە هەزاران دارودەوەنیان لە بن دەرهێنا.

٤. «مدیریە الاستخبارات العسکریە» دەیان «مەفرەزەی تایبەتی» دامەزراند بە تایبەتی لە کونە پێشمەرگەکانی ق م. ئەمانە بە ژمارە کەم بون، بەلام زەلامی دز و گورجوگول و پیاوکوژیان تێ دا کو کرد بونەوە. بەرامبەر بە کوشتنی هەر پێشمەرگەیەک پارەیان بە پاداش ئەدانێ.

٥. سەدان کیلومەتر رێگایان بە ناو شاخ و دولەکان دا راکێشا. رێگاکان بو مەبەستی لەشکرکێشیی جەیش و، پێوەندی نێوان سەربازگە و رەبیەکان دروست کرا بون، خەلک زور کەم کەلکیان لێ وەرئەگرت. بەلام ئەمە هەروەکو جولانی جەیشی ئاسان ئەکرد، جولانی پێشمەرگەشی خێراتر ئەکرد و، جێگای لە باری ئانەوەی بوسە و دەسکەوتی بو زورتر کردن.

٦. رەفتاری جەیش لە گەل خەلکی کوردستان دڕندانە بو. وەکو لەشکرێکی داگیرکەر لە ولاتێکی داگیرکراوی گەلێکی تێشکاودا رەفتاریان ئەکرد. رێزی پیاو ماقول و ریش سپیەکانیان و، رێزی مالی خەلک و مزگەوت و قبوتابخانەیان نەئەگرت. کەسوکاری پێشمەرگە، ئەوانەی بەر دەستیان ئەکەوتن، ئەیان گرتن لە زیندان دا گلیان ئەدانەوە تا پێشمەرگەکە تەسلیم ئەبوەوە یان ئەکوژرا. زور جار، بو ئەوەی خویان بە سەرکەوتو پیشان بدەن، ئەهالیان لە باتی پێشمەرگە ئەگرت یان ئەکوشت و، کە لە جێگایەک زەرەریان لێ بکەوتایە تولەیان لە دانیشتوان ئەکردەوە.

٧. بەعس درێژەی دا بە راگواستنی گوندەکانی سنور، بو جێبەجێ کردنی ئەمەش جەیشی بە کار ئەهێنا: بو گەمارودان و داگیر کردنی گوندەکە و، چولکردنی لە خەلک و،

تەقاندنەوە و سوتاندنی خانو و ماڵەکانی.

خەرجیی ستراتیجی تازەی فەیلەقی یەک و، لەشکرکێشییەکانی جەیش زور گران بو، مەگەر هەر ولاتێکی دەولەمەندی خاوەن نەوتی مشەی وەکو عێراق بەرگەی بگری، بێگومان هەر ولاتێکی تری هەژار بوایە زور زو پەکی ئەکەوت. بو نمونە هەر دەقیقەیەک فرینی هالیکوپتەر ۲۰۰۰ دیناری عێراقی تێ ئەچو، لەم هێرش و لەشکرکێشیانەدا ئەوەندەیان هالیکوپتەر بە کار ئەهێنا نەیمی خوی ناوی نا بو: «تاکسی ئەبو خەلیل».

جەیشی عێراق لە کوتایی مانگی مارتەوە هێرشێکی زور فراوانی بو سەر هەمو ناوچەکانی کوردستان دەس پێ کرد. هەمو ئەو فیرقانەی لە موسل، بادینان، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی مول درا بون بەشدار بون. کەلکیان لە شارەزایی هەمو ئەفسەرە شارەزاکانی جەیش وەرگرت و، پرسیان بە هەندێ لە کونە فەرماندەی هێز و بەتالیون و سەرلقی شورشی ئەیلول کرد.

بو یەکەمین جار هالیکوپتەر بو گوێزانەوەی سپا و بو شەر لە سنورێکی فراوان دا بە کار هێنرا. ئەم تاکتیکە جەنگییە تازەیەیان ناو نا بو: «اسلوب البساط» او «الشبكه». گوایە چون بە «بەڕە» یان بە «تور» ڕاوی مەل ئەکرێ، بەوجورە ڕاوی پێشمەرگەش ئەکەن. ئوسلوبی بیساط بریتی بو لە گوێزانەوەی هێزێکی گەورەی سەرباز بە هالیکوپتەر و، دابەزاندنیان لە لوتکە و شوێنە بەرز و گرنگەکان و، ڕێگاکانی دەرباز بونی پێشمەرگەدا، ئینجا گەران بە دوریان دا تا ئەیان دوزنەوەو ئەیان گرن.

جگە لەم ئوسلوبە، کە شانازیان بە داهێنانیەوە ئەکرد، ئوسلوبێکی تری دڕندانەیان بە کار ئەهێنا پێ یان ئەوت: «اسلوب الصيد الحر». تاکتیکی «ڕاوی ئازاد» بریتی بو لەوەی هێزی ئاسمانی: فروکەی جەنگیی و هالیکوپتەر، لە ناکاو بە ئاسمانی ناوچە چولکراوەکان، یا ناوچەکانی دوژمن دا، وەکو خویان ناویان لێ نا بو، بگەرێن. هەرچی زەلام، ولاخ، ئوتومویل، یا هەر جموجولێکیان بەدی کرد ئاگر بارانی بکەن.

هەندێ ئوسلوبی تریشیان بە کار ئەهێنا کە لە تەجروبەی سوپاکانی تری دنیاوە وەریان گرت بو، وەکو: ئوسلوبی «المطرقه والسندان»، «الطعم والصيد»، «القنفذ والثعبان»، «الروله».

ئەگەرچی ئەمانە چەندین «کراس» یان لە سەر نوسراوە و، بە وێنە و نەخشە و نوسین ڕون کراونەتەوە، بەلام لێهاتویی جەیشی عێراق زور کەمتر بو لەوەی بتوانی بە ڕێکوپێکی ئەم تاکتیکە جەنگیانە جێبەجێ بکا. جەیشی عێراق لە شەرەکانی دا زورتر پشتی بە زەبروزەنگ، کوشتن و بڕین، سوتاندن و وێرانکردن، ئەبەست، بە پێ ی

سەرەتاکانی: «شەلم کویرم، کەس ناهویرم» و، «سوتاندنی تەر و وشک بە یەکەوە».
هیرشەکانی جەیش لە سەرەتادا هەندی سەرکەوتنی بە دەس هینا:
– هەمو ئەو ناوچانەی پەلامار ئەدارن ئەگیران و، ئەکەوتنە دەس جەیش.
– هەندی لە پیشمەرگە و فەرماندەکانیان، بە تایبەتی ئەوانەی ناوچە خیلەکییەکان کە خیزانەکانیان گیرا بون، تەسلیم بونەوە.
– هەندی مەفرەزە بەر هیرش کەوتن و، هەندی پیشمەرگەیان کوژران یان بریندار بون.
بەلام ئەمە گروکەفی بو زو کوژایەوە و، ئیتر پیشمەرگە لە گەلی راهات. هیرشەکانی جەیش لە لای پیشمەرگە بون بە شتیکی ئاسایی چاوەروان کراو. ستراتیجی فەیلەقی یەک بو کوژاندنەوەی شورشەکە سەری نەگرت.

*

هاوزەمان لە گەل لەشکرکیشییەکانی جەیش دا، حیزبی بەعس و داوودەزگا ئەمنییەکانی بو توقاندنی خەلک کەوتنە راونان و گرتن و کوشتن و هەلواسین. لە کەرکوک دەزگایەکی تایبەتییان بو لیکولینەوە دروست کرد بو، چەندین کەسیان بە ئەشکەنجە تی دا کوشت و، ئەوانەی تریان حەوالەی دادگایەکی روکەش ئەکرد بە زوری حوکمی ئیعدام ئەدران و، لە موسل هەلیان ئەواسین. تەرمەکانیشیان ئەئەدایەوە بە کەسوکاریان. کاتی خوی، لە سەر بنچینەی نامەی دەیان کەس لە گیراوەکان، من ریپورتاجیکم لە سەر ئەم دەزگایە نوسیبوە و، لە ژمارە ۳ ی مانگی ئەیلولی ۱۹۷۸ ی «هەوالنامەی شورش» دا، بلاوم کردوتەوە. لیرەدا سەرلەنوی وەکو خوی ئەینوسمەوە:
نمونەیەک لە جەهەننەمی فاشیزمی عیراق:
دەزگای تایبەتی لیکولینەوەی کەرکوک
«الهیئە التحقیقیە الخاصە – کرکوک»
یەکیک لە نیشانەکانی فاشیزم لە سەرانسەری دنیادا، پیشیل کردنی سەربەستی ویژدانە، واتە زەوت کردنی مافی ئازادی دەربرینی بیروروای سیاسی، فەلسەفی، کومەلایەتی، دینیی، مەزهەبیی جیا جیایە. فاشیستەکان کە دژی مافی ئازادی بیروباوەری ترن، بە هەمو ریگە و شیوەیەک هەول ئەدەن بو سەپاندنی بیرورا تایبەتییەکانی خویان و لە ناو بردنی بیروراکانی تر بە ئاگر و ئاسن. بو ئەم مەبەستەش چەندین داوودەزگای سەیر و سەمەرەی کوشتن و برین، ئازار و ئەشکەنجە، گرتن و هەلواسین.. ئاشکرا و نهینی دائەمەزرینن، پارەی بی شوماری بو تەرخان ئەکەن، پسپور و

شارەزای ئازاردان و کوشتن پەروەردە ئەکەن و پێی ئەگەیەنن، دەورەی مەشق پێ کردنی تایبەتی یان بۆ ئەکەنەوە لە سەر «هونەری ئەشکەنجە و کوشتن».

فاشیستەکانی عیراق کە گەنجینەیەکی گەورەی کوشت و بڕی ناهەق و چاو هەڵکۆڵین و سەربڕین و سزا و ئازاردانی سەردەمی خەلیفە و ئەمیرە دڵرەق و خوێنڕێژەکانی ئەمەوی و عەبباسی یان بە میرات گرتوە، تەجروبەی زۆر و زەبەندی فاشیزمی جیهانییشیان لە بەر دەس دایە، هەر لە نازییەکانی ئەڵمانیاوە تاکو فاشیستەکانی ئیتالیا و ئیسپانیا و پورتوغال، تا کوکس کلانی ئەمەریکی و سەهیونیستەکانی ئیسرائیل و ڕەگەزپەرستەکانی رودیسیا و خوارووی ئەفەریقا... لە مەیدانی بەربەرەکانی و لە ناو بردنی دوژمن و ناحەز و نارەزا و ڕەخنەگر و هەمو ئەوانەی لە سەر بیروباوەری ئەوان نین، یاخود ئەوانەی بە عورفی ولاتانی پێشکەوتو پێ یان ئەوترێت: ئوپوزیسیون «المعارضه»، شارەزایی و پسپوڕییەکی ئەوتویان پەیدا کردوە کە ڕەنگە ئەوانەی پێش خویان بۆر دابێت.

ڕێکخراوە جیهانییەکان، پارتی و تاقم و پیاوە سیاسیە گەورەکانی دنیا فاشیستەکانی عیراق ئەناسن، ڕێکخراوی جیهانیی لێبوردن «ئەمنستی ئینتەرناشناڵ» کە خوی تەرخان کردوە بو بەرگری لە مافی ئەوانەی لە سەر ئازادی ویژدان توشی گیرمو کیشە ئەبن، حکومەتی عیراق لە ریزی دەولەتە هەرە فاشیستەکانی دنیادا داناوە، خو جموجولی پیلاوکوژانە و تیروریستیی فاشیستەکانی عیراق لە لوبنان، کویت، پاریس، لەندەن و پاکستان... لە دنیادا دەنگی داوەتەوە و پێویستی بە زیدە درێژە پێ دان نیە.

لەم ژمارەیەی هەواڵنامەکەمان دا یەکێک لە دەزگا فاشیستیە نهێنیەکانی عیراق ئەخەینە ڕو، کە لە دەرەوەی ولات کەمتر ناسراوە و، لە ناوەوەی ولاتیش وەکو یەکێک لە قەسابخانەکانی ڕێژیم ناوبانگی دەرکردوە سەبارەت بەوەی ڕێگەی سەدان تێکۆشەری گەلەکەمانی تێ کەوتوە، دەیان پێشمەرگەی دیلی تێ دا ئازار و ئەشکەنجە دراوە، دەیان قارەمانی وەکو عەبدوڵڵای ئاپشی، وەستا ئەنوەر عەبدوڕەحمان، عوسمان محەمەد ئەمین گیانی خویان تێ دا بەخشیوە بە کورد و کوردستان.

لێرەدا ڕاپورتێکتان پێشکەش ئەکەین هەڤاڵێکی تێکۆشەرمان، کە خوی شایەتێکی ئەم ئەشکەنجەگایە بوە، پاش دەرباز بونی نوسیویەتی، هەروەها هەندێ پارچە لە نامەی ئەو شەهیدانەی بە «هێشە» دا تێ پەڕیون وەکو بەڵگەیەکی مروڤایەتی لە سەر ڕەفتاری دڕندانەی فاشیستەکانی عیراق لە گەڵ گیراوی سیاسی و پێشمەرگەی دیل دا... بێ گوێ دانە دەستورە ساختەکە و قانونە درۆینەکانی خویشیان، وە بێ گوێ دانە ئەو

پەیمان و پرۆژە جیهانییانەی ئەم جەللادە خوێنڕێژانە بەو پەڕی بێ شەرمییەوە لە گەڵ ئەندامانی تری «کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان» لە مەر مافی مرۆڤ مۆریان کردووە.

*

فاشیستەکانی عیراق چەندین داوودەزگای ئاشکرا و نهێنییان لە سەرانسەری عیراق دا دامەزراندووە بۆ سەرکوتکردنی خەباتی گەلی عیراق بە گشتی و خەباتی گەلی کورد بە تایبەتی.

شتێکی تازە ئاشکرا ناکەین، ئەگەر باسی زیندانەکانی «نگرە السلمان» ، «قصر النهایە»، «الامن العامە»، «معتقل الفضیلیە» و چەندین شوێنی نهێنی جۆربەجۆری تر بخەینەوە یاد. ئەو شوێنە نزم و نسرم و تاریکانەی بوون بە هێلانەی بیرەوەری هەزاران خەباتکەر لە سەرانسەری عیراق دا و، دیوارەکانیان بوو بوون بە لاپەڕەی یادگارنامەی بە خوێن ئالکراویان. ئەمە سەرەرای جەللادخانەکانیان لە بەغداد و موسڵ.

ئێستاش تازەترین دەزگای لە ناوبردن و سەرکوتکردنیان دامەزراندووە بە ناوی «الهیئە التحقیقیە الخاصە» وە، کە لە سەربازگەیەکی سوپایی دایە لە نزیک کانییەکانی کومپانی نەوتی کەرکوک، ئەو شوێنەی خۆیان ئەڵێن: «تایبەتیە بۆ کوردەکانی شیمال! و، بۆ ئەوانەی هاوکاری لە گەڵ پێشمەرگە ئەکەن و یارمەتی ئەدەن».

ئەم دەزگایە وەکو ئوردوگایەک وایە، هەرچی ئەگیرێ لە لایەن دەزگای «امن» و «استخبارات» وە لە شار و قەزا و ناحیەکان، یاخود لە لایەن هێزە چەکدارەکانی رەگەزپەرستەکانەوە لە کاتی هێرش و پەلاماری سوپایی دا، پاش لێدان و لێپرسینەوەیەکی سەرپێی، بۆ ئەم جێگە نهێنیە ئەهێنرێت.

کاتێک جاسوس و چڵکاوخۆر و خۆفرۆشەکان تێکۆشەرێک دەس نیشان ئەکەن، هێزێکی تایبەتی کە پێ ی ئەڵێن: «قوە خاصە» لە دەوروبەری نیوەشەو دا ئەدات بە سەر ماڵەکەی دا و ئەیگرێت، دەس و چاوی ئەبەستنەوە و بەرەو مەڵبەندی امن یا استخبارات ئەیبەن، خۆ ئەگەر لە رێگا یان لە کاتی گرتن دا سەرکێشییەک بکات، ئەوا پێشەکی لێدانێکی باشی لێ ئەدرێت. کاتێکیش ئەگاتە استخبارات لەوێ هەر خێرا ئەخرێتە ژووری لێدانەوە، پێش هەمو لێپرسینەوەیەک یەکێ گورژم لێدانی باشی لێ ئەدرێ بە دار و سوندە، زللە و شەق و بۆکس ئەبێتە تەواوکەری پەردەی یەکەم. پاشان بە چاو بەستراوی ئەبرێتە ژوورێکەوە بۆ لێپرسینەوە، لەوێ هەندێ پرسیاری جۆربەجۆری لێ ئەکرێ، جا ئەگەر لە وەڵامدانەوەیان سەرپێچی کرد و وای وەڵام نەدایەوە وەکو ئەوان ئەیانەوێت، ئەوا دەس ئەکرێتەوە بە لێدانی، تا ئەو شتانەی مەبەستیانە بە زۆر بە سەری دا ئەسەپێنرێت و

فایلیکی نارەوای بۆ ئامادە ئەکریت.
ماوەی مانەوەی گیراو لەم شوێنەدا بە پێی ی خوراگرتنی بەندەکە ئەگۆڕیت لە رۆژیکەوە هەتا شەش مانگ، بە ئازاردانی هەمیشەییەوە، تا ئەو شتانەی ئەیانەوی لی ی هەڵ ئەهێنجن.
جۆری لێدان لە دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخبارات دا، چ لە شار و چ لە قەزا و ناحیەکان بە شێوەیەکی زۆر درندانە و نامرۆڤانە ئەکری. بە هیچ جۆریک ناهێلریت بزانریت کە لە کوی گیراوە و بۆ کوی ی ئەبەن، هەمو جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان بەندەکە و کەسوکاری دا قەدەغەیە.
بەندەکان ئەکرین بە دو بەشەوە: ئەوانەی بە تاوانی ریکخستن گیراون، وە ئەوانەی لە سەر هاوکاری لە گەڵ پێشمەرگە و کاروباری عەسکەری گیراون. بەشی یەکەم راستەوخۆ ئەبرین بۆ «هیئە»، بەشی دوهەمیش بۆ «منظومە استخبارات المنطقە الشمالیە».
«منظومە» ش هەر لە سەربازگەی کەرکوک دایە، بریتیە لە خانویەکی گەورەی دو نهوم، چەندین ژوری تی دایە و، کەوتوتە روژهەلاتی سەربازگەکەوە.
کاتیک بەندەکە ئەبریت بۆ «منظومە» بە چاو و پەل بەستراوی ئەیبەستریتە ژوریکی سەربەخۆ وە، هەتا ٢ - ٣ روژ لی ی ناپرسریتەوە، پاشان ئەبریت بۆ لیپرسینەوە، لیرە شیواز ئەگۆریت، لە پیش دا بە خوشی و دلنەوایی و ریز لی گرتن، پاشان بە ئەشکەنجە و ئازاردان و ئیهانە کردن، لە بەر روشنایی ئەو فایلەی بوی ئامادە کراوە پرسیاری لی ئەکریت، ئەگەر شایەت یان جاسوس دەس بکەون ئەوا ئەوانیش ئامادە ئەکرین.
لیدان و ئازاری نەفسی و ترقاندن، بەشیکە لە ژیانی ئەم دەزگایە. لیدان بە سوندە و دار و کیبل، ئینجا هەلواسین بە پانکەدا و لیدان بە دار، لە کاتی لیدان دا پەل ئەبەستریت و پەروی سەرچاو لا ئەبریت، هەندی جار هەردو پەل لە پشتەوە ئەبەستری و هەل ئەواسری بە شیشیکی ئاسن دا کە ئامادە کراوە بو ئەم مەبەستە.
ئەمانە هەموی بە کار دیت لە کاتی لیپرسینەوەدا، ئەگەر ئەمانەش دەمی بەندەکەیان هەل ئەهینایەوە ئەوا جیهازیک بە کار ئەهینریت کە هیزی ئەلەکتریکی تی دایە بریتیە لە وایەریک کە ئەبەستریت بە سەرەوە، جیهازەکە لە لایەن دەستی ئەچی، کارەبا لە سەری بەندەکە ئەدات. بە پی ی خوراگرتنی بەندەکە، جوری ئازاردان ئەگوریت.. زور جار لە روژیک دا ٤ - ٥ جار ئەبری بو ژوری ئازاردان. لە کاتی پشودان دا عەریفیک یان سەربازیک ئەنیردریت بو لای بەندەکە بو ترقاندن و ترساندن و ورەروخاندن، بەوەی کە باسی چەندین بەندی پیشوی بو ئەکات کە چون لە ژیر ئازار و ئەشکەنجەدا مردون، چون

ئەو جیگایە نهینیە و کەس نازانی کوی یە و هەرچی بگاتە ئەوی ئیتر ژیانی تەواو ئەبی ئەگەر دان بە تاوانەکانی دا نەنی..

مـاوەی لیـپـرسـینەوە لە هەفـتـەیەکـەوە هەتا مـانگیک ئەخـایەنیت، هەمـو جـورە پەیوەندییـەک لـە گـەل دەرەوە، بینینی کـەسـوکـار قـەدەغـەیە. لیـرە ئینوێەتی یش وەکـو چەکیکی تر بە کار ئەهینری بو روخاندن، چونکە جاری وا هەیە بە دریژایی یەک روژ ئاو نادری بە بەندەکە. ئەوەی بیتە «منظومە» ئەگەر تاوانباریش نەبی بە زور تاوانبار ئەکری، ئیـتـر سـا یان بە ئازاردان و ترقـاندن، یان بە بەکـارهینانی لەرینەوەی کـارەبایی، یان بە هەلبەستنی بوختان و درو.

لە کاتی لیپرسینەوەدا لە «منظومە» ۳ کەس بەشداری لیکولینەوەکە ئەبن بە جلی مەدەنییەوە، بەلام هەرسیکیان عەسکەرین، هەر خویشیان لە لیدان و ئازاردان دا بەشدار ئەبن، ئەم سییانە یەکیکیان بە روتبەی نەقیب و دوانەکەی تر بە روتبەی مولازمن.

لە «منظومە» ش فایلیکی تر بو بەندەکە ئامادە ئەکری و، ئینجا ئەیبری بو «هیئە» کە ئەویش لە هەمان سەربازگەدایە.

لە «هیـئـە» هەر بە گـەیشـتنی بەندەکـان و کـردنەوەی دەرگـای بەندیخـانـە، لە حەوشەکەدا چینیکی باش لە بەندەکان ئەدری بە سوندە و زللە و شەق و بوکس.

«هیئە» بریتیە لە ۳ خانوی پیکەوە نوساو، خانوی یەکەم جیگای لیپرسینەوەیە، خانوی دوهەم هی بەندە تازەکـانە کە هیشـتـا لە ژیر لیپرسینەوەدان، خـانوی سـییـەمـیش جیگەی ئازاردان و، ئەو بەندانەیە کە چاوەری ی «محکمە خاصە» ئەکەن.

خانوی یەکەم بریتیە لە ۲ ژور، ژوری لیپرسینەوە و، ژوری پاساول.

خـانوی دوەم بریتـیـیـە لە ۳ ژور بو بەندەکـان و، ۱ ژور بو پاسـاول. ژورەکـانی پچکولە و پیس و پوخلن. بەندەکـان ئەخـرینە ئەم ژورانەوە، هەر ژورەی ٤٠ تا ٥٠ بەندی تی ئەئاخنری، بە جوریک کە شوینی دانیشتنیشی تی دا نابیتەوە. روژی تەنیا ۱ سەتل ئاو بو بەندەکان تەرخان ئەکری ژمارەیان هەرچەنیک بیت.

ژیانی روژانەی ئەم بەندیخانەیە بەیانیان سـەعـات ٥ دەس پی ئەکـات کـە دەرگـای ژورەکان ئـەکریتەوە و بەندەکان هەمو لە حەوشەکەدا ریز ئەکرین، ئینجا ۲ سەرباز بە سوندە تی یان ئەکـەون لە بەر ئەوەی گوایە نازانن بەریز راوەستن! ئەوەی لە حـەوشـەکـەدا زیاتر سەرنج رائەکیشی، ئەو هەمو پیلاو و جل و جامانە و پشتینەیە کە لە لایەکی حەوشـەکەدا وەکو خەرمان هەل دراوەتەوە.

رەفتاری سەربازەکان لە گەل بەندەکان دا یەکجار درندانەیە، بە رادەیەک کە فەرمان

ئەدەن هەمو سەریان شور بکەن و سەیری ئەم لا و ئەو لای خویان نەکەن، ئەمە سەرەرای تف و شەق و زللە و هەزار جنیوی سوک وقسەی ناشیرین.

چونە سەر ئاودەست، دیسانەوە، وەکو چەکیکی تر، بو ئازاردان بە کار ئەهینری، چونکە مولەتی دانیشتن نابی لە دەقیقەیەک تی پەر بکات، کە زوربەی بەندەکان فریای هیچ ناکەون، هەر ئەمەشە ئەبیتە هوی ئەوەی هەمو روژ چەندین بەند لە ژورەکان دا تەنگەتاو بن و بە ناچاری لە ژورەوە برین.

هەر روژەی ٥ تا ٦ کەس بانگ ئەکرین بو لیپرسینەوە، سەرلەنوی لە سەرەتاوە دەس ئەکریتەوە بە پرسیار، گوایە ئەوانەی پیشو، کە لە شارەکان و کە لە «منظومە» کراوە بایەخی پی نادری! سەرلەنوی فایلیکی تازەی لیکولینەوە ئەکریتەوە.

«هینە» یەکیکە لە نهینیترین شوینەکانی لیکولینەوەو ئازاردان بو «ناوچەی ژورو» لە هەمو لایەکی کوردستانەوە روژی چەندین کەس راپیچ ئەکری بو ئیرە، هەموشی لە چەند شتیک دا یەک ئەگریتەوە: ریکخستن، پیشمەرگایەتی، هاوکاری پیشمەرگە. کە یەکی بانگ ئەکری بو لیپرسینەوە، دو سەرباز بانگی ئەکەن، چاو و دەستی ئەبەستنەوە، بە لیدان هەتا ژوری لیپرسینەوە ئەیبەن، لەوی پرسیاری لی ئەکری و داوای لی ئەکری هەرچی ئەزانی راست و رەوان بیلی. پاش ٣ - ٤ پرسیاری هەرەمەکی ئەیبری بو خانوی سیهەم بو ئازاردان. لەوی، لە حەوشەکەدا پالی ئەخەن، هەردو قاچی بە شیشیکەوە ئەبەستنەوە. شەش سەرباز دو دو ئەکەونە لیدانی بنی پی ی بە سوندە تا هیلاکی ئەبن تا بەندەکە لە هوش خوی ئەچی، ئینجا سەتلیک ئاو ئەکەن بە سەر و پو لاکیدا، کە هوشی پیا هاتەوە ئەکەونەوە لیدانی. بەم شیوەیە ٤ تا ٥ جار ئەیبەستنەوە و ئەیکەنەوە، لە پاش دا بو ماوەی چارەکە سەعاتی بە حەوشەکەدا راوی ئەنین.

زوربەی بەندەکان زمانی عەرەبی نازانن، بو ئەم مەبەستەش چلکاوخوریکی خویان بە ناوی تەرجومانەوە ئەهینن، ئەویش بە ئارەزوی خوی قسەی بەندەکان ئالوگور ئەکا.

ئازاردان و لیپرسینەوە لە حەفتەیەکەوە تا چەند مانگیک ئەخایەنی بە پی ی خوراگرتنی بەندەکە هەتا لە پاشان فایلیکی بو ئامادە ئەکری و پەنجەموری پی ئەکەن.

لە گەل ئەو هەمو ئازار و ئەشکەنجەیە دا، سەدان رولەی ئەبەزی میللەتەکەمان، چەندین لاپەرەی شانازی و دلیریان ئەخشاندوە بە هیممەت و خوراگرتنیان سەری یاساول و لیپرسراوە فاشیستەکانیان شور کرد و، ئیسپاتیان کرد کە رولە تیکوشەرەکانی میللەتەکەمان، ئازار و ترساندن و، هیلانە نهینیەکانی رەگەزپەرستەکانی عیراق هەستی پەروەنگاری و خەباتیان خاپور ناکات.

پاش لیـدانێکی زۆر بەندەکـە ئەهێننەوە بۆ ژوورەکـەی خـۆی، هەر خـەـرا لەوێ هاوەڵەکـانی دەوری ئەدەن و، ئاوی ئەدەنێ و، دەس ئەکـەن بە شـیلاتی قـاچی. پاش تەواو بوونی لێپرسینەوە بەندەکە ئەبەن بۆ خانوی سیبەم. ئەویش بریتیە لە ۳ ژوور، جگە لە ژووری یاسـاول. ئەوانەی ئەگەنە خـانوی سـیـبـەم بە رەسـمـی ئازاردانیـان نامـێنێ و، چاوەڕێ ی «المحکمە العسکریە الخاصە» ئەکەن. مانەوەی بەندەکە لە خانوی سیبەم لە ۳ تا ٦ مـانگ ئەخـایەنێ. مـەبەست لـە مانەوەشیـان تەنیا زۆر بوونی ژمـارەیانە، کـە وەک مـێگەل بە ڕەوە بیانبەن بۆ «دادگا».

«محکمەی عـسکری خاص» بریتیە لە دەزگایەکی کاریکاتوری، تەنیا بۆ بریاردانی خنکاندن و حوکمدانی تێکۆشەران و بێتاوانانی گەلی کورد، دامەزراوە. هیچ سیفەتێکی قانونی و شەرعی و ڕاستی تێ دا بەدی ناکرێ. ئەو بریارانەی ئەیشدەرێن پێشەکی ئامادە کـراوە ، ڕۆژی «مـحکمـە» تەنیا ئەخوێنرێتـەوە. بەندەکـان بە هیچ جۆرێ مـافی دیفـاع کـردنیـان نیـە، خـۆ ئەگـەر یەکـێـک بلێ: ئەو ئیـفـادانە هی ئەو نیـە و بە زۆر لە ژێر ئەشکەنجەدا پێ یان مۆر کردوە، ئەوا ئەیهێنێرنەوە بۆ «هێشە» و ئیتر جارێکی تر چاوی بە مەحکەمەش ناکەوێتەوە.

کاتێک ڕۆژی بەستنی «دادگـا» دیاری ئەکرێ، ئەو بەیانییـە هەمـو بەندەکـان ڕیز ئەکەن و، عەریفێـک بە مقـەستێکەوە دەست ئەکا بە سەر و ڕیش و سمێل هەڵپاچینیان بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین، کە مەبەست تەنها ئیهانە و ناشیرین کردنی سەر و سیمایانە لای «حاکمەکانا».

کـاتێ سـەر و ڕیش و سـمـێلی بەندەکـان هەڵ ئەپاچن ئینجـا بـە لۆری ئەیانبـەن بۆ «دادگـا»، لەوێ هەمـویان ڕیز ئەکـەن، بە جـۆرێک کـە ڕویان لە دیوارەکـە بێت، ئینجـا بە سونده و شەق و زللە تێ یان ئەکەون تا هیلاک ئەبن.

«دادگا» خۆی بریتیە لە شانۆیەکی گریاناوی ئەم خەڵکە سەر و ڕیش هاتوە، بە پێ ی پەتی وەک مێگەل ڕیزیان ئەکەن، حاکـمەکانیش بە گـاڵتە پێ کردنەوە ئەڕواننە سەر و پوتەڵاکیان و بە جوملە حوکم ئەخوێنێتەوە کە لە پێش دا ئامادە کراوە.

لە هەر جـارێک دا، دەسـتـەیەک لـە خـەباتکەرانی مـیللەتەکـمـان، ڕەوانەی ژووری ئیـعدام ئەکرێ. ئەوانـەی کە ئەمری ئیـعدامیـان دەرئەچێ، دوای تەواو بونی «شانۆی دادگا» دەستیان کەلەپچە ئەکرێ و لەوانی تر جیا ئەکرێنەوە.

ئەوانـەی بە گـرتنی چەند سـالە حـوکم ئەدرێن، پاش چەند ڕۆژێک ئەنێـردرێن بۆ بەغـداد بۆ «سجنی ئەبو غریب» و، ئەوانەش کـە حـوکم ئەدرێن بە ئیـعـدام ڕەوانەی مـوسل

ئەکرین.

کاتێک پەندەکان ئەهێنرێنەوە بۆ «هێنە» حوکمدراو و ئیعدامەکان یەکتر ماچ ئەکەن و، دەست ئەکەن بە گۆرانی و وتنی سرودی نیشتمانی، دەنگی دلێریان دلی داگیرکەری فاشیست ئەخاتە لەرزە و، بۆ جاری هەزارەمین، بۆ رەگەزپەرستەکانی ئیسپات ئەکەنەوە کە پەتی خنکاندن و دەزگای لە ناوبردن دلی رۆلە دلێرەکانی گەلی کورد سارد ناکەنەوە لە خەبات و تێکۆشان و خۆبەخت کردن، بەلکو بە پێچەوانەوە تەبەزی و هیمەتیان ئەخاتە دلەوە و، زیاتر هەستی بەرەنگاری و خەباتیان تیا زیاد ئەکات. هەلوێستی هەمو ئەو رۆلانەی، دلێرانە چونەتە بەر پەتی ئیعدام، ئەوەی بە داگیرکەران سەلماندەوە.

*

دانانی پنکە

ئەوسا لە بەر پەلاماری کتوپری هالیکوپتەر هیچ هێز و مەفرەزەیەک نە ئەبو وە نەی ئەتوانی بە رۆژ لە ناو ئاوایی دا بمێنێتەوە. ناوچەکە ژمارەیەکی کەم گوندی تێ دا بو. گوندەکانیش پچوک بون. باری ژیانیشیان ئەوەندە باش نەبو هەمو رۆژ و هەمو ژەم لە مالەکانی ئەوان نان بخوین. ئیمەش بە تەما بوین ئەو ناوچەیە بکەین بە پردی پیوەندی لە گەل سوریا بۆ هاتوچو و، هێنانی چەک. ماوەیەک بە گوندەکانی دەریاسور، گەرەپیچ، چەمەلو، هەدن، ئاری، بەرمیزە...دا سورایەنەوە. چوینە ناو رەشمالی رەوەندەکانی «هەرکی» لە دەشتی بەرازگر. ئاگاداری کاک خالیدمان کرد بۆ بگەرێتەوە ئەوی. چاوەریی ئەومان ئەکرد. ئەمان ویست کات بە سەر ببەین.

شارەزا ئەمینەکانی ناوچەکەم لە گەل خۆم ئەبرد بۆ ئەوەی شوێنە نادیار و عاسیبەکانم پیشان بدەن پنکەیەکی نهێنی خواردن و حەسانەوەی تێ دا دابمەزرێنم. چەند شوێنێکمان نوری. شارەزایەکی خەلکی «هەدن» لە ناو لیرەوارێکی چردا شوێنێکی گونجاوی لە باری بۆ دۆزینەوە. کانی خۆش و سێبەری خەستی هەبو. پەنایەکی نادیار و شوێنێکی عاسی بو. چەند سەعاتی لە کانی رەش دور بو.

لە بن داربەرو پیرەکان دا جێگەمان بۆ دانیشتن و نوستن لە سەر ئەرزە رەقەکە خۆش کرد. یەکی لە پێشمەرگەکان بە ناوی ئەحمەد گەلالی شارەزای دروست کردنی تەننور بو. بۆ ئەوەش پێویستی بە بەرد و هەندی کەرەستەی تر بو وەکو دار و تەختە و تەنەکە... لە کاتی کۆکردنەوەی بەردا ئەوەی سەرنجی هەموانی راکیشا ئەوە بو لە بن هەر بەردیک دا چەند دوپشکیکی تێ دا بو. ئەمە هەندی ترسی لا دروست کردین. خەریک بو پەشیمان ببینەوە لەو شوێنە. یەکی لە پێشمەرگەکان بە گالتەوە وتی: «عەسکەر

بانکوژی باشتره له دوپشکا». که گەراینەوه بو ناو دی بو ئامادەکردنی پیویستیبەکان، کابرای شارەزا ترسەکەی رەواندینەوه. وتی ولاتی ئیمه مەشهوره به پایتەختی دوپشک و پیشکه. بەلام نه دوپشکەکەی کەس ئەکوژی و نه پیشکەکەشی مەلاریا بلاو ئەکاتەوه.

دوای ئاشبەتال که حکومەت گەیشت بوه هەدن مەخفەریکی گەورەی لی دروست کرد بو. زستانەکەی له بەر توندیی سەرما و زوریی بەفر به هالیکوپتەر زەلامەکانیان گویزا بووەوه. مەخفەرەکەیان وەکو خوی به جی هیشت بو. موختاری هەدنیان ئاگادار کرد بو ئاگای له شتەکان بی کەس ئەی بات و دەسکاری نەکا. دەرگا و پەنجەرە و کورسی و میزەکانی هەمو ساخ بون. هەروەها چەندین تەنەکەی نەوتی پر و بەتال لەوی بو، ئەویش کەس دەستی تیوه نه دا بو. تەنانەت هەندی وینەی احمد حسن البکر و صدام حسین و هەندی شیعاری بەعسیش هەل واسرا بو، هیچ دەسکارییەک نەکرا بون. پیشمەرگەکان بو پیویستییەکانی تەنورەکە دەرگایەکیان دەرهینا گونکی لەسەر بیرن و هەندی تەنەکەی بەتالیان بو ناو تی کردن برد بو بنکه. بو روژی دوایی پیویستیان به هەندی شتی تر بو چون له مەخفەرەکه بیبەن هیچی تی دا نەمابو. خەلکی ئاواییەکه دەرگا و پەنجەرەکانیان دەرهینا بو، هەروەها هەمو تەنەکه پر و خالیەکانیان برد بو . تا ئەوکاته له ترسی سزادانی بەعس نەیان ویرا بو دەستی لی بدەن، بەلام دوای ئەوەی پیشمەرگه دەستکارییان کرد، ئەوانیش بیانویان دەس کەوت بو ئەوەی له پاشەروژدا ئەگەر هیزی حکومەت گەرایەوه، ئوبالەکەی بخەنه ملی پیشمەرگه.

ئەو سەردەمه، پیشمەرگه ئەبو کولەپشت و زەمزەمی و یەکی کوپیکی چاخواردنەوه و قاپیکی چیشت و کەوچکیک له گەل خویان هەل بگریت. پیشتر هەمو وتار و کتیبەکانی «ئارنیستو چی گیڤارا» م دەربارەی «جەنگی پارتیزانی» و «یادداشتەکانی پولیڤیا» م خویند بووەوه، هەندی بابەتیشم لی تەرجومه کرد بو. راستیەکەی، هەرچەند له خوم و هاوریکانم ورد ئەبومەوه، ئەو مەرجانەی گیڤارا بو پیشمەرگەی دانا بو، به تایبەتی له روی توانای لەش و کول هەلگرتن و ریگا رویشتنەوه، له ئیمەدا نەبو.

ئازوقه و مەنجەل و هەندی ئاسنجاو پەیدا کرا بو بنکەکه، بەلام پیخەف نەبو ئەبو له سەر ئەرز بنون. چراش دائەئەگیرسینرا.

*

قم ریکەوتنە مەیدانییەکەی سوریا به ئەبو دائەنی

هەر لەم ماوەیەدا نامەیەکم پی گەیشت به ئیمزای «سەربەست» یەکی له بەرپرسەکانی قم داوای کرد بو: له بەر ئەوەی هەندی روداوی تازه هاتوته پیشەوه به پەله

یەکتر ببینین. سەربەست ناوی نهێنی ئەورەحمان بیداوی بو. د. خالید هێشتا نەهات بووەوە. تەنیا بەرپرسی لەوێ بو فەرماندەی کەرتی بو، ناوی رەحمان بیشەیی بو. ٤ - ٥ پێشمەرگەمان لە گەڵ خومان برد و، پێکەوە چوین بو دیتنیان. شەو گەیشتینە دەریا سور. ئەورەحمان بیداوی و فاضیل جەلال و عەبدوللا صالح و هەندێکی تر لە کادر و بەرپرسەکانی قم لەوێ بون. قەرە بالخییەکی چەکداریان لە خویان کو کرد بووەوە. لە سەر رێگاکە چەندین کەمین و پاسەوانیان دانا بو.

شەو لە گەڵ فاضیل و چەند کەسێکی کەیان پێکەوە لە مالێک دا ماینەوە. پێش نوستن ویستمان بچین بو سەر ئاو. کورێکی خاوەن مالەکە دومان کەوت بو لەمان نەئەبووەوە. فاضل ئەیویست کورەکە گوی ی لە قسەکانمان نەبی. چەند جاری داوای لی کرد بگەرێتەوە مالی خویان چاوەریمان بکا. کورەکە وتی: «ئەترسم بزر بن». فاضل لە وەلامی دا وتی: «بگەرێرەوە مالی خوتان، بە سەر دە دەولەت دا بە قاچاخ هاتوین بو ئێرە بزر نەبوین، ئێستا لە بەینی مالی ئێوە و چەمەکەدا بزر ئەبین؟»

کوبونەوەی بەیانی لە گورەپانی گوندەکەدا بە بەرچاوی کادرو پێشمەرگەکانیانەوە بو ئەوە بو تەحلیغمان بکەن لەبەر ئەوەی یەنک زوری خروقات کردوە: بی ئاگاداری قم چەکی هیناوەتە کوردستان، هەندی ئەندامی ئەوانی بە توهمەی جاسوسی کوشتوە... ئیتر ئەوان التزام بە رێکەوتنەکەوە ناکەن و بە نەبوی دائەنێن و ئەگەر یەنک چەک بهێنی ئەوان ئەی گرن. من ئەوسا نەمئەزانی ق م بوچی لەو رێککەوتنە پەشیمان بوتەوە. چەند سالی دوای ئەوە بیستمان: مەسعود هەوال و ناوەروکی رێککەوتنەکەی بە تەلەفون دابو بە موحسین دزەیی لە واشینتون، تا ئەویش بە مەلا مستەفای بلی. موحسین ئەم هەواڵە بە خوشیەوە بو بارزانی باس ئەکا. کورەکەیان د. نەجمەدین کەریم و، د. شەفیق قەزازیشی لی ئەبی. بارزانی لە باتی ئەوەی رەزامەندی دەرببری جنێوێکی ناشیرین بە مەسعود ئەدا لە سەر ئەوەی لە گەڵ مامجەلال رێککەوتنی ئیمزا کردوە.

مەلا مستەفا تەمەنی لە حەفتا تی پەری بو. بە هوی نەخوشیی «شێرپەنجەی سی» بەوە لە سەر مردن بو. ئەبو دەرسی حیکمەت و گیانی لێبوردن و بە تەنگەوە هاتنی ئازانجی کوردی بە کور و شاگردەکانی دابدایە. بەم هەلویستەی دوای مردنی خوی دوژمنایەتییەکی خویناوی بە میرات بو کورەکانی و نەوەکانی و، عەشیرەتەکەی و حیزبەکەی بە جی هێشت، سەدان کوردی بێتاوانی تی دا کوژرا.

*

گفتوگوی تورک و د خالد

شێخ کـوکس یەکێ لە نەوەکـانی شـێخ عـوبەیدوللا لـە عـێـراقـەوە هەلات بـو بو تورکـیـا. لە شـەمـزینان دانیـشت بو. وەلامی نارد بو کـە نوینەرانی حکومـەتی تورکی ئەیانەوێ هەندێ لە بەرپرسـەکـانی جولانەوەکە ببینن. کـات و شـوێنی یەکـتر بینین دانرا. نوینەری تورک لـە کـاتی دیاری کـراوا هاتە گـوندی روبارۆک لە بەری تورکی روباری سەرکەم. د خالد چو بو دیتنی. کابرا لەم دیتنەدا گوت بوی: لە ئەنقەرەوە هاتوە. ئەیەوی بزانی سەرکردەکانی ئەم جولانەوە تازەیە کێن. ئامانجەکانیان چیە. هەلویستیان بەرامبەر حکومەتی تورک چونە. پیوەندیبان لە گەل حیزب و ریکخراوە کوردییەکانی تورکیا چیە. پیویستییەکانیان چیە و داواکانیان لە حکومەتی تورک چیە؟

کاک خالید وەلامی پرسیارەکانی دا بوەوە. پیـویسـتیـیـەکانی جولانەوەکەی، لە سنوری مـەعـقـول و تیگەیشتنی تورکـا، پی وت بو. کـابرا گـوت بوی کـە ئەو دەسـەلاتی بریاردانی نیە بەلام قسەکان ئەگەیەنیتە دەسەلاتدارانی سەرو، لە حەفتەکانی داهاتودا خوی یا یەکیکی تر وەلامەکانی ئەهینیتەوە.

بینینی تورک لە چەند سەرەوە بو ئیمە پیویست بو:

پیشـمـەرگەی کـورد و جەندرمەی تورک بو بون بە هاوسنور. هەمو روژی لە سەر سنور ئەمان لەمبەر و ئەوان لەوبەر یەکتریان ئەدی.

جولانەوەکە ئەگەر بوی بکرایە لە دوژمنایەتی دەولەتانی دراوسیی کەم بکردایەتەوە، بە تایبەتی هی تورک و، بیلایەنی بکردایە تا رادەیەکی زور بە هیزی ئەکرد

تورک لەو کـاتەدا لە گـەل عـیـراق لە سـەر مـەسـەلەی نەوت ناکـوک بو. تورک قەرزاری عـیراق بو. عـیـراق بو ئەوەی تورک ناچار بکا قـەرزەکـانی بداتەوە، ئەی ویست رویشتنی نەوت بە لولەی ستراتیجی میناى جیهان دا رابگری. ئەوەش زەرەریکی ئابوری گەورەی لە تورک ئەدا.

ینک و دەدەقـادە دو هاوپەیمانی یەکتری بون. هەوالی ئەم دیتنەیان بو باس کرا. دەدەقادە زور بە توندی دژی راوەستا و پروپاگاندەیەکی فراوانی دەست پی کردو، هەرەشەی لە ینک کرد کـە ئەگەر پیوەندی لە گـەل تورک دوبارە بکەنەوە، ئەوان پیـوەندی خویان لە گـەل ینک «قـوت ئەکـەن» واتە ئەبرن. گـازاندەیان لەم کـارە گـەیاندە لای مـامـجـەلال. سـەرکـردایەتی ینک بو خـاتری پاریزگـاری پیـوەندی خـوی لە گـەل دەدەقـادە بریاری دا پیـوەندی لە گـەل تورک ببری. کـاتی کـابرای نوینەری تورک هاتەوە ناوچەکـە بو هینانی وەلامی دانیشتنی یەکەم، بە زمانیکی شیرین «جەواب» درا.

*

پنکەکمان تا ئەھات قەرەبالغ ئەبو.
کاک خالید گەڕایەوە لامان. شوێنەکەی بە دڵ بو. ئەویش لەوێ مایەوە.
هێزێکی دولی بالەییان، قادر خەیات فەرماندەیان بو، گەیشتن. گورجوگول و چالاک و ئازا و گوێڕایەڵ بون.
هەندێ لە کادرە سورانییەکانی یەکێتی کە لە سوریاوە بە ناو تورکیادا گەڕا بونەوە، بە دو تاقم گەیشتنە لامان. لەوانە: حەسەن خۆشناو، سەید کەریم، د. خدر مەعصوم، سامان گەرمیانی، عادل شوکر، داود محەممەد عەلی، عەبدوڵڵا خۆشناو... لە گەڵ خۆیان دو کادری «الجیش الشعبی لتحریر العراق» یان هێنا بو. تاقمی لەم کادرانە بێ چەک هات بونەوە. لە کاتی پەڕینەوەدا لە ڕوباری سەرکەم لە ئاستی گوندی دەریا سور چەکدارەکانی ق م بوسەیەکیان بو نابونەوە گرت بویانن. برد بویانن بو لای فەرماندەکەیان. گفتوگو و مشتومڕ لە نێوان ئەوان و کابرای ق م دا ڕوی دا بو. کابرای ق م وت بوی: «بوچی ئێوە دوای جەلال کەوتون، جەلال جاشە!». ئەوانیش وت بویان: «مامجەلال جاش نیە. سەرکردایەتی بارزانی ئاشبەتالی کرد. بوچی واز لە کورد ناهێنن؟». کابرای ق م وت بوی: «بە کوێرایی جەلال و ئێوە هەتا مەلا مستەفا مابی سەروکمانە. دوای ئەو ئیدریس، دوای ئەو مەسعود، دوای ئەو نێچیرڤان... ئەگەر هیچ کەسی لە ماڵی مەلا مستەفا نەما کەرێک لە ماڵی بارزانی ئەهێنین، جامانەیەکی سوری لە سەر ئەکەین و ئەیکەین بە سەروکی خۆمان»
هەر لەو ماوەیەدا زێرەوی عەبدوڵڵا ڕیوی لە ناوچەی سلێمانیەوە گەیشت. لە «پردی ناوەندە» کەوت بونە کەمینەوە. تێکوشەری بە تەمەن «حەمەسەید باتاسی» و ٣ پێشمەرگە کوژرا بون. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد شیعرێکی بو دانابو، لە دێرێکی دا بە «ئاشقەروتەکەی خاکی کوردستان» ناوی برد بو. دوا بە دوای ئەویش چەند کادرێکی تری کومەڵە گەیشتن لەوانە: ئەبو شەهاب، دلێری سەید مەجید.
هەمو بەیانییەک شەوەکی کاک خالید هەمو هێزەکەی لە خەو هەڵئەستان و هەندێ قسەی سیاسی بو ئەکردن. زور جار دوپشک بە پێشمەرگەکانیەوە ئەدا بەڵام مەترسییان نەبو.
لەم ماوەیەدا عێراق سەرژمێری گشتی کرد. لە گەڵ سەرژمێرەکەدا بە هالیکوپتەر لە زوری گوندەکان دائەبەزین. لە ڕوژی سەرژمێردا چەند هالیکوپتەری هاتنە ئاسمانی ناوچەکە. چەند شوێنێکیان ئاگر باران کرد و ئاگریان بەردایە پوش و پاوانی ناوچەکە و لە هەندێ شوێن دابەزین. هەرچەندە پێشمەرگەکان دامەزرا بون و چاویان لە نیشتنەوە و

دابەزین و سواربونەوە و فرینی سەرباز و هالیکوپتەرەکان بو نەمانیشت تەقەیان لی بکەن. چونکە ئەوان پیشمەرگە و شوینی بنکەکانیان نەبینی. تەقەی کویرانەیان ئەکرد. کاک خالید بە چاکی زانی هەمو بارەگاکان بگویزرینەوە سەر روباری سەرکەم لە دول و شیوەکانی ئەمبەرو ئەوبەری دا جیگیر بن. چەند فرنیکی نان برژاندمان دروست کرد.

شیخ حسەینی بەزیدی زوری پیشمەرگە بادینیەکانی کو کرد بوەوە بەرەو کوردستان هینا بونی. لە ناوچەی گویی لە نیوان ئولودەرە - زاخو دا ق م بە پیچەوانەی پەیمان و بەلینەکانی مسعودەوە کەوتنە راونانیان. ئەیانویست بیانگرن و چەکیان بکەن. خویان گەیاند بوە جیگایەکی قایم بە ناوی «کەلی مەمی». ق م گەماروبان دا بون. لە سوریاوە بە هوی «لیژنەی هاوکاری» وە هەولی دەربازکردنیان دابو. کەلکی نەبو. نامەی بو ئیمە نارد تەگبیریک لە حالیان بکەین. من و حسەن چوینە تورکیا و بە نهینی خومان گەیاندە ناوچەکە. تراکتورمان بو پەیدا کردن. شەولناو بە تراکتور هەمومان گویزانەوە بو ناوچەی شەمزینان. حسەن پیشیان کەوت گەیاندنیە بنکەکانی خومان. پیشمەرگەکان ماوەیەکی دریژ بو بە ئاسودەیی نەنوست بون و نانیان نەخوارد بو، بە تەواوی حسانەوە.

*

لیرەوە پیوەندی لە گەل بنکەی سوریا بە هوی «پ د ک ت» وە و بە هوی صەلاحەوە دامەزرینرا. نامە و دەنگوباسی کوردستانی عیراق بە ریکوپیکی ئەنیردرا. ریگەی هاتوچو کردن و، ریگەی هینانی چەک دوزرایەوە. لە هەمان کات دا پیوەندی دوستانە لە گەل زور لە دانیشتوانی گوندەکانی ماسیرو، گارە، گلیشم، سونە، دیرکی، مەلاویا، شەپەتا، زەرن، ریبونس، نەهری...لە دیوی تورکیا دروست کرا. ئەوانە بو کرینی ئازوقە و، هەندی جار بو حەواندنەوەی پیشمەرگە و، بو هاتوچو کردن بارمەتی کادر و پیشمەرگەکانی بنک یان ئەدا. چەند کەسی لە خەلکی ئەم ناوچانە زوریان خزمەت کردین و، زورمان پیوە ماندو بون لەوانە: محەممەد عارەب و، حاجی مەجید، لە ماسیرو. عەولا خان و، نوری خان، لە زەرن. صادق، لە شەپەتان. جەمال لە سونی، خورشید لە گەلیشم و، هەندیکیان لە سەر ئیمە لە لایەن ق م و حکومەتی تورکەوە توشی گرتن و تەنگ پی هەلچنین بون.

نەهری شوینیکی زور خوش بو. چەند مالیکی کەمی لی بو. کەلاوەی کوشک و سەرای شیخ عوبەیدوللای شەمزینی سەرکردەی راپەرینی ۱۸۸۰ هەروەها گورستانی باووباپیرانی شیخ هیشتا ما بو. چەند جاری بە نەهری دا تی پەریم. جاریکیان لە ئارامگای سەید طەهای باوکی شیخ عوبەیدوللادا «عەزیزە» بەکمان دوزییەوە کابرایەک لە

ریگای شیخەوە دابوی بە «خوا» لی ی ئەپارایەوە چاوەکانی کز بون چاکیان بکاتەوە.

*

هاتنی چەند ئەمسایەک

دەزگاکانی راگەیاندنی عیراق هیچ جورە هەوال، دەنگوباس یا لیدوانیکی لە سەر جولانەوەکە بلاو نەئەکردەوە. ئەبویست بە بیدەنگیی بیخنکینی. وەکو عەرەب پی ی ئەلین: «تعتیم اعلامی» لە سەر بو. روژنامەوانی بیگانەش نەئەگەیشتنە لامان. جولانەوەکەش ئەوەندە رەونەقی پەیدا نەکرد بو روژنامەوان خوی بو بکوتی. بەلام هاوینی ٧٧ دوجار بیگانە لە تورکیاوە گەیشتنە بنکەکانی ئیمە. جاری یەکەم دو خویندکاری گەنجی ئەمسایی بون، هەردوکیان لە شەمزینانەوە من لە گەل خوم هینامن بو بنکەکانی برادوست، جاریکی تریش ئەمسایەکی تر. ئەمانە کەسیان روژنامەوانی پیشەیی نەبون. هەمویان «هاوری» بون. بەلام هەردوجار دو وتاری وینەداریان لە گوڤارەکانی ڤیەننادا بلاو کردەوە.

هەرچەند هەلم بو برەخسایە نامەیەکم بو د. کەمال فوئاد، یان بو عومەر شیخموس ئەنوسی و، ئەمدا بە کەسیکی ئەمین لە ناو یەکی لە شارەکانی تورکیاوە بیخاتە پوستەوە، هەوال و دەنگوباسەکان و، بیرورای خومم بو ئەنوسین.

*

هینانی وەجبەی یەکەمی چەک

کاتی خوی ئومیدیکی گەورەمان بە سەرانی «پ د ک ت» بو کە یارمەتیمان بدەن بو گویزانەوەی چەک بە ناو تورکیادا. دوایی بومان دەرکەوت کە هەم توانایان لەو بوارەدا کەمە و، هەم نایانەوی خویان توشی «تەهلوکە» بکەن. د. کەمال خوشناو و عومەرمستەفا لە قامیشلی بنکەیەکیان دانا بو بە زوری بو گویزانەوەی چەک بو. بەلام زوری چەکەکان کە ئەگەیشتە تورکیا ئەکەوتنە دەستی نائەمین و ئەفەوتان.

«پ د ک ت» بە پچرپچری وەجبەیەک چەک کە پیک هات بو لە ٦٠ کلاشینکوف گەیاند بویانە گوندی «بەردەرەش» لە نیوان وان - گەوەردا. ئامادە نەبون لەوە زیاتر نزیکی بخەنەوە. مانگی تەموز ئاگاداریان کردین کە بیگویزینەوە. ناچار خومان کەوتینە هەولی هینانی. ٦ ئیستری باشمان کری. ٦ کەسم لە پیشمەرگە بادینییەکانی شارەزای بار و ولاخ بون هەلبژارد. حەسەن خوشناو و من خومان ئامادە کرد بو هینانی. لە پیشمەرگەی سورانی تەنیا «عەلی ئاغای ماوەتان» مان لە گەل خومان برد. وامان بە چاک زانی بە ژمارە کەم بین بو ئەوەی بە ئاسانی تیپەرین و بگەریینەوە.

چیای بەرزی «زیرینجو» مان بری بەرەو نەهری و بیسەلاتە و بێ شەمسی و باوی... دووڕۆژ زیاترمان پێ چو تا گەیشتینە بەردەرەش. بارەکانمان بار کرد و بە هەمان ڕێگادا گەراینەوە. هەوڵمان ئەدا کەس نەمان بینێ و، لە گوندەکان لامان نەئەدا. لە نەهرییەوە کە ئەچوی بۆ «ریبونس» ئەبو لە پردێکی دێرینەی بەردین بپەڕینەوە ئینجا بە چیای «زیرینجو» دا هەلگەڕێین. بە ٨ سەعات ئینجا گەیشتینە سەر لوتکەی شاخەکەو دوای پشودانێکی کورت شۆڕ بوینەوە بۆ دولی گوستە. دابەزینیشی بە ئەندازەی سەرکەوتنی ناخۆش بو. یەکێ لە پێشمەرگە بادینیەکان ناوی «یوسفی گەوهەر» بو. ڕیچەڵەکی ئەرمەنی بو. لە قەتلوعامی ئەرمەنیەکان دا باوباپیریان موسولمان بوبون. کابرایەکی چوارشانە و بەهێز بو. زور شارەزای بار بو. قەپاسەی یەکێ لە ئێسترەکان بن کلکی بری بو. خوێنی لی ئەهات. ئێسترەکە هەلی ئەتیزان و بە تولەرییەکی شاخی هەزار بە هەزاری زیرینجودا شۆڕ ئەبویەوە. مام یوسف ویستی قەپاسەکەی چاک بکا ئێسترەکە لەقەیەکی لی دا. مام یوسف سست بو. کەوتەوە ڕێ قسەی نەکرد. تومەز لەقەکە بەر گونی کەوت بو. کە گەراینەوە شوێنەکەی خومان چو بو بو لای د. خدر مەعصوم. گونی ئاوسا بو. ئەبویست ئیزنی بدەین بو چارەسەرکردن بگەڕێتەوە بو سوریا. بە گاڵتەوە پێم وت: «مام یوسف زور لە مێژە ژنت هێناوە و خوا لێت نەسەنی چوار کورت هەیە، خویشت گەورە بوی، تازە گونت بوچیە؟» زور تورە بو ئەیوت: «چون نامەوی ئەگەر گونم نەمێنی بمرم باشترە!»

بە سەلامەتی گەیشتینەوە بنکەکانی خومان. هەمومان هەستمان بە شانازی و خوشی ئەکرد. پێشمەرگەکان کە کلاشینکوفە تازەکانیان ئەدی لە ناو کیسەدا وایان ئەزانی یەکێ لە مەرجە گرنگەکانی سەرکەوتن تەئمین بوە. ئەوە یەکەمین وەجبەی کلاشینکوفی یەکلاق بو بگاتە کوردستانی عیراق بە هەموی ٦٠ دانە بو.

*

گەڕانەوەی مامجەلال

چەند حەفتەیەک چاوەروانی مامجەلال بوین بگەڕێتەوە کوردستان. من هێزێکم لە گەڵ خوم برد بو لە نزیک سەرچاوەکانی سەرکەم لە بن دالاتپەردا لە سەر چەمەکە لە شوێنێک دا بە ناوی «چەمکەبی» دامەزرا بوین. پیخەف و ڕاخەر و چادرمان نەبو. شەو لە ناو سەرما خومان لی نەئەکەوت تا بەیانی بە دیار ئاگرەوە دائەنیشتین. کە ڕوژ هەلئەهات خومان ئەدایە بەری و ئینجا ئەنوستین. هەتاو و تیشکدانەوەی بەفری کوێستانەکان ڕوخساری هەمومانی ڕەش داگەڕاند بو. ڕومەت و پێستی ملمان بە زوری سوتا بون.

چەمکەبی ژمارەیەکی زۆر بێ کونسالی لێ بو. هەندێکیان بنەکانیان زۆر ئەستور بو. زۆریمان هەلکەند و سوتاند. زۆر ڕۆژ بە شاخێکی سەخت دا نزیکەی سەعات و نیوی سەرئەکەوتین بۆ ئەوەی بچینە گوندی ماسیرو و، هەمان ڕۆژ ئەگەڕاینەوە بۆ چەمکەبی، گەڕانەوەشمان ئەوەندەی پێ ئەچو.

مامجەلال گەیشتە ڕوما بۆ ئەوەی لەوێوە بێتە ئەستەمول و بەرەو کوردستان بگەڕێتەوە، بەلام عەبدولئیلاه النصراوی ڕیبەری ئەوسای «الحرکه العربیه الاشتراکیه» و، عومەر مستەفا لە شامەوە تەلەفونیان بۆ کرد بو. پێیان وت بو: «لەبەر ئەوەی کارێکی گرنگ و پەلە هاتوتە پێشەوە پێویستە بگەڕێتەوە شام». مامجەلال گەرا بوەوە شام. من زۆرم پێناخۆش بو. دەرکەوت کار هەر نەبوە. گوایە عەبدولئیلاه ویست بوی مامجەلال لە گەرانەوە ژیوان بکاتەوە، بە بیانوی ئەوەی هەلومەرجی کوردستان خراپە و نابێ جاری مامجەلال موجازەفە بکا.

من نامەیەکم بۆ مامجەلال نوسی. باروودۆخی کوردستانم بۆ ڕون کرد بوەوە. باسی دوزینەوەی ڕێگای هاتوچو و، پێویستی گەڕانەوەی ئەو و، خراپی ژیانی ئەو هەمزەشم بۆ نوسی بو، کە چاوەڕوانی ئەو بون. ئاگادارم کرد کە ئەگەر بەو نزیکانە نەگەڕێتەوە، وا ئیتر ئیمە ناتوانین لەوە زیاتر چاوەری بکەین. کاتی نامەکەی منی پێ گەیشت بو، مامجەلال لە گەل هیرو خانی هاوسەری لە بیروت ئەبی، هیروخان چەند ڕۆژێکی کەمی مابو منالی ببی. من ئاگاداری ئەمە نەبوم. بەلام مامجەلال دەستبەجی هاوسەرەکەی بە جی هێشت بو گەڕابوەوە دیمەشق و لەوێوە چوە بوە ئەورووپا و ئاگاداری کردین لە کات و شوێنی گەیشتنی. ئیمەش نەجو و حەسەن خۆشناومان نارد بۆ ئەستەمول بۆ پێشوازی. مامجەلال بە پاسپورتی خوالێخۆشبو فاضیل تالەبانی لە تەموزی ٩٧٧ دا گەڕایەوە بۆ کوردستان. پاسپورتەکەی فاضیل ئیرانی بو، خۆی لە لەندەن لە نەخۆشخانە کەوت بو لە سەر مردن بو، پاسپورتەکەی خۆی دا بو بە مامجەلال بۆ ئەوەی لە تورکیا بە کاری بهێنی. ئەو زەمانە پاسپورتی ئیرانی لە تورکیا بەرێزەوە ڕەفتاری لە گەل ئەکرا.

من هەر لە چەمکەبی بوم. نامەی حەسەنم پێ گەیشت لە دیاربەکرەوە ئاگاداری کردم لە کاتی گەیشتنیان. لە هەمان کات دا خەلکی گوندی ماسیروش ئاگاداریان کردم کە چەند کەسێک لە بەرپرسەکانی یەکێتی گەیشتونەتە لای ئەوان داوایان لێ ئەکەن بیانبەن بۆ سوریا. من ئەم هەوالەم بە لاوە زۆر سەیر بو. تاقمی بەرپرسی یەکێتی بە بێ ئاگاداری ئیمە، بە سەر ئیمەدا باز بدەن و، بیانەوێ بچن بۆ سوریا. بۆ ساغ کردنەوەی ئەم هەواڵە من خۆم چوم بۆ ماسیرو. سەید کەریم و سامان گەرمیانی چەند کەسێکی کەم لە گەل خۆم

برد.

له گوندەکە هەوالی میوانەکانم پرسی. منیشیان برد بو لای ئەوان. جگە لە فاضیل جەلال «عادل» ی قیادە مرقەتە، من کەسیانم نەناسی. بە خیرهاتنم کردن و لیم پرسین: «ئیوە کین؟» زوریان پی ناخوش بو، بە تورەییەوە ئەوانیش لە منیان پرسی: «تو کی ی؟». وتم: «من فلانم بەلام ئیوە کین و بوچی هاتونەتە ئیرە بە بی ئاگاداری ئیمە؟». مەلا بەختیار هەلی دایە وتی: «من مەلا بەختیارم نوینەری کومەلەم، ئەوە کاک رەسول مامەندە نوینەری بزوتنەوەیە، ئەوە کاک عەلی کوریە سەربەخویە، ئەوەش فاضیل جەلالە نوینەری ق م». وتم: «بوچی ئەچن بو سوریا و چ کاریکتان لەوی هەیە». وتیان: «ئەچین بو سوریا مامجەلال ئەبینین و، کیشەی ئیوە و قیادە مرقەتە چارەسەر ئەکەین». منیش پیم وتن: «ئەگەر ئەتانەوی کیشەی ئیمە و ق م چارەسەر بکەن پیویستە لیرەوە دەس پی بکەن. هەر دولای کیشەکە لەم ناوەداین. ئەگەر ئەشتانەوی مامجەلال ببینن. ئەوە پیویست ناکا بچن بو سوریا چونکە ئەمرو ئەگاتە ئیرە.

ئەم برادەرانە لە قەندیلەوە بە نهینی چوبون بو شنو، لەویشەوە هینا بویانن بو ئیرە. هەمویان پانتولیان لە پی دا بو. لە وەلامەکانی من و جوری رەفتارم دلگیر بون و، باوەریشیان بە قسەکانم نەبو. بە هەر حال رازیم کردن و لە گەل خوم هەمویانم برد بو گارە. لە بن سیبەری چەند داریکی گەورەدا جیگامان راخست. لەو نزیکانە قەرەقولیکی تورک لە سەر جادەکە بو. ئەترساین مامجەلال لە هاتنی دا توشی کیشە ببی لە گەلیان. پیشمەرگەکانم لە ناوچەکەدا دامەزران. خوم و، صدیقی کریخا طەهای کانی کوردە «حەمەسور» و خەبری خودیەدی بەزیدیم برد و نزیکتر کەوتینەوە لە شوینی گەیشتنی مامجەلال. زوری پی نەچو مامجەلال گەیشت و هەمو سەرکردەکانی «پ د ک ت» بو ریز لی نانی لە گەلی هات بون. هەروەها ۳ کادری «سازمانی ئینقیلابی حیزبی تودەی ئیران لە دەرەوە» بو هاودەردی و هاودەنگی لە گەلی هات بون. ماوەیەکی دریژ مانەوە و، ق م یەکیکیان: بەشیری خوسرەوی، دوای بە دیل گیرانی لە کارەساتی هەکاری دا کوشت. حاجی فارسی موختاری گوند بەو بونەیەوە مەریکی بو سەربرین. بە خیرایی نانمان خوارد و بەرەو بنکەکانی خومان کەوتینە ری. رەسول و مەلا بەختیار و عەلی کور و فاضیلیش لە گەل ئیمە گەرانەوە.

من ئەو چەند روژە چەند جاری بە شاخەکەدا ئەمدیو و ئەودیوم کرد بو. بە چیای «وەنەیب» دا سەرئەکەوتین. هەورازیکی رک و دوورودریژ بو. مامجەلال سواری ولاخ بو، من پیادە بوم، لی ی پرسیم: «وەزعی ولات چونە؟». وتم: «ئیستا ماندوم لەم هەورازەدا

ناتوانم زور قسه بکەم، بەلام هەر ئەوەندەت پێ ئەلێم، ئیمە: ئەوانەی دەرەوە، لە گەڵ ئەم برادەرانەی ئیرە، هەر ناوەکەمان یەکە، ئەگینا لە هەمو شتێک دا جیاوازین. وەزعی شورشەکە بە هوی هێرشی جەیش و تەسلیم بونەوەی زوری پێشمەرگە خراپە، ئەبی خەریکی هەلسانەوەی بین، بە جێ هێشتنیان لەم کاتەدا عەیبە ئەگینا هەر لیرەدا پێشنیارم بو ئەکردی بە کام ریگادا هاتوی بە هەمان ریگادا بگەرێینەوە بو دەرەوە».

مامجەلال قسەکانی پێ ناخوش بو، بە تایبەتی هەموی چەند سەعاتی بو گەیشت بوەوە کوردستان، چاوەروانی هەوالی خوشتری ئەکرد. بەلام زور زو تێگەیشت لەم قسانەدا من ناهەق نەبوم.

ئەندامانی سەرکردایەتی و، کادرەکان و، فەرماندەکانی پێشمەرگە بە دوای یەک دا ئەگەیشتنە برادوست، بە تایبەتی دوای ئەوەی زانییان مامجەلال گەیشتوتەوە کوردستان و، ناوچەکەش تا رادەیەکی زور لە چاو سەرانسەری کوردستان دا ئەمینتره و، دورترە لە هێرشەکانی جەیشەوە. کاک خالید و شیخ حسێن و من هەر لەوێ بوین. عەلی عەسکەری، تاهیری عەلی والی، سەعدی گچکە، سەید کاکە، سالار، عومەری حاجی عەبدوللا، ئازاد هەورامی گەیشتن. هەروەها کادر و فەرماندەی کەرتەکانی پێشمەرگەش ئەهاتن. حاجی شیخەی بنزیری، کویخاکانی مەنگور، ئەحمەدی ئەلی رەش، حاجی حاجی برایم و، زور کەسی تر هاتن.

*

گیروگرفتی سیاسی

پێکهێنانی یەکێتی لە شێوەی ئیمچە بەرەدا کە ریکخراوی جیاواز و بەرورای جیاوازی تی دا کو ببیتەوە، تەجروبەیەکی تازە بو لە کوردستان دا، ئەو بیروبوچونانەش کە بە ئاشکرا بلاوی ئەکردەوە ئەویش شتێکی تازە بو. ئەم ریکخراوە تازەیە گیروگرفتی سیاسی سەخت و دژواری هەبو:

- لە ئاستی کوردستان دا

یەکێتی لە ناوخوی دا بالەکانی ناتەبا بون و، لە هەندی بیروبوچونی بنەرەتی دا یەکیان نەئەگرتەوە: هەلویست لە چەند کومەلایەتییەکان، لە روخاندنی رژێمی عیراق، لە جوری کوکردنەوە و ریکخستنی پێشمەرگە... ناکوکی لە ناودا دروست ئەکردن.

یەکێتی چەندی هەولی دا لە گەڵ ق م تەبایی دروست بکا سەرکەوتو نەبو. دوژمنایەتی لە گەڵ ق م تا ئەهات قولتر ئەبو.

- لە ئاستی عیراق دا

حشع هاوبەشی حکومەت و وەزارەت و جەبهە بو لە گەڵ حیزبی بەعس. ئەگەرچی درا بە دوای ئاشبەتال حشع هەولی دا ئەو بوشاییە سیاسی و ریکخراوەییە پر بکاتەوە کە هەرەسی پارتی و شورشەکە دروستیان کرد بو، بەلام ئەک هەر هیچی پی ئەکرا بەلکو بەعسیشی وا لی کرد بیانخاتە ژیر گوشارەوە. حشع بو ئەوەی لە وەزارەت و جەبهەدا بمینیتەوە سەری بو گوشاری بەعسی دانەواند، لە بەیانیکی کومیتەی ناوەندی دا ئیشارەتی بو دەس پی کردنەوەی خەباتی سیاسی و چەکداری یەکیتی کرد بو بە وەی کە دیسان لە سەرەوی نیشتمانەکەیان دا پەنجەی ئیستیعمار کەوتوتەوە هاندانی گومانلیکراوەکان بو ئەوەی ئاژاوە و پشیوی دروست بکەن.

- لە ئاستی ناوچەیی دا

یەکیتی ئالاهەلگری پشتیوانی بو لە کوردایەتی لە سەرانسەری کوردستان دا.

ئیران بە گویرەی ریککەوتنی جەزائیر هاوکاری لە گەڵ عیراق ئەکرد. بە توندی دوژمنایەتی یەکیتی ئەکرد. دیموکرات حیزبیکی لاواز بو، سەرکردە و کادرەکانی لە دەرەوەی ئیران بون، تەجروبەیەکی تالیان لە گەڵ سەرکردایەتی بارزانی هەبو، لە گەڵ حکومەتی بەعس پەیوەندی دوستانەیان دامەزراند بو، لە بەر ئەوە هاوکاری یەکیتی یان نەئەکرد.

تورکیا لە سەرەتاوە دژی جولانەوەی نەتەوەیی کورد وستا بو. بە توندی دوژمنایەتی یەکیتی ئەکرد. لە ناو حیزب و ریکخراوەکانی کوردستانی تورکیادا تەنیا پ د ک ت هاوکاری یەکیتی ئەکرد. ئەویش تازە خوی ریک خست بووەوە، لە ناوچە سنورییەکان دا لاواز بو، سەرکردایەتییەکەیشی نەیان ئەویست بە هوی کوردستانی عیراقەوە توشی تەنگوکە بین.

- لە ئاستی جیهانیی دا

یەکیتی دوژمنایەتی خوی لە گەڵ ئیمپریالیزمی جیهانیی بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی نەئەشاردەوە. هیچ دوستیکیشی لە ناو ولاتانی بلوکی روژهەلات دا پەیدا نەکرد بو. یەکیتی لە دنیادا هیچ دەولەتیکی دوستی نەبو.

بەمجورە یەکیتی لە هەمو لایەکەوە بە دوژمن گەمارو درا بو. تەنیا هیزی کە ئەبو پشتی پی ببەستی، هیزی کومەلاتی خەلک بو، کە لە راستی دا هیزیکی گەورە و بەخشندە و لە بن نەهاتو بو.

*

گیروگرفتی لوجستیکی

ئەو چەند مانگەی لە دۆلی گوستە بووین لە کەناری ڕووبارەکەدا جێگامان لە بن دار و لە ناو کونەبەردا بۆ خۆمان چاک کرد بوو. وەکوو ئەڵێن: ئەرزمان ڕاێەخست و ئاسمانمان ئەدا بە خۆمان دا. حەسەن خۆشناو، د. خدر و، من پێکەوە دەلاقەیەکی ئاودرمان چاک کرد بوو لە نزیک مامجەلال لەوێ ئەنوستین. ئاگردانێکیشمان تێ دا دروست کرد بوو، جاروبار چامان لە سەر لێ ئەنا، یا پەتاتەمان لە ناو ژیلەمۆکەی دا ئەپێشان. کانیەکی سازگاری لە لاوە بوو. چەند سوورەچنارێکی پیر و گەورە، بەلام کلۆز سێبەرێکی خەستی کەریان لە سەر کرد بووین. لە سەرووی ئێمەشەوە سالار و عومەر و، هەندێکی تریش لە پێشمەرگەکان بە چوار دەوری سەرچاوەی کانیەکەدا جێگایان چاک کرد بوو. تا حاجی شێخەی بنزیری گەیشت ئێمە ئێشکمان لە مامجەلال ئەگرت.

لەو ماوەیەدا گیروگرفتی لوجستیکی گەورەمان هەبوو.

- هیچ خانوو و نوایەکمان نەبوو تێ یا بحەوێینەوە. چادرمان نەبوو. ژمارەیەکی زۆر کەم ڕایەخ و پێخەف مان هەبوو. من لە پێش دا لە سەر لم و دوایێتر لە سەر جلە نیسترێک ئەنوستم. هەر حەیوانێکمان سەربڕیایە پێستەکەیمان بۆ نوستن بە کار ئەهێنا.

- خواردنمان زۆر خراپ بوو. زۆری ژەمەکان نان و چا بوو. زۆر بە زەحمەت و زۆر بە گران ئازوقەمان پێ ئەگەیشت. ق م دیوی عێراقی لێ بەست بووین هەر ئازوقەیەک بۆ ئێمە بهاتایە دەستیان بە سەردا ئەگرت و، ئەوەی کەلوپەل و خواردنی بۆ ئێمە بکریایە ئەیانگرت و، سزای قورسیان ئەدا. چەند کەسێکیان لە ڕووبار هەلکێشا بوو لە سەر ئەوەی ئاردیان بۆ ئێمە کڕی بوو.

ئازوقەیان لە تورکیا بۆ ئەکڕین، گران ئەکەوت لە سەرمان.

- چەکمان کەم بوو. بەعس چەکی چنی بووەوە. بە دەگمەن چەک بە کڕین پەیدا ئەبوو. هێشتا نەگەیشتبووینە ئەو ڕادەیەی بە شەڕ بیگرین. ق م ڕێگەی سووریا - تورکیایان لێ گرت بووین.

چەکەکانمان سووک بوو، بە زۆری کلاشینکۆف و برنەو بوو، ژمارەیەکی کەم ئاربیجی و ڕشاشی سووک. چەکی قورس و ناوەنجی مان نەبوو. چەکی دژی ئاسمانیمان نەبوو. ١٠ دوشکامان هێنا بوە ناو تورکیا دوای لێدانی کاروانەکەی حەسەن خۆشناو دەس ق م کەوت. لە ناو ئەوانەش دا کە لە بنکەکانی برادۆست بوون پێشمەرگەی بێ چەکمان زۆر بوو. بە هیوای گەیشتنی چەک بوون.

- هیچ هۆیەکی پەیوەندی مان نەبوو. دەزگای بێتەلمان نەبوو. عومەر شێخموس چەند «ووکی توکی» یەکی بۆ نارد بووین لە بەر بێ کەلکی کەس بەکاری نەئەهێنا. تەنها

هوی پەیوەندیمان نامەنوسین بو.

- هیچ هویەکی راگەیاندنمان نەبو. چاپخانەمان نەبو روژنامە و بلاوکراوەی پی چاپ بکەین. تەنانەت تایپرایتەر و رونیومان نەبو. بلاوکراوەکانی دەرەوەش: «الشرارە» و «ریبازی نوی» بە ریکوپیکی نەدەگەیشتن. دوای گەرانەوەی مامجەلال لە دەرچون وەستان. ژمارە کونەکانیش بە زەحمەت ئەگەیشتن.

«دەزگایەکی رادیو» مان پی گەیشت بو. سەید مورسەل زور بە وریایی هینایەوە بو کوردستان. بەلام بە هوی نەبونی پیویستییەکانی نەمانئەتوانی بیخەینە کار.

- لە مانیش هەموی خراپتر پارەمان نەبو بو دابینکردنی موچە و ئازوقە و پیویستییەکانی پیشمەرگە، وەکو جلوبەرگ، پیلاو، خەرجیی گیرفان. زوری پیشمەرگەکان کەسوکاریان پارمەتییان ئەدان.

*

لە ئەفسانەی کونی کوردی دا ئەبیان گیرایەوە: قارەمانی سەرگوروشتە بو ئەوەی بە «مورادی دل» بگا ئەبو «حەوت کەو بېری و، حەوت جوت پیلاو بدری و، سەری حەوت دیو ببری». پیشمەرگایەتی لەم سەردەمەدا زەحمەتتر بو لە سەفەری ئەم کابرایە، سەرباری ئەوەش ئەمان کەسوکاریان ئەکەوتنە بەر دەستدرێژیی درندانەی داوودەزگاکانی بەعس. لە گەل هەمو ئەوانەش دا، بە دەگمەن هەبو، لەم ژیانە پەشیمانی و لە دوژمن ترس دەربېری. هەبونی «موتیڤ» یکی راستەقینە و رەوا مروڤی ئاسایی ئەکا بە مروڤیکی نائاسایی خاوەن باوەریکی پتەو و، وورەیەکی بەرز و، ئازایەتیەکی شیتانەی وەها، کە دەس لە هەمو خوشییەکی ژیان هەلبگری و، بەرگەی هەمو ناخوشییەک بگری. هەر ئەم «موتیڤ» ە پیروزە بو: «باوەر بە رەوایی مەسەلەی کورد»، وای لە پیشمەرگەکانی شاخ و، تیکوشەرانی شار و، گیراوەکانی زیندان ئەکرد لە مردن نەترسن و گوی نەدەنە ژیان، وەکو جەواهیری وتویەتی: «یهب الحیاة کأنه لایفهم».

*

یەکەمین کوبونەوەی

کومیتەی سەرکردایەتی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان

بە گەیشتنی مامجەلال ریوشوینی یەکەمین کوبونەوەی سەرکردایەتی یەنک لە سەر ئەرزی کوردستانی عیراق دانرا. ئەم کوبونەوەیە گرنگییەکی تایبەتی هەبو. چونکە تا ئەو کاتە یەنک سەروک یا سکرتیر و مەکتەبی سیاسی و کومیتەیەکی سەرکردایەتی دیاری کراوی نەبو.

«دەستەی دامەزرێنەر» لە دەرەوەی وڵات بو، سەرانی کومەڵە و بزوتنەوە نەیان توانی بو لە سەر دیاریکردنی ئەندامەکانی «سەرکردایەتی وڵات» و ژمارە و دابەشکردنی ئەرک و فەرمانەکانیان ریک بکەون. بو ئەوەی ناکوکییەکە زل نەبی، وەکو چارەسەریکی کاتیی و مامناوەنجی تا گەرانەوەی مامجەلال، لە سەر ئەوە پیک هات بون: «سەرکردایەتی دوانە» بو ناوچەکان دروست بکەن. لە هەر ناوچەیەک دا دو کەس: یەکیک لە کومەلە و یەکیک لە بزوتنەوە دابنرین، دەسەلاتی هەردوکیان وەکو یەک بی و، پیکەوە کاروباری پیشمەرگەیی و سیاسی و ریکخراوەیی ناوچەکە سەرکردایەتی بکەن. بەم پی یە: ئارام - رەسول مامەند بو کاروباری سیاسی، سالار - عەلی عەسکەری، تالیب روستەم - خالید سەعید، عومەر عەبدوللا - تایەر عەلی والی بو کاروباری پیشمەرگایەتی ناوچەکان دانرا بون. «سەرکردایەتی دوانە» لە کاری سیاسی و پیشمەرگەیی دا، پیچەوانەی «یەکیتی ریست و بریاردان» و «یەکیتی کار و جیبەجی کردن» بو، ناکوکی و رقەبەری دروست ئەکرد و، کارەکانی دوا ئەخست و، لە گەل بەریوەبردنی باشی کاروباری شورش دا نەئەگونجا .

هەر ٣ ریکخستن وا ریک کەوتن مامجەلال براگەورەی هەموان و، سکرتیری گشتی یەنک بی و، هەر ٣ لا بە قەدەر یەک نوینەریان لە سەرکردایەتی یەنک دا هەبی.

ناکوکی قول و زور لە نیوان سەرانی کومەلە و بزوتنەوەدا هەبو.

سەرانی کومەلە گەنجی خوینگەرم و توندرەو بون، خویان بە نوینەری بیری پرولیتاریا و بزوتنەوەیان بە نوینەری بیری بورجوازی ئەزانی. لە کتیبە مارکسیەکان دا خویند بویانەوە، کە شورش بە سەرکردایەتی بورجوازی سەر ناکەوی لە بەر ئەوە ئەبی پرولیتاریا سەرکردایەتی بکا. نەیان ئەشاردەوە کە ئەبی سەرکردایەتی شورشەکە بە دەس ئەوانەوە بی.

کومەلە، وەکو ریکخراویکی سیاسی هیشتا لە ناو خەلک دا خوی ئاشکرا نەکرد بو. بەشیکی سەرکردەکانی لە زیندان دا بون. ئەوانەش کە کومیتەی هەریمەکانیان دروست کرد بو لە ژیانی سیاسی دا کەم تەجروبە و لە ژیانی پیشمەرگایەتی دا بی تەجروبە بون. گەنجی نەناسراو بون و هەمویان ناوی خوزانیان گوری بو. هەر یەکەیان مفرەزەیەکی کەمی لە گەل بو زوریان بی چەک بون.

بزوتنەوە، تازە دامەزرا بو، بەلام سەرکردەکانی هەمو کەسایەتی ناسراو بون. هەر یەکەیان رابردویەکی دریژی لە کاری سیاسی و لە ژیانی پیشمەرگایەتی دا هەبو. خەلکی زوریان لە شار و لادی ئەناسی. سەرانی ئیلەکان و کویخای گوندەکان ریزیان لی ئەگرتن و

به قسەیان ئەکردن.

پیش ئەوەی نوینەرەکانی کومەلە لە سەرکردایەتی یەکیتی دا دیاری بکرین. سەرانی کومەلە، ئەوانەی لە براەدوست بون: سالار، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، عومەری حاجی عەبدوللا کوبونەوەیەکیان کرد. ئارام نەهات بو کوبونەوەکان. منیشیان بانگ کرد بو کوبونەوەکە. هەمویان داوایان لی کردم منیش یەکی بم لە نوینەرەکانی کومەلە. من خوم پیم خوش نەبو. زوریش بەهانەم هینایەوە بو ئەوەی واز لە من بهینن و، بە راشکاوی وتم:

«ئەو چەند سالە من دور بوم لە کاری کومەلە. ئیوە ماندو بون و فیداکاریتان کردوە. نامەوی من بیمە سەر حازری. چی بە من بکری بو پشتیوانیتان دریغی ناکەم، بەلام ئەمەوی لە دەرەوەی کومەلە بم. من ئەندامی «دەستەی دامەزرینەر» م، خوم بە روتینی ئەندامی سەرکردایەتی یەکیتیم وەکو هەڤالەکانی تر. چاکتر وایە ئەو جیگایەی بو منی تەرخان ئەکەن بیدەن بە برادەریکی تر. سەرباری ئەمانەش لیتان ناشارمەوە: من باوەرم بە کومونیزم نیە».

راستییەکەشی ئەوە بو: توشی «خیبە امل» بو بوم لی یان. ئەمویست بی ئەوەی دلیان بشکینم، تیکەلاوی کاری ناو کومەلە نەبم، جگە لەوەش کەسانی وەکو کاک خالید و عەلی عەسکەری رشیان وابو بە هەمومان ریکخستنیکی تازە بە گویرەی پیویستییەکانی شورشەکە دابمەزرینین. جیگەی بزوتنەوە و کومەلە و خەتی گشتی بگریتەوە.

قسەکانی من هیچ سودیکی نەبو. سور بون لە سەر ئەوەی بو راستکردنەوەی نابەرامبەری لە گەل بزوتنەوە من یەکی بم لە نوینەرەکانی کومەلە لە سەرکردایەتی یەکیتی دا. مامجەلالیش هەمان رشی هەبو. لای وابو کە پیویستە من لە ناو کومەلەدا بمینمەوە، بو ئەوەی بە باری باشەدا کاریان تی بکەم. زور بە نابەدلی وتم: باشە.

نوینەرەکانی کومەلە بەمجورە دانران: شاسوار جەلال «ئارام»، نەجمەدین عەزیز «سالار»، حیکمەت محەممەد کەریم «مەلا بەختیار»، ئازاد هەورامی «عادل»، عومەری حاجی عەبدوللا «رەنجدەر» و، من.

نوینەرەکانی بزوتنەوە: عەلی عەسکەری، رەسول مامەند، خالید سەعید، تاهیری عەلی والی، سەعدی عەزیز. کاک عومەر مستەفا لە دەرەوەی کوردستان بو، بەلام ئەویش لە ریزی نوینەرەکانی بزوتنەوەدا دانرا.

نوینەرەکانی خەتی گشتی: شیخ حسین یەزیدی و، هەمو ئەندامانی «دەستەی دامەزرینەر» کە لە دەرەوە بون.

کاک ئارام نەهات بو برادوست و بەشداری کوبونەوەکانیش نەبو. چەند کەسی،

یەکێ لەوانە کادرێکی کۆمەڵە دوایی دەرکەوت سەر بە ڕژێم بو، بە نامە و بە قسە لە کاک ئارامیان گەیاند بو؛ گەوا مامجەلال ڕێزی ئەندامەکانی کۆمەڵە ناگری و، ئەگەر ئەویش بچی ڕێزی ئەویش ناگری.

مەکتەبی سیاسی پێک هێنرا لە سکرتێری گشتی و ٤ ئەندام. دوان لە ئەندامەکانی: عەلی عەسکەری و ڕەسول مامەند نوێنەری بزوتنەوە بون و، دوانەکەی تریش: ئارام و سالار نوێنەری کۆمەڵە بون. نوێنەری خەتی گشتی یا دەستەی دامەزرێنەری تێ دا نەبو چونکە، جگە لە شێخ حسێن و من، کەسیان هێشتا نەگەڕابونەوە بو وڵات.

لەم کوبونەوەیەدا بە وردی هەلومەرجی کوردستان و عێراق و، ڕێوشوێنەکانی پەرەپێدانی خەباتی سیاسی، چەکدار، ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن، باس کرا.

*

ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە

کوردستان دابەش کرا بە ٨ هەرێمی پێشمەرگایەتی و فەرماندەی هەرێمەکان و جێگرەکانیان دیاری کران بەمجورە:

حسێن بابەشێخ، فەرماندەی هەرێمی بادینان

تایەری عەلی والی (ب)، فەرماندەی هەرێمی پێنجوێن و هەورامان

سەید کاکە (ب)، فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر

سەعدی عەزیز (ب)، فەرماندەی هەرێمی خوشناوەتی

ئەنوەری مەجید سولتان (ک)، فەرماندەی هەرێمی دەشتی کەرکوک

عومەری حاجی عەبدوللا (ک)، فەرماندەی هەرێمی قەرەداخ

تالیب ڕوستەم (ک)، فەرماندەی هەرێمی پشدەر

من (ک)، فەرماندەی هەرێمی شارباژێر.

کاک تایەر لە کوبونەوەکەدا وتی: «هیچ کارێکتان بو کاک خالید دیاری نەکرد».
کاک خالید خوی هەلی دایە وتی: «ئێوە لە ناو خوتان دا شەر مەکەن من هیچ مەسئولیەتیکم ناوێ. گەروک ئەبم». لەمەش مەبەستی سەعدی گچکە و سەیدکاکە بو لە سەر هەولێر ناکوک بون.

تەجروبەی یەک سالی ڕابردوی نابەرامبەری هێزەکانی هەردولا و شەر و پێکدادانەکانی سەرانسەری کوردستان هەندێ دەرس و پەندی دابو بە پێشمەرگە. لە هەندێ ناوچە پێشمەرگە بارەگای گەورە و ئاشکرایان دانا بو. لە بەرامبەر هێرشەکانی جەیش دا نەیان توانی بو بیپارێزن. شەڕی ڕوبەڕو توشی زیانی ئەکردن. ئەبو نەهێلن دوژمن زەمان

و زەمینی تێکهەڵچونەکانیان بە سەرا بسەپێنی، چونکە لە هەر جێیەکا دوژمن کات و شوێنی شەری بە سەر پێشمەرگەدا ئەسەپان، هەمیشە ئەوان سەرئەکەوتن و، ئەمان توشی کشانەوە یا شکان ئەبون.

پچوکترین یەکەی ڕێکخراوی پێشمەرگە مەفرەزە بو. مەفرەزە ئەبو پێک بێ لە ٥ تا ١٠ پێشمەرگە. هەر ٣ تا ٥ مەفرەزە ئەبو یەک کەرت پێک بهێنن و، هەر چەند کەرتێکیش هەرێمیان پێک ئەهێنا. لە هەرجێیەک فەرماندەی هەرێم ئەندامی بزوتنەوە بوایە ئەبو یاریدەدەرەکەی ئەندامی کومەڵە بێ، هەروەها بە پێچەوانەوە.

مەفرەزە ئەبو فەرمان لە کەرت و کەرت لە هەرێم و هەرێم لە مع و فەرماندەی گشتییەوە وەربگرێ. بە هوی نەبونی دەزگای بێتەڵ و دژواریی هاتوچوی تەتەرەوە، هەرێمەکان، بگرە مەفرەزەکانیش جورێ لە سەربەخویی پێشمەرگەیی و سیاسی و ڕێکخراوەیی و دارایی و ئازادی تەواوی کار کردنیان هەبو.

ئەبو پێشمەرگە گەروک بێ. بە ڕوژ خوی دەرنەخات و لە شاخ خوی حەشار بدات، بە شەو بچێتە ناو ئاوایی و پێویستییەکانی ڕوژی دابین بکات و، لە پێش ڕوناک بونەوەی دنیادا ئاوایی بە جێ بهێڵی و ڕو لە شوێنێکی نهێنی بکات. ئەبو لە هیچ جێگایەک بو ماوەی درێژ نەمێنێتەوە. ئەبو پێشمەرگە لەو گەنجانەی تەندروست و ناسراو و بە وره بون هەڵ بژێردرێن. باشتر وابو سەڵت بن. لە بەر ئەوەی بنکەیان نەبو بوی بچن، ئەبو پێویستییەکانیان بە کولی خویانەوە بێ. جگە لە تفەنگەکەی، ئەبو چەندی بتوانی مەخزەن و فیشەک و نارنجوک و، هەندێ جار دوربین و نیزە و دەمانچە و کتێبیشی هەڵ ئەگرت. سەرەرای ئەمانە بە زوری کولە پشت و کوپ و کەوچک و مەتارە و تاقمی تەراشی خویان پێ بو. خواردنەوەی مەشروبات بە توندی قەدەغە بو. ئەبو خاوەنی خوڕەوشتی بەرز و لە گەڵ خەڵک ڕوخوش و زمان شیرین بێ.

*

ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێکخراوەیی

بنک ڕێکخستنێکی فراوان و یەکگرتوی نەبو. پێک هات بو لە چەند ڕێکخستن و خەتی جیاواز. هەم بزوتنەوە و هەم کومەڵە ئایدیولوجی تایبەتی، سەرکردایەتی جیاواز و ڕێکخستنی سەربەخوی خویان هەبو.

کومەڵە لە ساڵی ١٩٧٠ەوە دامەزرا بو بە نهێنی ڕێکخستنی دروست کرد بو. بەڵام گیرانی شەهاب و هاوڕێکانی و چەندین کەس لە ئەندامەکانی کومەڵە و خوشاردنەوەی بەشێکی تریان تەگەرەی لە پەرسەندنی دا بو. کومیتەی هەرێمەکان کە دوای ڕێکخستنی

کومەڵە لە شەهید ئارام، سالار، مەلا بەختیار و، شەهید ئازاد پێک هات بو، جگە لەوەی هەمویان لە داوودەزگا ئەمنیەکانی ڕژێم ڕاکردو بون، هەموشیان گەنجی کەم تەجروبە و نەناسراو بون. کە خەباتی چەکداریش دەستی پێ کرد بوە وە هەمویان بە دوی یەکتری دا هات بونە ریزی پێشمەرگایەتیەوە. لە ناو شارەکان دا ژمارەیەکی کەم کەسانی شارەزای وەکو جەمال طاهیر، ئازاد صائیب، حەمە چاوشین مابون بو کاری ژێرزەمینی.

بزوتنەوە ڕیکخراویکی تازە دامەزراو بو لەو کادرانەی پ د ک کە لە ئێرانەوە گەڕا بونەوە. لە بەر ئەوەی زوریان دور خرا بونەوە بو خواروی عیراق و، لە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنیەکان دا بون، نەیان توانی بو ڕیکخستنی فراوان دروست بکەن. عەلی عەسکەری و، عومەر مستەفا، ڕەسول مامەند، طاهیر عەلی والی هات بونە ریزی پێشمەرگایەتیەوە و، چەند کەسیکی وەکو صالح یوسفی، عەلی هەژار، کاردو گەلالی لە ناو شارەکان دا بو خەباتی ژێرزەمینی لە بەغدا بون.

خەتی گشتی لە ناو ولات دا هێشتا ڕیکخستنی نەبو. بزوتنەوە و کومەڵە هەریەکەیان بو خوی خەلکی ڕیکخست بو. د. خالیدیش کە سەرەتا سەر بە هیچ لایەکیان نەبو، سەرکردەکانی بزوتنەوە وەکو مەرجی پێشەکی داوایان لی کرد بو کە ئەویش ببیتە ئەندامی سەرکردایەتی ئەوان، بو ئەوەی لە گەلی بچنە شاخ و بەشداری بکەن لە هەلگیرساندنەوەی شورش دا.

دەستەی دامەزرینەر پەیرەویکی ناوخوی بو یەنک نوسی بو. هەمان پەیرەو کرایە پەیرەوی کارکردنی ڕیکخراوەیی هەمو یەنک. لیژنەی لقەکان و ناوچەکان ئەبو لە ٣ ئەندام پیک بی: ١ ئەندامی کومەڵە، ١ ئەندامی بزوتنەوە و ، ١ ئەندامی خەتی گشتی. ئەمانە خەلکیان لە پیش دا بو یەنک ڕاکیشا و پاش ئاشنایەتی ئینجا بو یەکی لەو ٣ ڕیکخراوە. سەرکردایەتی بزوتنەوە سور بو لە سەر ئەوەی کە ڕیکخستنی شارەکانیش تیکەلاو بکرین و، کومیتەی هاوبەشیان لی پیک بهینری. کومەڵە بەمە ڕازی نەبو.

ناوی بەرپرسی لقەکانی سلیمانی، هەلیر، کەرکوک، بادینان و ئەندامەکانی دیاری کران. بو پرکردنەوەی شوینە بوشەکان زور جار خەلکی وا ئەهینرانە پیشەوە شایستەی ئەو شوینە نەبون. ڕەخنە و گازاندەی لە ناو ئەندامەکانی یەنک دا ئەخولقاند.

کوبونەوەکان کە لە ٨/٣١ دا دەستی پی کرد بو لە ١٩٧٧/٩/١٢ دا کوتایی هات.

مامجەلال «بلاغی ختامی» کوبونەکانی بە عەرەبی نوسی. لە برادوست هیچ هویەکی چاپکردنمان لە لا نەبو، لە بەر ئەوە ناردمان بو سوریا. لەوی چاپیان کرد و لە

«الشراره» ش دا بلاویان کردەوە. بەلام ئەندامەکانی دەستەی دامەزرینەر کە لە سوریا بون، هەندی لەناوەکانی کە لە مسوودەی بەلاغەکەدا نوسرا بو، لەوانە ناوی ئەندامی مەکتەبی سیاسییان، کوژاند بوەوە.

*

ئەوانەی لە نزیک مامجەلال بوین بە تایبەتی ئەوانەی لە سوریاوە هات بوینەوە لە گەل بەرپرس و پیشمەرگەکانی کومەلە ئاسایشی مامجەلال و بارەگەکەمان گرت بوە ئەستو. لە سەر پیشنیاری من، کوریکمان کرد بە لیپرسراوی بارەگەکەمان، بو دابەشکردنی ئەرکەکانی روژ و شەوی خەفارەت و حەراسەت و هەندی جار کەمین، ناوی عەبدوللا بو.

عەبدوللا ئەبوت من مولازمی قوات خاصەم و هاوریکانی ئینکاریان ئەکرد کە ئەسلەن مولازم بو بی. تورە و کەم چیکەلانە بو. لە یەک سەعات دا چەند جاری تورە ئەبو خاو ئەبوەوە پی ئەکەنی لە پر ناوچەوانی ئەدا بە یەکاو تورە ئەبوەوە. روژیکیان لە ناو خومان دا وتمان: بو حالەتی نەفسی روژانەی عەبدوللا نەخەینە بەر لیکولینەوەی زانستی؟ لە سەر کاغەزیک جەدولی خەتی بەیانی مان دروست کرد.

- لایەکیان ٢٤ سەعاتەکەی روژمان سەعات بە سەعات نوسی بو،

- لاکەی تری حالەتی نەفسی عەبدوللامان تی دا رون کرد بوەوە. لە ناوەراستی خەتەکەدا ئاسایی و، بەرەوژوری زور خوشحال، خوشحال، کەم خوشحال و، بەرەو خواری زور تورە و، تورە، کەم تورە... لە ناو هەمو ئەو خانانەدا وردە حالەتی وەکو: پیکەنین، زەردەخەنە... مان دیاری کرد بو. چەند روژی د. خدر، حەسەن خوشناو، سەید کەریم و، من دەقیقە بە دەقیقە چاودیریمان ئەکرد و، لە سەر جەدوەلەکە تومارمان ئەکرد. کیرفەکان بەرزبونەوە و دابەزینیکی سەیریان تی دا بو. بە گویرەی خواروخیچی کیرفەکان ناچار ئەبوین روژانە بە جوری دابەشکردنی موفرەداتی جەدوەلەکەدا بچینەوە.

ئەو چەند روژەی ئەم لیکولینەوەیەمان ئەکرد لای کەس باسمان نەئەکرد لە بەر ئەوە بە سەلامەتی تەواو ئەبو. حەسەن خوشناو قسەی لە لا رانەئەوەستا. روژیکیان کاک عەلی بە میوانیمان هات بو. حەسەن سەرگوروشتەکەی بو گیرابوەوە. کاک عەلیش حەزی بە سوعبەت و گالتەو قەشقیات ئەکرد. عەبدوللای بانگ کرد و، پی ی وت: «ئەوانەی کومەلە پیت رائەبوێرن و بو گالتە تویان کردوە بە لیپرسراوی خویان». عەبدوللا جنیویکی سەرەوانە هەمو ئەوانەی پی ی رائەبوێرن و کەوتە «تحدی» کەس ناتوانی بەو رابوێری. کاک عەلی جەدولەکانی پیشان دا. عەبدوللا لە پیستی خوی دەرچو. هەرچی بە دەمی دا هات وتی. ئیمە وەکو ریک کەوت بوین لە ناو خومان دا کەسمان گویمان نەدایە قسەکانی

و تووره نەبوین. لە گوێی پێ نەدانەکەی ئیمە زیاتر تووره بو. کاک عەلی ئەمەی بۆ خۆشکردنی بەزمەکە کرد بەڵام بە پێچەوانە شکایەوە، عەبدوللا وازی هێنا و، ئیمەش کارەکەمان لێ تێکچو. پاش چەند حەفتەیەک عەبدوللا بە یەکجاری بێزار بو لە پێشمەرگایەتی. گەڕایەوە سوریا و لە وێوە چو بۆ ئەوروپا.

*

قم لە ناو تورکیا لە چەندین شوێن پەنکەی دانا بو. چەکدارەکانی بە درێژایی ناوچەکانی سنور هاتوچویان ئەکرد. ئیلە کوردەکان، بە تایبەتی زوری هوزەکانی ئیلی گەورەی ئەرتوشی و، گوێی هاوکاریپان ئەکردن. پ د ک (تورکیە کوردستان دیموقرات پارتیسی) کە نیمچە نهێنی بو وە لە ناو پیاوە دەسڕوێشتوەکانی کوردستانی تورکیادا نفوزی هەبو زور بە توندی دوژمنایەتی پنک ی ئەکرد. بە تورکی لە سەریان ئەنوسی و بلاویان ئەکردەوە. لە نوسینەکانیان دا بە پنک یان ئەگوت: «چاشی ٧٦». لە هەمان کات دا حیزبێکی سیاسی ئاشکرای ماوی کە روژنامەی «تایدنلک»ی دەر ئەکرد دوستەکانی پنک و، شێوەی هاتوچو و، رێگەکانی لە روژنامەکەی دا ئاشکرا ئەکرد. هەواڵەکانی بە ناراستەوخو ئەگەیاندەوە دەزگا جاسوسیەکانی تورکیا بە بیانوی ئەوەی پنک «ئاژانی سوڤیتە».

چەکدارەکانی قم لە ناو گوندەکانی تورکیا و لە پادینان لە هەرجێیەک سوسەی دوستێکی پنکیان بکردایە ئازاریان ئەدا و زەرەریان لێ ئەدا بو ئەوەی لە پنک ی دور بخەنەوە. گەمارۆی پنکەکانی پنکی دا بو. نەی ئەهێشت خەلکی ناوچەکە هاتوچویان بکەن. هەرکەسی کڕین و فروشتنی لە گەڵ بکردنایە، بە تایبەتی ئەگەر ئارد و ئازوقەی بو بکڕینایە، جگە لەوەی کەلوپەلەکانیان لێ ئەسەند سزاو ئازاری خویشیان ئەدا و، چەند جار ئەوانەیان لە ئاو هەڵ کیشا.

کادر و پێشمەرگەکانیان لە هەمو جێ لە ناو گوندەکانی عیراق و تورکیا دژی پنک و مامجەلال ئەدوان و، ئاوانی ناراست و قسەی نارەوایان بە پاڵ ئەدان. لە دەرەوەش لە سوریا و، ئەوروپاو، ئەمریکا دریغییان نەئەکرد.

دوژمنایەتی قم لە گەڵ پنک گەیشتە رادەیەک، لە هەر جێیەک بیان توانیایە بوسەیان بو دائەنان، چەکیان ئەکردن و، ئەیان گرتن و سوکایەتیان پێ ئەکردن. سەرەنجام گەیشتە ئەوەی سەرلەنوی دەستیان خستەوە خوێنی پێشمەرگەکانی پنک.

لە چەند شوێنێکی تر کە چاری هێزەکانی یەکیتیان پێ نەئەکرا دەستیان لە گەڵ هێزەکانی جەیش تێکەڵاو ئەکرد و بە هاوکاری ئەوان دەستیان لە پێشمەرگەکانی پنک

ئەوشاند.

*

داهێنانی نەریتی جاش - پێشمەرگە

لە چەند جێگا بەرپرسەکانی ق م خۆیان تەسلیمی حکومەت ئەکردەوە و، مەفرەزەی تایبەتییان دروست ئەکرد بۆ راوی پێشمەرگەکانی یەکێتی.

تەحسین شاوەیس، قادر فەروج... بە فیل محەمەد غەفور ئاغجەلەرییان، بە ناوی هاوکارییەوە، بانگ کرد بۆ لای خۆیان، بۆ ئەوەی پێکەوە کاری هاوبەش بکەن. حەمە غەفور فەرماندەی دەستە چەکدارەکانی کەرکوک بو. شەوی ۹۷۷/۷/۲۳ هەمو پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی یەکێتی یان لە گوندی «کانی بی» کوشت و، رۆژی دوایی هالیکوپتەریان بۆ هات، بۆ گوێزانەوەی خۆیان و لاشەی کوژراوەکان. لە گەڵ حەمە غەفور ئەم پێشمەرگانە کوژران: ئەنوەر کەریم، ئەحمەد محەمەد، عەبدوللا توفیق، حەمید عەزیز، رەمەضان سەعید، رەضا عومەر.

هەر لەو دەوروبەرەدا خلەی رەشە بەحری، صابیری ئەحەی مینە رەندان، حەمەخانی حاجی دارا، مەفرەزەی جاشیان دروست کرد بۆ شەڕی پێشمەرگەی یەکێتی.

ئەم نەریتە دزێوە: «نەریتی جاش - پێشمەرگە»، واتە لە پێشمەرگایەتییەوە ببن بە جاشی حکومەتی عێراق و، بە ئاشکرا شەڕی پێشمەرگەی یەکێتی و، بە نهێنی کار بۆ پارتی بکەن، کە ق م دای هێنا زۆر لە بەها پیرۆزەکانی کوردایەتی و شۆڕشگێڕیتی و پێشمەرگایەتی هەڵتەکاند.

*

کوشتنی حەسەن خۆشناو

دوای ئەمە ق م کەوتە هەوڵێکی زۆر بۆ هاندانی کوردەکانی تورکیا بە تایبەتی ئەو ناوچانەی ڕێگای کاروانی یەکێتی پێ دا ئەڕۆیشت، بۆ گرتنی ڕێگاکە. بە دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان وت بۆ تفەنگەکانیان و شتەکانیان بۆ خۆتان و سەریان بۆ ئێمە.

حەسەن خۆشناو جارێکی تر چو بۆ هەمان شوێن بۆ گوێزانەوەی وەجبەیەکی تر. بە سەرکەوتویی گەڕایەوە.

. ۱ دوشکاو وەجبەیەکی تر کلاشینکوف و داوودەرمانیان لە هەمان بەردەرش دانا بو. چەند کەسێکیش لە سوریاوە گەیشت بون بەین بێن بە پێشمەرگە لەوانە چەند کوردێکی سوریاشیان تێ دا بو. ئەمجارەش حەسەنیان راسپارد بچێ بیهێنێ. مەفرەزەیەکی تێکەڵاویشیان بۆ دروستکرد لە پێشمەرگەی هەرێمە جیاوازەکان. ئەمجارەیان ق م بە

هاوکاری دانیشتوانی ناوچەی راشیدان، بە تایبەتی خەلکی گوندی باویان، لە بەیانی ۱۳/ ۱۰/ ۹۷۷ دا بوسەیەکی گەورەیان بو دانان.

حسەن و ئەم پیشمەرگانەی لە گەلی بون کوژران: باهیر ئەحمەد (مهرەدی)، کەمال محەمەد حسین (ماوەت)، نەجات نورەدین (کەرکوک)، عەلی کویخا هومەر (پاوزی)، خدر ئەحمەد (قەلادزی)، عەبدولمەلیک بەرزنجی «سەرهەنگ» (توزخورماتو)، لە کوردەکانی سوریاش عەزیز چەرکەس و خالید و حسەین. چەند پیشمەرگەیەکیش بریندار بون. ئەوانی تریان هەمو گرت و بە دیلی برد بویانن بو گوندی شەتونسی تورکی لە سەر سنوری عیراق. کاروانەکەیان روت کردەوە. برینداەکانیان ئیزن دابو بو ئەوەی چاوی یەکیتی پی بترسینن. ئەمە جەزرەبەیەکی کاریگەر بو لە یەکیتی یان دا. سەرلەنوی ئاگری شەری ناوخوی هەلگیرسانەوە.

حسەن خەلکی گوندی زیارەتی خوشناوەتی بو. ئەفسەری یەک ئەستیرە بو لە جەیشی عیراق دا. لە ریزی شورشی ئەیلول دا، لە هیزی کاوە، فەرماندەی بەتالیون بو. کوریکی قسەخوش، نوکتەباز، ئازا، سادە و راستگو بو. من بە کوشتنی حسەن زور نارەحەت بوم. لە هەمویان زیاتر هاوری ی من بو. ماوەیەکی دریژ حسەن و سەید کەریم و من لە شام پیکەوە لە فلاتیک دا بوین. برایەتیمان زور بە هیز بوبو. حسەن بو من پشتیوانیکی جیگەی باوەر بو.

دوبارە بونەوەی ئەم رووداوە خویناویانە، دوای روداوی کوشتنی ئیبراهیم عەزو و مەفرەزەکانی بادینان و چاوپوشینی یەکیتی لە خوینی ئەوانە و، دوای ئیمزا کردنی ریکەوتنی «هاوکاری مەیدانی» شام، کاریکی زور خراپی کردە سەر وورەی پیشمەرگەکانی پنک و، سەر دەرونی بەرپرسەکانی. قم بریاری دا بو پنک ئەهیلی بو ئەو مەبەستەش پەنای ئەبردە بەر هەمو ریگایەکی ناجوامیرانە. پنک کە بروای بە فرە - پارتی و ململانیی ئایدیولوجی و سیاسی هەبو، ئەیویست ئەزمونیکی تازەی ژیانی دیموکراتی و بوژاندنەوەی پارتایەتی داهینی، لە بەردەمی تاقی کردنەوەیەکی دژواردا بو. مەیدان چول بکا بو قم و ئاشبەتالی لی بکا، یان راپەرستی و بەرپەرچی قم بداتەوە؟ ئەم مەسەلەیە ئەوەندە کوبونەوەی لە سەر کراو، بریاری تی دا دراو و هەلوەشینرایەوە، ئەو دولەی لی ی بوین ناوی گوستە بو، لە ئەنجامی ئەو هەمو کوبونەوە بی ئەنجامەدا ناوی «دولە گوستە» یان کرد بە «دولە فشە».

پنک لە لایەکەوە قورسایی روبەرو بونەوەی گوشاری جوربەجوری بەعسی لە سەر بو لە لایەکی ترەوە قورسایی دوژمنایەتی قم.

هەوڵەکانی یەنک بۆ پێکهوەژیان بە ئاشتی لە گەڵ قم سەری نەگرت. یەنک بڕیاری دەسکردنەوە و تەمی کردنی قم ی دا. قم لە سنووری تورکیا تەمی نەئەکران. لەوێ قولاییەکی ستراتیجییان هەبو. ئیلە کوردەکانی ئەوێ پشتیوانیی و، کاربەدەستانی تورک چاوپۆشییان لێ ئەکردن. بەلام لە مەڵبەندی سوران لاواز بون ئەکرا لەوێ سزا بدرێن.

ڕەسول مامەند بۆ گەشتی سیاسی چو بۆ سوریا و هەندی لە وڵاتانی ئەوروپا. د. خالیدیش چو بۆ سەردانی خیزانەکەی لە شام. چەندین پێشمەرگەی بریندارێش بۆ چارسەر چون بۆ سوریا. ئەمانە هەموی بە ناو تورکیادا ئەرۆیشتن.

*

گفتوگۆ لە گەڵ بەعس

هەر لەم ماوەیەدا عیراق بە هۆی شێخ محەممەدی لۆلانەوە وەلامی بۆ سەرکردایەتی یەنک نارد بۆ گفتوگۆ. سەرکردایەتی بزوتنەوە هەر لە سەرەتاوە کە هات بونە شاخ، بە هیوا بون ئەوە بیبیتە گوشاری بۆ سەر بەعس و ناچار بی بۆ گفتوگۆ و ڕیک کەوتن. ئەمەیان لە بەیانیکی درێژا بە عەرەبیی لە لوبنان و دەرەوەی وڵات ڕاگەیاند بو. بەرپرسەکانی تری بزوتنەوە لە کۆبونەوەکانی ک س ـ یەنک دا بیروبۆچونی خۆیان دەربارەی گفتوگۆ لە گەڵ سەرکردایەتی عیراقی نەئەشاردەوە. ڕاستیەکەی سەرکردایەتی یەکیتی پش نەی ئەتوانی بە ئاسانی داوایەکی عیراقی بۆ دەسپیکردنی گفتوگۆ بۆ چارسەرکردنی بە ئاشتی کیروگرفتی کورد لە عیراق دا ڕەت بکاتەوە. ڕەتکردنەوەی باسیکی لەو بابەتە بیانوی ئەدا بە کەسانیکی تر، سەرکردایەتی یەنک تاوانبار بکەن بەوەی کە شەر بۆ سوریا ئەکەن نەک بۆ کورد، ئەگینا ئەگەر عیراق ئامادە بی بە ئاشتی بیتە پیشەوە ئەبی سەرکردایەتی یەنک بۆچی ڕەتی بکاتەوە؟

سەرکردایەتی عیراقی لە کاغەزیکی سپی بی سەرناو و بی ئیمزا بە مەرەکەبیکی سەوز بە خەتی صدام حسین ئەم چەند نوقطەیەی نارد بو:

وان الخط العام الذی تتبعه الثورة فی معالجة المسألة الکردیة وبناء مؤسسات الحکم الذاتی خط صحیح ولا تراجع عنه، والثوره متوجه بشکل مهذی وجدی فی تطویر مؤسسات الحکم الذاتی وممارساتها. ومن الامور الطبیعیه ان ترافق الاعمال الکبیره والمعقده کالحکم الذاتی ومعالجه القضیه الکردیه بعض الاخطاء، غیر ان القسم الاکبر من هذه الاخطاء سببه ... ومنها انتم.

نعلن استعدادنا للعفو عنکم و عن من هم بمعیتکم و تاریخ التعامل یوکد التزامنا بوعدنا و ابتعادنا عن اسالیب الغدر

ان الاطلاع على وجهه نظركم فى المسائل السياسيه ودرجه تفاعلنا معها ترتبط بتغيير موقفكم وموقعكم المضاد من السلطه

ان الفرص المتاحه لكم فى المساهمه فى البناء والتفاعل مع الثوره وموقفنا نحن من التفاعل لا يمكن تصورها الا عندما تكونوا مواطنين صالحين تعبرون وتثبتون بجديه عن رغبتكم فى العمل من اجل البناء المشترك بناء العراق الواحد الاشتراكى القوى

ان ماضى العلاقه مع جلال وماضى على العسكرى يتيحان فرصا جديه لبناء علاقات من شأنها خدمه شعبنا العراقى بعربه و اكراده

نؤكد ان الفرص المتاحه لكم الان قد لا تتوفر فى المستقبل وعلينا ان نتعظ بالماضى القريب»

له پاش زنجیرەیەک کۆبونەوە، کە نەک هەر ئەندامەکانی سەرکردایەتی، بەلکو هەمو ئەو کادر و فەرماندەی کەرت و مەفرەزانەی لە برادوست بون بەشدار بون، بریار درا گفتوگو لە گەل عیراق بکری. بو ئەو مەبەستەش مامجەلال، علی عسکەری و عومەر عەبدوللا چون بو لولان. وا بریار بو ئەگەر پیویستی کرد بو چون بو بەغدا بو دیتنی سەرکومار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر - مامجەلال و، بو دیتنی جیگری سەرکومار صەددام حسین - علی عسکەری و، بو دیتنی خوار ئەوان - عومەر عەبدوللا بچی. بو ئەوەی بیانوی گلدرانەوەش نەبی لە یەکی زیاتر نەچی. لە لایەن ک س - ینک بە هەمان شیوەی حکومەت خوی کاغەزیکی بی سەرناو و بی ئیمزا نوسرا کە بدری بە کاربەدستان:

« اولا - ان العراق يستطيع القيام بدوره فى حركه الامه العربيه المجيده فى نضالها ضد الامبرياليه والصهيونيه والرجعيه فى تحرير فلسطين وصيانه الخليج العربى. ولكى يستطيع العراق اداء دوره القومى يجب عليه:

١. تعزيز وحده الشعب العراقى الوطنيه التى تشكل الاخوه العربيه الكردية حجر الزاويه فيها.

٢. وحده القوى التقدميه العراقيه واتحاد تياراتها الاساسيه (الحقيقيه و الفاعله) فى نضالها الموحد.

٣. اطلاق الحريات الديمقراطيه بما فيها حريه العمل السياسى للاتحاد الوطنى الكردستانى.

٤. اخذ العراق بمبادره عربيه جديده فى الدعوه الى جبهه عربيه تضم العراق، سوريه، منظمه التحرير الفلسطينيه، اليمن الديمقراطيه، ليبيا، الجزائر لتصدى المؤامره الاستعماريه الصهيونيه.

٥. تعبئه العراق الماديه والعسكريه لزجها في معركه الامه العربيه ضد العدوان لصهيوني الاستعماري

٦. التنسيق مع القوى والدول العربيه دفاعا عن الخليج العربي.

٧. دعم الثوره الفلسطينيه بجميع فصائلها حتى تحقق التحرير التام الكامل للتراب الفلسطيني.

ثانيا - المعالجه الاتيه للمشكله الكرديه:

١. انهاء سياسه التهجير وتغيير المعالم القوميه واعاده جميع المهجرين الى اماكنهم.

٢. تنفيذ جميع بنود اذار وتطبيق قانون الحكم الذاتي على ايدي ممثلي الشعب الكردي وتطويره.

٣. اطلاق سراح جميع المحكومين والموقوفين.

٤. تخويل القوى التقدمية الكردية مهمة الدفاع عن الحدود العراقيه في المنطقة الكردية.»

عەلی عەسکەری لە تشرینی دوەمی ٧٧ دا لە لولانەوە بە هالیکوپتەر براپە «نادی عەسکەری کەرکوک» و، لەویشەوە راستەوخۆ بۆ بەغداد. لە بەغداد سەعدون شاکیر سەروکی جیهازی مخابرات و، عەدنان خەیرولڵا وەزیری دیفاع و چەند کەسێکی تری لە کاربەدەستانی بەعس دی بو. لە دوای هەمویان سەددام حسین، کە زور بە راشکاوی وت بوی، دوایین بریار لە دەس خویەتی. جولانەوەی کورد لەو کاتەدا لاواز بو. لە ناوەوە هەرسی هینا بو. سەرباری ئەوەش توشی ناکوکی دوژمنانەی ناوخوی بو بو. لە دەرەوەش دوستێکی ئەوتوی نەبو لە سەری هەڵ بداتی و پشتیوانی بکات. لە بەر ئەوە ئەبو «بەقەد بەرەی خوی پی رابکیشی». خواستەکانی کورد کەم و سادە و رەوا بون. زمانی نوسین و دەربرینەکانیشی، لە مەسەلەی عەرەبی و فەلەستینی دا، لە هی بەعسیەکان دور نەبو، بگرە لە وانیشی تی پەراند بو. هەندی لەوەش بو راکیشانی فەلەستینیەکان بو کە ئەوانیش زور بو بەعس بهینن؛ کیشەی کورد چارەسەر بکات.

سەددام خواستە گرنگ و سەرەکیەکانی رەت کرد بوەوە. وت بوی راگویزانی دیهاتەکانی سنور پەیوەندی بە ئاسایشی عیراق و پاشەروژیەوە هەیە، لە بەر ئەوە ئەگەر هەمو جەیشی عیراقی ئیبادەش بی هەر جی بەجیی ناکەین.

گفتوگو سەری نەگرت. عەلی عەسکەری گەرایەوە برادوست. هەمو سەفەرەکە ٣ روژی خایاند.

لایەنەکانی «التجمع الوطني العراقي» و، کاربەدەستانی سوری و لیبی لەم

گفتوگویە دلگران بون. بە توندی هێرشیان کردە سەر یەنک. تاوانباریان کرد بە پەیمانشکێنی. چونکە ئەو یەنک دریژە بە خەبات بدا و هەرگیز گفتوگو نەکا تا رژێمی دیکتاتوری عیراق ئەروخێنی. لەم یش کەرەسەیەکی باشی دەست کەوت بو دوبارەکردنەوەی پەلامارەکانی بو سەر یەنک.

یەنک ئەندام بو لە «التجمع الوطنی العراقی»دا. لە کاتێکا یەنک بریاری دەس پێ کردنەوەی خەباتی چەکداری دا، وا بریار بو ئەوانیش هەم لە کوردستان بەشداری بکەن؛ سەنگەرەی چەکدار بنێرن، هەم لە ناوەراست و خواروی عیراق دا ئەوانیش خەباتی چەکداردەس پێ بکەن. وا بریار بو بەشێکی پێویستییەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئەوان دابین بکەن. تجمع لە سوریا و لیبیا و لە ناو کورە عەرەبی و جیهانییەکان دا خوی بە چالاکییەکانی یەنک مەوە هەڵ ئەکێشا. بەلام هیچکام لە بەلێن و گفت و ئیلتیزاماتی خوی بە جێ نە هێنا بو. پێویستە بە جێهێنانی ئیلتیزامات لە هەردو لاوە بێ، نەک لایەک هیچ ئیلتیزامێکی خوی بە جێ نەهێنی کەچی داوا لە لاکەی تر بکا هەمو ئیلتیزاماتی خوی جی بە جی بکات.

سوریەکان کە ئەوەندە دژی گفتوگوی یەنک ـ بەعس بون بو چارسەرکردنی کێشەی کورد، زوری نەخایان خویان کەوتنە گفتوگوی دو قولی لەگەڵ سەرکردایەتی عیراق بو یەکخستنی هەردو حیزب و هەردو جەیش و هەردو دەولەت.

سەرکردەکانی ئەو لایەنە فەلەستینییانەش کە دژی ئەم کارەیان نوسی بو: زوری پی نەچو خویان لە بەغدا بون بە لایەنی گفتوگو لە گەڵ بەعس.

بە واتایەکی تر بو خویان هەمو شت ئەشێ، بەلام بو کورد ناشێ!

ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان ماوەیەکی خایان.

فەریق روکن اسماعیل تایە النعیمی، قائیدی ئەسای فەیلەقی یەکی جەیشی عیراق لە کتێبەکەی دا: «تجربتی فی القیادە، الجزء الاول، دائرە التدریب، مدیریە التطویر القتالی، تشرین اول ١٩٨٥» لە ژێر سەرناوی «علی العسکری یسلم ویواجه المسولین» نوسویەتی:

«٣٩٨. کان علی العسکری من قادة العصاة وهو ینتمی الی جماعة الطلبانی الذین یعادون زمرة الملا مصطفی البرزانی، لقد اشتغل هذا الرجل بامرتی عندما کان جلال الطلبانی یعمل الی جانب الحکومة عام ١٩٦٩ عندما کنت قائدا للفرقة الثانیة وکنت اعرفه جیدا فهو مقاتل شجاع وشریف لذا فقد وجهت جهود استخبارات الفیلق من اجل اعادة علی العسکری الی الصف الوطنی لقد بذل العمید الرکن محمد زهاد ضابط استخبارات الفیلق جهدا فی ذلك

وكانت هنالك اتصالات مع علي العسكري بواسطة محمد رشيد لولان وفي احد الايام زارني محمد رشيد لولان في كركوك واخبرني ان علي العسكري سوف يسلم الى السلطة الوطنية بعد اعطاءه كلام من قبلي وفعلا تم اتخاذ الموافقات من المراجع العسكرية والسياسية حول هذه الخطوة وارسلت له رسالة وبعد فترة عاد علي العسكري واستصحبته الى بغداد حيث واجه السيد وزير الدفاع الفريق الاول الركن عدنان خيرالله والفريق الاول الركن عبدالجبار خليل شنشل رئيس اركان الجيش ثم بعد ذلك زار المسؤولين في القيادة السياسية وقد علمت انه قدم طلبات الى القيادة السياسية والتي يمكن اعتبارها شروط ولذلك عاد ثانية الى المنطقة الشمالية وقد اخبرني بعد ذلك انه سيعود ثانية ولكن يظهر انه لم يستطع اقناع جماعة الطلباني بالعودة الى جانب السلطة وانهاء العصيان مع العلم ان اتفاق الجزائر قد اثبت عمالة العصيان في شمال الوطن الى الاستعمار والصهيونية.....»

ئەم گێڕانەوەیەی ئەلنعیمی فرێ بەسەر راستیەوە نیە. هەرچی لەوێ دا نوسیوێتی دەربارەی عەلی عەسکەری درۆی هەڵبەستراوی خۆیەتی. ئەمەی لێرەدا نوسراوەتەوە هەردو «ورقە عمل» ی بەعسی و کوردی بو، کە پێنچینەی سەفەرەکەی عەلی عەسکەری و گفتوگۆکانی بو لە گەڵ کاربەدەستانی ئەوسای عێراق لەوانە: صەددام حسێن. ئەم بەڵگنامانە کاتی خۆی لە سوریا و لوبنان و هەندێ شوێنی تردا بڵاو کراونەتەوە.

ئەلنعیمی ئەو درۆیانەی بو زلکردنی خۆی و سوک کردنی کاک عەلی نوسیوە. یەکێ لە ئوسلوبە نزمەکانی سەرکردەکانی جەیشی عێراق و دەزگای «ئیستیخباراتی عەسکەری» بو زڕاندنی ناوی گەلەپیاوەکانی مێژوی کورد و شێواندنی ناوبانگیان هەڵبەستنی قسەی ناراست و درۆی بێ بناغەیە. بێگومان رۆژێ لە رۆژان ئارشیفی نهێنی عێراقیش بو پشکنین و لێکۆڵینەوەی زانستی ئەکرێتەوە.

ئەلنعیمی پیاوێکی درۆزنی بێ بەڵێنە. هەر ئەم بو دەستی کاک عەلی و هاورێکانی بڕی، کە ئەوسا لە ئێران بون و، دوایی بزوتنەوەیان پێک هێنا. بەڵێنی پێ دان کە ئەگەر بگەڕێنەوە عێراق، بەعس ماوەیان ئەدا سەر لە نوێ پارتی دیموکراتی کوردستان رێک بخەنەوە و، بەشدار ئەکرێن لە داوودەزگاکانی حکومەت و حوکمی زاتی دا. کە گەڕانەوە چالاکیی سیاسیان لێ قەدەغە کردن و، وەکو ئاردی ناو درک هەر یەکەیان بە لایەک دا بڵاو کردەوە. کاک عەلی یان کرد بە سەرۆکی شارەوانی «رەففاعی» لە خوارووی عێراق.

ئەلنعیمی بو پاراستنی پلەوپایەکانی خۆی زۆری چاپلوسی درو بو صەددام ئەکرد و، لە جەنگی ئێران دا کوڕێکی کوژرا، لە بەر ئەوە ناوی لە خۆی نا بو «ئەبولشەهید».

بەلام ئەمانە هیچی دادیان نەدا، صەددام بو ئەوەی سوکی بکا، کرد بوی بە سەرکردەی فەیلەقی پیر و پەککەوتەکان. خویشی زوری پی خوش بو.

کە عەلی عەسکەری لە بەغدا گەرایەوە و، گفتوگوکە بە ئەنجامیکی باش نەگەیشت، حکومەت هەرەشەیان لە شیخ محەممەد کرد بو کە ئەگەر هیزەکانی یەکیتی ناوچەکەی ئەوان بە جی نەهیلی وەکو شیخ محەممەد نوسی بوی: هیزەکانی حکومەتی عیراق «ئیغارەیەکی بە شیددەت» ئەکاتە سەر گوندەکانی ئەوان. بو ئەوەی گوندەکانی برادوست توشی زەرەر و زیان نەبن هەمومان چوینە گوندەکانی گارە، گەلیشم، مەلاویان... لە بەری تورکیا، چونکە چاوەروانی گەیشتنی وەجبەیەک چەک و گەرانەوەی هەندی لە هەڤالانی دەرەوە بوین.

*

خەوی گران

تەنیا پزیشک لە ناو هیزەکەمان دا د. خدر مەعصوم بو. لە بەر ئەوە نرخیکی زوری هەبو بو ئیمە. شەرکەر بە ئاسانی پەیدا ئەکرا، بەلام پزیشک بە ئاسانی دەس نەئەکەوت.

جاریکیان هەمو روژەکەی بە شاخیکەوە بوین روژمان بە سەر ئەبرد تا ببی بە ئیوارەو دابەزینە ناو ئاوایی. برسیتی تینی بو هینام. پرسیم کی شتیکی پی یە بخوم. کاک عەلی وتی هەندی «معلبات» مان پی یە. یەکیکیان «باپراخی قوتو» ی دسکردی تورکیا بو. لە شوینیکی وەها و کاتیکی وەهادا ئەمە یەکی لە خواردنە نایابە خوشەکان بو. دەستم کرد بە خواردنی. ئیوارە چوینە ناو گوند. دوای شیو و قسە کردن جی راخرا بو نوستن. جگە لە ئیشکگرەکان ئەوانی تر هەمو نوستن. مامجەلال و کاک عەلیش لە هەمان ژوردا بون.

لە پر پیستی سەرم، پیستی ورگ و بن باخەل و هەمو شوینە ناسکەکانی لەشم، کەوتە خورویەکی بی ئەندازە. هەموی بوبو بە لیر. ئارامم لە بەر برا بو. سکم پیچی زور بە ئازاری پی دا ئەهات. کەوتمە رشانەوە و رەوانی. چەند جاری د. خدرم خەبەر کردەوە، ئەمەوت: «هەستە نەخوشم چاریکم بکە!». بەتانیەکەی ئەدایەوە بە سەر خوی دا. ئەیوت: «بنو تا بەیانی چاک ئەبی». تومەز د. خدر شەکەت و خەوگران بو. بی ئەوەی ئاگای لە خوی بی وەلام ئەداتەوە. وازم لەو هیناو تسلیمی چارەنوس بوم. شەویکی سەختی پر ئازارم بە سەر برد. بەلام ئیتر بەرەو چاکبونەوە ئەچوم. بەیانی د. خدر بینیمی بە گلەییەوە وتی: «بوچی منت هەلنەستان؟». باسەکەم بو گیرایەوە بە شەرمەوە گوی ی

لی راگرت.

دوای ئەوەش چەند جارێکی تر کە خواردنی ناو قوتوم ئەخوارد توشی هەمان دەرد واتە: «تسـسـم» ئەبوم. لەو سـاوە ئیـتـر لە ناخـۆشـتـرین هەلومـەرجی ژیان دا نان و ئاوم ئەخوارد و دەمم لە خواردنی قوتو نەئەدا.

*

جورجان یا دورجان خۆیان بە گوندیان دائەنا بەلام لە راستی دا بە گوند دانانری. دو یا سی مال بو. خدری مەلا عەزیز و براکەی لەوی ئەژیان. لە چاو زوریی ئیمە و کەمی ئەوان و، توانای داراییان دا هەتا بلی ی میوانپەروەر و نانبدە بون.

چەند روژی ئیـمـە: د. خـدر مـەعـصـوم، شـەوکـەتی حاجی موشـیـر، قـادر جـەباری، من... لە ژورێکی مـالەکـەی ئەودا بوین. شـەوێکی پایز کـردی بە رەهێلەی بارانی سـەر بە کلاو. ژورەکـمـان کـەوتە دلوپە. کـەس نەیئەتوانی بنوی. لە هەمـو لایەکەوە دلوپە ئەهاتە خواری. ناچار هەمومـان دەرپەرین بانەکە بگرین و درزەکانی بشیلین. د. خدر، ئەگەرچی لە چەند لاوە دلوپە لی ی ئەدا، لە ناو جـێـگاکـەی نەبزوت و نەهاتە دەری. بیـرم نەمـاوە شەوکەت بو یا یەکێکی تر تیـوەی ژەنی وتی: «هەسـتە لە کوردەواری ئەلێن ئەوەی دلوپە قـوبول بکا گـەوواديش قـوبول ئەکا». د. خـدر لە جـێـگاکەی نـەهاتە دەری. بە دەم خـەوەوە وتی: «هەلناستم و من هەردوکی قوبول ئەکەم». ئەو شـەوەم بیـر هاتەوە، کە خەریک بو بە تسسم ئەمردم و چی لە گەل خـەریک بوین لە خەو هەلنەسـتا، ئینجا تی گەیشـتم لە لای هەندی کەس خەو چەند خۆشە و، بە راستی زانیم کە هەلنەستانەکەی «لاشعوری» بوە نەک «متعمد».

د. خدر لە زانسـتگای «عین شـمس» ی «قاهیرە» پزیشـکیی خوێند بو. ماوەیەک لە پیش ئاشبەتال دا لە میرگـسور پزیشـکی کرد بو. وازی لە هەمـو خوشییـەکی قاهیـرە و عیـراق هێنا بو. کـابرایەکی بە ورە بو بە هەمانەیەکی پر لە کـەرسـتـەی پزیشـکییـەوە بەو کیانە گالتەجارییەوە بەرەنگاری هەمو ناخۆشیەکان ئەبوەوە.

*

چەک و گەرانەوەی هەندی لە کادرەکان

ئەو چەند روژەی مـانگی تشـرینی دوەم کـە لە کـارە و گـەلـیـشم چاوەری بوین دو کاری خۆش بە دوی یەک دا هاتن:

یەکەمیان، کاک خالید، رەسول، لە گەل ئەوانیش د. کەمال خۆشناو، د. مەحمود، شەمسەدین موفتی، قادر جەباری، مستـەفا چاورەش گەرانەوە کوردستان. سالار بو گشتی

سیاسی چو بو ئەوروپا، ئارامیش، تا شەهید کرا، لە قەرەداغ نەجولا. مەکتەبی سیاسی نوینەری کـومـەڵەی تی دا نەبو. ئازاد هەورامی مـابوەوە لە گـەڵ مـامـجـەلال بو ئەوەی نوینەرایەتی کومەلە بکا.

دوەمیان، چوارتەن و نیو چەک و تەقەمەنی مان پی گەیشت. وایان ریک خست بو بە لوری هەتا نزیک خومان بیهینن. لورسایی چەک و تەقەمەنییەکە چوار تەن و نیو بو. خستبویانە ژیار چەند تەنیک ئارد و مەعکەرونییەوە. ئەم لوریە بەهزادی لە گەڵ هات بو. بەهزاد نامـەیەکی نارد نوسی بوی کـە لوریـیـەکـەیان لە هەورازەکـەی نیـوان گـوەر - شـەمـزینان گـیـری خواردوە، ئەگەر پیی را نەگـەین شـوفـیـرەکـە کـەلوپەلەکە فـری ئەدا و ئەگەڕیتەوە. چەند وەخت بو ئیمـە چاوەروانی ئەم بارە بوین. گرنگییەکی ژیانیی هەبو هەم بو چەکدارکردنی هەریمەکان و، هەم بو بەرزکردنەوەی وورەی پیشمەرگە.

لە چاو برادەرەکانی تردا من لە هەمـویان باشتر شارەزای ناوچەکە و ریگاوبانەکانی بویوم. کـاک خالـیدیش لە هەمـومـان زیاتر پەروشی هینانی چەکـەکـانی بو. پیـشتـر چەند وەجبەیەک چەکـمـان هینا بو، هەندیکی من خوم هینا بوم، بەلام هیـچی بەر من نەکـەوت بو. کـاک خـالید لـە منی پرسی چون تەگـبـیـری هیـنانی بکەین. منیش وتم: «من چەکم ناوی، کی بە تەمای چەکە با ئەو بچی بیهینی». هەندی لە بەرپرسـەکـان خویان لە قـەرەی هیچ کاری ئەشدا ماندوبون یا مەترسی تی دا بوایە. کاک خالید زور بە سەرم دا هات کە نابی من قـسـەی وا بکەم و، لە گـەلم خـەریک بو تا قـانیـعی کـردم بچـین چەکـەکـان بگویزینەوە. من پیشنیارم کرد کە هەمو هیزەکمان بکەین بە دو بەشەوە. بەشیکی کەمی لە گەڵ ئەو و من بە تراکتور بچین بو لای لوریەکە. بو ئەوەی ئەگەر لوریەکە پەکی کەوت بو لە پەنایەک دا چەکـەکـان داپگرین و پاریزگـاری بکەین. بەشـەکـەی تری بە پی بین و، هەر کسە چەکی یا زیاتر بە کول هەلبگری تا ئەیگەیەنیتە شوینیکی ئەمین.

کـاک خـالـید و من نزیکەی ٤٠ کـەسـمـان لە پیـشـمـەرگە وریاکـان هەلبـژارد. بە تراکـتـور رویشـتـین تا گـەیشـتـینە لای لوریەکـە. زور لە شـوفـیـرەکـە پارایەنەوە هەول بدا لوریـیـەکـە لی بخـوری، گـوی ی لی نەگرتین، وتی سەر ناکەوی و، من لوریـیـەکـەم بایی ئەوەندە ملیون بانقەنوتە ئەگەر روژ ببیـتـەوە خوم و لوریەکەم ئەگـیـریین و مـالمان ویران ئەبی، لە بەر ئەوە شتەکانی خوتان داپگرن و من ئەگەریمەوە. قـسەکانی راست بون. زوری لە گەڵ خەریک بوین وتمان: «چارەنوسی کوردستانی عیراق بەمەوە بەستراوە ئەگەر نەگاتە دەست پیشمەرگە لەوانەیە جولانەوەکەمان بشکی...» لەم بابەتە زورمان بو وت، بەلام ئەو هیـچی نەبیـسـت. سـەیرمـان کـرد ئەگـەر وا بروا روژمـان لی ئەبیـتـەوە. ناچار کلیلی

لوریەکەمان لێ سەند و بە پێشمەرگەیەکی شارەزامان وت هەوڵی لێخوڕینی بدا. پێشمەرگەکە لوریەکەی خستەوە گەڕ بەڵام چی هەوڵی دا سەرنەکەوت. وتی: «بارەکەی گرانە بۆیە سەر ناکەوێ، ئەگەر بارەکەی سوک بکەن ئەڕوا». چەند کەسێکمان سەر خست زۆری فەردە نارد و مەعکەرونیەکەیان فڕێ دا و، لوری سەرکەوت. شوفێرەکە لە ناو لوریەکەی هاواری ئەکرد و رازی بۆ خۆی بۆمان لێ بخوڕێ. منیش لە تەنیشتیەو سوار بوم و ۲۰ کەسێک سواری لوریەکە بون. ترسمان هەبو توشی جەندرمەی تورک بین. لوری بەری کەوت بەرەو گەلیشم. بە سەلامەتی گەیشت. کابرای شوفێر هەندێ جنێوی دا بە خۆی و، بەوەی نارد بوی. سوێندی خوارد: هەتا ماوە «کوردینی» نەکا. جوابمان بۆ ئەو هێزە نارد کە بە پێ بەری کەوت بون بگەرێنەوە. ئەگەرچی هەمویان شەکەت بوبون و، بەو سەرمایە چونکە دوسێ جار لە روبارێکی ساردیان دابو، گورد بوبون، بەڵام کە چەکەکانیان بینی لە بن دیوارێکا هەڵپەسێردرا بون، هەمو بوژانەوە. ئیتر هەر یەکە شتێکی لێ هەڵگرت بۆ ئەوەی بە تەواوی لە مەترسی تورک دوری بخەینەوە.

دابەشکردنی چەک هەمیشە بوتە هۆی دروستکردنی کێشە. لە بەر ئەوەی بەشی پێویستیەکانی هەموانی نەئەکرد و، هەرکەسەش ناوچەکەی خۆی و، پێشمەرگەکانی خۆی بە پێویستتر یا شایانتر ئەزانی لە هی ئەوانی تر، زور جار لە پاتی ئەوەی ببی بە هۆی سوپاس و پێزانین و خوشی بهێنی، توڕەبون و توران و، گلەیی و گازاندەی ئەخولقاند.

چەکەکان بریتی بون لە: کلاشینکوف، ئارپیجی ۷، دیکتاریوف، هاوەنی ۶۰ ملیم، مینی دژی تانک، نیشەک، نارنجوک، دوربین... بە سەر بەرپرس و هەرێمەکان دا دابەش کرا. ۲۰ کلاشینکوف و ٥ ئارپیجی ۷ بەر هەرێمەکەی من کەوت. ئیتر خۆمم ئامادە کرد بەرەو ناوچەی کاری خۆم بگەرێمەوە.

*

ئیسماعیل نعیمی ۱ ساڵ و ۲ مانگ سەرکردەی فەیلەقی یەک بو. ستراتیجی تازەی دانا و، هێزی ۱۰ فیرقەی عەسکەر خرا بوە بەردەس. ژمارەی پێشمەرگە لەو سەردەمەدا هیچ کاتی لە ۱۵۰ کەس تێ نەئەپەڕی، کەچی بەو هەمو توانایەوە کە خرا بوە بەردەستی و، بەو هەمو دەسەڵاتەوە کە درا بویە و، بەو هەمو پشتیوانیەوە کە لە لایەن سەرکردایەتی بەعسەوە لێ ی ئەکرا، نەک هەر نەیتوانی جولانەوەکە بکوژێنێتەوە، بەڵکو جولانەوەکە – سەرەرای هەمو گیروگرفتەکانی ناوخۆی – تا ئەهات زیاتر پەرەی ئەسەند و، تەشەنەی ئەکرد و، پشتیوانی لە ناو خەڵک دا زوورتر ئەبو.

نعیمی یش، بو پاساودانی سەرنەکەوتنی خۆی، وەکو هەمو سەرکردەکانی تری

بەعس و جەیش، هۆی مانی جولانەوەکە ئەباتەوە بۆ بیگانە، لەم رووەوە نوسیویتی: «٤٠٠ ...والسوال الذی یطرح نفسه هل نستطیع القضاء علی العصیان لو استمرینا بتطبیق الستراتیجیة التی وضعناها لو استمریت فی قیادة الفیلق لسنین اخری؟

فاقول ان العصیان اصبح دولیا ومرتبط بالدول الطامعة فی الوطن العربی واخضاعه لسیاسة مناطق النفوذ وبما ان العراق بقیادة حزب البعث العربی الاشتراکی ینتهج سیاسة مستقلة ویهدف الی توحید الوطن العربی وتخلیصه من مناطق النفوذ الاجنبیة فان العصیان الذی تحرکه الایادی الاجنبیة وبعض الدول المجاورة الطامعة فی العراق سیستمر..».

لە چەند جیگایەکی تردا کە باسی سەرنەکەوتنی خوی ئەکا هویەکەی ئەباتەوە بو بیگانە: ئیران و، ئەلی بنکەکانیان لە ئیرانە و لە ئیرانەوە یارمەتییان بو دی. ئەم قسەیەی نعیمی راست نیە و، خویشی ئەزانی درویە. لەو کاتەدا سوریا و لیبیا پشتیوانییان لە یەکیتی و، ئیران پشتیوانی لە عیراق ئەکرد. سوریا و لیبیا لە لایەک و، ئیران لە لایەکی ترەوە دوژمنی یەکتری بون. ئیران ماوەی بە یەکیتی نەئەدا هیچ بنکەیەک لە ئیران دا دابمەزرینی و، هیچ یارمەتییەکی نەئەدا. ئیران دوژمنایەتی یەکیتی و جولانەوەکەی ئەکرد و، بە گویرەی ریککەوتنی جەزائیر هاوکاری لە گەڵ عیراق ئەکرد. جەنەراڵ ئەزهاری، سەروکی ستادی ئەرتەشی ئیران، لە ١٩٧٨ دا سەردانی عیراقی کرد و، لە گەڵ سەرکردەکانی جەیش کوبوەوە، بە تایبەتی سەردانی فەیلەقی ١ ی کرد و، لە گەڵ نعیمی دانیشت. هەر بو ئەم مەبەستە:

١. لە هەمو شارە سنورییەکان، لە شنو وە تا قەسری شیرین و، لە خانەقینەوە تا سیدەکان «لجان التنسیق العسکری» بو هاوکاری سپایی ئیران و عیراق دروست کرا بو.

٢. زانیاری و ئاگاداریبان لە سەر جولانەوەکە ئەدا بە یەکتری.

٣. ئیران هەر تیکوشەر و پیشمەرگەیەکی یەکیتی ئەگرت تەسلیمی عیراقی ئەکردەوە.

٤. ئیران چاوپوشی لە هیزەکانی عیراق ئەکرد ئاسمان و ئەرزی ئیران بە کار بهینن بو پشت گرتن لە پیشمەرگە و پەلاماردانی لە ناکاو، هەروەها بو راگویزانی گوندەکانی سنور.

ساواک و، حکومەتی ئیران، چاوپوشییان لە بنەماڵەی بارزانی کرد کە: ق م دابمەزرینیتەوە، هەندی لە کادرەکانی لە ئیرانەوە بنیری بو عیراق و تورکیا و ئەوروپا و ئەمەریکا، هیزەکانی بە ناو خاکی ئیران دا بروا و، بنکە لە نوکان (لای سەردەشت) و، دزلی (لای مەریوان) دابمەزرینن. بەلام ئەمە بو یارمەتیدانی کورد نەبو بەلکو بو ئەوە بو

ملوزمەیکی کوردی بو یەکیتی دروست بکەن، ناکوکی و ناتەبایی و شەر بخاتە ناو ریزەکانی جولانەوەی کوردەوە.

*

چولکردنی برادوست

سال بەرەو زستان ئەچو. هەوا سارد ئەبو. وەرزی باران و بەفر نزیک ئەبوەوە. هیزەکانی یەنک خانو و پیخەف و رایەخ و خیوەتیان نەبو. ئازوقە زور بە زەحمەت و بە گران دەست ئەکەوت. زستانان ریگاوبانەکان ئەبەستران ئەبو لە پایزەوە زەخیرەی خواردن و سوتەمەنی بخری. هاتوچو کردن زور کەم ئەبوەوە. توانای دارایی یەنک کز بو. نەی ئەتوانی پیویستیەکانی چەند مانگیکی هەمو هیزەکە دابین بکا.

مانەوەی بە کومەلی هەمو هیزەکە لە برادوست کاریکی راست نەبو، هەروەها چول کردنیشی شتیکی راست نەبو. ناوچەکە گرنگیەکی ستراتیجی هەبو. چول کردنی ئەبو بە هوی داېرانی یەنک و جولانەوەکەی لە دنیای دەرەوە. لە بەر ئەوە بریار درا بەشیکی هیزەکە لەوی بمینیتەوە و، ئەوی تری هەر بەشەی بچیتە شوینی کارکردنی خوی. ئەبو کاک خالید و شیخ حسین و پیشمەرگە بادینیەکان لەوی بمیننەوە بو دریژە پیدانی پیکەوە بەستنی ناوەوە و دەرەوە، ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی و کومیتەی سەرکردایەتی و فەرماندەی هەریمەکان بە کوردستان دا بلاو ببنەوە. هەر کەس و هیزە رو بکاتە ئەو شوینەی بوی دیاری کراوە.

*

له نزیک سلێمانی: گەڕانی بەردەوام

*

من کاروباری پێشمەرگەکانی هەرێمی سلێمانی یا وردتر شارباژێریان پێ سپارد بوم. بەرپرسی پێشمەرگەکانی ناوچەکانی دوکان ـ چوارتا بوم. لە ئاوی زێی پچوکەوە بو سنوری پێنجوێن سنوری کار کردنی من بو. ک س حاجی حاجی برایمیان بە جێگری فەرماندەی هەرێمەکەی من و لە هەمان کات دا بەرابەری سیاسی دانا بو. هەردولا: بەرپرسەکانی کومەلە و بەرپرسەکانی بزوتنەوە، ناوچەی شارباژێریان بە لاوە گرنگ بو، بە دەروازەی سلێمانییان دائەنا، بویە لە کوبونەوەکانی ک س و لە کاتی دابەش کردنی هەرێمەکانی پێشمەرگایەتی دا هەردولایان پێ یان لە سەر ئەوە دائەگرت: شارباژێر بو ئەویان بێت. وەکو چارەیەکی ناوڤجی هەردولایان بە منیان سپارد.

لە گوندێکی شەمزینانەوە، گەلێشم، کەوتینە خو سازدان بو گەڕانەوە بو سلێمانی. من خوم هێشتا مەفرەزەم بو خوم پێک نەهێنا بو. هیچ پێشمەرگەیەکم لە گەڵ نەبو. ئەو کادر و پێشمەرگانەی لە برادوست بون و سەر بە هەرێمەکەی من بون و ئەوانەی بە هەمان ری دا ئەرویشتن ئەبو کو ببنەوە بو ئەوەی پێکەوە بە رێ بکەوین. هێزەکە تێکەلاو بو لە کەس و تاقمی جیاوازی پێکەوە نەگونجاو:

– عومەری حاجی عەبدوللا، کە دانرا بو بە فەرماندەی هەرێمی قەرەداخ، خوی و مەفرەزەکەی.

– عەزیز مەحمود، کە دانرا بو بە لێپرسراوی لقی کەرکوکی یەکێتی.

– حەمەی حاجی مەحمود، کە فەرماندەی کەرت بو لە هەرێمەکەی کاک تایەر و، دکتور رەزا (حەمە سەعیـد خورمـالی)، ئەویش کرا بو بە لێپرسراوی ناوچەی هەلەبجەی یەکێتی.

– مستەفا چاورەش، کە تازە لە هولەنداوە هات بوەوە.

– عەبدولقادری هەلەدنی، حاجی مەحمودی گەورەدێی، محەیەدینی چوخماخی، شێخ صدیقی چوخماخی، عەلی حیکمەت (علی ئامەخان)، عوسمانی قادر منەوەر، دکتور چالاک (کەریمی دادەمەنە)، هاوری جەبار (جەبباری حاجی عەبدوللا)، هەژار (فوئاد یاسین)، سەلامی مەلا عەبدوللا... کە سەر بە هەرێمەکەی من بون.

بە هەمومان ٣٥ کەس بوین، بو شارەزایی ریگاوبانیش قادر خەیات و خدری

کامەلای بالەییمان لە گەڵ خومان برد. ۱۰ ئیسترمان کری بو. بارمان لی نا بو. زوری بارەکان چەک بو.

یەکی لە گەورەترین گیروگرفتەکانی ریگە دریژەکەمان ئەوە بو؛ زوری پیشمەرگەکانمان شاری بون، نەیان ئەزانی چون رەفتار لە گەڵ ولاخ بکەن و چون بار بکەن. من لە تەجروبەی پیشوەوە هەستم بەم کیشەیە ئەکرد، پیشنیارم کرد ۱۰ کەس لە پیشمەرگە بادینییەکان، کە خوم باشم ئەناسین هەلبژیرم و، لە گەڵ خومان بیانبەین لە ریگا بو بار کردن و، بەریوەبردنی ولاخەکان یارمەتی مان بدەن. عومەر تورە بو. وتی: «تو باوەرت بە هاورییانی کومەڵە نیە و ئەتەوی بیانشکینیی، ئەگینا ئەمان چییان لەوان کەمترە». منیش وتم: «باشە ئەیبینین».

روژی ۷۷/۱۱/۳۰ چوم بو خواحافیزی لە مامجەلال و مەکتەبی سیاسی. سالار خوی ئامادە کرد بو بچی بو سوریا و، لەویوە بو گەشتی سیاسی بو ئەورووپا. مامجەلال ئەیویست هەردولا رازی بکا: لە بزوتنەوە رەسول مامەندی نارد بو، ئەبو لە کومەڵەش یەکی بنیری. بریاری دا بو سالار بنیری. سالار لە گەڵ مامجەلال هەندی ناخوشییان بوبو. من خواحافیزیم لی کردن و، گەرامەوە لای هیزەکەی خومان.

روژی ۱ی ۱۲ی ۱۹۷۷ لە کوبەردی ی «جورجان» ەوە لە برادوست بەرەو شارباژیر لە سلیمانی بەری کەوتین. لە بەر هیزەکانی قم و هیزەکانی حکومەت نەمانئەتوانی بە ناو خاکی کوردستانی عیراق دا بە دەشتی بەرازگردا بەرەو هەلگورد و چومان بروین. بە تایبەتی ئیمە بارمان پی بو. لەبەر ئەوە ملی ریگای کیلەشین مان گرت.

چیاکە بەفر گرتبوی هەتا چاو بری ئەکرد سپی ئەچوەوە. هەمو روژەکە بە ریگاوە بوین نەگەیشتینە نوا یا رەشاییەک پشوی تی دا بدەین، یا ستاری تیا بگرین. قادر خەیات و خدری کامەلا هەردوکیان کوری قەندیل بون. مەترسی بەفر و ونبونی ناو بەفریان ئەزانی. کە چوینە دیوی ئیران بو ئەوەی لە ناو بەفرەکەدا بزر نەبین چونە سەر سەرچاوەکانی چەمی «گادەر» بە کەناری چەمەکەدا بردیانین. خومان و ولاخەکان زیاتر لە ۶۰ کەرەت لە چەمەکە ئەمبەر و ئەوبەرمان کرد. لە کەناری چەمەکەدا بوین بارانیکی بەهیزیش دای کرد. بە تاریکی شەو گەیشتینە جیگایەک هەندی چلوچیو و چیلکەی لی بو. ۲۰ سەعات زیاتر بو بە ریگاوە بوین. هەمومان شەکەت بوبوین. لە ژیر رەهیلەی باران دا خومان دا بە ئەرزدا و هەندی ئاگرمان کردەوە.

بو بەیانییەکەی خومان گەیاندە کویرە دی یەک ناوی «رەشان» بو. چەند مالیکی

کەم بو. کەوت بوە ڕوژهەلاتی «شنو». لە شوێنێکی تەختایی دا بو. نەمانئەتوانی لی ی بپێنینەوە چونکە لە شنو وە نزیک بو. خاوەن ماڵەکان کەسانی باش و کوردپەروەر بون. عوسمانی قالە منەوەر لەوە لەیمان جیا بوەوە وتی من بە پی بر ناکەم. چوە شنو بو ئەوەی بە ئوتوموبیل پیمان بگاتەوە. لەوێوە بەری کەوتین بو «زیوکە».

زیوکەش بەفر گرت بوی و بەفری لی ئەباری. بو ئیمە هەلێکی زێرین بو ماوەیەک بی ترس بپێنینەوە تا ماندوێتی مان دەرئەچی. لە ناو گوندەکەدا جاسوسی ساواکی تی دا بو. هەولمان دا تا گوندەکە بە جی ئەهێلین کەس لە دی دەرنەچی. مستەفا چاورەش تازە لە ئەوروپاوە هات بوەوە. چەند دانەیەک ڕوژنامەی «کوردستان» ی حیزبی دیموکراتی لە گەڵ خوی هینا بو. بی ئاگاداری من هەندێکی لە زیوکە بلاو کرد بوەوە و، باسی حیزبی دیموکراتی بو کرد بون. کە پویان باس کردم پیم سەیر بو. وتم: «ڕیوی خوی نەئەچو بە کونەوە، هەژگیکیشی ئەبەست بە کونەوە!». ئاگادارمان کرد شتی وا دوبارە نەکاتەوە. شەویک لەوی ماینەوە پوژاینەوە. لەوێوە بە بناری شاخ دا بە ڕی کەوتین بەرەو «قەمتەران» و «قزقاپان».

ئیوارەیەکی درەنگ بو، دنیا تاریکی کرد بو، گەیشتینە قزقاپان لە نزیک «خانە». پاسگایەکی لی نزیک بو. چەند کەسی لە خەلکی دی چو بون لە لای فەرماندەی پاسگاکە خەبەریان لی دابون. هیشتا لە نانخواردن نەبوبوینەوە گەیشتنە سەرمان. کابرا داوای لی کردبن دەسبەجی ناوچەکە بە جی بهێلین. زوری لە گەڵ خەریک بوم چەند سەعاتی مولەتمان بدا تا ولاخەکانمان ئەحەسێنەوە، قەبولی نەکرد. هەرەشەی لی کردبن ئەگەر نەروین ئاگاداری خانە ئەکا هیز بهێننە سەرمان. پاسگاکان خویان ئەوەندەیان هیز تی دا نەبو چاری هیزیکی ئەوەندەی ئیمەی پی بکری. جنێوێکی بە خەلکی ئاوایەکەش دا وتی: «ئەگەر ئەوان بەم تاریکایی و سەرمایە گوزارشیان بو من نەهێنایە من لە کوی ئەمزانی و، ئەگەر منیش بە دەنگ گوزارشەکەیانەوە نەیەم، دوایی توش ئەیم». کابرای فەرماندەی پاسگا کە عەجەم بو، لە ئاغای دی یەکە کە کورد بو، شەریفتر بو. خومان کو کردەوە ملی ڕیگامان گرت.

دەمەوبەیان گەیشتینە «زیوەی کونە لاجان». گوندێکی گەورە بو، ئەمیش پاسگایەکی تی دا بو. کەوت بوە لای سەرەوی ئاوایی. دی کە بە تەواوی کشومات بو هیچ دەنگیکی تی دا نەئەبیسترا جگە لە وەڕینی سەگ. هیچ کەس بە دەرەوە نەبو. لە دەرگای چەند مالیکمان دا لی یان نەکردینەوە. لە ناو خومان دا وامان تەگبیر کرد بو ڕوژەکە لە ناو دی دا بپێنینەوە و، هیچ کەسیکمان لە مالەکان دەرنەچن. ئاگاداری خاوەن مالەکانیش

بکەین کە ئەگەر خەبەرمان لێ بدەن و، هێزی ئێرانیمان بهێننە سەر لە ناو دێ یەکیان دا ئەیکەین بە شەر. زۆرمان لە دەرگای مالێک دا. کوڕێک پرسی ئێوە کێن و چیتان ئەوێ. هەرچونی بو دەرگاکەمان پێ کردەوە و، چوینە ژورەوە وتمان: «ئێمە پێشمەرگەی کوردستانی عێراقین، لێرەوە رائەبورین، تازە خەریکە ڕوژ ئەبێتەوە ناتوانین بە ئاشکرا تێپەڕین، لەم دێ یەدا ئەمێنینەوە تا ئێواری. ئێواری ئەڕوین. ئەگەر خەبەریشمان لێ بدەن لە دێ کەتان دا ئەیکەین بە شەر».

ئەم کوڕە پیاوی چاک و تێگەیشتو بو. وتی: «باشە بمێننەوە، بەلام چەند مالی لە دێ کەمان دا هەیە گومانم لەوان هەیە خەبەرتان لێ بدەن، بو هەر مالێکیان چەند کەسێک بنێرن و، بە ڕوژ لە مال دەرمەچن، هەمان هەرەشەی لەمنی ئەکەن، لەوانیشی بکەن. بزانین خوا چی ئەکا». بە قسەمان کرد لەو مالانە دابەش بوین کە ئەو بوی دیاری کردین. نانی چەژن مان لە گەل ئەوان خوارد و، هەمو ڕوژەکە بە سەلامەتی لە ناو مالەکان دا ماینەوە. کەس پێ ی نەزانین. ڕاستییەکەی خەلکی دێ یەکە کوردپەروەر و دلسوز بون. هەندێکیان بون بە دوستمان و تا چەند سالی هاتوچویان ئەکردین.

هەر لەوێ لورییەکیان بو پەیدا کردین، ولاخەکانمان بو بگەیەنێتە گوندی «کونە مشکە» ی لای سەردەشت و، یەکی لە خاوەن مالەکانیش تراکتورەکەی خوی بو ئامادە کردین، بە شەو خومان و یارەکان، بو ئەوەی توشی گیچەلی ژاندارمەری نەبین، بە لاڕێ دا بگوێزێتەوە بو هەمان کونەمشکەی ئەبو ولاخەکانی بگاتێ.

ئێوارە بە دەشتی لاجان دا بە تراکتور کەوتینە ڕێ. حاجی قادری کویی لە سەردەمی فەقێ یەتی دا بەم شوێنەدا رابوردوە و، ئافرەتێکی قەشەنگی دەوارنشینی لێ دیوە. دوای گەرانەوەی یەکێ لە شیعرە غەرامییە هەرە جوانەکانی بەم بونەیەوە داناوە و، بە «بادی سەبا» دا بوی ناردوە. لە بەیتێکی دا ئەلێ:

هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشت یەعنی: «لاجان»
ئاهێستە بڕو، نەک وەکو دیوانەیی هەرزە

لە بەر تاریکیی و، لە ترسی ڕێگا ئێمە نە ئەو «دەشتی بەهەشت» مان بینی و، نە هیچ کچێکی جوانی لە بابەتی ئەوەی حاجی شەیدای بو بو، بەلکو لە کوتایی ڕێگاکەمان دا توشی جیبێکی عەسکەری بوین، داوای لێ کردین رابوەستین. ئێمە سەری تراکتورەکەمان داپوشی بو، نە پێشمەرگەکان و نە یارەکان دیار نەبون. سەربازێک دابەزی دەستی کرد بە ژێر پەردەی عەرەبانەکەدا دەستی بەر چەک و پێشمەرگەکان کەوت. بە فارسی هاواری کرد: «ئاغای سەروان پڕیەتی لە چەکدارا». کابرای سەروان دابەزی. من لە

تەنیشت شوفێرەکەوە دانیشت بوم. پرسی: «ئێوە چین؟». وتم: «پێشمەرگەی کوردستانی عێراقین. ڕێگامان لێ تێکچوە. ئەگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق». وتی: «ئەم تراکتورەتان لە کوێ هێناوە؟». وتم: «بە زۆر هێناومانە». وتی: «زۆرجار پێشمەرگەی کوردستانی عێراق دێنە ئەم دێ، هەمو جار ئێمە دەعوەتیان ئەکەین بۆ پادگان. پاش حەسانەوە بە ڕێ یان ئەکەینەوە بۆ وڵاتی خۆیان. ئێوەش وەرن دوای من بکەون تا ئەوێ».
سەروان دو کەسی لە گەڵ بو. نەیئەتوانی بە زۆر بمانبا ئەیویست بە قسەی لوس تەفرەمان بدا. منیش وتم: «فەرمو پێشمان کەوە ئێمەش بە دواتا دێین». ئەوان بە ڕێ کەوتن بەرەو ئالوەتان. ئێمەش ڕێگەکەمان گۆری بەرەو جێگایەک ناوی «گوێزیلە» بو.
بارەکانمان لە نزیک گوێزیلە داگرت و، کەوتینە ناو ماڵەکان هەرچی وڵاخێکی لێ بو لە ئێستر و گوێدرێژ بە پەلە هەموێمان هێنا و بارمان کرد و، بە خێرایی کەوتینە ڕێ بەرەو شوێنی ئامادە بونی وڵاخەکانی خۆمان. بۆ خۆشبەختی وڵاخەکان لە پێش خۆمان دا گەیشت بون.
لە کوێنەشک پشومان دا و، دیسان وڵاخەکانمان بار کرد و بەرەو «شینێ» بەری کەوتین.

*

تەقوتوق لە گەڵ قم
کاروانەکە لە گوندی «داوداوا» وە بە ڕێگاوە بو بەرەو «گوێزەشێر» بو ئەوەی لەوێوە بچینە شینێ. لە لێرەوارەکەی پشتی «نۆکان» دا توشی تاقمی چەکدار بون بەرەو ئێران ئەڕۆیشتن، پاش هەندێ لە یەک خوڕین پێکا هەڵپژان. لە ماوەیەکی کورتا یەکێکیان بە کوژراوی و یەکێکیان بە بریندارى بە جێ هێشت و ئەوانی تر هەڵاتن. دەرکەوت ئەمانە چەند کەسی لە کادر وپێشمەرگەکانی قم بون لەوانە: جەوهەر ئاغای ئیندزی، عەلی کوردە و، مەلا شێخ محەممەد... قم بارەگای سەرکردایەتی هەرێمی سلێمانی و کەرکوکی لە نوکان بو. پێش گەیشتنی کاروانەکەی ئێمە بە چەند ڕۆژێکی کەم فاضیل جەلال (عادل) ئەندامی قم و لێپرسراوی سلێمانی و کەرکوک تەسلیمی ڕژێم بو بوەوە. لە بەرپرسەکانی ێنک پش پایز ئاغای هەباس ئاغای ئاکۆ لە گەڵ چەندین فەرماندەی کەرت و مەفرەزەی ئاکۆ و بالەیی تەسلیم بو بونەوە.
هەرچەندە دەرکردنی هێزەکانی قم لە ناوچەکانی سلێمانی لە بەرنامەی کاری ئێمەدا بو. بەڵام لەو سەفەرەدا ئێمە بە تەمای پەلامار دانی قم نەبوین. هێزەکەشمان بو ئەوە کۆ نەکرا بوەوە. بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان ئەوە بو چەکەکان بە سەلامەتی بگەیەنینەوە

هەریمەکانی سلیمانی. تازە توشی شەر بوبوین. بو حەسانەوەی شەو لامان دایە بارەگاکانی کویخاکانی مەنگور لە دولیکی نزیک گورشیر. کویخاکانی مەنگور: کویخا عەلی قەلاوی، کویخا قادری زودی، کویخا محەمەدی مەلا شەریف، کویخا محەمەدی سیوەیس هەروەها چەند کەسیکی تر لەوانە کویخا بایزی مامش، بەکر پیروت لە هەمان دۆڵ دا پتکەیان دانا بو. ئەمانە هەمو پیشمەرگەی یەکیتی بون.

کویخاکانی مەنگور نەیان ئەویست پشیوی بکەویتە ناوچەکەوە. ویستیان بین بە ناوبژیکەر لە بەینی ئیمەو چەکدارەکانی قم دا. ئیمە قوبولمان نەکرد. پیمان وتن نابی ئەوان لە یادینان پیشمەرگەکانی ئیمە بکوژن و ئیمەش لیرە لە پاڵ خومان دا بیان حەوینینەوە. ئاگاداری ئەوانی قم مان کرد: ئەبی واز لە قم بهینن و بینە ریزی یەکیتیەوە، یان ئەبی ناوچەی سوران بە جی بهیلن. ئەگەر هیچیان ناکەن، وا با خویان بو شەر ئامادە بکەن.

هەمو چەکدارەکانی قم هەر ئەو شەوە کەلوپەلی خویان پیچا بوەوە بارەگاکانی خویان لە «نزکان» جی هیشت بو چو بونە «کانی زەرد». ئیمەش بو پشودان و چاودیری چەکدارەکانی قم چوینە شینی.

چەکدارەکانی قم هەندیکیان تەسلیمی رژیم بونەوە و، هەندیکیان چونە ناو دیهاتەکانی ئیرانەوە و، هەندیکیشیان هاتنە ناو یەکیتییەوە. خانوەکانیان پاش چەند روژی کرا بە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکیتی. مامجەلال و عەلی عەسکەری و رەسول مامەند و ئازاد هەورامی و د. مەحمود عوسمان و شەمسەدین موفتی چونە ناوی.

*

شینی گوندیکی گەورە بو. بەرەوژوری ۳۰۰ ماڵ بو. مزگەوتیکی گەورەشیان هەبو. گوندیکی خوش بو. لەو کاتەدا بەفر سپی کرد بو. دو کویخایان هەبو: کویخا خدر و، کویخا عەبدوللا. هەر یەکەیان سەرپەرشتی چەند بەرەبابیکی ئەکرد. کویخا خدر لە کونەوە لە گەڵ دەزگاکانی حکومەت تیکەلاو بو. ماوەیەک ئەم پوستەی قەلادزەی بە سەردەشت گەیاند بو. کویخا عەبدوللا تیکەلاوی لە گەڵ داوودەزگاکانی حکومەت نەبو.

هەندی لە شینی ییەکان لە گەڵ ق م رویشت بون. نامەمان بو نوسین بگەرینەوە. بە کومەڵ هاتنەوە. ئیمەش وەکو بەلینمان پی دا بون ریزمان لی گرتن.

کویخاکانی مەنگور لایان وابو ناوچەکەمان لی شیواندون. لە بەر ئەوە حەزیان ئەکرد زو ناوچەکە بە جی بهیلین. خەلکی شینی یش هەروەها. سەرەرای ئەوەش مانەوەی ئیمە لە ناوچەکەدا لەوانە بو ببیَ بە هوی هیرشی جەیش. هەمویان ئەیانویست پالمان پیوە بنین. ئیمەش خومان ئەمانویست بە زوترین کات بروین. نیوەرویەک لە «شینی» وە بەرەو

«بیدەلان» بەری کەوتبن بە نیازی ئەوەی بە دەشتی قەلادزەدا بچین بۆ «ئاسۆس». خەلیل جەلال و یەکدو پێشمەرگەی تر، بۆ چاوساغی و شارەزایی، لە گەلمان هات بون. سەعات ٩ ی ئیوارە رابورد بو ٩ سەعات زیاتر بو بە ریگاوە بوین، هیشتا ماوەیەکی کورتمان بری بو. لە دەشتی قەلادزی بوین. روناکی و ئاگر و تەقەوتوقی رەبیەکانی دەوروپشتمان قەوارەی هیزەکانی دوژمن و جوری دابەشبونیانی لە ناوچەکەدا دەرئەخست.

*

هەر ٣ کەس ١ ولاخمان پی سپارد بو. ئەمو ئاگایان لی ی بی بو خزمەتکردن و بارکردن و پاراستنی. شاریەکان هیشتا پی یان تەگبیر نەئەکرا. زورجار بارەکانیان ئەکەوت. و گوریس و قەیاسە بنکلک و ورگ و پشتی ولاخەکانی بریندار ئەکرد. کەچی لادییەکان ١ کەسیان بو بەریوەبردنی ٣ ولاخ دائەنا، بی گیروگرفت و کیشە، کارەکەی ئەنجام ئەدا.

کە بە دەشتی قەلادزەدا ئەرویشتین. ئەمو پی هەلگرین بو ئەوەی پیش ئەوەی روژمان لی ببیتەوە بگەینە سەر زی بو پەرینەوە. کاروانەکە زو زو رائەوەستا و دوا ئەکەوت. منیش گەرامەوە دواوە بو ئەوەی بزانم هوی ئەم دواکەوتنە چیە. سەیرم کرد هاوری جەبار و ولاخەکەی ئەو هوی دواکەوتن و تیکدانی ریزی کاروانەکەن. منیش بە تورەییەوە پیم وت: «مەردوت مری ئەوە چیتە؟ بوچی لە ناو ئەم کاروانە دریژەدا هەر ولاخەکەی تو ئەکەوی؟». یەکسەر وتی: «چوزانم، قابیلە من پاشقولی لی بگرم. خوی ئەکەوی!»

*

هەرچەند بیرم لی ئەکردەوە بەو جورە رویشتنە و، بەو ماندویەتییە هەرچونی بروین ناگەینە مەنزلیکی ئەمین و سەلامەت. بە روژ ئەمو لە دەشتی قەلادزەدا ئەمینینەوە. دەشتی قەلادزەش سەربازگەیەکی گەورە بو. خەلیل و دەلیلەکانی ترم بانگ کرد. قوناغی داهاتوی مانەوەی روژ و، رادەی سەلامەتی شوینەکەم لە گەل باس کردن. دوژمن بە ئاسانی ئەگەیشتە سەرمان و ئەیکردین بە «پوزی خوراو». لە بەر ئەوە بریارم دا بگەرینەوە بو دواوە ریگایەکی سەلامەت بدوزینەوە. هەندی لە پیشمەرگەکان نەشارەزا بون، یان نەزان بون، رادەی مەترسیی ناوچەکە و، خەتەری تیکەوتنی نابەرامبەریان نەئەزانی، کەوتنە پرتەوبولە. من گویم نەدانی گەراینەوە دواوە بو بیدەلان و شینی.

بەفر چیاکانی گرت بو. چیاکان لوس بوبون. بەردەوام بەفر ئەباری. لە شینی پرسمان بە هەندی لە شارەزاکانیان کرد. هەندی ریگەوشوینیان بو داناین کە بچینە سەرچاوەی «هەلشو»، ئینجا بو «نورەدین» و لەوی لە زی بپەرینەوە بو بەری ئاسوس.

ئەو بە پشتی «تووژەڵە» دا تی پەڕین ئەویش کویستانیکی سەخت بو. بۆ شارەزایی و، شکاندنی ڕیگا و، ئاسانکردنی باری وڵاخەکان، لە گەڵ خومان ۱۰ کاروانچی مان لە گەڵ وڵاخەکانیان بە کری گرت و، زیاتر لە ۱۰ کەسی خەڵکی شینی مان بە خاکەنازەوە لە گەڵ خومان برد.

*

لە شینی کە خەریکی بارکردنی وڵاخەکان بون، ماموستا عەزیز، پیاویک بو بە خو وە بو، دەنگی گەورە و سمیلی زل، پوزەوانەی لی هەڵکیشا بو، خەریکی بارکردنی وڵاخەکەی خویان بو. نەیزانی بو چونی بار بکا. لە کاتی توندکردنی گوریسەکەدا پی ی لە ورگی ئیسترەکە گیر کرد بو، ئیسترەکە هەڵی تیزان بو. کابرایەکی شینیی کە ئەم دیمەنە ئەبینی، لە ماموستا عەزیز نزیک ئەکەویتەوە و ئەڵی: «ئەری کابرا عەیب ناکەی بەم سەر و قەڵافەتەوە نازانی بار بارکەی؟»

ماموستا عەزیزیش ئەڵی: «ئەی توش عەیب ناکەی بەو سەر و قەڵافەتەوە نازانی ئوتوموبیل لی بخوری و، سوئالی ریاضیات حەل بکەی؟ ئەگەر بزانیایە توشی ئەمە ئەبم هەر لە منالیەوە ئەچومە خانەکەی گەرەکی خومان ئەبوم بە قەتارچی!»

ماموستا عەزیز نمونەیەک بو لەو پیشمەرگە شاریانەی بە تەواوی بیگانە بون بە ژیانی لادی و بە ژیانی پیشمەرگایەتی. جاریکیا لە کوبونەوەیەک دا لە بەری قەرەداخ، بە ئامادە بونی کاک ئارام، پیشنیاری کرد بو لە باتی ئەوەی بە شەو «حەراسەت» دابنین و، پیشمەرگە بە هوی سەرماوە نەخوش بکەوی، هەر مەفرەزەیەک بو حەراسەتی شەوانە «قاز» یک رابگری. هەر لەم بابەتە برادەریکی تری شاری ئەیوت: من شتی ئەنوسم لە سەر «مضار الحراسە الليليه على صحه المقاتل الثوری».

*

بە لای تووژەڵەدا هەڵگەراین. دنیا سپی ئەچووەوە. ماوەیەکی باش مان بری بو. زریان دەستی پی کرد. بەفریکی وردی ورد، لە زیخ ئەچو، بە باوە لە دەموچاوی ئەداین. لە هیچ لایەکەوە ڕشایی مان لی دیار نەبو. دەست و پی مان تەزی بو. وڵاخەکان ئەگلان زور بە زەحمەت راست ئەکسرانەوە. لە ترسی تەزین و ڕەق بون لە هیچ جیگایەک نەمانئەتوانی بو پشودان رابوەستین. ئەوجارە هەستم بە ترس و سامی بەفر کرد بو. زۆری کاروانەکەمان، بە تایبەتی شینی یەکان، لابان وابو هەموومان ڕەق ئەبینەوە، چەند کەسیکیان ئەگریان و لە بەر خویانەوە جنیویان ئەدا. خەریک بو شەومان بە سەردا ئەهات. من وام بیر لی کرد بوەوە کە ئەگەر تا شەو نەگەیشتینە ڕشایی. ئابلونی زور و بەتانی

زورمان پی بو. له سەر بەفرەکە نایلون رابخەین و، بەتانی لەسەر نایلونەکە رابخەین و، هەمومان کو ببینەوە و، پشت بنیین بە پشتی یەکترییەوە و، لە شێوەی چادردا بەتانی تر بدەین بە سەر خومان دا و، بەتانییەکانی سەریشمان بە نایلون داپوشین.

هەرچونی بو گەیشتینە بەرزایی شاخەکە. وامان بە چاک زانی بارەکان داگرین و لەوی بە نایلون دایان پوشین و، بە جییان بهێلین. خومان بە نشیوەکەدا شور ببینەوە بو خواری. شەو لە دولەکەدا بە سەر بەرین و روژی دوایی ببینەوە بو بارەکان. بارەکانمان بە جی هیشت. شور بوینەوە بەرەوخوار. رەشایی مان لی دەرکەوت، ئیتر شێنی بیەکان و کاروانچییەکان ناوچەکەیان ناسیبەوە و ریگایان دەرئەکرد.

شوینەکە «دولی ئاوسپی» بو. ئاشیکی ئاو و، مالی ئاشەوانەکەی لی بو، نزیک بو لە گوندی «بێگەلاس» و «مەسکریکی» گەورەی جەیش، ناوچەکە بە رەبیە تەنرا بو. کە سەرت هەلئەبری لە هەمو شوینە بەرزەکان نیشانەی دزیوی دوژمنی داگیرکەرت بە دی ئەکرد. هاوریکانمان چونە مالی ئاشەوانەکە. من لە گەل کاروانچییەکان و، شێنیی بەکان چومە ئاشەکە. کەس مان لی نەئەناسین و بە نابەدلی راپیچمان کرد بون بو ئەم بیگارە پر مەترسییە. نەمئەویرا بە جی یان بهیلم، ئەوان شارەزا وریا و گورجوگول بون، ئەترسام یەکیکیان خوی بدزیتەوە، بچی لە رەبیەیەک خەبەرمان لی بدا، یان بگەریتەوە باری چەک بیا و بروا. کاک عومەر و چەند پیشمەرگەیەکیش لە بەر من مانەوە. ئاگرمان کردەوە و چامان دەم کرد. گەرمان بوەوە و حەسابنەوە. لە گەل شێنی بیەکان و کاروانچییەکان کەوتینە قسەی خوش و گالتە و باسی جوراوجور. بوین بە ئاشنا و دوست. تا بەیانی بەمجورە ماینەوە.

*

ماموستا عەزیز و مولازم عومەر لە منالییەوە هاوری ی نزیکی یەکتری بون. لە پیشمەرگایەتی دا هاورییەتییەکەیان پتەوتر بو بو. بەیانییەکەی کە ئەبو کوببینەوە بو داگرتنی بارەکان لە سەر شاخ. ماموستا عەزیز خوی دواخست. عومەر کردی بە گلەیی و بولە و قسە. عەزیز جوابی دایەوە. عەزیز بو بەهانەیەک ئەگەرا خوی لە سەرکەوتنی شاخەکە لا بدا.

عومەر وتی: «تو بویە وا ئەکەیت بو ئەوەی خوت بدزیتەوە».

عەزیز وتی: «بەلی وایە. من سەرناکەوم. چی ئەکەی بیکە!».

عومەر وتی: «مامجەلال باشتان ئەناسی، میم لامیەکەی تو: مارکسییەتی لینینی نیە، مریشک لیدانە».

خەریک بو زیاتر دەمیان لە یەک گیر بێ و قسەکانیان لەوە تێ پەڕێ. ناچار بوم خۆمم تێ هەڵقورتان و قسەکەم پێ بڕینەوە.

بەیانی هەمومان کۆ بوینەوە: پێشمەرگە، کاروانچی، شێنی پیەکان. بەو ڕێگایەدا کە ئێواری ی پێشو شکاند بومان، جارێکی تر بە شاخەکەدا هەڵگەراینەوە بۆ لای بارەکان. بارەکانمان بە کۆڵ هێنایە خواری. ئیتر پێویستی مان بە کاروانچی و شێنی پیەکان نەما بو. خۆمان لێرە بە دواوە شارەزای ڕێگا و ناوچەکان بوین. کری ی خۆیانمان دانێ و ئیزنمان دان.

لە ناو «غەڵ» یک دا لە سەر بەفرەکە مولازم عومەر چوارمشقی دانیشت بو شتێ ئەنوسی. بە لامەوە سەیر بو، وامزانی نامە ئەنوسی بیدا بە کاروانچییەکان بۆی بەن بۆ شێنی یان جێگایەکی تر. لێم پرسی: «ئەوە چی ئەکەی؟»

وتی: «نامە ئەنوسم»

وتم: «بۆ کێ؟»

وتی: «بۆ تۆ!»

وتم: «من ئەوە خۆم لە بەردەمتا ڕاوەستاوم چ پێویست ئەکا نامەم بۆ بنوسی؟»

وتی: «ئیستیقالە ئەنوسم لە پێشمەرگایەتی!»

ئەو سەردەمە سەرچاوەی هەڵشو بوبو بە ناوەندێکی گرنگی ئاڵوگۆڕی قاچاغی کەلوپەلی ئێرانی و عیراقی. هەندی لە وڵاخەکانی خۆمان وستا بون، ناچار بوین هەندی وڵاخی تر لە خەڵکی سەرچاوەی هەڵشو بە کرێ بگرین. چەند «یەرمغە» یەکی خەرامان بە کرێ گرت بو. هێشتا نەکەوت بوینە ڕێ لە یەکێ لە وڵاخدارەکانم پرسی: «مەخفەرەکەی هەڵشو چەندە لە ڕیگاکەمانەوە دورە؟». وتی: «ساچمەزەنهاویژی». یەکەم جار بو ئەم وشەیە بیبیستم. بە لامەوە خۆش و ڕەسەن بو. دیارە مەبەستی لەم وشەیە «المدی المؤثر» ی تفەنگی ساچمەزەن بو، کە لە هەمو تفەنگەکانی تری وەکو برنەو و، کلاشینکوف، کەمتر بڕ ئەکا. ئەم وشەیە چەند زاراوێکی تری بیر خستەوە کە زەمانی نەزانینی «مەتر» و «مەترموکەعەب» و «کەیلو» کورد بو پێوانەی دورایی و بو کێشانی قورسایی و نیشاندانی قەوارە، بە کاری هێناوە. وەکو ئەڵێ: خۆر یەک «ڕم» لە کەڵ بەرز بوتەوە. ڕێگاکە «ڕۆژە ڕێ یەک» دورە. جۆگاکە دو «ئاشگێر» ئاوی لە بەر ئەڕوا. فلان بە قەد «گاجوتی» بەهێزە...

دۆڵی هەڵشو یەکێکە لە شوێنە هەرە خۆشەکانی کوردستان. دیمەنی جوانە. ئاووهەوای خۆشە. کانی و ئاوی زۆرە. چیاکانی جوان و، لێرەوارەکانی چڕ و سەوزن.

هەلشو خوی گوندیکی گەورە و تەربالغ بو. چەند «موچە» یەکیشی هەبو.

لە ناوچە سنورییەکانی پشدەر، ئالان، سیوەیل، شلیر ئەم جورە دابەش بونە بەرچاو ئەکەوت. ئاوایییەکی گەورە چەند ئاوایییەکی پچوکی لی کەوت بووەوە، ئاوایییە پچوکەکە خوی بە سەربەخو دانەئەنا، بەلکو خوی بە بەشی لە ئاوایییە گەورەکە ئەزانی، وەکو دایک و بەچکە. بە ئاوایییە پچوکەکانیان ئەوت: «قوزخ» و، بە ئەرزەکانیان ئەوت: «موچە». خیزانیک یان چەند خیزانیک، هەمویان برا یا خزمی نزیک بون، پیکەوە لەو موچەیەدا کشتوکال و ئاژەلدارییان ئەکرد و، چەند خانویەکیان دروست ئەکرد، ئەرزەکان هی خویان بو، «قوزخ» یکیان لە سەر ئاوەدان کرد بووەوە.

«قوزخ» بو خو حەشاردانی پیشمەرگە جیگایەکی نمونەیی بو. دانیشتوانی قوزخەکە داخراو و هەمو خزمی یەکتری بون، زور کەم هاتوچوی ئاوایییەکانی تریان ئەکرد، لەبەرئەوە هەوال و دەنگوباسیان لی دەرنەئەچو. قوزخەکانیش بە زوری لە شوینی شاخاوی عاسی دا ئاوا کرابونەوە.

بارەکانمان بار کرد و بەری کەوتین، بە ناو هەلشودا بە خیرایی تیپەرین بەرەو سالکی. «سالکی» و «نورستە» دو قوزخی هەلشو و، لە دولەکەدا ئەمبەر و ئەوبەر بون.

*

دەمەو ئیوارە بە ناو نورستەدا هەلکشاین و، بە لای «دارەشمانە» دا بەرەو «نورەدین» رویشتین. دارشمانە «مەعسکر» یکی گەورەی لی بو. لە نورەدین گیر نەبوین، چەند پەلەماوانیکمان پەیدا کرد لە ئاستی «هەلاویژە» وە ئیمە و بارەکان و ولاخەکانیان پەراندەوە بو گوندی «بیخری» لە بەری ئاسوس.

ریگایەکی دور و ناخوشمان بری بو بەلام هیشتا نەگەیشتبوینە شوینیکی ئەمین، ئەبو چەند سەعاتیکی تر بە ئاسوس دا هەلگەرین تا بگەینە «سەرتەنگ». هەندی لە پیشمەرگەکان پی یان داگرت لە «بیخری» بمیننەوە تا بەیانی. ئەویش بو مانەوە دەستی نەئەدا. بەیانییان کریکاری ریگاوبان ئەهاتن لەوبەر ئاوەکە جادەیان چاک ئەکرد، هەمو روژی بو پاراستنی مەکینەکان سەرباز و زریپوشیان لە گەل ئەهات. ئەترساین بە روژ توشی شەر ببین لە گەلیان. ئیمە دریژەمان دا بە رویشتن، بەلام هەمو شارییەکان «مان» یان لی گرتین و، لە گەلمان نەهاتن. ئەوانەی لە گەل ئیمە هاتن: عەبدولقادری هەلەدنی و پیشمەرگەکانی و، حاجی مەحمودی گەورەدی و، حەمەی حاجی مەحمود و، دو پیشمەرگەی لای ملازم عومەر بون.

*

سەرتەنگ گوندێک بو بە ئاسوسەوە. کانی و ئاویان نەبو. هەندێ بیریان هەبو بارانی زستان پڕی ئەکرد و، ئاوەکەی تێ دا ئەمایەوە، زستان و بەهار ئاویان لێ هەڵ ئەهێنجا بو خواردنەوە. ئاوەکەیان پاک نەبو. پڕ بو لە سەرمیکوتە و جروجانەوەر. لە بەر ئەوە پێش خواردنەوەی ئەیان پالاوت. هاوینان چولیان ئەکرد ئەچون بو هەواری کویستان. کشتوکالیان نەبو. ئاژەڵداری بەرهەمی سەرەکیان بو. خانوەکانیان تاریک و تەنگ و ناخوش بو.

ئیمە کە گەیشتینە سەرتەنگ بە دەگمەن پیاوی تێ دا ما بو. ژنەکان کاروباری ناومال و ئەرکی ئاژەڵدارییان بە جێ ئەهێنا. لە مانگی نیسانی ئەمسال دا (١٩٧٧) جەیش هێرشێکی بو ناوچەکە کرد بو لە شوێنێکی نزیک سەرتەنگ بە ناوی «کانی شیلان» شەڕێک لە نێوان جەیش و پێشمەرگەدا بوبو، چەند سەربازی کوژرا بون. لە تولەی ئەمەدا سەرکردەکانی جەیش هەرچی پیاوێکیان لەم دێ بە بەر دەس کەوت بو دەردەسیان کرد بو. زیاتر لە ٢٠ کەسیان لێ حوکم دا بون بە ٥ تا ٢٠ سال. لە گەڵ ئەوەش دا خەڵکی دێ روخوش و میواندوست بون. پێشمەرگەیان خوش ئەویست و بە خوشیەوە پێشوازییان لێ ئەکردن.

سەرتەنگ شوێنێکی نمونەیی بو بو حەسانەوەی پێشمەرگە. ئیمە لە مزگەوتەکەی لامان دا. بارەکانمان لەوێ خست. مزگەوتەکە بریتی بو لە ژورێکی تەنگ و تاریک و دوکەلاویی پڕ کوڵەکە. چاوەڕوانی گەیشتنی هاورێکانمان کرد.

*

لە سەرتەنگەوە چوین بو «بیترخێ». ئەمیش ئاوی کەم و کشتوکالی نەبو. ئاژەڵدارییان ئەکرد. هەندێ لە کەسوکاری «صالحی دەرویش قادر» لێرە بون. یەکێ لە کچەکانی هەوالی باوکی لێ پرسین. باوکی تەندروست بو، بەلام مەکتەبی سیاسی لە لای خویان بە گیراوی گلیان دابوەوە.

صالح خوی و فەقێ قادری کوری پێشمەرگە بون. قادر کادری بزوتنەوە بو لە ناوچەی قەلادزە. بە قبل دو کادری دیموکراتی گرت بو و، تەسلیمی ساواکی کرد بون. خویشی چو بو بو تیران دانیشت بو. حیزبی دیموکرات لە سەر ئەمە بەهانێکیان دژی یەکێتی دەرکرد. قم و ناحەزەکانی یەکێتی ئەمەیان بە هەڵ زانی بو زڕاندنی ناوبانگی یەکێتی. بو ئەوەی رووداوی لەو بابەتە دوبارە نەبێتەوە یەکێتی صالحی بو لێکولینەوە گرت بو.

بیترخێ گوندێکی پچوک بو. بەلام لە شوێنێکی عاسی دا بو. شەوێکمان لێ بە

سەر پرد و بەیانیبەکەی بەرەو «زەروون» بە ری کەوتین.

*

زەروون یەکێ بو لە ئاوایبەکانی شینکایەتی. «شینکی» تیرەیەکی پچوک بو لە چەند گوندیک دا دانیشت بون: گەلالە، سفرە، زەروون، بەرگورد، قامیش، دری... ناوچەکەش بە ناوی تیرەکەیانە وە پی ی ئەلین: «شینکایەتی». ناوچەی شینکایەتی هەموی شاخ و داخە. ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە لە گەل ئەرز و ئاوی ناوچەکە نەئەگونجا. دانیشتوانی زور و ئەرزی تەخت و زەوی کشتوکالیان زور کەم بو. بەلام دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە هونەری چاککردنی ئەرزی لیژی قەدپالی شاخەکان و، پەروەردە کردنی رەزی دیمی تری و، ترش و، چوالە دا شارەزاییەکی زوریان هەبو. زوری قەدپالی شاخەکانیان چاک کرد بو، بەردیان لی بژارد بو، ریکیان خست بو و، سنوری رەزەکانیان لە یەکتری جیا کرد بوەوە و، لە بنی شاخەکەوە تا نزیک لوتکەکەیان کرد بو بە رەز. لە بەر لیژی و سەختی ولاخ نەیئەتوانی جوتی تی دا بکا، رەزەوانەکان ئەبوایە خویان بە پاچ بیکیلن.

تری، دۆشاو، میوژ، باسوق و سنجوق.. لە بەرهەمە سەرەکییەکانیان بو. هەندیکیان بو خواردنی خویان و، ئەوی تریان بو فروشتن ئامادە ئەکرد. هەروەها ولاخداریشیان ئەکرد، بو گویزانەوەی بار.

چاککردنی ئەرزی شاخاوی و رەزەوانی، بەو شیوەیەی لە شینکایەتی دا کرا بو، نمونەیەکی چاک بو بو ئەوەی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان بو گەشەپیدانی ناوچەکانیان چاویان لی بکەن.

*

روژی ۲۵ ی کانونی یەکەمی ۷۷ گەیشتینە «گەورەدێ».

روژی ۲۵ ی مانگ لای خەلکی گەورەدی و دانیشتوانی ناوچەکە و، لای پیشمەرگەکانیش، وەکو روژەکانی تر وابو.

روژی ۲۵ ی مانگ لە دنیای مەسیحی دا پیروزییەکی تایبەتی هەیە. لەم روژەدا لە مال دەرناچن، بە دیار «داری کریسمس» ەوە دائەنیشن و، خوشترین خواردن دروست ئەکەن، چونکە لایان وایە مەسیح لەم روژەدا لە دایک بوە.

روژی پیشتر لە زەروون بوین. سەربازگەیەکی گەورەی جەیش لە گەلالەی شینکایەتی بو. بەفریکی ئەستور شاخی «گزجار» ی گرت بو. بارەکان لیرە داگیران و چەکەکان تا کاتی دابەش کردن هەل گیران. ئەرکیکی قورسمان لە کول بوەوە و،

ئازادییەکی زۆرتری بزوتنمان بە دەس هێنا.

«گەلاڵە» و «گۆجار» و «زێوە» وەکو ناو لە چەند جێگای کوردستان دوبارە بونەتەوە.

- شاری «گەلاڵە» لە بالەکایەتی و، گوندی «گەلاڵە» لە شێنکایەتی و، چەمی «گەلاڵ» لە بەرزنجە و چیای «گەلاڵ» لە مەنگورایەتی...

- گوندی «گۆجار» لە بناری چیای «مامەروت» ی بالەکایەتی و، هەواری «گوجار» لە بناری چیای «کاروخ» و، گوندی «گوجار» لە پشدەر و، چیای «گوجار» لە جافەتی.

- گوندەکانی «زێوە» و «زێوکە» ی شنو، «زێوەی کونە لاجان» ی پیرانشەهر، «زێوە» ی سەردەشت کە بە سیوە لاسورە بە ناوبانگە، «زێوە» و «بەرزێوە» بالەکایەتی، «زێوە» و «دەرە زێوە» ی خوشناوەتی، «زێوی» ی پیرەمەگرون، «زێوەمەر» ی قەرەداخ، گەرەکی «زێوی» ی کەرکوک...

*

یەکی لەو مەسەلانەی لە مێژ بو سەرنجی راکیشا بوم جیاوازیی و سەیریی ناوی شوێن: شاخ، گرد، گوند، شار، کانی، جوگا، روبار،... کوردستان بو. کە چومە جەزیرە و ناوی گوند و شوێنەکانی ئەویم بیست و، دوایی تر کە چومە شەمزینان و برادوست و، ئینجا پشدەر و دولی جافەتی و شارباژێر و شلێر، ئەم مەسەلەیە زورتر سەرنجی راکیشام.

لە کوردستان هەمو شوێنێک ناوێکی ناوچەیی هەیە، دانیشتوانی ناوچەکە بەو ناوەوە ئەیناسن. حکومەتەکانی تورکیا و سوریا ناوە ناوچەییەکانی هەمو شار و گوندە کوردنشینەکانی تورکیا و سوریایان گوریوە، لە سەر زمانی دانیشتوانی ناوچەکە ناوێکی هەیە و، لە نوسینی رەسمیی حکومەتی دا ناوێکی تر. بەلام دانیشتوانی ناوچەکە هەر بە ناوە کونەکەی ناوی ئەبەن. ئەوەی سەرنج راکێشی ئەوەیە، لە پاڵ ناوی کوردی کون و تازەدا بە هەزاران ناوی یونانی، سریانی، ئەرمەنی، ئیرانی، عەرەبی، مەغولی، تورکی... هەیە.

کوردستان کەوتوتە ناوجەرگەی روژهەلاتی ناوەراستەوە. ناوچەکە ٣ قارەی گرنگی دنیا: ئاسیا، ئەوروپا، ئەفەریقا بە یەکەوە ئەبەستی. رێگای ئاوریشم و، رێگای لەشکرکێشیی هێزە گەورەکانی یونان و رومان و ئیسلام و مەغول بە ناو کوردستان دا رویشتوە. چەند سەدە لە ژێر دەسەلاتی ئیرانی و یونانی و عەرەب و مەغولی و تورک دا بوە. لە سەردەمی جیا جیا دا دینی جیاجیای وەکو زەردەشتی، جو، دیانی تیا بلاو

بوتەوە تا سەرەنجام ئیسلام زاڵ بوە. دراوسێ ی فارس و ئەرمەن و تورک و عەرەب بوە. ئەم روداوانە هەمو تەئسیریان لە زمانی کوردی و، ناونانی شوێنەکانی کوردستان کردوە.

ئەبی ناوی

- چیاکانی: جودی، هەرەکول، شەکیب، نەقیب، قەندیل، سیلم، شەگەور، ماکوک، هەندرین، کاروخ، ئاسوس، مالەموس..

- گوندەکانی: موزەلان، پلیسپیە، بیملاتە، بیشەمسی، سونی، دیرکی، شاورتە، گەلیشم، گارە، هەدن، بیتوش، بیسوش، بیتوات، سفرە، زەرون، هەلەدن، مالومە، چوخماخ، گاپیلون، ولاغلو..

- شارەکانی: سلوپی، وان، گەوەر، سەقز، دوکان..

- روبارەکانی: دیجلە، خابور، ئیشخابور، هیزل، سەرکەم، زێ، گادەر، گورگسور، سیروان..

ئەبی ئەم ناوانە لە چی وەرگیرابن و، سەر بە چ زەمان و زمانێک بن و، چون کەوتونەتە سەر زمان؟

دانیشتوانی ناوچەکان خویان بو زور لەم وشانە مەعنا ئەدوزنەوە و، لێکی ئەدەنەوە، بەلام زوری تیکەلاوە بە ئەفسانە و سەرگوشتەی ناراست، پشت ئەستور نیە بە هیچ بەلگەیەکی زانستی. ناوی شوین لە زمانی کوردی دا ئەهینی لیکولینەوەی زمانەوانی قولی لە چەند لایەنەوە لە سەر بکری، وەکو:

١. تەئسیری زمانی هیزە داگیرکەرەکان و، گەلانی خاوەن فەرهەنگی بەرز، لە سەپاندنی وشەکانی زمانی خویان دا بە سەر ناوی شوینەکانی کوردستان دا.

٢. ساغکردنەوەی بنجی وشەکان و، گوڕان و گەشەکردنیان، لە باری مەعنا و فونەتیکەوە، لە کونەوە تا ئیستا.

*

لە گەورەدێ بارەکانمان خست و، ئەوی زیاد بو شاردمانەوە. ئەرکێکی قورسمان لە کول بوەوە و، هەناسەیەکی ئاسودەییمان هەلژی. گەورەدێ یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی جافەتی بو. ژیانی دانیشتوانی لە سەر چوالە بادام و، ئاژەلداری بو. کانی و ئاوی خوشیی هەبو، بەلام زەویوزاری کشتوکالی کەم بو.

ناوچەی جافەتی پیک هاتوە لە ژمارەیەکی زور گوند و ئاوایی گەورە و ئاوەدان. سەریکی کاریزە، کونەماسی، گاپیلون، گەرەدێ، گەورەدێ و سەرەکەی تری دولمازەلە، قەلەم پاشا، سابورا، توێزاوا و دوکانە. بالغ، چوخماخ، مالومە، هەلەدن، باخەسەر،

چالاوا، سەرگەلو، سێکانیان، سێدەر، شارستێن، باخێیان، خورخورە، سەرمورد، قەمچوغە، سورداش، هومەرقەموم و تەلان لە گوندە قەرەباخەکان و، قومرغان، مەولان، گوێزێلە لە ئاوایییە پچوکەکانی بو. ماوەیەکی زور «سورداش» ناوەندی بەڕیوەبەرایەتی ناوچەکە بوە، تا گۆمی دوکان دروست کرا و، لە سەرەتای شەستەکانەوە دوکان لە گوندێکی پچوکەوە بو بە شارێکی گەورە و، ناوەندی بەڕیوەبەرایەتی ناوچەکە.

بویە پێ ی ئەلێن: «ناوچەی جافەتی» چونکە دانیشتوانی ناوچەکە خویان بە تیرەیەکی جاف دائەنێن، بەلام لە ناو جاف دا بەمانەی تیرە ئەلێن: «جافە رەشکە». جگە لە جاف، لە هەندێ لە گوندەکانی ناوچەکەدا بنەمالەی شێخانی لێ یە وەکو: کارێزە، بەردەشێن، سەرگەلو، چوخماخ.

ناوچەکە شاخاویی و بەردەلانە و «ئاوی سەرزەوی» کەمە. چینەکانی ئەرزەکەی وا دروست بوە بە ئاسانی ناگاتە ئاو و، «ئاوی ژێرزەوی» ی زور لە قولایی دایە. چەندین چەم و روباری گەورە لە نزیکی هەیە و، «گۆمی دوکان» یش کەوتوتە لای روژئاوای. بە هوی بەرزی ئاستی ئەرزی ناوچەکە لە چاو ئاستی ئاوی روبارەکان و گۆمی دوکان دا، ئاوی ناگاتێ. ئاوی هەندێ لە گوندەکان بە تەنیا بەشی خواردنەوەی خویان و ئاژەلەکانیان ئەکا. ئاو و ئەرزی بەراوی بو کشتوکال کەمە. بو رەزی تری و چوالەی دێم و، سماق و، هەندێ میوەی وەکو قەیسی و هەنجیر و، بە خێوکردنی ئاژەل لە بارە. لە شاخەکان لەوەرگای باشی لێ یە. چەندین شیو و دولی تێ دایە ئەگەری ئاوی باران و بەفراوی تێ دا کو بکرێتەوە. خورخورە و باخێیان بە پەنیری باش و بە تام بە ناوبانگن، لە بەهاران دا «پەنیری سەلک» و لە پایزان دا «پەنیری پێستە» دروست ئەکەن.

ناوچەی جافەتی ناوچەیەکی سەخت و عاسییە کەوتوتە ناو زنجیرە چیاکانی چەرماوەند، گوجار، زێلوان، ئاسنگەران، سارا و قەرە سردەوە.

*

بەنداوی دوکان یەکێکە لە پروژە گرنگ و ستراتیجییەکانی عیراق. ئەگەر کەلکی بو عیراق هەبوبێ ئەوا زیانی لە کورد داوە.

گۆماوی دوکان ۷۰ هەزاردونم زەوی بە پیتی کشتوکالی ۷۳ گوندی دەشتی بیتوێنی داپوشیوە، لە ئەنجامی ئەمەش دا ۱۲۳۷ خێزان بو شوێنانی تر گوێزراونەتەوە. جگە لەوەی چەندین جێ ی پڕ شوێنەواری کونی کردوە بە ژێرەوە.

جوتیارانی کوردستان، تەنانەت جوتیارانی دەوروبەری گۆماوی دوکانیش، بویان نیە بو ئاودێریی کەلک لە ئاوی ئەستێلی دوکان وەربگرن. یەکەمیان لە بەر ئەوەی

حکومەتی عێراق ریگایان نادا، دوەمیان چونکە ئاستی ئاوەکە لە ئاستی ئەرزەکانی ناوچەکە نزمترە.

لیرەدا بە کورتی هەندی زانیاری پیویستی لە سەر ئەنوسم کە لە پاسیک دەرم هیناوە شورش حاجی، کاتی خوی لە سەر داوای من، لە سەر ئاوەکانی کوردستان ئامادەی کرد بو.

- یەکەمین لیکولینەوە لە سەر پروژەی دوکان لە سالی ۱۹۳۸ دا لە لایەن «دامەزراوی ویلسون» ی بەریتانییەوە کراوە. راپورتەکەی ئەمان لە سالی ۱۹٤٦ دا درا بە دەستەیەک شارەزای تر، ئەوانیش دکتور ستاتسفیلد هیگن یان راسپارد لی ی بکولیتەوە.

هیگن لە ناو چوار شوین دا تەنگی دوکانی هەلبژارد، چونکە چینە بەردەکانی قایم و باش و، تەنگەکەش قول بو، لە «وەرزی کەمئاوی» دا پانایییەکەی ٤٠ م و، لە «وەرزی زوراوی» دا ۱۰۰ م ئەبی و، لاشانەکانی شاخەکە ستونیین. ئەمانە هوی لە بارن بو دروستکردنی بەنداو لەم ناوچەیەدا.

- بەنداوی دوکان لە تەنگی دوکان دا لە سەر زی ی بچوک دروست کراوە. ٦٠ کم لە خواروی روژئاوای شاری سلیمانی و، ۸٠ کم لە سەروی روژهەلاتی شاری پردی دایە. ۱۸٠ کم لە دواوانی زیی بچوک و دیجلە و، ۱۰۰ کم لە کەرکوک و ۳۰۰ کم لە بەغداد، دورە.

- لە ۱۹٥٤/۲/۳ جیبەجی کردنی پروژەکە درا بە کومپانیای «دی میز» ی فەرەنساوی بە تیچونی ۸،۸۱۷،٤٦٠ دینار. ئەبوایە لە ٤٠ مانگ دا واتە لە حوزەیرانی ۱۹٥۷ تەواو ببی، بەلام بە هوی لافاوە چاوەروان نەکراوەکانی سالانی ۹٥٤ و ۹٥۷ تەواو بونی پروژەکە دواکەوت بو حوزەیرانی ۱۹٥۹.

لە شوباتی ۱۹٥۹ ەوە ئاوەکەیان گرتەوە. بەلام لە ئەیلولی ۱۹٦٠ دا دەرکەوت بن دیواری بەنداوەکە ئاو ئەدزی. کومپانیای دوکراکو بو چارە کردنی، بەربەستیکی پرکردنەوەی بە دریژی ۳٤٠ م دروست کرد. بە تەنیشتەکانیەوە گەیشتە ۲٤٥٠ م.

- لاشەی بەنداوەکە پیکهاتوە لە دیواریکی گەورەی خەرسانە، لە سەر شیوەی کەوانە. دریژاییەکەی ٣٦٠ م و، بەرزاییەکەی لە بناغەوە ۱۱٦،٥ م و ئەستوری بناغەکەی ٥٤ م لە ژیرەوە «واتە لە بن زی یەکە» ۳۲،٥ م و لە سەرەوە ٦،۲ م .

بەرزی ئاوەکە لە بەردەم سەدەکە ۱۰۰ م و لە ئاستی دەریاوە ٥۱۱ م ، بەرزی لوتکەی سەدەکە لە ئاستی دەریاوە ٥۱٦ م . دریژی نیوەتیرەی کەوانەکە لە روی پیشەوەی ۱۲٠ م.

- کوی گشتی تیچوی هەمو سەدەکە و پاشکوکانی و کارە تەواوکەرەکانی گەیشتوتە ۲۳ ملیون دینار.
- عیراق لە بنیاتنانی بەنداوی دوکان چەند مەبەستیکی هەبو:
۱. کوکردنەوەی ئاوی بارانی وەرزی زستان و بەفراوی بەهارو، بە کارهینانەوەی لە وەرزی هاوین و پایزو کاتی وشکی دا.
۲. نەهیشتنی مەترسی لافاوی بەهارانی زی ی بچوک.
۳. بەرهەمهینانی وزەی کارەبا.
٤. پەروەردە کردنی ماسی و مەلی ئاوی.
٥. کشتوکوزار.
- دریژایی ئەستیلی ئاوی دوکان ٤٠ کم و پانایییەکەی ۲۰ کم ە.
ئەو کاتەی بەرزیی ئاوەکە لە ئاستی دەریاوە ئەگاتە ٥١١ م، ئەستیلەکە ٦،٨ ملیار م۳ ئاوی تی دا کو ئەبیتەوە و رویەرەکەی ئەبی بە ۲۷۰ کم ۲.
بەشیکی ئاوەکە پیی ئەوتری «ئاوی مردو» چونکە بو «ترسبات» بە کاردی و ئەکەویتە ژیر ئاستی ٤٦٩ م و ئەگاتە ۰٫۷ ملیار م۳. بەشەکەی تری کە لە نیوان ٤٦٩-٥١١ م دایە و ٦،١ ملیار م ۳ ئەبی پیی ئەوتری «ئاوی زیندو» چونکە سودی لی وەرئەگیری.
بەشی لە ئاوی ئەستیلەکە ئەبی بە هەلم و بەشیکی تری بە ناخی ئەرزدا ئەچیتە خواری، بەلام ئەمە لە چاو زوریی ئاوی گومەکەدا شتیکی کەمە.
ئەم ژمارانە بە پی ی سال و زور و کەمیی ئاوەکە ئەگورین.
- لە دامینی سەدەکەدا ٥ گوزنجی ئاسنین بو بەرهەمهینانی وزەی کارەبا دانراوە. تیرەی هەر گوزنجیکیان ۳،٦٥ مەترە، ۱۲۰ م۳ /س ئاوی پیا ئەروا و، توربایینیک و جەنەرەیتەریکی تی دا دانراوە، بە هەر پینجیان توانای بەرهەمهینانی ٥ X ٨٠ = ٤٠٠ میگاوات کارەبایان هەیە.

*

ئەگەر روژی لە روژان کورد دەسەلاتی هەبو قازانجی لەوەدایە: ئەستیلەکەی دوکان لە ئاو خالی بکات و، ئەو ئەرزانەی ژیرئاو کەوتون بو کشتوکال بە کار بهینی و، هەمو داوودەزگاکانی بەنداوەکە بکاتە پروژەی توریستی. بە دریژایی زی چەندین جیگای تر هەیە بو کشتوکال کەمتر بەکار ئەهینرین، بەلام ئەتوانری بو کوکردنەوەی ئاو سودیان لی وەربگیری.

له سەردەمی شیخ مەحمودا دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەشداری شۆرشەکانی کورد بون. شیخ مەحمود، دوای ئەوەی سلیمانی بە جی هیشتوە، ماوەیەک لە ئەشکەوتی «جاسەنە» بوە و، بارەگای سەرکردایەتی ئوردوی کوردستان و، چاپخانەکەی سلیمانی بو ئەوی گواستوتەوە. ٣ ژمارەکەی «بانگی حەق» لە ئەشکەوتی جاسەنە چاپ کراوە. ئەمەش یەکەمین چاپخانە و روژنامەی ئەشکەوت بوە لە میژوی کوردا. دوای ئەوەی ئینگلیز جاسەنەی بوردومان کرد و ئەشکەوتەکەی گرت، شیخ مەحمود کشایەوە دولی جافەتی. فروکەی ئینگلیز چەند جاری بوردومانی ناوچەکەی کردوە و، زەرەری گیانی و مالی لی داون. هەر لەم ناوچەیەدا بوە وەفدیکی شیخ مەحمود و وەفدیکی حکومەتی عیراق، بو گفتوگو یەکتری ئەبینن. یەکی لە ئەندامانی وەفدی حکومەت لە ئەندامانی وەفدی کورد ئەپرسی: «ئیوە دەریاتان نیە. چوار دەورتان بە دوژمن گیراوە. ئەگەر بون بە حکومەت بە کوی دا هاتوچو ئەکەن». یەکی لە ئەندامانی وەفدەکەی شیخ مەحمود ئەلی: «لە حکومەتی ئیسویچەرە (سویسرا) ئەپرسین بە کوی دا هاتوچو ئەکەین»

لە دەسپیکردنی شورشی ئەیلول دا ئەم ناوچەیە بو بە یەکی لە بنکە سەرەکییەکانی تا لەت بونی پارتی، بارەگای مەکتەبی سیاسی و، لقی سلیمانی لە ئەشکەوتەکەی «مالومە» بو، تا ئاشبەتالیش بارەگای هیزی رزگاری لە «سەرگەلو» بو. بەو هویەوە ناوچەکە زورجار بوردومان کراوە. هوشی کوردایەتی لە ناو دانیشتوانی ناوچەکەدا بە هیز بو.

کاتی خوی کاکەحەمەی تەلان سەروکی جافەکانی ئەم ناوچەیە بوە و، دوای ئەوەی لە سەرەتای شورشی ئەیلول دا لە دەربەندی بازیان ئەو کوژراوە، کویخا سمایلی برای جیگای گرت بوەوە. کویخا سمایل لە شورشی ئەیلول دا پیشمەرگە بو، دوای ئاشبەتال دور خرا بوەوە بو «روطبە» لە خوارووی عیراق. پیوەندی خیلەکیی هیشتا لە ناویان دا ماوە.

سەرەتای شورشی ئەیلول هەندی لە خەلکی دولی جافەتی پیشمەرگە ئەبن و، ئەوانیش لە سەنگەرگرتنی ناوچەکانی کانی سارد و ریگای دوکان و دەربەندی بازیان دا بەشدار ئەبن. کە فروکەی عیراقی دیتە سەریان و بوردومانیان ئەکا، پلاوەی لی ئەکەن. ناحەزەکانیان بو گالتە پی کردن، بالورەیەکیان بو هەلبەست بون، ئەیان وت:

یا شیخ سمایلی عەودالانێ
لاقم درێژکەی بۆ غاردانێ
زوو بگەمەوە یاخیانێ
شەرم پێ ناکرێ لە گەڵ ئاسمانێ

بو یەکـەمـین جـار، لە تەمموزی ۱۹٦۳ دا من ئەم ناوچەیەم دی بو. بەعس لەو کاتەدا بەو پەڕی دڕندایەتییەوە خەریکی هێرش بو بو سەر کوردستان. ئەو کاتە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی و بارەگای لقی سلیمانی لە ئەشکەوتەکەی مالومە بو. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی و، عەلی حەمدی لێپرسراوی لقی سلیمانی بو. ئەو زەمانە من خوێندکار بوم لە زانستگای بەغداد، لە سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوم، دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە بەغداوە هەڵات بوم بو هەولێر و، بە دەشتی هەولێر و کویەدا گەڕابومەوە ئەم ناوچەیە.

بو دوەمین جار، لە شوباتی ۱۹٦٤ دا سەردانی ئەم ناوچەیەم کرد بو. لەو ساڵەدا کـونگرەی یەکـێـتیی قوتابیـانی کوردسـتـان مان لە مزگـەوتەکـەی چوخـماخ دا بەست. لە سەرانسـەری عێراقەوە نوێنەری قوتابیانی کورد بەشدار بون، تەنانەت لە شارەکانی خواروی عێراقەوە وەکو نوعمانیە، قەلعەصالح و عەمارە نوێنەری ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیان هات بون. عەلی حەمدی و مەحمودی حاجی توفیق لە کردنەوەی کونگرەکە دا بەشدار بون. ئێمـە لە کـونگرە بوین، کە ڕاگرتنی شـەڕ لە نێوان شـۆڕشی کورد و حکومـەتی عـێراق دا ڕاگـەیەنرا و، گـفـتـوگـوی بارزانی – عـارف دەسـتی پێ کـرد. ئەوەش سـەرەتای لەت بونی پارتی و، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخو بو.

لەوسـاوە تا ئێـسـتـا ناوچەکە هەندێ ئالوگوڕی بە سـەردا هات بو. بە تایبـەتی ئەوسـا ناوچەکـە داروبەردی زور زیاتر بو. دوڵەکـە داری زورتری تێـدا بو، ئێـسـتـا ڕوت بو بو. بەروبومی ئابوری ناوچەکە کەم و، ئاستی گوزەرانی دانیشتوانی نزم بو. «خەڵوز کردن» لە کونەوە یەکێ لە پیشە پڕ دەرامەتەکانی خەڵکی ناوچەکە بوە. خەڵوزەکانیان لە بازارەکـانی سلیمانی و کەرکوک دا ساخ کردوتەوە. خەڵوز داری ناوچەکەی کەم کرد بووە.

*

سەرەتای شورشی حوزەیران ژمارەیەکی زور لە پیاوە ناسراوەکانی ناوچەکە بوبون بە پێشمەرگە. کوێخا عەبدوڵلای چوخماخ، عەبدولقادری هەڵەدنی، سەلیمی قەڵەم پاشا، ڤەقێ سمایلی یاخیـیـان، حاجی عـەزیزی قامیش، حاجی سـەلیمی قامیش... ئەمانە زوریان لە سەر داوای عەلی عـەسکەری چەکیان هەڵ گرت بو، بەڵام کەمال کەرکوکی و شێرکوی شێخ عـەلی سـەرگـەلو کـە ئەندامی ق م بون، لە ئێرانەوە دێنەوە و، چوبونە بن کلیـشـەیانەوە هەندێکیـان، بە نامـەی ئیـدریس و، بە پارە و، بە پلەی سیـاسی و پێـشـمەرگـایەتی بەرز، تەفرە دابون کرد بویانن بە قەم لەوانە: ڤەقێ سمایلی یاخیان و سەلیمی قەڵەم پاشا.

جەیشی عـێـراق چەند لەشـکرکـێـشـییـەکی بو سەر ناوچەکـە کرد بو. هێرشـەکـانی

جەیش یەک لە دوای یەک بەردەوام بو. جەیش لە هەرجی یەک نەشکا، یا هیچی دەس نەکەوت، تولەی لە خەلک ئەکردەوە. لەم هێرشانەدا چەندین هاوولاتی لە گوندەکانی: شارستین، پاخیبان، سیدەر، هەنجیرە، سیکانیان، دولەبی، خورخورە، قامیش، سەرگەلو، سەرتەنگ... کوشت بو، لەوانە: مەلای گوندی شارستین: حاجی مەلا رەسول مستەفا و، مەلای گوندی خورخورە: مەلا مەحمود ئیسماعیل. لە شارستین ٦ کەبانو و چەند پیاویکی کوشت بو. لەم هێرشانەدا بە زوری هالیکوپتەریان بە کار ئەهینا. گوشاریکی زوریان خست بوە سەر دانیشتوانی ناوچەکە و، پیشمەرگەکانیان بە تەواوی سەغلەت کرد بو. سەختی ناوچەکە لە بەردەمی جموجولی هالیکوپتەردا کەلکیکی ئەوتوی نەمابو. «لاڵی دریژ بو غاردان بەرەو پاخیبان» و ناوچە سەختەکان لە بەرامبەر تاکتیکی تازە داهینراوی سورانەوە و هێرش و نیشتنەوەی ئاسانی هالیکوپتەردا کەلکی نەما بو.

لە ئەنجامی ئەم لەشکرکیشیانەدا زوری ئەوانەی سەر بە قم بون بە سەرکردایەتی فەتی سمایلی پاخیبان بە کومەل تەسلیم بە ریژیم بونەوە. شیرکوی شیخ عەلی پش تەسلیم بوەوە و کەمال کەرکوکی پش گەرا بوەوە تیهران. بە دوای ئەوانیش دا کویخا عەبدوللا و حاجی سەلیم و حاجی عەزیز تەسلیم بونەوە. لە راستی دا ئەمان پیر و بە ساڵا چو بون، فیری ئەم جورە پیشمەرگایەتیە نەبوبون و، بەرگەی ئەو زەحمەتی و شاخەو شاخەیان نەئەگرت، دوای تەسلیم بونەوەشیان بە دڵسوزیی مانەوە، گەنجەکانیان هان ئەدا بچن بە پیشمەرگە و، خزم و عەشیرەتەکانی خویان هان ئەدا هاوکاری لە گەڵ پیشمەرگە بکەن.

*

من کە گەیشتمە ناوچەکە هەمو فەرماندەی کەرت و مەفرەزەکان و، کادرەکانی هەریمەکەم بانگ کرد.

هەندی لە فەرماندەکانی هەریمەکە لە گەڵ خوم گەرا بونەوە، لەوانە: عەبدولقادر هەلەدنی، حاجی مەحمودی گەوردیی، عەلی ئامەخان، عوسمانی قالە مەنوەر، کەریمی دادە مەنە... ئەوانی تریشم بانگ کرد. وردە وردە هەمویان پەیدا بون: سەلاح سەعید «چاوشین»، جەمالی عەلی باپیر، مەحمود «نەبەز»، غەفور سەعید «دەرسیم»، حەمەی مامە سەلام، جەلالی کویخا عەبدوللا، ئیسماعیل گەوردیی، عەلی مام ئەحمەد و، مام ئەحمەدی حاجی محەمەدی قەرەتەپە.

هەریمەکەم گیروگرفت و کیشەی قولی تی دا بو.

– ئەو ماوەیەی هەمو بەرپرسەکان لە براەوست بون. ئەمان بە ئارەزوی خویان کاریان کرد بو. کەسیان کاغەزی ئەوی تریانی نەخویند بوەوە. بەرەڵلایی و پاشاگەردانی

بلاو بوبوهوه. به زور و به بیانوی پوچ پارەیان له خەلک سەند بو. له هەندی جیگا به بی سوچ و تاوان له خەلکیان دا بو. هەندیکیان سەرسەریتییان کرد بو و، به ئاشکرا عارەقیان خوارد بوەوه. ئەمەش بو ناوبانگی پیشمەرگه و یەکیتی خراپ بون.
- یەکەی پیشمەرگایەتی له یەک نەئەچو، به گویرەی هەر فەرماندەیەک جیاواز بو، هەندیکیان زور و هەندیکیان کەم بو. له سەر پله و پایه ململانی یان ئەکرد و، زوریان ئەیانویست به فەرماندەی کەرت ناو ببرین و، کەمیان هەبو ئاماده بی ناوی فەرماندەی مەفرەزه بی. هەر یەکەیان ئەیویست خوی به تەنیا بسوریتەوه و، چاوی لیپرسینەوەی کەسیکی له خوی سەروتری لی دیار نەبی. ناوچەکه پر بوبو له مەسئول.
- پیشمەرگەکان و فەرماندەکانیان تیکەلاو بون له خەلکی سلیمانی و، خەلکی ناوچەکه. شارییەکان و لادییەکان ناکوک بون و، ئاماده نەبون سەر بو یەکتری دابنەوینن. گالتەیان به یەکتری ئەکرد و، کارەکانی یەکتریان تیک ئەدا. هەردوکیشیان بو جولانەوەکه پیویست بون. بی پیشمەرگەی خوجیی کارکردن له ناوچەکەدا دژوار بو.
- هەندی له فەرمانده و کادرەکان ئەندامی کومەله و هەندیکی تریان ئەندامی بزوتنەوه بون. هەریەکەیان هەولی ئەدا پیشمەرگه و ئەندام و لایەنگر بو ریکخراوەکەی خوی زیاد بکا. بو ئەمەش زور جار له ناو خەلک دا دژی یەکتری ئەدوان و، ریگای ناراستیان ئەگرت بو بەهیزکردنی خویان و لاوازکردنی لایەنەکەی تر.
- قم لەم ناوچەیەدا کز بوبو، بەلام هیزیکیان له شارباژیر و هیزیکیان له سورین مابو. جاروبار بو راورووت ئەپەرینەوه بو ئەم ناوچەیەش.
حاجی حاجی ئیبراهیم دانرا بو به جیگری من و، رابەری سیاسی هەریم. ئەویش کارەکەی خوی به دل نەبو. نەهاته هەریمەکه و، له ناوچەی نوکان مایەوه. زوری کارەکان کەوت بوه سەر شانی خوم.
هەولیکی زورم دا ئەم گیروگرفتانه چارسەر بکەم. تەبایی له نیوان کومەله و بزوتنەوەدا دروست بکەم. چەند جاری کوبونەوەم به فەرماندەکان کرد و، چەند جاریکیش کوبونەوەی گشتیم به زوری پیشمەرگەکان کرد. ئەو کاته، بو خوپاراستن له هیرشی کتوپری هیزەکانی جەیش، ئەبو شەوەکی له دی دەر بچین و، بچینه شوینیکی نهینی قایم تا ئیواره خومان حەشار بدەین. لەم ماوەیەدا به کوبونەوه و قسه و باسی سیاسی گشتیەوه خەریکم ئەکردن. زور جاریش هەوری تیره و تاریک و لیزمەی باران و کریوەی بەفر، هەلی بو ئەرەخسانین، به ئاسودەیی و ئازادی به روژ، له ناو ئاواییەکان دا بمینینەوه.
سالی ۱۹۷۷ مان به ری کرد. شەوی سەری سال له مزگەوتەکەی چوخماخ بوین.

بو ئیمە ئەمشەویش وەکو شەوەکانی تر بو. «کریسمس» و «سەری ساڵ» لای خەڵکی چوخماخ و، لای زوری پیشمەرگەکان هیچی نەئەگەیاند.

ئەوەندەی فریا کەوتم گوندەکانی چوخماخ، مالومە، هەلەدن، چالاوا، گوێزیلە، پاخسەمەر، قزلەر، قەیوان، خەمزە.. گەڕاین. لە گەڵ ریش سپی و پیاوماقولی ناوچەکە دانیشتم. دانیشتوانی ناوچەکە بە گشتی باش بون، بە روی خوشەوە پیشوازییان لی ئەکردین و، لە هەمو رویەکەوە هاوکارییان ئەکردین. بە دلسوزییەکی قول و پەروشیکی بی ئەندازەوە پشتیوانییان لە جولانەوەکە ئەکرد. هەر کاریکی سەخت و خەتەرم پی ئەسپاردن، بە تایبەتی هاتوچوی سلیمانی، بی دودلی و سلەمینەوە بویان ئەنجام ئەدام.

حاجی قادری مالومە، یەکی لە کەسایەتیە ناسراوەکانی ناوچەکە بو. پیاویکی کوردپەروەر و، دلپاک و قسە خوش بو. بە ناوبردنی وشەی «دیگەل» تورە ئەبو. هەر کس بیوتایە: «دیگەل» جنیویکی بە دایکی ئەدا، ئەو کەسە هەر کسیک بوایە و لە هەر پلە و پایەیەک دا بوایە. زورجار سەریان ئەکردە سەری تورەیان ئەکرد و، ئەیان وروژاند. هەندی جار دوای جنیودان پەشیمان ئەبوەوە و، لە داخانا ئەگریا. بە گەرانەوەی ئیمە و، گەیشتنی چەکی نوی و، ریکخستنەوەی هیزەکان زور خوشحال بو. لە مالەکەی خوی میوانداریی کردین و، بو روژی دوایی چو بو سلیمانی بو ئەوەی ئەو هەواڵە خوشانەیان پی بگەیەنی. لە سلیمانی، بە تایبەتی لە ناو بازار دا، ناسیاوی زوری هەبو.

حامید حەمە ئەمین، گەنجیکی پاخسەمەری، کادری ریکخستن بو لە ناوچەکەدا، ئەندامی کومەڵە بو. خوی بە تەنیا ئەگەرا و، تیکەلاوی مەفرەزەکان نەئەبو. بو خوپاراستن پشتی بە خوشاردنەوە ئەبەست. چەند کادریکی لەم بابەتەمان هەبو. ئەمەش کاریکی راست نەبو. ئاموژگاریمان کرد بو خوی بە تەنیا نەبی و، بو سەلامەتی خوی هەمیشە لە گەڵ یەکی لە مەفرەزەکان بی، ئاموژگارییەکەی لە گوی نەگرت بو. لە هیرشیکی جەیش دا بو سەر ناوچەکە گیرا. حوکمی ئیعدام درا و، لە موسل ئیعدام کرا. لە «زیندانی موسل» وە چەند نامەیەکی نوسی بو، نمونەی ئازایەتی بو.

ماموستا عەزیز مەحمود، دانرا بو بە لیپرسراوی لقی کەرکوکی یەکیتی، ئەبو بچیتە بەری قەرەداغ لەویوە کارەکانی ئەنجام بدا. ئەیویست لە پیش دا بچیتەوە بو سلیمانی پشو بدا و هاوریکانی ببینی و، لەویوە بچیتە ناوچەی قەرەداغ. ئەمەم بە هەل زانی نامەم بو هەندی لە هاوری کونەکانم، لەوانە شازاد و، جەمال تایەر نوسی. هەندی «مارک»ی ئەلمانیم لە مامجەلال وەرگرت بو بو خەرجی هەریم دام بە عەزیز بیدا بە شازاد بومان بگوریتەوە.

*

زمردە و دەرزی

ئەبو هەمو پێشمەرگەکان پێش ئەوەی دنیا روناک ببێتەوە لە خەو هەستن، نانی ٣ ژەم لە گەڵ خۆیان هەڵبگرن و، لە ئاوایی دەربچن و، بچن بو شوێنێکی قایمی چۆڵی نەزانراو، لەوێش بە درێژایی رۆژەکە لە حاڵەتی ئامادەیی دا بن بو روبەروبونەوەی هەمو روداوێکی کتوپر تا ئێواری.

خوئامادەکردنی ئێواران بو چونەوە ناو دێ، ئینجا بڵاو بونەوە و دامەزران بو نان خواردن و، کوبونەوە بو دانانی حەراسەت و کەمینی دەوری دێ و، نوستنی پر ترس و لەرز و، دیسانەوە کوبونەوەی شەوەکی بو بە جێ هێشتنی ئاوایی بەرەو شوێنێکی چۆڵی نەزانراو... دوبارەبونەوەی رۆژانەی هەمان ژیان هەستێکی ناخۆشی لای هەموان دروست ئەکرد. بو ئەوەی توشی بێزاری نەبن و لە ژیانی پێشمەرگایەتی وەرز نەبن ئەبو رابەری سیاسی یا کادری ناوچەکە باسێکی سیاسیان بو بکا، یا شتی لە ئەدەبیاتی بەکیتییان بو بخوێنێتەوە. سەرەرای ئەوەش، هەندێ کەس پاش ماوەیەک لەم جورە ژیانە ماندو ئەبو، ئەگەیشتە بێهودەیی ئەمجورە خەباتە. وازی لە پێشمەرگایەتی ئەهێنا.

لە یەکێ لەو هێرشانەدا کە جەیش و جاش بەردەوام بو ناوچەی قەرەداخیان ئەکرد، دو پێشمەرگە: یەکێکیان لادێی و نەخوێندەوار و، ئەوی تریان شاری و خوێندەوار، بو ئەوەی خۆیان لە هێرشەکە بشارنەوە، پێکەوە بە «شاخی زمردە» دا هەڵئەگەڕێن. پێشمەرگە لادێیەکە ناوی : شاهۆ (حەمەی تەڵە) بو، خەڵکی گوندی «دەرەدزین» بو لە تونی بابای لای دەربەندیخان. هەمو ژیانی خۆی لە شاخ بە سەر برد بو. لە ئاشبەتاڵەکەش دا نە چو بو بو شار. خوێندەوارەکە، خەڵکی سلێمانی و دەرچوی کوللیەی ئاداب و، لە رێکخستنی کومەڵە بوبو، لە کتێبە سورەکەی «ماوتسێتونگ» دا، چیروکی پیاوە پیرەکەی خوێند بوەوە کە چون کێوێکی لە بن هێنا بو. لە گەڵ ئەوەش دا لە شاهۆی پرسی بو: «زمردە بە دەرزی کون ئەکری؟»

شاهۆش وەڵامی دابوەوە: «زمردە چون بە دەرزی کون ئەکری؟»

خوێندەوارە شارییەکە وت بوی: «ئیشەکەی ئێمە وەکو ئەوە وایە زمردە بە دەرزی کون بکەین!»

هەندێکی تر قسەی لەم بابەتەی بو شاهۆ کرد بو تا روخاند بوی و، بە یەکەوە چوبون بو دەربەندیخان تەسلیم بونەوە. شاهۆ پاش چەند رۆژێ پەشیمان بوبوەوە و گەرابوەوە شاخ، سەرلەنوی بوبوە بە پێشمەرگە.

لە گەڵ هەمو ئەو ناخۆشییەدا، هەمیشە ئەوانەی ئەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی زۆرتر بون لەوانەی وازیان لە پێشمەرگایەتی ئەهێنا. هێزەکە تا ئەهات زیادی ئەکرد و گەورە تر ئەبو. مەفرەزەکان ئەبوژانەوە و قەرەبالغ ئەبون و، بەری ئەکران بۆ سنوری چالاکی خۆیان.

*

دوژمن هێزێکی درندەی مەشق دادراوی گەورەی هەبو. بەڵام ئێمە فێرگەیەکمان ئەبو پێشمەرگەی نوی مەشقی تی دا بکا. زۆر لەوانەی ئەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی بە کار هێنانی تفەنگ و ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیان نەئەزانی، چ جای شەر و، هێرش و، خۆپاراستن و کشانەوە.

هەمو فەرماندەی مەفرەزەیەک ئەبو وەکو مامۆستا پێشمەرگە تازەکان فێری کردنەوە و بەستنەوەی تفەنگ و، پاککردنەوە و، بەکارهێنانی بکا. هەروەها فێری ئێشک گرتن و، ڕێگاروپشتنی شەوانە و ڕوژانە و، دەرچون و وریایی و چاو هەڵخستنی بەیانیان بکا... زۆر شتی تریش ئەبو خۆی لە ژیانی ڕوژانە و لە تێکەوتن و دەرباز بون و بوسەدا فێر بێ.

*

لە کۆبونەوەی کومیتەی سەرکردایەتی دا، عومەری حاجی عەبدوڵلا بە فەرماندەی هەرێمی قەرەداغ و، ئەنوەری مەجید سوڵتان بە فەرماندەی هەرێمی دەشتی کەرکوک دانرا بون.

بەڵام ئەنوەر ئەو بەرزکردنەوەیەی بە دورخستنەوە دائەنا لە ناوچەکە. وەکو خۆی ئەیوت: حەزی ئەکرد بە پێشمەرگایەتی لە شارباژێر بمێنێتەوە، نەک بەرزترین پلەی پێشمەرگایەتی لە ناوچەیەکی تر بدرێتی. لە سەر داوای کومەڵە بو بو بە پێشمەرگە و، لە سەر پێشنیاری سەرانی کومەڵەش، دوای مشتومڕێکی زۆر لە گەڵ سەرانی بزوتنەوە، دانرا بو بە فەرماندەی هەرێمی کەرکوک، بەڵام ئەنوەر خۆی پەروشی هیچ «ئیلتزامێکی» حیزبی نەبو. هەر لە شارباژێر مایەوە.

ئەنوەر لە جەیشی عێراق دا ئەفسەر بو بو، لە شۆرشی ئەیلول دا بو بو بە پێشمەرگە. کورێکی ئازا و دەسپاک و دڵسوز بو. بەڵام کابرایەکی ساویلکە و کەڵلەڕەق بو. ئەوانەی لە گەڵی بون بە ئاسانی کاریان تی ئەکرد. زۆری حەز لە ئازاردانی خەڵک ئەکرد. ئەچو بۆ هەر دی یەک چەند کەسێکی فەلاقە ئەکرد و ئەشکاند، لای وابو مەسئول بەوجورە هەیبەت پەیدا ئەکا. هەوڵێکی زۆرم لە گەڵ دا واز لەم خوە خراپە بهێنێ.

بە درێژایی ڕێگا لە گەڵ عومەر پێکەوە بوین، هیچ ئارەزویەکی ئەبو بچی بو

قەرەداغ و کاروباری هەرێمی قەرەداغ وەربگری، تاقەتی لە پێشمەرگایەتی چو بو ئەبوست ڕێگە بدری بچی بو دەرەوە. حەزی ئەکرد جاری هەر لە گەڵ من بمێنێتەوە. ئەوی ڕاستی بی بو من یارمەتیدەرێکی باش بو. لەو ڕووەوە نامەمان بو کاک ئارام نوسی و، من بیروڕاکانی خومم دەربارەی هەلومەرجی کوردستان و جولانەوەکە بو ڕون کرد بوەوە و، هەولم دابو زور لەو قسە ناڕاستانەی پی یان گەیاند بو، ڕاست بکەمەوە. وەڵامی نامەکانی بو نوسینەوە و، مەفرەزەیەکی نارد بو بەشی هەرێمەکەیان لەو چەکانەی هێنا بومان بویان بنێرین. مەفرەزەکە بریتی بو لە شەماڵ (شێخ محەممەدی شێخ مەحمودی باخ)، ڕوستەم (حەسەن حەمید) و ئازد محەممەد غەریب و، چەند پێشمەرگەیەکی تر. بەشەکەی خویان وەرگرت و گەڕانەوە. لە گەڵ کاک ئارام وا ڕێک کەوت بوین، دوای ڕێکخستنەوەی کاروباری هەرێمی قەرەداغ بپەڕێتەوە بو لای ئێمە و ماوەیەک بە یەکەوە بین.

*

سەرەڕای تەڕوتوشی هەوا، ناوبەناو هێزەکانی جەیش هێرشیان ئەهێنایە سەر گوندەکان و بو دوزینەوەمان بە هالیکوپتەر دائەبەزین. ئێمە هەولێکی زورمان ئەدا توشی شەر و پێکادان نەبین. بو ئەو مەبەستە حسابی سنوری جولانی لیواکانی ناوچەکەمان کرد بو. لە سنوری هەر لیوایەک دا چەند ڕوژێکی کەم زیاتر نەئەمایەنەوە. هەر کە ئەمان زانی زانیاری تەواو گەیشتوتە ئیستیخباراتی لیوا و کاتی پەلاماردانمان هاتوە، ئەمان گوێزایەوە بو سنوری لیوایەکی تر. بەمجورە خومان لە ڕوبەڕوبونەوە ئەپاراست. لە گەڵ ئەوەش دا لە هەندی شوێن هەندی هێزی پچوکمان تی ئەکەوتن و توشی شەر ئەبون.

*

کاروباری هەرێمەکەم تا ئەندازەیەک ڕێکخستەوە. فەرماندەی کەرتەکان و مەفرەزەکانیان و، سنوری کارکردن و، دەسەڵاتەکانیانمان دیاری کرد. خومان ئامادە کرد بەرەو شارباژێر بچین.

جادەی سلێمانی - چوارتا ناوچەی جافەتی لە ناوچەی شارباژێر جیا ئەکردەوە. شارباژێر خوی ناوەکەی سەیرە: «شار» و «باژێر» هەردوکیان یەک مەعنایان هەیە. پی ئەچی کاتی خوی بازاری کڕین و فروشتن لەم ناوچەیەدا بوبی، بە تایبەتی چونکە سەردەمێکی درێژ بنکەی ئەمارەتی بابان لە قەڵاچوالان بوە.

ئێوارەیەکی درەنگ چوینە «سیرەمێرگ» و، شەو بە ناو «تەگەران» دا لە جادەکە پەڕینەوە بو ناوچەی شارباژێر. ڕوناکی چراکانی شاری چوارتا، ناوەندی قەزای شارباژێرمان، لی دیار بو. لە سەردەمی ئەمارەتی بابان دا «قەڵاچولان» و، لە سەردەمی تورک دا

«سیتەک» ناوەندی بەربوبەرایەتی شارباژێر بوە. دوای تیشکانی شۆرشی شێخ مەحمود، ئینگلیز ناوەندی قەزاکەی گواستوتەوە بو «چوارتا».

پەیوەندی کومەلایەتی لە شارباژێر پێشکەوتوتر بو لە چاو ناوچەکانی تردا. تیرە یا هوزێکی کومەلایەتی دیاریکراو لە ناوچەکەدا زال نەبو. بەلام ژمارەیەکی زور بنەمالەی شێخ لە هەندی لە دیهاتەکانی دا هەبون. زوری جوتیارەکان خاوەنی زەوی و رەز و باخی خویان بون و، میوە بەرهەمێکی سەرەکیمان بو.

شاباژێر نزیک بو لە سلیمانیەوە. هاتوچوی خەلکی ناوچەکە لە گەل شاری سلیمانی دا لە کونەوە بەهێز بو، هەندی لە گوندەکانیشیان لە چاو گوندەکانی هەندی ناوچەی تردا پێشکەوتوتر و خوشتر بو، خوێندەواریشیان زورتر بو. لە هەندێکیان دا قوتابخانە، تیمارخانە، حەمام، دوکان و چاپخانەی تی دا بو.

لە شارباژێر بە پێچەوانەی ناوچەی جافەتییەوە پێشمەرگەی خوجێیی مان کەم بو. زوری فەرماندە و کادرەکانی خەلکی سلیمانی خویان بو ئەم ناوچەیە ئەکوتا و، لەم ناوە کو بوبونەوە. دەستیان وەرنەدایە کاروباری یەکتریەوە. بو ئەوەی خویان جێگەیان پی لێژ نەبی، حەزیان نەئەکرد خەلکی ناوچەکە بین بە پێشمەرگە و، لە پلەی پێشمەرگایەتی دا سەر بکەون. چنگنیان، بزەینان، عازەبان، گورگەدەر، ویلەدەر و، بناویلە... لەو گوندانە بون کە بە زوری پێشمەرگەکانی سلیمانی لی کو ئەبونەوە. شایەکەی «بناویلە» مەسەلێکی مەشهورە. پیرەمێرد لە «گالتە و گەپ» دا بە دریژی باسی کردوە.

ناوچەکە چەند شاخێکی گەورەی لی یە.

گوندەکانی چنگنیان، نودێ، باراو، حاجی مامەند، پارمزان، دولپەمو، هەرمێلە و هەولو لە دەوری شاخێکی بەرزدا دروست کرا بون، ناوەراستەکەی گەلی بو. «گەلی» دی یەکی چەند مالی بو بە هوی هەرمسی بەفرەوە ویران بوبو. شاخەکە دارو دەوەنی چر و پری لی ما بو. دانیشتوانی هەندی لەم گوندانە هەموی شێخ بون. زانای بە ناوبانگ: «شێخ مارف» لە گوندی نودی لە دایک بوە.

شاخێکی تریان «کەتو» ە. کەتو شاخێکی دابراوە لە شاخەکانی تر، بەلام سەخت و پر لە دارە. لە پەنجاکان دا مەکوگای خولە پیزە و چەتەکانی بوە.

شاخێکی گەورەی تر «کورەکاژاو» ە. وشەی «کور» لە ناوی چەند جێگای تریش دا بەر گوی ئەکەوی، وەکو : کورە کاژاو، کورە داوی، کور کور، کورپەس، کوری گەپلە، کورەک...

*

قم لە ناوچەی سلیمانی

هیزەکانی قم کشابونەوە بو سیوەیل. خویان لە گوندەکانی شاخی سورکیو قایم کرد بو. لە مەلبەندەکانی سوران دا لە چەند جیگایەکی کەم مابون یەکیکیان ئەم ناوچەیە بو. عەبدولمەلیک عەلی عوسمان و ستاری سەعید خەلەف لە بەرپرسە ناسراوەکانیان بون. ستار لە سەر داوای کومەلە و عەبدولمەلیک لە سەر داوای بزوتنەوە هات بونە شاخ و بو بون بە پیشمەرگە. لە سەر ئەوەی پلەی بەرزی لیپرسراوەتیان نەدرا بویە؛ وازیان لە یەکیتی هینا بو، بوبون بە قم.

ئەم تاقمە جگە لەوەی لە روی سیاسییەوە لە گەل ئیمە ناکوک بون، وەکو باندیکی ناسیاسی جەردە رەفتاریان لە گەل خەلک ئەکرد. خەریک بون تابروی شورش و پیشمەرگایەتیان ئەبرد. پارەی زوریان لە خەلک ئەسەند. ریگایان بە کاروانی قاچاغچی ئەگرت. لە خەلکیان ئەدا. خەلکیان ئەکوشت. لەوەش خراپتر دەستدریژییان ئەکردە سەر ناموسی خەلک و، لە مالی هەندی لە پیاوماقول و ریشسپییەکانی ناوچەکەدا بە توێزی بەزمی خواردنەوە و رابواردنیان ساز ئەکرد.

ئیتر کاتی ئەوە هات بو چارەسەر بکرین.

چەند نامەیەکمان بو نوسین کە: یان بگەرینەوە ریزی یەکیتی، یان ناوچەکە بە جی بهیلن برون بو بادینان، یاخود خویان بو شەر ئامادە بکەن. بە دریژی باسی رەفتاری قم مان بەرامبەر پیشمەرگەکانی یەکیتی و، کوشتنی ئیبراهیم عەزۆ و، هاوریکانی و حەسەن خوشناو و هاوریکانی مان بو نوسی بون. هیزەکانیشمان کو کردەوە و سازمان دان بو پەلاماردان و راونانیان. کەریمی دادە مەنە دوستی ستار بو نامەکانی برد و هەندی راسپاردەشی پی بو پیبیان بلی. ستار و هیزەکەیان کوبونەوەی ناوخویان کرد بو بریاریان دا بو تەسلیم بینەوە.

کەریم وەلامی نامەکانی هینایەوە. ستار نامەی بو چەند کەسی نوسی بو لەوانە: مامەجەلال، عەلی عەسکەری، طاهیری عەلی والی، عومەری حاجی عەبدوللا و، من و چەند ناسیاویکی پیشمەرگەی. لە نامەکانی دا زور بە کورتی و دوستانە نوسی بوی: باوەری بە قم نیە تا لە سەر ئەوان شەر لە گەل یەکیتی بکات، بە جوانیشی نازانی بیتە ناو یەکیتییەوە، لە بەر ئەوە مەیدان بو پیشمەرگەکانی یەکیتی چول ئەکات، خوی و هەمو ئەوانەی بە قسەی ئەکەن تەسلیم ئەبیتەوە. پەیوەندییان لە گەل حکومەت کرد. چەند هالیکوپتەریکیان بو ناردن بو ... لەوی خوی و عەبدولمەلیک و هەمو پیشمەرگەکانی لەگەلیان بون بە کومەل سواری هالیکوپتەر بون رویشتنەوە.

ئەم خەمەمان بە بێ ماندو بون لە کۆڵ بوەوە.

عەلی چوارتایی زۆ خۆی لێ دزی بونەوە و نامەی بو ئێمە نوسی بو کە: ئەو ناپەوی تەسلیم بە رژێم بیبێتەوە و، ئەیەوی بێتە ناو ریزی پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە خزمەتی گەلەکەی بکا. جەمالی عەلی باپیرمان نارد بو پێشوازی و بەخێر هێنانی. عەلی چوارتایی هاتە ناو پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە. پێشمەرگەیەکی لێوشاوە و وریا بو. شارەزایی زۆری لە هەڵگرتنەوە و دانانی مین دا هەبو. کرایە فەرماندەی کەرت و دوایێتر بە فەرماندەی تیپ. بە دڵسۆزی و ئازایەتی ئەرکی قورسی پێشمەرگایەتی بە جێ هێنا تا شەهید بو.

جگە لەم تاقمەی تەسلیم بونەوە کە نەتوانرا بە هێزی سەرەکی قم بژمێردرێن، دو تاقمی تریان مابون: تاقمێکیان پاشماوەی ئەوانەی نوکان بون لە دەوروبەری سەردەشت خۆیان پەنا دابو. ئەوی تریان بە سەرکردایەتی نادر هەورامی بنکەیان لە شاخی سورێن بو، کە تەنگاوبش ئەبون ئەچونە دزلی و مەریوان لە ئێران.

هێزەکانی هەرێمی پشدەر چونە سەر ئەوانەی ناوچەی سەردەشت. پاش کەمێ تەقوتوق هەندێکیان گرتن و هەندێکیان چون بو قوڵایی ئێران و، ئەوانی تریان هاتنە ناو ریزی یەکێتییەوە. هەڵوەشاندنی هێزەکەی نادر هەورامیش بە هەرێمەکەی کاک طاهیر سپێردرا بو. بەلام کاک تاهیر هێشتا لە لای م س بو نەگەرا بوەوە هەرێمەکەی خۆی.

*

فۆڕوی ئەدەبی کوردی

هەندێ کەسم راسپارد بو رۆژنامەو گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکانمان بو بنێرن. هەمو رۆژ چەند جاری ئوتومۆبیل لە سلێمانیەوە ئەهات بو گوندەکانی شارباژێر، بە تایبەتی بو چنگنیان. ئەمە لە لایەکەوە قازانجی هەبو، ئاگاداری هەواڵەکانی سلێمانی ئەبوین و، پێویستییەکانیان بو ئەهێناین، لە لایەکی ترەوە زیانی هەبو چونکە هەواڵەکانی ئێمەش بە ئاسانی و خێرایی ئەگەیشتەوە حکومەت.

رۆژێکیان تۆپەڵی گۆڤار و رۆژنامەم بو هات بو. یەکێکیان گۆڤاری کوردی «بەیان» ی بەغدایی بو. لە لاپەرەی دوایەرگی گۆڤارەکەدا نوسینێکی کورتی تێ دا بڵاو کرا بوەوە بە بونەی کوچی دوایی کاپرایەکەوە، وەکو نوسەرێکی گەورە و رۆژنامەوانێکی زل و ئەدیبێکی مەزنی... کورد زۆریان هەڵ دا بو. من ئەو ناوەم هەرگیز نە بیست بو. لە دڵی خۆما وتم: رەنگە ئەو ماوەیەی من لە کوردستان دور بوم، ئەم و چەند کەسی کە هەڵکەوت بن و، من نەیان ناسم. کورەکەمان هەمویان خوێندەوار بون، لێم پرسین: ئەم

نوسەرە گەورەیە کێ یە مردوە؟ کەسیان نەیان ئەناسی و نەیان بیست بو. یەکێکی قسە خوش لە کورەکەدا بو، سەیری وێنەکەی کابرای کرد و، نوسینەکەی خوێندەوە، وتی: «ئەزانی ئەمە لە چی ئەچی؟». وتم: «لە چی؟» وتی: «لە سەر دەرگای هەندێ «مەلها» نوسراوە: «والفنانە العالمیە المشهورە والراقصە الساحرە المعروفە... فوفو. بەلام فوفو کێ یە؟ خاوەنی مەلهاکە هەر خوی ئەیناسی. ئەمیش لەو بابەتەیە!»

*

پولیس و پیشمەرگە

شەوێکیان لە حاجی مامەند بوین. یەکێ بو لە ساردترین شەوەکانی ئەوساڵە. ۲۰۰ کەس زیاتر بوین. لە مزگەوتەکەدا نوست بوین. لە ٤ لاوە حەرەسمان دانا بو. منیش هەر لەوێ نوست بوم. درەنگانێ لە کاتی گورینی ئیشکگرەکان دا لە مشتومری هەندێ پیشمەرگە خەبەرم بوەوە. پرسیم: «چیە؟». یەکێکیان وتی: «یەکێ لە حەرەسەکانمان دیار نیە!». هەستام کەوتە پرسین و گەران. چەند مەفرەزەیەکم بە ڕێگاکان دا نارد دوای حەرەسی هەلاتو بکەون. فریای نەکەوتن. یەکێ لە باشترین تفەنگەکانیشی لە گەڵ خوی برد بو. دوای لێکولینەوە دەرکەوت ئەمە پولیس بوە چەند روژێ لەوەو پیش هات بو بو پیشمەرگایەتی.

زور گەنج ئەهاتن بو پیشمەرگایەتی لەوانە هەندێکیان منال و هەندێکیان پولیس بون. لەو کاتەدا گەنجی عیراقی کە تەمەنی ئەگەیشتە ۱۸ ساڵی لە باتی بەجێهێنانی خزمەتی عەسکەری ئەیتوانی بچێ بە پولیس. ماوەی ٤ ساڵ بە پولیسی ئەمایەوە. معاشێکی باشتری وەر ئەگرت و حسانەوە و پشودانیشی زورتر بو. کارەکەشی بە خزمەتی عەسکەری بو حساب ئەکرا. هەر پولیسێک ئەبو بە پیشمەرگە و تسلیم ئەبوەوە دەستبەجێ «تسریح» یان ئەکرد. هەندێ پولیس ئەم دەرفەتەی بە هەڵ ئەزانی ئەهات ماوەیەکی کورت پیشمەرگایەتی ئەکرد و لە پڕ بە دزیەوە تسلیم ئەبوەوە بو ئەوەی تسریحی بکەن. هاتوچوی ئەم پولیس ـ پیشمەرگانە کارێکی خراپی لە ورەی پیشمەرگەکانی تر و لە ڕێکخستنی پیشمەرگەیی مەفرەزەکانیان ئەکرد. ناچار بوین چەند مەرجێکی قورس بو وەرگرتنیان دابنێین.

هاتنی خالید سەعید و شیخ حسین

لە گوندی حاجی مامەند بوین لە نزیک بەرزنجە نامەیەکی د خالیدمان پێ گەیشت. د خالید و حسین بابەشیخ و پیشمەرگە بادینیەکان گەیشت بونە شوینێکی نزیک ئیمە. پیشمەرگەکان دانیان بە خویانا نەگرت بو لە پرادوست بیننەوە. پێیان وابو

زستان له هەمو هێزەکانی یەنک داتەبرین له ژێر گوشاری سروشت و تم دا پەریشان ئەبن. بریاریان دا بو بو بەسەر بردنی زستان بینە ناوچەکانی هەولێر.

چولکردنی برادوست هەڵەیەکی کوشندە بو. یەکیەتی لە بەهاردا نرخەکەی دا و، توشی کارەساتی هەکاری بو.

لە ناوچەی خوشناوەتی هێزێکی زوری جەیشیان لە سەر کو بوبوەوە. کشابونەوە کوسرەت لەویوە بریاریان دابو لە گومی دوکان بپەرنەوە بو ناوچەی سلیمانی و، بە تایبەتی بو سنوری هەریمەکەی من. ئیوانی من لە گەڵ هەردوکیان زور خوش بو، هەردوکیان بە دوستایەتی من خوشحال بون. لە دەرەوەی گوندی حاجی مامند پیشوازییەکی گەرمان لی کردن. بە تایبەتی چونکە شیخ حسین و پیشمەرگە یادینییەکان بو یەکەم جار بو بینە ناوچەی سلیمانی. سەرلەنوی لە گەڵ د. خالید و شیخ حسین یەکمان گرتەوە.

*

پاسوک

لە گەڵ جەلالی حاجی حسین ناسیاویمان ئەگەرایەوە بو سەرەتای شەستەکان. ئەو کاتە هەردوکمان هەرزەکار بوین. تازە شورشی ئەیلول دەستی پی کرد بو. لە خەباتی ژیرزەمینیی سەردەمی «زەعیم صدیق» دا یەکتریمان ناسی. ئەگەرچی دوایەتر جیاوازیی هەلویستی سیاسی بو بە هوی ئەوەی هەر یەکەمان ریبازیکی جیا لەوی تر بگری، بەلام برایەتییەکمان هەر مابو. تەنانەت لە روداوەکانی ٦٤ دا من کە ناچار بوم خوم بشارمەوە، ماوەیەک لە مالی ئەوان بوم. جەلال بە بیروباوەر نەتەوەیی بو چو بوە ریزی «کاژیک» ەوە، بەلام بە دلسوزی خزمەتی شورش و بارزانی ئەکرد. «کاژیک» جاران خوی ئاشکرا و، ئەندامەکانی بە ئاشکرا کاریان نەئەکرد، ئەندامەکانی ئیری «خوحەشاردان» و «دزە» کرد بو لە ناو داوودەزگاکانی پارتی و بارەگای بارزانی دا. هەولیان ئەدا «شەقاوە» و «پیاوکوژ» لە خویان کو بکەنەوە. لە روداوەکانی ١٩٦٤ - ١٩٦٥ دا دەوریکی خراپیان گیرا و، لە پەنای پارتی و بە ناوی پارتیەوە لە سلیمانی تاوانی گەورەیان دژی هەندی لە شیوعییەکان و، پارتییەکان و، کەسانی نیشتمانپەروەر کرد. لە بەر ئەوە ناوبانگی سیاسی و کومەلایەتی کاژیک باش نەبو.

دوای ئاشبەتال هەندی لە تیکوشەرانی کاژیک بریاریان دابو خویان ریک بخەنەوە. ویست بویان کەلک لە هەلەکانی رابردویان وەربگرن و، لە سەر بنچینەیەکی نوی و، بە ناو و بیر و ئوسلوبیکی تازەوە بینە مەیدانەوە. «پاسوک: پارتی سوسیالیستی کورد» یان دامەزراند. جەلال یەکی بو لەوانە و، لە گەڵ کومەلە کەوت بونە گفتوگو بو بەشداری لە

شورشەکە دا.

کە شورش دەستی پی کردەوە دوای ماوەیەک جەلال بە ناوی پاسوکەوە هات بوە شاخ و، سەفەرمزەیەکی ریکخست بو، لە شارباژیر و شلیر کەوت بوە چالاکی. توانای پاسوک کەم بو. کەم کەس بە دەنگ بیروباوەرەکانیانەوە ئەچو. لە بەر ئەوە هەر بە پچوکی مابوەوە.

دوای چەند سال لە «پارەزان» لە گەل جەلال یەکتریمان بینیەوە. گفتوگوی پەیوەستمان کرد. من پیم خوش بو ئەمجارە پاسوک بە ئاشکرا و بە ناوی خویەوە هاتوتە مەیدانی خەباتەوە، نەک وەکو کاژیکی جاران لە ناو حیزبەکانی ترا دزە بکەن و، لە ریگەی «ئینتەریزم» ەوە کە جوریکە لە «پەلاتگیران» مەبەستەکانی خویان جیبەجی بکەن. جەلال تەئکیدی کرد: کە ئەوان سەربەخون. گریدراوی پارتی نین. ناکوکیی یەکیەتی و ئەم یان پی ناخوشە و، لەو ناکوکییەدا ئەوان لایەن نەن. وتی: جگە لەو مەفرەزەیەکیشیان لە شلیر هەیە، بەختیاری مەجیدخان مەسئولیانە.

منیش بەلینی ریزلینان و هاوکاری و یارمەتی خوی و پیشمەرگەکانیان و حیزبەکەیانم پی دا.

*

شیخان

یەکی لە ناحیەکانی شاباژیر بەرزنجەیە. زوری سادات و شیخانی کوردستانی عیراق و، هەندیکی کوردستانی ئیران، لە خیزانیکی ئەم دی یە کەوتونەتەوە و، بلاو بونەتەوە.

لە سەرانسەری کوردستانی عیراق دا ژمارەیەکی زور شیخ هەیە. شیخەکان بە گشتی ئەکرین بە دو بەشەوە:

- هەندیکیان خویان بە نەوەی پیغەمبەر، لە بەر ئەوە خویان بە «سەید» دائەنین و شەجەرەیان هەیە ئەیانباتەوە سەر یەکی لە ئیمامەکان.

- هەندیکی تریان لە ریگای خوا پەرستییەوە، بە تایبەتی لە ریگەی «ئیرشادی تەریقەت» ی قادری یا نەقشبەندییەوە بون بە شیخ. ئەمانە بە ریچەلەک ناچنەوە سەر پیغەمبەر، بە مانە ئەلین: «شیخی بەرمال».

شیخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی «خانەقا» و، شیخەکانی قادری «تەکیە» یان هەبوە. هەردوکیان مورید و مەنسوب و خەلیفەیان راکیشاوە و، سوفی و دەرویش یان راگرتوە. هەم دەولەت و هەم موسولمانانی خیرومەند، گوند و زەویوزار و باخ و ئاش و دوکان و بازاریان کردوتە وەقفی خانەقا و تەکیەی شیخەکان. شیخەکان و نەوەکانیان بە

مروری زەمان دەستیان بە سەردا گرتوە و کردویانە بە مولکی خۆیان. شێخایەتی یەکێک بوە لە ڕێگەکانی دروست بونی «دەرەبەگایەتی زەوی» لە کوردستان دا.

لە ناوچەی سلێمانی دا دو بنەماڵەی گەورەی شێخان ئیدیعای سیادەت ئەکەن:

- ساداتی بەرزنجە، وا ئیدیعا ئەکەن ئەچنەوە سەر شێخ عیسای نوربەخش، کوری باباعەلی هەمەدانی، نەوەی ئیمامی هەشتەمی شیعەکان: ئیمام موسای کاظم.

- شێخانی تەکیەی قەرەداغ وا ئیدیعا ئەکەن ئەچنەوە سەر ئیمام حەمزە.

لە سەردەمی عەبباسیەکان دا کە نەوەکانی ئیمامی عەلی کەوتونەتە بەر شالاوی قڕ کردن، گوایە ئەمان لە ناو چەوسانەوە و، لە ترسی کوشتن، هەلاتون بۆ چیاکانی کوردستان و لێرە جێگیر بون و، ئەم نەوانەیان لێ کەوتوتەوە.

ئەم دو بنەمـــالەیە چەندین «بحـــر الانســـاب» و «شـــەجـــەرە» یان نوســـیـــوە و، کاربەدەستانی سەردەم موری ڕاست بونیان پێ دا ناوە، بەلام ئەم «بەحر» و «شەجەرانە»:

١. هـەمـــویـان لەم دوسی چەرخـــەی دوایی دا لە بەر یەکـــتـــری نوســـراون، هیچ بەلگەیەکی کۆن بە دەستەوە نیە پشتیوانیان لێ بکا.

٢. تا ئیـسـتـا هیچ لێکۆلینەوەیەکی زانستی بۆ ساغ کردنەوەی ڕادەی ڕاستی و دروستییـان نەکراوە و، کەسیش نەیوێراوە خۆی لە قەرەی باسێکی وەها بدا، بە تایبەتی شێخەکان هەمیشە لە لایەکەوە پشت ئەستور بون بە کاربەدەستانی سەردەم و، لە لایەکی ترەوە خۆیشیان لە ناوچەکەدا دەسەلاتدار و دەسرۆیشتو بون.

ئەدمـــۆندز بەشـــێکی کـــتـــێـــبەکـــەی: «کـورد و تورک و عـەرەب» بۆ لێکۆلینەوەی ڕیچەلەکی شێخان و سادات تەرخان کردوە. بە پێ ی تۆژینەوەی ئەدمونز لە «شەجەرە» ی ساداتی بەرزنجە دا، لە نێوان شێخ عیسای دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە و ئیمام موسای کاظم دا بۆشاییەکی زەمانی هەیە، بە حەوت پشت ئینجا پڕ ئەبێتەوە.

سـەفەویـیەکان، لە پێش دا شێخەکانی تەریقەتیان و، دواییتر شاهەکانیان، وایان ئیدیعا ئەکرد، سەیدن و ئەچنەوە سەر ئیمام جەعفەری صادق. مێژونوسی ناوداری ئێرانی «احمد کسروی» نوسەری مێژوی «مشروطە» و «ئازەربایجان»، دوای لێکۆلینەوەیەکی ورد کتێبێکی نوسی لە ژێر ناوی: «شیخ صفی و تبارش»، واتە شێخ صەفی و بنەچەوبناوانی. لەم کـتـێـبـەدا سەلماند بوی باپیرە گـەورەی سـەفـەوییـەکان لە چیای شـنـگاری کـوردسـتـانی عـێـراقـەوە چوتە ئازەربایجان، نە سـەیدە و نە تورک بەلکو کـوردێکی سوننی بوە. هەندی لێکۆلینەوەی تری لەم بابەتەی نوسی. لە سەر ئەوە کوشتیان.

باسـەکـە وەکو بابەتێکی پیرۆزی دینیی ئەوەندە ناسک بوە کەس زاتی نەکردوە لێ

ی پەدوی. لە بەر ئەم هویانە ئیدیعای شیخەکان سەری گرتوە و، لە لایەن خەلکەوە بێ مشتومر قبول کراوە.

شیخانی تەکیە تیکەلاوی ژیانی سیاسی نەبون، لە ریگەی مەلایەتییەوە نفوزیکی کەمیان هەبوە. بەلام ساداتی بەرزنجە لە ماوەی قەرن و نیوی رابردودا سەرەرای دەسەلاتی دینیی، نفوزی سیاسی، کومەلایەتی و ئابوریشیان هەبوە.

ساداتی بەرزنجە لە سەردەمی شیخ مارفی نودی(؟ - ١٨٣٨) وە ناوبانگی دینیی و زانستییان بلاو بوتەوە، دوای ئەویش کاک ئەحمەدی کوری و، شیخ سەعیدی نەوەی کاک ئەحمەد، سەرەرای دەسەلاتی دینیی، دەسەلاتی دنیاییشیان پەیدا کرد. لەوەش دا چەند هویەک یارمەتی داون:

١. دروستبونی بوشایی دەسەلات و، بوشایی رابەری لە ناوچەی سلیمانی دا لە ئەنجامی روخانی ئەمارەتی بابان دا.

٢. هاوکاری ئەمان لە گەل دەسەلاتدارانی عوسمانی و، پشتیوانی دەسەلاتدارانی عوسمانی لە مان.

٣. هەبونی گوند و زەویوزاری فراوانی وەقف لە سەرانسەری ناوچەی سلیمانی دا.

بیگومان ئەم بوچونە بو تانە دان نیە لەم بنەمالە بەریزە. لە ناو ساداتی بەرزنجەدا، پیاوی زور گەورەیان لە بواری جیا جیادا تیا هەلکەوتوە، لە میژوی سیاسی، ئەدەبی، روشنبیریی کوردا پایەی بەرزیان هەیە. شیخ مەحمود لە سالانی یەکەمین جەنگی جیهانیەوە تا سەرەتای سییەکان پیشەوای جولانەوەی کورد بو لە کوردستانی جنوبی دا.

لە ناوچەی شارباژیر و دولی جافەتی دا سەدان بنەمالەی شیخی تیایە بە تایبەتی لە گوندەکانی: بەرزنجە، کاژاو، نودی، باراو، حاجی مامەند، پارەزان، دولپەمو، قولەگیسکان، بەردەزەرد، سویرەلە، سەرگەلو، شەدەلە... زوری ئەمانە جوتیاری هەژار و مامناوجین، زور کەمیان تیا بو دەولەمەن و دارایی.

شیخەکان، بە تایبەتی ئەوانەی سەیدن، دەولەمەن بن یا هەژار، باقی خەلک بە «نومی» و، لە خویان بە نزمتر دائەنین، ژنیان لی ئەهینن، بەلام بە دەگمەن روی داوە ژنیان دابی بە نومی.

لە ناو گەلانی موسولمانی ناعەرەب دا، گیرانەوەی ریچەلەکی بنەمالەیەک یان تیرەیەک بو سەر پیغەمبەر یان یەکی لە خەلیفەکان، یان سەحابەکان زور جار روی داوە. زوریشی بو مەبەستی سیاسی یا دینیی یا کومەلایەتی هەلبەستراو و دروستکراون. رەنگە هوی ئەمەش بگەریتەوە بو روداوەکانی سەردەمی ئەمەوی.

بەر لە ئیسلام سەرزەمینی کورد لە ژێر دەسەلاتی دو ئیمپراتورییەتی گەورەی ئەو زەمانەدا بون: روژهەلات و لای ژێروی لە ژێر دەسەلاتی ساسانی و، لای روژئاوای و بەشی ژورووی لە ژێر دەسەلاتی بیزەنتیبیەکان دا بو. ساسانیەکان فارس بون یا کورد؟ خوی پاسیکە ئەهینی زوری لە سەر بکولریتەوە.

هەردو کومەلی ساسانی و بیزەنتی لە سەر بنچینەی چینایەتی دامەزرا بون. چینەکانی سەرەوە حوکمی ولاتیان ئەکرد و، سەرکردایەتی لشکر و لشکرکیشیەکان، چینەکانی خوارەوەش کار و پیشە و هەندی جار سەربازی شەرکەر بون. ئیسلام وەکو دینیکی تازە کە هات سنوری چینەکانی لە ناو ئەم کومەلانەدا تیک دا و، بانگی دو جورە یەکسانی بە گوی ی مروڤایەتی دا دا: یەکسانی لە نیوان عەرەب و هەمو نەتەوەکانی تردا و، یەکسانی هەموان لە ناو کومەلی ئیسلام دا. تەنیا شت کە ئەبو بە هوی جیاوازی لە نیوان نەتەوەیەک و نەتەوەیەک و، مروڤیک و مروڤیک دا خواپەرستی «تەقوا» بو.

ئیسلام ئەگەرچی یەکسانی لەو بوارانەدا هینا، بەلام ئەمیش مروڤایەتی لە سەر بنچینەی دین کرد بە ۳ پولەوە: ئەوانەی باوەریان بە ئیسلام هینا بو: «الامه الاسلامیه». ئەوانەی باوەریان بە ئیسلام نەهینا بو بەلام «ئەهلی کیتاب» بون وەکو جو، مەسیحی، سوبەی، زەردەشتی و، لە «دار الاسلام» دا ئەژیان: «اهل الذمه». ئەوانەی باوەریان بە ئیسلام نەهینا بو و «ئەهلی کیتاب» یش نەبون: «الکفار والمشرکین».

ئەم دابەشکردنە سنوری ئەرک و فرمانەکانی هاوولاتی جیا ئەکردەوە:

- ئیسلام لە باج ئەبەخشرا.
- «ئەهلی کیتاب» کە لە سەر دینەکەی خویان ما بون، بەلام لە ژێر سایەی ئیسلام دا ئەژیان، پی یان ئەوترا «اهل الذمه». بەرامبەر پاراستنی سەر و سامانیان ئەبو سەرانە «جزیه» بدەن.
- ئەوانەی ئەهلی کیتاب نەبون و، ئیسلامیش نەبون، بە «کافر» دائەنران، سەر و مالیان بو موسولمانان حەلال بو.

ئەمەوییەکان داوودەزگای حکومەتیی گەورەیان دامەزراند، بو دابینکردنی خەرجی داوودەزگاکانی حکومەتەکەیان و، کوشک و سەراکانیان پیویستیان بە سەرچاوەی تازەی دەرامەت بو. یەکی لە سەرەتا گرنگەکانی ئیسلام: «یەکسانی موسولمانی عەرەب و موسولمانی ناعەرەب» یان، هەلوەشاندەوە. بو گەلانەیان ئەوت «موالی» کە موسولمان بون بەلام عەرەب نەبون. وەکو جاران موسولمانی عەرەب لە باج بەخشرا بو، بەلام باج خرایە سەر «مەوالی » یش، وەکو «جزیه» لە سەر «ئەهلی ذیممە» بو.

کــاروباری دەولەت و دەســەلاتداری لە دەس عــەرەب دا کــو کــرا بوەوە. لە ناو عەرەبیش دا «قورەیش» لە پیش بون. سەردەمیک «بەنی ئومەییە» و سەردەمیک «بەنی عەباس». شیعەش بە نهینی لە چالاکییەکی بی پسانەوەدا بو بو پروپاگاندەی دینیی – سیاسی بو «ئالی عەلی» کە نەوەی محەممەد بون لە ریگای فاطیمەی کچیەوە. هەمو موسولمانیک لە نویژ و دوعادا ئەبو «صەلات و سەلام» بو «محەممەد و ئالی محەممەد» بنیری.

ئەمەویەکان گیانی خوبەزلزانینیان لە ناو عەرەب دا بلاو ئەکردەوە، بە چاوی سوک سەیری گەلانی ناعەرەبیان ئەکرد موسولمان بونایە یا ناموسولمان. بو روبەروبونەوەی ئەم «خوبەزلزانینەی عەرەب» بزوتنەوەی «شعوبی» پەیدا بو. لە ناو شعوبییەکان دا زانا و نوسەری گەورە هەبو. زوریان بە عەرەبی ئەیان نوسی. ئەمانیش لە نوسینەکانیان دا لە پایەی عەرەبیان ئەهینایە خواری.

«عەرەب بون»، لە ناو عەرەبیش دا «قورەیشی بون» پلەی مروڤی بەرز ئەکردەوە و، ئیمتیازی سیاسی و کومەلایەتی و دارایی پی ئەبەخشی. فەقیهەکانی ئیسلام بە دەیان باس و لیکولینەوەیان لە سەر مەرجەکانی حاکم نوسیوە، زوریان پی یان لە سەر ئەوە داگرتوە ئەبی بە ریچەلەک قورەیشی بی و هەندیکیان وتویانە ئەبی هاشمی بی و، کەمیان وتویانە مەرج نیە لەوان بی، بەلام ئەبی عادل و بە تەقوا و سالح بی. فەقیهەکانی شیعە «ئیمامەتی» یان بە تەنیا بە هەقی عەلی و نەوەکانی عەلی ئەزانی.

ئیلە موسولمانەکانی ناعەرەب بو خوپاراستن خویان خستوتە پەنای یەکی لە قەبیلە ناودارەکانی عەرەب بەرامبەر پیشکەش کردنی هەندی خزمەت. زور کەس و زور تیرە لە سەرانسەری ولاتانی ئیسلامی دا بو ئەوەی کەلک لە ئیمتیازەکانی عەرەب وەر بگرن ریچەلەکی خویان بردوتەوە سەر یەکی لە نەوەکانی عەلی، یان یەکی لە خەلیفەکان، یا سەحابەکانی پیغەمەر.

جورجی زەیدان، لە یەکی لە کتیبەکانی دا چیروکیکی لەم بابەتە لە سەر سولتان سەلاحەدینی ئەیوبی ئەگیریتەوە. کە صەلاحەدین جیگیر ئەبی هەندی لە دەسوپیوەندە نزیک و شارەزاکانی ئاموژگاری ئەکەن، بو ئەوەی بنچینەکانی حوکمی ئەم و دوای ئەم نەوەکانی بە تەواوی بچەسپی، «شەجەرە» یەکی بو دروست بکەن بیبەنەوە بو سەر پیغەمەر. صەلاحەدین پرس بە باوکی ئەکا. باوکی رازی نابی و پی ی ئەلی: «تو کە ئیستا خوا بەم پایە بەرزەی گەیاندوی چ پیویستیەکت بە شتیکی دروستکراوی وەها هەیە. هەمان تاقمی ئیستا شەجەرەکەت بو ریک ئەخەن، لە پاشەروژدا، کە لە گەلت تیکچون،

تانەی لێ ئەدەن».

شەرەفخان لە مێژووەکەی دا: «شەرەفنامە» کە باسی ڕیچەڵەکی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ئەکا، هی زۆریان ئەباتەوە بو سەر کسایەتییەکی عەرەب، بو نمونە: میرەکانی هەکاری و ئامێدی و چمشکزەک ڕیچەڵەکی خۆیان بردوتەوە بو سەر خەلیفەکانی عەبباسی و، میرەکانی مەرداسی و کلیس بو سەر عەبباسی مامی پێغەمبەر و، میرەکانی سلێمانی بو سەر مەروان ئەلحیماری خەلیفەی ئەمەوی و، میرەکانی جزیرە بو سەر خالیدی کوری وەلید و، میرەکانی سوران بو سەر عەرەبێکی بەغدادی و، میرەکانی زەرقی و دونبولی بو سەر عەرەبێکی شامی.

بێگومان شەرەفخان ئەمانەی لە خۆیەوە دروست نەکردوە، بەلکو لە زمانی خۆیانی بیستوە و لە بەلگەکانی ئەو زەمانەی وەرگرتوە. بنەماڵەی میرانی جزیرە و بوتان ڕیچەڵەکی خۆیان بردوتەوە سەر خالیدی کوری وەلید، کەچی وا باوە خالید کە مردوە وەجاخی کوێر بوە. جەلادەت بەدرخان ڕونکردنەوەیەکی لە سەر ئەمە نوسیوە و، بە هەڵبەستراوی داناوە.

ڕیچەڵەکی «عەرەبیی» زۆر لەم بنەماڵانە ئەبێ لەم چوارچێوەیەدا لێک بدرێتەوە.

*

شلێر

شلێر گوڵێکی کوێستانیی جوانە بەهاران ئەگشێتەوە. بە ناوی ئەم گوڵە جوانەوە زۆر کچ ناو نراون. هەروەها ناوە بو ناوچەیەکی خۆش لە پێنجوێن. لە پێش پێنجوێن دا «قزلجە» ناوەندی بەرێوەبەرایەتی ناوچەکە بوە. ناوی قزلجە وەکو ناوچەیەکی سنووریی لە ڕێککەوتننامەی زەهاو دا هاتوە.

ناوچەی شلێر لە نەخشەی عێراق دا وەکو زمان چوتە ناو ئێرانەوە. شلێر کەوتوتە نێوان شاخەکانی «لەری» و «تاریدەر» و، بە درێژایی دوڵەکە گوندەکانی مێشیاو، شایەن، پارێکدەر، لارەدەر، هارێر، شێرزاد، ڕینە، داروخان.. دروست کرا بون. یەکێ بو لە شوێنە نمونەییەکانی خوەشاردان و حەوانەوەی پێشمەرگە. خانوەکانی ئەمانیش وەکو گوندەکانی تری کوردستان تەنگ و تاریک و دوکەڵاوی بو.

شلێر ناوچەیەکی دڵگیر و، ئاووهەوای خۆش و دیمەنەکانی جوان و، کانی و ئاوی زوری هەبو. لیرەواری چری ما بو. ڕەز و باخی زور کەم بو. کاتی خوی ئاغاکان ڕێگای جوتیارەکانیان نەداوە باخ بکەن چونکە دەسکەوتی ئابوری کەم بوە. لە باتی ئەوە توتن و مەرمزە و گەنم و سپیداریان پێ چاندون. جوتیارەکان هەژار بون و، ڕوتاندنەوەیان پێوە دیار بو.

دانیشتوانی شلیر سەر بە خیلیکی دیاریکراو نەبون و، پیوەندی خیلەکیان لاواز بو. زەمانیک حەمە رەشید خان دەسەلاتداری بە هیزی ناوچەکە بوە و، بو گرتنی بانە و، بو بەشداری لە جمهورییەتی مەهابادا خەلکی ئیرەشی لە گەل خوی بردوە.

*

قم لە ئیرانەوە چەند کەسیکی نارد بووە لە ناوچەکەدا کاربکەن، وەکو: خەلەی رەشە بەحری، شەریفە کەچەل، صابیری مینە رەندان. ئەمانە هەمویان پاش ماوەیەک تەسلیم بوبونەوە و، مەفرەزەی جاشی ئیستیخباراتیان دروست کرد بو. تەنیا هیزی قم ئەوە بو لە گەل نادر هەورامی لە سورین بون. بەلام یەکیتی چەندین مەفرەزە و فەرماندە و کادری لە ناوچەکەدا هەبو.

هیزەکەمان بە ئاوایییەکانی شلیر دا دابەش بون.

کوبونەوەی هیزەکە لە شلیر بو چەند مەبەستی بو: یەکەمیان، پشو پی دان و ریکخستنەوەی. دوەمیان، دانانی ریوشوینی هەلکەندنی قم لە سورین و هەلوەشاندنی هیزەکەیان.

لەو ماوەیەدا کاک تایەریش بە ناو ئیران دا بە نهینی لە نوکانەوە گەیشتەوە هەریمەکەی خوی. لە گەل خوی نامەی مامجەلال و مەکتەبی سیاسی بو ئیمەش هینا بو. مامجەلال داوای کرد بو بەر لە نەوروز بگەینە شینی بو کوبونەوەی کومیتەی سەرکردایەتی.

*

کوژرانی کاک ئارام

ئیوارەیەکیان لە گوندی «چاژ» بوین ئاگاداریان کردم کە یەکی لە سلیمانییەوە نامەیەکی بە پەلەی بو هیناوم. نامەکەیان بو هینام. نامەکە لە «کومیتەی هەلمەت» ەوە بو. ئەوسا کومیتەی هەلمەت ناوی ریکخستنی سەرەکی کومەلە بو لە ناو شارەکانی کوردستانی عیراق دا.

لە نامەکەدا بویان نوسی بوم کە روژی ٧٨/١/٣١ مەفرەزەیەکی جاش بە ریکەوت چونەتە گوندی تەنگیسەر لە قەرەداغ. کاک ئارام خوی لەو گوندەدا شارد بووە. کە جاشەکان ئەبینی تفەنگەکەی ئەکاتە شانی و ئەیەوی بە خیرایی لە ئاوایی دەربچی. جاشەکان بەدوی ئەکەن و تەقەی لی ئەکەن. کاک ئارام ئەپیکری و هەر لەوی دا گیانی دەرئەچی. جاشەکان ئەچنە سەری گیرفانی ئەپشکنن «هەویە» یەکی پی ئەبی بە ناوی «انور» ەوە. جاشەکان نای ناسن و لاشەکەی بە جی ئەهیلن. بەلام «هەویە» کەی ئەبەن و،

ئەدەن بە داثیرەی «ئەمن» لە سلیمانی. «ئەمن» پش نەیزانی بو ئەو «انور» ناوە کاک ئارامە. روداوەکە یەک روژ بو قەوما بو.

کومیتەی هەلەت بە داخ و پەژارەیەکی بی ئەندازەوە ئەو هەوالەیان بو من نوسی بو. هەروەها باسی دەوری کاک ئارامیان کرد بو لە سەرپەرشتی و ئاموژگاری ریکخستنی نهینی شارەکان دا. شەهید بونی کاک ئارام جگە لەوەی خەمیکی گەورەی بە هاوریکانی ئەدا، بوشاییەکی گەورەی لە ژیانی ریکخراوەیی دا دروست ئەکرد.

کومیتەی هەلەت داوایان لی کرد بوم لیرە بەدواوە لە باتی کاک ئارام من پیوەندییان لە گەل ببەستم. سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانیان بکەم. کاک ئارام دوستیکی نزیک و خوشەویستی من بو. لە بیروباوەردا لە یەکەوە نزیک بوین. لە دامەزراندنی کومەلەدا لە گروپەکەی ئیمە بو. دوای پانزەی ئازاری ۷۰ لە بەغدا زور جار، من و ئەو و حیلمی عەلی شەریف، یەکتریمان ئەبینی و، من هانم دا ریگەی روژنامەوانی بگری. پیش ئەوەی سەفەری ئیمەننا بکەم لە گەل کاک ئارام پیکەوە چوین بو چومان بو خواحافیزی لە ماموستا ئیبراهیم و کاک عەلی و کاک عومەر.

شەهید بونی ناوەختی کاک ئارام بو هەمومان جیگەی داخ بو. چاوەروانی گەیشتنی بوین. بە نامە وا ری کەوت بوین کاروباری پیشمەرگەکانی قەرەداغ و کاروباری ریکخستن تەواو بکاو لەو ماوەیەدا بگاتە لای ئیمەو پیکەوە بە کومەل بەرەو پشدەر بچین بو بەشداری لە کوبونەوەکانی سەرکردایەتی دا.

وەلامی نامەکەی کومیتەی هەلەتم نوسیبەوە. بەلینم دانی بو هاوکاری و یارمەتی هەرچی بە من بکری دریغی نەکەم. مسودەی بەیانیکیشم بە ناوی کومەلەوە بەو بونەیەوە نوسی و، بوم ناردن کە ئەگەر پسند بی چاپی بکەن و بلاوی بکەنەوە. نامەیەکی پەلەم بو مامجەلال و مەکتەبی سیاسی نوسی، کە ئەوانیش بەیانیکی لە سەر دەربکەن. هەروەها هەمو ئەو کادرانەی کومەلە کە لەو نزیکانە بون بانگم کردن بو کو بونەوە. هەوالەکەم پی راگەیاندن. پیم وتن پیویستە خویان بو کوبونەوەی فراوانی کادرەکان ئامادە بکەن بو ئەوەی کاروباری ریکخراوەیی کومەلە بە جوریکی گونجاو لەگەل هەلومەرجی نوی سەر لە نوی ریک بخەینەوە.

*

خیش!

ماوەیەک بو نەخوش کەوت بوم. کە هەناسەم ئەدا، بە تایبەتی کە ئەکوکیم یا ئەپژمیم، ئازاریک لە ژیر پەراسوەکانی لای چەپی سنگم دا، بروسکەی ئەدا و، ئەیگەیاندمە

شەرای مەرگ. زۆرم لە خۆم ئەکرد و خۆمم ڕائەکێشا. بە دەم گەران و سورانی بەردەوامەوە چوینە گوندی باریکەدەر، یان وەکو خۆیان ئەیانوت: بالیکەدەر. ژمارەمان زور بو. خالید سەعید و شێخ حسێن و بەکری حاجی سەفەر... پێکەوە بوین. کابرایەک پرچی بەردا بووەوە هات بە پیرمانەوە. من چومە مزگەوتەکە لە پەنای زوپاکەدا ڕاکشام. پێشمەرگەکانی لای خۆمم ئیزن دا بو نان خواردن برون بو ناو دێ. هەمو هێزەکەی دامەزراند.

کابرای دەرویش هاتە مزگەوت منی دی ڕاکشاوم. وتی: «هەستە بتبەم لە مالیک داتبمەزرێنم».

وتم: «دەرویش گیان من برسیم نیە و ناساغم حەز ئەکەم لێرە بو خۆم ئیسراحەت بکەم».

وتی: «نابی‌ا هەرچی بێتە ئەم ئاوایەی ئیمە ئەبی ئەکسان بکا. ئەتبەم بو مالیک هەم نان بخو هەم ئیسراحەت بکە!»

زوری لە گەل خەریک بوم. گوێی نەدا و وازی لی نەهێنام. ناچار لە گەلی ڕویشتم. بە هەورازێک دا سەری خستم بو دوایین خانو. هەناسەم لی برا بو. لە تاو ئازاری سنگم خەریک بو بکەوم. بەدەس ئیشارەتی بو کردم وتی: «بچورە ئەو مالە لەوی نان بخو و هەر لەویش ئیسراحەت بکە». منیش سوپاسم کرد. ئەو ڕویشت و منیش چوم بو مالەکە. سەیرم کرد نزیکەی ۲۰ پێشمەرگە لە بادینییەکان لەو مالەدا دانیشتون. یەکسەر گەرامەوە دواوە. چومەوە بو مزگەوت. مزگەوتەکە زوریکی روناک و پاک و گەرم و خوش بو. خوم لی دا بە ئەرزا.

جاریکی تر دەرویش پەیدا بو. کە منی لەوی بینیەوە تورە بو.

وتی: «ئەی ئیستا من توم نەبرد دامەزراندی، بو هاتیتەوە؟»

وتم: دەرویش مالەکە خەلکی تری زور لی بو. بە جوانم نەزانی منیش ببم بە سەربار»

وتی: «دەی ئەیناکا هەستە بتبەم بو مالیکی تر».

سوپاسم کرد وتم: «حەز ئەکەم لێرە بم».

پی ی لی کردمە کەوش کە هەر ئەبی هەستم. وتم: «دەرروێش ئەزانی ئازار و نەخوشیی چیە؟».

وتی: «بەلی منیش خوم ناساغم».

وتم: «کەواتە وازم لی بینە. تاقەتم نیە و نان ناخوم».

وتی: «تا ئیستا چەند جار پێشمەرگە هاتونەتە ئیرە، هەمو جار من دامەزراندون

تا ئیستە هیچ کەسیکیان گلەیی نەکردوە، ئەمە چیتە تو ئەلی ی لوزەنگەری خوتت داوە بە ئەرزەکەدا خیشت کردوە؟»

ئەوە یەکەم جار بو وشەی «خیش» بیستم. وای ئەزانی من دلگیر بوم بویە نان ناخوم. ئیتر گەیشتە تینم خومم پی رانەگیرا. راست بومەوە بە توڕەییەوە قسەیەکم پی وت و، وتم: «ئەگەر ئەروی هەلئەستم لە لیتەی بەر مزگەوتەکەت هەلئەکیشم».

دەرویش بیست بوی پیش من پیشمەرگە خەلکی تریان لە ناو هەلکیشاوە، لە ترسی هەرەشەکەی من، لی ی دا رویشت. پاش توزیکی تر هاتەوە. لە پیشەوە منی ئەناسی بو، وای زانی بو پیشمەرگەیەکم وەکو پیشمەرگەکانی تر، ئەمجارە زانی بوی من کیم و چیم. دیسان بەروکی گرتەوە. داوای لی بوردنی لی ئەکردم کە ئەیناسیبوم و، زوری لی ئەکردم لە گەلی بروم میوانی مالی ئەوان بم. لە راستی دا لەو کاتەدا خوشترین خواردنی دنیا لە لای من یەک ناو پشودانی بی دەنگ و سەنگ و ئارامگرتنی بی قسەی ئەئەهینا. بەلام دەرویش لەمە تی ئەئەگەیشت. مەعنای «خیش» م لی پرسی. بوی رون کردمەوە. لەمەوە ئیتر وشەی «خیش» لە ناو پیشمەرگەدا بلاو بوەوە.

*

بەختیاری مەجیدخان

لە نیوانی چەمەک و سیپبار دا بوین، توشی چەند کەسیکی بی چەک بوین. ئەوانە پیشمەرگەی مەفرەزەیەک بون شەوی رابردو لە مزگەوتیکا، لە گەل مەفرەزەکەی بەختیار پیکەوە واجباتی شەوانەیان دانا بو. مەفرەزەکەی بەختیار لە وەختی نوستن دا هەمویان چەک کرد بون. ئەم کارە ناڕەزاییەکی قولی لە ناو هەمو هیزەکەدا وروژان. ئەمەش بە سوکایەتییەکی گەورە دائەنرا بو یەکیتی.

هیزەکەمان بەرەوژوری ۰۰ ٥ کەس ئەبو. زوری بەرپرسەکانی ناوچەی سلیمانی یەکیتی لە گەل بون. هەمو هیزەکە کرا بە ۳ ریز بو کیومالی ناوچەی شلیر بە دوی بەختیار و مەفرەزەکەی دا. بەختیار لە گوندی ویتە بو. چواردەوری دی گیرا و هەلیان کوتایە ناو دی. بەختیار و مەفرەزەکەی پییان زانی. شاوری کوبونەوەیان لی دا. بە راکردن لە ناو دی دەرچون. بە بەردەمی عومەری کویخا قادری ناوەکەلە و تاقمەکەی دا تی پەری بون، دەنگیان لە گەل نەکرد بون.

بەختیار و پیشمەرگەکانی هەر هەمان شەو تەسلیم بونەوە. حکومەت بردنی بو کەرکوک و پاش چەند روژی بە چەکداری هیناییەوە بو پینجوین. مەفرەزەیەکی یەکیتی چو بون بو کاریکی پیشمەرگانە لە ناو پینجوین دا. هەندیک لە پیشمەرگەکانی ئەم

مـــهفـــرەزەیە لە وانە بون بەخـــتـــیـــار چەکی کـــرد بون. ئەو هەلەیان بە دەرفـــەت زانی بۆ کەمینیکیان بۆ بەختیار دانا بو. روژی ۷۸/۲/۱۲ کوشتیـان. مەفرەزەکە ئەو کارەیان سەربەخو، بی پرسی هیچکام لە بەرپرسەکانی یەکیتی، کرد بو.

مردنی بە ختیار بەو شیوەیە مـخابن بو. بەختـیـار کـوری مـەجیـد خان و ئەوەی حـەمـەرەشـیـد خان بو. حەمـەرەشـیـد خان یەکی بو لە ٤ جەنەراڵەکـەی کـوماری مـەهاباد. مەجید خانیش یەکی بو لە فەرماندەکانی هیزی دیموکراتی بانە. لە سەر کوردایەتی توشی دەربەدەری و ناخوشییەکی زور بو بون. لە سەرەتای شورشی ئەیلول دا حەمەرەشید خان و کورەکانی و خزمـەکانی هاوکارییان لە گەڵ بەرپرسـەکانی شورش کرد بو بو ئازاد کـردنی پینجوین. بە دریژی سالانی شورش دلسوزی کورد بون. لە دوای ئاشبەتاڵ رویان لە ئیران کـرد بو. لە گـەڵ دەس پی کـردنەوەی شـورشی حوزەیران دا بەختـیـاریش لە ئیـرانەوە هات بوەوە لە ناوچەی شلیری پینجوین بو بو بە پیشمەرگە.

*

چەککردنی عومەری ئاوەکەلە

ئەنوەری مەجید سولتان و، کەریمی دادەمەنە کابرایەکی فەراشی قوتابخانەی یەکی لە گـوندەکـانی ئەو ناوەیان گرت بو. نامـەیەکی لە «مـودیری ئەمن» ی سلیـمـانیـیـەوە بو عومـەری کویخا قادری ئاوەکەلە هینا بو. نامەکە وەکو لە وەلامی نامەی عومەردا نوسرابی وا بو. عومەر پیش ئەوەی ببیتە شاخ ماموستای سەرەتایی بو.

عومەر فـەرماندەی کەرت بو لە هەریمەکەی من. هەروەها ئەندامی کومەلە بو. بەلام ئەمیش هەندی «موخالەفاتی» هەبو بە تایبەتی پارە سەندن. لە بەر ئەوە سلی لە من ئەکرد و خوی دور رائەگرت. نازانم بوچی ئەنوەر و کەریمیش حەزیان لە چارەی نەبو.

عومەر کوریکی گورجوگول و، شارەزا و وریا بو. تاقمی پیشمەرگەی گورجوگولی لە خوی کو کرد بوەوە. لەو کاتەدا چو بو بو میشیاو. خزمایەتی لە گەڵ حەمەصدیق خان و سـەرحەدی خـەلیـفـە یونس دا هەبو، کـە هەردوکـیـان روغـزایی بون. بریار درا خوی و پیشـمـەرگـەکـانی چەک بکرین. خویشی بگیری و لیکولینەوەی لە گەڵ بکری. بو چەک کردن و گرتنی عـومـەر، د خـالیـد، شیخ حـسـین، عومـەر عـەبدوللا، ئەنوەری مـەجید سولتان، مستەفا چاورەش و خوم چوینە میشیاو. لەو روژانەدا من و مستەفا هەردوکمان نەخوش بوین. من جگەرم ئازاری ئەدام.

بو ئەوەی حـەمـە صـدیق خـان لیـمـان دلگران نەبی، بە چاکـمـان زانی عـومـەر لە مالەکەی ئەودا چەک نەکەین. عومەرمان بانگ کردە مزگەوتەکەی میشیاو لەوی خوی و

هەمو پێشمەرگەکانی مان چەک کرد. عومەرمان سپارد بە پێشمەرگە بادینییەکان.

عومەر لای کاک خالید و شێخ حسێن پاکانەی کرد بو، هەردوکیانی خست بوە سەر ئەو باوەری غەدری لی کراوە.

هێشتا لێکولینەوەی تەواو نەبو بو، عومەر فرسەتی هێنا و هەلات. لە بەر کەمتەرخەمی پێشمەرگە بادینییەکان هەلات بو، یا خویان بە ئەنقەست چاوپوشییان لی کرد بو، مەعلوم نەبو. عومەر ئەگەر پێشتر بێتاوانیش بوبی، وەکو خوی لە کاتی گیرانی دا ئەیوت، لە دوای راکردنی بە ئاشکرا و بە دلسوزی هاوکاری لە گەل دەزگاکانی «ئەمن» دا ئەکرد و دوایی بو بو بە «موەقن» یەکی دری ئەمنی سلیمانی.

*

دوای ئەوەی گەیشتمە ناوچەکە و، کەوتمە گەران و خەلک بینین، زور کەس سکالایان لە دەس هەندی لە فەرماندەی مەفرەزە و بەرپرسەکانی ناوچەکە لە لا کردم و شکاتیان لی ئەکردن. چاوەروان بون سزایان بدەم. بەلام من لەو کاتەدا سزادانی ئەوانەم بە چاک نەئەزانی. چونکە هەندیکیان ئەچونە ناو لم و، هەندیکی تریان یاخی ئەبون. زورم ئاموژگاری کردن و هەرەشەی لێپرسینەوە و سزادانی قورسم لی کرد بون.

کە کاک خالیدیش گەیشت بو، هەمان سکالا و شکاتیان لای ئەویش کرد بو. چەند جاری کاک خالید ئەو باسەی لە گەل کردم، کە هەندی لەمانە چەک بکەین و، بگرین، ئەگەر دەستیشیان کردوە بیانکوژین. من ئەو شێوەیەم بو لێپرسینەوەیان بە راست نەئەزانی. لە گەرانەوەمان دا کاک خالید راپورتیکی سیاسی و پێشمەرگەیی دریژی بو مەکتەبی سیاسی نوسی، گلەیی لە منیش کرد بو، کە نەرم بوم لە سزادانی ئەوانەدا. راستییەکەی من نەرم نەبوم، بەلکو بە شێوەی خوم لێم پرسی بونەوە، هەمو ئیشیکم لە دەرسیم و کەریمی دادەمەنە سفت بوەوە. دەرسیم و کەریم تەسلیمی عیراق بونەوە. ئەوانی تریشمان برد بو بەشداری لە سەفەری پرادۆست دا.

*

کشانەوە لە شلێر

ئیمە خەریکی تەگبیری هێرش بوین بو سەر بنکەکەی قم لە سورین، لە چەند سەرچاوەی جیاوازەوە هەوالمان بو هات: هێزیکی گەورەی جەیش خوی بو پەلامار دانی هێزەکەی ئیمە ئامادە کردوە. بە پەلە بەرپرسەکانی هێزەکە: تایەری عەلی والی، عومەری حاجی عەبدوللا، بەکری حاجی صەفەر، ئەنوەری مەجید سولتان، خالید سەعید و شێخ حسێن و، خوم کوبوینەوە بو لێکدانەوەی هەوالەکە و بریاردانی کاری پێویست.

هیزەکە زور بو. ورەی بەرز بو. ناوچەکەش بو بەرەنگاری و لیدانی دوژمن لە بار بو. بەلام کیوەکانی شلیر بەفریکی زوریان لی باری بو نەمان ئەتوانی بە شەو لەوی بینیینەوە، بە تایبەتی ئەگەر هیزەکانی حکومەت لە گوندەکان دا بانابانەوە. سەرەرای ئەوەش تەقەمەنی هەر ئەوەمان هەبو کە بە پیشمەرگەکان خویان بو، هیچ تەقەمەنییەکی احتیاط و شاردراوەمان نەبو. لە بەر ئەوە بریاری کشانەوەمان دا. ئیوارەیەکی درەنگ بە تاریکی هەمو هیزەکە بە لای «سەیرانبەن» دا کشایەوە دولیکی نزیک «سپیال». بو روژی دوایی هالیکوپتەر بە ئاسمانی ناوچەکەدا کەوتنە فرین و هیزیکی گەورە بە هەمو گوندەکان دا بلاو بونەوە. ۳ روژ لەو ناوەدا مانەوە. شوینەواری پیشمەرگەیان نەدی. بی ئەوەی توشی شەر ببن یا هیچ دەسکەوتیکیان هەبی کشانەوە.

خو لادان لە شەری نابەرامبەر و، خو دزینەوە لەو شەرانەی دوژمن زەمان و زەمینی هەل ئەبژاردن، یەکی بو لە تاکتیکە سەرەکییەکانی کاری پیشمەرگەیی سالانی دەس پی کردنەوە. سەلامەتی ئەمەش لایەکی بو پاراستنی پیشمەرگە بو لە فەوتانی نابەجی و، لایەکی تریشی بو ماندو کردنی بیهودەی دوژمن و سەر لی تیکدانی بو.

ئەو هیزەی هات بون بو سەر ئیمە بو شلیر، ئیمەیان بەر دەس نەکەوت، هەندیکیان پەلاماری سورینیان دا، قم بنکەکانی خوی چول کرد و، چونە ناو ئیرانەوە.

لە دوای کشانەوەی هیزەکەی عیراق و، نەمانی بنکەی قم لە سورین، ئیتر کاتی ئەوە هات بو هیزەکەی ئیمەش بلاوەی لی بکا. هەر تاقمە بچیتەوە سنوری کارکردنی خوی. ئەندامەکانی سەرکردایەتیش نامەی مەکتەبی سیاسییان بو هات بو، ئەبو پیش نەوروز بگەنە پشدەر بو کوبونەوە.

*

سەردانی گوندەکانی جارخ، مکل، چەمەک، سپیار، سورەبان، گولی، میشەرو، شیوەگویزان و سیاگویز... مان کرد. هەندی لە گوندەکانی ناوچەکە بزنی مەرەزیان راگرت بو. لە مالەکانیان دا دەزگای جولایان دانا بو بو دروستکردنی «شال».

سیاگویز ۲۵ . مال ئەبو. کەوت بوە سەر سنوری ئیران. بەیانییەکیان لە دەرگای مزگەوتەکەی هاتەدەرەوە ریزیک تەوالیتی بە چیمەنتو دروست کراو بەرامبەری بو، خومم پیا کرد. کە هاتمە دەرەوە زور لە پیشمەرگەکان پی ئەکەنین. وتم: «ئەوە بە چی پی ئەکەنن؟» وتیان: «هیچت نەدی؟» وتم: «چی ببینم لە ئاودەستخانە دا!» وتیان: «ئەوە کانی ژنان بوا». لە خانوی هیچ گوندیکی کوردستان دا تەوالیت نەبو. تەوالیتی پیاوان لە مزگەوت و تەوالیتی ژنان لە کانی ژنان بو. دیارە کورد تەوالیتی بە پیویست نەزانیوە.

خنکانی بەختیاری سەعید والی

من و هەندی لە فەرماندە و کادرەکانی هەریمەکە بو هەندی کاری پەیوەست بەرەو شارباژیر بەری کەوتین. کاک تاهیری عەلی والی و هیزەکەی لە پاش ئیمە ئەوانیش بەری کەوت بون بەرەو پارەزان. لە کاتی پەرینەوەدا لە چەمی گوگسور بەختیاری ئاموزای لە داری پردەکە خزا بو کەوت بوە ناو ئاوەکەوە. چەندی بە دوای دا گەرا بون لاشەکەیان نەدوزی بوەوە. روژی دوایی خەلکی گوندەکانی دەوروبەر بەدریژایی چەم لە ئاوەکەیان نوری بو بی ئەوەی هیچ ئەنجامیکیان هەبی. دوایی چەند مەلەوانیک کە لە دەوروپشتی پردەکە ئەگەران دیبیان لاشەی بەختیار لە بن داری پردەکەدایە. شەروالەکەی لە دارەکە ئالاوە و بە بنی پردەکەیەوە نوساند بو. ئیمەش بو بەشداری لە ناشتنی تەرمی بەختیار و سەرەخوشی لە ئەنوەر و عوسمانی برای و، لە کاک تاهیر و رەوف بەگ و روستەم بەگی ئاموزایان گەراینەوە گوندی قولەگیسکان.

*

تیکەوتن

مولازم عومەر دەمیک بو تاقەتی لە پیشمەرگایەتی چو بو. بە زور خوی راتەکیشا و، لی ی بوبو بە کوردەناموسی. لە زور شتی پچوک دلگیر ئەبو. روژیکیان لە گەل پیشمەرگەیەکی هەلەبجەیی : فەروخ، دەمیان لیک گیرا بو. لە سەر ئەوە تا دەستی گرتبوی تفەنگەکەی فری دا بو بو ناو دولیکی قول و، بە توراوی و بە تەنهایی رویشت بو. لەو کاتەدا لە سەر سنوری ئیران بوین، چو بو بو قوخیکی ئائەمین. وەهاب و شورش و هاوری جەبارم نارد لە گەلی بن تا دلی چاک ئەبیتەوە. هەرچەندە دەری کرد بون، بەلام ئەمان هەر بە دیاریەوە مابونەوە تا بەیانی یەکمان گرتەوە. هەولی زورم لە گەل دا دلی بهینمەوە جیگای خوی، سودی نەبو.

عومەر بەرەو چەنگنیان رویشت، ئەیویست بە نهینی بچیتەوە بو سلیمانی و، لەویوە بروا بو بەصرا. گوایە بەلینیان پی دا بو لە بەصراوە بە نهینی بیگەیەننە کەیت. خواحافیزیم لە جەماعەت کرد و، بە ناچاری شوینی کەوتم بو چەنگنیان. زورمان قسە کرد. مەترسیەکانی چونە شار و گیران و ئابروچونم بو باس کرد. سەرەنجام رازیم کرد کە لە گەلمان بمینیتەوە و، پیکەوە بچینەوە بو لای مەکتەبی سیاسی و لەویوە بچی بو سوریا و، لە سوریاوە بو ئەو شوینەی خوی حەز ئەکا.

روژی یەکەمان لە چەنگنیان بەم مشتومرە بە سەر برد. شەوەکەی لەوی ماینەوە و، روژی دوهەم خەریکی کاروباری هەریم بوم. دەرسیم زوری قسە لە سەر بو. بانگم کرد بو

بو لیپرسینەوە. فەرەج هونگەرینەیی، ئەوسا لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵە بو هێشتا نەبو بو بە پێشمەرگە، بەرەو ڕوی بوەوە، مەفرەزەکەیم هەڵوەشاند و، چەکە زیادەکانم لی وەرگرتەوە. دەرسیم بو پاساودانی موخالەفەکانی ئەیوت: «من پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکانم. جەماعەتی کاک ئارام بوم. کاک ئارام نەماوە بویە شەرم پی ئەفروشی».

پاش نیوەڕوکەی بە کومەڵ لە ژوری میوانی مالیک دانیشت بوین. خەریکی قسە بوم لە گەڵ هەندی لە فەرماندەکانی پێشمەرگە، فاضیل رەحیم خوی کرد بە ژوردا. هەمویان ئەیانناسی. هەریەکە گالتەیەکی لە گەڵ کرد. لی یان پرسی: «بوچی هاتوە؟» وتی: «هاتوم بزانم بەختیاری سەعید والی لە کوی نیژراوە، کەسوکاری ئەیانەوی تەرمەکەی بیبەنەوە بو سلیمانی»

لە گەڵ فاضیل کەوتنە قسەقسیات. من چومە دەرەوە. ئەویش هات و، هاتە نزیکمەوە. فاضیل لاڵ بو پچر پچر قسەی بو ئەکرا. وتی: «قسەیەکم پی یە، ئەمەوی بە تەنیا پیت بلیم کەس نەزانی!». بو ئەوەی هەستی کەس ڕانەکیشم وتم: «بەلی.. گویم لیتە!» وتی: «با بچینە جیگایەک بوت باس بکەم» وتم: «بەدەم ڕیگاوە قسەکانت بکە. وەها سەلامەتترە»

وتی: «لیم مەپرسە کی ناردومی. ئەم قسانەیان ڕاسپاردوم پیت بلیم: حکومەت هیزی کو کردوتەوە لە سەرتان. لە ئان و دەقیقەدایە هیرشتان بو بکەن. هەرچی زوە لیرە بگویزنەوە! لای برادەران ناوی من مەهبا»

قسەکانی لە شیوەی تەلگراف دا بو بە خیرایی وەرم گرت. لە سەری نەرویشتم. دلنیا بوم دروی نەئەکرد. لە یەکتری جیا بوینەوە. منیش یەکەم جار بو لە ڕیوشوینە سەختەکانی پێشمەرگایەتی، کە بەشیکی خوم دام نا بو، لا بدەم: دو روژ بو بە هەوای خوش سەرخوش بوین لە چەنگیان ما بوینەوە، چنگنانیش لە نزیک سلیمانی بو.

ماوەیەک خومم مەشغول کرد. سەریکی مزگەوتم دا. سەردانی دوکانەکانم کرد. لە گەڵ هەمو بەرپرسەکانی پێشمەرگە و، زوری پێشمەرگەکان قسەی ئاسایی م کرد و، لیم ئەپرسین چەندن و چەکەکانیان چیە و، لە کەیەوە پێشمەرگەن و، خەلکی کوی یان کام گەرەکی سلیمانین.. ژمارەی هەمومان نەئەگەیشتە ٤٠ کەس. بەشی زوریان مەسئول بون، زور کەم پێشمەرگەیان تی دا بو. گەرامەوە مالەکەی لی ی میوان بوین.

هەمان تاقمی بە جیم هیشت بون، هیشتا لەوی بون و، دریژەیان بە قسەکانیان ئەدا. منیش چومەوە بو ناویان و بەشداری گفتوگوکانیان بوم. پاش نەختی قسەکانم پی برین وتم: «هەوالم بو هاتوە عیراق هیزی کو کردوتەوە لە ئان و دەقیقەدایە پەلامارمان

بدا..».
یەکێکیان لێ پرسیم: «ئینجا ئێمە چی بکەین؟».
وتم: «بە رەئی من هەتا قاچمان هێزی تیایە لەم ناوچەیە دور بکەوینەوە، یان بەیانی زو هەستین و لە شاخەکە دابەزریین».
مولازم عومەر عەلی دایە وتی: «تو هەمو پێشمەرگەکانت روخاندوە. لە سەر ئیخبارییەی درو، بەم سەرما و بەفرە هەمومانت ئەوەندە بردوە بو شاخ هەمومان رەنگورومان رەش هەلگەراوە. هیچ جارێکیش توشی شەر نەبوین».
وتم: «من قاچم لە قاچی ئیوە درێژترە. لە یەکەم دەسرێژدا نەکوژریم لە راکردن دا کەس پێما ناگات. کەیفی خوتانە بریاری مانەوە ئەدەن یا رویشتن. بەلام بزانن ئەمجارە هەوالەکە راستە»
بریاریان دا بمێننەوە و، کەمین و حەراسەتی مەزبوت دابنێن. زور لە میژ بو من، نە خوم شت بو ، نە جلەکانم. خاوەنی مالەکە بە زور جلەکان و قەمسەلەکەمی لێ وەرگرتم بوم بشون. جلەکانی لە بەرم دا بو هاوینە بون. قەمسەلەی تریشم پێ نەبو.
سەعات چواری بەیانی روژی ٢٥ ی شوباتی ١٩٧٨ بو، ئێمە لە ژوری میوانی خانەخوێکەمان دا نوست بوین، لە دەنگی دەسرێژی خەبەرمان بوەوە. هەمومان هەستاین و خومان کو کردەوە. ئەگەر ئەو دەسرێژە نەبوایە بە خومان نەئەزانی یان لە مالەکەدا ئەگیراین، یان توشی شەرێکی قورس ئەبوین لە ناو چنگنیان دا. مجەوری مزگەوتەکەی چنگنیان لە ئێمە وریاتر بو، بونی هێرشەکەی کرد بو، لە میکروفونی مزگەوتەوە هاواری ئەکرد: «رەحمەتی خوا لەوەی نوێژی لە مزگەوت هەیە، بیباتەوە»
لە مالەکە هاتینە دەر، چوین بو مزگەوت، زوری پێشمەرگەکان کو بوبونەوە. عوسمانی قالە منەوەر و، مستەفا چاورەش و، جەمالی عەلی باپیر و عەلی چوارتایی ئەو کەمینەکانیان دانابێ. عوسمان هەندێ پێشمەرگەی نارد بو بو قەیماسە. هێشتا نەمانئەزانی دەورمان گیراوە. پێم وتن یەکسەر بەرە و شاخەکەی بەرامبەرمان رابکەن و بەرەو گەلی برون. هەر چواریان وتیان ئێمە ئەچین بو لای کەمینەکانی خومان. من زورم پێ خوش بو.
لە چنگنیان دەرچوین بەرەو شاخەکەی بەرامبەری، بە گوللە دایان گرتینەوە دەیان هەزار فیشەکیان پێوە نابن. بە راکردن خومان گەیاندە بناری شاخەکە. ملازم عومەر لە گەل خوم بو. مستەفا و عوسمان پێش من گەیشت بونە شاخەکە. وتیان رێگاکە گیرا بو نەمان توانی بگەینە کەمینەکە. تومەز کەمینەکەی عوسمان نارد بونی بو قەیماسە،

هەرزەکاری بێ تەجروبە بون، لە ناو سەرما لە چاخانەکەدا نوستبون. جاش هەمویانی گرت بو. جەمال و عەلی پێکەوە بون، ئەبو کەمینێکیان لە پشتی چنگنیان هەبێ، کەمینەکەیان دانەنا بو، بەر لەوان جاش شوێنەکەی گرت بو. کە ئەمان چو بون توشی تەقە بون و گیرا بونەوە.

بە زەحمەتێکی زور دەرباز بوین. بە پێشمەرگەکانم وت چاوەروانی من نەکەن بە خێرایی بە شاخەکەدا هەلگەرێن بو سەرەوە و لەوێ دابمەزرێن. من و عوسمان و مستەفا مابینەوە بە شێنەیی بە شاخەکەدا هەلگەراین. دنیا روناک بوبوەوە. جاشەکان هات بونە ناو چنگنیانەوە. ئێمەیان ئەدی. بە قەناسە زوریان نیشانە لێ گرتینەوە. بەر نەکەوتین. ئێمەش گەیشتینە سەر شاخەکە. شاخەکە بەفر گرت بوی و، بایەکی ساردی هەبو. پاش ماوەیەک شور بوینەوە بو دولەکەی دولەتو و سویرەلە بەرامبەر شاخی «کەتو». چاومان لێ بو لەوێش بە هالیکوپتەر هێزیکیان دابەزاند. هالیکوپتەر کەوتە سورانەوە بە ئاسمانی ناوچەکەدا ئێمە شوێنەکانمان قایم بو. هەندی تەقەی کوێرانەیان کرد. زیان بە کەس نەگەیشت. تا ئێواری لەوێ ماینەوە. لە ئێوارەدا هێزەکانی دوژمن کشانەوە. ئێمەش هەمومان کوبوینەوە. تاقمێکمان کە لەو سەری دێ بون، لە ئێمە دابرا بون رویان کرد بوە باراو. ئێمە شەو چوینەوە بو ناو چنگنیان.

لە تەقەوتوقی یەکەمجاردا تەنیا پێشمەرگەیەک بەر کەوت ناوی: «ئەبوبەکر عەبدوللا» بو، لە مەفرەزەکەی من بو، مالیان لە گەرەکی خانوە قورەکانی سلێمانی بو. لاشەکەیمان لە بن دارێک دا لە گورستانەکەدا بە جێ هێشت بو. جاشەکان بویان نەدوزرابوەوە. لاشەی شەهیدەکەمان هەلگرت و چوین بو باراو روژی دوایی لەوێ ناشتمان و، نامەیەکم بو کەسوکاری نارد لە روداوەکە ئاگادارم کردن.

دوایی دەرکەوت ئەوێ هەوالەکەی بو نارد بوم، فەرهادی مەلا رەزا بو. فەرهاد بو ئیستیخبارات کاری ئەکرد. هەر لەو ماوەیەدا لە شەردا لە گەل پێشمەرگەی یەکێتی لە بەری قەرەداخ کوژرا.

راستییەکەی هوی ئەم «تێکەوتن» ە: کەمتەرخەمی خومان بو.

بە درێژایی ماوەی رابردو من خوم بەیانییان هەلئەستام و، سەرپەرشتی کەمین و حەراسەتی بەیانیانم ئەکرد، ئەو ماوەیە منیش وازم لەمە هێنا بو، دوای ئەم تێکەوتنە چومەوە سەر خوەکەی جاران. بەیانییان خوم سەرپەرشتی کەمینەکانی پارێزگاری و چاودێرییم ئەکرد.

*

راوەکەو

چەند رۆژێ لە باراو، نودێ، هەولێ، هەرمێلە ماینەوە ئینجا پەرینەوە بۆ ناوچەی سیوەیل و ئالان. سەردانی گوندەکانی کوردداوێ و کەناوو و سێرێن و باری.. مان کرد. بە درێژایی ئەو ماوەیە عەلی چوارتایی مان لە گەڵ بو. عەلی زۆر شارەزای ناوچەکە بو.

سیوەیل ناوچەیەکی زۆر خوش بو. گوندەکانی ئاوەدان و قەرەبالغ بو. رەز و باخەکانیان گەورە و جوان بو. کانی و ئاوی زۆریان هەبو. چەمەکانی کەوتوتە قولاییەوە کەلکیان لێ وەر نەئەگرت.

راو، بە تایبەتی هی کەو، لە کونەوە یەکێک بوە لە سەرگەرمیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە. شاخەکانی دابەش کراوە بە سەر راوگەی دیاریکراودا. هەر بنەماڵەیەک راوگەی تایبەتی خوی هەبو لە کونەوە حەشارگە و سەنگەری تیا دروست کرا بو. هیچ کەس بوی نەبو لە راوگەی خەڵکی تردا راو بکا. ئەم وەرزەی ساڵ، لەو ناوچەیەدا، وەرزی راوەکەو بو. شەوێکیان لە باری نوست بوین. هەرسەکان خەبەریان کردینەوە وتیان دەنگە دەنگێکی زور لە پشتی ئاواییەوە دێ. هەمومان هەستاین گویمان هەڵخست، راست بو غەڵبەغەڵبێکی زور ئەهات. وامان لێک دایەوە کە پیادەی جەیش هێرشی بو کردبێن و، بیانەوی پشتی دێ مان لێ بگرن. چوینە شاخەکە و دامەزراین. کە دنیا روناک بوەوە سەیرمان کرد تاقمێکی زوری خەڵکی ناوچەکەن چون بو راوەکەو.

هەر لەم ماوەیەدا جەیش لە سورکێو بە هالیکوپتەر «ئینزاڵ» ی کرد بو، بە دوای ئیمەدا گەڕا بو، توشی چەند راوکەرێک بو بو لە شاخەکەدا لە حەشارگەدا بون، هەمویان گرت بون.

کەو یەکێکە لە مەلە جوانە دەنگخوشەکانی چیاکانی کوردستان. لە بەهاردا هێلانە ئەکات و ۱۵ تا ۲۰ هێلکەی تیا ئەکات و لە سەری کر ئەکەوی تا هەڵیان ئەهێنی. بە بەچکەکانی ئەڵێن: «بارەکەو».

کەو کە هێشتا بارە نەبگرن و لە پێش دا لە ناو کولەکە و لیادا بە خیوی ئەکەن، کوللە و گەرای مێرولەی ئەدەنی. کە گەورە بو لە ناو قەفەزدا رای ئەگرن، ماش و تالیشک و کوللەی ئەدەنی و، رای ئەهێنن بو خوێندن یان بو یاری شەڕەکەو، یان بو راوەکەو.

لە کونەوە راوەکەو یەکێکە لە سەرگەرمی دانیشتوانی چیاکان. زور شێوە و ریگای جوراوریان داهێناوە بو راوکردنی لەوانە:

– کەوبوار

لە بەهاران دا پولە کەو بە کومەڵ لە ناوچە گەرمەکانەوە بەرەو بەرزایی شاخەکان

کوچ ئەکەن. ریگاکانیان دیارە. راوکەرەکان لە سەر ریگایان دا لە ناو حەشاردا دائەنیشن و، بە کومەل راویان ئەکەن.

- رەشە راو

لە هەمو وەرزەکانی سال دا راوکەر لە حەشاردا دا ئەنیشی و، کەو بو خویندن و راکیشانی کەوی تر لە گەل خوی ئەبات. هەندی جار دیوجامە هەلئەواسی و، هەندی جار کەولی سەرە ریوی ئەکاتە سەری خوی. کەوی لی کو ئەبیتەوە و ئەکەویتە راو کردنیان.

- راوە سەرکانی

لە پایزدا ئاو کەم ئەبیتەوە. لە هەندی جیگا کانی و لە هەندی جیگا تەنیا ماقور ئەمینیتەوە. راوکەر حەشار لە جیگایەک دا دروست ئەکا بە سەر کانییەکەدا بروانی و، چاوەروانی هاتنی کەو ئەکا.

- راوە نیرەکەو

لە بەهار دا ماکەو لە سەر هیلکە کر ئەکەوی ژمارەی نیرەکەو زور ئەبی. راوکەر ماکەویک لە قەفەزدا ئەبا و لە نزیک حەشارگاکەی خویەوە دای ئەنی. ماکەوەکە ئەخوینی و، نیرەکەوەکان لە ماکەوەکە کو ئەبنەوە. راوکەر ئەکەویتە راویان.

- راوە ماکەو

لە بەهار دا لە کاتی هیلکە کردن دا کە ماکەو و نیرەکەو جوت ئەگرن، راوکەر نیرەکەو ئەبات لە حەشارگا دا دا ذائەنیشی. نیرەکەوەکە ئەقاسپینی. نیرەکەوەکانی ناوچەکە دەنگەکەی بە بیگانە ئەزانن دین بو شەر لە گەلی، ماکەوەکانیش دین بو جوت گرتن. راوکەر تیبیان ئەکەوی.

- راو بە تەپکە

راوکەر شوینی هاتوچوی کەو ئەزانی. لە سەر ریگاکەیان دا چەند چالیک هەلئەکەنی و، سەری بە تەختە یان بە دار و پوش ئەگری. کەو کە بە سەری دا رویشت تی ی ئەکەوی.

- راو بە داو

بە سەدان داو بە سنگ بە ئەرزەکەدا ئەچەقینی و، کەوی دەنگ خوشی بە دیارەوە دائەنی بو ئەوەی کەوی ناوچەکەی لی کو ببیتەوە. خوی لە ناو حەشاردا چاودیری ئەکا. کەوەکان بە توورەییەوە بە دەوری قەفەزەکەدا ئەسورینەوە و قاچیان ئەبی بە داوەکەوە.

راوکەر زور جار شەویش ئەمینیتەوە بو دریژە پی دانی. زورجار راوکەر یەکیکی کە لە گەل خوی دا ئەبا یارمەتی بدا بو هەلگرتنی کەلوپەلی راو وەکو تفەنگ و قەفەز و

خواردن پی ی ئەلێن: «مەخورده».

هەرگیز حەزم لە هیچ جورە راوی نەبوە و کەسیشم هان نەداوە راو بکا. زور جار لە گەران و سورانەوەدا بە ناو شاخ و دەشت و دەردا توشی مەل و دەعبای کیوی بوم، نە خوم تەقەم لی کردون و، نە هیشتومە کەس تەقەیان لی بکا. راو بەو جورەی لە کوردستان دا ئەکری ئەبی بە هوی لە ناو چونی یەکجاری دەعبا و مەلی کیوی.

نەریتیکی خراپ لە شورشی ئەیلولەوە داکەوتوە بوە بە باو. هەمو چەک بە دەستی ئەتوانی بە ئارەزوی خوی بی هیچ جورە لیپرسینەوەیەک راو بکا، یان ئەگەر لە ریگاوبان دەعبا و مەلی کیوی بینی بو سەلماندنی دەستراستیی خوی تەقەیان لی بکا و، بیانکوژی و، بە جی یان بهیلی. لە ئەنجامی ئەم راوە بی «دیسیپلین» ە دا، زور مەلی کیویی نایاب بە تەواوی لە ناو چون یان خەریکە لە ناو ئەچن، لەوانە: دال.

دال، چەندین ناو و چەندین جوری هەیە: دالاش، لاشەخور، کەرخور، کورتان بە کول، سیسارک، سەرگەر... ئەمانە بە پول ئەگەرین و، لە هەرجییەک کەلاکی توپیو یا مردار هەبی بە بون ئەیدوزنەوە و لی ی کو ئەبنەوە و ئەیخون. دال لەو مەلانەیە کە زور بە کەلکە بو راگرتنی پاک و خاوینی سروشت لە پیسیی کەلاکی بوگەن.

*

چەند روژی لە ناوچەکەدا ماینەوە، بە زوری لە قوخەکان دا کاتمان بە سەر ئەبرد، چاوەروانی گەیشتنی کاک خالید و شیخ حسین و کاک تاهیر بوین، بو ئەوەی هەمومان پیکەوە بەرەو نوکان بە ری بکەوین بو لای مەکتەبی سیاسی. لە شایەدین بوین کە گەیشتن.

بەدەم ریگاوە، لەم ناوچەیەدا دوجار توشی تەقە بوین: جاری یەکەم، کە بە روناکی ریچکەمان بەست بو بە لای زنجیرەیەک رەبیەدا تی پەرین لە نزیک شیوەکەل. دور بە دور دایان گرتینەوە. جاری دوەم، کە لە شایەدینەوە ئەمانویست بچین بو ئاوەزی. ئەمەیان ریکەوت یارمەتی داین ئەگینا زیانی زورمان لی ئەکەوت. کە گەیشتینە سەر شاخ، هەوا خوش و، دیمەنی ناوچەکە زور جوان بو. گیا تازە سەری دەرئەهینا. لە بەر هەتاوەکە، لە خوشی ئەو هەوا خوش و دیمەنە جوانە لە سەر شاخەکە ماینەوە و، دانیشتین. تومەز لەوبەرمانەوە بوسەیەکی بەهیزیان بو داناوین چاوەروانی ئەوە ئەکەن بە نشیوەکەدا شور ببینەوە بەرەو ئاوەزی. نشیویکی کور و روت و دریژ بو. بەلام ئیمە دواکەوتین. بوسەکە نائومید بو لەوەی ئیمە دابەزین، لەوە زیاتر دانیان بە خویان دا نەگرت لە پر دایانینە بەر دەستریژی گوللە. ئیمە لە سەر ئاوەریژی شاخەکە دانیشت بوین. ئەگەرچی زوری گوللەکان

کەوتە ناومان، بەلام کەس بەرنەکەوت و نەپیکرا. چونکە دیوی ئەدیوی ناوەرۆکە. بوسەکە نیتر ئاشکرا بو ئیمەش دەستەیەک پیشمەرگەمان نارده سەریان هەلیان کەندن و راویان نان.

عــەلی چوارتایی چەند جــاری چو بو بو تورکــان، هەر ئەو ریگاکـــەی بو دیاری کردین. ئەحمەد فەتحوللا لیپرسراوی ناوچەی ماوەتی یەکیتی بو، ئەومان راسپارد تەگبیری پەرینەوەمــان بو بکا. بو پەرینەوە لە چەمی کــەلوی، لە لای گرگاشیوە گوریسیــان رایەل ئەکرد، سەریکیــان لە بەری عــیراق و سەرەکەی تریان لە بەری ئیــران ئەبەستــەوە. زەلام و باریان پی ئەپەرانەوە. کــە ئیشــەکــەیان تەواو ئەبو گوریســەکــانیــان ئەپیــچــایەوە و ئەیان شاردەوە.

روژیکی خــوش بو. هەوا لە بار بو بو فــرینی هالیکوپتــەر. ٤ گــوریســیـــان بو بەستین. هیزەکــەمــان بەرەوژوری ..٢٠ کــەس بو. د. خــالیــد و مــەفرەزەکــەی لە پیشــەوە پەرینەوە بو ئەوەی لــە بەرزاییــەکانی بەری ئیران دابمەزرین بو پاراستنی پەرینەوەی هیزەکە. منیش لەم بەر سـەرپەرشـتی پەرینەوەی هیــزەکــەم ئەکرد. بو ئەوەی پشــیــوی دروست نەبی مەفرەزە بە مەفرەزە بە ریم ئەکردن. بە سەلامەتی هەمومان پەرینەوە.

بو یەکــەم جــار مــحــەمــەدی مــەلا عــەلی بیــژوی م لە ســەر ئەم ئــاوە بینی و نــاسی. راسپاردەی هەندی لە تیکوشەرە کوردەکانی ئیرانی پی بو.

*

زی ی پچوک

لەم ســــەفــــەرەدا ئــەمــــە دوهــەمـــین جـــار بو لــە ئاوی «زی» بپــەرینەوە. لە مــــاوەی سەفەرەکەش دا لە چەندین روبار و چەم و جوگامان دا بو. کوردستان یەکیکە لە مەلبەندە دەولەمــەندەکــانی ئاو. وەکــو چون نەوت بو بە مــایەی بەدبەختی بو کــورد، بیگومــان لە پاشەروژدا ئەم نیعمەتە گەورەیەی کە خوا بە کوردی بەخشیوە، ئەمیش ئەبی بە غەزەبیکی خراپتــر لە غــەزەبی نەوت. لیــرەدا بە پیــویــستی ئەزانم هەندی زانیــاری دەربارەی «زی ی پچوک» بنوسمەوە لە باسیکی کاک شورش حاجی وەرم گرتوە.

زی ی بچوک یەکیکە لە لقە سەرەکی و گەورەکانی روباری دیجلە. لە کوردستانی ئیران هەلئەقولی و، لە ٣٥ کم ی خواروی شاری شەرگات ئەرژیتە دیجلەوە.

ســــەرچاوەکــــانی زی ی بچــــوک لە ناوچەی لاجــــان و، لە نزیک شــــاری خــــانە «پیرانشــەهر» ی کــوردســتــانی ئیران هەلئەقولین. هەر لە سەرچاوەوە چەندین لق و چومی ئەچیتەوە سەر، هەندیکیــان لە چیای قــەندیل هەلئەقولین و، بەرەو خوار ئەروا تا ئەگاتە

روژهەلاتی شاری «سەردەشت». لەویش چەند لقێکی تری ئەچێتەوە سەر گەورەترینیان چەمی بانەیە کە لە چیاکانی ناوچەی سنە هەلئەقولێ و لە گوندی ماشان تێکەلْ بە زێ ئەبێت. لێرەوە ئیتر زێ ی بچوک تا ماوەی ٢٣ کم ئەبێ بە سنور لە نێوان عێراق و ئێران دا، تا ئەرژێتە خاکی کوردستانی عێراقەوە.

لە سەرچاوەوە تا روژهەلاتی سەردەشت زێ بە ناوچەیەکی نیمچە تەخت و گردولکاوی دا ئەروا، لە ناوچەی ئالان بە دولێکی قول و پر لە دارستان دا ئەروا. روژئاواکەی بریتییە لە زنجیرەیەک چیا بەرزاییان لە نێوان ١٨٠٠ تا ٢١٠٠ م، لە هەندێ شوێن ئەگاتە ٣٠٠٠ مەتر. کە زێ ی بچوک دێتە ناو خاکی عێراق بە گوندەکانی گرگاشە، چومە، ناوکورتی، قورنتینە دا تێ ئەپەرێ. لە نێوان گوندی قورنتینە و بەر گورد «چەمی قەلاچوالان» ی تێکەلْ ئەبێت. ئینجا بەرەو خوار ئەبێتەوە تا ئەگاتە دەشتی قەلادزێ و لەوێ پانایەکەی زیاد ئەکا، لە هەندێ شوێن ئەگاتە نزیکەی ١٠٠٠ م. لە ١٢ کیلومەتری خوارەوی شاری قە لادزێ کومەلە گردێکی گەچی ئەبرێ. لە وێشەوە بە سندولان و تەنیشت سەنگسەردا ئەروا تا ئەگاتە دەربەند کە شوێنی برینی چیای «کێوەرەش» و «ئاسوس» ە.

لە نێوان قەلادزێ و دەربەند چوار لقی تری تێکەلْ ئەبێتەوە، سەرچاوەکانیان بەفری چیای قەندیلە. بریتین لە چومی ژاراوە، چومی قەلادزێ، چومی بارزێ، چومی گارفین.

لە دەربەند تێ ئەپەرێ و شاری رانیە بە جێ ئەهێلێ، دەشتی بیتوێن و میرزا روستەم ئەبرێ تا ئەگاتە «تەنگی دوکان». لەم تەنگە دا «سەدی دوکان» دروست کراوە. بەرزاییەکەی ٤٥٩ م لە ئاستی دەریاوە. لە نێوان رانیە و تەنگی دوکان دا روبارەکانی «قائمقام» و «قەمشان» و «هێزوپ» ی تێ ئەرژێ. لە سەدەکەوە هەردو زنجیرە چیای «کوسرەت» و «هەیبەت سولتان» ئەبرێ و لە دواوان پێچ ئەکاتەوە بەرەو خوارەوی روژئاوا و بە گوندەکانی کلیسە، بوگد، قزلو، مەلا زیاد دا تێ ئەپەرێ تا ئەگاتە شاری تەق تەق.

لە نێوان سەدەکە و تەق تەق چەندین روشکە شیو و روباری بچوک و گەورەی تێکەلْ ئەبێ، گرنگەکانیان ئەمانەن: چەمی شیوی قەیسان لە ئاستی گوندی ئەلیاسە سور، روباری شیوە سوری کانی هەنجیر لە نێوان کانی هەنجیر و گەلناغاج، شیوە سور لە قەلاتگەی نێوان گوندی گومەشین و قزلو. ئینجا لە تەقتەقەوە بەرەو روژئاوا ئەروا و لە نێوان گوندی کانی لەلە و ئومەر گومبەت روباری کویەی تێکەلْ ئەبێت کە لە چیای باواجی هەلئەقولێ. وە لە ئاستی گوندی سارتک بەستی شەرغەی ئەچێتەوە سەر، کە ئەمیش لە چیای باواجیەوە هەلئەقولێ و لە زستان و بەهارا ئاوەکەی زورە و لە ئاستی گوندی

«چومەزەردەلە» روباری شاقازی ئەچێتەوە سەر، بەرزایی لەم ناوچەیە لە ئاستی دەریاوە ۳۰۰ م ئەبێ. ئینجا بەرەو خوار ئەبێتەوە تا ئەگاتە شاری پردی «ئالتون کوپری» کە بەرزاییەکەی ۲۵۵ م.

لە نێوان «کلیسە» و «پردی» دا، هەردوبەری کناری زێ بە هۆی قور و لیتەی چەند سالەی لافاوەوە زەوی زور بە پیت دروست بوە، پێ ی ئەلێن: «حاویە» و «وەرن» بو کشتوکاڵ سودی لێ وەرئەگرن.

لە ناو زێ دا لە چەند جێگایەک پەلەیەک وشکایی لە شێوەی جەزیرەیەکی پچوک دا دروست بوە پێ ی ئەلێن: «دوروگە». یەکێکیان کەوتوتە ناو شاری پردی و پێ ی ئەلێن: «گەرەکی دوروگە».

لە نێوان پردی و شوێنی یەکگرتنەوەی لە گەڵ دیجلە دا زێ ی بچوک لە هەمو شوێنەکانی تر پانترە. هەر لەم شوێنە هەردو زنجیرەی «زورگەزراو» و «قەرەچوغ» ئەبڕێ. لەسەرو ئەوبەری زێ لە زورگەزراو مەیدانێکی گەورەی نەوت هەیە، حکومەتی عیراق سەدان بیری تێ دا هەڵکەندوە و نەوتیان لێ دەرئەهێنی.

لێژیی زێ ی بچوک زور لە لێژیی ئاوی دیجلە زیاترە، بو غونە: لە سنوری عیراق و ئێرانەوە بو تەق تەق ۱:۳۰۰ و لە نێوان تەق تەق و پردی ۱:۱۱۱۱ .

درێژیی زێ ی بچوک نزیکەی ۴۰۰ کیلومەترە. روبەری ئاوەرێژەکەی ۱۱۶۹۰ کم۲ یە. زورترین ئاو کە بە زێ ی بچوک دا هاتبی لە روژی ۵٤/٤/۲۵ بوە گەیشتوتە ۳٦٦۰ م۳/ سانیە. و کەمترینیشی ۲۵م۳/ سانیەیە، معدلەکەی ۲.۳م۳/ سانیەیە.

زێ ی بچوک بە گوێرەی ئەو شوێنانەی پیا ئەڕوا ناوی ناوچەیی لێ نراوە: لە ناوچەی سەردەشت «چەمی کەلوێ» و، لە ناوچەی ئالان «چەمی ئالان» و، لای هەرزنە و نەشکان «چەمی هەرزنە» و، لە ناوچەی قەلادزێ «زێ ی خاس» و «زێ ی سندولان» و، لە ناوچەی کویە و قەلاسیوکە «زێ ی دوکان» و «زێ ی کویە» و، لە ناوچەی شێخ بزێنی و دەشتی هەولێر «زێ».

لە کونەوە بە «کەلەک» بە ناو ئاوی زێ دا کەلوپەل بە تایبەتی دار و خەلوزیان لە دوکان و تەقتەقەوە بو دوبز و پردی گواستوتەوە.

ئاوی زێ لە قولایی دایە. زور نزمترە لە ئاستی زەویوزاری تەنیشتی. لە بەر ئەوە جوگای لێ هەڵنابەستری تا بو کشتوکاڵ یان خواردنەوە بە کار بهێنری بەڵام گورینی ئاوەروکەی لە هەندێ شوێن دا ئەتوانی ببی بە سەرچاوەیەکی گەورە بو ئاوەدانی زەوی پان و بەرین بو غونە:

- ئەگەر لە هیزوپەوە بەو گەلی و دەربەندانەی چیای سەفین و باواجی دا ئاوەکەی بەری بو روژئاوای شاری کویە، توپوگرافیای ناوچەکە پارمەتیدەر ئەبی بو ئاودیری هەردو بەری روژهەلات و روژئاوای دەشتی کویە و سالەیی و ملکیە و شیخ بزەینی خوارو.

- ئەگەر لە دامینی سەددی دوکانەوە ئاوەروی زیبەکە بە ناوچەی قەشقەولی و زنجیرە چیای «بنزمرد» موە ئاوەکە بگوردری بەری بو بەرزاییەکانی بازیان و قەلاسیوکە ئەوا هەمو دەشتەکانی قەلاسیوکە و شوان و هەمەوەند و جەباری زور بە چاکی ئاودیری ئەکا کە روبەریکی زور گەورەیە و تەبیعەتی ئاو و خاکەکەی زور گونجاوە بو هەمو جورە بەرهەمیکی کشتوکالی.

لە سەر ئاوی زی دو بەنداو دروست کراوە یەکیکیان، «بەنداوی دوکان» و، ئەوی تریان «بەنداوی کونەکوتر» ، لە دوبز. بەنداوی کونەکوتر پچوکترە لە هی دوکان بو ئاودانی ناوچەی حەویجەیە.

*

شەوەکەی لە ئاواییەکی پچوکی ئیران ماینەوە و شەوەکی بەری کەوتین بەرەو «کورىناو». ئیوارەیەکی درەنگ گەیشتین. هیشتا بلاو نەبوبوینەوە بو نان خواردن، ژاندارمەری گەیشتە سەرمان. کردیان بە قرە و هەرەشە کە دەسبەجی ئەبی لە ناوچەکەی ئەوان دور بکەوینەوە. هەرچی لە گەلیان خەریک بوین نەیان هیشت بو پشودان بمینینەوە. موختاری کورىناو خەبەری لی دابوین.

بو نیوەروی روژی دوایی گەیشتینە «بنوخەلیف». بە گەرمی پیشوازییان لی کردین و، بو فراوین بە مالەکان دا بلاو بوینەوە. لیرە بیستمان شەریکی قورس لە «دەشتیبو» روی داوە. چەندین پیشمەرگە کوژراون و، هەندیکیان گیراون. کاک خالید کەوتە مەراقەوە وتی: «ئەوە مەفرەزەکەی منە توشی شەر بون». هەرچەندە زور ماندو بوین بەلام کاک خالید پەروشی زانینی هەوالی شەرەکە و دەرباز بوەکان بو. بە پەلە کەوتینەوە ری بەرەو «نوکان».

*

نۆکان: سەرەتای کارەسات

*

نۆکان گوندێکی بچووکی سەر سنووری ئێرانە. لەو گوندەدا چەند ماڵێک ئەمیان بوون. دو سێ خانو کە پاییزی رابوردوو قەم دروستیان کردبو. ئێمە لە هاتنمان دا پێمان چۆل کرد بوون، مەکتەبی سیاسی یەکێتی تێ چو بو. مامجەلال و عەلی عەسکەری و رەسول مامەند و ئازاد هەورامی لەو خانوانەدا بون. خانوی تەنگ و تاریک و بچوک بون. بە گەیشتنی ئێمە زۆر خۆشحاڵ بون. پێشمەرگەکانمان نارده «شینێ» و «بێدەلان» و خۆمان لە لای ئەوان ماینەوە.

*

شەری دەشتێو

سەعدی عەزیز و، سەید کاکە، ئەوانیش وەکو ئێمە بەرێگاوە بون بەرەو نوکان بو بەشداری لە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی دا، لە گوندی «دەشتێو» لە پشدەر توشی شەر بون. لەم شەرەدا سەعدی و ۱۲ پێشمەرگە کوژران و، ٤ لە پێشمەرگەکان بە دیل گیران. دوایی ئەوانیشیان ئێعدام کرد. سەید کاکە و جەوهەری برای کاک خالید و زرار وەرتی و چەند پێشمەرگەیەک لە شەرەکە دەرباز بوبون و گەیشت بونە نوکان.

مەکتەبی سیاسی بە بونەی شەهید بونی سەعدی عەزیز و هاوڕێکانییەوە بەیانێکی دەرکرد بو.

کاتی خۆی من هەواڵی شەرەکەم بەمجورە دارشتوە و، لە یەکەمین ژمارەی «هەواڵنامە» دا بڵاو کراوەتەوە:

٨ ی مارتی ٧٨ دەمەوبەیانی لە کاتێک دا کە هێزێکی پ م بە ڕێگاوە بون بەرەو ناوچەی پشدەر لە گوندی دەشتێو (قەڵادزە) لە سەر زێ کەوتە بوسەیەکی گەورەی دوژمنەوە. شەر لە بەیانییەوە تا ئێوارەی خایاند. بە قەد ژمارەی پێشمەرگەکان هالیکوپتەر بەشدار بو لە شەردا. پێشمەرگەکان بەوپەری قارەمانیتییەوە وەستان و لاپەرەیەکی تریان لە مێژوی شۆرشەکانی گەلەکەمان دا بە خوێنی خۆیان نوسی و زیانی گەورەیان لە دوژمن دا:

. ١٦ سەرباز و ئەفسەر زیاتر کوژران

. ٢٥ سەرباز و ئەفسەر زیاتر بریندار کران

چەندین هالیکۆپتەر پێکرا لەوانە ٣ یان کەوتنە خوارەوە
چەندین ئاڤیلە و زیلی سوپایی شکێنرا
زیانی ئێــمــه: ئەندامی ســەرکــردایەتی ب س ک، ئەندامی ک س - ی ن ک، فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر سەعدی عەزیز. ئەندامی پێشکەوتوی کەلک، رابەری سیاسی هەرێمی دەشتی هەولێر فاروق صدیق. پ م فەرخ قادر (هەولێر). پ م فەریق هەمزە (هەولێر). پ م شاهین عیزەدین (هەولێر). پ م طاهیر حەمەد (هەولێر). پ م جبار ئیسماعیل (هەولێر). پ م عوسمان باوە (هەولێر). پ م عەزیز باپیر (هەولێر). پ م سامی عوبید (هەولێر). پ م صباح جمیل (هەولێر). پ م ئەحمەد محەممەد ئەمین (هەولێر). پ م ئەحمەد محەممەد (هەولێر). شەهید بون.

*

هەروەها ئەم پێشمەرگانە بە دیل گیران: جەعفەر ئەسوەد (کۆیە)، حسین عەبدورەحمان (کۆیە)، جەواد کەریم (کۆیە)، کەمال واحید (کۆیە).
رۆژی ٧٨/٦/٢١ لە زیندانی موسل لە سێدارەیان دان.
ئیسماعیل تایە نعیمی، سەرکردەی ئەوسای فەیلەقی یەک، لە (ل ٢٢١ تا ٢٢٥) ی کتێبەکەی دا: «تجربتی فی القیادە» باسی شەری دەشتیوی وەکو یەکی لە شەرە سەرکەوتوەکانی ئەو سەردەمەی خۆی بە درێژی گێراوەتەوە.
ئەوەی لە سەرەوە نوسراوە راستیی روداوەکە بو. بو بەراوردی جۆری گێرانەوەی ئێمە و گێرانەوەی سەرانی جەیش و، نیشاندانی زلی قەوارەی لەشکرکێشیەکە و هاشوهوشی ناراستی نعیمی، لێرەدا دەقاودەق باسەکەی نعیمی ئەنوسمەوە:
بساط ناجح فی منطقة (قلمتدزة)
٤١٠. فی ربیع عام ١٩٧٨ خطط الفیلق لمعرکة بساط فی منطقة (قلعتدزة) علی ان یکون مرکز البساط قریة (دیشتیوی) وهی قریة تقع علی وادی اخضر قریبة من الزاب الاسفل وجنوب (قلعتدزة) علی أن تشترك فیها قوات من الفرقة الثانیة والفرقة التی فی منطقة (السلیمانیة) وقد حددت الاهداف علی أن یتم مسك المصدات مع الضیاء الاول بالطائرات السمتیة ثم بعد ذلك تبدأ عملیة التمشیط للبحث عن العصاة المحصورین تحت البساط.

وفی ساعة مبکرة تحرکت من (کرکوك) یرافقنی قائد الفرقة فی قاطع (الموصل) العمید الرکن حازم برهاوی وتوجهنا الی (السلیمانیة) حیث استصحبت محافظ السلیمانیة السید ارشد الزیباری ،من السلیمانیة تحرکت الی (دوکان) التی کانت قاعدة انطلاق قطعات

الفرقة فى منطقة السليمانية وعند النزول فى (دوكان) سألنا عن قائد الفرقة فاخبرونا انه يستطلع بطائرة الويت وسألنا ضابط الركن فى المقر الجوال الذى تم تأسيسه فى (دوكان) لقيادة العملية فاخبرنا انهم لم يستطيعوا مسك المصدات حيث اضطرت عناصر من القوة للعودة الى (دوكان) وبعضها نزل فى (قلعتدزة) نظرا لاصابة طائرتهم وقد بلغ عدد الطائرات المصابة ثمانية طائرات ولذلك لم يتم مسك المصدات المطلوبة وفق الخطة. لقد طلبت حضور قائد الفرقة الى (دوكان) ولكنه تأخر وكان الوقت يقارب الساعة ١٠٠٠ فطلبت احضار القوة وهبوطها فى المصدات بنقلها بوجبات بالطائرات المتوفرة وفعلا أمكن إنزال القوة ومسك المصدات ولم تصب اى طائرة بأذى اذ ان الفرقة الثانية نفذت واجباتها بسرعة ومسكت المصدات وهيأت لواء قوات خاصة للقيام بالتمشيط وبعد ان امكن تنفيذ الخطة بحضورنا فى قاطع (دوكان) ولعدم حضور قائد الفرقة غادرت (دوكان) وذهبت الى (قلعتدزة) وشاهدت الطائرات المصابة فظهر ان اكثر الاصابات لاتؤثر على الطيران ولذلك طلبت طيرانها عدا اثنين منها كانت اصابتها تؤثر على الطيران وتحتاج الى تصليحات قد تستغرق يوما كاملا ولذلك امرت بعودة الطائرات والقوة الى (دوكان) لاستخدامها لتعزيز المصدات التى امكن مسكها بدون مقاومة بالقوة المتوفرة فى (دوكان) ولكن التاخير الذى سببه عدم تنفيذ مسك المصدات فى مواعيدها حسب الخطة ساعد على هروب بعض العصاة قبل اكمال الطوق حولهم.

٤٠٢. عند وصولى الى (قلعتدزة) سألت عن قائد الفرقة الثانية وهو العميد الركن لطفى الدباغ حيث تم نقل قائدها السابق اللواء الركن سعدالدين عزيز بعد الانتصارات الباهرة التى حققتها فرقته الى منصب معاون رئيس اركان الجيش للتدريب ونقل بدله العميد الركن لطفى الدباغ وهو ضابط كفؤ حيث عملنا معا معلمين فى كلية الاركان معا وكنت معلم اقدم وهو معلم معى لدورة الاركان (٣١) كما كان آمر فوج مشاة فى (كويسنجق) عندما كنت قائدا للفرقة الثانية سنة ١٩٦٩ وتمكنا من فتح الطريق الى (كويسنجق) (راجع الفصل الثالث). لقد ذهبت الى مقر الفرقة الجوال فى منطقة مشرفة على قرية (دشتبوى) فوجدت هناك قائد الفرقة وآمر لواء القوات الخاصة العقيد الركن صباح صبرى ولواءه مفتوح للقيام بالهجوم على سلسلة التلول المشرفة على القرية وكان فى قمة هذه السلسلة موقع يبدو انه ملائم لنزول الطائرات السمتية يظهر ان العدو قد شخص هذا المكان ووضع قوة لمسكه كما توزع على السلسلة بعد اكمال الطوق حوله وعدم امكان التملص الا بعض الاعداد التى كان يقودها (سيد كاكه) والتى استطاعت التملص لتأخر مسك المصدات من قبل الفرقة فى قاطع السليمانية. وعند شرح الموقف من قبل قائد الفرقة وآمر اللواء عرفت أنهم ينوون مهاجمة السلسلة بلواء القوات الخاصة لمسك قمة السلسلة ثم بعد ذلك الاندفاع الى القرية وتفتيشها.

لقد لاحظت ان هنالك قمة كائنة شمال القرية، يستطيع العدو الانسحاب اليها من القرية فطلبت ارسال قوة بالطائرات السمتية لمسكها والسيطرة على الوديان التي تؤدي الى الشمال والشرق من القرية فتم ذلك بسرعة بينما كان العصاة مشغولين بالقوات الخاصة التي تتقدم باتجاه السلسلة امكن اجراء عملية الانزال بدون مقاومة وبذلك استطعنا ان نطوق القرية بصورة كاملة بحيث لايمكن ان يفلت العصاة من هذا الطوق الا اثناء الليل، ولذلك طلبت السرعة في حسم المعركة نهارا قبل حلول الظلام وقد تكلمت مع القوات الخاصة قبل حركتهم للهجوم فازداد اندفاعهم كما انني اعرف آمر لوائهم وهو من الضباط الشجعان المندفعين ولذلك كنت مطمئنا بانهم سيحتلون اهدافهم بسرعة. كما تكلمت مع طياري السمتيات المقاتلة وطلبت منهم مساندة القوات الخاصة بضرب الحافة القريبة للسلسلة والاستمرار بالاسناد لحين وصول القوات الخاصة على ان يتم التنسيق بين اسناد الطائرات والاسناد المدفعي الذي تم وضع خطته من قبل آمر مدفعية الفرقة بالتعاون مع امر لواء القوات الخاصة. اندفع الفوج الاول بسرعة واستطاع ان يمسك ربيئة قديمة في بداية السلسلة بعد ان تركها العصاة ولكن القوات الخاصة كعادتهم لم يمسكوا المنطقة بل انحدروا الى السفح الاخر معقبين العصاة وتركوا الربيئة، فقام العصاة بهجوم مقابل استطاعوا على اثره ان يطاردوا السرية التي وصلت الى الربيئة واستشهد امرها و جرح ضابط اخر. ولم تتراجع السرية الى مسافة بعيدة بل بقيت في طنف لايبعد عن الربيئة اكثر من مائتي متر وامكن تحويل نيران المدفعية والسمتيات على الربيئة التي مسكها العصاة وارسلت سرية جديدة لتعزيز السرية الاولى فاندفعت السريتان لاحتلال الربيئة. وفي الساعة ١٤٣٠ هبطت طائرة سمتية مقاتلة حيث اصيبت بشظية من قذيفة (آر بي جي ٧) وتحتاج الى تصليحات بسيطة ولكن طياريها لم يصب باذى فتحول الطيار الى طائرة اخرى واستأنف المعركة ان هذا الطيار لا اتذكر اسمه ولكنني اكبرت فيه روح التضحية والاندفاع وقد طلبنا تكريمه لشجاعته لقد كنت اراقب المعركة ومعي محافظ السليمانية ارشد الزيباري وهو ضابط شجاع ومقاتل جرئ والعميد الركن حازم البرهاوي وقائد الفرقة الثانية. هبطت طائرة الويت ونزل منها قائد الفرقة في منطقة السليمانية وسألته اين كنت كل هذه الفترة الطويلة وقد سألته عن موقف فرقته فقال جيد مع العلم انه لم ينفذ ما مطلوب من الفرقة الا بعد ان وصلنا (دوكان) وطلبنا التنفيذ. وكان القائد في الاستطلاع وكان الاعتذار لعدم التنفيذ بسبب وجود مقاومة.

٤٠٣. كانت المعركة تسير بشكل جيد والقوات الخاصة تندفع لاعادة احتلال الربيئة التي يمكن اعتبارها مفتاح الموضع. اقترح قائد الفرقة في قاطع السليمانية ان اسمح له باستخدام سرية مغاوير من فرقته لانزالها في قمة السلسلة بالطائرات السمتية فقلت له ان

العدو يمسك القمة بقوة وقد ضربوا احدى السمتيات المقاتلة بالقاذفات ولذلك فان الانزال لايمكن تنفيذه مع العلم ان العصاة محصورين ولذا فانهم يدافعون عن رقابهم ولذلك لم اوافق على هذا المقترح كما ان الفرقة الثانية استطاعت ان تحتل الربيئة في بداية السلسلة واندفعت القوات الخاصة على ظهر السلسلة باتجاه القمة كما ان الناحية الادبية لا تجيز تدخل قائد في قاطع قائد اخر الا بعد ان يثبت عجزه وعدم مقدرته على ادارة المعركة في قاطعه ولذلك رفضت هذا المقترح.

لقد كان لهذا الرفض اثره البالغ على قائد الفرقة في قاطع السليمانية حيث ذهب الى المسؤولين ونقل صورة المعركة بشكل مغاير للحقيقة وقد علمت بذلك من السيد ارشد الزيباري محافظ السليمانية عند مواجهته لاحد المسؤولين حيث اخبره بالمعركة التي شاهدها بنفسه لكنه وجد صورة غير حقيقية لدى المسؤول عن المعركة. ان هذا العمل ان دل على شئ فانما يدل على مدى الطموح غير المشروع الذي كان لدى قائد الفرقة في قاطع السليمانية فلا يهمه قلب الحقائق والاضرار بالاخرين من اجل الوصول، ولم نكن نعلم ان وراء هذا الطموح والتكالب على المنصب مخطط تآمري لضرب قيادتنا وحزبنا المقدام حزب البعث العربي الاشتراكي ولكن الله كان بالمرصاد فتم كشف المؤامرة ونال المتآمرين جزائهم.

٤٠٤. لم تمر فترة طويلة على القوات الخاصة التي اندفعت باتجاه القمة وعند اقترابهم منها هرب العصاة منها فلحقت بهم السمتيات المقاتلة وقتلت اعدادا كبيرة منهم ونحن نشاهد هذا المنظر فقال السيد ارشد الزيباري محافظ السليمانية لقد قاتلت العصاة فترة طويلة ولكنني لم اشاهد في حياتي مثل هذا المنظر فالعصاة ينحدرون من القمة باتجاه القرية ويعقبهم رجال القوات الخاصة وكانت مطاردة مشهودة فتم احتلال القرية واسر مايزيد على ٣٥ من العصاة اما الاعداد الاخرى فتم قتلهم وبقيت جثثهم في المنطقة. كان يعوزنا مصوري تلفزيون لتصوير هذه المعركة ولكن لم يكن معتادا تصوير المعارك تلفزيونيا في ذلك الوقت.

لقد كانت معركة (ديشتوى) معركة ناجحة وحاسمة وامكن مسك وقتل كافة العصاة الذين كانوا في المنطقة ولم يستطيع ان يفلت منها سوى (سيد كاكه) مع عدد من حمايته، وقد هرب عندما تاخرت الفرقة في قاطع (السليمانية) من مسك المصدات حسب الخطة...

*

لە ناو کۆمەڵەدا گیروگرفتی راستەقینەمان هەبوو:

- کۆمەڵە هەندێ لە سەرکردەکانی لە زیندان دا بوون. لە کومیتەی هەرێمەکانیش: ئارام گوژرا بوو، سالار لە دەرەوەی ولات بوو. ئازاد هەورامی و مەلا بەختیار لە ناو پێشمەرگەدا بوون. سەرکردایەتی پێشوو، کومیتەی هەرێمەکان لە کونفرەنس با

کوبونەوەیەکی فراوان دا هەڵ نەبژێردرا بون. هەردوکیان خویان شەرعیەتی تەنزیمیان بە خویان دا بو.

- کومەڵە کومیتەی سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسی یان ناوەندیکی نەبو سەرپەرشتی هەمو ریکخستن بکا. ئورگان و بڵاوکراوەی نەبو. کاک ئارام یەک هەولی دابو ئورگانی بو کومەڵە دابمەزرینی. یەک ژمارەشی لی دەر کرد بو. ئیتر هیچی بە دوادا نەهات بو.

- کادرەکانی هەمو گەنجی تازە پیگەیشتو بون. سەرمایەی روشنبیری گشتی و مارکسی و، ئەزمونی سیاسی و پیشمەرگەییان کەم بو.

- بە هوی سەختی هەلومەرجی ئەو کاتەوە پیوەندی لە نیوان کادرەکان و ریکخراوەکان و بەرپرسەکان دا کز بو. هەر کەسە و هەر ریکخراوە سەربەخو بە گویرەی «ئیجتیهاد» ی خوی کاری ئەکرد.

- مەلا بەختیار و سالار «طموح» یان لە توانا و لیوەشاوەیی خویان زور زیاتر بو. هەریەکەیان لە لای خویەوە هەولی ئەدا جیگەی ئارام بگریتەوە. مەلا بەختیار بە هەلمداوان چو بو قەرەداغ هەندی لە کادرەکانی کومەلەی کو کردەوە، وای ئەزانی هەرچی لە قەرەداغ جیگیر بی ئەبی بە سکرتیری کومەلە. بەر هیرشیکی جەیش کەوتن، ئەمین پولا (ئەمینی حاجی شیخ عەلی) کوژرا و خویان بە فەلاکەت دەرباز بون. سالاریش لە سوریاوە هەندی نامەی «هەلمەت پەلمەت» ی بو «کومیتەی هەلمەت» نوسی بو.

گرنگترین کاری ئەم کوبونەوەیە ئەوە بو:

یەک ناوەندی جیگای باوەر دروست بکا سەرپەرشتی هەمو ریکخستنەکانی کومەلە و، پیشمەرگە و فەرماندەکانی بکا. یەکیتی بیر و هەلویست و کاریان تی دا دروست بکا.

*

بو ئەم کوبونەوەیە هەمو ئەندامەکانی کومەلە کە لە ریزی پیشمەرگەدا بون، وەکو کادری ریکخستن، رابەری سیاسی، فەرماندەی مەفرەزە و کەرت بانگ کرا بون. داوام لە ریکخراوە نهینییەکانیش کرد بو راپورتی دریژ بنوسن. خوم کومەلی پرسیارم بو نوسی بون وەلامی بدەنەوە.

زوری ئەوانەی داوام کرد بون بین بو کوبونەوە هات بون، تەنیا ئەوانە نەهات بون کە ئاگادار نەکرا بون، یان نەیان توانی بو شوینەکانی خویان بە جی بهیلن. ریکخستنی شارەکان، بە تایبەتی کومیتەی هەلمەت، راپورتی تیرو تەسەلیان نوسی بو. بو من ئەمە تاقیکردنەوەیەکی گەورە بو، باوەری ئەم هاوری یانە نەدورینم و، جیگەی باوەری ئەوان بم.

کۆبونەوەکانم لە سەرەتاوە کرد بە «سیمینار» بۆ: «لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی ناوخۆیی، ناوچەیی، جیهانیی» و «چۆنیەتی گەشە پێ دانی سیاسی، ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەیی کۆمەڵە و، بە هێز کردنی یەکێتیی نیشتمانی».

لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە ئەمە یەکەمین کۆبونەوەی ئەندامەکانی بو. پێشتر بە هۆی پیرەوی ڕێوشوێنەکانی کاری ژێرزەمینییەوە نەیتوانی بو کۆبونەوەی وەها ڕێک بخا. خێوەتێکی گەورەمان هەڵ دا بو، زۆری بەشدارانی کۆبونەوەکە شەو لەوێ ئەمانەوە. ئاسیاوی و برایەتییان بەهێزتر ئەبو، شەویان بە قسەی خۆش و «شەرە شیعر» و «شەرە سەرین» تا درەنگ بە سەر ئەبرد. لە مێژ بو «سەلتەنەتی» وەهایان بە خۆیانەوە نەدی بو: شەو بە بێ حەراسەت و کەمین و بە بێ ترس بنون و، بەیانی بە ئارەزوی خۆیان هەڵ بستن!

بەشدارانی کۆبونەوەکە بەوپەڕی ئازادییەوە بیروراکانی خۆیان دەربارەی هەمو باسەکان دەرئەبڕی و، هاوبەشییان لە گفتوگۆکان دا ئەکرد. مامجەلال چەند «محاضرە»یەکی بۆ دان و، کاک عەلی و کاک خالید بو بە خەرهاتن سەردانیان کردن.

هەندێ بڕیاری ڕێکخراوەیی و سیاسی گرنگ درا. لەوانە:

- دروستکردنی ناوەندێک بو کۆمەڵە، کە هەمو ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە فەرمان و ئامۆژگاری لەو وەربگرن. «ئورگان» و بڵاوکراوەی پێویست دەربکا.
- مانەوەی هەمو ئەوانەی ئەندامی سەرکردایەتی بون و، بە هۆی خەباتی سیاسییەوە گیرا بون، لە سەرکردایەتی دا.
- دامەزراندنی سەرکردایەتی تایبەی بو ڕێکخستنی شارەکان.
- بەهێزکردنی تەبایی و دوستایەتی لە گەڵ بزوتنەوە و، بەهێزکردنی ڕیزەکانی یەکێتی.

کۆبونەوەکان، کە چەند ڕۆژێکیان خایاند، بە سەرکەوتویی تەواو بون. ئەوانەی ئەبو لە سەفەری بادینان دا بەشدار بن مانەوە و، ئەوانەی تر گەڕانەوە بو ناوچەکانی خۆیان.

*

کشانەوەی ڕەسول مامند لە مەکتەبی سیاسی

لە ناو سەرکردایەتی بزوتنەوەدا کێشەی قوڵ هەبو، ئەم کێشانە کاریان لە چالاکی و کارەکانی یەکێتی بەش کرد بو. هەندێ لە سەرکردەکانی بزوتنەوە کە لە شار بون، ئەیانویست بزوتنەوە لە یەکێتی جیا بێتەوە، لە گەڵ هەندێ لە بیروبۆچونە بنەڕەتییەکانی یەکێتی نەبون.

دروشمی سەرەکی یەکیتی: «روخاندنی رژیمی فاشی عیراق» بو. ئەوان ئەم دروشمەیان پەسەند نەئەکرد. لایان وابو، جیبەجی کردنی ئەم دروشمە لە توانای کورد بە دەرە، بەلکو هەندیکیان لایان وابو حیزبی بەعس هاوپەیمانی ستراتیجیی کوردە و، جولانەوەی کورد ئەبی دەس لەو دروشمە هەلبگری و، لە ریگای گفتوگو لە گەل بەعس هەولی چاککردنی داوودەزگای ئوتونومی بدات. لە گەل دەس پی کردنەوەی خەباتی چەکداردا بەیانیکیان بە عەرەبی لە لوبنان و ئەوروپا بەم مەعنایە بلاو کردەوە. وەکو ئەیان وت: صەلاح بەدرەدین، کەدوستی بەعسی عیراق بو، بوی بلاو کرد بونەوە.

لە ناکوکی نیوان ئەم و یەکیتی دا پی یان وابو ئەمە زیندوکردنەوەی ناکوکی مەلایی و جەلالییە، ئەوان پیویستە نەبن بە بەشی لەم ناکوکیە، بەلکو پیویستە «خەتی سیهەم» دروست بکەن.

لە کاروبارەکانی ناو یەکیتی دا مامجەلالیان تاوانبار ئەکرد بە «تاکرەوی» و، بە داشکاندن بە لای کومەلەدا.

لە ناو سەرکردەکانی بزوتنەوەدا لە شاخ رەسول مامەند کەوت بوە ژیر تەئسیری ئەم بیر و رایانەوە و، دیفاعی لی ئەکرد. هەندی لە بیر و بوچونەکانیان جوری لە راستییان تی دا بو، بەلام شیوەی کار و پروپاگاندەکانیان نادروست و زیانبەخش بو. رەسول بە دریژایی زستان کیشە و گیروگرفتی لە گەل مامجەلال دروست کرد بو. تەنیایی لە ناو مەکتەبی سیاسی دا نەهیشت بو. زوری کارەکان تەگەرەیان تی کەوت بو.

سەرکردایەتی بزوتنەوە خویان کوبونەوە. رەسول لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکیتی کشایەوە. لە باتی ئەو تایەریان بو ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی و، حاجی حاجی برایم یان بو ئەندامەتی کومیتەی سەرکردایەتی دانا. رەسول «تفرغ» ی کرد بو کاری بزوتنەوە.

*

دەفتەری سەروەری

بە دریژایی سالی ۷۷ بەعس بەوپەری درندایەتییەوە تیکوشەرانی گەلەکەمانی لە سیدارە ئەدا. گیراوەکان خویان لیستەکانیان بو ئەناردین و، ریکخستنی شارەکانیش هەوال و دەنگوباسەکانیان ئەنارد. زوری ئەم ئاگادارییانەم لە گەل ئەو ئاگادارییانە، کە خوم لە سەر شەهیدانی پیشمەرگە کوم کرد بونەوە، لە یەک دا و، لە نامیلکەیەک دا ئامادەم کرد بە ناوی: «دەفتەری سەروەری» یەوە.

گیراوەکانی یەکیتی، بە تایبەتی ئەندامەکانی کومەلە، لە زیندان دا ئەریتیکی

تازاپانەیان داهینا: نەریتی «نامە نوسین لە ژوری خنکاندنەوە» کە تا ئەوسا باو نەبو.

ئەفسەرە کوردەکان: محەممەد قودسی، عیزەت عەزیز، خەیروللا عەبدولکەریم و مستەفا خوشناو، پیش هەلواسینیان بە چەند سەعاتی نامەیەکی گرنگیان بو میللەتی کورد نوسیوە. نامەکە وەکو سەروەرییەکی نەتەوەیی زور جار بلاو کراوەتەوە و، بو بە سەرمەشق بو تیکوشەرانی ریگای کوردایەتی.

دوای ئەوان کەسیکی کە نامەی لەو بابەتەی نەنوسی بو، یا ئیمە پیمان نەگەیشت بو. هاورییانی کومەلە سەردەقیان شکان و، بە نامەی شورشگیرانە لە ژوری ئیعدامەوە، سەرکردەکانیان، هاوریکانیان، خزم و کەسوکاریان هان ئەدا بو دریژەدان بە خەبات تا سەرکەوتن.

زوری ئەو نامانە لە لای من کوبونەوە. ریکخراوەکانی کومەلە بویان ئەناردم. نامەکان ئەوەندە بەرز و بە سوز بون، هەستیان ئەبزواند و کاریان لە ناخی دەرون ئەکرد. من هەر کە وەرس ئەبوم، هەندی لەم نامانەم ئەخویندەوە، سەرلەنوی تین و تاوم تی ئەگەرایەوە.

نامەکان هەندیکیان بو مامجەلال و، هەندیکیان بو من و هاوری و دوست و، هەندیکیان بو کەسوکاریان نوسی بو. هەر ئەو زەمانە هەندی بەشم لەم نامانە لە «دەفتەری سەروەری» و «هەوالنامە» و «کومەلە» دا بلاو کردەوە. دوایی تر هەمویم دا بە دەزگای راگەیاندنی یەکیتی زوریان لە کتیبیک دا بلاو کردەوە لە ژیر ناوی: «چەند نامەیەک لە زیندانی فاشیستەکانەوە». نازانم ئەسلی نامەکانیان چی لی کرد.

لە دەفتەری سەروەری دا، پیشەکییەک و، چەند برگەیەکی هەندی لەو نامانە و، لیستی ناوی هەمو ئەوانەی لە چالاکی پیشمەرگایەتی دا و، لە زیندانەکانی عیراق دا تا ئەو کاتە کوژرا بون؛ نوسی بو.

پیشەکیی دەفتەرەکەم بەم بەیتەی «مەحوی» دەس پی کرد بو:

بە پیری مەرگەوە فرسەخ بە فرسەخ رویون مەردان

ئەوی باکی لە مردن بی دیارە بلع و نامەردە!

مەحوی خوی «ئەهلی تەصەوف» بوە. وەکو هەمو صوفیە راستەقینەکان بەو جورە لە مردن و ژیانی روانیوە. هاورییانی کومەلەش، ئەو زەمانە، صوفی راستەقینە بون: عاشقی نەتەوە و نیشتمانەکەیان بون. «کوردی» لەم بارەیەوە ئەلی:

ئەصلی مەقصەد هەر یەکیکە بو پەرستارانی عەشق

یەک سیاقە حەق شوناسی: کەعبە یا بتخانە بی!

تایپیکی «برازەر» و رونیویەکی دەستی مان پەیدا کرد بو، ئەم نامیلکەیە و هەندێکی تر لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی کە لە دەرەوە دەرچو بون، پێ چاپ کرد و، تا ماوەیەکی درێژ ئەم تایپ و رونیویە تەنیا هۆی بڵاوکردنەوەی بیروباوەر و دەنگوباسەکانی یەکێتی و کومەلە بو.

*

راگویزانی ئاوایییەکانی سنور

بەعس بڕیاری دابو لە سەرەتای مانگی حوزەیرانەوە دەس بکا بە راگویزانی هەمو ئاوایییەکانی سنور بە قولایی ۲۰ کیلومەتر. یەکێ لەو مەسەلانەی لە کوبونەوەکانی کومیتەی سەرکردایەتی دا ئەبو باسی بکرێ، ئەم مەسەلەیە بو. رەئی هەموان ئەوە بو بەرەنگاری راگویزان بکرێ و، ریوشوێنی سازدانی دانیشتوانی ناوچەکانی سنور دابنرێ بو بەرهەڵستی هێرشەکانی عێراق و، بەرەنگاریی راگویزان. زوری خەڵک ئامادە بون بو بەرەنگاری. بەڵام چەکیان نەبو. بو ئەوەی پلانەکە جێبەجێ بکرێ ئەبو چەکیان بو پەیدا بکرێ. تەنیا سەرچاوەی چەک لەو کاتەدا سوریا بو. ئەبو رێگایەک بو سوریا بکرێتەوە. یەکێ لە هۆکانی سەفەری برادوست، کە بو بە «کارەساتی هەکاری» ئەمە بو.

دەربارەی راگویزان، بۆ هاندانی خەڵک، ئەوسا باسێکم ئامادە کرد بو، لە ژمارەی دوەمی ئابی ۱۹۷۸ ی «هەواڵنامە» دا بڵاوم کردوتەوە. لێرەدا وەکو خوی ئەینوسمەوە:

*

رەگەزپەرستەکانی عێراق ئاوەدانی و پێشکەوتن دێننە کوردستانەوە

- ۱ -

دەوڵەتە ئیمپریالیستیە گەورەکانی ئەوروپا هەر لە کوتایی قەرنی نوزدەهەم و سەرەتای قەرنی بیستەمەوە مرخیان لە زەویوزارەکانی عوسمانیەکان خوش کرد بو و، کەوت بونە دانانی پلان و نەخشە بو داگیرکردن و دابەشکردنی قەڵەمرەوی فراوانی عوسمانیەکان بە سەر خویان دا.

پاش جەنگی جیهانیی یەکەم ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیستییانەی شەرەکەیان بردەوە، بە ئامانجی خویان گەیشتن و، بە پێ ی قازانج و دەسکەوتی ستراتیجی، سیاسی، ئابوری - پەترولیی خویان، بێ ئەوەی گوی بدەنە ویست و ئارەزوی دانیشتوانی ناوچەکە و، بێ ئەوەی گوی بدەنە هیچ ئیعتیبارێکی نەتەوەیی، کومەلایەتی، دینیی و جوگرافی.. ناوچەکانی روژهەڵاتی ناوەراستیان دابەش کرد و، بەمجورە نیشتمانی عەرەب و نیشتمانی کوردیش لەتوپەت و ولجەر ولجەر کران و، چەندین دەوڵەتوکەی بێ هێز و دەسەلات و گری

دراوی ئیمپریالیزمیان تی دا دروست کرا.

کوردستانیش وەکو نیشتمانی عەرەب لەتوپەت کرا، بەلام ئیمپریالیزم و کونەپەرستانی داگیرکەری کوردستان، هەر بەوە دابین نەبون نەتەوەی کورد پارچە پارچە بکەن، بگرە لە ناو کوردیش دا خیل و هوز و تیرە و بنەمالە و هەندی جار خیزانەکانی ئەو ناوچانەیان بە سەر ئەم دیو و ئەو دیوی سنورەکان دا دابەش کرد.

خیلە کوردەکانی سنورەکان بەم جورە پارچە پارچە بون و کەوتنە دیوە جیا جیاکانەوە هەر پارچەیەکیان کەوتە ناو سنوری سیاسی دەولەتیکەوە، بو وینە:

عیراق - ئیران

زەنگنە، ئەرکەوازی، باجەلان، روژبەیانی، تاوگوزی، جاف، ئیناخی، لەهونی، بارام بەگی، میراودەلی، مەنگور، مامەش، پیران، بلباس، هەرکی، سورچی.

عیراق - تورکیا

هەرکی، سورچی، گەردی، دوسکی، ئەرتوشی، هەویری، سندی، سلوپی.

عیراق - سوریا

میران، موسا رەشی، هەسەنی، کچان، هارونی، چیلکان، گاپارە (خوارووی شەمگار و سەرووی حسەکە)، شەرقی (دنا، کیکا، ملی).

بەلام هەروەکو لەتوپەت کردنی نیشتمانی عەرەبەکان و دروستکردنی چەندین دەولەتی جیا جیا نەیتوانی یەکیتی عەرەب هەل بوەشینیتەوە، پارچە پارچە کردنی خاکی کوردستان و دابەشکردنی نەتەوەی کوردیش بە سەر چەندین دەولەتی جیا جیادا، کیشانی سنوری سیاسی و هەول و تەقەلای رژیمە کونەپەرستەکان، تەنانەت ئیجرائاتی جەنگی و پولیسی یش نەیتوانیوە یەکیتی نەتەوەی کورد هەلوەشینی.

یەکیک لەو ریگایانەی زور لە کونەوە داگیرکەرانی کوردستان پەنایان بردوتە بەر بو لە ناو بردنی کورد: راگویزانی هوز و خیل و تیرە کوردەکان و دورخستنەوەیان بوە لە کوردستان.

میژونوسەکان لە سەدەکانی ناوەراستەوە باسی راگویزانی زورەملی ی کوردمان بو ئەگیرنەوە، باسی زولموزوری پاشا و ئەمیر و سولتانە زوردارە خوینمژەکان و هەول و تەقەلاکانیانمان بو ئەگیرنەوە لە مەر بە زور راگویزان و دەربەدەر کردنی کورد لە خاکی کوردستان، باسی بەرگری قارەمانانە و شورشی خویناوی و راپەرینی کوردمان بو ئەگیرنەوە.. تەنانەت قارەمانانی نەمری وەکو سەلاحەدینی ئەیوبی و کەریمخانی زەندیش هەر لە ناو ئەو خیلە بە زور دورخراوە و دەربەدەر کراوانەدا هەلکەوتون.

لەم چەرخەش دا، مێژووی نوێ ی تورکیا نموونەیەکی تری هەوڵی ژیرکەوتوانە و ئابرووبەرانەی ڕەگەزپەرستە فاشیستەکانی تورکیامان پیشان ئەدات لە بارەی بە زۆر ڕاگوێزانی گەلی کورد لە کوردستان.

بەلام تاکو ئێستا لەعنەت و نەفرەتی مێژوو بۆ ئەو ئەمیر و سولتان و کاربەدەستە خوێنڕێژ و زۆردارانە ئەچێت و لە لاپەرە پڕ شەرمەزارییەکان دا ناویان دێت و گەلی کوردیش سەرەرای زۆر لێ کران و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، سەرەرای کوشتن و بڕین، سەرەرای دەربەدەر کردن و ڕاگوێزان، سەرەرای بەرسی کردن و تالان و دواخستن، سەرەرای هەوڵ دان بۆ تواندنەوە و تەفروتونا کردن و لە ناو بردنی وەکو یەک نەتەوە، هەروەکو کێوە سەرکەشەکانی کوردستان بە سەربەرزی، بە کوردی ماونەوە.

- ٢ -

ڕەگەزپەرستەکانی عێراق، سەرەرای هەمو ئەو درۆ و دەلەسانەی لە بارەی چارەسەر کردنی گیروگرفتی نەتەوەیی کورد و داننانی سەرزارەکی بە هەندی لە مافەکانی کوردا، لاپەرەیەکی یەکجار ڕەش و فاشیستی و دڕندانەیان هەیە لە ڕەفتاریان دا بەرامبەر گەلی کورد و مێژووی میللەتەکەمان دا، بە بێ گومان کردەوەکانی ئەمانە لە پاڵ کردەوەکانی ڕەگەزپەرستە سپیەکانی ئەفریقا و سەهیونیەکانی فەلەستین دا ئەگیرێتەوە.

ڕەگەزپەرستەکانی عێراق کە ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەم جار کاروباریان گرتە دەست، دەستیان کرد بە ڕاگوێزانی کورد لە ناوچە نەوتاویەکان، بە تایبەتی کەرکوک، بە سەدان گوندیان لە دەوروبەری کەرکوک و چەندین گەڕەکیان لە ناو شاری کەرکوک دا لە گەڵ خاک دا یەکسان کرد، جاری دوەمیش ساڵی ١٩٦٨ کە هاتنەوە سەر حوکم هەر زو دەستیان کرد بە دەربەدەر کردنی کوردە فەیلیەکان و ڕاگوێزانی کورد لە خانەقین، شەنگار، کەرکوک، تەلەعفەر، زەممار..و، بەمجورە بە سەدان گوندیان چوڵ کرد و، بە هەزاران خێزانیان لە خاکی باوباپیرانیان دەرکرد.

ئاشبەتاڵەکەی ١٩٧٥ هەلێکی باشی دەس ئەم فاشیستیانە خست بۆ جێبەجێ کردنی بە پەلەی پلانە ڕەگەزپەرستانەکەیان لە مەر گۆڕینی ڕوخساری نەتەوەیی خاکی کوردستان بە دەرکردنی کورد لە ناوچە تێکەڵاوەکانی کوردستان و، بە ڕاگوێزانی دەیان هەزار خێزانی کورد لە ناوچە پەترولی و ستراتیجی و سنوریەکانی کوردستان.

بەمجورە کەوتنە ڕاگوێزان و دەربەدەر کردنی کورد لە کەرکوک، خانەقین، شەنگار، تەلەعفەر، عەین زالە.. و، هێنانی خێل و هۆز و موچەخۆر و جوتیار و

کریکاری عەرەب بۆ ئەم ناوچانە، هەروەها کەوتنە راگویزانی ناوچە سنوریەکانی کوردستان و، هەمو سنوری سوریا - عیراق و، بەشی هەرە زوری سنوری تورکیا - عیراق و، بەشیکی گەورەی سنوری ئیران - عیراقیان، لە سالانی ۱۹۷۵ تا ۱۹۷۷ دا بە قولایی ۲۰ کم چول کرد و، ئەمسالیش کەوتنە راگویزانی ناوچەکانی میرگەسور، دەشتی بەرازگر، دولی خوا کورک، دولی لولان، سیدەکان، گرتک و روست، پشدەر، مەنگورایەتی.. و، تا ئیستا پلانیان بە دەستەوەیە ئالان، سیوەیل، شلیر، هەورامان.. رابگویزن.

تاکو ئیستا صەددام حسین دو جار بە رەسمیی دانی ناوە بە راگویزانی دانیشتوانی کوردستان دا:

جاری یەکەم، دوای ئاشبەتالەکەی سالی ۱۹۷۵ لە وتاریک دا بە ناوی «سەنگەریک یا دو سەنگەر» دوە بلاوی کردوتەوە. لەو وتارەدا باسی پیویستیی چول کردنی ناوچەکانی سنوری کوردستان ئەکا بە قولایی ۱۰ - ۲۰ کم، سەبارەت بە ئەمن و ئاسایشی عیراق، گوایە بۆ ئەوەی «پشتینەی ئەمنی» لە دەوری عیراق دروست بکریت.

جاری دوەم، لەو کونگرەیەدا کە بە بونەی ئاهەنگەکانی تەموزەوە لە ۱۹۷۸/۷/۱۸ دا لە گەل روژنامەنوس و پەیامنیرانی بیگانەدا گرتی. صەددام لەم کونگرەیەدا وتی:

«وفی بعض الاحیان تسمعون حدیثا عن تهجیر الاکراد.. فما هو تهجیر الاکراد فی حقیقته...؟ سوف تشاهدونهم عندما تذهبون الی هناك.. لکن الذی ارید ان اقوله لکم الان، الشریط الحدودی بین العراق وترکیا وبین العراق وایران.. تقرر ان یجری ترحیل القری التی هی عبارة لیست عن قری وانما فی اغلبها من بیوت معزولة عن ای نمط من انماط مستلزمات التقدم والحضارة.. وعن قدرة الدولة فی ایصال ای نمط من انماط الخدمات الاجتماعیة والاقتصادیة لهم. تقرر بالنسبة لکل الذین یسکنون الشریط الحدودی والذی بعمق بین ۱۰ - ۲۰ کم للاراضی الحدودیة الواقعة بین العراق.. یعنی من اراضی العراق المجاورة لترکیا ولایران یرحلون بالعمق فی قری نموذجیة تتوفر فیها کل المستلزمات والخدمات الاساسیة التی تفتقر لها حتی الان قری واسعة فی ضواحی بغداد.. وفی مدن اخری من العراق.. هذا هو معنی الترحیل.. لکن یکتبون ترحیل.. رحلو الاکراد.»

لەم قسانەی صەددام ئەم شتانە تی ئەگەین:

۱. ناوچەکانی سنوری عیراق لە گەل ئیران و تورکیا بە قولایی ۱۰ - ۲۰ کم رائەگویزن.

۲. ئەم جارە هوی راگویزانی نەدایە پال پاراستنی ئەمن و ئاسایش و دروستکردنی

«پشتینەی ئەمنی» لە سەرانسەری سنورەکانی کوردستانی عیراق - ئیران، کوردستانی عیراق - تورکیا، کوردستانی عیراق - سوریا، بەلکو گیرایەوە بۆ دواکەوتن و پیش خستنی کوردستان کە گوایە ئەم ناوچانە خانوی لە یەک داپراو و دور لە یەکی ناوچەیەکی شاخاوی سەختی ئەوتۆ دان، کە دەولەت ناتوانی خزمەتی کومەلایەتی و ئابوری بگەیەنیتی، جا بۆ ئەوەی پیشکەوتن و شارستانیتیان بگەیەنیتی، دەولەت «گوندی نمونەیی» ان بۆ دروست ئەکات، کە هەمو نیشانەکانی پیشکەوتن و ئاوەدانی.. بە جوریکی ئەوتو تی دایە، کە تەنانەت لە گوندەکانی نزیک بەغدا و شارەکانی تریش دا نین.

٣. صەددام جاری یەکەم کە مەسەلەی راگویزانی کوردی ئە «سەنگەریک یا دو سەنگەر» دا لە باری سەوقی جەنگیی و ستراتیجیەوە لیک ئەدایەوە، ئەمجارە خستویەتیە چوارچیوەیەکی ترەوە کە لە قسەی ئەو ئەوروپاییە داگیرکەرە ئیمپریالیستیانە ئەچی کە کاتی خوی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینیان داگیر و تالان کرد بە ناوی ئەوەوە کە گوایە: کابرای سپی پەیامی پیشکەوتن و ئاوەدانی ئەبات بۆ گەلانی دواکەوتوا

رەگەزپەرستەکانی عیراق ناوچەکانی سنور رائەگویزن نەک لە بەر ئەوەی ئەیانەویت کورد پیش بخەن و، کوردستان ئاوەدان بکەنەوە و، شارستانیتی و ژیانی خوش و پیشکەوتوی تی دا ئامادە بکەن، بەلکو ئەیانەویت یەکیتی نەتەوەی کورد تیک بدەن و، کوردی عیراق لە پارچەکانی تری کوردستان دابرن، چونکە هەمو ئەو هەول و تەقەلا ئابوری و سیاسی و کومەلایەتی و فەرهەنگی و عەسکەری یانەی کاربەدەستانی عیراق و دەولەتەکانی دراوسی داویانە بو لە یەک پچراندنی کورد، تا ئیستا سەرنەکەوتوە و، بەم شیوەیە ئەیانەویت بوشاییەکی زەمینیی لە بەینی کوردستانی عیراق و پارچەکانی کوردستان لە ئیران و تورکیا و سوریا دروست بکەن و، ئەو بۆشاییەیش بە سەربازگە و سەنگەر و قایمکاری جەنگیی پر بکەنەوە کە وەکو شورەیەک وابی لە نیوان کوردی عیراق و کوردی پارچەکانی تری کوردستان دا.

ئەو ناوچانەی راگویزراون لە سنورەکان لە گەل ئەو ناوچانەی کە بە دەستەوەیە رابگویزرین بە لایەنی کەمەوە تەقدیر ئەکریت بە ٢٥ هەزار کیلومەتری چوارگوشە، کە دو ئەوەندەی ئەلەمروی لوبنان زیاترە.

- ٣ -

راگویزانی کورد لە سەرزەمینی باوباپیرانی جگە لەوەی کە سیاسەتیکی رەگەزپەرستانەی دژی مروڤایەتیە، هەنگاویکیشە بو پەرت و بلاوکردنەوە و تواندنەوەی ئەو کوردانەی رائەگویزرین، چونکە ئەم خیزانە کوردانەی دور ئەخرینەوە بی بەش ئەکرین لە

پیشەی هەمیشەیی خۆیان کە ژیانیانی لە سەر بوە: کشتوکاڵ و پەروەردە کردنی ئاژەڵ. ئەمە وایان لێ ئەکات کە ئیتر نەتوانن خۆیان بە خێو بکەن و، چاویان لە دەستی کاربەدەستانی بەغدا بێت، بە تایبەتی لە بەر ئەوەی کە لە کار و پیشەکەی پێشویان دور خراونەتەوە بێ ئەوەی لە «ئوردوگا زورەملیەکان» یش دا هیچ کار و پیشەیەکی تریان بۆ تەئمین کرابێ.

کاربەدەستانی بەغدا پلانێکی رەگەزپەرستانەیان داناوە بۆ ئەوەی ئەمانە بکەنە کرێکار لە خوارویی عیراق و، لەم بارەیەوە پێشتر بلاویان کردوتەوە کەوا زیاتر لە ٤٠ هەزار کرێکاریان پێویستە بۆ کارگاکانی ناوەراست و خوارویی عیراق. بە پێی لێکدانەوەی رەگەزپەرستەکان ناچاریی خۆ بەخێو کردن و پێویستیی گوزەران، وا لەم خەلکە بێ ئیشە راگوێزراوەی کە لە زەویەکانی خۆیان هەلکەنراون، ئەکات، کۆچ بکەن بەرەو بازاڕی کار و نان پەیدا کردن. ئەمەش بێگومان زەرەر لە ئابوری عیراق ئەدات، چونکە ئەمانە شارەزاییان لە کاروباری کرێکاری دا نیە، بەلام رژێمی فاشیستی عیراق ئەمەی لە لا گرنگ نیە، بەلکو تەنیا مەبەستی تواندنەوەی کوردە لە ناو عەرەبی ناوەراست و خوارویی عیراق دا.

رژێمی بەغدا سەدان ملیون دیناری بودجەی عیراقی سەرف کردوە لە دروستکردنی خانو و بەرەی «ئوردوگا زورەملیەکان» دا و، لە بژاردن و دانی پارەی نەختینەدا بە خێزانە راگوێزراوەکان و کاروباری تر، ئەم پارەیە سەرف ئەکری لە ویران کردنی بەشێکی ولات و دەربەدەر کردنی دانیشتوەکانی دا.

راگوێزان زەرەرێکی گەورەی داوە لە کەرتی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ چونکە ئەو ناوچانەی راگوێزراون و بە دەستەوەیە رابگوێزرێن لە ٢٥ تا ٣٠ هەزار کیلومەتری چوارگۆشە ئەگرێتەوە کە ئەکاتە سێ یەکی سەرزەمینی کوردستان. جا ولات لە بەرهەمی کشتوکاڵ و بەرووبومی ئاژەلی ئەم ناوچە گەورەیە بێ بەش ئەبێت و، ئەمەش گرانی و ناریکی ئابوری لە ناوچەکانی کوردستان دا دروست ئەکا، جگە لەوەش ئەو خەلکە زورەی ئەچنە نزیک شارەکان ئەبن بەبار بە سەر ئەو ناوچانەوە، نەک ژیانی خۆیان پێ مسوگەر ناکرێ، ژیانی خەلکی شارەکانیش ئەخەنە تەنگوچەلەمەیەکی تەواوەوە.

بە هۆی راگوێزانەوە بێکاری زیاتر ئەبێ، ئەمەش گیروگرفتی قوڵتر بۆ ئابوری عیراق بە گشتی و، بۆ ئابوری کوردستان بە تایبەتی، دروست ئەکا.

بە پێچەوانەی ئەو پروپاگاندەیەوە کە رژێمی بەغدا ئەیکات، راگوێزان زەرەر لە خزمەتی گشتی (تەندروستی، خوێندن..) ئەدات، چونکە هەندی لەو دێهاتانەی ویران

کراون تەخوشخانە، قوتابخانە و مزگەوتیان تی دا بوە سوتێنراون. ئەو ئوردوگایانەیش کە بویان گوێزراونەتەوە قوتابخانە و نەخوشخانە و مزگەوت و (داوودەزگای خزمەتی گشتی) یان تی دا ئامادە نەکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە کاریەیان تی دا نیە و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەش لەو شوێنانەدا ئامادە نەکراوە.

ئەگەرچی ئوردوگا زورەملیەکان ناو نراون گوندی هاوچەرخ و نمونەیی، بەلام لە راستی دا کامپی گرتن (معسكرات الاعتقال) ن، چونکە هێزی سوپای بە دەورەوە دامەزرێنراوە و پاسیان ئەکات.

سەرەرای هەمو ئەم لایەنە خراپانە، راگوێزان لە روی سیاسیەوە بریتیە لە لادانێکی زیاتر بە لای ئیمپریالیزم و، دەولەتە کونەپەرستەکانی ئیران و تورکیادا، ئەمە زەرەر لە سەربەخویی ولات ئەدا، چونکە ئەو شوێنانەی چول ئەکرین یەکجار فراوانن، ماوە ئەبەخشێ دەولەتانی ئیران و تورکیا (تسلل) بکەنە ناوی و، بۆ مەبەستی خویان بە کاری بهێنن. لە راستی دا وازهێنانی رژێمی بەغدا لەم ناوچە فراوانەی خاکی ولات خیانەتێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، بە نیازی جیبەجی کردنی سیاسەتی زەمینی سوتاو (الارض المحروقە) بۆ سوتاندنی تەر و وشک لە دیهاتەکان دا، بۆ لە ناو بردنی مەر و مالات و ئاوەدانی و رەز و باخ و، هەمو سەرمایەیەکی تر گوایە بۆ ئەوەی تەنگ بە ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە هەلچنێت و لە برسان دا بیکوژێت، کە بێگومان ئەمەش بۆ رژێمی بەغدا ناچێتە سەر، چونکە میللەت پشتیوانی شورشە و، گەل ژیانی پێشمەرگە تەئمین ئەکات.

ئەم سیاسەتەی رەگەزپەرستەکانی عیراق دژی گەلی کورد و خاکی کوردستان گرتویانە، دژی هەمو ئەو یاسا و پەیمان و رێککەوتنە جیهانی و مروڤایەتیانەیە کە عیراق سەبارەت بە ئەندامەتی لە (کومەلەی نەتەوە یەکگرتوەکان) دا مۆری کردوە.

- ٤ -

رەگەزپەرستەکانی عیراق کە دەست ئەکەن بە راگوێزانی ناوچەیەک بەم جورە ئەیانەوێت ئاوەدانی و پێشکەوتنی تی دا بلاو بکەنەوە.

- سوپا بە هالیکوپتەر و ئوتومبیل و تانک و زرێپوش و پیادە هێرش دەبەنێتە سەر ناوچەکە و، دەوری ئەو شوێنانە ئەگری کە بریاری راگوێزانیان دراوە.

- پاش داگیر کردنی ناوچەکە، دانیشتوانی گوندەکە ئەگیرین و بە خویان و هەندێک کەلوپەل و ئاژەل و گاوگوتالەوە راپێچ ئەکرین و ئەپەستێنرێنە ناو چەند زیلێکی سوپاییەوە.

- بە زیل ئەگوێزرێنەوە بۆ یەکێک لەو ئوردوگا زورەملی یانەی پێشتر ئامادە

کراوه بۆ نیشتەجێ کردنیان.

- له کاتی گواستنەوەدا هەندێک پیر، ساوا، نەخۆش.. ئەمرن. بۆ نموونه له کاتی راگویزانی دانیشتوانی گوندی باوزێ (قەلادزە) بۆ ئۆردوگای تومسوران ١١ منال و ژنێک مردن.

- ئەوانەی راتەگویزرین زۆر به زەحمەت هەندێک له کەلوپەلی پیویستیان بۆ دەرباز ئەکرێت و، ئەوانی تر هەموی به جێ ئەمێنێت و سوپا ئاگری تێ بەر ئەدات.

- له ناوچەی راگویزراودا:

خانوبەره، مزگەوت، قوتابخانه.. به تەقەمەنی ئەتەقێنرێ و کاول ئەکرێن و ئەسوتێنرێن.

باخ و رەز ویران ئەکرێ، ئاگر بەر ئەدرێته پەرژینەکانی و، تەلانەکانی ئەروخێنرێ و، تیزاب ئەکرێ به سەر داری بەری دا.

جوگا و بناوان و کانیەکان به دینەمیت ئەتەپێنرێن و کوێر ئەکرێنەوە.

هەنگەلان ئاگری تێ بەر ئەدرێت و پورە هەنگ ئەشالوزکێنرێن.

ماوه نادرێت به جوتیارەکان بەرهەمەکانی ئەو وەرزەیشیان هەلبگرن، بەلکو شینایی و خەله و خەرمانیان.. ئەوی فریا بکەون ئەسوتێنرێ و، ئەوی تریان پێ به جێ ئەهێلرێت.

به نرخێکی هەرزان ئاژەل و گاگەلەکان له جوتیارەکان ئەستێنرێ.

- ٥ -

ئەم هەنگاوه رەگەزپەرستیەی کاربەدەستانی عیراق دەرهەق به میللەتی کورد بۆته هۆی:

١. راگویزانی دەیان هەزار خیزانی جوتیاری کورد له سەرزەمینی باوباپیری و پەکخستن و له کار خستنی هەزاران دەستی کار.

٢. بەرەللا کردنی هەزاران دونم زەوی باشی بەراو و دیمی کشتوکال.

٣. وشک بون و له ناوچونی هەزاران دونم رەز و باخی میوه و بەرەللا کردنی دەیان هەزار دۆنم لەوەرگا.

٤. تەفروتونا بون و به تالان چونی هەزاران میگەلی گەوره و گاگەلی گەوره.

٥. له ناوچونی دەیان هەزار پورە هەنگ.

٦. ویران بونی سەدان گوندی ئاوەدان و هەزاران خانوبەره، مزگەوت، قوتابخانه..(تەواو)

دوەمین کۆبونەوەی

کومیتەی سەرکردایەتی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان

خولی دوەمی کوبونەوەکانی ک س - ی ن ک چەندین مەسەلەی گرنگی سیاسی، پیشمەرگەیی، ئیعلامی، ریکخراوەیی، دارایی لە بەردەم دا بو کە ئەبو لی یان بدوی و باسیان بکات و بریاریان لە سەر بدات.

کومیتەی سەرکردایەتی پیک هینرایەوە لە:

نوینەرانی بزوتنەوە: عەلی عسکەری، تایەری عەلی والی، خالید سەعید،، سەید کاکە، حاجی حاجی برایم، عومەر مستەفا (لە دەرەوە بو)

نوینەرانی کومەلە: ئازاد هەورامی، مەلا بەختیار، عومەر عەبدوللا، تالیب روستەم، من و، سالار (لە دەرەوە بو).

نوینەرانی خەتی گشتی: شیخ حسین و، دەستەی دامەزرینەر (کە لە دەرەوە بون).

مامجەلال هەلبژیردرایەوە بە سکرتیری گشتی و، مەکتەبی سیاسی لە ۲ نوینەری بزوتنەوە: عەلی عسکەری و تایەری عەلی والی و، ۲ نوینەری کومەلە: سالار و ئازاد، پیک هینرایەوە.

سالار لەو کاتەدا هیشتا لە دەرەوە بو من پیشنیارم کرد لە مەکتەبی سیاسی دابنریتەوە. لە روژانی کوبونەوەکەدا تالیب، بە بیانوی ئەوەی ریزی نەگیراوە و پرسی پی نەکراوە، ئیستیقالەی لە نوینەرایەتی کومەلە و لە کومەلە کرد. لام وایە هوی راستەقینە ئەوە بو نەکرا بو بە ئەندامی سەرکردایەتی کومەلە، چونکە خوی لەوانی تر بە شایستەتر ئەزانی.

سەرلەنوی فەرماندەی هەریم و یاریدەدەرەکانیان و، لیپرسراوی لقەکان، دیاری کران. تالیب روستەم، فەرماندەی هەریمی ٦ ی پشدەر بو، لە هەمان کاردا هەلرایەوە.

پیکهینانی ناوەند و، دەرکردنی ئورگان و، سەرپەرشتی ریکخستنەکانی کومەلە، بەواتەیەکی تر زوری کارەکانی کومەلە کەوت بوە ئەستوی من. من ئیتر نەمئەتوانی فەرماندەی هەریم بم، خویشم نەمئەویست بچمە مەکتەبی سیاسییەوە، ئەمویست جی بو هاوریکانی ترم چول بکەم.

*

لە ناو ئەو مەسەلە گرنگانەدا کە باس کران:

یەکیکیان، هەلبژاردنی شوینیک بو بارەگاکانی سەرکردایەتییان تی دا دابنری.

ئەوی تریان، مەسەلەی راگویزانی دیهاتەکانی سنور بو.

بارەگای مەکتەبی سیاسی لەو کاتەدا لە «نۆکان» بو، بەڵام «نۆکان» نەرزی ئێران بو. کاتی خۆی قم ئاوایان کرد بوەوە. مەکتەبی سیاسی بە ناچاری لە بەر سەرمای زستان و لە بەر بی جێگایی چو بوە ناوێیەوە. ئێران هەڕەشەی کرد بو ئەگەر چولی نەکەن هێز بنێرێتە سەریان بە زور دەریان بکا.

راگوێزانی ئاوایییەکانی سنور بە مەترسییەکی گەورە بو سەر پاشەڕۆژی گەلی کورد دائەنرا، لە بەر ئەوە بریار درا بە هەمو توانایەکەوە بەرەنگاری بکری و، دانیشتوانی ناوچەکانی سنور ساز بدرین و، ریک بخرین بو شەری بەرهەڵستی راگوێزان.

*

گرنگی ناوچەی ٣ سنور

ک س - ی ن ک لە کۆبونەوەکانی دا، بە گشتی بریاری دا کە بارەگا و بنکەکانی دەزگا سەرکردەییەکانی شورش بهاتەوە شوێنەکانی سالی پێشو لە ناوچەی برادوست، کە ئەکەوێتە ناوچەی ٣ سنوری عێراق - ئێران - تورکیاوە، لە بەر زور ئیعتیباری نەتەوەیی، سیاسی، جەنگیی، تاکتیکی...

ناوچەی ٣ سنور ئەو کاتە گرنگییەکی گەورە و تایبەتی هەبو لە چاو شوێنەکانی تری کوردستانی عیراق دا چونکە:

٣ دەوڵەتی عێراق، ئێران و تورکیا و، ٣ پارچەی جیاجیای کوردستانی پێکەوە گری ئەدا و ناوچەکانی بادینانی عێراق و سورانی عێراقی بە یەکەوە ئەبەست، هەروەکو توانای هێنانی ئازوقە و کەلوپەلی پێویست لە ٣ دەوڵەتی جیاوازەوە هەبو، ئاپلوقەدانی ئابوری دژوار بو، سەرەرای ئەوەی کە ناوچەکەش شاخاوی و سەخت و عاسیی بو دوژمن نەیئەتوانی لە هەمو لایەکەوە ئاپلوقەی سپایی بدات و بە ئاسانی بیگاتی و بویری بچێتە ناویەوە.

جگە لە مانە هەموی، لە بەر ئەوەی کە بەهار و هاوین و پاییزی ١٩٧٧ بارەگای سەرکردایەتی ی ن ک و هێزێکی گەورەی پێشمەرگە لەوی بوبو، وە زستانەکەی لە بەر نەتوانینی تەئمین کردنی پارەی ئازوقەی هێز و بارەگاکان کشا بونەوە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی، ژمارەیەکی زور لە سەرکردە و کادرە پێشمەرگەیی و سیاسی و پێشمەرگەکانی شارەزایییەکی باشیان لە هەر ٣ دیوی ناوچەکە و ناسیاوی و ئاشنایەتییان لە گەڵ خەڵکی هەر ٣ دیوەکەی سنور هەبو.

*

دانانی پلانی گواستنەوە و ئامانجەکانی

ک س - ی ن ک بە گشتی بڕیاری دا کە بارەگای سەرکردایەتی بهاتەوە ناوچەی برادوست لە سەر سنور بۆ ئەوەی:

١. بارەگای دەزگا سەرکردەییەکان لە شوێنێکی ئەمین دا جێگیر بێ و بپەرژێتە سەر جێبەجێ کردنی ئەرک و فرمانەکان.

٢. پێش ١٩٧٨/٦/١، واتە پێش کاتی جێبەجێ کردنی بڕیاری حکومەتی عێراق لە سەر ڕاگوێزانی دێهاتەکانی سنور، ڕێگەی پەیوەندی لە گەڵ دنیای دەرەوە و، ڕێگەی هێنانی تفاقی جەنگی و، یارمەتی و پێویستییەکانی شۆڕش بکاتەوە.

٤. پاککردنەوەی ناوچەکە لە چەکدارەکانی قم ئەگەر بونە ڕێگری پلانەکانی یەکێتی.

٥. داوای یەک لە سەر یەکی دوستەکانی یەکێتی لە تورکیا بە تایبەتی دە دە قا دە بو نزیک بونەوەی هێزەکانی یەکێتی لە سنورەکانی تورکیا.

*

بو جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجانە ک س - ی ن ک بڕیاری دا:

١. زانیاری تەواو لە سەر ناوچەکە کو بکاتەوە، بە تایبەتی ئەو ئالوگورانەی بە سەر هێزەکانی دوژمنان دا لە ناوچەکەدا هاتون.

٢. هێزێکی ئەوتو ساز بدات بۆ ئەوەی بەرەو شوێنی دیاریکراو بە ڕێ بکەوێ و بەشی جێبەجێ کردنی پلانەکەی یەکێتی بکات.

٣. شوێنی جێگیر بونی هێزەکەی یەکێتی کە لە دوا قوناغ دا، واتە لە ناوچەی برادوست دا، قایم بکات.

تەرازوی هێزەکانی ناوچەکە

سەرکردایەتی یەکێتی کەوتە کوکردنەوەی زانیاری و دەنگوباسی پێویست لە چەندین سەرچاوەی سەرەکی و لاوەکی جیا جیاوە لەوانە:

١. دە دە کا دا.

٢. ئەوانەی لە لای قم موە رایان ئەکرد و ئەهاتنە ریزی یەکێتیەوە.

٣. ئەو کادر و دوستانەی یەکێتی لە ناوچەکانی قم دا هەبون.

٤. ئەو پێشمەرگانەی یەکێتی کە لە لای قم گیرا بون.

ئەو زانیاریانەی لەم سەرچاوانەوە هاتن لە سەر هێزە چەکدارەکانی قم: ژمارەیان، جوری چەکەکانیان، لێپرسراوەکانیان، بارەگاکانیان، وردی جەنگاوەرانەیان، توانا و ئیمکانیاتی سیاسیان، پشتیوانییان لە ناو عەشیرەتەکانی سەر سنور دا.. لە یەک دران،

هەروەها ئەو زانیارییانەی لە سەر هێزەکانی عیراق و ئێران و تورکیا کۆکرابونەوە هەڵسەنگێندران، ئەنجامەکانی بەم چەشنە بو:

- هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عیراق:

سەربازگە و نوقتە و رەبیەکانی جەیش، لە ناوچەکانی چومان، برادوست، میرگەسور، گۆرینێکی ئەوتۆیان بە سەردا نەهات بو و، هەر لە شوێنەکانی ساڵی پێشو بون.

- هێزە چەکدارەکانی حکومەتی تورک:

قەرەقوڵەکانی سەر سنور، دائیمی و موەقەتەکان، لە ناوچەکانی گەوەر، شەمزینان، چەلی، ئەوانەی زستانە لە شوێنەکانی خۆیان بون و ئەوانەی هاوینە هێشتا نەهات بونەوە.

- هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئێران:

پاسگا و پایەگا و پادگانەکان، لە ناوچەکانی سەردەشت، خانە، شنو، لە شوێنەکانی خۆیان دا بون و، ئاڵوگۆڕێکی گرنگیان بە سەردا نەهات بو.

- هێزە چەکدارەکانی قم:

بارەگاکانیان: گوستە، چەمەتو، هەرکی، شەتونس، بێڵاو.

لێپرسراوەکانیان: سامی سنجاری، ئەورەحمان بێداوی، ئازاد مەحمود خەففاف، وریا رەئوف سەعاتچی، ئازاد بەرواری، غازی زیباری، کەریم سنجاری، جەوهەر نامیق، کەمال کەرکوکی، مولازم سەردار ئەبوبەکر، مولازم عومەر عوسمان، عەریف یاسین، مستەفا نێروەیی، نیهاد، یونس رۆژبەیانی، حەمید حسێن، عەبدوللا سالح، هاشم رەمەزان، مەلا ئەمین بەرزانی.

ژمارەی هێزی ئەسلیەیان: ٢٥٠ - ٣٠٠ چەکدار.

هێزە چەکدارەکانی قم لە چەندین بارەگا و بنکەی دور و لە یەک دابراو دا لە هێڵێکی درێژی سنوری تورکیا - عیراق دا پەرت و بڵاو بون، هیچ بارەگایەکیان لە ٣٠ - ٥٠ کەس زورتری تێ دا نەبو.

هێزە چەکدارەکانی قم لە روی چونایەتی سیاسی و سوپاییەوە پێکەوە نەگونجاو و ناڕێکوپێک بون، هەندێکیان خوێندەواری شاری بون لە ئەوروپاوە گەڕابونەوە، وەکو: سامی، ئازاد خەففاف، وریا.. و، هەندێکیان پیاوی بنەماڵەی بارزانی بون و، لە ئێرانەوە نێردرابونەوە، وەکو: عەریف یاسین، حەمید ئەفەندی، یونس.. و، هەندێکیان خەڵکی دێهاتەکانی سنور و، هەندێکی تریان خەڵکی ناو تورکیا بون.

دە دە کا دە وای نیەیەها نەکرد کە قم لە ناو چەند سەرۆک عەشیرەتێکی

کونەپەرست دا لە چەلی و ئولودەرە نفوز و دەسەلاتی هەیە و، دە دە کیا دە خوی لە ناو هوز و خیلەکانی شەمزینان و سەرانسەری هەکاری دا نفوز و دەسەلاتی هەیە و، لە کاتی گەیشتنی هیزی پیشمەرگەی یەکیتی دا ئەوان هاوکاری سیاسی و جەنگیی یەکیتی ئەکەن.

*

دارشتنی پلانی دوایی و دیاری کردنی هیزەکان

لە ئەنجامی بەراورد و تاووتوی کردنی ئەو زانیاریەیانەدا ک س - ی ن ک بریاری دا هیزیکی تیکەلاوی چەکدار و بی چەک لە پیشمەرگەی زوریەی هەریمەکانی کوردستانی عیراق ساز بدا و بە ری ی بکات:

١. بەشیکی هیزەکە بو پاراستنی بنکەکانی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری لە برادوست بمیننەوە.

٢. بەشیکی تری دوای پر چەک کردنی بە چەکی زیادەوە بگەرینەوە ناوچەکانی خویان.

٣. مەفرەزەکانی بادینان لە گەل هیزیکی پشتیوانی و یارمەتیدەر دا بچنەوە بادینان.

بەمجورە یەکیتی هیزیکی گەورەی ساز دا، کە نزیکەی ...١ پیشمەرگە ئەبو لە چەکدار و بی چەک، لە خەلکی ناوچەکانی سەرانسەری کوردستانی عیراق هەر لە خانەقینەوە تا زاخو، لە گەل زورایەتی ئەندامانی ک س و ژمارەیەکی زور لە فەرماندەی هەریم و کەرت و مەفرەزەکان و کادرە سیاسیەکان، کە بکەونە ری.

بریار درا ئەو هیزە گەورەیە بیبیتە ٣ بەش، هەر بەشیکیان چەند لیپرسراویکی لە گەل بیت، پیشمەرگەکانی هەندیکی چەکدار و هەندیکی بی چەک و، خوی ئازاد بیت لە هەلبژاردنی ئەو ریگایەدا کە ئەیگریتە بەر بەو مەرجەی لە کات و شوینی دیاری کراودا ئامادە بیت. خوی وەکو هیزیکی سەربەخو بەرپرسی دوزینەوەی ریگا و شارەزا و تەئمین کردنی ئازوقە و زەخیرە و ولاخ.. بیت.

بەشی یەکەمی هیزەکە:

٣٢٠. پیشمەرگە زیاتر بو لەوانە ١٥٠ چەکدار و ئەوی تریان بی چەک بون.

ئەو لیپرسراوانەی لە گەل هیزەکە بون: خالید سەعید (ئەندامی م ع - ی ن ک)، حسین بابەشیخ (ف. هـ. بادینان)، مەحمود عەبدولرەحمان (ف. هـ. ٣ شارباژیر)، رەئوف مستەفا (ف. هـ. پینجوین). حامیدی حاجی غالی (یاریدەدەری ف. هـ. ١ ی هەورامان

و شارەزوور).

ئەم هێــزە ئەبوایە لە ٧٨/٤/١٩ دا لە ناوچەی قــەلادزەوە بکەوێتــە ڕێ و، لە سەرەتای مایس دا لە ناوچەی برادوست بێ.

بەشی دوەمی هێزەکە:

نزیکەی ٥٠٠ پێشمەرگە ئەبو لەوانەی نزیکەی ١٥٠ کەسیان بێ چەک بون.

ئەو لێپرسراوانەی ئەبو لە گەڵ هێزەکە بن: عەلی عەسکەری (فەرماندەی هێزی پێشمەرگە)، تاهیری عەلی والی (ئەندامی م س و مع - ی ن ک)، سەید کاکە (ف. هـ. ٨ ی هەولێــر)، تالیب ڕوســتــەم (ف. هـ. ٦ ی قــەلادزە)، شــێخ جــەوادی بیــدەری (یاریدەدەری ف. هـ. چەمی ڕیزان).

ئەم هێــزە ئەبوایە لە ٧٨/٤/٢١ دا، واتە دو ڕۆژ دوای جوڵانی بەشی یەکــەم لە ناوچەی قــەلادزەوە بکەوێتــە ڕێ و، لە ســەرەتای مــانگی مــایس دا لە گــەڵ بەشی یــەکــەمی هێزەکە لە برادوست یەک بگرێتەوە.

بەشی سێیەمی هێزەکە:

نزیکەی ١٥٠ کــەس بو کــە زۆربەیان چەکــدار بون و، ئەبوایە سکرتێــری گشــتی یەکــێتی و، ئەنداماــنی تری م س و، نوێنەرانی کــومــیتــەی ئامــادە کــردنی - پ د ک و، پاسوکی لە گەڵ بێ.

ئەبوایە ئەم هێزە لە ٧٨/٤/٢٧ دا بکەوتایەتە ڕێ و لە قەندیل چاوەڕوانی هەواڵی یەکگرتنەوەی بەشی یەکــەم و دوەمی هێــزەکــە برادوستی بکردایە و، ئینجــا ئەویش بە ڕێ بکەوتایە بەرەو برادوست.

جگە لەم هێزانەی بەڕێ ئەکران بەرەو برادوست، لە سنوری هەر هەرێمێــک دا چەند مــەفرەزە یاخود کــەرت و، فــەرمــاندەی هەرێمــەکــە یاخود یاریدەدەرەکــەی گل ئەدرایەوە بو ئەوەی ناوچەکــە لەو مــاوەیەدا چوڵ نەبێت و بۆشاییــەکی پێــشــمــەرگەیی و سیــاسی دروست نەبێ.

ئەم هێزانە چەکەکانیان بریتی بو لە: کلاشینکوف، برنەو، هەندێ ڕەشاشی برنەو و، چەند دانەیەک ئارپیجی.

*

دیسانەوە مەسەلەی ق م

ئەم هێزانە و لێپرسراوەکانیان لە ڕوی سیاسی و پێشمەرگەییەوە زۆر ڕێک و تەبا نەبون، جگە لەو ناکۆکییانەی لە ناو باڵە جیاوازەکانی ناو یەکێتی دا هەبو، هەندێ ناکۆکی

توندوتیـژ لە ناو سەرکردایەتی بزوتنەوەدا هەبو، بە تایبەتی لە سەر مەسەلەی بە عەراقی کردنی شـورش، هەلگرتن یا داگرتنی دروشمی روخاندنی رژێمی عەراق، پاک کردنەوەی کوردستان لە پاشماوەی چەکدارەکانی قم.

مەسەلەی پاک کردنەوەی کوردستان لە چەکدارەکانی قم، وە یاخود «هدنە» کردن لە گەلیان و هەولدان بو دوزینەوەی «شێوەیەکی بە هێمنی پێکەوە ژیان» دیسانەوە هاتەوە کایە و، هەندێ لە سەرکردەکانی بزوتنەوە کەوتنەوە لێدانەوەی ئەو بالورەیە، کە بی گومان لەو کاتە گرنگەدا دودلی و رارایی لە ناو هێزەکەدا دروست ئەکرد و گیانی جەنگاوەرانە و دەس وەشاندنی لە پێشمەرگەکان دا ئەمراند. ئەو قسە و باسانەی لە کوبونەوەکان دا ئەکرا زور جار لە ناو پێشمەرگەکانیش دا دەنگی ئەدایەوە.

یەکدلی لە هەلویستی سیاسی هێزەکەدا لە روی دیاری کردنی دوست و دوژمنەوە و، یەکدەستی لە هەلویستی سوپایی هێزەکەدا لە روی لێدانی بی چەندوچونی دوژمنانەوە، کە شتێکی پێویست بو، دیسانەوە خرایەوە سەر مێزی لێدوان و گفتوگو و باسکردنەوە. دودلی و رارایی لە لێدانی قم دا جارێکی تر لە دلی هەندێک دا شین بوەوە، تەنانەت لە ناو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دا هەبو رەئی وابو کە بو ئەوەی یەکێتی بتوانی بی کێرمە و کێشە رێگەی هێنانی چەک بکاتەوە و، ماوەی خەلک چەکدار کردنی هەبی، لە گەل قم رێک بکەوی و، نیـسـبـەتێکی ئەو چەکانەی ئەیهێنی لە باتی «گومرگ» و «باج» بدات پێوان.

پاشـمـاوەی ئەندامـانی ک س - ی ن ک دیسـانەوە چەند جـاری کـوبونەوە، بو دیاریکردنی هەلویستێکی نوی لە قم، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئیدریس یەکـدو کـەسی «ساواکـیی» راسـپارد بو، لەوانە کـابرایەک بە ناوی مـەنە کـوپە، بە ناو بو گفـتـوگـوی رێککەوتن و، لە راستی دا بو کوکردنەوەی دەنگوباس و بو خاو کردنەوە و پیلانگێران.

*

نامەنوسین بو دەسەلاتدارەکانیان

بەر لە بەرێکەوتنی هیچ کام لەو ٣ بەشانەی هێزەکان، لە ئەنجامی ئەو کوبونەوانەدا ک س بریاری دا کـە ئەم هەلویسـتـە بەرامـبـەر قم بگری بو ئەوەی سـەرکـردایەتی هێزەکـە پەیرەوی بکات:

١. هێزەکانی یەکێتی لە هەمو حالەتێک دا بچیتە ناوچەی برادوست.

٢. ئەگەر قم بە بی شەر بارەگاکانی سالی پێشوی یەکێتی یان لە گوستە چول کرد، وا بە دویان نەکەون و وازیان لی بهێنن.

٣. ئەگەر چەکدارەکانی قم هاتنە سەر ریگەی هێزەکانی یەکێتی، وا بە توندی لێیان بدری.

دوای دانی ئەم بریارانە، دیسانەوە، چەند کوبونەوەیەکی تر کرا. ئەمجارەیان بریار درا وەکو نیشانەی نیازپاکی و، بە نیازی خۆلادان لە شەری قم و، خاو کردنەوەی گرژی نیوان یەکێتی و ئەوان، دەسپیشخەرییەکی نوی بکری: لە بەر ئەوەی لەو کاتەدا مەلا مستەفا و مەسعودی کوری لە ئەمەریکا بون، چەند نامەیەک بو هەندی لە گەورەکانی بنەمالەی بارزانی و، کەسانی نزیکیان بنوسری، لەوانە: مامجەلال و علی عەسکەری سەرو نامەیان بو شیخ محەممد خالید بارزانی و، علی عەسکەری نامەی بو ئیدریس بارزانی و، خالید سەعید نامەی بو دایکی مەسعود و، تاهیری علی والی نامەی بو رەشید سندی و چەند کەسیکی کە نوسی. ناوەروکی ئەم نامانە بریتی بو لەوەی کەوا:

- کوردستان لە مەترسی راگویزان و بە عەرەب کردن دایە و، کورد لە مەترسی لە ناو چون و تەفروتونا کردن دایە، بویە ئەبی کورد هەموی یەک بگری بو بە گژدا چونی دوژمنی سەرەکی کە حکومەتی عیراقە.

- ئەو هیزەی بەرەو برادوست ئەکەویتە ری بو ئەوەیە کە هەرچی زوتر ریگای هینانی چەک بکاتەوە و، فریای دانیشتوانی ناوچەکانی سنور بکەوی پیش ٧٨/٦/١ کە کاتی دەس پی کردنی راگویزانیانە.

- ئەو هیزە نیازی پەلاماردانی قم ی نیە، بەلکو بو ئەو ئامانجە پیروزە ئەچی و، ئەوانیش نفوزی خویان لە لای مەلا مستەفا و کورەکانی و پیاوەکانی بەکار بهینن بو ئەوەی نەهنە ریگری هیزی پیشمەرگە لە بادینان و سنوری تورکیا و، شەر بە هیزەکانی یەکیتی نەفروشن.

ئەم نامانە بە راسپیردراوەکانی ئیدریس دا نیردران بو تاران و کەرەج و، گەیشتە دەس خاوەنەکانی.

کوبونەوەی یەک لە دوای یەک و، گورینی پەیتا پەیتای بریارەکان و، نوسین و ناردنی ئەم نامانە، رادەی دودلیی سەرکردایەتی یەکیتی دەرئەخا لە مەسەلەی لیدانی قم دا، دودلیی و رارایی لە بریاردانی جەنگیی دا، بە تایبەتی لە کاتی ناسک دا، دەردیکی کوشندەیە و، دوژمن ئەتوانی بە چاکترین شیوە کەلکی لی وەربگری. لە کاتیک دا سەرکردەکانی قم کە هەمو چەکدار و دوست و لایەنگرەکانی خویان بە گیانی دوژمنایەتیەکی سەخت و بی ئەندازەی یەکیتی پەروەردە کرد بو، بو ئەوەی کە بی سیودو لە روی دا رابوەستن و بە گژی دا بچن و ئەگەر بتوانن، یەکیتی وەکو هیزیکی دوژمن بە

خویان، لە ڕەگوریشـە دەربهـێنن، کـەچی گومان و دودلی و ڕاڕایی خرا بوە ناو هێزەکانی یەکیتیەوە کە: ئاخۆ ئەو شەرە بکری باشە یا نەکری؟ ئەو شەرە براکوژیە یان براکوژی نیە؟ ئەم لە یەکیتی نادەن ئیتر بوچی یەکیتی لێوان بدات؟

*

بەریکەوتنی هێزەکان بەرەو ناوچەی ٣ سنور

هێزەکان خویان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بەرەو ئامانجی دیاریکراو بکەونە ڕێ. لە بەر گەورەیی هێزەکە و زۆر باس کردن و زۆر مانەوە، مەسەلەی پاراستنی نهێنیی بەریکەوتن و ڕیگەکەی و ئیتیجاهی و دواکەوتنی، هەروەها مەسەلەی ئامانجی بەریکردنی، لە لای هەمو دوژمنەکانی یەکیتی: چ حکومەتەکانی عیراق، ئیران، تورکیا و، چ ئەم دیار و ئاشکرا بو.

بەشی یەکـەمی هـێـزەکـە، لە کـاتی دیاریکراوی خـوی دا واتە لە ٧٨/٤/١٩ لە «گورشبیر» ەوە بە دیوی ئیران دا سنوراو سنور کەوتە ڕێ، ناوچەی سەردەشت و بەشیکی خانە (پیرانشـەهر) یان بڕی بو و لە نزیک حاجی هومەرانەوە ئاودیوی عـیراق بوبونەوە و، لە ئالانە - گوندەژور - گرتک و ڕوست - هێردن - بیرکمە وە گەیشت بونەوە برادوست.

لە بەر ئەوەی هێشـتـا هـێـزەکـانی دوژمن بە تەواوی بە خۆ نەکـەوتبـون، ئەم هـێـزە توشی شەر و برسیتی و سەرما نەبو، گیروگرفت و نارەحەتی زوریان نەهاتە ڕیگا. تەنها لە «بیرکمە» توشی شەڕیک بون پێشـمـەرگەیەکیان کوژرا. بەلام هێزەکانی دوژمنی هوشیار کردەوە کە هەرچی زوتر بکەونە خۆ ئامادە کردن بو ڕیـگە گرتن و لیـدانی هێزەکـانی تری یەکیتی.

*

پیلانی حکومەتی ئیران و تیکچونی پلانی ڕویشتن

بەشی دوەمی هێزەکـە بە هـیـوای ئەوەی سود لە چاوپوشینی حکومـەتی ئیـران لە هاتوچوی کـەمی پێـشـمـەرگـە وەربگری، خـوی دواخـسـت و، بە تەمـای ئەوە بو کـە بە ئوتومـوبیل بە ناو ئیـران دا لە جادەی سـەردەشت - پیرانشـەهر - شنۆ وە بڕوات لە نزیک کیلەشین دابەزی و، لەوێوە ئاودیوی عیراق ببی و بچیتە ناوچەی برادوست.

سـەرکردایەتی هێزەکـە چەند کـەسـیکی نارد بۆ دیوی ئیـران بۆ ئامادە کـردن و بە کری گرتنی ئوتوموبیلی گواستنەوەی هێـزەکە. ئەم هێزە لە باتی ئەوەی وەکو چاوەری ی ئەکرد ئوتوموبیلی پی بگات، زانیاری پێویست لە سەر ژمارە و لیپرساو و، چەکەکانی و ئیتیجاهی ڕویشتنی، گەیشتەوە ساواک و ئەرتەشی ئیران. پاش ئەوەی نائومید بو لە «بە ئوتومـوبیل ڕویشتن» کـەوتە خـۆ ئامـادە کـردن بۆ ئەوەی بە پی بکەویتـە ڕیگا و چەند

کەسێکی تری ناردە دیوی ئێران بۆ کڕین و ئامادە کردنی نان و خواردەمەنی و دانانی لە سەر ڕێگای تێپەڕ بونی هێزەکەدا.

سەرکردایەتی بەشی دوەمی هێزەکە، بەمە هەڵەیەکی یەکجار گەورەی کرد بەوەی کە خۆی دواخست و لە کاتی دیاریکراودا نەکەوتە ڕێگا و، لەوەش گەورەتر کە بە تەمای ئۆتۆموبیلی ئێرانی و بە ئاگاداری ئێران خۆی دواخست و نەخشەکەی بە تەواوی بۆ ئێران دەرکەوت و، ئەو (جەدوەلە زەمەنی) یەی کە بۆ جولان و بەریەکەوتن و یەکگرتنەوەی هێزەکان دانرا بو، تێک چو. ئێرانیش لە باتی ئەوەی ڕێگەی تێپەڕینیان بدا بە ئۆتۆمبیل، لەو ماوەیەدا بە ناوی (موناوەرە) ی جەنگییەوە هێزێکی یەکجار زۆری ساز دا و، بە درێژایی سنوری ئێران - عێراق هەمو شوێنە گرنگ و جادە و ڕێگاوبان و تەنانەت قاچاخە ڕێگاکانیشی داگیر کرد. هەر زور زو کەوتە خۆی هەمو ئەوانەیشی یان گرت بو یاخود کڕی بو، کە چو بون بۆ ئێران، بۆ ئامادە کردنی نان و خواردەمەنی بۆ هێزەکە.

جگە لەمانە، هێزێکی گەورەی تری حکومەتی ئێران لە شاخەکانی دەوروپشتی نزکان، توژەڵە، گۆزەشێر.. دامەزرا و، هەڕەشەی لە هێزەکانی یەکێتی کرد، کە هێشتا لەو ناوچەیە دا بون، کە ئەگەر لە ماوەی چەند سەعاتێک دا ناوچەکە چوڵ نەکەن، هێزی زەمینی و ئاسمانی لێیان ئەدات.

*

بەریەکەوتنی هێزەکان پێکەوە

بەشی دوەمی هێزەکە کە لە کاتی دیاریکراوی خۆی دواکەوت بو، لە گەڵ بەشی سێیەمی هێزەکە، کە ئەویش بە هۆی دواکەوتنی بەشی دوەمەوە کاتی جولانی خۆی دواخست بو، بە ناچاری هەمویان پێکەوە کەوتنە ڕێ بەرەو قەندیل. من لە گەڵ ئەو ڕەتلە دانرا بوم کە لە گەڵ مامجەلال بون، بەلام لە ناو ئەو ڕەتلەدا هیچ ئەرکێکی دیاریکراوم نەبو.

لە گۆزەشێر تێ پەڕی بوین لە ناو هەندی دارودەوەن دا ڕاوەستا بوین، مەفرەزەیەک ئەگەڕایەوە بۆ خوارێ. مامجەلال ویستی نامە و هەندی بڵاوکراوەیان پێ دا بنێرێ. سەلاح چاوشین فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە بو کە بەرپرسی پاراستنی مامجەلال بو.

مامجەلال سەلاحی بانگ کرد، وتی: «بڵاوکراوەکان بهێنە!»

سەلاح وتی: «مامە نەمان هێناوە»

مامجەلال وتی: «بۆچی نەتان هێناوە؟»

سەلاح وتی: «وڵاخەکان ئەو هەمو بارەیان پێ هەڵ نەئەگیرا»

مامجەلال سەیری ولاخەکانی کرد لە پەتانی و لیماد و نایلون بار کرا بون، بە توڕەییەوە روی کردە سەلاح وتی: «ئێمە مەکتەبی سیاسیین، یا مەکتەبی لیادین؟ ئەو هەمو لیادەیان هەلگرتوە نەیانتەتوانی کارتۆنێ بلاو کراوەیش هەلّ بگرن؟».

سەلاح گەڕایەوە چو بلاوکراوەکانی هینا.

هەمو هیزەکە بە لای گورەشیردا چوینە دولە کوگی. ئەو شوینانەی بەفریان لی تواوەوە گیا سەری دەرهینا بو، تازە ریواس پی گەیشت بو. دولە کوگی لە بەر داپراوی و بەفری زور ئاوەدانی تی دا نەبو. چەند سالە پیشمەرگەیەکی لی بو. شەوێ لە دولە کوگێ ماینەوە. پیش ئەوەی بە جێ ی بهیلین بە پیشمەرگەکانم وت: «لیرە بە دواوە ئیتر ژن و منال و مەلّ نابینن!». لایان وابو گالتەیان لە گەلّ ئەکەم. لەویوە هەلکشاین بو «دەراوی گویزێ» بەرەو قەندیل.

*

ئەوی سەرنجی ریبوار رائەکیشی، لە زمانی کوردی دا هەندی ئەندامی لەشی مرۆڤ و هەندی شوینی شاخ، هاوناوی یەکترین. پێ ئەچێ کورد لەشی شاخی بە لەشی خوی شوبهاند بێ، وەکو:

سەر، تەپلە سەر: ۱. بەرزترین شوینی لەش. ۲. بەرزترین شوینی شاخ.

لوتکە (لە «لوت» ەوە وەرگیراوە): ۱. دیارترین ئەندامی سەر. ۲. دیارترین و بەرزترین بەشی سەرەوەی شاخ.

مل: ۱. ئەو بەشەی سەری مرۆڤ ئەبەستی بە لەشەوە. ۲. ملە، وەکو ملە کەوە لە ریگی پینجوین و، ملەی مرواری لە شاخی سورێن.

گەردن: هەمان واتای «مل» ی هەیە. گەردنە: ملە.

گەرو: ۱. قورگ، ئەوگ. ۲. شوینیکی تەنگەبەر لە نیوان دو شاخ دا، وەکو «گەرو» ی بینشە، «گەرو» ی عومەر ئاغا.

گەلی: گەرو. وەکو گەلی ی عەلی بەگ، گەلی ی بیجان لە کورەک، گەلی ی بەدران و سەرگەلی و زارگەلی لە دولی شەهیدان.

گەلو: گەرو، گەلی. وەکو سەرگەلو، بەرگەلو لە دۆلی جافەتی.

«گەلی» و «گەلو» و «گەرو»: هەرسیکیان یەک مەعنایان هەیە و لە ریشەی «گەرووک» ی پەهلەوین و، لە فارسی دا بوتە «گلو».

شان: ۱. لە دوا جومگەی بالەوە تا مل. ۲. تەنیشت یا لای راست و چەپی شاخ.

سنگ: ۱. بەشی پیشەوەی لەش لە نێوان مل و سک دا. ۲. ڕوی پیشەوەی شاخ.

پاسک: ۱. باڵ، لە پەنجەی دەستەوە تا جومگەی شان. ۲. بەرزاییەکی لە شاخەوە درێژ ئەبێتەوە.

*

گوچانەکەی کاک عەلی

لە گەڵ جوڵانی هێزەکانی یەکیتی دا، هێزی ئاسمانیی ئێران کەوتە فڕین بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا و، بە سەر هێزەکانی یەکیتی دا. جگە لەمەش هێزی زەمینیی هەمو ڕێگاکانی داگیر کرد بو بۆ ئەوەی ڕێگەی تێپەڕینی هێزەکانی یەکیتی بگرێت. بەفر ڕێگاکانی گرت بو، لە هەندێ جێگا ولاخی لێ دەرنەئەچو، یەکێ لە کاروانەکانی هێزەکەمان لە بەر گیرانی ڕێگاکەی، ناچار بو بچێتە ناو ئەرزی ئێرانەوە، هێزەکانی ئێران دایانە بەر تۆپ و، ناچاریان کرد کە بگەڕێتەوە دیوی عیراق.

جمەوجوڵی زۆر و خێرای جەنگیی ئێران، بەرامبەر هێزەکەمان، سەرنجی هەمو کەسێکی ڕاکێشا و، هەمو ئەترسان ئێران پیلانێکی دوژمنانەی لە ژێر سەردا بێ. هێشتا لە «دەراوی گوێزێ» بوین مامجەلال، بۆ هەڵسەنگاندنی سەر لە نوێ ی هەلومەرجی تازە، داوای لە: عەلی عەسکەری، تاهیری عەلی والی، عومەری حاجی عەبدوڵلا و من کرد.. دابنیشین، د. مەحمود و قادر جەباریش ئامادە بون.

مامجەلال وتی: «پێ ئەچێ هەلومەرجەکە گورا بێ، جمەوجوڵی دوژمنانەی ئێران زۆر زیادی کردوە. ڕویشتن بەم قەرەباڵغییە بە ناو ئەرزی ئێران دا کارێکی خەتەرە. لە بەر ئەوە پێشنیار ئەکەم هەمومان بگەڕێینەوە «دۆڵە کۆکێ» و، بە پێ ی ئەو فاکتەرە نوێ یانەی هاتونەتە ناو مەسەلەکەوە، سەر لەنوێ بیر لە هەمو نەخشەکە بکەینەوە و حساب و نەخشە و ڕێگە و شوێنی نوێ دابنێین».

کاک عەلی وتی: «ئێمە هێزێکی ترمان ناردوتە ناوچەی برادوست، چاوەڕوانی گەیشتنی ئێمە ئەکەن، من فەرماندەی پێشمەرگەم بەڵێنم پێ داون لەوێ یەک بگرینەوە لە بەر ئەوە من هەر ئەڕۆم».

مامجەلال وتی: «مەبەستم لەوە نەڕویشتن نییە، بەڵکو گۆڕینی جۆری ڕویشتنەکەیە».

لەم بارەیەوە هەندێ مشتومڕ کرا. کاک عەلی سور بو لە سەر هەڵویستەکەی و، وتی: «ئەمە چۆن ئەبێ هەر دو تۆپ تەقێ ئێمە نەخشە و پلانەکانی خۆمان بگۆڕین..؟».

کاک عەلی لە کاتی ڕۆیشتن دا گۆزچانی بە دەستەوە نەگرت، لە کاتی قسەکانی دا گۆزچانەکەی بە تووڕەییەوە کیشا بە بەردێک دا گۆزچانەکەی شکا.

*

لە یەک جیا بوونەوە

بە ناو بەفری کوێستانەکانی قەندیل دا ڕۆیشتین. گری و چالی شاخەکان لوس ببوون. هەتا چاو بڕی ئەکرد سپی ئەچووەوە. ڕیچکەی درێژی پێشمەرگەکان و کاروانی ولاخەکانیان، لە ناو بەفری قەندیل دا دیمەنێکی سەیری هەبوو. لە دوورەوە بە ئاسانی بە دی ئەکرا. فڕۆکەی ئێرانی بەردەوام بە سەرمانەوە ئەفڕین.

بە لای «کەویەر» دا تێ پەڕین بۆ «دۆڵە نێ». دۆلە نێ هەندێ کەورگ و چەند دارێکی لێ بوو. لەوێ لامان دا بۆ پشوودان. چەند جارێ سەر لە نوێ کۆ بووینەوە. لە بەر مەترسی ڕێگاوبان وا ڕێک کەوتین، هێزەکەمان بکەینەوە دوو بەش:

بەشێکیان، لە گەڵ کاک عەلی بڕوا بۆ برادۆست، لە گەڵ ئەو هێزە یەک بگرێتەوە کە بە سەرکردایەتی خالید سەعید ڕۆیشت بوون.

بەشەکەی تریان، لە گەڵ مامجەلال بمێنێتەوە، تا هەواڵی گەیشتن و یەکگرتنەوەی بەشی یەکەم و بەشی دووەمی هێزەکان ئەگات، ئەوسا ئێمەیش بەرەو لای ئەوان بە ڕێ بکەوی و، هەموویان لەوێ یەک بگرنەوە.

بەشی هەرە زۆری پێشمەرگە چەکدار و چالاک و لاوەکان جیا کرانەوە و، لە گەڵ تایەری عەلی والی، عومەری حاجی عەبدوللا، سەید کاکە، تالیب ڕوستەم، ئازاد هەورامی، قادری مامەند ئاغا، ئەنوەری مەجید سولتان، فوئاد عومەر.. دانران، تا لە گەڵ عەلی عەسکەری بڕۆن.

هەموو پیر و، نەخۆش و پەککەوتو و، گومان لێکراو و، زۆری بێ چەکەکانیش جیا کرانەوە و بەرەو ڕووی ئێمە: مامجەلال و من، کرانەوە، تا بە شێنەیی بیان نێرینەوە بۆ دواوە و، بڵاوەیان پێ بکەین، بۆ ئەوەی نەبن بە بار بە سەرمانەوە. ئەبوو تا هەموومان جارێکی تر یەک ئەگرینەوە کاروباری مەکتەبی سیاسی بەش ڕاپەڕێنین.

لە کومیتەی ئامادەکردن: د. مەحمود عەلی عوسمان و قادر جەباری و، لە پاسۆک: جەلالی حاجی حسێن، لە گەڵ ئێمە مانەوە.

مامجەلال و عەلی عەسکەری و د. مەحمود، قسەیان بۆ هێزەکە کرد و، بە درێژی و بە وردی ئەرکەکانی سەفەرەکەیان و مەترسیەکانی ڕێگایان بۆ ڕوون کردنەوە.

ئەوان بەرەو شوێنی دیاریکراو ڕۆیشتن و ئێمە لە دۆلە نێ ماینەوە.

هەکاری: شانۆی کارەسات

*

سەرەتای مانگی مایس، بەشی دوەمی هێزەکە، لە «دولە نێ» وە بە لای خانەدا بەرەو کیلەشین لە پشتی شنۆ کەوتە ڕێ.

هێزەکە کە زۆری ڕێگاکەی تا نزیک ۳ سنور بە دیوی ئیران دا ڕۆیشت بو، جگە لەوەی توشی ماندوبونێکی زۆر، برسیێتی، سەرما و سەغڵەتی بون. هێزەکانی حکومەتی ئیران لە چەند جێگا بۆردومانی کردن و چەند پێشمەرگەی کوشت و بریندار کرد و، ڕێگاوبانەکانی بە وردی لێ تەنی بون بو ئەوەی بە سەرما و برسیەتی تەفروتونایان بکات، کە ئەگەر نەختێک خواردنی چەند شوانێک نەبوایە لە پشتی شنۆ کە لە خێوەتێک دا زەخیرەیان کرد بو، پێشمەرگەکان بە ڕێکەوت توشی بوبون، بەشێکی زۆری هێزەکەیان لە برسان لە ناو بەفردا ڕەق ئەبونەوە.

تا هێزەکە هەموی گەیشتەوە دیوی عیراق، لە پێناوی هێنانی نان و خوراک دا لە دەوروپشتی گوندەکانی ئیران چەندین کەس کەوتنە بۆسەی ئیرانیەکانەوە و گیران و، چەندین کەس خویان دا بە دەستەوە و، چەندین کەس ڕەق بونەوە و، ئەوی تری بە هەزار فەلاکەت و ناخوشی بە نیوەگیان گەیشتەوە دیوی عیراق.

بەلام هەر گەیشتنە دیوی عیراق و پێشمەرگەیەکی بەزیو بە دزییەوە رایکرد و تەسلیم بوەوە، هێزەکانی حکومەتی عیراق کە پێشتر خویان ئامادە کرد بو، دەسبەجێ لە «خرینە» پەلاماری بەشی دوەمی هێزەکەیان دا کە هێشتا پشویان نەدا بو و، ماندویەتی ڕێگایان دەرنەچو بو. هێزەکانی عیراق، بە تایبەتی بە هالیکوپتەر، هێرشیان هێنایە سەر هێزەکە و، چەندین کەسیان کوشت و بریندار کرد.

هەرچەندە ئەم هێزە هەندێ نان و خواردنیان پەیدا کرد، بەلام هێشتا نە ماندویەتی ڕێگایان دەرچو بو، نە گەرم بوبونەوە و، نە حەوا بونەوە.. بەم وەزعەوە سەرلەنوێ ناچار بون بکشێنەوە دولی خواکورک. لەویش دیسان هێزەکانی عیراق بە هالیکوپتەر دابەزی و پەلاماری دان، نەی هێشت وچان بدەن و خویان ڕێک بخەنەوە. چەند پێشمەرگەیەک کوژران و چەند پێشمەرگەیەک گیران. لەوێشەوە، دیسان لە ژێر گوشاری جەیشی عیراق دا، ناچار بون بکشێنەوە دیوی تورکیا.

بەشی یەکەمی هێزەکە بە سەرکردایەتی خالید سەعید، کە پێشتر گەیشت بوە

هەمان ناوچە و مشووری هەندی ئازوقە و خواردەمەنی خوارد بو، لە گەل بەشی دوەمی هیزەکە بە سەرکردایەتی عەلی عەسکەری، روژی ۷۸/۵/۱۳ یەکیان گرتەوە و، لە سەر سنوری تورکیا - عیراق - ئیران کەوتنەوە ریکخستنەوەی هیزەکان و پشودان و خو کوکردنەوە.

*

ئەو مەینەتی و ناخوشی و زەرەر و زیانە زورەی توشی هیزەکە بو، هەموی نرخی ئەو هەلە کوشندانەیە کە وەکو پیویست حسابیان بو نەکرا بو. بەریکەوتنی هیزەکانی یەکیتی بەرەو ناوچەی ۳ سنور بەو شیوەیەی کە باس کرا، گەلیک هەلەی سیاسی، پیشمەرگەیی، جوگرافی.. تی دا کرا، کە ئەمانە هەندیکیانە:

۱. گوی نەدانە پیلانی هاوبەشی دەولەتە کونەپەرستەکانی ناوچەکە دژی یەکیتی:

حکومەتەکانی ئیران، عیراق، تورکیا.. گەلی کورد و مەسەلە رەواکەی بە دوژمنی دیرینە و هاوبەشی خویان ئەزانن، بویە سەرەرای هەمو ناکوکیە قولەکانی ناوخویان هەمیشە لە کاتی پیویست دا هاوکاری یەکیان کردوە و، یەکیان گرتوە بو شکاندنی جولانەوە شورشگیریەکانی گەلی کوردستان.

شای ئیران و صەددام حسین لە ۱۹۷۵ دا لە جەزائیر ریککەوتنەکیان ئیمزا کرد بو هاوکاری کردن دەربارەی پاراستنی ئاسایش و ئارامیی هەردو دیوی سنوری عیراق و ئیران.

حکومەتەکانی عیراق و تورکیاش لە سالی ۱۹۷۷ دا ریککەوتنیکی تری لەو بابەتەیان مور کرد بو پاراستنی ئاسایش و ئارامیی هەردو سنوری عیراق و تورکیا.

حکومەتی ئیران زیاد لە .... ٤٥ هیزی چەکداری هەبو.

حکومەتی تورکیا زیاد لە .... ٥ هیزی چەکداری هەبو.

حکومەتی عیراقیش زیاد لە .... ۲ هیزی چەکداری هەبو.

شورش لە کوردستانی عیراق دا، بەو ریبازە سیاسی و پیشمەرگەییە پیشکەوتنخوازانەیەوە لە قوناغی ئەوسای روژهەلاتی ناوەراست دا کە سەرانسەری ناوچەکە لە ژیر زەبروزەنگی حکومەتە کونەپەرست و فاشستیەکانی ناوچەکە هیمنیەکی روکشیان تی دا بلاو کرد بوەوە، شورشی کوردستانی عیراق ببوە مەترسیەکی گەورە بو سەر ئەم دەولەتانە، شتیکی ئاسایی بو کە لە کاتی پیویست دا قول بکەن بە قولی یەکتری دا و، پیلانی هاوبەش دابنین بو لە ناو بردنی.

لە کاتی بەریکەوتنی هیزەکانی یەکیتی دا، هاوکاری ئەم ۳ دەولەتە، بە شیوەیەکی

رون و ئاشکرا، دیار بو.

حکومەتی عیراق چەندین ئەفسەری سوپایی و پسپوری جاسوسی نارد بوە ئیران و تورکیا بۆ یەکخستنی زانیارییەکان و دانانی پلانی هاوبەش. هەروەکو حکومەتی عیراق زورپەی ناوچەکانی سنوری راگویزا بو، رەوەندەکانیشی قەدەغە کرد بو لەوەی کە بە مەر و مالاتەوە بینە کویستانەکان بۆ ئەوەی پیشمەرگە سودی لی وەرنەگری. هەروەها حکومەتی ئیرانیش رەوەندەکانی قەدەغە کرد لە هاتنە کویستان، تەنانەت ئەوانەشیان کە هات بون، بە زور گیرانیەوە دواوە.

ئەرتەشی ئیران بە ناوی مونەاوەرەوە هەمو ریگاوبانەکانی گرت بو، توشی هەرکەس بیوایە نەیگرت، هەروەها هەمو ئەوانەی کە پیشتر نیردرا بونە شارەکانی: سەردەشت، خانە بو ئامادە کردنی خواردن یا گرتبونی وە یاخود کریبونی و، دەستی بە سەر کەلوپەلەکان دا گرت بو. جگە لە مانەش بە فروکە بەردەوام چاودیری هیزەکانی یەکیتی ئەکرد و، هەندی جار بە هالیکوپتەر ئاگرباران ئەکردن.

هیزەکانی ئیران لە دیوی ئیران کەوتنە لیدانی هیزەکانی یەکیتی و، هەر کە چونەوە دیوی عیراق لەویش هیزە چەکدارەکانی عیراق کەوتنە پەلاماردانی و، کە چوە دیوی تورکیاش، عەشیرەتەکانی ناوچەکە کەوتنە خو ئامادە کردن و، میت و داوودەزگا جاسوسیەکان کەوتنە پەیجوریان.

سەرکردایەتی یەکیتی هیزی دوژمنەکانی بە کەم گرت، یاخود بە چاکی هەستی بەم مەترسیە نەکرد. چاوپوشینی حکومەتی ئیران لە هاتوچوی پیشمەرگە بە ناوچەکانی سنوردا، کە لە راستی دا بۆ شاردنەوەی داللە دان و یارمەتیدانی هیزە چەکدارەکانی قم بو و، چاوپوشینی حکومەتی تورک لە دانیشتنی هیزەکانی قم لە ناوچەکانی سنوردا، دەستخەروی کرد و بە گورگان خواردوی دا، وای زانی ئەم چاوپوشینە هیزەکانی یەکیتی پش ئەگریتەوە، کەچی لە ئەنجام دا بو بە هویەکی کاریگەری ئەو شکستە گەورەیە.

٢. باش ریک نەخستنی هیزەکە و، باش نەناردنی بۆ شوینی دیاریکراو.

هەرچەندە هیزەکە کرا بوە ٣ بەش و، دوایی بوە ٢ بەش، بەلام هەربەشیکی لە چوار ری رویشتنیکی وەها و، بە ریگایەکی وەها دوری پر مەترسی دا، بۆ جەنگی پارتیزانی، لە هەلومەرجیکی وەکو ئەو کات و شوینەی کوردستان دا، هەلەیەکی گەورەیە.

هیزەکە لە بەر گەورەیی خوی و، دریژی ریگاکە و باریکی و سەختی، بوبوە ریچکەیەکی زور دور و دریژ کە بە هوی لە ریز دەرچونی یەکیکەوە بۆ پشودان و وچانگرتن، بۆ ئاو خواردنەوە یا خۆ توند کردنەوە.. هەمو ریزەکە تیک ئەچو و، زنجیرەکە

ئەپچرا و ئەبوە هوی دواکەوتن و لە یەک داپران و لە یەک ون بون.

لە بەر گـــەورەیی و دریژی ریچکەکـــە و، نەبونی هوی پەیوەندی، وەکـــو هوکی توکی، نەئەتوانرا بە چاکی سەرپەرشتی بکری. هەرچەندە هیزەکە کرا بوە چەند «رەتل» و، هەر رەتلە لیپرسراوی خوی هەبو، بەلام دیسانەوە چونکە هەمو پیکەوە و، بە یەک ریگای باریک دا ئەرویشتن و بە یەک خـیـرایی نەئەرویشتن، بە چاکی سـەیتـەرەیان بە سـەردا نەئەکرا.

تەئمین کردنی ئازوقە و خواردەمەنی و پیویستیەکانی تری هیزیکی وا گەورە، بە تایبەتی لەو شوینە چولانەدا کـە ئەوان پیی دا تی ئەپەرین، کـاریکی یەکجـار دژوار و زەحمەت بو.

هیـزەکە لە بەر زوری ژمارەی خـوی، نەیئـەتوانی خـوی لە دوژمن بزر بکا و خـوی بشاریتەوە، شوینەونی بکا و شوینەوارەکانی پاش خوی بسریتەوە.

جولانی هیزەکە بەو گەورەییە بە پی، بەو ریگا دووودریژە باریک و شاخاویەدا کە ئاوەدانی تی دا نیە و، هیشتا بەفر گرت بوی کاریکی زور خراپ بو. جولاندنی هیزی وا زل کە لاسایی کردنەوەی جولاندنی هیزی (جەیشی نیزامی) بە لـە کاتیک دا کە جەیشی نیـزامی ماشین و فروکەی هەیە بو گواستنەوە و تەئمین کردنی پیویـستیـەکانی خواردن و خو گەرم کردنەوە و ماندو نەبون، پەیوەندی کردن و تواناى زور دەرباز بون و زو پەلاماردان و زو کـشـانەوەی هەیە، بو لەشکریکی پارتیزانی کە بی بەشە لەو تیـمکانیـاتە هەلەیەکی ئەوەندە گەورەیە، لە حوکمی خوکوشتن دایە.

هیزەکەی یەکیتی ئەبوایە بە تاقمی کەم کەمی ۱۰۰ - ۱۵۰ کـەسی برویشتـایە، نەک هەموی بە کومەل پیکەوە.

ئەبوایە ئەو تاقـمـانەش ریگای جـیـا جـیـایان بگرتایە نەک هەمـویان یەک ریگایان بگرتایە بەر.

ئەبوایە لـە کـات و شـــوینی جـیـــاوازەوە بەری بکەوتنایە و، لە کـــات و شـــوینی دیاریکراودا یەکیان بگرتایە.

ئەبوایە هەر تاقـمە چەندین سەرچاوەی تەئمین کردنی ئازوقـە و پیویـستیـەکانی تری لە پیشەوە، لە چەند شوینی جیا جیاوە تەئمین بکردایە.

ئەبوایە هەر تاقـمە هەولی دوزینەوەی ریگە و شوینی حەوانەوەی جیاواز و رابەر و چاوساغی جیاوازی بدایە.

۳. گوی نەدانە مەناخ و توپوگرافی ناوچەکە.

ئەو کاتەی هێزەکە بە ڕێ کەوت هێشتا سەرەتای بەهار بو، ئەو ناوچانەی کە ئەبو ببیری هەموی کوێستانی سەخت و چوڵ بون. شاخی هەزار بە هەزاری ڕوت و دۆڵی قوڵ، دور لە ئاوەدانی، زور جار تا سەرەتای هاوین بەفر ئەیگری و، ماوەی هاتوچو کردن نادا.

زور جار سوپا نیزامیە گەورەکان هەر بە هوی حساب نەکردنی ورد و تەواوی «عامیلی مەناخ»، یاخود «عامیلی توپوگرافی» شکستی زور گەورەیان بە سەردا هاتوە، تەنانەت سوپای عیراقی لە چەندین پەلاماری پایز و زستان دا هەر لە بەر بەفر و سەرما و گیژەلوکە شکاوە، یاخود لە بەر سەختی و نالەباری ناوچەکە و تیکەڵ بونی لە گەڵ نالەباریی باری هەوا، شکستی گەورە و زیانی زلی گیانیی، لێ کەوتوە.

کاتی بەریکەوتنی هێزەکانی یەکیتی لە چاو مەناخی ناوچە شاخاویە سەختەکانی کوێستانەکانی کوردستان دا زور زو بو، بویە جگە لەوەی بەفری شاخەکان هێشتا نەتوابوەوە و، ڕیگاکانی بەر نەدابو، پیشمەرگە ڕەشایی نەئەدوزیەوە تا بحەویتەوە یا تیی دا دابنیشی، چ جای شوێنی نوستن، جگە لەوەش هەندێ جار ئەبوەوە بەفر و زریان. ڕیگایەکی وەها ئەگەر چەند سەعاتی بی، یاخود ماوەی چەند ڕوژی بی، ڕەنگە کارێکی ئەوتو نەکاتە سەر پیشمەرگە، بەڵام ماوەی چەند حەفتەیەک کە دریژەی کیشا، بی کەلوپەلی خو گەرم کردنەوە و، بی سوتەمەنی و خواردەمەنی و، بی شوێنی حەوانە، وا سەرەرای ئەوەی توانای جەنگاوەرانەی پیشمەرگە ناهیلی، بەڵکو پرزەی لێ ئەبری و قری تی ئەخات، هەروەکو بە سەر ئەم هێزە هات.

*

هەڵەی کوشندە:

گوڕینی بنەڕەتیی بڕیاری جێگیربون لە ۳ سنور

بەشی یەکەم و دوەمی هێزەکانی یەکیتی کەوا لە ناوچەی برادوست یەکیان گرت بوەوە و، بو پشودان و خوڕێکخستنەوە پەڕی بونە دیوی تورکیا و ۷ ڕوژ لە وێ بە ئاسودەیی مابونەوە، لە باتی ئەوەی خەریکی خوسازدان بن بو جیبەجی کردنی بڕیارەکانی کومیتەی سەرکردایەتی، لە سەرو هەمویانەوە: دامەزراندنی بنکە و بارەگای سەرکردایەتی لە شوێنەکانی پار و، هەواڵ ناردن بو هاتنی بەشی سێیەمی هێزەکە و، ئەندامانی تری م س، سەرکردایەتی هێزەکە بە بیانوی ئەوەی کە ئەوان زوربەی ئەندامانی سەرکردایەتی یان لە گەڵە و، بە پێ ی هەلومەرجی نوێ، ئەتوانن بڕیاری نوێ بدەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕاسپیردراوێکی ئیدریس بارزانی ئەگاتە لایان و، پەیمان ڕائەگەیەنی کە: پیاوەکانی ئیدریس لە ناو چەکدارەکانی قم دا نایەنە سەر ڕیگای هێزەکانی یەکیتی، ئەگەر ئەوان

ئەچنە سەریان، سەرکردایەتی هێزەکە بڕیار ئەدا: لە پاتی مانەوە لە ناوچەی برادوست و، دانانەوەی بارەگا لە دولی گوستە، بۆ ئەوەی توشی شەڕ نەبێ لە گەڵ قم، بڕیار ئەدات کە بچێتە ناو قولایی تورکیاوە، بۆ ئەوەی نزیک بکەونەوە لە شوێنی وەرگرتنی چەک و چەکدارکردنی بێ چەکەکانی هێزەکەیان.

لە نامەیەک دا کە ڕوژی ۷۸/۵/۱٦ دا عەلی عسکەری، خالید سەعید، تاهیری عەلی والی نوسیویانە، دوای ئەوەی باسی ئەو مەینەتی و دژواریی و شەڕانە ئەکەن کە لە ڕیگا توشیان بوە، لە بەشێکی نامەکەیان دا، ئەلێن:

«ئێمە بۆ چەکەکانمان و ڕاپەڕاندنی خەلکی ناوچەکە بەرەو بادینان ئەچین و، جاری بڕیارمان داوە بێ چەکەکان پڕ چەک بکەین و خومان ساز بدەین. نامەمان ناردوە بۆ برایانی پارتی (مەبەستی دە دە کا دە یە) و سوریا (مەبەستی بنکەی یەکێتی یە لە سوریا) کە بە پەلە جێگا و شوێنی چەکەکانمان بۆ بنێرن و یەکێکی پارتی خۆی بێت و چاومان پێ بان بکەوێ بۆ تەنسیق کردنی ئیشوکارمان و، هەروەها دکتور کەمالی خۆشمان بێت بۆ هەمان مەبەست»

لە کوتاییەکەی دا ئەلێن:

«بە تیکرایی وەزعی ناوچەکە و ئێمە زور زور باشە دلتان نارەحەت نەبێ و گوێ مەدەنە پروپاگاندەی دوژمن. ئومێدمان وایە بە سەرکەوتوانە هەمو کارەکانی خومان ئەنجام ئەدەین و ئاگاداریشتان ئەکەینەوە. تکایە ئێوەش زو زو پەیوەندیمان پێوە بکەن بە هوی کاک نوعمان و برایانی ترەوە»

بەمجورە سەرکردایەتی هێزەکە، پشت ئەستور بە بەلێنەکانی دە دە کا دە و، پشت ئەستور بە بەلێنەکانی ئیدریس، خوی لە شەری قم لا ئەدا لەو ناوچەیەدا، کە زەعیفترین نوقتەیان بو، یا ڕاستتر خوی لە شەری قم ئەدزیتەوە و لە ناوچەکە دور ئەکەویتەوە بەرەو قولایی تورکیا، بێ ئەوەی شارەزاییان هەبێ لە ناوچەکەدا و، ناسیاوییان هەبێ لە گەل خەلکی ناوچەکەدا، لە پیش خویانەوە بنکەیان هەبێ پیشرەوی بۆ بکەن، یا لە پشتی خویانەوە بنکەیان هەبێ بۆی بکشینەوە، بێ ئەوەی بنکەیەکی جەماوەریی سیاسییان لە ناو کوردەکانی تورکیادا هەبێ، بێ ئەوەی حساب بۆ خوکوکردنەوە و پەلاماردانی قم، یاخود بۆ «تدخل» ی هێزە چەکدارەکانی تورک و، پیلانی میت یا خوسازدانی عەشیرەتەکانی تورکیا بکەن.

قم هیلێکی ئاشکرا و دیاری لە نێوان خوی و یەکێتی دا کیشا بو و، هێزەکانی یەکێتی بە دوژمنێکی سەرسەخت دانا بو و، لە ناوبردنیانی کرد بوە ئەرکی یەکەمی

سەرشانی خوی.

*

قولایی تورکیا: کەوتنە ناو تەپکە

بەریکەوتنی هیزەکەی یەکیتی بەرەو قولایی تورکیا، پشت ئەستور بە بەلینەکانی دە دە کـا دە، بە ناوی هینانی چەکـەوە، بی ئەوەی بنکەیەکی پشتـەکی یان بنکەیەکی پیشەوەیان هەبی، بی ئەوەی بزانن بو کوی و، بەرەو کوی و، بو لای کی ئەچن، بی ئەوەی لەوی بنکەی سـیـاسی و جـەمـاوەریـیـان هەبی.. لە کـاتیک دا کـە قم بەشی هەرە زوری عەشیرەت و خەلکی دیهاتەکانی تورکیایان لە یەکیتی پر کرد بو، کە گوایە:

- هیزەکانی یەکیتی ئەچنە دیوی تورکیا بو تولە کردنەوەی ئەوانەی سالانی پیشو لییان کوژراوە.

- گـوایە هیـزەکـانی یەکـیـتی دیهـاتەکـانی تـورکـیـا تالان ئەکـەن و ئەسـوتـینن، پیاوەکانیان ئەکوژن و، ئافرەتەکانیان بە دیل ئەگرن.

- هاتون بو بلاوکردنەوەی بی دینیی و کافری و یەزیدیتی و کومونیزم و،

- بە نیتی صەددام و بەعس ئەیانەوی شورشەکەی بارزانی تیک بدەن!

بەم درو و دەلـەسـانە قم خـەلکی ناهوشـیـار و دواکـەوتوی ناوچەکـانی شـەمـزینان، گەوەر، چەلی، ئولودەرە.. یان هان دابو لە یەکیتی و، سەروک عەشیرەتەکانی ناوچەکەش کە ژمارەیەکی زوریان لە حیزبی «عەدالەت» و «سەلامەتی میللی» دا بون و، بە پیی ئامۆژگاری و فەرمانی «میت» ئەجولانەوە، کەوتنە خو و، هیزەکانی خویان کو کردەوە و ساز دا و پرچەک کرد و، هەمو شوینە گرنگ و ستراتیجیەکانیان گرت و، لە سەر ریگا و پرد و گـەلی و دەربەند و بواری چەم و روبارەکان، لە ناوچەیەکی یەکـجار فـراوان و بەرین دا، دامەزران، بو ریگە گرتن و لە ناوبردنی هیزەکەی یەکیتی.

جەنگی پارتیزانی بە تەنیا پشت ئەستور نیە بە بیروباوەر و، زاتی شورشگیرانەی پیـشـمـەرگـەکـان و، بە گـیـانی خـوبەختـکردن و لە خـوبوران، یاخـود بە لیـوەشـاوەیی و ئازایەتییـان، بەلکو بە شـارەزایی پیشـمـەرگەکانیش لە هەوراز و نشیو و کون و قـوژبنی ناوچەکـەدا و، بە پەیوەندی باش و دوسـتـانەی پیشـمـەرگـەکـان لە گـەل خـەلکی ناوچەکـە. کـومـەلانی خـەلک قـەلای لە شکان نەهاتوی پیشـمـەرگـەن، زانیـاری و دەنگوباسی بو کـو ئەکەنەوە، ریگەی پیشان ئەدەن، خواردن و پیویستیـەکانی تەئمین ئەکەن، ئەی شارنەوە، بریندار و نەخوشـەکانی تیـمار ئەکەن و ئەیحەوینەوە، پەیوەندی بو دروست ئەکەن لە گـەل هیزەکـانی تری دا، لە کاتی پیویستی دا چەکی بو هەلئەگرن و بەرگری چەکدارانەی لی

ئەكەن. كاتێ كە خەڵكی ناوچەكە كەوتنە دوژمنایەتی پێشمەرگەكان و پێشمەرگەكان بێ بەش بون لە پشتیوانی و یارمەتی ئەوان، بە تایبەتی كە نەشارەزا بون، وەكو ئەو ماسیەیان لێ دێ كە لە ناو دەرئەهێنرێ و ئەكەوێتە وشكاییەوە و ئەخنكێ.

هێزەكەی یەكێتی بێ بەش بو لە یارمەتی و پشتیوانی خەڵكی ناوچەكە. ئەو زانیارییانەی كە دە دە كا دە دابوی بە سەركردایەتی هێزەكە ناراست بون و، دە دە كا دە بش خوی هیچ هێز و نفوزێكی كاریگەری لە ناو عەشیرەتەكانی ناوچەكەدا نەبو و، نەیتوانی یاخود نەیویست هیچ جورە هاوكارییەكی كەم یا زور لە گەڵ هێزەكەدا بكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەندێ جار بە پێشكەش كردنی زانیاری و حسابی ناراست، سەری لە هێزەكە ئەشێواند و چەواشەی ئەكرد.

سەرەڕای ئەمانە هەموی، سەركردایەتی هێزەكە خویشی چەندین هەڵەی جەنگیی گەورەی كرد، لە پێش هەموییانەوە بە جێ هێشتنی ناوچەی برادوست و، دور كەوتنەوەی لە خەڵكی كوردستانی عیراق و، ملنانی بەرەو ناو قوڵایی توركیا، واتە بەرەو ناو ئەو تەپكە گەورەیەی بو نرا بوە.

سەركردایەتی هێزەكە، هەروەكو لە باری ستراتیجیەوە توشی هەڵەیەكی كوشندە بوبو، هەروەها لە باری تاكتیكی بشەوە وەكو پێویست هێزەكەی خوی ڕێك نەخست و دانەمەزراند.

سەركردایەتی هێزەكە لە باتی ئەوەی هێزەكانی بەش بەش بكات بە سەر چەند ناوچەی فراوان دا و، لە مەیدانێكی بەربلاودا دایان بمەزرێنێ و بیان جولێنێ، هێزەكانی خوی هەموی بە كومەڵ و پێكەوە بە یەك ڕێگادا و لە یەك كات دا و بو یەك شوێن خستە ڕێ، وە هەر لە یەك ناوچەش دا، یا ڕاستتر، لە یەك دوڵ دا مولی دان. ئەمە هەڵی دەس دوژمن خست كە بە چاكی «تەركیز» ی بكاتە سەر. دەنگوباسەكانی بە وردی كۆ بكاتەوە و بزانێ، هەمو هێزەكانی خوی لە سەر كو بكاتەوە و، «بالادەستیەكی ژمارەیی» بە دی بهێنێ و، دەوری هێزەكانی یەكێتی لە مەیدانێكی تەسك و سەخت دا بگرێ و، بیخزێنێتە كونێكی تەنگەبەری شەر و بەرگری و دەرباز بونەوە. لە كاتێك دا كە ئەگەر سەركردایەتی هێزەكە، هێزەكانی خوی بەش بەش بكردایە و، لە چەند شوێنی جیاواز و دور لە یەكتری دا دای بمەزراندایە، مەیدانی شەر فراوان و بەرین ئەبو، بەو پێ‌ یە دوژمنش ئەبوایە لە چەند لایەكەوە پەلاماری بدایە هێزەكانی خوی پەرت و بلاو بكردایەتەوە بە ناوچەیەكی فراوان دا و، لە چەند قولەوە خەریك بوایە.

سەركردایەتی هێزەكە شوێنێكی دیاریكراوی هەڵنەبژارد بو، كە لە كاتی شەردا،

روی تی بکا، یا تەنانەت لە کاتی رویشتن دا بوی بچی، بەلکو هەروا لە خویەوە ری ی کەوت بوە ئەوی و، لە ناوچەی جولەمیرگ دا ئەخولایەوە، بی ئامانجیکی دیاریکراو ملی ری ی گرت بو. هەر لە بەر ئەوە لە کاتی لیکەوەسان و کشانەوە و لە یەک دابران دا نە پیشمەرگەکان و نە فەرماندەکانیان نەیان ئەزانی رو لە کوی بکەن و بو کوی بچن، بەلکو هەر ئەوەندەیان پی وت بون کە پیویستە نەگەرینەوە بو دواوە بەلکو بەرەو پیشەوە برون، واتە بەرەو زیاتر قولایی تورکیا. سەرکردایەتی هیزەکە، بەوەی کە چوە ناو تورکیاوە، ئیتر بە یەکجاری و بە تەواوی خوی دابری لە هیزەکانی تری یەکیتی، کە کەوت بونە ناوچەکانی هەولیر و سلیمانی و کەرکوکەوە.

ئەم هیزە بە کومەل پیکەوە بەرەو ناو قولایی تورکیا ریچکەی بەست بو، حەفتەیەک زیاتر بە ناوچەیەکی سەخت و شاخاوی کوردستانی تورکیا دا، بە بی وچان گرتن و پشودان، رویشتن تا گەیشتنە ناوچەی «زیرکی» کە یەکیکە لە هوزەکانی عەشیرەتی گەورەی «هەرتوشی». لە نزیک گوندی پچوکی «بازی» لە دولیک دا بارگە و بنەی خست. سەرکردایەتی هیزەکە کە بە قسە و بەلینەکانی ئیدریس فریوی خوارد بو، کە گوایە چەکدارەکانی قم نایەنە سەریان، لە بەر ئەوە پشتیان لی کرد بوەوە، بە بی ئەوەی نەخشەیەکی ورد دابنین بو خوپاراستن و بەرگری، بی خەم کەوتنە پشودان و حەسانەوە.

دوژمنانی هیزەکەی یەکیتی لەم ماوەیەدا بە ناوی کرین و فروشتنەوە چەندین کەسیان نارده ناویان بو کوکردنەوەی زانیاری پیویست لە سەریان، هەر لەو ماوەیەدا یەکیک لە مەفرەزەکانی هیزەکە، کە دەستەی پاراستنی تایەری عەلی والی بون، بە دزییەوە رایان کرد و چونە ناو قم وە، زانیاری پیویستیان لە سەر هیزەکە و سەرکردە و لیپرسراوەکانی و، ژمارەی چەکدار و بی چەکەکانی و، باری گشتی هیزەکەیان دا بە قم. ئەمەش خوی لە خوی دا، لە لایەکەوە خزمەتیکی گەورەی پیشکەش بە قم کرد و، لە لایەکی ترەوە زەرەریکی زلی هەم لە باری مەعنەوی و هەم لە باری دەرچونی نهینیەکانی هیزەکانییەوە گەیاند بە یەکیتی.

لەم ماوەیەدا هیزەکانی یەکیتی بە هوی خورەتاندن و ری رویشتنی دورودریژ و نەشارەزایی و پشونەدان و سەرما و برسیتی و نائەمینیەوە، بە تەواوی ماندو و بیزار و وەرس بوبون.. لە کاتیک دا قم سودیکی زوری لەو ماوەیە وەرگرت بو بو کوکردنەوە و ریکخستن و سازدانی هیزە چەکدارەکانی خوی و عەشیرەتەکانی ناوچەکە و، دانانی پلانی پەلاماردانی هیزەکانی یەکیتی.

*

شەری بازێ

لە ئێوارەی ٧٦/٦/١ دا هەندێ لە پێشمەرگەکان جموجوڵی چەند چەکدارێکیان بە شاخ و لوتکەی چیاکانی دەوروپشتیانەوە بە دی کرد و، سەرکردایەتی هێزەکەیان ئاگادار کرد، سەرکردایەتی هێزەکەش دەسبەجێ کەوتە خۆی و، هێزەکانی سەر خستە هەردوو بەری دۆڵەکە و، بە شاخەکەدا بەرەوژوور هەڵگەڕان و دامەزران. تەقە دەستی پێ کرد. بەڵام دیسانەوە هێزەکە بە جۆرێکی وا دامەزرا و دابەش بو کە خۆی دابڕی لە سەرچاوەی ئاو و ڕێگای گەیشتنی خواردن.

ئێوارەی ڕۆژی ٦/١ و شەوەکەی و ڕۆژی دواییتر شەر درێژەی کێشا، برسیەتی و تینویەتی و سەرما و درێژە کێشانی چەند ڕۆژەی شەر، تەنگی بە هێزەکە هەڵچنی بو. هەرچەندە بە گشتی ڕەوتی شەرەکە بە قازانجی هێزەکانی یەکێتی بو و، لەو شەرانەدا هێزەکانی قم نەیان توانی بو بالادەستی بە دەس بهێنن و، لە ڕۆژی یەکەمی شەرەکەدا تەنیا فەرماندەی کەرت، شەعبان گەچینەیی و، ڕۆژی دوەم فەرماندەی کەرت، حەمەمینی خەلیفە قادر و، فەرماندەی مەفرەزە، خدری کامەلای بالەیی و ٢ پێشمەرگەی تر کوژران و، چەندێکیش برینداربون. هێزەکانی قم و عەشیرەتەکان زیاتریان لێ کوژرا و، یەکێ لە فەرماندە ناسراوەکانیان بە ناوی مەلامینی بارزانی کوژرا و، سەنگەرەکەی گیراو، ١٢ کەسیان لێ بە دیل گیرا.

ژمارەیەکی زۆر کەم چەکداری قم لەم شەرەدا بەشدار بون، هێزی سەرەکی شەرەکە بریتی بو لە چەکدارەکانی عەشیرەتەکانی: پنیانش بە سەرۆکایەتی ماجیدی ئەحمەد بەگی چەلی، ئورەماری بە سەرۆکایەتی فاضل شوکری ئاغا، پیروزی بە سەرۆکایەتی کورانی مەلا مەحمود، دۆسکی بە سەرۆکایەتی حاجی صالح ئاغا.. و چەند وردە عەشیرەتێکی کەی کوردستانی تورکیا.

بۆ خۆ دەرباز کردن لە برسیەتی و تینویەتی و، سەبارەت بە پێویستی جێگۆرکێ ی هێزەکە و، بۆ ئەوەی نەتوانن هێزی زۆرتریان لە سەر کۆ بکەنەوە و تەوقی ئابلوقەکە سەختتر و تەنگتر بکەن و، لە ترسی ئەوەی نەوەکو هێزی تورک بەشداری شەر بن، سەرکردایەتی هێزەکە بڕیاری کشانەوەی دا.

لەو کاتەدا سەرانسەری ناوچەکانی شەمزینان، یوکسەکوا، چەقورجە، بەیتوشەباب، ئورەمار، ئولودەرە کە چەندین بنکەی ئوردوی تورک و چەندین قەرەقولی جەندرمەی لێ بو و، بەسەدان کیلومەتر درێژایی و پانایی بو، بو بە مەیدانی تەراتێن و هاتوچوی ئازادی چەکدار و لێپرسراوەکانی قم و شوێنی کۆبونەوە و لەشکرکێشی عەشیرەتە کوردەکانی

هەکاری. تەنانەت لیپرسراو و پیشمەرگەکانی یەکیتی کەلەلایەن عەشیرەتەکانی تورکیاوە ئەگیران هەموویان تەسلیمی قم ئەکران، بیگومان، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی «هاودەردی نەتەوەیی» ئەم عەشیرەتانە نەبو لەگەڵ قم. بارەگاکانی قم، شوینی نیستگەی رادیو و دەزگای چاپ، شوینی زیندانی دیلەکانی شەڕەکە هەمو لەسەر ئەرزی تورکیا بو، هاتوچوی لیپرسراوەکانی قم بو ئیران و سوریا و ئەورووپاش هەر بە ناو تورکیادا بو.

چاوپوشی تورک لە جموجولی چەکداری قم و، هاوکاری عەشیرەتە کوردەکانی تورکیا لە گەلی، پیشینەی هەبو. لە مانگی تشرینی یەکەمی ٧٧ یش دا لەکاتیک دا کاروانیکی یەکیتی بە کویستانیکی هەکاری دا تی ئەپەڕی، قم بە هاوکاری چەکدارەکانی عەشیرەتی «باری» بوسەیەکیان بو دانان، ١٢ کەسیان لە پاریزەرانی کاروانەکە کوشت و ١٤ کەسیان لی گرتن، دەستیان گرت بەسەر چەکەکان دا بو خویان، لاشەی کوژراوەکانیان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجی هیشت. داوودەزگاکانی تورک لاشەی کوژراوکانیان کوکردەوە. ئەگەرچی روژنامەکانی تورکیا هەوالی ئەم پیکادانەیان بلاوکردەوە کە لە قولایی تورکیادا قەوماپو، بەلام کاربەدەستانی تورک گوی ی خویان لی خەواند.

*

کشانەوە و، لەتوپەت بون

کشانەوە لە هەلومەرجیکی سەختی وەهادا، بە هیزیکی ماندو و برسی و تینو و کەم ئومید و کەم ورە و، نەشارەزای دور لە بنکەکانی خوی و، بو شوینیکی نەزانراو و تاقی نەکراوە، کاریکی یەکجار دژوار و زەحمەت و ئالوزە.

«کشانەوەی ریکوپیک» بو ئەوەی جیا بکریتەوە لە «هەلاتنی ناریکوپیک»، پیویستی بە ریکخستنیکی ورد و ورەیەکی بەرز و باوەریکی بەهیز و دیسپلینیکی پولایین و شارەزاییەکی باش و، سەرکردایەتیەکی ژیر و لیوەشاوە هەیە.

سەرکردایەتی هیزەکە بریاری کشانەوەی دا و، بو ئەو مەبەستە کەوتە خو ئامادە کردن و خوسازدان. هیزەکانی ریک خستەوە و، دابەشی کردن بە سەر چەند «رەتل» یک دا، کە هەندیکیان لە پیشەوە بون و، ئەوانی تر بە دوایان دا، هەروەها هیزیکیشی تەرخان کرد بو پاراستنی پشتەوەی هیزەکان لە پەلاماری دوژمن و، داپوشینی کشانەوەکە. «ئیتیجاه» ی کشانەوەکەشی دیاری کرد، بەلام چونکە شارەزای ناوچەکە نەبون، هەروا بە شاخەکانی دەوروپشتی خویان دا نیشانەیان کرد و، ئاگاداری فەرماندەی رەتلەکانی کرد.

لیرەدا، سەرکردایەتی هیزەکە، هەلەیەکی تری کرد لە دیاریکردنی «ئیتیجاه» ی کشانەوەکەدا کە چارەنوسی هەمو هیزەکەی بریار دا و، لە ناوی برد، بەوەی لە باتی ئەوەی

بڕیاری کشانەوە بدات بۆ دواوە بەرەو عیراق، بەرەو ئەو ناوچانەی لێ ی شارەزان و ناسین و ناسیاویان هەیە، دیسان بڕیاری بەرەو پیشەوە چون، واتە بەرەو قولایی زیاتری تورکیایان دا، بە تەمای ئەوەی لە سنوری سوریا نزیک بکەونەوە، بی ئەوەی هیچ شارەزاییەکیان لەو ناوچەیەدا هەبی، یاخود پیشتر تاقییان کردبیتەوە.

لە تاریکایی شەوی ٢-٧٨/٦/٣ دا ڕەتلەکان دەستیان کرد بە جولان بە نیازی کشانەوە. بەلام هەر کە هیزەکان گەیشتنە سەر ئەو چەمەی ئەبو لێ ی بپەڕنەوە، لە بەر تینویەتی بەشی هەرە زوری پیشمەرگەکان کەوتنە تیکدانی ڕیزەکەیان بۆ ئاو خواردنەوە. بەو جورە ڕیزی پیشمەرگەکان و ڕیزی ڕەتلەکان تیک چو، هەندی لە تاقمەکان پیش کەوتن و هەندیکیان لە بەر تاریکی و نەشارەزایی و پیویستی بی دەنگ بون، لە یەکتری گوم بون. لە کاتیک دا هەندی لە ڕەتلەکانی پیشەوە تیپەری بون، بۆسەیەکی پچوکی قم لەو نزیکانە بە جموجولی هیزەکەی زانی و، چەند تەقەیەکی کەمی کرد.

ئەم چەند تەقەیە بو بە هوی تیکچونی تەواوەتی شیرازەی ڕیکخستنی ڕەتلەکان. پیشمەرگەکان پەرش و بلاو بونەوە لەو ناوچەیەدا، تاریکایی شەو و نەشارەزایی و ماندویەتی و پەک کەوتن، هیزەکانی لەتوپەت کرد و، سەرکردایەتی هیزەکە نەیتوانی سەیتەرەی بە سەر دا بکاتەوە. بەمجورە هیزەکە کە بە دریژایی ئەو ڕیگا دورودریژە هەمو پیکەوە بون و، لە یەکتری دانەبڕا بون، لەم کاتەدا کە پیکەوە بون و پیکەوە ڕویشتن لە هەمو کاتیکی کە پیویستتر بو و، ئەبوایە لە یەکتری دانەبڕین، کەچی پارچە پارچە بون و، هەر پارچەیەکی کەوتە لایەکەوە.

کە دنیا روناک بوەوە هیزەکە بە ناریکوپیکی بوبوە ٣ بەش:

بەشی یەکەمیان، ئەوانەی بە «ئیتجاه» ی دیاریکراوی کشانەوەکەدا ڕویشت بون و، لە شوینی تەقەکان دەرباز ببون.

بەشی دوەمیان، ئەوانەی بە «ئیتیجاه» ی پیچەوانەی «ئیتیجاه» ی دیاریکراوی کشانەوەکەدا، بەرەو لای سنوری عیراق دەرباز ببون.

بەشی سیبەمیان، ئەو هیزە بو، بۆ پاراستنی پشتەوەی ڕەتلەکان و داپۆشینی کشانەوەکە مابوەوە، لە گەڵ ئەو کەس و تاقمانەی لە دەوروبەری شەرگەی ڕوژانی پیشوتر و سەرچەم و نزیک گوندەکە بە جێ مابون و، بە پچڕ پچڕی بی ئەوەی هیچیان ئاگای لەوی تریان بی پەرەوازە ببون.

بەشی یەکەم، خوی ڕیک خستەوە و دامەزرا، بە هیوای گەیشتنی پاشماوەی هیزەکە.

بەشی دوەم، تومەس هەندی لە فەرماندەی رەتلەکانی پیشتر تەگبیریان کردوە کە بەرەو نزیکترین نوقتەی عیراق بگەرینەوە و، تسلیم ببنەوە بە عیراق، بویە ریگەیان لە رەتلەکانیان گوری بو.

بەشی سییەم، هەر ئەو روژە دانە دانە و بە کومەڵ، لە لایەن قەم و عەشیرەتەکانی ناوچەکەوە، گیران و چەک کران.

لە ناو ئەوانەدا کە گیرا بون: عەلی عەسکەری، تایەری عەلی والی، سەید کاکە، قادری مامەند ئاغا و، دەیان فەرماندەی کەرت و مەفرەزەیان تێ دا بو. بە دیل گیرانی فەرماندەی هیزەکە، خوی لە خوی دا گورزیکی کوشندە بو لە هیزەکە کەوت و، یەکی بو لەو هویانەی دوژمنی هارتر کرد بو پەلاماردان و راونانی پاشماوەی هیزەکە.

لە ناو ئەوانەش دا، کە بەرەو عیراق چو بونەوە و تسلیم بونەوە: تالیب روستەم، شیخ جەوادی بیدەری، عەولا سور، کویخا قادری زودی، حەمەدی بایز، بەکر پیروت.. یان تی دا بو. بە هەمویان ١٧٦ کەس بون و ١١٧ چەکیان پی بو.

*

خوزریکخستنەوەی پاشماوەی هیزەکە

ئەو هیزەی بە پچرپچری لە شەری بازی دەرباز بوبو، روژی دوایستر پاش ئەوەی یەکی گرتەوە، هەر لە هەمان ناوچەدا مابوەوە، بە هیوای گەیشتنی پاشماوەی هیزەکە. بە هەمویان ١٧٠ کەسی چەکدار و بی چەک بون، لەوانە: خالید سەعید، حسین بابە شیخ، عومەری حاجی عەبدوللا، ئازاد هەورامی، رشوف مستەفا، مەحمود عەبدولرەحمان، حامیدی حاجی غالی، عەلی ئەحمەد شیعە. لە پاش چاوەروانییەکی نائومیدانە کەوتە ری بەرەو گوندی «کەهنێ» لە نزیک شاری «جولەمیرگ»، ناوەندی ویلایەتی «هەکاری».

ئەم هیزە، نەیئەزانی پاشماوەی هیزەکەیان چی لی بە سەر هاتوە. لە راستی دا دە دە کا دەوریکی خراپی هەبو لە چەواشە کردنی سەرکردایەتی ئەم هیزە و، سەر لی تیکدانی مەکتەبی سیاسی دا، چونکە لە باتی ئەوەی زانیاری راست دەربارەی لە ناو چونی پاشماوەی هیزەکە بە خالید سەعید و هاوریکانی بلی و، دەنگوباسی راست بو ئیمەش بنیری، وای ئاگاداری هەردولایان کرد کە: عەلی عەسکەری و زیاتر لە ٢٠٠ پیشمەرگە چونەتە دیوی عیراق و، لە نزیک «نیروە» بنکەیان داناوە.

لە نامەیەک دا کە روژی ١٠/٦/٧٨ لە ناوچەی ژیرکیەوە، خالید سەعید، حسین بابە شیخ، عومەر عەبدوللا نوسیویانە، دوای باس کردنی شەری بازی و، کشانەوەیان نوسیویانە، ئەلین:

«.. شەو کە لە چیا هاتینە خواری نزیک گوندی بازێ توشی کەمینیکی جاشەکان بوین و تەقەیان لی کردین، وەکو بومان باس کردن ئیمە نەشارەزا بوین لەو شەوەوە بوین بە دو قوەتەوە و لە یەکتری بر بوین، ئەمرو برادەرانی پ ش م (مەبەستی دە دە کا دە یە) ئاگاداریان کردین بە نوسراو، کەوا کاک علی عسکەری نوسراوی بۆ ئەوان نوسیوە کە بە خوی قوەتەکەی لە گەلی دایە، بەرەو ئەتریش لە ناوچەی عەمادیە چون و، حالیان زور باشە»

لە بەشیکی تری نامەکەیان دا نوسیویانە:

«ئیمە هەر لە سەر ئیشوکارەکانی خومان بەردەوام ئەبین دوای ئەوەی کە وەجبەی چەکەکانمان دەس کەوت بەرەو بادینان ئەروین کە لەو ناوچانەدا وەکو ئاگادار کراوین چەکداری خومانی لێ یە: بەیتوشەباب و ئولودەرە»

لە پاش ئەم شکستە سەختەی بە سەر هیزەکانی یەکیتی دا هات، ئەگەر تا ئەو کاتە هەندی لە عەشیرەتەکانی کوردستانی تورکیا دودڵ بون لە بەشدار بون لەو شەرەدا، کە لە بەینی یەکیتی و قم دا بو، وە خویان مات کرد بو سەیری ئەنجامی شەرەکەیان ئەکرد، لە دوای ئەوە ئیتر دەمیان چیشکە بر بو، هەمویان کەوتنە خۆ بۆ راونانی پاشماوەی هیزەکە بەو پەری دڕی و دڕندایەتیەوە، هیچ نەبی بۆ تالان کردن و روت کردنەوەیان لە چەک و پارە و سەعات، هەندی جار لە پیلاو و جلوبەرگ.

هیزەکە چەند روژیک لە کەنەی مایەوە بۆ ئەوەی خوی ریک بخاتەوە و ریوشوینی رویشتنی دابنیت و پەیوەندی لە گەڵ دوستەکانی نوی بکاتەوە.

لەم ماوەیەدا هەروەکو هیزەکەی یەکیتی حسابەوە و پشوی دا و خوی ریک خستەوە، لە هەمان کات دا هەمو عەشیرەتەکانی ناوچەکەش خویان ساز دابو و، سەرانسەری ناوچەکەیان گرت بو، تەنانەت هەوالنیرەکانی تورک لەو وتار و هەوالانەدا کە بەم بونەیەوە لەو روژانەدا ئەیان نوسی، هەروەکو دانیان پەوەدا ئەنا کەوا ئەم هیزە بە نەخشەیەکی زیرەکانە دەرباز بوە، بەلام لە هەمان کات دا بە دلنیاییەوە ئەیانوت ئەم هیزە هەلی دەرباز بونی نیە، چونکە ئەیانزانی مەبیت و دوژمنەکانی چ تەپکەیەکیان بو لە ناوبردنی ریک خستوە.

مبیت و عەشیرەتەکانی ناوچەکە و قم، زوریان هینا بو خەلکی کەنەی و ناوچەکە، کە ئەوانیش تیرەیەک بون لە هوزی ژیرکی، هیزەکەی یەکیتی لەوی دەربکەن، ئەوانیش، بو ئەوەی توشی شەر و پەلامار نەبن داوایان لە هیزەکەی یەکیتی کرد ناوچەکەیان بە جی بهیلی.

ڕوژی ٧٨/٦/٩ د. کەمال خوشناو و سالار گەیشتنە شاری وان و، لە گەڵ چەند کەسی لە سەرکردەکانی دە دە کا دە کوبونەوە بو باسی وەزعی هیزەکە و، دانانی ڕیوشوینی دەربازکردنیان.

کەماڵ و سالار داوایان لە سەرانی دە دە کا کرد بو: ڕیوشوینی گەڕانەوەی هیزەکە بو ناوچەی شەمزینان - برادوست دابین بکەن و، ئەڵین ئەوە باشترین و گەورەترین یارمەتی یەکیتیە.

بەڵام سەرانی دە دە کا دە پیێ لە سەر ئەوە دائەگرن کە:

ڕیگاکانی شەمزینان بەرەو برادوست هەمویان گیراون و، لەوێوە ماوەی دەرباز بونیان نیە.

خویان زوریان بیر کردوتەوە لە چونیەتی دەرباز کردنی هیزەکە، هیچ ڕیگایەکی تر نیە جگە لەوەی خویان تەگبیریان کردوە:

- پەیوەندییان لە گەڵ عەشیرەتەکانی ناوچەکە کردوە و، بەڵینیان لی وەرگرتون شەر بە هیزەکانی یەکیتی نەفروشن و ڕیگەیان لی نەگرن.

- ڕیگەیان بو ناوچەی ئولودەرە - زاخو بو ناو عەشیرەتی گزیی، کە دوستی ئەوانن تەئمین کردوە و، خویان تاقییان کردوتەوە کە سەلامەتە.

- چەند کەسیکی «گزیی» یان پەیدا کردوە کە بو ڕیبەری و ڕی پیشاندان لە گەڵ هیزەکە بن، تا ئەیان گەیەننە ناوچەکە.

سالار لە گەڵ چەند کەسیکی دە دە کا دە ئەچی بو ناوچەی ئولودەرە بو ئامادە کردنی مەفرەزەی گزییەکان بو بەپیرەوە چونی هیزەکە و، د. کەمالیش لە گەڵ چەند کەسیکی کەیان ئەچی بو سەردانی هیزەکە لە نزیک گوندی کەهی. شەوی ٧٨/٦/١٦ ئەگەنە لایان، هەندی چەک و فیشەک و پارە و خواردنیان بو ئەبەن.

لیپرسراوەکەی دە دە کا دە بە دلنیاییەوە ئاگاداری خالید سەعید و هاوڕیکانی ئەکا کە تا ئەگەنە ناوچەی عەشیرەتی گزیی توشی شەر و ناڕەحەتی نابن، بە تایبەتی چونکە قسەیان لە گەڵ هەمو عەشیرەتەکانی ناوچەکە و، گوندەکانی سەر ڕیگا کردوە و، بەڵینیان لی وەرگرتون کە دەس نەهێننە ڕیگایان، جگە لەمەش چەند دەلیلیکی گزییان لە گەڵە و هیزیکی گزیی چاوەڕیان ئەکات و، «عەشیرەت شەڕی عەشیرەت ناکات!».

هەروەها دلنیای کرد بون لەوەی کە عەلی عەسکەری و هیزیکی تر بە سەلامەتی گەیشتونەتە کوردستانی عیراق و، لە سەر سنور بارەگایان داناوە.

د. کەمال و لیپرسراوەکەی دە دە کا دە هیزەکە بە جی ئەهیلن و، هیزەکەش

ئەکەویتە خوی کە روژی دوایی بەرەو ناوچەی گزیی بە ری بکەوی.

پەیامنیریکی تورک لە کومینتاریک دا کە بو ژمارەی ١٧-٧٨/٦/٢٣ ی گوفاری «الوطن العربی» سەر بە عیراقی ناردبو، نوسیویتی:

«کاربەدەستانی تورک هەلویستی تەماشاکەری وریایان گرتوە لە ناکوکی خویناوی نیوان تاقمە کوردیەکان دا لە ناوچەی هەکاری....

ئەگەر کاربەدەستانی تورک هیچ پەژارەیەک دەرنابرن لەوەی رو ئەدا، لەبەر ئەوەیە چونکە مەیدانی پیکادانەکانی ناوچە کوردیەکان ئابلوقەدراوە بەرپوشوینی سوپایی تورکی بە جوریک کە ناهیلی رەنگدانەوەی سیاسی لە ناو سنوری تورکیا یا دەرەوەی دا هەبی ..

دوا راپورتی گەیشتوتە ئەنقەرە وائەگەیەنی لەوە ناچی تاقمەکەی خالید سەعید بەخت یاری بی و، لەوە ناچی بتوانی لە سنور بپەریتەوە بو ئەوەی خوی بدا بە دەست عیراقەوە تاکو لە ناو نەچی...

سەیرکەو ئیحتیاتی خوت وەربگرە! ئەمە ئەو سەرەتا کردەوەیەیە کاربەدەستانی تورک گرتویانە بەرامبەر ناکوکی ناوخوی کوردی بو ئەوەی لە چوارچیوەی کوردی دا بیهیلنەوە، بە شیوەیەک کە ریگەی نەدا ببیتە هوی هیچ ئیجرائاتیک بو پەیوەندیەکانی دەرەوەی تورکیا، هەروەکو ناشهیلی رەنگدانەوەی سیاسی ناو دەولەتانی هەبی لە ناوچەکانی کەمایەتی کوردا لە تورکیا»

*

لە ناو چونی یەکجاری

ئەم هیزە، دوای ئەوەی حەسایەوە و، هەندی چەک و تەقەمەنی و خوراک و بارەی پی گەیشت، ئەیتوانی لە تەوقی ئابلوقەدان رزگاری بی و بگەریتەوە ناوچەی ٣ سنور، بو ئەم مەبەستە ئەیتوانی کەلک لە ئوتومبیل و تراکتور وەربگری بۆ ئەوەی بە زویی لە ناوچەی دوژمن دەرچی، بەلام بە پیٔ ی تەگبیرەکەی دە دە کا دە کەوتنە ری و، مەلا مەحمودی گزیی و، چەند کەسیکی کە، کەوتە پیشیان.

هیزەکە هەر کە بە ری کەوت، کەوتە ناو چەند عەشیرەتی تەیار و کزکەوە، چەند روژ بو خویان ئامادە کرد بو بۆ لیدانی. هیزەکە ئەگەرچی هەولی زوری دا لە گەل عەشیرەتەکان توشی شەر و پیکادان نەبی و، بو ئەو مەبەستە چەند جاری ریگەی گوری و، ریگەی زور سەخت و دژواری گرت و، چەند جاری «قاسید» ی ناردە لایان و، ٨ کەسی لە مام خوران بە بارمتە گرت، بەلام هەر سودی نەبو، چونکە عەشیرەتەکان لە هەمو لایەکەوە بۆ لە ناوبردنی بە خۆ کەوت بون و، بۆیان دامەزرا بون.

شەوەکی ڕوژی ٧٨/٦/١٩ لە کاتیک دا بە دەربەندیک دا تی ئەپەڕین، کەوتنە بوسەیەکی گەورەی سەدان چەکداری عەشیرەتەکانی: ژیرکی، مام خوران، زیوکیان، کوچەر، سپیرتی و، گیتە.. کە شیخموس کەرشان دای نابو. لەم شەڕەدا کە چەند سەعاتیکی خایاند، دەیان پیشمەرگەی دلیر و ئازا شەهید بون و، چەند پیشمەرگەیەکیش بە بریندار بە جی مان لەوانە: ڕەوەفی مستەفا بەگ و، دەیان فەرماندەی پیشمەرگە بە دیلی کەوتنە دەس چەکدارەکانی ژیرکی، لەوانە: خالید سەعید، حسین بابە شیخ، عومەر عەبدوللا، ئازاد هەورامی، مەحمود عەبدولرەحمان، عەلی شیعە، حامیدی حاجی غالی، فوئاد عومەر... پاش چەند ڕوژی، تەسلیمی قم یان کردن.

بەمجورە دوابەشی هیزەکە لە ناو چو.

لە مانگی مایس دا «ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورک» بو لیکولینەوەی دو مەسەلە کوبونەوە: یەکیکیان، مەسەلەی کورد. ئەوی تریان، مەسەلەی زوربونی کوژران لە تورکیا لە ئەنجامی پیکادانی سیاسی دا.

لە سەرەتای مانگی حوزەیران دا وەفدیکی عیراقی بە ناوی گفتوگوی بازرگانیەوە دەربارەی قەرزی نەوت سەردانی ئەنقەرەی کرد.

هەر لە مانگی حوزەیران دا، وەکو ژمارەی ڕوژانی ٢٤-٧٨/٦/٣٠ حەفتەنامەی پاریسی «الوطن العربي» نوسی بوی: جەنەراڵ کنعان ئەفرین، سەروکی هەیئەتی ئەرکان، لە گەڵ فەرماندەی هیزی زەمینیی و، فەرماندەی جەندرمە و، چەند گەورە ئەفسەری میت، سەردانی کەرتەکانی فەیلەقی ٣ ی ئوردوی کرد لە کوردستان و، هەر لەو ماوەیەدا سەروکی وەزیرانیش، بولەند ئەجەوید، سەردانی هەکاری کرد. لە سەردەمی دامەزراندنی جمهوریەتی تورکیاوە، ئەمە یەکەمین جار بو، سەروکی وەزیران سەردانی ئەم ناوچەیە بکات و، لە وتاریک دا داوای لە دەولەتانی دراوسی کرد: کە هاوکاری بکەن بو گەشە پی دانی ناوچەکە و، چەسپاندنی ئاسایش.

لە ٢٠ حوزەیران دا، واتە ئەو ڕوژەی دوایین پیکادان قەوما، وەزیری کاروباری ناوخوی تورکیا عیرفان ئوزایدینلی ڕایگەیاند کە هیزەکانی تورک لاشەی ١٢ کەسی دوزیوەتەوە کەلە شەڕی ١ی حوزەیران دا کوژراون، هەروەها وتی: «هیزەکانی عیراق لە هیرشەکانیان دا دژی کورد، لەجاریک زیاتر لە سنور تی پەڕیون» و، بەڵینی دا لە پاشەڕوژدا «سنوری تورکیا بە چاکی بپاریزن و نەهیلن پشیوی لە دەرەوەی سنوری ئەوانەوە بیتە ناو تورکیاوە».

لەم کەین و بەینەدا ئەگەر تورکیا بەرەسمی و ڕاستەوخوش یارمەتی قم ی نەدابی

دژی یەکیتی، ئەوا چاوپوشی ئەنقەستی لی کردبو کە ناوچە سنوریەکانی تورکیا بکاتە مەیدانی بەریوەبردنی چالاکی عەسکەری و سیاسی و ئیعلامی خوی، ئەگینا تورک ئەیتوانی کونترولی ناوچەکە بکا و نەهیلی ئەم کەلک لە قەلەمرەوی ئەوان وەربگری و، عەشیرەتە کوردەکانی تورکیا بەشداری شەر بکەن بە قازانجی ئەم.

چەند روژنامەنوسیکی تورک چون بو بینینی گیراوەکانی یەکیتی و، گفتوگویان لە گەل کردن. مامجەلالیش نامەیەکی بو ئەجەوید نارد، دەربارەی گیرانی سەرکردەکانی یەکیتی لە ناو خاکی تورکیادا، «ریگای ئازادی» هاوتای کرمانجی «ئوزگوریرلک یولو» نامەکەی بلاو کردەوە. ئەجەوید، نامەکەی پشت گوی خست.

چاوپوشی ئەنقەرە، بەتایبەتی دەزگاکانی میت و جەندرمە و ئوردو، لەچالاکی ئەم ئەگەریتەوە بو چەند هویەک:

١. ئەجرویەی پیشوی پارتی عیراق لە رەفتاری دا لەگەل بزوتنەوەی کوردی تورکیا، دەری خستبو کە زیانی بو حکومەتی تورکیا نیە، چونکە پارتی مەسەلەی خوی بەسەرەوکی دائەنی و کە رەفتاری لەگەل بزوتنەوەی پارچەکانی تر ئەکرد بو خزمەتی خوی و بەهیزکردنی هەلویستی خوی بو، نەک بو هاندان و یارمەتیدانیان دژی حکومەتی مەرکەزی خویان. بە پیچەوانەی یەکیتی کە هەلویستیکی توندرەوی هەبو لە مەسەلەی کوردی پارچەکانی تری کوردستان، زیاتر لەوەی ناوچەیی بی، بوچونی «پان کوردیستی» هەبو.

٢. لەو کاتەدا تورک لەگەل عیراق لەسەر مەسەلەی قەرزی نەوت توشی کیشە بوبو، تورک لە تەنگوچەلەمەیەکی ئابوری دژواردا بو، قەرزیکی زوری ولاتانی تری لەسەر کەلەکە بوبو، کەبەشی زوری هی کرینی نەوت بو، لەوە ٣٣٠ ملیون دولاری عیراقی لەسەر کەلەکە بوبو، نەیئەتوانی بو بە دراو بیداتەوە وەکو عیراق ئەیویست، بەلکو ئەیویست نرخەکەی بە کەلوپەلی تورکی بدا لەسەر ئەوە ٦ مانگ بو عیراق رویشتنی نەوتی لە لولەی تورکیەوە راگرت بو، تورکیش قازانجی لەوەدا نەبو هەمو جولانەوەکە بەتەواوی لە ناو بچی و ریگە بو عیراق تەخت بی، بەلکو ئەیویست کەلک لە کیچەلی کوردی وەربگری دژی عیراق بو ئەو سەودایەی بە دستیەوە بو.

٣. حکومەتی ئەجەوید لە هەلبژاردن دا لە ناوچە کوردنشینەکان دا زورایەتی دەنگی خەلکی بەدەست هینابو سەبارەت بەو نەرمیەی لە کوردستان پەیرەوی ئەکرد، نەیئەویست لە ئەنجامی بەکارهینانی توندوتیژی دا، ئەو بنکە جەماوەریە گرنگە لەدەست بدا، چاوپوشی لە باکیلی بزوتنەوەکە ئەکرد.

٤. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی قم وە بە پەیرەوی لە سیاسەتی پێشوی پارتی بەرامبەر تورکیا، توانی بویان پەیوەندی لەگەڵ دەزگای میت و هەندی لەکاربەدەستانی سنور دروست بکەن.

لەبەر ئەم هویانە تورکیا لە روداوەکانی هەکاری دا یارمەتی قم دا دژی یەکیتی.

*

سامی سنجاری، کە ئەوسا، سکرتیری قم بو، بە بونەی تیشکانی یەکیتیەوە، بە ناوی قم دوە بەیانیکی نوسی لە ژیر سەرناوی: «حملە الالف جحش» و، لە ئەوروپاش ئەم بەیانەیان بە ئینگلیزی بلاو کردەوە.

*

قەندیل: هەستانەوە

*

«دۆڵە نێ» ناوچەیەکی بەفراوی و چۆل و دور بو لە ئاوەدانییەوە. خۆمان هەندی رایەخ و بەتانی مان لە گەڵ خۆمان هەڵگرت بو، ئەمو مشوری پەیدا کردنی خواردن بخوین. تەنیا چاوساغ و شارەزامان: قادر خەبات، بو. قادر هەتا بڵێ ی بە هیممەت و دڵسوز و لە بەردەم ماندوبون و ناخۆشی دا خوراگر بو.

هەمو رۆژێ فرۆکەی جەنگیی ئیرانی بە ئاسمانی ناوچەکەدا ئەسورانەوە. ئەمو بە رۆژ خۆمان حەشار بدەین و، ئاگر و دوکەڵ نەکەینەوە. چەند جارێ هالیکوپتەری ئیرانی هاتە سەرمان تەقەی لێ ئەکردین و، جارێکیان چەند وڵاخیکی کوشتین. زۆری پێشمەرگەکان ورەیان بەر دابو، لایان وابو لە ناو ئەچین، ناو بە ناو لێ یان هەڵ ئەهات، هەندێکیان ئەچون تەسلیمی ئیران ئەبون و، هەندێکیان ئەگەرانەوە بو دواوە.

*

دۆڵە نێ و مراد شەریۆ

«دولە نێ» هەندی بیرەوەری کونی لە لا وروژاندم. دەساڵ پێشتر مراد شەریۆ و هەندی لە هاوڕێکانی لیرەدا کوژرا بون. موراد یەکێ بو لە فەرماندەی پێشمەرگەکانی بزوتنەوە چەکدارییەکەی ساڵی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ ی کوردستانی ئیران. بەم بونەیەوە بە پێویستی ئەزانم یادی لە روداوەکانی ئەو سەردەمە بکەمەوە، بە تایبەتی لەو کاتەدا ئیمە: ئەوانەی گوڤاری «رزگاری» مان دەرئەکرد، لە پێش هەمو لایەک و، گوڤار و رۆژنامەیەکی تردا بە هاودەردییەکی قولەوە هەواڵەکانی جولانەوەکە و، وینەی قارەمانەکانیمان بڵاو کردەوە.

دوای شۆرشی ١٤ تەموز ریکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کەوتنە بەر هێرشی «ساواک» چەند کەسی لە سەرکردە و ئەندام و لایەنگرەکانیان گیران و، چەند سەد کەسی لە سەرکردە و ئەندامەکانیشیان پەنایان بو کوردستانی عیراق هێنا. ئەوسا کوماری عیراق بە قەڵای ئازادیخوازان دائەنرا و، مەلا مستەفای بارزانی وەکو قارەمانی نەتەوەیی کورد تەماشای ئەکرا.

هەر لە سەرەتاوە زۆری ئەم ئەندامانەی دیموکرات خۆیان لە بارزانی نزیک خستەوە و، بە چاوی پێشەوای هەمو کورد سەیریان ئەکرد و، زۆرتر لەو نزیک بون تا

سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

کە شۆرشی ئەیلول دەستی پێ کرد هەندێ لە مانەش چونە ریزی شۆرشەکەوە. جولانەوەکە لە ناوچەکانی سلیمانی و هەولێر دا لە سەرەتادا توشی نیشتنەوە و کشانەوە بو. ئەمان ئەوەیان بە هەل زانی بەو داوودەزگای چاپەی هەیان بو کەوتنە بلاوکردنەوەی شتێ بە ناوی «دیسان بارزانی» بەوە. لەم بلاوکراوەیەدا ستایشیان لە بارزانی ئەکرد و، ترانج و تانەیان لە ریکخراوەکانی پارتی ئەدا. تۆوی ناکوکی و دوبەرەکییان ئەوەشاند.

ئیران جوری لە پەیوەندی لە گەل مەکتەبی سیاسی دروست کرد بو، هیشتا پەیوەندی لە گەل بارزانی دانەمەزراند بو، بارزانی بو ئەوەی ئیران لە مەکتەبی سیاسی تورە بکا و، ناچاریان بکا پیوەندییەکە بگویزنەوە بو لای خوی، هەندێ لە مانەی نارده ناوچە سنورییەکانی نزیک مەکتەبی سیاسی تەقە لە پاسگاکانی ئیران بکەن.

سالی ١٩٦٤ لە کاتی لەت بونی پارتی دا بێ دودلی پشتیوانییان لە بارزانی کرد دژی مەکتەبی سیاسی، هەندێ لە بەیانەکانی بە ناوی بارزانییەوە دەرئەچو ئەمان بویان ئەنوسی، تەنانەت لە سەنگەسەر هەندێکیان بون بە زیندانەوانی گیراوەکانی لایەنگری مەکتەبی سیاسی.

دوای لەت بونی پارتی و، سەرکەوتنی بارزانی، ئیران پیوەندی لە گەل بارزانی بەهیز کرد، تا ئەهات بەهیزتریش ئەبو. بارزانی ئیتر نەیئەتوانی هاوسەنگی لە نیوان پەیوەندی لە گەل ساواک و پەیوەندی لە گەل دیموکرات دا رابگری، ئەبو لە نیوان شا و دیموکرات دا یەکیکیان هەلبژیری. سەرەنجام شای هەلبژارد و، کەوتە تەنگ پێ هەلچنین و راونانی کادر و پیشمەرگەکانی دیموکرات. لەو کاتەدا دیموکرات لە ژیر کارتیکردنی حیزبی تودەی ئیران و حیزبی شیوعی عیراق و، لەت بونی پارتی بو دو ریکخراوی جیاوازی «مەلایی» و «جەلالی»، توشی تەنگوچەلەمەیەکی سیاسی و ریکخراوەیی قول بوبون و، لە ناو خویان دا بوبون بە چەند بەشیکەوە:

بەشیکیان لە ئەوروپای روژهەلات جیگیر بوبون وەکو بەشی لە حیزبی تودە یان وەکو خویان ئەیانوت: «حیزبی مادەر» کاریان ئەکرد.

بەشیکی تریشیان لە کوردستانی عیراق بون ئەمانیش بوبون بە ٣ پارچەوە:

- پارچەیەکیان لە گەل بارزانی بون.
- پارچەیەکیان لە گەل مامجەلال بون.
- پارچەیەکیشیان خویان هاویشت بوە پەنای حیزبی شیوعی.

ئەوانەی لە گەل مەلا مستەفاش بون، بو بون بە دو دەستەوە:

دەستەیەکیان عەبدوللای ئیسحاقی «ئەحمەد توفیق» ڕیبەری ئەکردن، هەر بە دلسوزی ما بونەوە بو بارزانی، بەلام بارزانی لە سنوری ئیران دوری خستنەوە بو بادینان. لە هەلومەرجیکی نادیاردا سەریان تی دا چو.

دەستەکەی تریان سولەیمانی موعینی «فایەق ئەمین» ڕیبەریی ئەکردن، «کومیتەی ئینقیلابی» یان پیک هینا بو. ئیسماعیلی شەریف زادە، عەبدوللای موعینی، مەلا ئاوارە لە سەرکردە ناسراوەکانیان بون. لە ژیر گوشاری بارزانی دا ئەمانە بریاریان دا بگەرینەوە بو کوردستانی ئیران و، بە چەکداری لە دیهاتەکان دا بکەونە گەران و، خەباتی سیاسی و چەکدار.

سەرکردە و پیشمەرگەکانی کومیتەی ئینقیلابی گەرانەوە بو کوردستانی ئیران و، بە ناوچەکانی بانە، سەردەشت، خانە دا بلاو بونەوە و، خەریک بو جیگیر ببن. ئەمە مەترسیەکی گەورەی بو سەر ئیران دروست کرد. جولانەوەکە خەریک بو لە دنیادا دەنگی ئەدایەوە و، هەندی لە ڕیکخراوە چەپەکانی ئیران لە ئەوروپا خویان ئامادە کرد بو بەن بەشداری تی دا بکەن.

ئیران بە هاوکاری بارزانی کەوتە راونانی جولانەوەکە. عەبدولوەهاب ئەتروشی، ئەوسا لە ئەویلە بو، پولی پیشمەرگەی دیموکراتی بە گیراوی تەسلیمی ساواک کرد. هیزەکانی بارزانی یارمەتی هیزەکانی ئیرانیان ئەدا بو دوزینەوەیان. لە ماوەیەکی کورت دا هەمو سەرکردەکانیان: ئیسماعیلی شەریف زادە، عەبدوللای موعینی، مەلا ئاوارە، مەراد شیریز... یەک لە دوای یەک کوژران و، سولەیمانی موعینی کە ڕیبەری جولانەوەکە بو، لە کاتی گەرانەوەی دا بو کوردستانی ئیران لە شارباژیر کەوتە بوسەی «صدیق ئەمین» ئەوە کە لیپرسراوی لقی ٤ ی پارتی بو، ئەم و هاوری یەکی بە ناوی خەلیل شەوباش گیران و، ڕەوانەی لای بارزانی کران. هەردوکیان کوشتن و تەرمی سولەیمانیان تەسلیمی ساواک کرد. ساواک بو شکاندنی چاوی کورد تەرمەکەی بە کوردستان دا گیرا.

جولانەوەکەی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ کە ١١ مانگی خایاند بە کوژرانی سەرکردەکانی کوتایی هات.

*

هەوالنامە

هیشتا لە نوکان بوین، دەفتەر و ڕوژمیرەکانم کو کرد بوەوە ئەمویست هەوالەکانی شورش ڕیک بخەم. پیشتر «بەلاغیکی عەسکەری» دەر کرا بو، بەلام زور لە ڕوداوەکانی نەگرت بوەوە. سەر لە نوی هەمو ڕوداوەکانم بە سەر کردەوە بە گویرەی ڕوژ و

مانگ و سال ریزم کردن و، دامرشتنەوە. داوام لە مامجەلال کرد ئەویش پێشەکی بۆ بنوسی. هیمەتی کرد لەو هەلومەرجە سەختەدا پێشەکی درێژی بۆ نوسی.

تایپەکمان لە گەل خومان برد بو، بەلام رونیو و ستینسل و کاغەز و مەرەکەب مان لە لای حەمە سەعید لە «دولە کوکی» بە جی هیشت بو. ناردمان ستینسل مان بو هات. لە بن کەورگەکانی دولەنی دا کەوتینە تایپ کردنی.

کورێک هات بو بو پێشمەرگایەتی ناوی مەلا رەحیم بو. گومانی لە سەر بو. لە بەر ئەوە دەس بە سەر دامان نابو. کورێکی زیرەک و دەسرەنگین و قسە زان بو. خوی هاویشت بوە پەنای د. مەحمود. جاروبار خواردنی بو دروست ئەکردن. مەلا رەحیم تایپیستێکی باش بو. یەکەمین ژمارەی: «هەوالنامەی خەباتی شورشگێرانەی گەلی کوردستانی عیراق لە ماوەی دو سال دا» لە سەر ستینسل بەم پیاوە گومان لی کراوەم تایپ کرد و، ناردمەوە بو حەمەسەعید ئەویش بە رونیو چاپی کرد و، بو هەریم و لقەکان و، ریکخستنەکانی شار و، بو ئەوروپامان نارد. لە ئەوروپا سەرلەنوی چاپیان کردەوە.

یەکەم «هەوالنامە» ٥٤ لاپەرەی فولسکاب بو. ٢٤ لاپەرەی پێشەکییەکی تیوری و سیاسی... بو، مامجەلال نوسی بوی، ئەوی تریشی هەوالی جورێەجوری دو سالی سەختی جولانەوەکە بو، من ئامادەم کرد بو.

چەند وتارێکی تریشم نوسی بە ناوی کومەلەوە بە هەمان ریوشوین چاپمان کرد.

*

بو خوپاراستن چەند جاری جیگورکی مان کرد بەلام هەر لە هەمان ناوچەدا ماینەوە، چونکە بەرزاییەکانی قەندیل هیشتا رەشاییان تی دا پەیدا نەبوبو، بوی بگوێزینەوە. بەفر و سەرما و برسیتی پەریشانی کرد بوین. وردە وردە کوارگ و گیای کیوی پەیدا ئەبو. کوارگی قەندیل سپی و تامی خوش و تیایەتی بە قەد قاپێکی خواردن ئەبی. هەندی ناردیشمان پەیدا کرد. بە زوری ئەمان کرد بە ناوساجی. چەند جاری ئەو پێشمەرگانەی رایان ئەکرد لە گەل خویان ناوساجییەکەشیان ئەبرد، ئیمەیان نانبراو ئەکرد.

*

سورانەوەی هالیکوپتەری ئیرانی شپرزەیان کرد بوین. بریارمان دا بگوێزینەوە بو «دولی بالەبیان» لە دیوی عیراقی قەندیل. کەلوپەلەکانمان پیچایەوە هەندێکی خومان هەلمان ئەگرت و، هەندێکی مان لە ولاخ بار کرد. پیش خومان ولاخەکانمان بە ری کرد و، لە هەر مەفرەزەیەک پێشمەرگەیەکمان لە گەل نارد. لە مەفرەزەکەی من «فەرید ئەسەسەرد» مان لە گەل ناردن.

فەرید چەند حەفتەیەک بو هات بو بو پیشمەرگایەتی. پاش هاتنی بە چەند روژی لە «مالومە» ی جافەتی بەر هیرشیکی جەیش و دابەزینی هالیکوپتەر کەوت بو، بە فەلاکەت دەرباز بوبو. دوای ئەویش توشی ئەم سەفەرە سەختە بوبو. تازە تفەنگیکی برنەومان دابویە.

کاروانەکە بە ری کەوت بو. ئەمو بە ناو بەفریکی ئەستور دا هەلگەرین. زو زو ولاخەکان لە بەفر دا چەقی بون. فەرید گەیشت بوە تینی لە پاتی نەقیزە برنەوەکەی بو لیخورینی ولاخەکە بە کارهینا بو. داری تفەنگەکە بو بو بە دو کەرتەوە. راستیەکەشی من بە هەلەدا چو بوم، ئەرکیکی نالەبارم پی سپارد بو: فەرید ئەهلی قەلەم بو، نەک ئەهلی تفەنگ. فەرید گەنجیکی روشنبیر و نوسەریکی باش و پیشمەرگەیەکی خوراگر بو.

ئیمەش بە قەندیل دا هەلگەراین بو لای «شیخ شەرو». هیشتا کەلاکی هالیکوپتەریکی لی مابو کە سالی رابوردو لە شەریکی قورس دا بەردرابوەوە. چاوەری مان کرد تا دنیا تاریکی کرد. بە قەندیل دا شور بوینەوە و، بە لای «پشتئاشان» دا رویشتین، دیسانەوە بە «سیلم» دا هەلگەراینەوە و، ئینجا شور بوینەوە بو «خیلاپ» لە دولی بالەییان. دەمەوبەیانی گەیشتینی.

چەند بزن و گیسک مان پەیدا کرد بو لە گەل خومان هینا بومان. لەو کاتەدا بو ئیمە بە نرخترین سەرمایە بو. بە پیشمەرگەیەکمان سپارد بو ئاگای لی یان بی. بزنگەلەکەمان دیار نەبو. بزنەوانەکە بە شەو لە ماندویەتی دا فەراموشی کرد بون. بزنەکان چوبونە ناو بەفر و سەهولبەندانیکەوە لە شوینیکی کور و سەخت دا. بزنەکان عاسی بوبون، ئەمیش نەیویرا بو دوایان بکەوی بیان هینیتەوە. قادر خەبات و سامان گەرمیانی گەرانەوە دواوە بو هینانەوەیان. قادر خەبات شاخەوانیکی شارەزا و کردە بو. بو ئەوەی نەخزی و نەخلیسکی بە پی ی پەتی بە شەختەی کوری شاخەکەدا هەلگەرا بو بزنەکانی هینایەوە.

*

جاری یەکەم من لە شوباتی ۷۱ دا ئەم ناوچەیەم دی بو. ئەو کاتە من خوم لە داوودەزگا ئەمنییەکانی بەعس شارد بوەوە، چونکە بە پیلانیک کە تاقمی بارزانی لە سلیمانی بو تاوانبار کردنی من ریکیان خست بو، «محکمە الشورە» حوکمیان دا بوم. دوای یەکگرتنەوەی هەردو بالەکەی پارتی، لە گەل ئیبراهیم ئەحمەد، مامجەلال، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، منیش چوم بو بارەگای بارزانی لە «قەسری». چەند مانگی لەوی ما بومەوە زوری شاخەکانی ناوچەکە و، ئاوایییەکانی گەرا بوم.

دولی بالەییان ناوچەیەکی شاخاوی عاسی بو، کەوت بوە بناری قەندیلەوە. ئەرزیان بو کشتوکاڵ کەم بو، بەلام لەوەرگای گەورەیان هەبو. کانی و ئاوی زور و ئاووهەوای خوش و دیمەنی جوان بو. گویزی باش و هەنگوینی نایابیان هەبو. بەشیک بو لە ناوچەی باڵەکایەتی، کە چومان ناوەندی بەریوەبەرایەتییەکەی بو.

لە ساڵاتی شورشی ئەیلول دا مەلا مستەفا کرد بوی بە بنکەی ژیان و کارەکانی خوی. خانو و بەرەی بو ژیانی خوی و خیزانەکەی لە «دیلمان» و، بارەگای کاری لە «قەسری» دروست کرد بو. زوریان ئازاری دانیشتوانی ناوچەکە دا بو، لە بەر ئەوە حەزیان لە چارەی بنەماڵەی بارزانی و، بارزانییان نەدەکرد.

زوری پیاوەکانی دولی باڵەییان لە شورشی ئەیلول دا پیشمەرگە بون. هوشی سیاسییان پیشکەوتو و شارەزاییان لە پیشمەرگایەتی دا زور بو. لە سەرەتای دەس پی کردنەوەی شورشی حوزەیران دا دولی باڵەییان بو بو بە یەکی لە بنکە سیاسی و ریکخراوەیی و پیشمەرگەییەکانی یەکیتی. لە ۲۳ ی تشرینی دوەم و ۱۷ ی کانونی یەکەمی ۷٦ دا و، لە کوتایی مارتی ۷۷ دا جەیش چەند لەشکرکیشییەکی گەورەی بو سەر دولی باڵەییان کرد بو. لەم شەرانەدا جەیش زەرەری گیانیی قورسیان لی کەوت بو. دانیشتوانی ناوچەکە لە ئابی ۷۷ وە راگویزرا بون، لە ئوردوگای «قەسری» دا کو کرا بونەوە.

*

ئیمە ژمارەمان کەم بو، بەرگەی هیرشی جەیش مان نەدەگرت. ئەبو خومان حەشار بدەین و، نەهیلین کەس جیگە و ریگە و ژمارەمان بزانی. لە قەسری «مەعسکر» یکی گەورەی لی بو، هەروەها ریکخستنی زوری یەکیتی لی بو.

کە گەیشتینە «خیلاپ» هەر مەفرەزەیەک پیویستییەکانی خوی، لە پیلاو و جلوبەرگ و جگەرە و خواردنی قوتو، کرد بە لیستەیەک. لیستەکەمان بو کومیتەی قەسری نارد بیکرن و بومان بنیرنەوە. ئەوەندەی پی نەچو، کومیتەی قەسری و لیپرسراوەکەیان، بە خواردن و کەلوپەلیکی زورەوە هاتن. پیمان سەیر بو چونییان زانیوە. تومەز ئەو پیشمەرگەیەی لیستەکانی کرد بو، لە سەری نوسی بو: لیستی پیویستییەکانی مەفرەزەکەی مامجەلال.. و کاک فلان و کاک فیسار. ناوی هەمومانی نوسی بو. کاغەزەکە کە گەیشت بوە دەستیان زانی بویان ئیمە لە ناوچەکەیان داین، بو ریز لی نان بە چاکیان زانی بو خویان بین بو سەردانمان.

بە دریژی ئەو ماوەیەی لە دولی باڵەییان بوین «کومیتەی قەسری» بەو پەری

تواناپانەوە خزمەتیان کردین، یەکەمین چادر ئەوان بویان پەیدا کردین.

*

ئەمانویست لە خیلاپەوە بگویزینەوە بو «زەنگەلین» یا «سەرشیخان». لە گەڵ قادر خەبات و دوسی پیشمەرگەی تر چوین بو «استطلاع» ی ناوچەکە. لە ریگا زورمان کوارگ کو کردەوە. دو جامانەمان پر کرد لە گەرانەوەدا لە گەڵ خومان بیبەینەوە بو برادەران.

لە دورەوە تروسکەیەکی ئاگرمان بە دی کرد. نەمانویست خومانی لی ئاشکرا بکەین. بو ئەوەی ئەمان بینن و هەستمان پی نەکەن دزەمان کرد بو نزیکیان. سەیرمان کرد تاقمی پیشمەرگەی بالەیین. کاتی خوی لە گەڵ پایز ئاغا تەسلیم بوبونەوە. بەلام دیسان هات بونەوە دەرەوە. لە بەر بەفر و سەرما دابرا بون لە هیزەکانی تر. فەرماندەکەیان ئەحمەد مەولود بو. لەو ساوە لە گەڵ ئەحمەد بوین بە دو دوستی گیانی بە گیانی لە هەمو گەران و سوران و شەرەکان دا لە من جیا نەئەبوەوە، تا شەهید بو.

ئەم مەفرەزەیە بو ئیمە گەنجینەیەکی بە نرخ بو. پیاوی ئازا و گورجوگول بون. خەلکی ناوچەکەش بون. دوای جیا بونەوەمان لە هیزە سەرەکییەکەی یەکیتی، ئەمان یەکەم تاقم بون دەستمانی پی گەیشت بو.

*

دلی پیس

کە گەیشتینە «زەنگەلین»، دارودرەختمان بینی، وامان زانی دەرگای رەحمەتمان لی کراوەتەوە. پردیکی پچوکی لی بو. لە نزیک پردەکەدا لە بن شاخیکی هەزار بە هەزارا جیمان راخست. لە میژ بو گەرمان نەبوبوەوە. لە خوشی دا کەوتینە کوکردنەوەی چیلکە و دار. ئاگریکی زور گەورەمان کردەوە. ساوەرمان لی نا. هەویرمان شیلا. بە دیار ئاگرەکەوە بە چیچکانەوە دانیشت بوم. دنیا زور تاریک بو، گری ئاگرەکەش چاوی بە شەوارە خست بوین. منیش و پیشمەرگەکانیش هەستمان کرد لە شاخەکەی پشتەوەمان خرتە خرت دی و، هەندی جار بەرد خلور ئەبیتەوە. بەلام هیچمان نەئەدی. ناوچەکە چول بو لە ترسی جەیش کەس نەیئەویرا روی تی بکات. «مەعسکر» یکی گەورە لە قەسری بو. ئیرەش لە قەسری دور نەبو. وتمان رەنگە ورچ یان دەعبایەکی کیوی بی.

زوری پی نەچو تارمایی زەلامیک دەرکەوت. ئافرەتیکی گەنج بو کە لیمان نزیک بوەوە سەلامی لی کردین و، هاتە ناومانەوە. بە خیرهاتنمان کرد. ساوەر و نان و چا مان پیشکەش کرد هیچیانی نەخوارد. وتی: «برسیم نیە». جاری نەمویست بکەومە

لیکولینەوە و پرسـیـار و وەلام. لیم پرسی: «ئەزانی نان بکەی؟» وتی: «بەلی ئەزانم».
وتم: «تاقـەتت هەیە هەندی نانمان بو بکەی دەمـیکە نانی باش مـان نەخـواردوە؟» وتی:
«خوتان هەویرەکە بشیلن، من نانەکەتان بو ئەکەم».

پاش ئەوەی هیمن بوەوە لیم پرسی: «خوت بە تەنیای یا پیاویشت لە گەلە؟»

وتی: «خوم بە تەنیام»

وتم: «رەدو کەوتوی؟»

وتی: «نەخیر رەدو نەکەوتوم»

وتم: «ئەگەر رەدوش کەوت بی و پیاویشت لە گەل بی، مەترسە بو ئیمە شتیک
نیە، بەلام ئەگەر پیاوت لە گەلە پیمان بلی بو ئەوەی بانگی بکەین»

وتی: «پیـاوم لە گـەل نیـە. من خـوم مـیـرد و مندالم هەیە و بە مـیـردەکـەی خـوم
رازیم»

وتم: «چی ئەکەی بە تەنیا لەم شاخە»

وتی: «میردەکەم دلی لیم پیسە. هەر چەن لە گەل پیاویک چاکوچونی بکەم لیم
تورە ئەبی یان لیم ئەدا. پیـری ئیـوارە لە گـەل دراوسی یەکـمـان قـسـەم ئەکرد. بە سـەرا
هاتەوە. لیم تورە بو خـەریک بو لیم بدا. منیش هەلاتم. مـالەکـمـان نزیکە لە رەبیـەی
عـەسکەرەوە. لە رەبیـەکە تی پەری بوم. شـەوی بە سـەرا هات نەویرام بگەریمەوە بو مـال.
بەرەو کەوتە گوندەکەی خومـان چوم. ئەوە ۳ روژە لەو ناوەم ئەمشـەو کـە ئاگرەکـەی ئیوەم
دیت. لیتان نزیک بومەوە زانیم پیشمەرگەن هاتمە لاتان».

وتم: «ئەم ماوەیە چیت خواردوە؟».

وتی: «کوارگ و ریواس و گژوگیای کیوی».

وتم: «ئەتەوی لە میردەکەت جیا ببیتەوە؟»

وتی: «من میردەکەی خومم خوش ئەوی نامەوی لی ی جیا بمەوە»

ئافـرەتەکـە خـەلکی گـوندیکی راگـویزراوی دولی بالەییـان بو لە نزیک زەنگەلین.
هەندی لە پیشـمـەرگـەکـانی بالەییـانی بە ناو ئەناسی. ئەو شـەوە لای ئیـمـە مایەوە. بەیانی
ناردم بە دوی ئەحمەد مەولودا. ئەحمەد ژنەکە و میردەکەی ئەناسی. بردیە بنکەکەی خویان.
ژنەکە خیری بو دانەوە نانی بو ئەکردن و چیشتی بو لی ئەنان. کـە ئیـمـە ناوچەکـەمـان چول
کـرد ئینجا ناردیان بە دوی میـردەکەی دا ئاشتـیـان کـردنەوە و، گـەرانەوە مـالی خـویان لە
قەسری.

*

رۆژێکیان لە «سەرشیخان» پالم بە گابەردێکەوە دابو سەیری شاخەکەی بەرامبەرمانم ئەکرد لە دوورەوە ریزێک زەلامم بینی ریچکەیان بەست بو بەرەو سەرشیخان ئەهاتن. ناوچەکە چول بو هاتوچوی بە سەرەوە نەبو. چومە سەر ریگەکەیان. باشتر لێیان ورد بومەوە هەمویان بی چەک بون و جلی کوردییان لە بەردا بو. گەیشتنە لای من سەلامیان کرد. منیان نەئەناسی. لیم پرسین: «بە دوای چی دا ئەگەرین لەم شاخە چولە؟»

وتیان: «بە دوای ئیوەدا ئەگەرین»

وتم: «بو ئەزانن ئیمە کیین بە دوامان دا ئەگەرین؟»

وتیان: «ئیوە پیشمەرگە نین؟»

وتم: «بەلی ئیمە پیشمەرگەین. فەرمون چیتان ئەوی؟»

وتیان: «ئەمانەوی ئیمەش ببین بە پیشمەرگە!»

وتم: «ئیمە خومان تاقەتمان لە پیشمەرگایەتی چوە خەریکین وازی لی ئەهینین»

وتیان: «ئیوە تاقەتتان چوە ئیمە دەس پی ئەکەین!»

وتم: «چەکمان نیە بتاندەینی»

وتیان: «خومان پارەمان لە گەل خومان هیناوە ئەیکرین»

وتم: «نانمان نیە بتاندەینی»

وتیان: «خومان خەلکی ناوچەکەین نان پەیدا ئەکەین!»

خەلکی گوندە راگویزراوەکانی بناری قەندیل بون تازە پارەی «تعویض» ی دیهاتەکانیان وەرگرت بو. کە پارەکەیان وەرگرت بو یەکسەر هات بون بو پیشمەرگایەتی. بە خیر هاتنیکی گەرمم کردن. لە گەل خوم بردمن بو بنکەکەمان. مامجەلال و ئەوان چاوەروان بون بزانن ئەمانە چین و بوچی هاتون. چوم حیکایەتەکەم بو گیرانەوە. وتم: «ئەم میللەتە بویە نامری. ئیمە لە خومان بیزار بوین ئەوان تازە ئەیانەوی دەس پی بکەن».

*

نوا

لە ناو پوستەی ریکخستنی شاردا نامەیەکی بەختیاری برامم پی گەیشت لە گەل چەردەیەکی باش پارە. لە نامەکەدا هەوالی خویانی بو نوسی بوم. خوا کچیکی پی بەخشی بون، داوای لی کرد بوم، من ناوی بنیم. وەلامم دایەوە و ناوم نا «نوا» و، لە بەر ئەوەی ئەم وشەیە ناناشنا بو بەوان، مەعناکەشم بو نوسی: «نوا» بو باران وەکو «سیبەر» و «سایە» بو هەتاو، «نوا» بەو شوینەیان ئەوت کە بو خوپاراستن لە باران و بەفر ئەچونە ژیری.

بو یەکەمین جار وشەی «نوا» م لەم سەفەرەدا بیست بو. هەروەها چەند وشەیەکی تر وەکو:

لی نیشتن: هەندی جیگای شاخەکە کووڕ و لوس و خز بو، بە بەفرەکەدا بە پی مەترسی گلان و خزان و بەربونەوەی هەبو. پارچەیەک لباد، یا نایلون، یا قەمسەلەکەی لە سەر بەفرەکە دائەخست. هەردو لنگی دریژ و جوت ئەکرد و، دەستی ئەخستە ژیر سمتیەوە، هەردو پی ی بە جوتکراوی کەمی لە ئەرز بەرز ئەکردەوە، بە خیرایی بەرەو خوار ئەخلیسکا و، نشیویکی دریژی بە ماوەیەکی کەم بە سەلامەتی ئەبری.

لیمشت: لافاوی باران و بەفراو.

سول: تافگەی ئاو.

رنو: هەرەسی بەفر.

جمگە: داروخانی شاخ و، جمینی ئەرز.

کستەک و، سند: تۆپی بەفر کە لە بەرزایی شاخەوە خل ئەبیتەوە بەرەو خوار تا دی زلتر ئەبی. یان وەکو بە ئینگلیزی پی ی ئەلین: «سنو بۆڵ» و، وەکو زاراوی سیاسی بو زلبونی بەردەوامی گیروگرفت بە کاری ئەهینن.

چەقەڵ: شوینی بەردەلان لە ناو شاخ دا. کەچی لە ناوچەی سلیمانی دا ناوی دەعبایەکە لە خیزانی ریوی، لەم ناوچەیەدا بەو دەعبایە ئەلین: «تورگ».

گوڕ: تەختایی سەر شاخ. کەچی لە ناوچەی سلیمانی بە شوینی ناشتنی مردوی ئەلین.

*

کەلاوەی خانوی ئاوایییە روخینراوەکان و، کەلەک و پاردەی زور لە باخەکان ما بون. باخەکانی سپیدار و میوە بە زوری لە بی ئاوی دا وشک بوبون. هەندی خەرمان، کە سالی پار لە کاتی راگویزان دا فریای هەلگرتنی نەکەوت بون، لە شوینی خویان دا دامرکا بونەوە. لە هەندی جی پیاز و پەتاتەی پار روا بونەوە.

پیشمەرگەکان لە بیکاریی دا کەوتنە گەران بە ناو کەلاوەی خانو و کەلەکی بەردەکان دا. تەور، پاچ، خاکەناز، ساج، سەتل و، زور شتی تری لەم بابەتەیان دوزییەوە. ئەمانە هەمو کەرەستەی بە کەلک بون بو ئیمە. لە ناو کەلەکی بەردەکان دا چەندین تفەنگ و چەندین هەزار فیشەکی شاردراوەیان دوزییەوە. پاش هەلگیرا بون. لە دوایی دا خاوەنەکانیان پەیدا بون و بومان بژاردن.

*

ئەو ماوەیەی لە دۆلی بالەییان بوین خەریک بو ئەموژاینەوە: لە خواردەمەنی دا هەرچی مان بویستایە لە «قەیسەری» وە بویان ئەهینان، لە سوتەمەنی دا بو خو گەرمکردنەوە و نان کردن و چیشت لینان کەموکوری مان نەبو. هەندی چادرمان پەیدا کرد بو. هیزەکەش مان خەریک بو زیادی ئەکرد.

بەیانیبەکیان لە بن بەردیک دا دانیشت بوین گوی مان لە هەوالەکانی «بی بی سی» گرت بو، باسی هەلگیرسانی شەریکی قورسی کرد لە ناو خاکی تورکیادا لە نیوان هیزەکانی یەکیتی و تم دا. بە وردی دریژەی هەوالەکەم لە بیر نەماوە، بەلام ئەوەم لە بیر ماوە کە زەرەری گەورە لە هیزەکانی یەکیتی کەوت بو.

هەمومان تاساین. ئەوە هیزی سەرەکیی یەکیتی و شورشەکە و، زوری سەرکردەکانی جولانەوەکەشی لە گەل بو.

*

سەراسی و شەوبیداری

پەندیکی پیشینان ئەلی: «دراوسی لە دراوسی، ئەگری سەراسی».

سەراسی: جوریکە لە ژانە سەر توشی لایەکی سەری مروڤ ئەبی، ئازاریکی ئەوەندە سەخت و بە تینی هەیە، ئەو چاوەی کەوتوتە ئەولایە لە تاو توندی ئیشەکە فرمیسک ئەریژی. لە زمانی پزیشکی دا پی ی ئەلین: «میگرەین». پەندەکە هیچ بنچینەیەکی زانستی نیە، چونکە سەراسی «ساری» نیە و، کەس لە کەسەوە توشی نابی، بەلام ئەبی مەبەستی پەندەکە ئەوەبی کە دراوسی لە دراوسیوە توشی گیروگرفت و گیچەل و دەردەسەر ئەبی.

لە کوردەواری دا، هوی ئەم نەخوشیبە ئەبەنەوە بو ئەوەی «سەری» ئەو کەسە «کەوتوە»، چارسەریشی بەوە ئەکەن «سەری ئەگرنەوە».

«سەر کەوتن» وەکو هوی نەخوشیبەکە و، «سەر گرتنەوە» وەکو چارسەری لە کونەوە باو بوە بەم جورە:

نەخوشەکە دائەنین و، پەتیک لە دەوری سەری لە ئاستی لاجانگەکانی دا ئەگیرن و ئەندازەی هەردولای سەری ئەگرن و، پاشان هەردولای پەتەکە بەراورد ئەکەن ئەگەر لایەکی لە لایەکی دریژتر بی ئەوە بە نیشانەی کەوتنی سەری کابرای نەخوش دائەنین و، سەر لئوی پەتەکە لە دەوری سەری ئەجەرینن و، بە کلکی تەشیبەک یان داریکی باریک زیاتر بای ئەدەن و تەیجەرینن تا بە تەواوی توند ئەبی، بە مەش گوایە سەری کابرا ئەگرنەوە. ئینجا بە جاجم یا بەرمالیکی تاریک سەری دائەپوشن تا ژانەکەی لە کول ئەبیتەوە.

من له میژ بو جارویار میگرەینم توش ئەبو. له ڤییەننا چەند جاری چوبومە لای پزیشکی پسپور بەلام چارەی بنەرەتیی نەبو، هەندی «حەب» ی کەمکردنەوەی ئازاریان بو ئەنوسیم. ئەو ماوەیەی له لەندەن بوم، سەرباری هەمو گیروگرفتەکانی تر، سەرئێشەکەم زور زیادی کرد بو. هەندی جار له کاتی نوستن دا ئەمگرت و، له تاو ئازاری سەرم خەبەرم ئەبوەوە. هەندی جار زیاتر له دو سەعاتی ئەخایاند. ئەوەندە ناخوش بو له گەڵ کابرای فارس دا ئەموت: «ای مرگ بیا زندگی مارا کوشت»، واتە: «ئەی مەرگ وەرە ژیان کوشتمی».

جگە لەمە بە گشتی هەمومان تەندروست و لەش ساغ بوین، بە دەگمەن یەکیکمان نەخوش ئەکەوت.

یەکیکی تر له گیروگرفتەکانم بە سەر بردنی شەو بو. هەر له منالیمەوە نەمئەتوانی شەوان زو بنوم. لەو شوینانەی لی ی ژیا بوم هەمیشە کارەبای لی بو، شەو تا درەنگ دائەنیشتم، ئەمتوانی سەیری تەلەفزیون بکەم، گوی له رادیو بگرم، بخوینمەوە و، بنوسم. بەلام ئەو ماوەیەی له پرادوست بوین چرامان دائەنەگیرسان. ئەبو له ئیوارەوە خومان بو نوستن ئامادە بکەین و، بەیانی زو هەلبستین. هەرچەندە منیش وەکو هەمو ئەوانی تر بەیانییان زو هەلئەستام بەلام بە شەو تا درەنگ خەوم لی نەئەکەوت. له سەر جیگاکەم گینگلم ئەخوارد، سەیری ئەستیرەکانی ئاسمانم ئەکرد، جگەرەم ئەکیشا، تا بە تەواوی شەکەت ئەبوم. گیانی منیش ئەبو بە هاودەرد و هاوئاوازی گیانی ئەو گورانییە فولکلورییەی وتویەتی:

دیسان شەو هات بو حالی من

بو دلەی پر له خەیالی من

عالەم سوتا له نالەی من...

بەلام بو خوشبەختی ئەم شەونەخونییەی من «نەخوشیی» ئەبو بەلکو «خو» بو. کە گەرامەوە ناوچەی سلیمانی ئەم گیروگرفتەم نەما. شەوانمان له ئاوەدانی دا بە سەر ئەبرد تا درەنگ له بەر لوکس یان چرا دائەنیشتین. بەلام کە چوینەوە قەندیل هەفتەکانی یەکەم توشی هەمان گیروگرفت بومەوە. پی ئەچی پیش منیش زور کەس لەم دەردەیان چیشت بی. «کوردی» و «سالم»، کە له نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەهەم دا ژیاون، دیارە ئەوانیش هەمان گیروگرفتیان هەبوە. چەندین شیعری ناسک و بە سوزیان له سەر شەو و شەوبیداری داناوە. شەو له شیعری کوردی دا ئەهینی لیکولینەوەیەکی تایبەتی له سەر بکری. «کوردی» له سەرەتای یەکیکیان دا ئەلی:

شەوی یەلدا، وە یا دەیجورە ئەمشەو
که دیدەم دور لە تو بی نورە ئەمشەو

شەوی یەلدا درێژترین شەوی ساڵ و، شەوی دەیجور تاریکترین شەوە. بو من هەمو شەوی «شەوی یەلدا» و «شەوی دەیجور» بو، نەمئەزانی چونی بە سەر بەرم.

لە دولی بالەییان ناردمان هەندیک فانوس و نەوت و موم یان بو هینایین. بو من ئەمە خوشبییەکی گەورە بو. حەسانەوەیەکی زوری ئەدا بە میشک و گیانم. شەوان تا درەنگ لە بەر روناکییەکی کزی فانوس یا موم «نالی» گوتەنی: کە «وەک ئاگری بی شەوقی دزان» بو دائەنیشتین و من کارەکانی خوم: خوێندنەوە و نوسینی نامە و، وتار، کتیبم ئەنجام ئەدا.

پیشمەرگەکان نەیان ئەهیشت تنۆکیک لە تواوەی مومەکە بە خەسار بچی. پاشماوەکەیان کز ئەکردەوە و پلیتەیان تی ئەخست و ئەیان کردەوە بە موم. ئەم نیعمەتە بەردەوام بو تا بو پیشەوە ئەچوین روناکییەکەمان گشتر ئەبو.

*

لە ناو پوستەی دەرەوەی ولات دا نامەیەکی فوئادی مەلا مەحمودم پی گەیشت. پاش دەربرینی هاودەردی و هەندی بیروڕای خوی دەربارەی هەلومەرجی ئەو کاتە، لە نامەکەی دا بوی نوسی بوم کەوا توشی نەخوشییەکی کوشندە بوە چاک بونەوەی نیە و، ئەوپەری دوساڵی تر ئەژی، لە بەر ئەوە حەز ئەکا پاشماوەی ژیانی لە کوردستان و لە ناو هاوڕیکانی دا بە سەر بەری و، لە ولات بمری.

ئەم هەواڵەم زور پی ناخوش بو. فوئاد هاوڕی ی سەردەمی خوێندنی سانەوی و کاری سیاسی و ساڵانی ژیانی ئیبەننام بو. ساڵانی ١٩٦٣ - ١٩٦٤ پیکەوە لە سکرتاریەتی یەکیتی قوتابیانی کوردستان بوین، هاوڕی یەکی خوشەویست و دلسوزم بو. لە لایەکەوە پیم ناخوش بو توشی ئەو نەخوشییە بوە و، لە لایەکی ترەوە پیم ناخوش بو چونکە نەمانئەتوانی خواستەکەی بە جی بهینین. هەلومەرجی ژیانی پیشمەرگایەتی سەخت بو، جیگا و ریگایەکی دیار و، دکتور و دەرمانمان نەبو. چارەنوسی خویشمان دیار نەبو.

ساڵی ٧٩ کە جاریکی تر سەردانی ئیبەننام کردەوە فوئادم بینییەوە. نەخوشیی بە تەواوی کاری تی کرد بو بەلام خوی پیاویکی بە زات بو، ترسی نزیکبونەوەی مردنی پیوە نەئەبینرا. دوای ئەوە زوری نەخایاند، هیشتا لە هەرەتی لاوی دا بو، کوشتی.

*

لە گەل توانەوەی بەفری قەندیل دا ئیمەش بەرەوژور هەل ئەکشاین. خەریک بو

رهشایی له بهرزاییەکان دا دەر ئەکەوت. دولی بالەییان مان بە جی هیشت و چوینە هەواری «شیخ نایش». لە بەر بەفر ئەمسانتسوانی بینینەوە سەر لەتوی بەرەو «دوله نی» داکشاینەوە و بارمان خست. تەنیا یەک خیوەتمان هەبو مامجەلالی تی دا بو. من ژیر بەردیکم بو خوم چاک کرد بو بە نایلون بەرم گرت بو. پیشمەرگەکانیش هەر یەکەی لە بن بەردیک دا جیگایان بو خویان چاک کرد بو.

*

دوکەل و جاسوس

بە روژ ئەبو هەمومان خومان لە بن گابەردا حەشار بدەین و، هیچ کەس ئاگر نەکاتەوە. لە قەندیل هەر گوێنی تەری لی بو بۆ سوتاندن، ئەویش دوکەلیکی زوری لی بەرز ئەبوەوە. هالیکوپتەری ئیرانی چاودیریی ئاسمانی ناوچەکەیان ئەکرد لە هەر شوینیک دوکەل بەرز بوایەتەوە ئەچونە سەری. هەر لەو ماوەیەدا چەند پیشمەرگەیەکی ئاکویەتی خویان لە ئیمە دزی بوەوە چوبونە شوینیکی دور ئاگریان کرد بوەوە و چایان لی نا بو. هالیکوپتەر گەیشت بوە سەریان و هەمویانی گرت بو لە گەل خویان برد بویانن. دوای روخانی شا گەرانەوە.

نیوەرویەکیان لە گەل مامجەلال لە ناو چنقەلە بەردیک دا بە بەربەرزاییەکەوە دانیشت بوین. دیمان لە خوار خومانەوە دوکەل بەرز ئەبیتەوە. مامجەلال توره بو چو بۆ لای دوکەلەکە. قوتویەک گوشتی ماسیبان لە سەر گەرم ئەکردەوە. مامجەلال چو بە گژیان دا و وتی: «ئیوە جاسوسن. دوژمن ناردونی بو ئەوەی شوینەکەمان ئاشکرا بکەن!». هەردوکمان چەک کردن و دەس بە سەر دامان نان. پیشمەرگەکان، یەکیکیان عەلی کویلەیی بو، خەلکی دولی بالەیی بون تازە هات بون بۆ پیشمەرگایەتی. پاش نەختی چەکەکانمان دانەوە.

*

پیش ئەوەی بە ری بکەوین لە توکان چەند پیشمەرگەیەکیان بەرەو رو کردینەوە کە لە دەستەی مامجەلال و من بن. ئەمانە هەندیکیان لە شار هاوری ی کومەلە بو بون، لە بەر ئەوە جیگای بروای ئیمە بون. سەختیی ژیان و نادیاریی چارەنوس ئەمانەشی روخاند بو. مامجەلال لە صەلاح تورە ببو لە دەستەکەی خوی دوری خست بوەوە. دوای ئەو سامان گەرمیانی کرد بو بە سەردەستەی پیشمەرگەکانی. لەویش تورە ببو لای برد بو کوریکی لە جیگا دانا بو ناوی لە خوی نا بو فەتاح. فەتاح هاوری ی کومەلە بو، لەو پیشمەرگانە بو کە لە بەر ئەمینی گواستبویانەوە لای مامجەلال.

هەویریان شیلا بو نان و ناوساجی بکەن. فەتاح ئەرکەکەی گرتە ئەستوی خوی کە بە شەو لە گەڵ چەند پیشمەرگەیەکی تردا بەریز حەراسەت بکرن و، نانەکەش بکەن. تومەز لە گەڵ دو کەسی تر لە پیشمەرگەکان: فاخر و رەنجە، ئەوانیش هاوڕی ی کومەلە بون، ریک کەوت بو بە ریز لە سەعات پانزە و دوانزە و یەکی نیوەشەودا حەرەس بن و، لەو ماوەیەدا فرسەت بهینن رابکەن بو ئیران.

نیوەشەو مامجەلال هەستا بو لە خیوەتەکەی هات بوە دەرەوە حەرەسی بانگ کرد بو کەس وەلامی نەدا بوەوە. لە دەنگی مامجەلال هەمومان هەستاین. مامجەلال لە سامانی پرسی: «کوا حەرەس؟» سامان وتی: «وەنگە رایان کرد بی» مامجەلال چو بە گژی دا وتی: «دیارە تو ئاگات لی بەتی ئەگینا چون ئەزانی رایان کردوە؟». هەر ٣ پیشمەرگەی راکردو سەرو نامەیان بە جی هیشت بو، نوسی بویان لە داخی تورە بونی ئیمە هەلاتون و، خویان بە خائین نازانن و، ریگەی خیانەت ناگرن.

لە گەڵ خویان ٣ تفەنگ و، زوری نان و ناوساجییەکانی ئیمەشیان برد بو. تەسلیمی ئیران بون و بون بە پەنابەر لەوی.

بو روژی دوایی مەفرەزەیەک لە پیشمەرگەکانی سلیمانی لە گەڵ شەمال (شیخ محەممەدی شیخ مەحمودی باخ) گەیشتن. ئازاد محەممەد غەریب، دلشاد توفیق، مەلا عەلی (حسین مەولود).. گەیشتنی ئەمان لەو هەلومەرجە نالەبارەدا تولەی راکردنی ئەوانی کردەوە. گەنجی خاوەن بیروباوەر و بە زات بون. لەو ساوە ئیتر لە گەڵ من بون بە هاوری ی گیانی بە گیانی. شەمال و دلشاد و حسین هەریەکەیان لە مەیدانیکی تیکوشان دا کوژران.

*

نائومید بوین لەوەی هەوالی کاک عەلی و هیزەکەمان بو بیت و، ئیمەش بچین بو برادوست. ئیتر بەردەوام شوینەکانی خومان ئەگوری و، لە هەواریکەوە ئەمان گواستەوە بو هەواریکی تر. ئیران ئەوساله ریگای بە رەوەندەکان نەدا میگەلەکانیان بو لەوەرخوری بهینن بو قەندیل. بە هالیکوپتەریش ئەگەران لە هەر جیگایەک دا رەشمالیکیان بە دی بکردایە، ئەنیشتنەوە و ئەیان گیرایەوە دواوە. بەلام ئیمە ئیتر ژیانی خومان و، ریگای پەیوەندی مان لە گەڵ ریکخستن و پیشمەرگەکانی خومان لە ناوچەکانی تری کوردستانی عیراق و، لە گەڵ چەند کەسیکی باش لە سەردەشت و خانە و شنو لە دیوی ئیران ریکخست بو.

خەلیل جەلال و هاوار جەلال لە نزیک قەلاتوکان بنکەیەکی نهینییان دانا بو، هەم ئازوقەیان بو ئەکرین و بویان ئەناردین، هەم بەریدیان لە گەڵ ریکخستنەکانی شاردا بو

دابین کرد بوین. کاک ئیبراهیمی براگەورەیان تەگبیری کرد بو.

*

لە رشایی ناو یەکی لە هەوارە بەرزەکانی قەندیل چەند خیوەتیکی هەزارانەمان هەڵ دابو. چوار دەورمان هیشتا بەفر بو. یەکی لەو کوردانەی شەمزینان کە سالی پار بوبو بە ئاشنامان و، زوری یارمەتی دابوین، پەیدا بو. نامەی عەبدولحافظی هینا بو. حافظ لە نامەکەی دا هەوالی لە ناوچونی هیزەکەمان و، گیرانی سەرکردەکانی بو نوسی بوین. ئەمە وەکو ئەوە وابو هەورە تریشقە لیمان بدا. تا ئەو کاتە هەوالەکەی بی بی سی مان بیست بو، لە روژنامەکانی ئیرانیش دا هەندی وردە دەنگوباسی شەر و شوری نیوان هیزەکانی یەکیتی و قم مان دی بو. بەلام دلمان بروایی نەئەدا بروا بکەین هیزەکەمان لە ناو چوە، هیشتا هیوایەک مان هەر هەبو، تا ئەم نامەیەی حافظ مان پی گەیشت و، هەوالەکانی یەکلایی کردەوە.

هیزەکەمان و، کادر و سەرکردەکانی، گەورەترین سەرمایەی ئیمە بون، بە رەنجی دو سالی سەختی پر لە ماندوبون کومان کرد بونەوە و ریکمان خست بون، ئومیدی گەورەی گەلەکەمان بون، تو بلی ی هەروا بە ئاسانی رەنجەرو بوبین!

پیشتر زورم بیر لی کرد بوەوە ئەگەر لەم روداوەدا هیزەکانمان لە دەس دا چی بکەین؟ ئیمەش واز بهینین و، بچینەوە بو دەرەوەی ولات، یان دریژە بە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خومان بدەین و، سەر لەنوی دەس پی بکەینەوە؟ بە تەنیا چوم بو لای مامجەلال. هەندی قسەی گشتی مان کرد، ئینجا وتم: «مامجەلال دلنیای لەوەی من توم خوش ئەوی؟»

وتی: «بەلی دلنیام!»

وتم: «من ئەوەندە تو بە پیویست ئەزانم بو گەلەکەمان، ئەگەر گوللەیەک بیت بو تو من خومی ئەدەمە بەر بو ئەوەی بەر تو نەکەوی!»

وتی: «دلنیام وایە»

وتم: «مادەم دلنیای لە دلسوزی و خوشەویستی من، ئەمەوی هەندی قسەت بە سەربەستی لە گەل بکەم»

وتی: «فەرموا»

وتم: «ئەو هیزەی هەمان بو لە ناوچوە، شتیکی ئەوتومان نەماوە، مەعلوم نیە ئیمەش ئەمینین یا تیا ئەچین، تا ئیستا سەرکردەکانی کورد لە شکان دا هەلاتون، یا ئەمجارە ئیمە ئەریتیکی تازە بو ئەوەکانی داهاتو داهینین و رانەکەین ئەگەر پیویستی

کرد له دوای خومان چەند گوری له کوردستان به جی بهیلین. خەلک بلین ئەمانه راپان نەکرد مانەوه تا کوژران! دلنیام ئەگەر خومان راپگرین هەل ئەسینەوه»

مامجەلال قسەکانی پی خوش بو. وا ریک کەوتین به هەمو توانامانەوه له جاران زیاتر خومان ماند بکەین بو هەلساندنەوەی باری گلاوی شورشەکه و، ریکخستنەوەی هیزی پیشمەرگە. له گەل د. مەحمود و جەلال قسەمان کرد. ئەوانیش بەلینی هاوکارییان پی داین.

*

هاتنەوەی جەمالی عەلی باپیر

تەنیا تاقمی له شەرەکانی تورکیا دەرباز بون و گەرانەوه ٨ کەس بون لەوانه جەمالی عەلی باپیر، حەمەی حاجی مەحمود، تاهیری حاجی عەزیز... ئەمان چوبونەوه ناو کوردستانی عیراق و، له بادینانەوه گەرا بونەوه. به دریژی رووداوەکانیان بو گیراینەوه. هەر لەو ماوەیەدا گوڤاری «الوطن العربی» که له پاریس دەرئەچو، سەر به عیراق بو، وتاریکی دریژی له سەر رووداوەکان نوسی بو، باسی خوبەدەستەوەدانی تالیب روستەم و، هیزەکەی ئەوی کرد بو. به زمانی ئەویشەوه هەندی قسەی نوسی بو.

*

هەڤال درنده

لەو هیرشەدا که جەیش و هیزی ئاسمانی عیراق بو سەر هیزەکەی یەکیتی کرد بو له برادوست، گورانبیژ عەبەی مەلا کوژرا بو، ئەنوەری سەعید والی به سەختی بریندار بو بو. به برینداری گویزابویانەوه ماله جوتیاریکی برادوست لەوی حەشاریان دابو تا برینەکانی کەمی ساریژ بو بو. به هوی دوستەکانمانەوه له شنو هاتەوه بو قەندیل. هیشتا به تەواوی چاک نەبوبو. ئەم بنەمالەیه له کارەساتی هەکاری دا زیانی زوریان لی کەوت. کاک تاهیر و روستەم گیران و، رەوف بەگ کوژرا و، ئەنوەر بریندار بو.

ئەنوەر له سەردەمی هەرزەکارییەوه تیکەلاوی کوردایەتی بو بو. له شورشی ئەیلول دا پیشمەرگە بو. ئەمجارەش له گەل دەس پی کردنەوەی شورش دا سەرلەنوی هات بوبوه ریزی پیشمەرگایەتی. پیاویکی کەمدو و مژن و مژر بو. له سەرەتای شەستەکان دا که له پارتی دا ناوی نهینییان بو دانا بو، ناویان نا بو «هەڤال برنده». بەو هویەوه هاوریکانی بو ئەوەی تورەی بکەن گوری بویان بو «هەڤال درنده». راستییەکەی نەک درنده نەبو، بەلکو پیشمەرگەیەکی دلناسک و باش و دلسوز بو، دوایی‌تر له بوسەیەک دا که جاشەکانی زەرایەن بویان دانا شەهید بو.

*

ئم گیراوەکانی هەکاری کرد بو بە چەند تاقمیکەوە:

- عەلی عەسکەری، خالید سەعید، شیخ حسین لەو کاتەوە کە گیرا بون لەوانی تر جیا کرا بونەوە، کەس نەی دی بون و، کەس نەی ئەزانی لە کوین.

- ئازاد هەورامی، شیخ عەلی (مەحمود عەبدورەحمان)، عەلی شیعە، حامیدی حاجی غالی، لە کادرەکانی کومەلە، پیکەوە لە شوینیک دا گیرا بون.

- تایەری عەلی والی، سەید کاکە، قادری مامەند ئاغای میراودەلی، عومەری حاجی عەبدوللا، دەس بە سەر لە نزیک خویانیان دانا بون.

ئم زور خەریک بو بو لە گەل پیشمەرگەکانی یەکیتی بچنە ریزی ئم دوە. جگە لە چەند کەسیکی کەم ئەوانی تر ئامادە نەبون هیچ جورە هاوکارییەکیان لە گەل بکەن. ژمارەیەکی زوریان لە پیشمەرگەکان، بە تایبەتی تازەکانیان، ناچار کرد بو تەسلیمی عیراق بینەوە. هەندیکی تریشیان لە وی گل دابوەوە. پاش ماوەیەک یەکە یەکە و دو دو ئیزنیان ئەدان برون، بە زوری ئەهاتنەوە بو لای ئیمە.

عوسمانی قادر منەوەر و نەبەز گەیشتنەوە. هەوالەکانی ئەوی یان بە دریژی بو باس کردین. دوای ماوەیەک سەلامی مەلا عەبدوللا شیان ئیزن دابو. سەلام لە سەرەتاوە پاسوک بو، ئەیویست سەفەر بکا بو ئەوروپا.

هەولیکی زورمان دا هەوالی چارەنوسی کاک عەلی و هاوریکانی بزانین. زور کەسایەتی ناوچەکەمان راسپارد، لەوانە شەمسەدین موختاری گوندی هەرکی کە لە مەیدانی روداوەکانەوە نزیک بو. هیچ ئەنجامیکمان دەس نەکەوت.

کوریکی کەرکوکی ناوی «کامیل» بو، ئەویش لە گیراوەکان بو ئیزنیان دا بو. گەیشتەوە لامان. ئەویش هەوال و دەنگوباسەکانی گیراوەکان، ئەوەندەی ئاگای لی بو، بوی گیرایەوە. هەوالی کاک عەلی و هاوریکانی مان لی پرسی. وتی: «ئەوانیان هەر لە سەرەتاوە لە ئیمە جیا کردەوە. شوینەکەیان دیار نیە. بەلام لام وایە نەماون». وتمان: «چون ئەزانی؟». وتی: «پیلاوەکانی کاک خالیدم لە پی ی یەکی لە حەرەسەکان دا بینیوە». کاک خالید کە لە سوریاوە گەرایەوە، جوتی پیلاوی باشی شاخەوانی لە گەل خوی هینا بو، بو ئەم سەفەرە لە پی ی کرد بو. ئەمە تیبینییەکی ورد بو. کامیل لە کاتی خوی دا «معارن شرطه» بو بو.

ئەم تیبینییە ئیمەشی خستە پەژارەوە. ترسیکی زورمان هەبو لە چارەنوسی هاوریکانمان.

*

پاش ماوەیەک دەرکەوت دوای گیرانیان بە چەند روژی سەرانی قم: سامی سنجاری، کەریم سنجاری، جەوهەر نامیق، ئازاد بەرواری، ئەورەحمان بیداوی، غازی زیباری، ئازادی مەحمود خەففاف، وریای رەوف سەعاتچی... لە کوبونەوەیەکی خویان دا بریاری «ئیعدام» هەر سیکیان: عەلی عەسکەری، خالید سەعید، حسین بابەشیخ یان ئیمزا کرد بو، دوای ئەوەی مەلا مستەفا لە واشینتونەوە فەرمانی پی دابون بە گەورەترین چەک بیانکوژن.

هەر سیکیان کرد بون بە نیشانەی ئارپیجی حەوت.

کوشتنی ئەم ۳ سەرکردەیەی یەکیتی بە فەرمانی بارزانی و، لە لایەن قم وە دوژمنایەتی نیوان یەکیتی و پارتی قولتر کرد. کوشتنەکەیان دوای گرتنیان و، لە ناوچونی هیزەکانی یەکیتی، زور ناڕەوا بو. کوشتنیان بی چاوەڕوانی و لیپرسینەوە، پیچەوانەی قانون و ویژدان و، پیچەوانەی نەریتی سیاسی و کومەلایەتی باوی کوردەواری بو.

قم ئەیتوانی ئەو کارساتەی بە سەر یەکیتی هات بو، بکا بە سەرەتای دەس پی کردنی قوناغی دوستایەتی و برایەتی لە گەڵ یەکیتی. بەلام ویستی بیکا بە سەرەتای لە ناوبردنی یەکجاری یەکیتی چ وەکو ریکخراویکی پیشمەرگەیی و، چ وەکو ریکخراویکی سیاسی.

*

کاک عەلی کوری شیخ عەبدوللا و برازای شیخ عەبدولکەریمی شەدەلە، شیخی تەریقەتی حەقە، سالی ۱۹۳۷ لە گوندی عەسکەر لە دایک بو بو. باوکی یەکی بو لە لایەنگرەکانی شیخ مەحمود لە شورشەکانی دا بو بە دەسهینانی مافی نەتەوەیی کورد.

ئەو کاتەی قوتابی سانەوی بو لە کەرکوک لە سەردەمی پاشایەتی دا چوە ناو یەکیتی قوتابیانی کوردستان و، ئینجا بو بە ئەندامی پارتی. لە هەردو ریکخراوی قوتابیان و لاوان دا بو بە ئەندامی «لیژنەی بالا». دوای شورشی ۱٤ ی تەمموز بو بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کەرکوک و، لە یەکەمین کونگرەی ئاشکرای پارتی دا سالی ۱۹٦۰ هەلبژیردرا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و، لە باتی ئەوەی دریژە بە خویندنی زانستگا بدا بو بە کادری پیشەیی پارتی.

ئەو کاتەی بارزان کەوتە بەر هیرشی خیلە نەیارەکانی دەوروپشتی، پارتی کاک عەلی نارد بو بو بادینان، بو سازدانی ریکخراوەکانی پارتی و کوکردنەوەی چەکدارەکانیان

بو بەشداری لە پاراستنی بارزان و بارزانییەکان. ئەرکەکەی بە جوری ئەنجام دا جیگەی ریزیکی تایبەتی شیخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بو.

عەلی عەسکەری لە بادینان مایەوە و لە گەل عەلی حەمدی و ئەحمەد عەبدوللا، هەردوکیان ئەندامی کومیتەی ناوەندی بون دواییتر بارزانی هەر یەکەی بە جوری کوشتن، کاروباری ئەوی یان بەریوە ئەبرد و لە گەل دەس پی کردنی شورشی ئەیلول دا عەلی وەکو لیپرسراویکی پیشمەرگە لە بادینان مایەوە. بە هوی ئەو پروسکەیەوە کە شیخەکانی بارزان بو قاسمیان نارد و، بە هوی ئەو قسانەوە کە شیخ ئەحمەدی بارزانی بە دەنگی خوی لە رادیوی بەغداوە کردی و، داوای لە خەلک کرد: «ئالوز بالوز نەکەن» و «بگەرینەوە ناو عیل و عەیالی خویان» و، بەشداری لە شورشەکەدا نەکەن. توشی کیشەیەکی گەورە بو زوری ئەوانەی لە گەلی بون بە جی یان هیشت و بە هیزیکی پچوکەوە مایەوە.

لەو تیشکانەدا مەلا مستەفا نوینەری خوی نارد بو بو تورکیا و سوریا داوای پەنادانی سیاسی لی کرد بون. عەلی و هاوریکانی هەولیکی زوریان لە گەل دا لەو بریارە پەشیمانی بکەنەوە. داوایان لە مەکتەبی سیاسی کرد چالاکی پیشمەرگە لە ناوچەکانی تری کوردستان دا زیاد بکەن و، پارە و یارمەتی بو بنیرن بو ئەوەی بمینیتەوە. هەردو حکومەت داواکەی بارزانییان رەت کردەوە. جولانەوەکەش بەرە بەرە هەلسایەوە. عەلی بە دریژایی ۱۹٦۱ تا ۱۹٦۲ لە گەل بارزانی مایەوە و، یەکی بو لە نزیکەکانی، یارمەتی ئەدا بو ریکخستنی هیزەکان و، سەرکردایەتی چەندین شەری کرد لە بادینان بو تیکشکاندنی هیرشی جاشەکان.

بارزانی ئەیویست نفوز و هەیبەتی پارتی وەکو حیزب بشکینی. ئەمەش لە گەل بیری عەلی نەئەگونجا لە سەر ئەوە بارزانی بە جی هیشت و گەرایەوە ناوچەی سلیمانی کرا بە فەرماندەی «هیزی خەبات» کە بەشی زوری لیوای سلیمانی ئەگرتەوە. تا لەت بونی پارتی لە ۱۹٦٤ دا ئەم فەرماندەی ئەو هیزە بو، بە یەکی لە سەرکەوتوترین و ئازاترین فەرماندەکانی پیشمەرگە ناسرا بو.

لە لەت بونی پارتی دا لە گەل مەکتەبی سیاسی مایەوە. لە گەلیان چو بو ئیران و، لە گەل ئەوان گەرایەوە. بارزانی لە دولەرەقە دەس بەسەر دای نان. هەر لە گەل ئەوان هەلات و، سەر لەنوی پارتی و پیشمەرگەیان ریک خستەوە. سالی ۷۰ دەوریکی کاریگەری گیرا بو ئاشتبونەوەی بالی مەکتەبی سیاسی لە گەل بارزانی و، دەوریکی کاریگەری گیرا لە کونگرەکەدا بو هەلوەشاندنەوەی ئەم حیزبە، کە مەرجی یەکەمی بارزانی بو بو ئاشتبونەوە. لەو ساوە ئیتر لە چومان دانیشت. کە ۷٤ شەر هەلگیرسایەوە و،

هیرشی جەیش بو سەر ناوچەکانی نزیک بارەگای بارزانی دەستی پی کرد. بارزانی عەلی عەسکەری هەلبژارد بو سەرکردایەتی ئەو هەزەی ناوچەی سەرکردایەتی ئەپاراست. ئەمجارەش ئەرکەکانی خوی بە چاکی بە جی هینا و تا روژی ئاشبەتال ناوچەکەی پاراست.

دوای ئاشبەتال چوە ئیران بەلام کە لە بارزانی نائومید بو لە گەل هەندی لە هاوریکانی قسەیان کرد بە یەک کە بگەرینەوە کوردستانی عیراق و، ریکخستنیکی تازە دروست بکەن. گەرانەوە و «بزوتنەوە» یان دامەزراند، بەلام عیراق دوری خستەوە بو خوارەوی عیراق و، لە روفاعی کردی بە سەروکی شارەوانی. مامجەلال لە سەرەتای دامەزراندنی یەکیتی دا پەیوەندی لە گەل دامەزراند. لە گەل دەس پی کردنەوەدا ئەمیش لە روفاعیەوە هەلات بو چیاکانی کوردستان. هاتنی کاک عەلی و عومەر مستەفا و خالید سەعید و هاوریکانیان تەوژمیکی گەورەی بە جولانەوەکە دا.

لە یەکەمین کوبونەوەی سەرکردایەتی یەکیتی دا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی و، فەرماندەی هیزی پیشمەرگەی کوردستان هەلبژیردرا.

ناسیاوی من لە گەل کاک عەلی ئەگەرایەوە بو ٦٣. ئەو کاتە ئەو فەرماندەی هیزی خەبات و من خویندکاری زانستگای بەغداد بوم دوای دەس پی کردنەوەی شەر لە کوردستان دا (حوزەیرانی ٦٣) تازە لە بەغداوە هەلات بوم و گەیشت بومە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ئەشکەوتەکەی مالومە.

ناسیاویەکمان سالانی ٦٤ - ٧٠ بەهیزتر بو. هەرچەندە ماوەیەک ناکوکی کەوتە بەینمانەوە بەلام زور زو ئاشت بوینەوە و، دوستایەتی مان دوای ٧٠ لە بەغداد و دوایەتر کە چوین بو بارەگای بارزانی بەهیزتر و قولتر بو.

کاک عەلی پیاویکی دلپاک، قسە خوش، نوکتەباز، ئەدەب دوست، ئازا و چاو نەترس بو، ریزی هاوریکانی ئەگرت و وەفادار و بەر چاو فراوان بو. کوژرانی بەو جورە و لەو تەمەنەدا زیانیکی گەورە بو لە یەکیتی و لە کورد.

*

خالید سەعید

کاک خالید کوری حاجی سەعید لە کویە سالی ١٩٣٤ لە دایک بوبو. بە هەرزەکاری تیکەلاوی کاری سیاسی بو بو. هەر زو بو بە ئەندامی پارتی و، دوای شورشی ١٤ ی تەموزی ٥٨ ئەندامی لیژنەی ناوچەی کویە بو. لە مانگی ئەیلولی ٦١ دا کە چەکداری عەشیرەتەکانی کورد ریگاوبانەکانیان گرت، کاک خالیدیش لە گەلیان چەکی هەلگرت و، دوای بلاوە لی کردنی ئەوان، ئەم خوی و چەند پیشمەرگەیەک مانەوە تا

جولانەوەکە خوی ریک خستەوە.

لە پیشمەرگایەتی دا بە ئازایەتی و لیوەشاوەیی و توانای بەدەنی ناسرا بو. لە ناو پیشمەرگەدا خوشەویست و بەریز بو. هەر لە بەر ئەم سیفەتانە بو بە سەر لق و، بو بە فەرماندەی بەتالیون و، فەرماندەی قوەتی گەروک. سەرکردایەتی دەیان شەری گەورەی کرد بو.

لە سەر داوای بارزانی لە ناو شاری کویەدا بوسەیەکی بو حەویزی مام یەحیا دانا، خوی و تاقمی لە چەکدارەکانی کوشت. حەویز سەروکی جاشەکانی کویە و، ناحەزی بارزانی بو. دوای ئاشبەتال ئەم زو گەرایەوە عیراق. بو ئەوەی لە کوردستان دوری بخەنەوە بە موچەخور لە «نەخوشخانەی شەماعیە» لە بەغدا دایان مەزراند.

کە یەکیتی دامەزرا پەیوەندی دامەزراند و، چەند ریکخراویکی گرنگی لە ناو کونە پیشمەرگەکانی ئەیلول دا دامەزراند، کە لە هەلگیرسانەوەی شورشەکەدا دەوری کاریگەریان هەبو. کاک خالید لە پەیوەندییەکی بەردەوام دا بو لە گەل مامجەلال و دەستەی دامەزرینەر و، زور بە گەرمی داوای دەس پی کردنەوەی خەباتی چەکداری ئەکرد و، لای وا بو هەرچی زوتر دەس پی بکریتەوە باشترە، چونکە کات بە قازانجی دوژمن تی ئەپەری و، نائومیدی خەلک زورتر ئەبی.

کە دەستەی دامەزرینەر داوایان لی کرد بچیتە شاخ، بی دودلی یەکسەر خوی و هاوریکانی ئامادە کرد. هەر ئەمیش داوای لە کاک عەلی و لە کاک عومەر مستەفا کرد، بینە ناو یەکیتییەوە و، لە گەلی بچنە شاخ بو دەس پی کردنەوەی شورش و، ئەوانیش داوایان لی کرد بەرامبەر بە بەشداری کردنی ئەوان لە یەکیتی دا و، لە شورشەکەدا، کاک خالید بچیتە سەرکردایەتی «بزوتنەوە» وە.

ئەوانە بە کومەل چونە شاخ و، لە گەل خویان کومەلیک کادر و پیشمەرگەی ناسراوی شورشی ئەیلولیان بردە شاخ و، لە ناو خەلک دا دەنگیکی گەورەی دایەوە.

بو یەکخستنی هەولی پیشمەرگایەتی لە ناوچەکانی بابان و سوران و، دوزینەوەی ئیبراهیم عەزو و هاوریکانی، گەشتیکی دریژی بو بادینان کرد، بەلام کەسی نەدوزینەوە، چونکە قەم ئیبراهیم و هاوریکانی کوشت بون.

بەهاری ٧٧ هاتە هەلگورد و دەشتی بەرازگر و برادوست بو ئەوەی لە گەل ئیمە لە سوریا پەیوەندی دابمەزرینی و، هەر لەوی مایەوە تا پەیوەندی مان دامەزراند. من لە کوتایی مانگی نیسانی ٧٧ گەیشتمە برادوست و، مانگی نیسان یەکتری مان بینی و، لە برادوست بنکەمان دانا و، هەڤالاتی دەرەوە دەستیان کرد بە گەرانەوە.

ناسیاوی کاک خالید و من ئەگەڕاینەوە بۆ ساڵی ١٩٦٤ ئەو کاتەی تازە خەریک بو پارتی لەت ئەبو. دوای ئەوە لە بونەی جیاجیادا چەندین جار یەکتری مان دی بو تا من چوم بو ئیمنتا.

دوای گەڕانەوەم لە گەڵ کاک خالید بوین بو بە دو هاوڕێ ی زور نزیک. ناخی دەرونی خومانمان بو یەکتری هەڵئەڕشت و، بیرمان لە چارەسەر کردنی کیشە و گیروگرفتەکان ئەکردەوە و، لە زور شت دا هاوبیر و هاوڕەوش بوین.

عاشقی گەل و نیشتمانەکەی بو. نمونەی پیشمەرگەی خوراگر و پشو درێژ بو، توانایەکی بێ وێنەی بەرگە گرتنی ناخوشیی و ماندویەتی و ڕیگا ڕویشتن و بە شاخ دا هەڵگەڕانی هەبو. لە مردن نەئەترسا و گوێ ی نەئەدایە دوژمنایەتی و سەختی.

*

شیخ حسین کوڕی بابەشیخ ساڵی ١٩٤١ لە شیخان لە دایک بو بو. هەر لەوێ چو بوە بەر خویندن و لە سەردەمی لاویتیەوە تیکەڵاوی کاری سیاسی بوبو، چو بوە ریزی یەکیتی قوتابیانی کوردستان و، دوایی تر پارتیەوە. سانەوی تەواو کرد بو. بو بو بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی شیخان و، لە کاتی هەڵگەڕسانی شورشی ئەیلول دا گیرا تا ٦٤ لە زیندان دا مابوەوە. دوای بەربونی چوە ریزی پیشمەرگەوە. ماوەیەک لیپرسراوی لیژنەی ناوچەی شیخان و، ماوەیەک فەرماندەی بەتالیون و، ماوەیەک ئەندامی لقی دهوک بو.

دوای ئاشبەتاڵ بە پێ لە ئیرانەوە بە ناو تورکیادا خوی گەیاندە سوریا و لە قامیشلی جیگیر بو. یەکێ بو لە کادرە هەرە چالاک و ژیرەکانی یەکیتی لە جەزیرە. مانگی مایسی ٧٧ سەرکردایەتی پیشمەرگە بادینییەکانی کرد بو گەڕانەوە لە جەزیرەوە بو کوردستانی عیراق. لە یەکەمین کوبونەوەی کومیتەی سەرکردایەتی دا هەڵبژیردرا بە ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەی هەریمی بادینان.

لە گەڵ کاک خالید پیکەوە هاتن بو ناوچەی سلیمانی و پیکەوە لە ناوچەکەدا گەڕاین و پیکەوە چوینەوە بو نوکان.

پیویست ناکا دوبارە لە سەر خو و ڕەوشتی جوامیرانەی ئەم پیاوە بنوسم چونکە پیشتر باسم کردوە.

*

کەوتینە کار، کاری بێ ماندوبونی ڕوژ و شەو.

من ژمارەی دوهەمی «هەوالنامە»م ئامادە کرد و، سەروتارەکەیم تەرخان کرد بو ئەم کارەساتە. ناردمان حەمە سەعید و هاوڕێ جەبار و چەند کەسیکی تر هاتن بو ئەوەی

کاروباری چاپ و بلاوکردنەوە ریک بخەین.

مامجەلال نامەی بو هەڤالانی دەرەوە و، «تجمع» و، سەروک ئەسەد و، سەروک قەذذافی... نوسی و، شەمال نامەکانی برد و، لە ریگای ئەو دوستانەوە لە ناو کوردەکانی ئیران دا پەیدامان کرد بو بە نهینی بە ناو ئیران دا چو بو تورکیا و لەویوە بو سوریا.

لە گەل مامجەلال سەدان نامەمان نوسی بو ریکخراوەکانی یەکیتی، فەرماندەکانی پیشمەرگە و، کەسایەتی و پیاوماسراوەکانی کورد، سەرانی ئیل و ریش سپی و پیاو ماقولانی ناوچەکان، روداوەکانی هەکاریمان بو رون کردنەوە، داوامان لی کرد بون: هەر کەسە بە گویرەی توانای خوی بەشداری بکا لە ژیاندنەوەی شورشەکەدا. بە پارە، بە چەک، بە چەکهەلگرتن و پیشمەرگایەتی، بە قسەی باش و ریکخستن.

کارەکەمان لە ماوەیەکی کورت دا ئەنجامی زور گەورەی بە دەستەوە دا. خەلک بە دەنگمانەوە هاتن بە سەدان کەس بە چەکی خویانەوە لە سەرانسەری کوردستان دا بون بە پیشمەرگە. هیزیکی تایبەتی مان بو مەکتەبی سیاسی دروست کرد، ناومان نا «هەریمی پاریزگاری» لە ماوەی چەند حەفتەیەک دا ١٤ کەرت مان پیک هینا و، ژمارەیان لە ٧٠٠ پیشمەرگە تی پەری. زوری هەریمەکانی تریش مان بوژاندەوە.

هیزەکانمان لە گەشە کردن دا بون و، تا ئەهات ژمارەیان زورتر ئەبو. زوریان نەخویندەوار و خەلکی لادی بون. بو ئەوەی چونایەتی سیاسیان باش بکەین پیویستی مان بە ژمارەیەک کادری سیاسی خویندەوار هەبو دایان بنیین بە رابەری سیاسیان. داوام لە سەرکردایەتی ریکخستنەکانی ناوخو کرد: هەندی کەس مان بو بنیرن بە کەلکی ئەم کارە بین. پاش ماوەیەک چەند کەسیکیان بو ناردین لەوانە: دانا ئەحمەد مجید، کوکو عەسکەری، پشکو ناکام، جەلال شیخ توفیق، نوری محەممەد عەلی... هەمویان ئەندامی کومەلە و، گەنجی تازە پیگەیشتو و، شاری بون. وایان چاوەری کرد بو ژیان لە سەرکردایەتی یەکیتی خوشتر بی لەوەی کە دیبیان، هەندیکیان توشی «خیبە امل» بون، بو ئەوەی چاویان بکریتەوە ماوەیەک لای خومان گلمان دانەوە.

*

سیستەمی ئایدیولوجی

روژیکیان یەکی لە پیشمەرگەکان لی ی پرسیم: «سیستەمی ئایدیولوجی چیە؟». پرسیارەکەیم بە لاوە سەیر بو وتم: «لە چی دا ئەمەت خویندوتەوە؟». وتی: «نەمخویندوتەوە». وتم: «ئەی لە کوی بیستوتە؟»

وتی: «دکتور حسین و حەمەسەعید ئەم بەیانیە لە سەر پاککردنی سەرویی

تیکچون. دکتور حسین زور توره بو بە حەمەسەعیدی وت: «برو تو سیستەمی ئایدیولوجیت تیک چووا».

دکتور حسین کادری «سازمانی ئینقیلابی حیزبی تودە» بو. لە گەل مامجەلال هات بو بو کوردستان و هەر لە گەل ئیمە مابووە. سەری لە برینپیچی دەرئەچو لە بەر ئەوە پیمان ئەوت دکتور. کوریکی خوراگر و خاوەن باوەر بو. زوری خزمەتی پیشمەرگە ئەکرد. دوای روخانی شا ئینجا گەرایەوە بو ئیران.

*

شیخ مەحمودی کاریزە جوابی بو ناردین کە ئەیەوی مامجەلال ببینی. هات بوە قەلاتوکان لەوی چاوەروانی ئەکرد. مامجەلال هەندی لە کویخاکانی مەنگوری لە گەل خوی برد. منیش لە گەلی چوم. حەسەنی برایم شوان رەشمالیکی لە هەواریکی پشتی «قەلاتوکان» هەل دابو. جیگەی گفتوگوکەمان لەوی دانا بو.

لە گەل شیخ مەحمود دانیشتین. پاش چاکوچونی و هەوال پرسین. مامجەلال لە شیخ مەحمودی پرسی: «فەرمو قسەکانت بکەا»

شیخ مەحمود وتی: «من حکومەت ناردومی لیتان بپرسم: ئیوە چیتان ئەوی؟»

مامجەلال وتی: «هیچی تریان پی نەوتی؟»

وتی: «نەخیر. هەر ئەوەندەیان وتوە لیتان بپرسم: چیتان ئەوی؟»

مامجەلال وتی: «بچورەوە پی یان بلی: هیچیان ناوی ئەوانە جەماعەتیکی شیتن داویانەتە شاخ»

شیخ مەحمود چەندی لە سەری رویشت، مامجەلال لەوە زیاتر وەلامی نەدایەوە. وتی: «قابیلە ئەوانە نەزانن ئیمە چی مان ئەوی؟»

ئەم خولەی گفتوگو بەوەندە تەواو بو. شیخ مەحمودیان نەنارد بو بو گفتوگو، لەو کاتەدا ئیمە توشی شکستیکی گەورە بوبوین، بەعس ئامادە نەبو هیچ دەسکەوتیکی سیاسی مان پیشکەش بکا. زوری هیزەکانمان لە هەکاری لە دەس دابو، ئەیانویست تاقی مان بکەنەوە دوای ئەو روداوە ئاخو چون بیر ئەکەینەوە و، تا چ ئەندازەیەک کاری لە هەلویستی ئیمە کردوە.

*

هەندی لەوانەی بو پاریزگاری ئیمە و راپەراندنی کارەکان لە گەل ئیمە بون، گەنجی خویندەوار و، روشنبیر و ئازا بون، دوای گەیشتنی تاقمیکی تر لە کادرەکانی شار، لە ناو پیشمەرگەکانی هەریمەکانی تریش دا چەند کەسیکی کەمان هەلبژارد و، لە دەروای گورگان

«دەورە» یەکمان بو پەروەردەکردنی سیاسی بو کردنەوە.

بەشدارانی دەورەکە هەمو بەیانییەک لە خێوەتیک دا کو ئەبونەوە و، زیاتر لە ۳ سەعات قسەیان بو ئەکرا. مامجەلال دەرسی فەلسەفەی مارکسیزم و جەنگی پارتیزانی، د. مەحمود میژوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دامەزراندنییەوە تا ئاشبەتال و، منیش میژوی کورد و ئابوری کوردستان و، هەندی بابەتی پیویستم لە سەر ریکخستن پی ئەوتن.

قوتابییەکان زیرەک و گویرایەڵ و ژیر بون، زوری بابەتەکانیان لە لای خویان ئەنوسییەوە و کەلکی زوریان لی وەرئەگرت. پاشان زوریان کاروباری پیشمەرگەیی و ریکخراوەییان پی سپیردرا.

*

صەددام بە بونەی ئاهەنگەکانی ۱۷ - ۳۰ تەمموزەوە کوریکی روژنامەوانی بەست. لە وەلامی پرسیاریک دا دەربارەی ئیمە، وتی: ئەوانە هیچ نین لە شاخەکان دا گیریان خواردوە، جاروبار تەقە لە پولیسیکی گیل ئەکەن. ئیمە ئەتوانین تا ۲۰ سالی تر لە گەڵ ئەو جورە روداوانە بژین.

*

هێزەکەمان تا ئەهات قەرەباڵختر ئەبو. ئەوانەی تێی دا کوبوبونەوە هەمویان لە گەڵ یەک تەبا و ریک بون.

دو جار شەماڵ مان، لە ریگای دوستەکانی ئیرانەوە، نارد بو سوریا.

مەلا عەلی گەنجیکی خاوەن باوەری کەللە رەق و لاسار بو. هەتا بلی ی لەش سوک و ئیشکەر بو، بەلام لە شتی زور پچوک تورە ئەبو، خێشی ئەکرد و، مانی ئەگرت لە خواردن. هەندی جار خوی خواردنەکەی دروست ئەکرد، لە وەختی دانان دا تورەیان ئەکرد، ئەتورا و لی ی نەئەخوارد، نان و چای ئەخوارد.

بە کادری گەرایەوە ناوچەی سورداش. کەوتە داوی دوژمنەوە گیرا و، ئیعدام کرا. لە زیندان دا دەستەیەک شیعری داناوە و، لە سەر وەرەقی پاکەتی جگەرە نوسی بویەوە و، بوی ناردبین، لە چاو شیعری زیندان دا بی ئەمونەبو، لە ریزی شیعرە بەرزەکانی کوردا دائەنری. بە شیعرەکانییەوە دیار بو، شیعرەکانی هیمن کاریان تی کرد بو. لە کاتی خوی دا هەمومان لە دیوانیک دا چاپ کرد.

ئەم تاقمە پیشمەرگەیە، سەرەرای ئەوەی هەمو ئەرکەکانی پیشمەرگایەتییان بە جی ئەهینا و، ئیشوکاری روژانەی بارەگەکەیان رائەپەراند، کاروباری چاپی هەمو بلاو

کراوەکانی یەکیتی و کومەلەشیان ئەکرد.

ئازاد و حەمە سەعید و جەبار و شیرکو و هیمن هەتا زەمانیکی دریژ لە گەلمان مانەوە.

*

ماموستا جەعفەر

فاضیل کەریم ئەحمەد، کادر بو لە بەری قەرەداغ، لەوی ناوی لە خوی نا بو: «ماموستا جەعفەر»، من پیشتر ناسیاویم لە گەلی نەبو. بو کوبونەوەی کادرەکانی کومەلە لە نوکان نامەیەکی دریژی بە عەرەبی بو من نوسی بو. نامەکەی هەندیکی لیکولینەوە بو لە سەر هەلومەرجی گشتی کوردستان و، هەندیکی بیروبوچون بو لە سەر کەموکوریەکانی کومەلە و، هەندیکی پیشنیار بو بو چاککردنی. وەکو هەنگم لە دارا دوزی بیتەوە دلم خوش بو، لە ناو کادرەکان دا کەسیکی وام دوزیوەتەوە ژیرانە بیر بکاتەوە و، نوسەریکی باش بی. هەر ئەو کاتە لە کوبونەوەکان دا پیشنیارم کرد فاضیل لە ناوەندی دابنین بو کاروباری نوسین.

هەندی لەو برادەرانەی ئەیانناسی هاتنە لام وتیان: «پیاوی چاک یە، ئەمە مەهینەرە پیشەوە، ئەم کابرایە بە کەلکی ئەو ئیشە نایەت». زوریان لە سەر وت. ئەو شتانەی ئەوان لە سەر ئەم باسیان ئەکرد بایی ئەوە نەبو من ژیوان بکاتەوە لە ناودیر کردنی. لام وابو بەخیلی پی ئەبەن گەنجیکی تازە پیگەیشتو بە زویی پیش بکەوی. هەرچونی بو زوری هاوریکانم لە کوبونەوەکەدا رازی کرد و، خویشم نامەم بو نوسی بگاتە لای ئیمە بو ئەوەی ئەرکی نوی ی پی بسپیرین.

لە قەندیل بوین گەیشتە لامان. پیاویکی بیدەنگ و مون بو. لە چاو زور لە کادرەکانی تردا روشنبیرتر بو، هەندی وتاری لە روژنامە کوردییەکانی بەغدادا بلاو کرد بوەوە.

بە مامجەلالم ناساند و، وەکو نوینەری کومەلە لای مەکتەبی سیاسی دامان نا. مەسئولییەت لەو زەمانەدا لە قەندیل هیچ دەبدەبەیەکی نەبو، پیاو خوی پیوە هەل بکیشی یا بایی بی، بەلام دیارە ناوەکە خوی زل بو: ئەندامی ناوەندی کومەلە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی. بە هەنگاوی مامجەلال وعەلی عەسکەری و هەموانی گرت بوەوە. پیشتر شتی وای بە خویەوە نەدی بو، چاوەروانی شتی وەهاشی نەکرد بو، لە بەر ئەوە هەر لە یەکەم روژەوە بە فیز و بایی بونیکی زورەوە لە گەل پیشمەرگەکانی تر رەفتاری ئەکرد. نیوانی لە گەل هیچ کامیان خوش نەبو. پیشمەرگەکانی لە دەوری من

بون، هەموویان کادر بون و، هیچیان لەو پچوکتر نەبون، بەلکو هەندیکیان خویان لەو بە تیکوشەرتر و گەورەتر دائەنا. تەنها لە بەر پلەی لیپرسراوەتی لە کومەلە و یەکیتی دا ریزیان ئەگرت.

ماموستا جەعفەر خوی لە قەرەی هیچ کاریکی بارەگەکە نەئەدا، وەکو میوان ئەجولایەوە. روژیکیان لە گەل صەلاح چاوشین دەمیان لە یەک گیرا بو. ماموستا جەعفەر لە پالەوە هەرەشەی لە صەلاح کرد بو، وت بوی: «زور لە سەری بروی هەل ئەستم صەللیەیەک کلاشینکوفت پیوە ئەنیم!». صەلاح قسەخوش و، گالتەچی بو، لە کاتی خوی دا قسەی بو ئەهات، بە گالتە پی کردنەوە وت بوی: «بە خوا سەیر ئەبی لەم شورشەدا هیشتا تەقەت نەکردوە، یەکەم تەقە لە منی بکەیت!»

لەم وەلامە قورشقی بوبو داهویە شاخ ویست بوی بروا بە سەد تکا و پارانەوە هینامانەوە. هیچ مەرجیکی سەرکردەی تی دا نەبو. زوری پی نەچو تی گەیشتم لە هەلبژاردنەکەم دا زور بە هەلە چوبوم، بەلام تازە نەئەکرا دەستی پیوە بنیم.

*

سالم، لە سەردەمی خوی دا، ئەبی بە قەندیل دا تی پەری بی، چونکە لە شیعریکی دا باسی هەوای فینک و خوشیی ئەکا و، ئەلی:

شنەی نوردی بەهەشتی وەصلی یار گەر بی بە سەر من دا
لە لام قەندیل و لاجانە بە هاوین گەر لە مسقەط بم

جاریکیان یەکی لە پیشمەرگەکان بە نارەزاییەوە پرسی، ئەری ئەو کابرایە کی بە وتویەتی:

بیرە کوردستان عەزیزم گەر تو سەیرانت ئەوی
بتبەمە قەندیل ئەگەر گولزاری کویستانت ئەوی

تو بلی ی خوی هات بی بو قەندیل؟ ئەگەر بی دیایە ئەیوت: «بتبەمە قەندیل ئەگەر هەورازی جوانت ئەوی!»

ناخوشیی هەندی جار جوانیی لە بەر چاو ئەخا. قەندیل بەو هەمو جوانیی و پاکیی و دەولەمەندییەوە لە بەر چاوی ئیمە، کە بە هەورازە بەفراوییە سەختە دریژەکانی دا هەلئەگەراین، هیچ رەونەقیکی نەما بو.

ئەمە یەکیکە لە شیعرە ئەتەوەییە بە ناوبانگەکانی «نەسیری» ی کەرکوکی لە سییەکان دا هەلی بەستوە. ئەبی هات بی بەلام بیگومان نەک وەکو ئیمە بو پیشمەرگایەتی، بەلکو ئەبی بو سەیران و گەران هات بی.

له بەر بەرزیی قەندیل داری لێ ناروێ. وەکو جوگرافیناسەکان ئەڵێن: لە بەرزایی ١٦٠٠ مەتردا لە ئاستی دەریاوە، سنووری روانی دار و درەخت تەواو ئەبێ. قەندیل بەرەوژووری ٣ هەزار مەتر و لە هەندێ جێگادا بە تایبەتی لوتکەی «کەوگەز» نزیکەی ٤ هەزار مەتر بەرز بوو. بەڵام هەتا بڵێی دەوڵەمەندە لە دەوەن و گژوگیا و، گوڵی جۆراوجۆر دا. لەوێ ئاشنای شلێر، چنور، مێلاقە، هەڵاڵە، سوێسن، گوڵە رۆن، ئەسپوێن، گیابەند و خاو... بوم و، ریواس، مەندوک، کوراده، جاتره، گیلاخە، بیژان، هەلز و کەما..م ناسی.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر جرووجانەوەری جۆراوجۆری وەکو پەپولە، پەروانە، جالجالوکە، کوللە، قالونچە، گولنەستێرە...ی لێ بوو. سەرەرای سارد و سەرما مار، دوپشک، پەسپەسوکە، مشک و کیچی هەبوو.

گژوگیای قەندیل و جروجانەوەرەکانی ئەهێنی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیمان لە سەر بکرێ و، ئەلبومی تایبەتیمان بۆ رێک بخرێ. رەنگە چەند جۆر گوڵ و گیا و، جانەوەری تێ دا بدۆزرێتەوە لە شوێنانی تر هاوتایان نەبێ. زۆرجار بە ئاواتم ئەخواست کە شارەزاییم هەبوایە لە زانستی بایۆلۆجی دا، لە زۆلۆجی یا بوتانیک دا بۆ ئەوەی کەڵکم لەم هەلە وەربگرتایە.

لە بەهاردا کوارگی زۆرە. بەزۆری لە سەرینجی کەمای سالی پێشو دەرئەچێ.

قەندیل ٣ گومی بچوکی لە سەرە: کرمە سوران، پیر خەیلند، بێکوبەیان. لەوەرگاکانی جێگای سەدان هەزار سەر ئاژەڵ ئەبێتەوە. لە کونەوە ئێلەکانی مەنگور، مامەش، ئاکو، بلباس، پیران، بالەک... کوێستانەکانیان لە ناو خۆیان دا دابەش کردوە. هەر ئێلە و، لە ناو هەر ئێلەش دا تیرە و هۆز و بنەماڵەکانی هەواری تایبەتی خۆیان هەبوو، رانەکانیان تێ دا لەوەراندوە.

بەرزاییەکانی قەندیل لە زستان دا مەڵ و ئاژەڵی لێ نازێ. لە هاوین دا تاک و تەرا نێری و بزنەکێوی بۆ ئەچێ و، کەودەری کە مەلێکە لە رەگەزی کەوە، بەڵام گەورەترە، هەروەها هەڵو هێلانەی لێ ئەکا. هەڵۆ بە جوت لە ئاسمانی قەندیل دا ئەفڕن. بۆ یەکەمین جار لە «تەنگی سلێمانی» گوێم لە چریکەی هەڵۆ و، چاوم لە هەڵمەت و دابەزینی بۆ بۆ راوی کەو. لەو کاتەدا پارەکەو گەورە بوبوون. کەو بە پوڵ ئەیان قاسپاند. هەڵو کە بە ئاسمانەوە ئەیچریکاند کەوەکان وردیان بەر ئەدا و لە شوێنی خۆیان دا ئەوەستان، هەڵوکە بە دەم فڕینەوە دائەبەزی و پری بە یەکێکیان دا ئەکرد و ئەیفڕاند.

جێگەی داخە لە کوردستان هەڵو و، هەمو ئەو مەلانەی لەم تیرەیەن وەکو: شەهێن، چەرخە، بالەبان، دوبرا.. و، بچوکتر وەکو: باز، واشە، باشوکە، مشکگرەو کوللارە.. زۆر

کەم بونەتەوە. هەندێکیان نەماون و هەندێکیشیان بە دەگمەن ئەبینرێن، لە کاتێک دا جاران زور بون.

*

پاش گیرانی کاک عەلی و کاک تایەر، مەکتەبی سیاسی یەکێتی نوێنەری بزوتنەوەی تی دا نەما بو. هیچ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی بزوتنەوەش لە گەڵ ئیمە نەبو بەشداری کوبونەوەکان و بڕیارەکان بکا. داوامان لە ڕەسول کرد کە یان خوی یان نوێنەرێکی بزوتنەوە بنێری بو لامان. کاک ڕەسول دوجار هات. جارێک بو گفتوگو لە سەر ئەم مەسەلەیە و جارێک لە گەڵ هەمزاغای پشدەری.

بیروراکانی ڕەسول لە گەڵ هی ئیمە جیاواز بو، وەکو لە گەڵ بیروراکانی کاک عەلی و کاک خالید جیاواز بو، بە تەمانی ئەوان بالەکەی ئەمان ڕێگەیان بو تەخت بو وەکو ئەیانویست هەلویستی جیاواز لە هی یەکێتی وەربگرن. مەلا ناصیح لە شار ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە بو لەو ماوەیەدا ئەویش هاتە دەرەوە، بەلام مەلا ناصیح نەیئەتوانی تەرازوەکە ڕاست بکاتەوە.

*

حاجی شێخە

لەو کاتەدا ئیمە هیچمان نەبو بیدەین بە پێشمەرگە: نە چەک، نە پارە، نە جلوبەرگ، نە «ئیمتیاز»، تەنیا شتی هەمان بو بیروباوەر و قسەی خوش بو. زورجار لەمەش بی بەشمان ئەکردن. یەکی لە گەورەترین گیروگرفتەکانی من تورەبونی مامجەلال بو. لە هەمو شت تورە ئەبو ئەچو بە گژ پێشمەرگەکان دا و ئەیشکاندن، بە تایبەتی کە ماندو یا برسی ئەبو. هەندی لەو پێشمەرگانەی ڕایان نەکرد یان ئەتوران تورەبونی ئەمیان ئەکرد بە بیانو.

مامجەلال هەندی نامەی نوسی بو دابوی بە عوسمان پچکول بیبات. عوسمان تازە لە زیندانی قم ئازاد کرا بو. سالی پار لەو بوسەیەدا کە بو حەسەن خوشناویان دانا ئەم گیرا بو. عوسمان لای حاجی شێخەی بەتزیری پێشمەرگە بو. حاجی شێخە و مەفرەزەکەی بەشی بون لەو هیزەی ئەرکی پاراستنی مامجەلالیان لە ئەستو بو.

مامجەلال عوسمانی دی بو هیشتا نەرویشتوە بانگی کرد بو لی ی پرسی بو بوچی نەرویشتوە نامەکان ببات. وت بوی: «حاجی شێخە پی ی وتم تازە ئەمرو درەنگە سبەینی برو». لە سەر ئەوە مامجەلال تورە بو بو عوسمانی چەک کرد بو و کەوت بوە جنیو پی دان و لیدانی. حاجی شێخە لەمە دلگیر بو پێشمەرگەکانی لە بەرامبەرمان

دامەزراند. نیازی باش نەبو. بە پەلە لە خیوەتەکەمان دەرپەرین. پێشمەرگەکانی ئێمەش بەرامبەر پێشمەرگەکانی حاجی شێخە دامەزران. من دابەزیم بو لای مامجەلال. رەسولیش لەوی بو ئەویش هاتە لای مامجەلال. مامجەلال لە بینینی دامەزرانی حاجی شێخە و پێشمەرگەکانی تورەتر بو پری کرد بە کلاشینکوفەکەی دا پەلاماریان بدا. هەلویستێکی ناسک و پر مەترسی بو. لەوانە بو بپی بە تەقەی خوێنخو و یەکتری بکوژین، بە تایبەتی حاجی شێخە و ئەوان سەنگەریان لە مامجەلال گرت بو. هەرچونی بو مامجەلالمان خاو کردەوە. عوسمانمان ناردە جێگایەکی تر و حاجی شێخەمان هێمن کردەوە. حاجی شێخە خوی کو کردەوە و دەمەو ئێوارە باری کرد و رویشت بو لایەکی تر.

مامجەلال کتوپر تورە ئەبو، تورەبونەکەی ئەوەندە نائاسایی بو، دوای ئەوەی ئەهاتەوە سەر خوی، ماتی دای ئەگرت و نەخوش ئەکەوت، هەندی جار چەند روژێکی ئەخایاند. چەندی لە گەلی خەریک بوین ئەم خوە تەرک بکا، کەلکی نەبو.

ئێوارەکەی بە مامجەلالم وت ئەگەر بە چاکی ئەزانی ئەچینە سەر حاجی شێخە و چەکی ئەکەین و بە گیراوی ئەیهێنینەوە. مامجەلال قەبولی نەکرد وتی چاکەی زوری بە سەرمەوە هەیە بو کوی ئەروا با بروا. حاجی شێخە بو روژی دوهەم لە قەندیل ئاوا بو پاش چەند روژی تەسلیمی حکومەت بوەوە.

حاجی شێخە لە سەرەتای شورشی ئەیلول دا لە گەل مامجەلال پێشمەرگە بوە و، لە شەری ئەگەران دا بە بریندار بە دیل گیرا بو. لە سەرەتای شورشی حوزەیران دا ئەم یەکی بو لەوانەی لە ناوچەی حاجی ئومەران دەستەی چەکداریان دامەزراند و بەشدار بو لە دەس پی کردنەوەی خەباتی چەکدار دا. ئەگەرچی تەسلیم بوەوە بەلام دەزگای ئیستیخبارات لی ی خوش نەبو کوشتیان.

*

حاجی چاوشین

بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە قەندیل بوین هیچ جوریەکی پەیوەندی مان نەبو لە گەل کادر و پێشمەرگەکان، تەنیا ریگای پەیوەندی نامە و تەتەری پیادە بو.

ئەو کاتەی لە شارباژێر بوم کاریکم بە یەکی لە فەرماندەی مەفرەزەکانی هەریمەکەم سپارد ناوی حاجی چاوشین بو، بوی نەکرا بو، من وامزانی کەمتەرخەمی کردوە، لە سەر ئەوە کە هات بو نوکان مەفرەزەکەیم هەلوەشاندەوە. بە دلشکاوی رویشت. ماوەیەک بزر بو وامزانی تەسلیم بوتەوە.

حاجی چاوشین ناوی صدیق و ئەندامی کومەلە بو. بە پیشە نانەوا بو. لە شورشی

ئەیلول دا پیشمەرگایەتی کرد بو. سەرەتای ئەم شورشەش دیسان بوبو بە پیشمەرگە. لە پیشمەرگایەتی دا ئازا و دلسوز بو. یەکی بو لەوانەی لە ریگا رویشتن دا کەس پی ی نەئەگەیشت.

لە پر حاجی چاوشین پەیدا بو ژمارەیەکی زور نامەی فەرمانده و کادرەکانی شاباژیر و هەورامان و قەرەداغی... هینا بو. تومەز ئەو ماوەیەی بزر بوبو ناوچەکان گەرا بو. هەرچی نامەی هەبوە لی ی وەرگرت بون و هات بو بو سەرکردایەتی. حاجی پیاویکی ئەمین و دەسپاک بو. دامان نا بە نامەبەری مەکتەبی سیاسی.

لە ماوەیەکی زور کورت دا بەریدی سەرکردایەتی ئەگەیاندە دورترین شوینی پیویست و وەلامەکانی ئەهینایەوە. پیشمەرگەکان لە بەر خیرایی هاتوچوی ناویان نا بو: «کوپتەری شورش». بە دریژایی چەند مانگ ئەم ئەرکە قورسەی بی پرتە و بولە ئەنجام ئەدا و، بە شوینی پر لە مەترسی دا تی ئەپەری.

پاشان لە بەر ئەو دلسوزیە کرایە فەرماندەی کەرت لە هەریمی ٥ و، لەو بوسەیەدا کوژرا کە حەمەخانی حاجی دارا لە نزیک زەرایەن بو فەیسەل تالەبانی (سیروان) و پولی لە پیشمەرگە و کادرەکانی ئەوی ی دانا.

*

حاجی نیرگز

هەندی لەوانەی هات بون بو پیشمەرگایەتی خەلکی گوندە راگویزراوەکانی بناری قەندیل بون. یەکی لەوانە ناوی حاجی کاک ئەحمەدی پشتئاشان بو. خوی بە براگەورەی پشتئاشانییەکان دائەنا. پیاویکی ساویلکە و خوش و نەخویندەوار بو. مامجەلال پی ی وت بو: تو ئامیر هەریمی پاریزگاریت. موریکی یەکیتی دابویە. حاجی ئەحمەد ئەوەندە دلی پی ی خوش بو نامەی بو هەرکەس و بو هەر مەبەستیک بنوسیایە، تەنانەت نامە تایبەتییەکانی خویشی کە بو هەوالپرسینی کەسوکاری ئەنارد موریکی پیا ئەنا.

حاجی کاک ئەحمەد جلی سەیری لە بەر ئەکرد. هەمیشە شەروالەکەی لە رەنگیک و، مراخانییەکەی یان فانیلەکەی بە سەر مرادخانی دا لە بەری ئەکرد رەنگیکی تر بو. رەنگەکانیش زەق بو. روژیکیان فانیلەیەکی زەرد و شەروالیکی سەوزی لە پی کرد بو. عەلی ئامەخان کە بەو جورە دی بوی، وت بوی: «سەیری کەن بزانن لە نیرگز ناچی!». لەوەوە ئیتر ناویان نا بو «حاجی نیرگز».

*

کابرایەکی جوتیار خەلکی یەکی لە گوندەکانی بناری قەندیل بو لە دیوی ئیران

هەمو حەفتەیەک بە نهێنی ئەهات بو لامان پاریک تەماتە و خەیار و کولەکە و تەرەی ئەهێنا بو مامجەلال.

ژمارەیەکی زور کەم مالە رەوەندیش بە دزی کاربەدەستانی ئێرانەوە لە پەناو پەسیری قەندیل دا هەلیان دا بو، روژی جەژن پیاوەکانیان بە «ران» یکی پچوکەوە لە بەرخ و گیسک بو جەژنە پیروزە هاتن بو سەردانمان.

جگە لە خوشەویستی کورد هیچ پال پیوەنەریکی تر نەبو پال بەم جوامیرانەوە بنی ئەم «موجازەفە» پر مەترسییە بکەن و، چاوەروانی هیچ پاداشتیکیش نەبون. لەو کاتەدا کە ئیمە لە بازار و ئاوەدانی داپرا بوین دیارییەکانیان نرخیکی مادی گەورەی هەبو، بەلام نرخە سیاسییە «مەعنەوی» یەکەی زور گەورەتر بو.

*

زلکردنی دوژمن

بابەتەکانی دوەمین ژمارەی «هەوالنامە» م ئامادە کرد بو، دام بە حەمەسەعید و ئەولن بو چاپ کردنی. پیشم وت بون چەندی ئەتوانن پەلە بکەن لە تەواو کردنی. هەمو جار هاوری جبار بابەتەکەی ئەخویندەوە و، حەمەسەعیدیش تایپی ئەکرد. خەریکی تایپ کردنی سەروتاری ژمارەکە بون. سەروتارەکە لە سەر روداوەکانی هەکاری بو.

مانشیتەکانی وتارەکە ئەم رستانە بو:

- کونەپەرستانی ئێران، تورکیا، عیراق و قم پیلان ئەگیرن دژی شورشی پیروزی گەلەکەمان.

- چەتە کوردکوژەکانی بارزانی دوا پەردە لە سەر دەوری خائینانەی خویان لا ئەدەن.

- کومەلانی خەلکی کوردستان سورن لە سەر دریژەدان بە خەباتی شورشگیرانە.

بەشی یەکەمی وتارەکەش ئەمە بو:

«جەنگ لە چەندین شەر و نەبەرد و پیکادانی دژوار و براوە، لە چەندین پەلامار و کشانەوە، هیرش و راکردن، قازانج و زەرەر، سەرکەوتن و ژیرکەوتن.. پیک دیت.

هیچ جەنگیک، بە تایبەتی هیچ جەنگیکی دریژخایەن، هیشتا لە میژودا روی نەداوە کە لە سەرەتاوە تا کوتایی هەر سەرکەوتن و پەلامار و هیرش و قازانج بوبیت و، هیچ شورشیکیش نادوزیتەوە کە هەر لە خەتیکی راست و دروست دا بی پیچ و پەنا، بی هەوراز و نشێو، بی شکان و گلان و نوچدان، بی زەرەر و زیان.. بەرەو ئامانج و سەرکەوتن رویشتبیت.

شورش له سەرەتاوە تا کوتایی بە چەندین هەوراز و نشیو، بە چەندین کوسپ و کەندەلان دا راتێپەریت، چەندین جار توشی هەڵچون و نیشتنەوە ئەبیت، چەندین ژێرکەوتن و سەرکەوتنی گەورە و پچوکی بە سەر دیت، رەوتی گوران و گەشە کردنی شورش بریتیە لە زنجیرەیەک نوچدان، هەڵسانەوە، هەڵەنگوتن و راست بونەوە، دوراندن و بردنەوەی.. پێکەوە بەستراو.. تا دوا سەرکەوتن بە دەست ئەهێنێ.

شورشەکەی ئیمەش لەم یاسایە بە دەر نیە، تا ئەو کاتەی بە دوا ئامانج ئەگات، توشی چەندین شکست و نسکۆ، گلان و نوچدان، شکان و زەبر، هەوراز و نشیو.. دیت و، تا دوا سەرکەوتن بە دەس ئەهێنی ئەبی چەندین قوناغ بپیویت، کە هەر یەکێکیان زنجیرەیەک ژێرکەوتنی جوزئی و سەرکەوتنی جوزئی تی دایە، جا ئەگەر هەندێک جار لە هەندێک شورش دا یەک نەبەردی گەورە و کاریگەر چارەنوسی شورشەکەی بریار دابیت وا بی گومان لە شورشی نوی ی کوردستان دا، لە قوناغی ئیستادا، یەک شەری گەورە چەند کاریگەر و بە ئازاریش بی، ناتوانی چارەنوسی شورشەکە بریار بدا.

سەرکەوتن یا ژێرکەوتنی شورشی ئەم جارەمان لە ماوەیەکی درێژدا، لە چەندین شەر و نەبەرد دا، لە چەندین ناوچەدا، لە چەندین مەیدانی جەنگیی، سیاسی، ئابوری.. بریاری لە سەر ئەدریت.

دوژمن چەند بەهیز و توانا بیت، ئەتوانیت یەک نەبەرد یاخود چەند نەبەردیک بباتەوە، بەلام ناتوانیت جەنگەکە بە یەکجاری بباتەوە و، چارەنوسی شورش بریار بدات و، هیزی شورش بە یەکجاری لە ناو ببات، چونکە هیزی شورش، کە هیزی جەماوەری گەلە، سەرچاوەیەکی لە بن و لە برانەوە نەهاتوی هەیە و، هیزی شورش لە سەرانسەری ولات دا وەکو تۆ و چینراوە و، لە مەیدانی نەبەردیک دا کۆ نەبوتەوە و، لە ناو ناچیت.

لە مانگی نیسانی ۱۹۷۸ دوە هیزیکی تیکەلاو لە پیشمەرگەی هەمو هەریمەکانی کوردستانی عیراق خوی ساز دا بۆ بە ری کەوتن بەرەو بادینان بە نیازی هینانی چەک و تفاقی جەمکیی شورش و، هەلگیرساندنی بلیسەی پیروزی شورش لە ناوچەکانی بادینان.

هیزەکە بریە وا زو کەوتە ری تاکو پیش دەس پی کردنی رژیمی رەگەزپەرستی عیراق بە راگویزانی دانیشتوانی ناوچەکانی سنور بتوانیت هەندی چەک و تفاق بە دەس بهینیت و، فریای چەکدار کردنی دانیشتوانی ناوچەکانی سنور بکەویت پیش راگویزانیان، تا بتوانن بەرگری هیرشی دوژمن بکەن بۆ سەر نیشتمانەکەیان.

ئەم هیزەی کە بۆ بە جیبەینانی ئەم فرمانە نیشتمانیە پیروزە کۆ بوبوە و، کەوتبوە ری بەرەنگاری پیلانیکی ئیمپریالیستی گەورە بو، کە دەولەتەکانی ئیران و عیراق و

تورکیا و جاشه دەولیەکانی بارزانی تی دا بەشدار بون و، لە ئەنجام دا ئەو هیزە تیکەلاوەی کوردستانی عیراق ئەگەرچی بەرپەری قارەمانیتی و تازایەتییەوە بەرگری لە بەرسیتی و سەرما و ماندو بون و پەلاماری درندانەی هیزەکانی ئیران، عەشیرەتە کونەپەرست و دواکەوتوەکانی تورکیا و، جاشەکانی قم کرد، بەلام لە زنجیرەیەک شەردا لە ۱ - ۱۹ ی حوزەیران دا لە تورکیا، دوای ئەوەی دەیان پیشمەرگەی قارەمان شەهید بون و بریندار کران توشی شکستیکی گەورە بو.

ئیمە ئەبەردیک مان لە خاکی حکومەتیکی بیگانە، لە دەرەوەی سنوری ولاتەکەی خومان دا، سەبارەت بە هەلە و غەلەتی سیاسی و سوپایی خومان، سەبارەت بە چاک هەلنەسەنگاندنی پیلانی دوژمنانی شورشەکەمان نەک سەبارەت بە هیز و توانای دوژمنەکانمان دوراند، بەلام شورشمان نەدوراند، ئیمە ئەبەردیکمان لە روی سپاییەوە دوراند، بەلام ئەبەردیکی سیاسی گەورەترمان بردەوە»

لە بەشەکانی تری دا ئەو دژواریانەی هیزەکە لە سەرەتاوە تا لە ناوچونی توشی بوبو، بە تایبەتی پەلامارەکانی ئیران و عیراق و تورکیا، باس کرا بو.

لە کاتی تایپ کردنی وتارەکە دا تاقمی پیشمەرگە، لەوانەی تازە هات بون بو پیشمەرگایەتی، بە میوانی ئەچن بو خیوەتەکەیان. پاش بەخیر هاتن و چاکوچونی حەمەسەعید داوا لە هاوری جەبار ئەکا بەردەوام بی لە سەر خویندنەوە.

جەبار ئەلی: «جاری راوەستە! میوانمان هەیە».

حەمەسەعید ئەلی: «بیخوینەرەوە! شتیکی نهینی تی دا نیە با ئەمانیش گوی یان لی بی».

چەندی حەمەسەعید لە گەلی ئەلی بیخوینیتەوە، کەلکی نابی. چاوەری ئەکەن تا میوانەکان ئەرون. حەمەسەعید لە جەبار ئەپرسی کە بوچی بوی نەخویندەوە؟

جەبار ئەلی: «کورە چیت بو بخوینمەوە؟ ئەگەر گوی یان لی بوایە یەکیتی ئەو هەمو دوژمنەی هەیە و پیلانی لی ئەگیرن و، پارتی ئەو هەمو دوستەی هەیە و یارمەتی ئەدەن.. هەر ئەمشەو بە کومەل ئەرویشتن تسلیم ئەبونەوە».

تیبینیەکەی هاوری جەبار راست بو. بو من بو بە «دەرس». لە کاری سیاسی دا زلکردنی دوژمن کاریکی راست نیە و خەلکی سادە ئەترسینی، ئەبوایە من ئەمەم رەچاو بکردایە. بەلام بو پەروەردە کردنی کادر و پیشمەرگەکان لە نوسینەکان و نامەکان دا هەولمان دا چەند سەرەتایەک بچەسپینین لەوانە: سەرەتای پشت بە خو بەستن، سەرەتای خەباتی دریژ خایان، سەرەتای کوکردنەوەی چونایەتیی باش..

*

نیوەڕۆیەکیان ٣ هالیکوپتەری ئیرانی لە ناکاو هات و زۆر بە نزیکی بە سەرمان دا فڕین و چەند جاری هاتن و چوون سەیری بنکە و بارەگەکەیان کردین. هەر زوو هەموومان دامەزراین و خۆمان ئامادە کرد و کەوتینە چاودێری. فڕۆکەوانەکان ئێمە و ئێمە فڕۆکەوانەکانمان ئەبینی. هیچ جۆرە چەکێکی قورس یا ناوەنجی مان نەبو بۆ شەڕی فڕۆکە. لەوەو پێش ئاگاداری پێشمەرگەکانمان کرد بو هەر کە گوێ یان لە دەنگی هالیکوپتەر بو یەکسەر دابمەزرین و، چاودێری بکەن، ئەگەر تەقەی نەکرد وازی لی بهێنن و، ئەگەر تەقەی کرد یان نیازی دابەزاندنی هێزی هەبو بە هەموو توانامانەوە بە تەقە دای بگرنەوە. هالیکوپتەرەکان بێ ئەوەی تەقەمان لێ بکەن گەڕانەوە. ئێمەش بارەوبنەمان پێچایەوە و گوێزامانەوە بو هەوارێکی تر.

پێشمەرگەکان بە گشتی فێری ئاگرکردنەوە، چێشت لێ نان، هەویر شێلان، نان کردن، هەلدان و خستن و پێچانەوەی خەوەت، بارکردنی ولاخ.. بو بون. ئەم کارانە بو بون بە بەشێک لە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەمومان.

*

ماموستا عەزیز لە داوی بەعس دا

عەزیز مەحمود لە قەرەداغەوە هات بو دەراوی گورگان. سەرکردایەتی ناوخو لە نامەکانیان دا چەند جاری گلەییان لی کرد بو لە سەر ئەوەی چەند جاری بی ئەوەی هیچ کارێکی پێویستی هەبوبی چو بوە ناوشار. مەترسییان هەبو بکەوێتە داوی دوژمن و بگیرێ. ئاگادارمان کرد کە نابی ئیتر هاتوچوی شار بکا. تەنانەت مامجەلال بە گالتەوە هەڕەشەی لی کرد کە ئەگەر لە سلێمانی لە «پەنای مەنجەل» دا بگیرێ هیچی لە سەر نانوسی.

ماموستا عەزیز گەڕایەوە بو قەرەداغ. گوێ ی نەدایە ئاموژگاری و هەڕەشەکەی مامجەلال و، جارێکی تر خوی کرد بوە بە سلێمانی دا. ماوەیەکی درێژ لە مالی کابرایەکی گومان لی کراو دا، کە سەر بە ئیستیخبارات بو، مابوەوە. ئەمجارەیان گیرا و، ئازار و ئەشکەنجەیەکی زوریان دا و، حوکمی ئیعدام درا.

بەعسیییەکان بە فێلّ بە عەزیزیان وت بو: «کابرایەک لای یەکێتی گیراوە، ئاگاداریان بکە ئەگەر ئەوان ئامادە بن ئەو کابرایە بەر بدەن، ئێمەش تو بەر ئەدەین». ماموستا عەزیز کادرێکی بەنرخ و هەلکەوتو بو ئێمە ئامادە بوین چەند دیل مان لە لا هەبو هەمویان لە بەرامبەر ئازاد کردن یان ئیعدام نەکردنی دا بەرەللا بکەین. بەلام

بەعسییەکان لە سەردەمی شەر دا، پێشمەرگە و ئەندامە گیراوەکانی ڕێکخراوە نهێنییەکانی یەکێتییان بە «دیلی جەنگ» و «گیراوی سیاسی» دانئەنا و، هیچ کات ئامادە نەبون بۆ گۆڕینەوەیان.

پێش ئیعدام کردنی بۆ ئەوەی بیروخێنن و بیبەزێنن قسەیە پێ یان وت بو: «هاوڕێکانت بەرامبەر تو بێ وەفا بون. ئامادە نەبون زەلامێک بو تو بەر بدەن. خوت ڕزگار بکە و، چی ئەزانی بیلێ!».

ئەم فێڵە نامەردانەیە کاری لە مامۆستا عەزیز نەکرد بو، لەوەلام دا وت بوی: «دیارە هاوڕێکانم لە من باشتری لێ ئەزانن بۆیە ئامادە نەبون بمان گۆڕنەوە»

مامۆستا عەزیز دەورێکی گرنگی هەبو لە خەباتی ژێرزەمینی ناو شار دا و، ماوەیەک لێپرسراوی ڕێکخستنی سلێمانی بو. هەروەها لە ئامادە کردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی سلێمانی دا. لە زیندان دا نمونەی تێکوشەری خوراگر و ئازا بو. حەیف بو بەو جورە کوتایی بە ژیانی هات.

*

لە کوردستانی ئێران ڕێکخراوێکی سیاسی لێ نەبو هاوکاری لە گەڵ بکەین. حیزبی دیموکرات بو ئەوەی دلی حکومەتی عیراقی لێ نەرەنجێ خوی لە هەمو جورە هاوکارییەک لە گەڵ یەکێتی ئەبوارد. جگە لەوە هیچ ڕێکخستن و نفوزێکیشی لە ناو کوردستانی ئێران دا نەبو تا ئێمە کەلکێکی لێ وەر بگرین. ئێمە بو ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خومان پێویستی مان بە کەسانێک هەبو لە ئێران و تورکیا یارمەتی مان بدەن. لە هەردو پارچەوە خەلک هاتوچویان ئەکردین و نامەیان بو ئەناردین. بە هاودەردیەوە لە گەڵ ئێمە پەیوەندیان ئەکرد.

هەوڵمان دا دوستەکانی خومان ڕێک بخەین. توری ڕێکخستن مان لە شنو، ورمێ، مەهاباد، خانە، سەردەشت، بانە، مەریوان، پاوە... دروست کرد. ئەمانە یارمەتییەکی زوریان ئەداین بو کڕین و گوێزانەوەی کەلوپەلی جوراوجور هەر لە ئاردەوە تا سەر خەیمەت و پەتو و پێلاو و کاغەز و مەرەکەبی رونیو. هەروەها بو تیماری هەندێ برینداری و، گوێزانەوەی هەندێ لە کادرەکانمان. هەر لە ڕێگای ئەمانەوە دوجار شەماڵ چو بو تورکیا و، لە تورکیاوە بو سوریا و، گەڕایەوە لامان لە قەندیل. هەر لە ڕێگای ئەمانیشەوە قادر جەباری نێردرا بو سوریا و گەڕایەوە. هەر لە ڕێگەی ئەمانەوە ئەنوەری سەعید والی هاتەوە و، کە ڕوستەم بە برینداری هاتە دەراوی گورگان برا بو ئێران بو تەداوی و، دوای تیمارکردن گەڕایەوە.

جگە لە مان، د. سەید عەزیزی شەمزینی و صەلاحەدینی موهتەدی و چەند کەسێکی تر بەردەوام نامەیان لە گەڵ مامجەلال ئالوگور ئەکرد.

*

کومەلە لە ئیران لە ناو خویان دا بریاریان دابو خانەی موعینی کە یەکێ لە کادرەکانی سەرکردایەتیان بو، تازە لە زیندان بە سەربەرزی دەرچو بو، بنیرن بو کوردستانی عیراق بو لای ئیمە. محەممەدی مەلا عەلی هینا بوی بو ناوچەی ئالان بەرەو روی ئەحمەد فەتحوللا، جیگری فەرماندەی هەریمی ۳ ی، کرد بوەوە بیگەیەنیتە لای ئیمە. لەو کاتەدا شوینی ئیمە نادیار بو.

چەند روژی خانە لە گەڵ ئەحمەد بو، جەیش لە ۲۱ ی حوزەیرانی ۷۸ دا هیرشی بو کردن بو سەر «کانی بیشو» لە نزیک گوندی «دری» لە ناوچەی ماوەت. لەم هیرشەدا ۶ کەس کوژران، یەکیکیان ئەحمەد و ئەوی تریان خانە بو.

خانە، وەکو هاوریکانی ئەیانوت گەنجیکی روشنبیر و تیگەیشتو و ئازا بو. برای شەهیدان: سولەیمان و عەبدوللا و، کوری محەممەد ئەمینی موعینی بو.

دوای کوژرانی خانە دو کەسی تر لە هاوریکانی بریار ئەدەن بین بو کوردستانی عیراق، ئەوەدەم ئیمە لە دەراوی گورگان بوین لە قەندیل، هەردوکیان گەیشتن: د. جەعفەری شەفیعی خەلکی بوکان و، ساعیدی وەطەندوست (کاک برایم) خەلکی سنە بون. ساعید لە گەڵ خوی چەند یەک پارەی بو هینا بوین پاشەکەوتی کرد بو. د. جەعفەریش لەو کاتەدا بو ئیمە زور بە سود بو چونکە پزیشکمان نەبو. تەنیا یەک برینپیچمان هەبو، ئەویش هەر ئیرانی بو، ئەندامی «سازمانی ئینقیلابی» بو.

دو پیاوی روشنبیر و تیگەیشتو و بە زات و ورە بەرز بون. حەزیان نەئەکرد کەس بزانی کە ئیرانین و ناویان چیە

*

روژیکیان لە بەردەمی چادرەکەی خومان دا دانیشت بوین، حەمە سەعید لە دوروەوە دو کەسی بە دی کرد، یەکیکیان جلی کوردی و، ئەوی تریان پانتولیکی جینز و کراسیکی زەردی لە بەر دا بو، پرچی بەر دا بوەوە. وتی: «وابزانم روژنامەنوسە».

کە نزیک کەوتنەوە پانتول لە پیکە عومەری حاجی عەبدوللا بو. زورم پی خوش بو ئەویش بە سەلامەتی گەیشتنەوە لامان. کاک عومەر لە گەڵ کاروانەکەدا رویشت بو بچی بو سوریا و، لەویوە بە یەکجاری بروا بو ئەوروپا. قم نامەیەکیان پی دا نارد بو بو سەرکردایەتی کومەلە. بە ناو ئیران دا لە مەهابادەوە بە نهینی لە گەڵ یەکیکی شارەزادا

گەرا بووەوە. کردم بە گاڵتە لە گەڵی، وتم: «سەفەری دەرەوت کرد. دو وڵاتی بێگانەت بە بێ پاسپۆرت و ڤیزا بینی - مەبەستم تورکیا و تەهران بو - ئیتر هەڵی گلەییت نەماوە!»

کاک عومەر لای ئێمە گیر نەبو ئیزنی خواست بو سەردانی کەسوکاری بگەڕێتەوە نزیک سلێمانی.

سەرانی قم، سامی سنجاری و هاوڕێکانی، چەند جارێ لە گەڵ ئازاد هەورامی و عومەر دانیشت بون. بەو ئیعتیبارەی هەردو ڕێکخراو: «قم» و «کومەڵە» مارکسین، باسی ڕێککەوتنی دوقولی و هاوکاریان لە گەڵ کرد بون. بو دەربڕینی نیازی باشی خویان ئەم نامەیەیان نوسی بو و، داویان بە عومەر بیهێنێ و، دریژەی قسەکانیشمان بو بگێڕێتەوە.

قم تاکتیکێکی زیرەکانەی هەڵبژارد بو: ئەیویست یەکێتی لە ناوەوە هەڵ بوەشێنێ. پێوەندی لە گەڵ کومەڵە و بزوتنەوە، بە جیا لە یەکێتی یان وردتر بە جیا لە مامجەلال، دروست بکا. لەوێ، لە گەڵ ئازاد و عومەر لە سەرکردایەتی کومەڵە دانیشت بون و، ئەم نامەیەیان بو کومەڵە نوسی بو، هەر بەو جورە لە گەڵ کاک تاهیر و سەید کاکەش لە سەرکردایەتی بزوتنەوە دانیشت بون و، پەیوەندییان لە گەڵ ڕەسول مامەند کرد بو.

تاکتیکەکەی سامی بە سەر ئێمەدا لە کومەڵە تێ نەپەڕی، ئێمە سور بوین لە سەر ئەوەی کە ئەگەر بیانەوێ ڕێک بکەون تەبێ لە گەڵ یەکێتیی نیشتمانی ڕێک بکەون، نەک لە گەڵ باڵەکانی و، داوامان لێ کردن چارەنوسی هەڤاڵە بزرەکانمان ئاشکرا بکەن و، لە گەڵ ئەوان گفتوگوی ڕێککەوتن دابمەزرێنن.

بە راوێژ لە گەڵ مامجەلال و د. مەحمود وەڵامی نامەکەمان بو نوسینەوە. هەر ئەو کاتە ئەسلی نامەکەی قم و وێنەی وەڵامەکەی خومانم بو ئاگاداری و هەڵگرتن نارد بو هەڤالاتی دەرەوە. ئەبێ لە لایان مابێ.

بەلام تاکتیکەکەی سامی کاری لە بزوتنەوە کرد و، پشێوییەکی زوری خستە ریزەکانیانەوە. ڕەسول و هەندێ لە هاوڕێکانی شاری کە ماوەیەک بو نارازی بون لە یەکێتی، ئەو کارەساتەی بە سەر یەکێتی هات بو دانەنا بە بەڵگەی ڕاستیی بوچونەکانی خویان. بە تەنیا کەوتنە پەیوەندی و گورینەوەی نامە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنانە بو کە لە ناو خوماندا لە سەری پێک هات بوین. پەیوەندی لە نێوان هەر ٣ باڵەکەدا: کومەڵە، بزوتنەوە، خەتی گشتی، لە سەر بنچینەی جورێ لە فیدرالیزم ڕێک خرا بو. لە ناو یەکێتی دا هەر باڵە سەرکردایەتی تایبەتی و، سەربەخویی ئایدیولوجی و، ڕێکخراوەیی خوی هەبو، بەلام لە کاروباری پێشمەرگەیی و، دارایی و، پەیوەندی سیاسی

دا لە گەڵ حیزب و دەوڵەتان ئەبو یەکگرتو بن. هیچ بالیک بوی نەبو لەشکری تایبەتی خوی دروست بکا و، سەرچاوەی دارایی سەربەخوی هەبی و، پەیوەندی تایبەتی لە گەڵ حیزبی تر و دەوڵەتان دابمەزرینی.

لەو هەلومەرجە دژوارەدا کە تی ی کەوت بوین، بزوتنەوە بە سەرکردایەتی رەسول لە پاتی ئەوەی ببی بە فاکتەریکی کاریگەر بو هەلساندنەوەی شورشەکە و بەهیزکردنی یەکیتی و هیزی پیشمەرگە، بون بە هوی دروستکردنی ناتەبایی و ئاژاوەیەکی سیاسی ناوخو لە ناو ریزەکانی یەکیتی و پیشمەرگەدا، تا ئەمات رەسول بزوتنەوەی بەرەو دابرین و جیاکردنەوەی لە یەکیتی ئەبرد. ئەمانە لایان وابو بە جیا لە یەکیتی باشتر گەشە ئەکەن و گەورە ئەبن.

*

«مفە» حەیاتەکەدا!

هەمزە ئاغای میراودەلی تا ئاشبەتاڵ لە زیندانی بارزانی دا بو. دوای بەربونی وەکو پیاویکی سەربەخو خەریکی ژیانی خوی بو، بەلام لە داوودەزگاکانی بەعس نزیک بو. حکومەت رای سپارد بو مامجەلال ببینی و گفتوگوی لە گەڵ بکات. هەمزاغا ئاگای لە ناکوکییەکانی ناو یەکیتی نەبو. ئەم هەواڵەی بو رەسول نارد بو. رەسول ویست بوی خوی بە تەنیا ببینی. هەمزاغا وەلامی دابوەوە کە رایان سپاردوە مامجەلال ببینی. ئەگەر ئەو نەیبینی نایەت. رەسول گفتوگوی لە گەڵ بەعس هەمیشە بە «خیار» ی یەکەم دائەنا. پاش ساردبیەکی دریژ لە پەیوەندییەکانی دا لە گەڵ مامجەلال، بەم بونەیەوە نامەیەکی گەرموگوری بو مامجەلال نوسی، داوای لی ئەکرد «عرض» ەکەی حکومەت قەبول بکا و، بو ئەو مەبەستە بچی بو بارەگاکەی ئەوان.

ئیمە لامان وابو: هەمزاغاش هیچ «عرض» یکی سیاسی پی نیە و، قسەکانی ئەمیش لەوانەی شیخ مەحمودی کاریزە زیاتر نیە. هەمزاغا لە کونەوە دوستی مامجەلال بو. تەنیا بو بینینی خویشی بوایە حەزی ئەکرد لە گەڵی دابنیشی. قسەی لە گەڵ بکا و، هەواڵی میراودەلیەکان و، دەنگوباسی دوست و ناسیاو و حکومەتی لی ببیستی. مامجەلال، «عرض» ەکەی قەبول کرد. لەو کاتەدا ئیمە سەرگەرمی ریکخستنەوەی پیشمەرگە و ریکخراوەکان بوین، ئەو شوینەی رەسول دای نا بو یەکتر بینین زور دور بو لە شوینەکەی ئیمەوە، شوینیکی نزیکتری دیاری کرد بو یەکتر بینین.

هەمزاغا هات. رەسول جوابی بو مامجەلال نارد بچی بو بینینی. مامجەلال جوابی دابوەوە کە ئەگەر هەمزاغا بو گفتوگو هاتوە لە گەڵ من با بفەرموی بو لامان، خو ئەگەر بو

لای ئیوەش هاتوە، پێویست ناکا من بیم خۆتان قسەی لە گەڵ بکەن. د. مەحمودیش، لەو کاتەدا چو بو بو لای رەسول تەنیوێست پشتیوانی لەو بکا و، مامجەلال رابکێشی بو ئەوی، هەندی بروبیانویان هێنابوە گوایە هەمزاغا ناتوانی ئەو ریگا دریژە بپێوی. سەرەنجام هەمزاغا هات بو لای مامجەلال. رەسول و د. مەحمودیش شوێنی کەوت بون. وەکو چاوەری مان ئەکرد، هەمزاغا، جگە لە موجامەلە، شتێکی سیاسی دیاری کراوی پی نەبو.

ئەو کاتە بە هوی نادیاریی چارەنوس و، ناخوشیی ژیانی روژانەمانەوە، هەندی لە کادرەکان شەیدای «مفاوضات» بوبون. زور جار کە قسەیان لە گەڵ مامجەلال ئەکرد، تکایان لی ئەکرد ئەگەر بو ماوەیەکی کورتیش بێت «مفاوضات» لە گەڵ حکومەت دروست بکا. د. مەحمودیش هەمان رەئی هەبو، بەو بونەیەوە «مفاوضات» ی ناو نا بو «مفە حەیاتەکەدا».

*

«تقییم» ەکەی د. مەحمود

د. مەحمود لە سوریا لە گەڵ قادر جەباری و شەمسەدین موفتی و عەدنان موفتی کومیتەی ئامادەکردنیان دامەزراند بە نیازی ریکخستنەوەی پارتی لە سەر بنچینەیەکی هاوچەرخ و نوی. لەوی کەسیان لی کو نەبوەوە. ئەوانەی کاری سیاسییان ئەکرد بە زوری دابەش بوبون بە سەر یەکیتی و قم دا.

د. مەحمود لە گەڵ شەمسەدین و قادر جەباری، لە دوا مانگەکانی ٧٧ دا گەرابوە کوردستان. لە گەڵ مامجەلال و مەکتەبی سیاسی مانەوە. ئەگەرچی کومیتەی ئامادەکردن لە یەکیتی دا نەبو، بەلام لە هەمو مەسەلەیەک دا پرسیان پی ئەکردن، بیروراپان وەرئەگیرتن و، بو زور کوبونەوە بانگ ئەکران، ئەوانیش وەکو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکیتی رەئیان ئەدا.

لە کوردستانیش چەندی هەولیان دا کەسێکی ئەوتو لە حیزبەکەیان کو نەبوەوە.

کە لە گەڵ کاک عەلی لە یەکتری جیا بونەوە، د. مەحمود و قادر لە گەڵ ئیمە مانەوە. ئەو ماوەیەی بە یەکەوە بوین هیچ شتێکمان لی نەشاردەوە. وەکو یەک دەستەی یەک حیزب کارمان ئەکرد. خویشی پیاوێکی بە وره و تێگەیشتو و شارەزا بو. گوی ی نەئەدایە ناخوشیی و تەنگوچەڵەمە. بیروراکانی خوی لە هەمو بونەیەک و لای هەموان بە سەربەستی دەرئەبری.

دوای کارەساتی هەکاری ئەویش ئەیویست گەلێک لە هەڵەکانی یەکیتی و لاواز

بونی وەربگری بو بەهێزکردنی حیزبەکەی خوی. راکیشانی دانە دانەی کادر و پێشمەرگە کارێکی ئاسان نەبو. تەنگوچەلەمەی سیاسی ناو یەکێتی ئەزانی و، ئاگاداری ناکوکیەکانی نێوان بزوتنەوە و یەکێتی و، هەلویستەکانی رەسول بو. زورجار لای ئیمە رەخنەی لی ئەگرت، بگرە گالتەی پی ئەهات، کەچی لای ئەویش جورێکی تر قسەی ئەکرد. لە نامەکانیشی دا بو ئەم و ئەو جاروبار نوقورچی لە یەکێتی ئەگرت.

ماوەیەک بو کەوت بوە سەر باسی ئەوەی کە یەکێتی هیچ «تقییم» یکی نیە بو رابوردو، بە تایبەتی بو ماوەی «جەلالی»، لە بەر ئەوە یەکێتی تاوانبار ئەکری بە دریژەکیشانی هەمان حیزبی «جەلالی». من ئەو زەمانە نەمئەزانی لەمە مەبەستی چیە. لام وابو ئەیەوی تەرازو راست بکاتەوە: نامیلکەیەکی نوسیبوە لە سەر هەلسەنگاندنی شورشی ئەیلول و، دەوری بنەمالەی بارزانی، ئیستا ئەیەوی نامیلکەیەکیش بنوسی لە سەر جەلالی.

من خوم لام وایە هەمیشە پیاچونەوەی رابوردو، هەلسەنگاندنی بابەتیی و بیلایەن، شتێکی باش و بە کەلکە. تەنانەت بو مروڤیش پێویستە جاروبار، لە ناو دەرونی خوی دا بە خوی دا بچیتەوە، کارەکانی خوی هەل بسەنگینی و چاک و خراپەکانی دیاری بکا، چ جای بو جولانەوەیەکی سیاسی کە سەدان هەزار کەس بەشداریان تی دا کرد بی و، دەیان هەزار کەسی تی دا کوژرا بی.

هەرچەندە لەو لیقەومانەدا وەختی «تقییم» و هەلسەنگاندنی رابوردو نەبو، بەلام ئەوەندەی دوبارە کردەوە وتمان باشە مادەم خوت خاوەنی بیرەکەی خوت بینوسە. پی ئەچو پێشتر بیرە بنەرەتییەکانی لە مێشکی خوی دا ئامادە کرد بی، لە ماوەیەکی کورت دا نامیلکەیەکی ئامادە کرد، لە ژیر ناوی: «تاقیکردنەوەی رابوردو و خەباتی ئەمروی گەلەکەمان» دا. باسە سەرەکییەکانی بریتی بو لە:

پێشەکییەک لە ژیر ناونیشانی: با سود لە تاقیکردنەوەکانی رابوردومان وەربگرین بو یەکخستنی ریزەکانی گەلەکەمان و بەهێزکردن و سەرخستنی خەباتی ئەمرو و ئاییندەی.

باسەکانی بە گویرەی ماوەکانی دابەش کرد بو بە چەند قوناغی: ماوەی ١٩٥٨ - ١٩٦١. ماوەی ١٩٦١ - کوتایی سالی ١٩٦٤: کەرت بونی پارتی و شورش. ماوەی ١٩٦٥ - ١٩٧٠. ماوەی پاش دەرچونی بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ - ١٩٧٥ وە تیکچونی شورش. ماوەی پاش تیکچونی شورشی ئەیلول.

هەلسەنگاندنەکە پشت ئەستور نەبو بە هیچ بەلگە و دوکومێنت یا کتیب و نوسینێک. لەو کاتەدا ئارشیف یا کتیبخانەمان لە بەر دەس دا نەبو. هەموی لە سەر بنچینەی بیرەوەرییەکانی خوی نوسی بو.

لە هەڵسەنگاندنەکەی دا هەردولا: «مەلایی» و «جەلالی»، لە هەندی قوناغ دا لایەکیان زورتر و، لە هەندی قوناغ دا هەردوکیانی بە جوتە، بە توندی کوتا بو.

ئەگەرچی مامجەلال زور لە هەڵسەنگاندن و بوچون و ئەنجامگیریەکانی پی راست نەبو، بەلام هیچ «اعتراض» یکی دەرنەبری. من لام وابو د. مەحمود پیاویکی دلسوز و شارەزا و خاوەن تەجروبەیە ریگەی بدەین لە «مینبەر» ی یەکیتیەوە باوەرەکانی خوی رون بکاتەوە، بی ئەوەی بچینەوە بە گوی دا. بی مشتومر موافەقەتمان لە سەر کرد و لە ئەیلولی ١٩٧٨ دا وەکو یەکی «لە بلاوکراوەکانی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان» خومان چاپمان کرد و بلاومان کردەوە.

زوری نەخایاند دەرکەوت: مەبەستی لە کوتانی «مەلایی» و «جەلالی» تەنیا هەڵسەنگاندنی «تاقیکردنەوەی رابوردو» بو «یەکخستنی ریزەکانی گەلەکەمان» نەبو، بەلکو بو دروستکردنی «خەتی سیهەم» بو. «خەت» یک خوی سەرکردایەتی بکا.

بەلام د. مەحمود نەیتەتوانی ئەم دەورە ببینی، لە بەر هویەکی سادە و ئاشکرا، ئەویش ئەوە بو: د. مەحمود خوی لە ١٩٦٤ تا ١٩٧٥ توندرەوترین تەوریسیەنی «مەلایی» بو لە ناو پارتی و، لە ناو جولانەوەی کوردا.

*

داری بوق

یەکی لە گیروگرفتەکانمان سوتەمەنی بو. قەندیل داری سوتاندنی لی نیە. گوینی و چەقالە و هەندی درک و دالی هەیە. دوکەلی زور و ئاگری کەم و زو دائەمرکیتەوە. ئاگری هیچ کامیان پشکو ناکا. هەمو روژی هەمومان ئەبو بەشی لە وەختی خومان بو کوکردنەوەی گوینی و چەقالە و درک و دال تەرخان بکەین. هیشتا بەشی نان کردن و چا و چیشت لی نانی نەئەکرد. روژیکیان یەکی لە پیشمەرگەکان بە تەلیسیکی پرەوە هاتەوە وتی: «کورینە! لای مەفرەزەکانی تر باسی مەکەن شتیکی زور گرنگم دوزیوەتەوە، گیروگرفتی سوتەمەنی چارەسەر ئەکا». وا بە خوشی و شانازیەوە باسی ئەکرد ئەتوت بیرە نەوتی دوزیوەتەوە. تەلیسەکەی هەلرشت هەموی کوتەرەی پچوک پچوک بو. کوتەرەکان لە درزی بەردا روا بون، قەدی دارەکەی باریک و، بالای چەند بستیک و، گەلاکانی سەوز و ئەستور و گەورە بون، ناوی «داری بوق» بو.

وشەی بوق بو چەند شتی جیاواز بە کار ئەهینری: ١. ناوە بو گیانلەبەریکی وشکتاوی، ٢. ناوە بو ئەو هەلم و هالاوە گەرمەی لە نیوەروی هاوین دا لە ناو کشتوکاڵ دا پەیدا ئەبی. ٣. ناوە بو ئەم روەکە. ٤. پاڵ، وەکو بوقی پیوە نا، واتە پاڵی پیوە نا.

زۆری پێ نەچو مەفرەزەکانی تریش داری بزۆقیان دۆزیەوە و کەوتنە هەلکەندن و سوتاندنی.

تا لە تەنگی سلیمانی بوین لە پەنای «داری بزق» دا حەسایەنەوە.

*

یەکێ لە پیشمەرگەکانی دەستەکەی مامجەلال ناوی هاوڕێ مارف بو. هاوڕێ مارف گەنجێکی تازە پێگەیشتو و، ئەندامی کومەلە و، برازای عەلی پچکول بو. هەتا بلێی مامجەلالی خوش ئەویست و، بو کومەلە دلسوز بو. بە هەمو کەسێکی ئەوت «هاوڕێ». ڕوژێکیان کوێخاکانی مەنگور هات بون بو لای مامجەلال. هاوڕێ مارف کە بەخێر هاتنی کرد بون وت بوی: «هاوڕێ کوێخا فلان و هاوڕێ کوێخا فیسار... بەخێر بێن!». کوێخاکان لەم نازناوە تازەیە سەیریان هات بو.

ڕوژێکیان هاوڕێ مارف کتێبێکی لەو کتێبانەی «دار التقدم» لە موسکو بە عەرەبی لە سەر فەلسەفەی مارکسی دەری ئەکرد بە دەستەوە ئەیی بو پیشمەرگەیەکی تری ئەخوێندەوە. چەند جارێک وشەی «المستغلە - بکسر الغین و المستغلە - بفتح الغین» دوبارە ئەبێتەوە. گوێگرەکە لێ ی ئەپرسی: «ئەم بکسر الغین و بفتح الغینە یەعنی چی؟»

هاوڕێ مارف یەکسەر وت بوی: «یەعنی چینی کرێکار کوت و پێوەند کراوە!»

سالانی دوایی هاوڕێ مارف بە دیل گیرا و لە زیندانی موسل لە سێدارە درا. چەند نامەیەکی لە زیندانەوە نوسیبو، نمونەی پیشمەرگەی ئازا و خوراگر بو.

*

هەلگرتن - ڕەدوکەوتن

بەشی لە چیای قەندیل کەوتوتە سنوری مەنگورایەتییەوە. مەنگور لە هەردو دیوی سنوری ئیران و عیراق هەن و، لە کوردستانی عیراق لە پشدەر و بناری قەندیل دا ئەژین. تا ئیستا ڕێکخراوی خێلەکیان ماوە. بنەمالەی «کادرویشی» سەروکایەتی ئیلی مەنگوری ئەکرد و، تیرە سەرەکییەکانی بریتی بو لە: خدر مامسینی، باب رەسوە، زودی، رەزگەیی، چنارەیی، مەنگورە روتە. هەر تیرە و تایەفەیەک «کوێخا» ی تایبەتی خوی هەبو بو سەرپەرشتی کاروباری تیرەکە.

لە سەرەتای دامەزراندنی یەکیتی و دەس پێ کردنەوەی شورش دا ئیلی مەنگور بە گشتی هەلوێستێکی شورشگێرانەیان هەبو. کوێخا محەمەدی مەلا شەریف، کوێخا عەلی قەلاوی، کوێخا قادری زودی، کوێخا محەمەدەمینی رەزگەیی، کوێخا حەسەنی برایم

شوان، شیخه کوڵ.. به کومەڵ بون به پیشمەرگە و، لە روژانی سەختی کارەساتی هەکاری دا بە دەوری مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە مانەوە.

لە ناو مەنگوردا هەندی نەریتی دێرینەی «ژن هینان و شو کردن» ماوە لەوانە: «هەڵگرتن» و «رەدوکەوتن».

ئەمانیش وەکو زور لە ئیلەکانی تر لە ناو خویان دا ژن و ژنخوازییان ئەکرد «الزواج الداخلی: ئیندوگامی»، تەنانەت هەڵگرتن و رەدوکەوتنیش هەر لە ناو خویان دا و، بە زوری لە ناو هەمان گوند و هەمان بنەماڵە و هەمان بەرەباب دا ئەبو. زور کەم روی داوە ژن و ژنخوازی لە گەڵ تیرەیەکی تری مەنگور بکەن چ جای ئیلیکی تر. بە گشتی «ژن و میردایەتییان» لە گەڵ ژن و پیاوی دەرەوەی بەرەباب، هوز، تیرە، ئیلەکەی خویان «الزواج الخارجی: ئیکسوگامی» بە پەسند نەئەزانی، مەگەر ئاغاکانیان بو مەبەستی دامەزراندنی هاوپەیمانیتی لە گەڵ ئیلەکانی تر ئەمەیان کرد بی.

هەرچەندە هیچ کوسپیکی کومەلایەتی یان دینیی لە بەردەمی پیاوی مەنگوردا نەبو بو پیکەوەنانی خیزانی «فرە هاوسەر: پولی گامی»، یان «دو هاوسەر: بی گامی»، کەچی خیزانەکانیان بە زوری «یەک هاوسەری: مونو گامی» بو.

کویخاکانی مەنگور بو ریکخستنی «مەسلەحەت» هەندی یاسا و ریوشوینیان دانا بو کێشە لە نەریتی باوەباپیریانەوە بویان بە جی ما بو، داوایان لە ئیمەش کرد بویان بسەلمینین، بە تایبەتی دیاری کردنی پارەی ریککەوتنەکە.

کور لە ناو مەنگور دا بە زوری بە ریگەی «ژن بە ژن» ژن ئەهینی.

کە داوای کچی ئەکا ئەبی ئەمیش کچ (خوشک یان ئاموزا)ی هەبی بیدا بە یەکی لە کەسوکار (برا، باوک، ئاموزا) ی کچی خوازبینی کراو.

هەردو کچ لە یەک زەمان دا لە دو کورەکە مارە ئەکرین.

کچی دوهەم ئەبیتە «مارەبراو» بەلام مەرج نیە لەو کاتەدا بگویزریتەوە، چونکە زور جار کچیکی مناڵ لە باتی کچی خوازبینی کراو ئەدری بە لاکەی تر «گەورە بە کچکە». خو ئەگەر هیچ کچیکیان نەبو بەلینی «بەنتزو» یان پی ئەدەن، واتە کچیک کە لە پاشەروژدا لە دایک ئەبی، دوای لە دایکبونی ئەیدەنی. کچە مناڵەکە مارە ئەکری بەلام لە بەر مناڵی جاری نایگویزنەوە تا گەورە ئەبی.

کچە مارەبراوەکە، کە گەورە بو، ئەگەر دلی بە کورەکەوە بو، ئەوسا ئەگویزریتەوە، ئەگەر بە کورە مارەکراوەکەی خوی رازی نەبو، بە نهینی لە گەڵ کوریکی تر ریک ئەکەوی پیکەوە برون. کچەکە رەدوی کورەکە ئەکەوی و، کورەکە کچەکە هەڵئەگری، بە جوتە ئەرون

و ئەچن خۆیان ئەخەنە خانوی کوێخا یان پیاوماقوڵێکی دەسەلاتداری تایەفەکەیان و لەوێ ئەمیننەوە.

هەندێ جار پیاوێکی دەسەلاتدار کچ یا ژن هەڵئەگرێ، ئەگوێی ئارەزوی ئافرەتەکەی لە سەر نیە بە جورێ لە زور و هەرەشە بیبا، بەلام رەدوکەوتن هەمیشە ئارەزوی ئافرەتەکەی لە سەرە.

خاوەن ماڵ بویان تێ ئەکەوێ لە گەڵ ماڵی کوری مارە لێ براو بو «مەسلەت». مەسلەت دیسان لە رێگەی «ژن بە ژن» یان «گەورە بە گچکە» یان «بەنەتزو» ئەکرێ.

کوری بەکەم کە کاتی خوی کچەکەیان لێ مارە کردوە، دەس هەڵ ئەگرێ لە کچە مارەبراوەکە و، «تەلاق» ی ئەدا بەرامبەر بەوەی کچێکی تر بەدەن بە خوی یان بە کەسێکی نزیکی (کور، برا، باوک، ئاموزا). ئەوسا ئافرەتەکە لە دەزگیرانە تازەکەی مارە ئەکرێ.

- رەدوکەوتنی کچی مارەنەکراو ئاسانتر و «مەسلەت» ی هەرزانترە لە کچی مارەکراو.

- رەدوکەوتنی کچی مارەکراوی نەگویزراوەیتەوە ئاسانتر و مەسلەتی هەرزانترە لە هی گویزراوە.

- رەدوکەوتنی ژنی گویزراوەی بێ منال ئاسانتر و مەسلەتی هەرزانترە لە ژنی گویزراوەی خاوەن منال.

- مەسلەتی رەدوکەوتنی ژنی خاوەن منال لە هەمویان گرانترە، چونکە میردی ژنە هەلگیراوەکە چەند منالێکی بێ دایکی بە سەردا ئەکەوێ، بە ئاسانی ژنێکی تری دەس ناکەوێ شوی پێ بکات و منالەکانیشی بو بە خێو بکات.

ئەم نەریتە لە کونەوە لە هەندێ شوێنی کوردستان و، لە ناو هەندێ خێل و هوز و تیرەدا باو بوەو و، لە ناو پیاوەکانی چینەکانی خواری و ناوەڕی دا شێوەی سەرەکی ژنهێنان بوە. وەکو روداوێکی کومەلایەتی ئاسایی سەیری ئەکرێ، بەلکو هەندێ لەو کچانەی هەلیان بو هەڵ نەکەوتوە رەدوبکەون یان هەڵ بگیرێن هاورێکانیان کە لێ یان تورە ئەبن پێ یان ئەڵێن: «ئەگەر خیرت پێوە بوایە یەکێ هەڵی ئەگرتی!» و، هەندێ ژن کە چەند جارێ هەلگیراون لە ناو هاوتاکانی خویان دا شانازی پێوە ئەکەن.

بەلام هەلگرتن و رەدوکەوتن لە هەندێ شوێنی تری کوردستان و، لە ناو هەندێ خێل و هوز و تیرەدا بە «سەرشوری کومەلایەتی» گەورە دائەنرێ، تەنیا بە کوشتنی هەردوکیان (کچ و کور یان ژن و پیاو) و، هەندێ جار منالەکانیشیان، ئەگەر منالیان لێ کەوت بێتەوە، ئەم سەرشورییە پاک ئەکرێتەوە.

*

ژمارەیەکی زور لە خەلکی گوندی «چەوە» ی خوشناوەتی کاروانچیتیمیان ئەکرد. لەم کـارەدا زور شـارەزا و وریا و تیـژرو بون. زوریان کـوردپەروەری دلسـوز بون. سـەید کەریم و د. خدر مەعصوم لە خوشناوەتی بون، بەلام ماوەیەکی دریژ بو لی مان بزر بوبون و، هیچ هەوالیکمـان نەئەزانین. بە هوی یەکی لـە کـاروانچیـیـەکـانی چەوەوە نـامـەیەکم بو سەید کەریم نوسی. روداوەکانی هەکاری م بو نوسی و، داوام لی کرد بو کە بینە لامان لە قەندیل.

لە «تەنگی سلیـمـانی» یەوە خـەریـک بو بگویزینەوە بو «دەراوی گـویزی» سـەید کەریم و چەند پیشـمـەرگەیەک پەیدا بون. یەکیکیـان لە ریگا بەردیک لە قـاچی دابو لە رویشتنی خست بو، لە هەندی جیـگا بە کـولی خـویان و لە هەندی جیـگا بە کـولی ولاخ هینا بویان. من جگە لـە سـەید کـەریم ئەوانی ترم نـەئەناسی. بەلام هەندیکیـان لەو جارەوە ئیتر بون بە هاوری ی گیانی بە گیانیم هەتا کوژران، لەوانە عەلی نەبی و ریباز.

پەیدا بونی سەید کەریم بو من مژدەیەکی خوش بو.

عـەلی نەبی پیشـمـەرگـە نەبو. بە نوینەرایەتی ریکخراوی «کـیـومەرش» ی کـومـەلە هات بو. پاش ئەوەی هەندی قـسـە و باسی پیویسـتـمـان کـرد گـەرابەوە. وا ریـک کـەوتین خوی و چەند کەسیکی تر چەک پەیدا بکەن و ببن بن بە پیشمەرگە. پاش گەرانەوەی بە ماوەیەکی کەم بەلینەکەی خوی بە جی هینا.

لە هـەمـو روژە سـەخـتـەکـانی ژیانی پیشـمـەرگـایەتی م دا لـە مـەنگورایەتی، بالەکایەتی، ئاکویەتی، سوران، خوشناوەتی بو هەر جیبەک ئەچوم، هەمیشە دو شیرپیاوم لە گـەل بو هەردوکـیـانم لە قـەندیل ناسی: ئەحـمـەد مـەولود و عـەلی نەبی، بە خـویان و پیشمەرگەکانیانەوە لە گەل خوم ئەبون و، هەر کاریکی دژوار بهاتایەتە ریگمان بە یەکی لەم دوانەم ئەسپارد و، بە بی ترس لە مردن جیبەجییان ئەکرد.

*

رەوینە

لە کاتی گواستنەوەدا لە ریگا توشی هەوارەکەی حەسەنی برایم شوان بوین. حەسەن لە گـەل چەند کـەسیکی تردا چو بون بو راو چەند سـەری بزنە کـیـویـان کـوشت بو. ٣ سەریان دا بە ئیمە. لە گەل خومان بردمان بو هەواری تازە. لەوی چاکمان کرد.

بناری قـەندیل لە هەردو دیوی لیـرەواری زوری هەبو. دول و شیـو و زەرد و مـاهی زوری تی دا بو، شـوینی ژیانی دەعبـای کیـویی بـە تایبەتی نیـری و بزنەکیـوی بو. چەند

راوکەرێکی شارەزای شاخەوانیی لە ناو خۆیان دا ڕێک ئەکەوتن. دەسراستەکان لە سەر ڕێگای حەیوانەکەدا خۆیان مەلاس ئەدا و، چەند کەسێکیش «جەلەب» ی حەیوانەکانیان ڕاو ئەنا. حەیوانەکان ئەکەوتنە بۆسەی دەسراستەکانەوە و، ئەیان کوشتن. بەم جۆرە ڕاوەیان ئەوت: «ڕەوینە».

چیاکانی کوردستان چەندین جۆر حەیوانی کێویی نایابی هەبوە. مەڕ، بزن، شێر «فیلە گیژە»، ورچ «هەرس»، پلنگ، وشەک، ڕێوی، دەلەک، کەمتیار... بەلام ڕاوی بێ «دیسیپلین»، تۆ وی هەندێ دەعبای کێوی وەکو: مەڕە کێوی و شێری براندوتەوە و، هەندێکی تریشی وەکو بزنە کێوی و ئاسک خستوتە مەترسی لە ناوچونەوە.

*

نەستیلی سادر

دەراوی گوێزێ کەوت بوە نێوان زنجیرە چیاکانی «سادر» و «جاسوسان» ەوە. هاوینە هەوارێکی خۆش و، کانی و ئاوی سارد و سازگاری هەبو. هەندێ دار و چیلکەشی بۆ سوتاندن لێ دەس ئەکەوت.

کە بە دەراوی گوێزێ دا شۆڕ ئەبیتەوە بەرەو خوار ئەچیتە دۆلە کوگی لەوێشەوە کە شۆڕ ئەبیتەوە تادێ هەردو شاخی ئەمبەر و ئەوبەر «جاسوسان» و «سادر» لە یەکتری نزیک ئەبنەوە پێش ئەوەی بگاتە گوندی «سوێسنێ» ئەبیتە تەنگێکی زۆر تەسک. ئەم تەنگە شوێنێکی لە بارە بۆ دروستکردنی دیوارێکی بەرز، ئاوی کانی و جۆگاکانی دۆلەکە و، ئاوی باران و بەفراو لە نەستیلێکی گەورەدا کۆ بکاتەوە. بە درێژایی ئەم دۆلە هیچ ئاوەدانییەکی تێ دا نیە و، ئەرزێکی ئەوتۆی تێ دا نیە لە هیچ وەرزێکی ساڵ دا بە کەلکی کشتوکاڵ بێ. هەموی لێژایی شاخ و بەردەلانە. ئاوەکەی ئەتوانرێ بە کار بهێنرێ بۆ ئاودانی دەشتی قەلادزێ و بەرهەمهێنانی کارەبای ئاوی.

*

ناتارامی لە «جەزیرەی ئارام» دا

دامەزراوی دینیی شیعە لە کونەوە لە ئێران دا گرنگییەکی تایبەتی هەبوە. چەند جیاوازییەکی بنەرەتی لە هی سونە هەیە:

– دامەزراوی دینیی شیعە ڕێکخراوێکی هەرەمییە، «آیت الله العظمی» یەک «موجتەهیدی ئەکبەر» «مەرجەعی تەقلید» ی هەمو شیعەکانی جیهان، لە لوتکەی هەرەمەکەدایە، دوای ئەویش چەند «آیت الله العظمی» و، ئینجا چەند ئایەتوللایەک، بنکە فراوانەکەیشی هەزاران «حجە الاسلام» و «ثقە الاسلام» و، دەیان هەزار «طلابی علمی»

بە.

- دامەزراوی شیعە لە روی دارایییەوە سەربەخۆیە لە دەسەلاتی دەولەت. هیچ مەلایەکی شیعە و هیچ خویندنگا و «حوزەی عیلمیە» پشت بە موچە و یارمەتی دارایی حکومەت نابەستی. ئەمەش سەربەخویی کار و ئیجتیهادی بو دابین کردون. کاتی خوی رەزا شا هەولیکی زوری داوە بیبەستی بە حکومەتەوە سەرکەوتو نەبوە.

- ئەوانەی گەیشتون بە پایەی «ئایەتوللا» جوری لە «حەصانە» یان هەیە ئەیانپاریزی لە لیپیچانەوەی قانونی و گرتن.

سالی ١٩٦٣ شا «ئینقیلابی سفید» ی راگەیاند. ویستی هەندی ئالوگوری سیاسی، ئابوری، کومەلایەتی، روشنبیریی لە ژیانی خەلک دا بکا بە نیازی ئەوەی بنکەیەکی کومەلایەتی فراوان لە ناو گەلانی ئیران دا بو پشتیوانی لە خوی دروست بکا.

دامەزراوی دینیی شیعە بە توندی دژی هەندی لەم ریفورمانە راوەستا. بو بە روبەرو بونەوەی خویناوی لە نیوان رژیم و دامەزراوی شیعەدا. ئاخوندیک بە ناوی روحوللای خومەینی ریبەری ئەم جولانەوەیە بو. رژیم جولانەوەکەی سەرکوت کرد. خومەینی کەوتە بەر تەنگ پی هەل چنین و دەستدریژی ساواک، بەلام دامەزراوی دینیی شیعە، بو ئەوەی خومەینی لە گرتنی ساواک بپاریزی، نازناوی «ئایەتوللا» ی پی دا. بەم هویەوە شا نەیتوانی بیگری، دوری خستەوە بو شوینە پیروزەکانی عیراق.

بە.روالەت رژیم زال بو. هەر کەس و تاقمی رەخنەی لی بگرتایە تەفروتونای ئەکرد. وەکو نارازییانی ئیرانی ئەیانوت: «تیرور و ئیختیناق» بالی بە سەر ئیران دا کیشا. هەندی تاقم دروست ئەبون بەلام ساواک بە توندی سەرکوتی ئەکردن. هەزاران کەسیان لە زیندانەکان ئاخنی بو، هەزاران کەسیان بە لیدان لە زیندانەکان دا و لە سەر جادە کوشت. ناوبانگی سیاسی رژیم لە دنیادا دا زرا بو. وەکو یەکی لە نمونەکانی پیشیل کردنی مافی مروڤ سەیری ئەکرا. خویندکارانی ئیران لە دەرەوە «کونفیدراسیون» یکیان دروست کرد بو چالاکییەکی زوری تەنواند بو ریسوا کردنی شا و ساواک و رژیمی ئیران.

ئیمام خومەینی لە نەجەف وەکو دوژمنیکی سەرسەختی شا ناسرا بو، بەلام چالاکییەکی ئەوتوی نەئەنواند تا ریککەوتنی جەزایری ٧٥ کە ئیتر پیوەندی عیراق - ئیران ئاسایی بوەوە و، هاتوچوی نیوان دانیشتوانی هەردو ولات گەرم بو. هەزاران ئیرانی سالانە ئەچون بو «زیارەت» ی شوینە پیروزەکانی شیعە لە نەجەف، کەربەلا، کاظمیە... و، سەدان قوتابی بو خویندن لە مزگەوتەکانی دا ئەمانەوە. ئەمە هەلیکی گەورەی بو ئیمام خومەینی رەخساند پیوەندی خوی لە گەل دامەزراوی دینیی شیعە لە ئیران تازە بکاتەوە

و، بکەویتە هاندان و سازدان و جولاندنی. ئیران لەو کاتەدا زیاتر لە ۸۰ هەزار مزگەوت و ۱۸۰ هەزار مەلای شیعەی تی دا بو.

یەکی لەو تاکتیکە تازانەی ئیمام خومەینی دای هینا: «شورشی کاسیت» بو. خومەینی وتارەکانی خوی لە سەر شریتی کاسیت تومار ئەکرد و شاگرد و لایەنگرەکانی بە ناوی «گورانی و موسیقای شەرقی» بەوە ئەیانبردەوە بو ئیران و لە مزگەوتەکان دا لی یان ئەدایەوە و، لە تاران و قوم و شارەکانی تر لە دوکانی تسجیلات توماریان ئەکرد و ئەیان فروشت. جگە لەمەش کتیبەکانیان ئەبردەوە بو ئیران.

نارەزایی لە ناو ئیران دا تا ئەهات زیادی ئەکرد و لە بەرامبەر ئەوەدا تیرور و ئیختیناق تا ئەهات زیادتر ئەبو. فەساد لە هەمو بوارەکانی ژیان دا: فەسادی ئیداری، مالی، سیاسی، ئەخلاقی.. قولتر ئەبو. بنەمالەی سەلتەنەتیی (خوشک و برا و کچەکانی شا) ریبەریی ئەم فەسادەیان ئەکرد. چەندەها قومارخانە و شوینی رابواردنیان لە سەرانسەری ئیران دا دامەزراند بو. ئەشرەف سەرپەرشتی توری ناوخو و جیهانی بازرگانیی هیرویینی ئەکرد. بنەمالەکەی شا کە کاروباری ئابوری خویان لە «بونیادی پەهلەوی» دا ریک خست بو، بو بو بە گەورەترین دەولەمەندی ئیران و، لە هەمو سەودا و پروژە ئابورییە قازانجدارەکان دا بەشیان هەبو.

شا بە بونەی تیپەربونی ۲٬۵۰۰ سال بە سەر دامەزراندنی رژیمی شایەتی لە ئیران دا ئاهەنگیکی گەورەی گیرا و، خوی بە میراتگری ئەریتی ۲٬۵۰۰ سالەی شایەتیی ئیران دانا. بودجەیەکی گەورەی بو ئەم ئاهەنگانە تەرخان کرد بو. ئەم ئاهەنگانە لە باتی ئەوەی جیگای شا لە ناو ئیران و دنیادا قایمتر بکا کردی بە نیشانەی تیری رەخنە و نارەزایی.

بو رونکردنەوەی بیروراکانی خوی شا کتیبیکی بە ناوی: «بە سوی تمدن بزرگ» بلاو کردەوە. ئەم کتیبە وەرگیردرایە سەر هەمو زمانە گرنگەکانی دنیا. هەزاری موکریانی بش کردی بە کوردی. هەرچی ئەم کتیبەی خویند بوەوە لایان وا بو شا توشی نەخوشی میگالومانیا «جنون العظمە» بوە. شا وای بلاو ئەکردەوە کە لە ماوەی چەند سالی داهاتودا ئیران ئەکا بە هیزی ئابوری پینجەمی دنیا و، وای دەرئەبری کە لە ناوچەکەدا ئیران «جەزیرەی ئارام» ە و، نمونەیەکی دیموکراسی ئەوتویە لە روژئاواش دا وینەی نیە.

شورشی کاسیت تا ئەهات کاریگەرتر ئەبو. ئوپوزیسیونی ئیرانی کە تا ئەوسا ریبەریکی دیار و هەلکەوتویان نەبو سەرکردایەتییان بکا دژی شا و «رژیمی سەلتەنەتی» خەریک بو سەری دەرئەهینا.

دوای ١٢ ساڵ سەروکایەتی وەزیران لە ١٩٧٧ دا، شا عەبباس هوەیدای لی خست و جەمشیدی ئاموزگاری دانا بە سەروەزیران. ئەم گورینە کاری لە بزوتنەوەی نارەزایی نەکرد. ئەویش هیچ گورینیکی لە ژیانی سیاسی دا ئەنجام نەدا. حیزبی «رەستاخیز» تەنیا حیزبی ریگا دراو بو. ئەویش حیزبیکی شاپەرست بو، ساواک پیکی هینا بو، خەلکیان بە زور لی کو کرد بوەوە.

هەندی لە سیاسییە ناسراوەکانی ئیران وەکو: د. کەریمی سنجابی، مەهدی بازرگان، شاپوری بەختیار، داریوشی فروهەر، مەتین دەفتەری... کەوت بونە جموجوڵ. پاشماوەکانی «جەبهەی میللی» سەردەمی موصەددەق و هەندی لە حیزبەکانیان ریک خست بوەوە و، بوبون بە ناوەندی ئوپوزیسیونی شارستانی و دیموکراتی.

مەهدی بازرگان، «کومیتەی دیفاع لە ئازادی و حقوقی بەشەر» ی دروست کرد بو. بلاوکراوەی لە سەر مافی مروڤی ئیران دەرئەکرد.

تاقمی لە قانونیییە ناسراوەکانی ئیران کەوتنە دەرکردنی بەیاننامە سەبارەت بە دەس تی خستنی حکومەت لە کاروباری دادگاکان و، تاقمی لە نوسەرانی ناسراوی ئیران کەوتنە بەیان دەرکردن داوای ئازادی دەربرین و نوسین و لابردنی سانسوریان ئەکرد.

بە نهینی پش سەدان بەیان و بلاوکراوە دژی شا و ساواک دەرئەچو.

شا لە ژیر گوشاری بەریوەبەرایەتی سەروکی ئەمریکی کارتەر دا بەرنامەی «فضای باز سیاسی» راگەیاند کە گویا بەرەو لیبرالیزم ئەچی.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ لە «قوم» خوپیشاندان دەستی پی کرد. داوودەزگای ئاسایشی شا بە توندی لی یان دا و، چەند کەسی کوژرا. لە چلەی ئەم روداوەدا لە تەوریز خوپیشاندانیکی گەورە ریک خرا. خەلک هیرشیان کردە سەر بارەگاکانی حیزبی رەستاخیز، سینەماکان، بانکەکان. دەزگاکانی ئاسایش لەم خوپیشاندانەش دا ٣٠ کەسیکیان کوشت.

بو چلەی کوژراوەکانی تەوریز پیشەوایانی شیعە داوایان لە خەلک کرد خوپیشاندان بکەن. لە تاران و ئەسفەهان و زور شاری تری ئیران خوپیشاندانی گەورە کرا و، لە هەندی جی بو بە پیکادان لە نیوان خوپیشاندەران و پولیس دا.

یادکردنەوەی چلەی کوژراوەکان بو بە یەکی لە تاکتیکە سەرکەوتوەکانی سازدانی خەلک بو خوپیشاندان. بەلام خوپیشاندانەکان تا ئەهات زیاتر رەنگی دینیبان ئەگرت و، مەلاکان ئەهاتنە مەیدانی کارەوە. دەوری سەرکردە نادینییەکان کەمتر ئەبوەوە.

روژی هەینی خەلک لە مەیدانی ژالەی تاران کوبونەوە بو یادی کوژراوەکانی

سەرەتای ئەیلولی ٧٨ بەلام داوودەزگاکانی ئاسایش گوللەبارانی خۆپیشاندانەکەیان کرد و نزیکەی ٥٠٠ کەسیان لێ کوشتن. ئەم رووداوە بە ناوی «جومعەی سیاه» ناوی دەرکرد. ئەم کوشتارە شەپۆلی نارەزایی و توندوتیژی لە سەرانسەری ئێران دا زۆرتر کرد و، بوو بە سەرەتای قۆناغێکی تری پڕ تەوژمی بزووتنەوەی دوژمنایەتی شا.

خۆپیشاندان و مانگرتن پەرەی ئەسەند، شوێنەکانی وەکو: مزگەوت، زانستگا، بازار، کارگاکان... و، چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ وەکو: روشنبیر، بازرگان، چینی ناوەنجی، کرێکاران... و، ریزە سیاسییەکانی راست و کۆنەپارێز و، و چەپی پێشکەوتنخوازی وەکو: دینیی، کومونیست، مارکسی، دیموکرات، نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری... ئەگرتەوە.

شا بۆ ئەوەی نارەزایی خەلک دابرکێنێتەوە هەندێ ئالوگۆری کرد. جەمشیدی ئامووزگاری لابرد و، شەریفی ئیمامی بە سەرۆوەزیران دانا و، جەنەراڵ نەعسیری لە سەرۆکایەتی ساواک لابرد و جەنەراڵ موقەددەم ی دانا بەلام ئەم ئالوگۆرانە شتێکی ئەوتۆ نەبوون هەلومەرجی داگیرساو بکوژێنێتەوە. دروشمی «مرگ بر شاە» کەوت بوو سەر زمانی هەموو کەس و، خەلک بە گشتی ئەیانویست شا بروات و رژێمی شایەتی بروخێنرێ.

شا، جەنەراڵ ئوەیسی دانا بە «فەرمانداری نیزامی تاران»، ئەویش کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی قەدەغە کرد. بەلام جولانەوەی نارەزایی تاکتیکی خۆی لە خۆپیشاندانەوە گۆری بۆ مانگرتن. رۆژانی پرسە و ماتەمی کوژراوەکانیان ئەکرد بە رۆژی مانگرتنی گشتی. دوکان و بازار دائەخرا و، زانستگا و خوێندگاکان ئەبەستران، کرێکاران دەستیان لە کار ئەکێشایەوە و، دائیرەکان دەوامیان نەئەکرد.

شا لە کۆتایی حوزەیرانی ٧٨ دا لە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی دا بە هەواڵنووسێکی ئەمەریکایی وت بوو: «هیچ کەسی ناتوانی من لابەری، چونکە ٧٠٠ هەزار سپایی و، هەموو کرێکاران و، زۆرایەتی خەلک پشتیوانی منن».

خومەینی بوو بوو بە دوژمنێکی راستەقینە و هاندەری جولانەوەی نارەزایی لە ئێران دا. دروشمە ریفۆرمیستییەکانی سیاسییەکان و مەلاکان، کە ئەیانویست لە چوارچێوەی قانونی ئەساسی ئێران دا ئازادییەکان دابین بکەن، بە جۆرێکی بنەرەتیی گۆری بە دروشمی رووخاندنی رژێمی شایەتی.

گۆرانی دوخی سیاسیی ئێران کاری لە چارەنووسی ئێمەش ئەکرد، لە بەر ئەوە بۆ ئێمە جێگەی دلخۆشییەکی بێ ئەندازە بوو: رژێمی شا وەکو دوژمنی نەتەوەی کورد بە گشتی و، وەکو دوژمنی یەکێتی نیشتمانی بە تایبەتی و، وەکو پالپشتی بنەمالەی

بارزانی و ئەم، توشی تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵی لە چارەسەرەکردن نەهاتن هات بو. لە دورەوە بە وردی چاودیریی رووداوەکانمان ئەکرد.

بریارمان دا بو پشتیوانی لەم جولانەوەیە مامجەلال بە ناوی شورشی کوردستانی عیراقەوە چەند نامەیەک بو سەرکردە ناسراوەکانی بنوسی و، ئامادەیی یەکیتی دەربری بو هەر جورە هاوکارییەکی ئەوان بە چاکی ئەزانن.

مامجەلال نامەی بو ئیمام خومەینی و، ئایەتوللا شەریعەتمەداری، ئایەتوللا حسینعلی مونتەظیری و، چەند کەسیکی تر نوسی. نامەکەی ئیمام خومەینی مان نارد بو ریکخستن ئەوان بە دەستیکی ئەمین دا بوی بنیرن. نامەکانی تریش ساعید و جەعفەر ناردیان بو هاوریکانی خویان لە ئیران پی یان بگەینن. ریکخستن کەسیکی شایستەیان دوزی بوەوە نامەکەیان پیا نارد بو نەجەف بو خومەینی، ئەویش داود حسین، باوکی شەهید سەلمان، لە ریخراوی «هەلوی سور»، کە تازە لە بەغدا ئیعدام کرا بو. باوکی سەلمان کەسایەتییەکی ناسراو بو لە ناو کوردە شیعەکان دا، خەلکی مەندەلی بو، بەلام لە بەغدا دائەنیشت.

ئیران و عیراق لەو کاتەدا هەردوکیان کیشەی ناوخویان هەبو لاکەی تر ئەیتوانی بە کاری بهینی: ئیران کیشەی خومەینی و، عیراق کیشەی کورد. هەردولا ئەیویست لاکەی تر رازی بکا بو ئەوەی یاری بەم ئاگرە نەکا و، یارمەتی جولانەوەکە نەدا. رژیمی شا جولانەوەی کوردی عیراقی گەمارو دابو، هاوکاری لە گەل کاربەدەستانی عیراق ئەکرد بو دامرکاندنەوەی. رژیمی بەعسیش هاوکاری ئیرانی ئەکرد بو گەمارودانی ئیمام خومەینی.

کاربەدەستانی عیراق بەری چالاکی خومەینییان گرت و، ریگەیان گرت لە لایەنگرەکانی سەردانی بکەن. بەمەش دانەکەوتن. وەزیرانی دەرەوەی عیراق و ئیران کە چوبون بو کوبونەوەی کومەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، ریک کەوتن خومەینی لە عیراق دەربکەن. ئەمە لە ئیران دا دەنگی دابوەوە و بو بە هوی شەپولیکی تری مانگرتنی گشتی لە تاران و شارەکانی تردا. عیراق گوی ی نەدایە نارەزایی خەلکی ئیران خومەینی دەرکرد. خومەینی ماوەیەک لە سەر سنوری کویت مابوەوە هیچ دەولەتیک ئامادە نەبو بیگریتە خوی. سەرەنجام فەرەنسا ریگای دا. ٦ ی تشرینی یەکەمی ٧٨ خومەینی گەیشتە فەرەنسا. لە «نوفل لو شاتو» لە نزیک پاریس بارەگای دانا.

سالی ١٩٨٤ لە کاتی گفتوگوکانی بەعس - یەکیتی دا، سەعدون شاکیر، وەزیری ناوخوی ئەوسای عیراق، رووداوی دەرکردنی ئیمام خومەینی لە نەجەف و لە عیراق بو گیرایەوە، وتی: «کە پیمان وت تو لە عیراق دالدە دراوی بوت نیە دەس بخەیتە

کاروباری ئیرانەوە. لە وەلام دا وتی: «مەسەلەی ئیران تەواو بوە من پەیامم هەیە بو هەمو جیهان». وەزیری عیراقی، کە ماوەیەکی دریژ سەروکی دەزگای «موخابەرات» ی عیراق بو، دانی بەوەدا نا کە هەرگیز بە بیریان دا نەئەهات، ئەم ئاخوندە پیرەی لە نەجەف کەوت بو دەسەلاتیکی شاردراوە و نهینی وەها گەورەی هەبی و، بیی بەم ریبەرە ئەفسانەییە. بیگومان ئەگەر ئەوسا بەعس ئەوەیان بزانیایە هەرگیز نەیانئەهیشت لە دەستیان دەربچی.

ئەگەرچی نوفیل لو شاتو لە روی جوگرافیەوە، لە چاو نەجەف دا، لە ئیرانەوە دورتر بو، بەلام بو ئیمام خومەینی لە روی پیوەندی کردنەوە بە ئیران و بە لایەنگرەکانیەوە لە دنیا دا ئاسانتر و، ئازادی جولان و قسە کردنی زورتر بو.

دەستەی نوینەرایەتی یەکیتی کە پیک هات بو لە: د. فوئاد مەعصوم، عادل موراد، ئەحمەد بامەرنی، دو جار لە نوفیل لو شاتو دیداری ئیمام خومەینیان کرد. چارەنوسی شورشەکە هیشتا دیار نەبو. د. ئیبراهیم یەزدی یش لە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبی. نوینەرانی یەکیتی لەم دو دیدارەدا:

پشتیوانی تەواوی یەکیتیبان لە شورشەکە دەربری بو.

ئامادەیی یەکیتیبان پیشان دا بو کە هەمو هیز و توانای خوی بخاتە خزمەتی شورشی ئیرانەوە.

ئامادەیی یەکیتیبان دەربری بو بو مەشقدادانی لایەنگرەکانیان و گویزانەوەیان، بو گویزانەوەی چەک و تەقەمەنی و، لە کاتی پیویست دا خەریککردنی ئەرتەشی ئیران بە شەرەوە لە سەر سنورەکان بو ئەوەی نەتوانی هەمو هیزەکانی لە سەر ئەوان کو بکاتەوە.

ئامادەی یەکیتیبان دەربری بو ئەنجامدانی هەر کاریکی ئەوان داوای بکەن و بەمان بکری.

ئیمام خومەینی سپاسیان ئەکا و، ئەلی ئیمە ئیستا بەم ریگایە شەری رژیم ئەکەین، ئەگەر ئەم ریگایە سەرکەوتو نەبو، ئەوسا پەنا ئەبەینە بەر چەک و، پیویستیمان بە هاوکاری ئیوەیش ئەبی. ئینجا لی ی پرسی بون: ئیوە چیتان لە ئیمە ئەوی؟

نوینەرەکانی یەکیتی وت بویان: روخانی شا بو ئیوە چەند گرنگە، بو ئیمەش ئەوەندە گرنگە. ئیمە تەنیا سەرکەوتنی ئیوەمان ئەوی!

*

لە کاتیک دا سەرانسەری ئیران گری گرت بو، کوردستانی ئیران هیشتا لە خاموشییەکی وەکو خاموشی گورستان دا بو، ئەمەش ئەگەرایەوە بو چەند هویەک، لەوانە:

١. دانیشتوانی کوردستان بە تایبەتی کوردەکانی ئوستانەکانی کوردستان،

ئازەربایجانی غەربی، بەشێکی کرماشان سوننەن و، مەلاکانیان هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لە گەڵ دامەزراوی دینیی شیعەدا نەبو. بانگەوازەکانی خومەینی و پێشەواکانی تری شیعە نەیئەتوانی کاریان تێ بکات و بیانبزوێنێ، بە تایبەتی چونکە پێشینەیەکی دوورودرێژی چەوسانەوەی مەزهەبیی سوننەی ژێردەستە لە لایەن شیعەی دەسەلاتدارەوە، لە بیری خەلک و پێشەوا دینییەکان دا مابو.

٢. لەوەش گرنگتر کوردستان بۆشاییەکی سیاسی گەورەی تێ دا بو. هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی تێ دا نەبو، خەلک ساز بدا و ڕێکی بخا و ڕێبەریی بکا بۆ دەس پێ کردنی بزوتنەوەیەکی سیاسی دژی شا و ساواک. ئەوسا «کۆمەلە» ڕێکخراوێکی پچوک بو پێک هات بو لە ژمارەیەکی کەم کادر. هێشتا خۆی ئاشکرا نەکرد بو. ئەیشی ئەویست توشی زەرەر بێ. «حیزبی دیموکراتی کوردستان» یش لە ناو ئێران دا ڕێکخستن یا نفوزی نەبو. سەرکردە و کادر و ئەندامەکانی دور بون لە کوردستان و ڕوداوەکانی ناو ئێران. هەندێکیان لە بەغدا و هەندێکیان لە ئەوروپا بون. دەنگوباسەکانیان لە رادیوکانی دنیاوە ئەبیست.

*

ئەو ماوەیەی لە دەراوی گوێزی بوین لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم دا چەند کەسێکی ناسراو هاتنە ریزی پێشمەرگەوە لەوانە: سەید سەلیم، شێرکۆی شێخ عەلی، ئیبراهیم جەلال.

ئیبراهیم جەلال لە سەرکردایەتی ناوخۆی ڕێکخستنی کۆمەلە بو. لە قەلاتوکانەوە کە هات بو لە ڕێگا لە گەڵ هەندێ لە پێشمەرگەکانی مەنگور دەمیان لە یەک گیرا بو. کێشەیەکی زلی لە سەر دروست بو مامجەلال بو پشتیوانی لە ئیبراهیم بە توندی چو بە گژیان دا و سزای دان. برایم لە سەرکردایەتی مایەوە بو بە ئەندامی ناوەندی کۆمەلە.

شێرکۆ خۆی بە هیچ لایەک دا ساغ نەکرد بوەوە. پێش ئەوەی بێت بێ بە پێشمەرگە لە سلێمانی مەحموودی مەلا عیززەتی دی بو، مەحمود ئامۆژگاری کرد بو بێتە لای من و پاش گفتوگۆ ئینجا کارێک بگرێتە ئەستۆ. شێرکۆ لە سەرەتای دەس پێ کردنەوەی شۆڕش دا ئەندامی قم بو تەسلیم بوبوە. باوەری بە پارتی نەبو. لە کارەساتی هەکاری دا، ئارازی برای کە لە گەڵ کاک عەلی پێشمەرگە بو، کوژرا بو. چەند ڕۆژێ لای ئێمە مایەوە بە ناوی سەردانەوەی ناوچەکەی خۆیان خواحافیزی لە ئێمە کرد. چو بوە لای رەسول. رەسول کرد بوی بە مەسئولی بزوتنەوە لە دۆلی جافەتی.

سەید سەلیم لە ڕێکخستنی بزوتنەوە بو، سەردانی ڕەسولی کرد بو، ڕەسول زوری

قسه بو کرد بو له دژی مامجەلال و یەکیتی، که هاته لای ئیمە ئەبویست باری سەرنجی هەردولا لە یەک نزیک بکاتەوە. له گەل خوی چەند پیشمەرگەیەکیشی هینا بو. یەکیکیان ئەورەحمان سەیدە بو. رەحمان برای مەحمود سەیدە بو. مەحمودی برای له سەرەتای دەس پی کردنەوەدا فەرماندەی کەرت بو له بالەکایەتی. پیاویکی هەلکەوتوی قارەمان بو. بە زوری ئەم پەرینەوەی پیشمەرگەی لە پردی ناوەندە دابین ئەکرد. ئەو کاتەی ئیمە له برادوست بوین شەهید بو. مەحمود هاوری ی کومەلە بو.

سەید سەلیم دانرا بە فەرماندەی هەریمی ۱۲ ی رەواندز و، دانای ئەحمەد مەجید بە رابەری سیاسی هەریمەکەی، پیکەوە رویشتن بو ناوچەی کارەکانی خویان. بەلام سەید سەلیم کە تورە بونی مامجەلالی له مەنگورەکان بینی، زوری پی ناخوش بو ئیتر دلی رەنجا.

*

لیپرسینەوە

سەید کاکە و قادری مامەند ئاغای پشدەری هەردوکیان لای قم لە دیوی تورکیا دەس بە سەر بون. هەلیان بو هەلکەوت بو هەلات بون. بە دوقولی لە دیوی تورکیاوە خویان کرد بو بە بادینان دا و بە چەند روژی بە ناو کوردستانی عیراق دا گەیشتنەوە لامان. سەید کاکە ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوە و، یەکیتی و، فەرماندەی هەریمی ۸ ی دەشتی هەولیر بو. قادرئاغاش فەرماندەی هەریمی ۱۲ ی پشدەر بو.

سەید کاکە لە شورشی ئەیلول دا سەرلق بو بو، سەرەتای ئەم شورشەش کاک خالید قسەی لە گەل کرد بو لە گەل خوی هینا بویە دەرەوە. کابرایەکی نەخویندەوار بو بەلام زیرەک و فیلباز و قسە خوش بو. لە سەردەمی پاشایەتی دا چەند جاری لە سەر دزی گیرا بو. لەم شورشەش دا خوشکیکی خوی کوشت بو لە سەر ئەوەی بی رەزامەندی ئەم شوی کرد بو.

ئەو کاتەی ئەوان هاتنەوە نیوانی بزوتنەوە لە گەل یەکیتی تا ئەهات ساردتر ئەبو. عەلی سلیمان بەرپرسی بزوتنەوە بو و، خوی بە کادری بزوتنەوە دائەنا. بو تیمار کردنی هەندی نەخوش چو بو بو ناو هەواری مەنگورەکان و، هەندی قسەی ناشیرینی لە دژی کومەلە کرد بو. قسەکەمان پی گەیشتەوە زورمان پی ناخوش بو. مامجەلال له هەمومان زیاتری پی ناخوش بو. نامەی بو بزوتنەوە نوسی لە سەر ئەو قسانە لی ی بپرسنەوە. گوی ی خویانیان لی خەواند. مامجەلال گلەیی کرد. سەید کاکە سەری رەسول و ئەوانی دا و هاتەوە. سەید کاکە بە مامجەلالی وت: «بوچی شکات لە عەلی ئەکەیت چونکە قسەی کردوە و گلەیی لە

رەسول ئەکەی چونکە لی ی نەپرسیوەتەوە؟»
مامجەلال وتی: «ئەی چی لی بکەم؟»
سەید کاکە وتی: «وەکو من محاسبەیان بکە!»
مامجەلال وتی: «چون؟»
سەید کاکە وتی: «لە شورشی پیشودا سەرلقیکم هەبو زو زو لە لای بارەگای بارزانی شکاتی لی ئەکردم. چەند جاری ئاموژگاریم کرد شتی وا نەکا کەلکی نەگرت. روژیکیان هات بو بارەگای بەتالیون. منیش چومە مالەوە چەک و فیشەکدانەکەمم دانا. داریکی ئەستورم هەلگرت لە کەندیک دا شاردمەوە. چومە بارەگا لە بەر چاوی هەمویان بە گەرمی بەخیر هاتنی کابرام کرد و ئەم لا و ئەو لایم ماچ کرد. پاش نەختی وتم ئیشم پیتە. لە گەل خوم بردم بو کەندەکە. هەتا توانیم دارکاریم کرد و پیم وت هەرچەند شکاتم لی بکەی لەسەرولا وەهات لی ئەکەم. چومەوە بو مالەوە و لەویوە چومەوە بو بارەگای بەتالیون. کابرا کرد بوی بە هەرا کەوا من لیم داوە. وتم درو ئەکا بە بەرچاوی هەموتانەوە من ریزم لی گرتوە و، ئەویش لە من بەهیزتر و قەلافەتی گەورەترە چون ئەتوانم لی ی بدەم. کابرا ئیتر تەمی بو بورای بەر شکاتی لی نەئەکردم.
توش پیویستی نەئەکرد شکات لە عەلی سلیمان بکەی. بانگت بکردایە بو ئیرە بتوتایە دەرمانمان بو هاتوە وەرە بەشت بدەم. کە هات لە بەر چاوی هەموان ریزت بگرتایە و نەختی دەرمانیشت بدایەتی. ئینجا بتبردایە بو کەندی لە پەناوە تیروپر داوکاریت بکردایە. کەس نەیئەزانی و عەلی یش تەمی ئەبو»

*

کە چوینە ناو پایزەوە ئیتر ئەمانتوانی بلیین: لە تیشکانی هەکاری هەستاوینەتەوە.
- لە روی سیاسییەوە:
گەلەکومەکی ی دەولەتانی ناوچەکە بو تیکشکاندنی شورشەکە و، پیلانی قم بو تیکشکاندنی یەکیتی، ناوبانگی یەکیتی بەرز کرد بوەوە و، ناوبانگی بنەمالەی بارزانی و قم ی زیاتر دابەزاند بو. خەلکی کوردستان بە هاودەردییەکی قولەوە سەیری یەکیتی و، چالاکییە سیاسی و پیشمەرگەییەکانی ئەکرد. لە خوبرانی پیشمەرگەکانی لە شاخەکان دا و، جموجولی فراوانی ئەندامەکانی لە شارەکان دا و، ئازایەتی بی وینەی گیراوەکانی لە زیندانەکان دا، جیگای ریزی هەمو کوردیکی دلسوز بو. ئەمەش زەمینەی گەشەکردنی ریکخراوەیی و پیشمەرگەیی یەکیتی خوشتر کرد بو.

- له رووی پیشمەرگایەتییەوە:

هەموو هەریمەکان بوژابوونەوە و، هەندی هەریم و «قوەت» ی تازەش دروست کرا بوو. هەریمی ١ ی هەورامان (هەلەبجە)، مەلا بەختیار. هەریمی ٢ ی کەرکوک، سەلاح چاوشین. هەریمی ٣ ی شارباژیر (چوارتا)، مستەفا چاورەش. هەریمی ٤ ی جافەتی (دوکان)، جەمالی عەلی باپیر. هەریمی ٥ ی قەرەداغ، سیروان «فەیسەل تالەبانی». هەریمی ٦ ی پشدەر (قەلادزە)، حاجی حاجی برایم. هەریمی ٧ ی بالەک (چومان)، زیرەوی عەبدوللا ریوی. هەریمی ٨ ی هەولیر، سەید کاکە. سەرەرای ئەمانەش هەریمیکی تازە لە بەری ئاسوس بو قادرئاغای میراودەلی، بە هاوکاری سەدرەدینی شیخ حەسەن و هومەری بابەکراغای پشدەری و، هەریمیکی تازە بو جەلالی حاجی حسین لە پینجوین و، هەریمیکی تازە بو سەید سەلیم لە رەواندز - شەقلاوە.. دروست کرا.

«هەریمی پاریزگاری» کە پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ئەستو بو گەیشت بوە ١٤ کەرت. هیچ کەرتیکی لە ٤٠ پیشمەرگە کەمتر نەبو. زوری پیشمەرگەکان بە پارەی خویان چەکیان کری بو، بو ژیانیش کەسوکاریان یارمەتییان ئەدان. یارمەتییەکەی مەکتەبی سیاسی، بو ئەوان، شتیکی کەم و رەمزی بو.

- لە رووی ریکخراوەییەوە:

گەشەکردنیکی زور بە سەر ریکخستنە نهینییەکان دا هات بو. «کومیتەی سەرکردایەتی ریکخستنی ناوخو» بە سەرپەرشتی جەمال تاپەر دەیان کومیتە و شانەی تازەی لە شارەکانی سلیمانی، کەرکوک، هەولیر، بەغداد... دامەزراند بو و، «کومیتەی راپەرین» یش بە سەرپەرشتی حەسەن کویستانی سەدان تیکوشەری نوی یان لە گەلالە، چومان، رەواندز، هەریر، شەقلاوە، رانیە، هەولیر... هینا بوە ریزی ریکخستنەوە. جگە لەمان دەیان ریکخستنی جیا جیای پچوکمان لە شارەکانی کوردستان دا دروست کرد بو.

لق و ناوچەکانی یەکیتی یش لە دیهاتەکان دا ریکخستنی فراوانیان دروست کرد بو. زوری ناوچەکان بوژا بونەوە و، کادرەکانیان بە ناوچەکان دا بلاو بوبونەوە.

*

لەمروژانەدا بیست مان هیزیکی قم لە تورکیاوە بە ناو ئیران دا هاتونەتە ناوچەی سەردەشت. وریای رەوف سەعاتچی، یەکی بو لە مەسئولەکانیان، هومەری بابەکراغای میراودەلییان لە گەل بو. هومەراغا پیشمەرگەی یەکیتی بو، لە کارەساتی هەکاری دا گیرا بو، ئەم یەکی بو لەوانەی چو بوە ریزی قم وە. هیزیکمان لە سەر کوکردنەوە و، «یادداشتیکی نارەزایی» شمان بو حکومەتی ئیران نوسی. من چومە سەر سنوری ئیران

یادداشتەکەم تەسلیمی ئەفسەریکی ئیرانی کرد. هیزەکەشمان کەوتە راونانی هیزەکەی قەم. بلاوەیان لی کرد. هومەراغا گەرایەوە ریزی یەکیتی. لە گەلٚ خویان ٣ دوشکایان هینا بو. بویان دەرنەچو بو لە گوندیکی سەردەشت شارد بویانەوە. ناردمان دوزیبیانەوە و هینایان. ئەم دوشکانە لەوانە بون کاتی خوی لە کاروانەکەی حەسەن خوشناویان گرت بو.

ئەمە یەکەمین وەجبەی چەکی قورس بو دەستمان بکەوی. بو پاریزگاری بنکەکانمان لە پەلاماری هالیکوپتەر بە کەلک بون.

*

سال بەرەو سارد بون ئەچو. دەراوی گویزی بە زستان لە دنیا دائەبرا. ئەبو مشوری جیگایەک بخوین بو بە سەر بردنی زستان. نزیکەی ٦ مانگ لە هەوارەکانی دولە نیٚ، شیخ نایش، گوزرتسویٚ، خیلاپ، زەنگەلیٚن، سەرشیخان، دولٚ بلویر، بەرخلیسک، تاتی دو، شەرگە، بازاری ورچان، دەراوی گورگان، وارمیوان، دولە لینیٚ، تەنگی سلیمانی، دەراوی گویزی... بوین. روژی ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ٧٨ بارگە و بنەمان پیچایەوە بەرەو «بیدەلان» و لەویوە بو «خری ناوزەنگ».

*

خڕی ناوزەنگ: پایتەختی شۆڕش

*

ناوزەنگ، یان وەکـو هەندێ لە دانیشـتـوانی ناوچەکـە پێی یان ئەوت: «خـڕی نەرزەنگ»، کەوت بوە ئەرزی عیراق لە سەر سنوری ئیران، لە نێوان زنجیرەیەک بەرزایی پێکەوە بەسـتـراودا بو، بە ناوی: قـەلات، زینوی سـور، گـردی گـویژ، چاکی ئەسـحـابە، سەرنسێ و، هەمویشی لە بناری چیای مامەندە دا بو. ناوچەیەکی شاخاوی پڕ داروددەوەن و، سەرچاوەیەکی ئاوی سـازگـار لە سـەروبەوە لە کونە بەردێکی گـەچیی هەڵ ئەقـولا، لە کـۆنەوە جـوگـایەکی لێ هەلگیـرا بو بە زینوی سـوردا ئەرۆیشت بو ئاوەدانی زەویـیـەکـانی «وزەلێ». لای ڕۆژهەلاتی جـوگـایەکی پچـوک و، دامـێـنەکـەی چەمـێکی گـەورە لە ئەرزی ئیران، کە زنجیرەیەک چیای بەرز بون، جیای ئەکردەوە.

وشەی «خڕ» چەند واتای جیا جیای هەیە:

خڕ: ١. شێوی پڕ لە خرکەبەرد و زیخ و چەو. وەکو: «خڕی ناوزەنگ» و «خڕی چناخچیـیـان» لە نزیک «عـەربەت». پەندێکی پێشینان ئەلێ: «گاڕانیان لە خڕەوە ئەبرد، پیـرێژن لە گـۆلکە سـوری ئەپرسی!». ٢. شـێوەی دائیـری یان وەکـو تۆپ. لە گـۆرانی دا ئـەلێن: «مـەمکی خـڕ کـرد وەک هەلو». یان ئەلێن: «توشی ملە خـڕێ بوە». ٣. گـشـت، هەمو. «خڕیان ڕاپێچ کردن بۆ شەڕ». خڕوپڕ، خڕوخۆڵ: سیفەتێکی نازدارانەیە بۆ ئافرەتی گۆشتن.

لە گەڵ «کـار» یش دا بە کار ئەهێنری: خـڕ کردنەوە: کۆ کردنەوە، گـرد کردنەوە. خڕ بونەوە: کۆ بونەوە، گرد بونەوە. خڕ داخستن: داخستنی دەرگا بە چاکی. هەڵ خڕاندن: هەڵ خەلەتاندن، تەفرەدان.

خڕی ناوزەنگ و ناوچەکـانی دەوروپشتی لەوەڕگـای خـەلکی شـێنی بو. پێـشـتـر ئاوەدانی تێ دا نەبو. ئێمە کە ویستمان ئاوای بکەینەوە خەلکی شێنی لە ڕوی دڵسۆزییەوە زۆرمـان لە گـەڵ خـەریک بون لەو شـوێـنە پەشـیـمـان بکەنەوە. ئەیانوت: «ئەم ناوچەیە چۆلە لە زستـان دا بەفری زۆری لێ ئەبارێ، ڕێگاکانی هاتوچوی ئەبەستری، ڕنوی گەورە لە شاخەکانەوە بە سەر ناوچەکەدا دێ. بەهارانیش ئاوەزێ ی هەیە و، کانی دروزنەی زۆری لێ ئەتەقێ...» ئێمە گوێ مان نەدایە ئەم قسانە. ناوچەکە لە باری سەرنجی جەنگییەوە نمونەیی بو بۆ بنکەی پێشمەرگە لە هەلومەرجی ئەو زەمانەدا.

به چوار دەوری شوێنەکەدا هەر مەفرەزە یا کەرتێک شوێنێکی هەڵبژارد و چاکی کرد بۆ ئەوەی خێوەتی تێ دا هەڵ بدا. دنیا بەرەو سارد بوون ئەچوو، بۆ ئەوەی خێوەتەکان لە بای سارد و دڵۆپەی باران بپارێزین بە نایلۆن دامان پۆشین. کەوتینە جێبەجێ کردنی کارە سیاسی و پێشمەرگەییەکانی خۆمان و، مشور خواردنی پێویستییەکانی بە سەر بردنی زستان.

*

کۆبوونەوەی فراوانی کادرەکانی کۆمەڵە

سەرەرای کارەساتی هەکاری، هەم یەکێتیی نیشتمانیی گەشەی کرد بوو، هەم کۆمەڵە. ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد بوو، رێکخستن لە گوند و لە شار پەرەی سەند بوو. کۆمەڵە پێویستی بە هەندێ گۆڕینی بنەرەتی هەبوو لە بیروباوەر و، لە ناوەکەی و، لە شێوەی کارکردنی دا. ئەمەش لە دەسەڵاتی من دا نەبوو، پێویستی بە کۆبوونەوەی کادرەکان هەبوو.

کۆبوونەوەی کادرەکان لە گوندی شینێ رێک خرا، ئەمجارەش لە شێوەی سیمینار دا بەرێوە ئەبرا.

تا ئەو کاتە کۆمەڵە ناوی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی بوو، پەیرەوی مارکسیزم - لینینیزم - بیروباوەری ماوتسی تونگی ئەکرد. کادرەکانی بەم گیانە پەروەردە ئەکران و، بەرنامەی تێگەیاندنی ئەڵقە رۆشنبیرییەکانیشی لە سەر ئەو بنچینەیە دامەزرا بوو. کۆمەڵە ناوەکەی لە گەڵ ئەرکە قورسەکانی قۆناغەکەدا نەئەگونجا و، لە گەڵ سەلیقەی کوردی ناساز بوو. جارێکیان برادەرێک وتی: «ئەم ناوە بۆ تاقمێ فەیلەسوفی عەینەک لە چاو باشە، لە گۆشەی کتێبخانەیەک دا، خەریکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بن، نەک بۆ رێکخراوێک سەرکردایەتی شۆرشێکی وەکو شۆرشی کورد بکا». ئەم ناوە لە لای هەندێ کەس پیرۆزییەکی بێ ئەندازەی هەبوو. لەم کۆبوونەوانەدا گفتوگۆی درێژ و قووڵ کرا بۆ گۆڕینی ناوی کۆمەڵە. سەرەنجام گۆڕینی ناوەکەی قبوڵ کرا، بەڵام ناوی جۆراوجۆر پێشنیار کرا لەوانە: «حیزبی شیوعی کوردستان». هەندێ لەو هاورێیانە لە دنیا بێ ئاگا بوون، لایان وابوو وشەی «شیوعی» سیحرێکی تایبەتی تیایە. هەوڵێکی زۆرم دا بۆ ئەوەی ناوێکی گونجاو لە گەڵ هەلومەرجی کوردستان بچەسپێنم، لە سەر «کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان» ساغ بوینەوە.

لە دەرکردنی «رزگاری» دا چەند لاپەرەیەکمان تەرخان کرد بۆ بۆ وەرگێرانی وتەکانی ماوتسیتونگ و، چەند لاپەرەیەکیشمان تەرخان کرد بۆ بۆ شیکردنەوەی

لەم دنیا ئاکۆک و ئاڵۆز و ناسازەدا ، هیچ بزوتنەوەیەك ، هیچ ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی ، هیچ کارێکی سیاسی ، ئیمشانەت هیچ هەڵوێستێکی سیاسی نیە توانلێفەوەی لەم ئاڵۆزی و ئاکۆکیە نەبێت و دوری جیهانەتی بێوە نەبێ . بە کێك کە باوەڕی بە ئیوری زانستی و سۆشیالیزمە ، بەکێکی تر کە باوەڕی بە سەرمایەداری و دیموکراتی بورجوازیە و یەکێکی کە کە باوەڕی بە ئەفسانە و سەرگوزشتەیە ، هەر یەکە بەجۆرێك لە ڕوداوەکانی کۆمەڵایەتی خۆیان و دنیا ئەگەن کە زۆر جیاوازە لە هی ئەوی تریان .

هەر لەبەر ئەوەیە دوکەس ، کە دو باوەڕی جیاوازیان هەبە ، کە لە مەسەلەی میللەتەکەیان ئەکۆڵنەوە ، و توانای خەبات و بەرگری و مەرجەکانی سەرکەوتن و هۆکانی ژێرکەوتن ، زەرفی دەولی خەراپ و باش ئەبیسن و هەڵئەسەنگێنن ، لە دو ڕوانگەی زۆر جیاوازەوە، بە دو جۆری زۆر جیاوازی ئەبینن و هەڵی ئەسەنگێنن .

هەر ڕەکو لە زانستە سروشتیەکانا هۆی ناوەوە سەرەکی و بڕیاردەرە وەی دەرەوە دەرەکی و پارمەتیدەرە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکانیشدا هەروایە . گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئەرهەنگی هەر کۆمەڵێك بەر لە هەمو شتی بەندە بە هۆ و مەرج و هەلەکانی ناوەوەی ئەو کۆمەڵە خۆیەوە ، هێزەکانی دەرەوە هەر ئەتوانن پارمەتیدەرێکی مەلی یا ئیجابی بن . کۆمەڵێك خۆی ئامادە نەبێ بۆ گۆڕان و شۆڕش ، هەزاران سەرباز و لەشکر و جاسوس و بەکرێگیراو و شارەزا و پسپۆر و پارمەتیدەر و مامۆستا و ئیوری زانای بیگانە ناتوانن لەکاتێکی بێ ئەدەمی یا گۆڕانی ڕیشەیی لیا پەیدا بکەن ، مەسەلەی کوردیش لەم قانونە بە دەر نیە .

وە ئەگەر ئەم قانونە گشتیە هەو بێت و سەرگوزشتەی « زەرفی دەولی » ڕاست بێت ، بێ گومان ئەوسا هەو زلەکانی دوژمنانی کوردیش بە ڕاست دەر ئەچێت لەو بڕوایە : کە کوردایەتی دەستکردی ئیمپریالیزمە ، بناغەی نیە لە خۆیەتی بیگانەدایە .

سەرکەوتن و ژێرکەوتنی هەمو بزوتنەوەیەك بەندە بە ڕادەی ڕاست هەڵسەنگاندنی کامڵ بون و گەشەکردنی زروفە سەروزعی و زاتیەکانەوە ، کە بەکێکیان " زەرفی دەولی باش یا خراپە " و بە هویەکی دەرەکی پارمەتیدەر دائەنرێت ، نەك بە هویەکی ناوەکی بڕیاردەر : کورد نوستی نیە ؟

سەیر کردنێکی دنیای ئەم سەردەمە ، با هیچ ئەبێ گۆڕیگرێن و ئیشتی هەواڵ و

بڕوانە لاپەڕە ـ ٦ ـ

پاشماوەی ڕوونەی ژمارە

بیاریشیانە لایەمن سەرکردایەتیەیە خێلەکیەکەیەوە ، بە ئاینتی نیشتمانی کوردستانی لە دوا ڕۆژدا کە هەنگاوێکی تری گەورەیە بەرە پێشەوە ، بوو و ڕیکخستنەوەی هێزو توانای کوردایەتی و لەسەرەوە کەری شۆڕشەکەی ، بە ڕەچاو کردنی هەموو ئەمو مەرج و هەنگاوەی پاشەکەوتی کردوون بە مێژووی ئەو خەباتە بۆ ئیعالکردن و دووبارە ئەمای ئیملای کردوونی و سەرکردایەتی خێلەکی بە لیزاتی ئاو کردنی بەو گۆڕاوە بەرێ ڕێتەمەی مێژوو کیسەی کورد و کوردستانەدا هێنا و بە خەبات کردن بۆ هێنانەدی مەرجەکانی سەرکەوتن کەبریتیە لە : بەگرتنی یەکێك هێزو نیشتمانپەروەر شۆڕشگێڕ و دیموکراتو مارکسی ــ لینینی ئاو کوردایەتی لە بەکێتیەکی نیشتمانی ئەواندا کە ماوەی پێکەوە ژیان و پێکەوە خەبات کردنیان ئەمات و زەمینە خۆش ئەکات بۆ ئەمامەك بوونی پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ ، بۆ ڕابەرایەتی کردنی خەباتی کوردایەتی شان بە شانی هێزە پێشکەوتن و شۆڕشگێڕەکانی تری عیراق لە پێناوی ڕووخاندنی فاشیزم و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی ئیئتلافی دیموکرات کە دەستەبەری دیموکراسی بێت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بەو کوردستانی عیراق . ئەمە جگە لە شەرتەکانی هاو خەباتی لەگەل بەشەکانی تری کوردایەتی لە سەرانسەری کوردستاندا و هاوخەباتی لەگەل هێزە پێشکەوتوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و هێزەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهاندا .

بەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە باوەری ئەگۆڕی بەو ڕاستیەبە هەموو کە کوردایەتی ئەمرێوە و خەباتەکەی ئازاری بەرێ ئاچی هەڵئەگیرسێتەوە ، بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و چەکدار ، سەبارەت بەمەی فاشیزم هیچ ڕێگەیەکی تری بۆ نە هێشتووەتەوە . بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە بۆ کۆکردنەوەی شۆڕشگێرە ئەبەزەکان و خستنەوە گەڕیان بە شێوەی خەباتی پارتیزانانە (پێشمەرگە) کە لە پێشەوە لە ناوەی چەکداری هۆشیارو ئازاو دڵێرەوە دەست پێ ئەکات بەو ڕاپەڕاندنەوە و هێنانەوە جۆش و خرۆشی جەماوەر بە گشتی و پێشمەرگە ئەبەزەکانی کوردستان بە تایبەتی ، بە ڕیبازی ئەوێ و سەرکردایەتیەکی پێشکەوتووی نوێ ، ئەوەبوو ئوترا هەر زوو بۆای سالێك بە ئلبە ئالەکەی سەرکرایەتی خێلەکی بەشۆڕش و بەپارتی و پێشمەرگەی کوردستان ، چەندین دەستەی چەکداری ئیکۆشەر بڵاوبونەوە شاخەکانی کوردستان .

لە ماوەی ئەمسالیشەوە لە بادینان چەندین ناقمی شۆڕشگێر بە سەرکردایەتی پاڵەوانی ئیکۆشەر نەقیب ئیبراهیم عزو محمد و هاوڕێ ئیکۆشەرەکانی : عیزەت ئیسماعیل شەنگاری و قاسم محمد عەلی ئاکمەنەری و فیصل کاشان و جەلیل عبدال شەعبان کەوتنە چالاکی . لەناوچەی سێبەرانیش ئیکۆشەرانی کوردایەتی : کاك نجم عەزیز و کاك جەمال عەلی بابیر و هاوڕێکانیان لە لادێ و دەشتەکان دا کەوتنەوە چالاکی .

لە ناوچەی هەولێریش جوتیارانی ناوچەی بالەکایەتی دەستیان دژی هێرشی ڕاگوستن و ئەمرکاندنەوەی ئاشتیانە وەستان و دەیان ئیکۆشەر دەستیان کرد بە تفەنگ و داهاتە کێوەکان بە سەرکردایەتی مامە شێخە و کاك ئەحمەد ئەبی و ئازادی پێ ئەجورو دواتر ئیکۆشەرەکانی گەلەکەمان کاك عومەر دەبابە و کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید سەعید و کاك ئاهیر علی والی و کاك سەعدی گچکە و کاك سەید کاکە و هاوڕێ ئیکۆشەرەکانیشیان دابانە شاخ و دەستیان بە خەباتی چەکدارانە کردەوە لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانیدا .

بەم جۆرە ئەمرۆ لە زۆر شوێنی وڵاتدا خەباتی پێشمەرگانەی چەکدار دەستی پێ کردۆتەوە بە هیوای هێنانەوە جۆش و خرۆشی پێشمەرگە ئەبەزەکان و ڕۆڵە هۆشیارەکانی گەلەکەمان و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە کوردستاندا . بەلام شۆڕشێکی عیراقی ، شۆڕشێکی دیموکراتی دوژمن بە ئیمپریالیزم و فاشیزم و کۆنەپەرستی ، کە یا بلێسەکەی لە ئووتکەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوە بەرز بێتەوە بەلام مەشخەلەکەی لەمی هەموو عیراق دابگرێتەوە . لەبەر ئەمە هەر لە ڕووی سروشت و ئەنجامەوە ، ئەك هەر بە هۆزشم ، بگرە لە ڕووی فراوانی و پەرەسەندنەوە ، بە کردەوەش بکرێت بە شۆڕشێکی عیراقی دیموکرات ، شۆڕشی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و هەموو هاو نیشتمانیەکی دیموکرات و ئازادیخواز .

بۆ ئەم مەبەستە بەرزەش یەکێتی نیشتمانی کوردستان بانگی هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی عیراق ئەکات ، ئەوانەی لە ناو (التجمع الوطني العراقي) دان ، یا لە دەرەوەی، بۆ هەڵوێستی و هاوکاری کردن لەم شۆڕشە دیموکراتیەدا ، بۆ کردنی بە شۆڕشی گەلی عیراق لە پێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراقدا .

سەرکەوتوو بێت شۆڕشە عیراقیە دیموکراتەکەمان .

گۆشەی ڕێکخستن

مەسەلەی ئەندامەتی و ڕێکخراوەکانی بە کێڵگەی نیشتمانیی کوردستان

(١)

بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، بەتایبەتی لەسالانی پێش یەکەم جەنگی جیهانیدا ، سە بارەت بە زۆر هۆی ناوەکی و دەرەکی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ناو کۆمەلی کوردستان ، حکومەتەکانی عوسمانی و قاجاری و دنیای ئەوسا پێی نابووە قۆناغێکی نوێوە . یەکێک لە پێشە گرنگەکانی ئەم قۆناغە پێکهێنانی دامودەزگاو ڕێکخراوی نەتەوەیی سیاسی و فەرهەنگی بوو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردا .

بەلام ئەم دام و دەزگایانە ڕێکخراوی جەماوەری نەبوون و بەشێوەیەکی سەرەکی پێکهاتبوون لە توێژەکانی سەرەوەی کۆمەلی ئەوسای کوردستان ، واتە هەلبژاردەنەوەی ئەمیر و پاشا و شێخ و ئەفسەر و کاربەدەستە زلەکانی کورد . لە ڕووی جۆری بیرکردنەوەو ئیدەی کارو خەباتەوە ، ئەمیان نەیانتوانی ببنە ڕێکخراوی فراوانی جەماوەری خەلکی کوردستان . جیاوازیو ناکۆکیو پروپاگاندەو جەنگی ولات لەدەوری خۆیان بنالێنەو وەکو تۆو لەناو گەلدا دابکرێن .

سەرەرای ئەمەش ، ئەم ڕێکخراوو دەزگا سیاسیانە نە پرۆگرامێکی ڕوونو ئاشکراو دیاریکراویان هەبوو کە پێویستیەکانی ڕزگاریو گۆڕانو گەشەکردنو پێشکەوتنی کۆمەلی کوردستان بنوێنێتەوە ، وە نە (پەیڕەوی ناوخۆ) یشیان هەبوو ، کە بژیاری ناوەوەی ڕێکخراوەکە و پەیوەندیەکانی نێوان ئەندامەکانی بڕیاربدات و ، نێوان ڕابەرایەتیو ئەندامەکانی ، نێوان ڕێکخراوەکەو ئەندامەکانیو جەماوەری گەل دیاری بکات .

کێشەکی یەکەوەبەستنی ئەمانە ، هەستی ڕوونی نەتەوایەتی (خۆبەکورد زانینو هەولدان بۆ ڕزگاری کوردو کوردستان لە ژێردەستەیی) وە پایەی کۆمەلایەتی خۆیان بوو ، نەک پەیوەندی ئایدیۆلۆجیو بیروگرانی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو فەرهەنگیو پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە .

لەگەڵ هەڵگیرسانی یەکەم جەنگی جیهانیو ڕاپەڕینی زۆربەی سەرکردەو ڕابەرو ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوو دامودەزگە سیاسیانە بۆ مەیدانەکانی شەڕو کوشتاری گرانی جەنگو جەلالیو جموجۆلیانو لەبەرئەوانی ئەمڕۆیکی کاریگەر لە گۆڕینی باری سیاسی کوردا بگێڕن ، بەلام هەندێک لەم ڕێکخراوانە شوێنەواری باشیو یەکەمین بەجێهێشت و ڕووی خۆیان ناوە بە خەباتی گەلەکەماندا لەو قۆناغەدا .

(٢)

لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیو لەکاتی دووەم جەنگی جیهانیشدا ، چەندین ڕێکخراوو دامودەزگای نەتەوەیی سیاسی دروستبوون وەکو :

جەمعیەتی کوردستان / ١٩٢٠ (عیراق) ، کۆمەلی خۆیبوون / ١٩٢٧ — ١٩٣١ (تورکیاو سوریا) ، کۆمەلی یەکیتی و کۆمەلی برایەتی / سەربەکان (عیراق) ، کۆمەلی هیوا / ١٩٣٩ (عیراق) ، حیزبی ئازادیخوازانی کوردستان / ١٩٤١ (ئیران) ، کۆمەلەی ژ . ک / ١٩٤٢ (ئیران) .

لەگەڵ هەلو مەرجی دروستبوون و پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوانە بەراورد بکرێن ، کەمێ زۆر جیاوازییان لە ئارا هەیە ، بەلام بەگشتی لە چاو هێنەکانی سەردەمی پێش یەکەم جەنگی جیهانیدا پتر گەشەیان کردووە بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە پێکهاتنی کۆمەلایەتی ئەم ڕێکخراوانەی بریتی نەبوو لە ئاغا و توێژەکانی سەرەوەی کۆمەلو

هەلبژاردە ، بەلکو خەلکی شارەکانو بورجوازو ورچەخۆر و دوکاندار و مەلاو پیشەگەر و کرێکارو ... هەندێک جار جوتیاریشی گرتووەوە . ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەکی ڕابەرایەتی هەر بەدەستی توێژی سەرەوەی کۆمەلەوە بوو ، بەلام کۆمەلانی خەلکیش ، بەتایبەتی جەماوەری شارەکان ، وەکو هێزێکی بەرچاو لە هەندێک لەم ڕێکخراوانەدا بەشدار بوون . یەکێ لەمرکانی ئەم گۆڕانە ئەو جێگە لەبەر گەشە کردنی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد ، گراسپتنەوەی ناوەندی چالاکیو جموجۆلی ڕێکخراوەکان بوو لە ئەستەمبولەوە بۆ ناو کوردستان . وە بەتایبەتی کوردایەتی بۆ لە ناو شارەکاندا .

بەلام ئالەواوکیو کەموکوریە بنچینەییەکانی کە لە دەزگا سیاسیەکانی پێشوودا بوون ، لەماتێشدا دووبارە بوونەوە کە بەکێکیان نەبوونی (پەیڕەوی ناوخۆ) ی ڕێکخراوێکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی ناوەوەی دەزگاکە .

کێ ئەتوانێت ببێتە ئەندام و کێ ناتوانێت ؟ ئەندامان بە شێوەیەکی سەرەکی لەناو کام چینو ناتی کۆمەلەوە ئەبێت بێن ؟ ئەو مەرجانە چین کەوا کەسێکا ئەبێت هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە ئەندام ؟ ئەندام چۆن ئەمڕۆرێتەوە ، چۆن پەروەردە ئەکرێت ؟ پەیوەکانی وەرگرتنو هەلسەنگاندنی چین ؟ ئەرکەکانی سەرەکی چین ، مافەکانی چین ، پەیوەندی نێوان ڕابەرایەتیو ئۆرگانەکانی ڕێکخراوەکە ، چی نێوان ڕابەرایەتیو جەماوەری ئەندامان ، چی نێوان لە ئەندامان خۆیان ، چی نێوان ڕێکخراوەکەو جەماوەری گەل .... گرنگیەکەی مەسەلەی ئەندامەتی بەڵکو هیچ جۆرە دیرلێبرینو پەیوەندیەکی دیاری کراوی نەبوو ، وەیان لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقیو وینیەوە ، وانە بە تێگەیشتنێکی ئیدیالیستی ، سەیر کراوە .

بێگومان زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە مەسەلەی ئەندامەتی بە کارێکی ئەنیایی ، دانەنراوە ، بەلکو لایان وایوە بە راگەیشتنی سەرەکی خەلکێ هەمو ئەفرادی خێلەکەو بە دۆستایەتی سە وگەورەی بنەمالەیەک ، دلسۆزی هەر بنەمالەکە ئەلێن نەبێت ، ئیتر خۆمانو کردن بە خەلکییەوە لەبایچی ؟ . لەم قۆناغەدا گرنگترین پیوانەی ئەندامەتی ئەوەبووە کەپیاو کوردێکی دلسۆز بێتو حەز بە ڕزگاری کوردو کوردستان بکاتو ئامادەبێت سوێندی ئەندامەتی بخوات ، سوێند بە قورئانو شەرەف ، یاخود بە خاکی کوردستانو ئالا ، خەنجەر کە دلسۆز بمێنێتەوەو خیانەت نەکات .

(٣)

سوێنددانو سوێند خواردن وەکو مەرجی هەرە گرنگی بە ئەندام بوون ، کە سەرچاوەیەکی ئیدیالیستی هەیە ، لە گەڵ پیوانەی زانستی پەروەردەکردنی سیاسی جەماوەری گەل بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەو ڕاپەڕاندنو هوشیارکردنەوە و سازدانو هێنانە جۆشو خرۆشی کۆمەلانی خەلکو بڵاوەی هێنانی ئایدیۆلۆجی بەڕاستی و ڕەوانی لێکردنیان ، وانە لەگەڵ وەرگرتنی بیرو ئایدیۆلۆجی شۆڕشگێڕانە بە هێزی مەدی لەشکان نەهاتو ، ناگونجێن .

مەسەلەی ئەندامەتی لە ناو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کوردستانی عیراقدا هەر بەمجۆرە مابووەوە ، تا لە چلەکاندا هەندێک ڕێکخراوی مارکسیو نیمچەمارکسی دروستبوون وەکو یەکیتی تێکۆشین ، حیزبی شیوعی کوردستان (شۆرش) ، وە حیزبی ڕزگاری کوردە کە لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری مەسەلەی ئەندامەتیان ئەکردو لەباتی سوێندان پەسەند هەندێک پیوانەی تر لە ئەندامیان هەل ئەسەنگاند . وەهەمیرەیەش لەم پیوانەنەش دوایی تر لە (پەیڕەوی ناوخۆ) کانی پ . د . ک دا بەرچەسپبوو .

ئەندامەتی پارتیو ڕێکخراوە سیاسیەکانی دنیاش ، لە بنەڕەتەوە بۆ پەسەندکردنیان لەسەر بنچینەی ڕاوانگەیەکی بەپێی جۆری پێکهاتنی ڕێکخراوەکە ، ئایدیۆلۆجیە تیۆریکانو ئامانجەکانی .... هتد . جیاوازە . بۆ وێنە جۆری ئەندام هەلبژاردنو وەرگرتنو پەروەردەکردن لە ڕێکخراوە کۆمۆنیستو مارکسیستەکاندا جیاوازە وەک لە چی شیوعیە — دیموکراتەکان ، یا ئەمەیسەی بە ئە ئەنی گ ئەندا .

ومیانخود فالیستەکاندا ....

لە هەندێکیاندا (ئەلام) بەشێوەیەکی ئەرێنی و ڕاستەوخۆ دوای پەروەردەکردنو ئاماکردنەوە ئەبێتە ئەندام .

لە هەندێکی تریاندا بە هۆی ئەندامێتییەوە لە ڕێکخراوێکی تری وەکو ئەقابە ، ژوری بازرگانیو پیشەسازی .... بە جۆرێکی ناراستەوخۆ ئەبێتە ئەندامو جەماوەری پارتیەکە لە جەماوەری چەند ئەقابەو کۆمەلو یەکێتی پیشەیی پەکتریکەبێت .

هەر بەم پێیە ئەرکو فەرمانەکانی سەرشانی ئەندام بەرامبەر پارتیەکەیو ئەو مافانەی کە هەتی کەلک لێوەرگرتنی هەیە لە پارتیەکەوە بۆ پارتێکی ئەگۆڕیو لەهەندێکیاندا پیوانە و ڕێگە شوێنی سەخت و ووردی بەکار دێت و لە هەندێکی تردا هی ئەرم و خاو ...

(٤)

پ . د . ک بە پێچەوانەی ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی پێش خۆیەوە ، هەولیدا لەباتی پیوانەی ئیدیالیستی هەندێک پیوانەی تر بۆ هەلسەنگاندنی خەلکو وەرگرتنی ئەندام بەکار بهێنێت ، کە ئەویش هوشیارکردنەوەو پەروەردەکردنو تێگەیاندنو ئامادە بوونی ئەندام بە ڕێگو بیروباوەڕو جۆری خەبات لە قۆناغێکی چەند پلەیی لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا .

— ئەندامێکی پ . د . ک بە کێکی دیکەی ئەمولێیەوە ، کە لێی ئەوەستابێت ببێتە ئەندام ، جا هەولی لە گەل ئەدا بیروباوەڕو ڕێگو ئامانجەکانی خۆیانی بۆ ڕوونبکاتەوە لە ڕێگەی گفتوگۆو پێدانی پرۆگرامو بلاوکراوەو ئەدەبیاتی رووناکبیرییەوە !

— ئەگەر بیروراکانی پ . د . ک ی پەسند بکردایە ، داوای لێ ئەکرا ببێتە بریزی ڕێکخستنەوە ، ئەوسا لە ئەلقە یالێستەیەکی لایەنگراندا ڕێگە ئەدرا ئەندامێکی شارەزا بە ڕێکوپێکی لە گەلیان گونجاوەو کاروباری پارتیان بۆ ڕوون ئەکردنەوە !

— ئەگەر ئاماکردنەوەکانی ئەو ماوەیە و وەئیلی لایەنگرەکە باش بوایە ، ئەوسا لەماوەیەکدا بۆ ئەندامێتی و هەمو مافەکانی ئەندامی ئەسپی بکە لە دەنگدان !

— پاش تێپەڕبوونی ماوەی دیاریکراوی پالێوراوی ئەبوە ئەندامو بەرەسمی ئاگادار ئەکرا ، بە گوێرەی یەکێک تا ئەبوو بە ئەندام بەم پلانەدا ڕائەبوردو ئەبوو سەرکەوتوانەش پێیدا تێپەڕێت ، دوستە — لایەنگری ڕێکخراو — پالێوراو — ئەندام ، ئەم ماوەیە جیاوازی وەک چەند مانگێک ، وە جاری وا هەبوو چەند سالێکی ئەخایاند .

ئەندامەتی لە پ . د . کدا بەم جۆرە ئەڕێنی گۆڕبوو ، سا ئەگەر لە قۆناغێکدا بەپەیڕەوی ئەم ڕێگو شوێنانە بەکردەوە ئەکرانیشتو ئەم پیوانانە خرانە پشتگوێ ، وائەوە شێکی ئاشکرانی پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ بوو و گەلێک هۆی هەبوو کە لێرە شوێنی باسکردنیان نییە . لەمە هەلبەتە بێشی لەمەی ڕابەرایەتی خێلەکی بەئەمولای پالی وەنی بە سەر پارتیدا بکێشێ ڕێگەیە چپانی مجبوور .

ک . ت . ک ڕێکخراوێک نییە کە لەناو گەلیکی بێ ڕێکخستنو ڕێک لەمەڕاوردا دروست بووبێت ، سی سال زیاتره لە کوردستانی عیراقدا دامودەزگای سیاسی نەتەوەییو مارکسیو شیوعی هەیە ، لەپال ئەم دەزگا سیاسیانەشدا گەلێک ڕێکخراوو یەکیتی ئەقابەو پیشەیی و فەرهەنگی قوتابیانو ئافرەتانو لاوانو کرێکارانو جوتیاران ... دروستبوون . هەر لەبڕوکانی پ . د . کو ح . ش . ع جا دەیان هەزار کەس کەنی سیاسییان کردووەو شارەزای ڕێکخستن بوونو ئەمڕۆش ، وەرگیراو ئەزموونی چاوتردەمێکی ڕابوردوودا دەیان هەزار کەس لە دامودەزگا سیاسیو پیشەگەرییەکانی شۆڕشدا بەشداریبوونو ئەموودێ شارەزایی ڕەوایەکەوە ...

بەیانی ئــــالا

ئەم وتارە بەڕێزە لە گۆڤاری ی . ن . ک نوسراوێکی بۆیە گەلێک جار بە ناوی یەکێتیەوە لەسەرێت ... لەگەڵ بریچی هەندێک لەو بیرو پاپیەی لەم وتارەدا دەربڕاون ، ڕەنگە لەگەڵ هەندێک لە بیروڕاو بۆچونەکانی ی . ن . ک یەکنەگرنەوە ، بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکە بەپێویستمان زانی لە گۆشەی بیروڕای ئازادا بڵاوی بکەینەوە و سەرنجی خوێنەرانیش بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەم وتارە ڕای نوسەرەکەیەتی و ئامادەین بۆ بڵاوکردنەوەی هەر تێبینیەکی زانستی لەم ڕووەوە .

پەیامی نوێ .

چەن ڕەخنەیەک لەسەر ڕێبازو کردەوەی پ . د . ک

(١)

پ . د . ک کە تەمەنی چارەکە عومری زیاترە و لــە پەنجەکانـدا لــە جەنگــە پارتی و ڕێکخراوێکی مارکسی و پێشکەوتو دروست بوە ، سەدان ئەندام و کادری سیاسی و پێشمەرگەی پێگەیاندوە و سەدان لاپەڕەی ڕوناکی خەباتی لەسەر خەرمانی بیروی پێشکەوتوی کوردایەتی و مرۆڤایەتی و لە کۆڕی خەباتدا سەدان شەهیدی بەخشیوە و لــە دوای دووەم جەنگی جیهانیەوە مێژوی گەلەکەمان لــە کوردستانی عیراقدا وە هی پ . د . ک لــە ڕادەیەکی زور لێکەڵ بوون بــە یەکتری . ڕابوردوەیەکی وا ئاڵۆز و پــڕ ڕووداو ، لە هەڵ و مەرج و ئەدوانی ئاڵۆزی گەلێکی وەکو کوردستانی عیراقدا بێ گومان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قوڵ و هەڵسەنگاندنی مەوزوعی و گشت لایی بە ، کە نە ئێرە جێگەی ئەو باســە ئاڵۆزە و نە لێــرەش هێشتا کاتی ئەمەیــە . پ . د . ک وەکو ڕێکخراوێکی لێکۆشەری کوردستان لە خەباتدا لایەنی ئیجابی هەبوەو هی سەلبیشی هەبوە ، لە هەندێک قوناغدا ڕێبازی شۆڕشگێرانــەی پێشکەوتوی گرتوە ، لە هەندێک قوناغی تردا تووشی لادان و ئینحیرافی زور قوڵ و زیانبەخش بوە ، تا وای لێ هات لەم ساڵانەی دواییدا بوبــو بە ئاوڵیکی بوشو و بێ گیان و جوڵانەوە .

دوژمنانی گەلەکەمان بـێ ئاگانین لـەم دەورەی پ . د . ک لە خەباتی گەلەکەمانــدا بویەش ، بۆیە دەزگا جاسوسیەکانی ئەوانیش چ لە عیراق وە چ لە ئیران ئەیانەوێ ناوی پ . د . ک و ڕابوردوەکەی بۆ دوژمنایەتی کوردایەتی بەکار بهێنن . بەو ناوەوە ڕێکخراوێ کارتونی دروسـت ئەکەن ، بۆ شێواندنی ڕوی گەلی و ڕاستەقینەی پێشکەوتوانە و ڕەوای کوردایەتی ، بۆ خەڵەتاندن و بەواتــە کردنی کۆمەڵانی خەڵک وە بــۆ کۆ کردنەوەی دەنگوباس و ئاگاداری لــە سەر لێکۆشەرانی کوردستان ... لێکۆشەرانــی کوردستان پێویستە ســەرنجێکی ڕەخنەگرانە و بێ بەزەیی لە مێژوی پ . د . ک بدەن ، کارە باشی و خراپەکانی ، سەرکەوتن و نوچەدان و ڕۆڵانەکانی ، هەڵوێستە شۆڕشگێڕ و ڕاستەکانی و هەڵوێستە کۆنەپەرست و لادان و ئینحیرافەکانی ، واتە لایەنی سەلبی و ئیجابی ، بە قوڵ و گشت لایی ، مەوزوعی و عیلمی هەڵبسەنگێنن و سوکوم بدەن . تایبەت هەرگیز پێرانەی عیلمی ون بکەن و گیانی لێکۆڵینەوەی زانستی بفەوتێنن :

ــ لە لایەکەوە هاتبنە ڕاپان لێ بکات لایەنە سەلبیەکانی بشارنەوە ، یا « دیفاع » ی لێ بکەن هەر لەبەر ئەوەی خۆیان بە پەروەش و دڵسۆزی کابرایەکی شۆڕشگێڕی خۆ بەخشنەکەرەوە لێیدا بسون ....

ــ وە یاخود لە لایەکی ترەوە ، سەبارەت بە بوگەن بونی ڕابەرایەتیەکەی و هەندێک لــە کـــادر و ئەندام و کاربەدەستــە سیاسی و سەربازیەکانی ، بکەونە ئەو داوە فێڵ بازانەیەوە کە دوژمنەکانی نەتەوەی کورد لەبنەوەوە بۆ شێواندن و ژێر کردنی سەرتاپای مێژوی خەباتی گەلی کورد ، بە هوی بزاندن و دوژمنایەتــی ڕەگەزی کردوە . لێکۆشەرانی کوردیش ، بــە هوی ٦ لا سەلبی و خراپەکانی « پ . د . ک » ، بێ ئاگا هەمان تــەی ئەم دوژمنە ڕەگــەز پەرستانە دوبارە بکەنەوە .

لێکۆشەرانی کوردستان پیوستە لە کاتی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە و حوکمدانیدا ، هەر مەسەلەیەک بخەنەوە زەمان و زەمینی خوی ، بێ گویدانە هالیەی شەخسی . لە هەمو ڕوبەکەوە هی سەلبی و ئیجابی ، وە بە ڕەچاو کردنی مەرجەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیا ، واتە لە گشت لایەکەوە بــە شێوەیەکی عیلمی و مەوزوعی لێی بڕوانن وشی بکەنەوە ، بەرامبەر پ . د . ک ش بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچن ، تەبیعەت هەر ئەم ڕێگەیە بگرن .

(٢)

ئەگەر چی ژمارەیەکی زوری ئەوانەی ئیستا لە ژێر ئاڵای ی . ن . ک دا کۆبونەتەوە کانی خوی لە ڕیزەکانی پ . د . ک دا بون بەڵام هەر وەکو ی . ن . ک ڕای گەیاندوە ، ڕێکخستن و پێکهاتن و ڕیباز و بیروباوڕ و دواتیــنی بــۆ مەسەلەکانی کوردستان و عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیا بە تەواوی جیاوازە لە هینەکانی پ . د . ک و ئەم خوی بە جێگرەوە یا درێژە پێدانی هیچ ڕێکخستنێکی پێش خوی نازانێت .

● پ . د . ک ڕێکخــراوی سیــاسی سەردەمێک بو کە بە شکانی شۆڕشی کوردستان و چارەنوسێکی ڕەش و هەمبەتیەکی نەتەوایەتی گەورە دوایی هات .

● ی . ن . ک ڕێکخــراوی سیاسی سەردەمێکە ، کە بە هەڵسانەوە وخو کوکردنەوە و تەجروبە وەرگرتنی گەلی کوردستان و ڕاستکردنەوەی ڕێبازی کوردایەتی دەستی پــێ کردوە . پ . د . ک ڕێکخراوی ڕابوردوی دوراوە و ی . ن . ک هی باری سەخت و پڕ کۆیرەوەری خەباتی ئیستای لێکۆشەرانی ئەمڕۆی کوردستانە . لەو ئەدەبیاتە سیاسیە کەمەی تائیستا ی . ن . ک بڵاوی کردۆتەوە ڕەنگە چەند لایەنێکی ئەم ڕاستیەی ڕوشن کردبێتەوە وە دوا ڕۆژیشدا بێگومان ئەم جیاوازیەیە چ لە ڕوی تیوریەوە وە چ لە ڕوی پراتیکەوە لە کارو باری ڕوژانەدا زیاتر دەرئەکەون . هەر لەبەر ئەم جیاوازیانەیە ئەبێ ی . ن . ک بە هیچ جورێک پ . د . ک ئەگەر لە پاشەڕوژدا زیندوش ببێتەوە ، ڕێبازێکی پێشکەوتوانەش بگرێت ، نە بــە « میراتی » ی خوی بزانێت ، وە نــە لایشی وەها بێت کــە پ . د . ک لە باریا هەیە جارێکی کە دەورێکی سەرەکی یا کاریگەر لە کوردایەتیدا بگێڕێت .

(٣)

کومەڵی کوردستان ، کومەڵێکی چینایەتیە ، وەکــو هەمو کومــەڵێکی چینایەتی تری دنیا ، دەسکەوتی ئابوری ، بیروڕا و هەڵوێستی سیاسی و کومەڵایەتی و ئەرمەنگی ... جیا جیای تێدایە کە لە ئێستادا نیە هەمویان لــە ئاکە پارتی یــا ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن یەک بەرنامە و یەک پروگرام و پەیڕەو و ئایدیولوجی و سیاسەت و ڕێبازدا کوبکرێنەوە و بتوانرێت تاو یەک مەنبەوە . تەنانەت ئەگەر لــە قوناغێکی دیاریکراوی کورتدا بە هوی دواکەوتنی کومەڵو گەلانە نەبونی تەواوی هەست و خەباتی چینایەتیەوە ، یا بە هــوی سەختی ئازاری نەتەوایەتیەوە ، ئەم چین و توێژە کومەڵایەتیە جیاوازانە لە ژێر ئاڵای یەک ڕێکخراودا کۆبونەتەوە و یەکیان گرت ، لە قوناغێکی تردا ئەم ناکوکیە « ملت و سر » تــە لەکەلنــەوە و ڕێکخــراوەکە هەڵدەکەنن و ئەیکەن بە چەند پارچەیەکەوە .

تەجروبەی ئەمجارەی گەلەکەشمان سەر لەنوی چەوتی و هەڵەیی سیستەمی ئاکە ــ پارتی : (نظام الحزب الواحد) ی سەلماندەوە ، هەر لەم ڕوانگە زانستیەوەیە کە ی . ن . ک باوەڕی بە پیویستی بون و گەشە کردن و لێکۆشانی چەند پارتی و ڕێکخــراوی سیاسی پێشکەوتو و شۆڕشگێڕ و دیموکرات و لێکۆشەر هەیە ، کە بە نوێنەری چین و دەستە جیا جیاکانی کومەڵی کوردستان و ئاسراوی حەیاتی چینایەتیبان بێت .

ــ لە لایەکەوە یەکەوە لە پێناوی سەدەکە ئاشتی و ناوکویریەکانی گەلەکەماندا هاوکاری و خەبات بکەن و لە ڕیزێکی یەکگرتو و پتەودا شان بە شانی یەک دژی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی ، دژی حکومەت و چینە چەوسێنەرەوەکانی خەڵکی کوردستان ، لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانی گەلەکەماندا بجەنگن .

ــ وە لە لایەکی ترەوە لە ناو خۆیاندا خەباتی ئایدیولوجی دوستانە بکەن لەگەڵ یەکتریدا ، لە پێناوی گورینی کومەڵی هەژار و نەخوێندەوار و دواکەوتوی کوردا بە کومەڵێکی پێشکەوتو .

لێکۆشەرانی کوردستان لە کاتێکدا کە خەبات ئەکەن بۆ ئەوەی گەل بە مافی گەلەک وەرگرتن و بەکار هێنانی ئازادیە دیموکراتیەکان بگات دەبێ لە پێشدا ئەم هەقە بە یەکتری ڕەوا ببینن و حورمەتی ئەم مافە پیروزەی مروڤ بگرن ، مافی خو ڕێکخستن لە ڕێکخــراوی سیاسی و کومەڵایەتی و ئەرمەنگی جیا جیادا . کە مروڤایەتی هەزاران قوربانی لــە پێناودا داوە و تەجروبەش لە کوردستان و هەمو ناوچەیەکی تری ئیکوشانی دنیادا دروستی و کاریگەری و باشیی سەلماندوە ، وە ئەگەر لێکۆشەرانی خاو خەبات و خاو ڕێگە وخاو ئامانج و خاو دەرد هەر لە ئیستاوە ، کە هەمو لە ژێر باری چەوسانەوە و زوڵم و زورداریدان و هێشتا دەسەڵاتی سیاسیان نەگرتوە دەست ئەم هەقەی یەکتری ئەسەلمێنن و بە کردەوە جی بــەجێی نەکەن و ڕێزی لێ نەگرن ، ناتوانن وا لە کومەڵانی خەڵک و جەماوەری گەل بکەن کە باوەڕ بەوە بهێنن ، لــە پاشە ڕوژدا ئەم ئازادیانە و ئــەو بەڵێنانەی لێکۆشەرانی شۆڕشگێڕی ئیستە ئەیدەن ، بــوی ئەمێنن وەفایی ئەکرێ .

(٤)

ی . ن . ک نــەیەیت ئەوەی بــە مافی سەربەستی و سەربەخوی ڕێکخستن ، بە مافی سەربەستی دەربڕینی بیروڕا و هەڵوێستی سیاسی هەیەت و لای وایــە دروست بونی چەندین ڕێکخراوی سیاسی . لێکۆشەر و شۆڕشگێر لە کوردستاندا نەوەستا : (ظاهرة) یەکی ئاسایــە و بە ئاکامی گــەلی کــورد و بزوتنەوە شۆڕشگێرانەکەیەتی ، وە ئەم بە هیــچ جورێک نابێت وە ڕاستــیــە ڕێکخستن و بیروڕای خوی بە زور بــە سەر هیــچ لا و ڕێکخراوێکی سیاسی شۆڕشگێری لێکۆشەری تردا بسەپێنێت وەکو کانی خوی ڕابەرایەتی خێلەکی و بورجوازی ڕاستڕەو ئەیکرد . بەڵام ئەم مافە لە قوناغــی ئێستای خەباتی گەلی کوردستانی عیراقدا ، کــە بە یەکی لە ترسناکترین و سەختترین قوناغەکانی ژیانی نەتەوەی کورد ئەژمێر دەکری ، لە تەنیا بۆ ئەو تاقم و ڕێکخراوانەیە کە بە ڕاستی بە بیروباوەڕو بە کردەوە و خەباتی ڕوژانە ، پێشکەوتون ، شۆڕشگێڕن ، لێکۆشەرن ، دژی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی کــورد و بێگانەن ، پەیوەندی ترکەرانەیان لەگەڵ هیچ یەکێ لــە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دەزگــا و تاقمــە جاســوسی و کــونــەپەرسته و گومانلێکراوەکانــدا نییــە ، باوەڕیان بــە هاوچارەنوسی و هاو خەباتی نەتەوەی کورد و دابەشکراو و پارچەپارچە کوردستانیەکانە لە هەمو پارچەکانی کوردستاندا ، باوەڕیان بە هاوخەباتی و هاودەردی و هاوئامانجی و هاودوژمنیە لەگەڵ گەلانی ناوچەکە : عــەرەب و فــارس و تورک و ئازەری ... باوەڕیان بەوەیە کە ئیمپریالیزم و کونەپەرستی ئەتوانێ هەر ناکۆکیەک بکرێنە دوژمنی مەسەلەی کورد ، بەڵکو دوژمنی خودی خوی و ســەرەکی کوردایەتین .

لە قوناغی ئیستای خەباتی گەلی کوردستاندا کــە لــە نــاو هەرەشــەی بڵاوە پێکەردن و

بەفرۆفرۆکاوکردنی خەنکەیی و گۆڕینی ڕوخساری نەتەوەیی نیشتمانەکەیدا لەبەرزی ی . ن . له نەبینەتەنی سەربەستیکی ڕێکخستن و کارکردن و پەیوەستی هاوکاری و پێکەوە خەبات کردن و ژیان لەمپا بەو جیزانە ڕەوا بیبینیت ، تەنە بەوانەی بە پێزمەلی دەزگای جاسوسی یەکی لە حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و چەوسێنەرەوەکانی کورد و عەرەب و فارس و تورک و ئاشوری و ئەرمەنی . . . بە دور بە ناوێکی ساختە و کلاوکاریەوە دروست ئەبی و تەزێن چاروبال بلاوکراوە یا بەیانێکی دوورتێتە وەرنەکەن بەسەر هەڵخەڵەتاندنی کۆمەلانی خەلکی کوردستان .

(٥)

لای هیچ لێکۆڵەرێکی کورد ، که له نزیکەوە ئاگاداری ی . ن . ک بوبێت ، ئەندام بوبێت یا دوستی ، شاردراوە نیە که لەم چەند سالەی دواییدا ی . ن . ک بوبووە ڕێکخراوێکی پرواتی پڕ ئاکسۆکی و ناسازی و ئالەبایی و کەساسی هەمەرەنگ و هەمەچیزە و لەمانەت جاسوسی و گومانلێکراو ، وە له ڕوی جیابایەلیەوە گورایو بە ڕێکخراوی چینە هەرە دواکەوتوو و چەوسێنەرەوەکانی کۆمەلی کوردستان ، له سەروک عەشیرەت و زەویدار و کوێخا و دەوڵەمەندانی شاری کوردستان . لەوەی لە ٥ پرۆگرام و پەیڕەو ٥ کەیدا نوسرابو کەمێکی زۆر کەمی نەبیت هیچی لەگەڵ ڕاستیی ٥ ڕێکخستن و ڕێباز و کارکردن و بیروڕای پارتی ٥ دا نە ئەگونجان . ٥ ی . ن . ک ی ناو ٥ پرۆگرام و پەیڕەو ٥ شتێک بو ، ی . ن . ک له ٥ واقیع ٥ دا شتێکی تر بو . ئەم ڕاستیە تاله بە ڕوی لە کاتی شانی بەتال ٥ کردنی سالی ١٩٧٥ وا دەرکەوت که دەسەلات و تواناو ڕێکخستن و دەوری بێشەرمانەی ی . ن . ک بالی چەند و ، ڕابەرایەلی خێلەکی که سەبداتی چەماتی بەدی هێشت و هەلات بو ئێران ، هەمو و دەزگاکانی ٥ ی . ن . ک ٥ بەشی یی ٥ تەنە تەنە ٥ بە ڕوی خۆیدا ڕایج کرد و نوردوگاکانی پەنابەران و شارەکانی تری ئێران . دوایی زۆربەی گلتره سەرکردەیەکانی ، بی ئەوەی هیچ بیتوبەکی ٥ سەلتی ٥ یان هەمی باساچالو بونی ، جوبسان هاوێشتە ژێر ڕەحمەتی ڕەگەزپەرستانی عیراقەوە و هەندێکیان کەوتنە ڕاپورت نوسین و هەندێکی تریان کەوتنە قسەی بی سەرویی لە پشتی ئەلەفیزیونی کەرکوکەوە . بی گومان جارموسی ڕێکخستن و داو و دەزگاکانی ی . ن . ک لە دوای بلاوە پێکردنی شۆرش کەسێکی نهینی نیە و گیرانەوە و باسکردنیشی ، بەهیچ جۆری مایەی دلخۆشی و بەختیاری نیە .

ی . ن . ک نیتە لە کوردستانی عیراقدا ڕێکخستنی نەماوە . کاتی خۆبەشی لە کاتێکدا که شۆرش بەشی هەرە زۆری کوردستانی بە دەستەوە بو ، لەو جێگایانەدا کە بە دەستی دوژمنەوە بون ڕێکخستنی نهێنی و ڕێکخراوێکی تەیرە وە لە ناوچە لێتراو دابڕاوەکانیشدا لەو ڕێکخستنە بونی و ئاوازە بو که کۆمەلانی خەلکی کوردستان لەبان وی و ئرمتی سەرەکی سیاسی بەپێز بلاوەوە مەلفان و سلاوات دان بو له دیلری بەرزانی و بارەگای بەرزانی . لە کوردستاندا ڕەنگە هەندێک ڕێکخراوی بەجولە بچوکی دەزگای ٥ پاراستن ٥ مابن که تا ئێستەش دەنگوباسی کۆبکەنەوە و بو خۆ پاراستن و خۆ شاردنەوە ، زۆربەیان خۆیان خستوتە ناو دەزگا جاسوسیەکانی کاربەدەستانی ڕەگەزپەرستی بەغداوە وله بەر چاوی جەماوەری گەل بە ڕیسوا کرین و نزم کرین که سی وا ئەمرین و ئەوانیش بەرامبەر خەلاله سەگی هار ئەدرین . لەمە بێگومان ئەگەر پەیوەندیان بە ڕابەرایەلی [illegible] سیاسی دانەڕین و دەزگای جاسوسین . ئیستە بەولاوە ڕێکخراوێک بە ناوی ی . ن . ک وە کە بەستراییە بە سەرکردایەتیەکی دەرەوەی وڵاتەوە وەرەی نیە تا ئیستە ، وە ئەگەر شتێکیش هەبێت چوار سەرپەتو بە لەوانەی که دەوری سەرەکییان هەبوە لە لێکدانی شۆرش و سەرشورکردن بو پیلانی ئیمپریالیزم .

ڕابەرایەتی خێلەکی کە ڕایکرد بو ئێران ، نزیکەی هەشتیەکی میلەتەکەشی لەگەل خۆی برد بو ئێران ، هەر لە سەرەتاوە لە سەر داوای ٥ سازمانی ئەمنی ٥ ڕێکخستن و پارتایەتیان لەمخەلات ئەدەملەگرد ، هەرچی باسی پارتایەتی و خۆڕێکخستنەوەی بکردایە ئەگیرا و سبیکی هەتەمرا و بە دوی چاوەری گرتنی ، زەرفی دەولی بەش ، دوە مێیان لەمەبشت کەس نو بیکەن و ئەبێت لی دیبست بە پارە و بە هەرەشە و ترساندن و دلخۆشی دانەوە و پوزیلانە و دەرو و دەلەسە و هیکرو ون . . . زۆرتریشی نیسەو کە سالەی جوبوبە ئێران لە دەوری خۆیان ، لە دەربەدەری ، پیلەنەوە و ئەگەڕینەوە عیراق .

بەلام لێکۆڵەرانی دلسوزی گەلەکەمان واقیعی هەلاتی و جو بە دەستەوەدان ، بەرین و دلز هێنان ، پیلانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێران و ڕەگەزپەرستانی عیراقیان وەت گردەوەو لێنوی خەبات و لێکۆشان و خۆڕێکخستنەوە بون له سەر ڕێبازێکی نوی ، ی . ن . ک وادەیرا و کەوتە گەڕ ، دەستی گرد بە ڕێکخستنەوەی حیزەکانی گەلی کورد ، بە شێوەی ڕێکخراوێکی ٥ شێوە بەرەیی ٥ که ڕێگە به پێکەوە ژیانی پەلی ٥ لیبار ٥ ی پێشکەوتنەی جیا جیا بدات ، بەسو دەس بی کردنەوەی خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری و لێکدانی ئەو پیلانەی دژی گەلی کورد دانراوە و بو دەرپەڕدان بە لێکۆشانی گەلی کوردستانی لە پێناوی مافە ڕەواکانیا .

جا ڕابەرایەلی خێلەکی ، کە کوردستانی عیراقی لە دەس دابو ، لە ئێرانیش کاری سیاسی و پارتایەتی و چالاکی لی قەدەغە کرابو ، هەر ئەوروپاری بە دەسەلەوە مابو ، بوبە هەمو کوردستانەکی خوی خستە ئەوی و ئاتیساتی هەر لەوی دابە ، ڕەنگە هیچ هەری لیا نەبێت ، ئەگەر خۆڕێکخستنەوەی زووبەلاوی لێکۆڵەرانی کورد نەبوایە لە ی . ن . ک دا ڕابەرایەلی خێلەکی تاماوەیەکی زۆر دربژینی لە خەوی خۆنەسەلبی کە حەت ٥ ی بەدار ئەبرایەوە و ئەکەدابەوە خوی بو ڕێکخستنەوەی خەلك ٥ لە دەرەوەی ولات ٥ .

(٦)

ئەمرو کوردستانی عیراق لەبەر دەمی قۆناغێکی نوێدایە : که خەریکە مەنشەلاتی ناکۆکی تیدا هەل ئەکەوێت ، تەنە هەر دەسکەوت و ئەزانبج و بونی ڕەگەزپەرستانی عەرەب و کۆنەپەرستانی کورد له عیراقدا لەمخالە ئەترسیەوە ، بە تکو هەرەشە لە هەمی هەمو کۆنەپەرستانی ناوچەکە و نفوزی ئیمپریالیزم و نوکەرەکانی ئەکات . . .

کۆنەپەرستانی ناوچەکە ، ئیمپریالیزم و سەهیونیەتیش لەم مەسەلەیە بی خەبەر نیین و لەم مەترسیە ئەبینن و پیلی بیش ئەکەن . . .

جا بوبە پیاو ناسەلی نیە ، گومانێکی زەوای هەمیت له ئەتەلاکانی ڕابەرایەلی خێلەکی ڕاستەوخۆ بو زیندوکردنەوە و ژیاندنەوەی ی . ن . ک له دەرەوەی ولات ، لە سەر ڕێبازی کون و بە توسلوبێکی نوی ، بو ئەگەرەوەدان لە گەمە کردن و جێگیر بونی ڕێبازی نوێی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کوردستان ، ی . ن . ک هەر زو لە سەرەتای ئاشبەتالیشدا پێش بینیی ئەمەی کردوە . تکا لە خوێنەری بەڕێز ئەکەم ئەم زەحمەتە بکێشێ بەر خۆی و جارێک بە لاپەرەکانی ٢٦ ـ ٢٥ ئامێلکەی (الاتحاد الوطني الكردستاني ـ لماذا) دا بخشێنیت و به چاوی کابرایەکی ڕەخنەگر بڕوانیتە ئەو بوچونە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی لەوێ دا باس کراون و لێیانوراونەتەوە .

(٧)

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم هەندێک سەرنجی دوستانە بخەمە بەر چاوی ئەندامە دلسۆزەکانی ی . ن . ک ، بە تایبەتی ئەوانەی تا ئێستاش بە تەمای زیندوکردنەوەین .

● لە ئێستادا ئێستەی خەباتی گەلی کوردستان و دابەشبونی جیهانی کۆمەلی کوردستاندا هێشتا (مقومات) ی بون و مان و

کار کردنی ی . ن . ک ماوە ، بەلام پێکهاتنی چینایەتی و ئرمتی سیاسی ی . ن . ک لێیشا بێگومان زور جیا ئەبێت لە ٥ ی . ن . ک ٥ ی سەردەمی شۆڕش .

● ئەو فرتانە به جارێك وەها هەلبابە ڕێبەری کورد کە ی . ن . ک خۆی بە ئاکە حیزبی پێشڕەو و کاربەدەست و هەلسوڕێنەری خەباتی گەلی کورد و ڕابەری بزوان و سەرەولێی کورد بزانیت . کاری سیاسی و چالاکی بو خوی قۆرخ (احتکار) بکات .

● ئەگەر خۆ ڕێکخستنەوەی لەمەولای ی . ن . ک دریژە پێدان و لەسەر دووپاتی ڕێبازی زنجیرکەوتوی پێشوی ی . ن . ک بێت ، وا زیندوبونەوەی زیان بە کورد ئەگەیەنی و بەلەمەی کورد ئەخاتەوە داوی سەودا ومامەلەی دەولەتە گەورەکان و داو و دەزگا ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکانەوە .

● خۆ ڕێکخستنەوەی حیزبێکی شکاو و ئەلویستە لەبیت لە سەر دەستی ئەندامە هوشیار و دلسوز و شۆڕشگێر و لەخۆ بوردو و وریا و کارامەکانیدا بێت ، بی دەستی تیوەردان و خۆ لی هەلقورتاندن و پارەلی هیچ لایەکی بێگانە و هیچ دەزگایەکی جاسوسی ، تەنە بەم شێوە و بو کردنەوە و ڕیبازێکی خێلەکی لە سەر دەستی دەولەمەندەکانی شۆڕشی کوردستان و کەسانی گومان لیکراو و بەد ناو و هەلپەرست و بی بیروباوەر .

● هەمو ڕێکخراوێکی کوردستانی لێکۆشەر ئەبێت ئەوە باش بزانیت ، که ئەبێت خوی لە ناو کوردستاندا ڕیك بخاتەوە و تورسایی چالاکی و کارکردنی خوی لە نیشتماندا دابنێت ، تەنە لە دەرەوەی ولات ، لە ئەوروپا و پارەکانی دوژنمە و حیزب و ڕێکخراوە دەولیەکاندا . . . مەسەلەی کورد لە ناو کوردستاندا لە لایەن گەلی کوردستان خۆیەوە چارەسەر ئەکرێت و له قوناغی ئێستای عیراقدا تەنها ڕێگە خەباتی چەکدارە ، کە کوتای پێبێت بەم مەبەستەی ئێستا لێیدا نەزی ، ئەبێت خۆ ڕێکخستنەوە هەر لە سەر ئەم بنچینەیە بێت ، تەنە وەکو ٥ حیزبەکانی مەنفا ٥ بە ئەمای کۆمەلی مافی مروف و خاچی سور و ڕەنی گشتی دنیا بێ بیان هێننەوە کوردستان .

● مەسەلەی کورد مەسەلەی چەند هەزار پەنابەرێك نیە لە ئێران که ئەیانەوی شوێنێکی خۆشتر و ئازاد و سەربەستتر بدوزنەوە لە ئێران یا لە عیراق بو ژیانی تایبەلی خۆیان ، بەلکو مەسەلەی گەلێکی چەند ملیونی یە ، که دوژمنەکانی لەبیانەوێت ئەفرۆتونای بکەن و ڕوخساری نەتەوەیی نیشتمانەکەی بگۆڕن و ئەویش بەزەبری لولەی تفەنگ هەولئەدات مافە نەتەوەیی یەکانی بەدی بهێنیت ، ڕای گشتی جیهانی ئەبێت سەرنجی بو مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی دابەشکراو ، چەوساوە ، زوڕلیکراو هەزار و بەش براو کە هەرەشەی ئەفرۆتونا کردنی لی ئەکرێت ڕابکێشرێت ، تەنە وەکو مەسەلەی کرسەلێك پەنابەر کە لایەنگری شارستانێتی ئەوروپان و دژی عەرەبن ، ببرینە ئەچەوسێنرێنەوە .

● هوکانی شکانی شۆڕشی کوردستان ئەبێت بگیرینەوە سەر ڕەگ و ڕیشەکانی خوی ، وە بیوبستە بە ئاشکرا دەوری ڕابەرایەلی خێلەکی ، هەلەسیاسی و جەنگی و حیزبییەکانی ، ڕیبەر و سیاسەتی ، پەیوەندییەکانی ، سەر لی شیواندن لە دیلری کردنی دوستی ڕاستەقینە و دوژمنی ڕاستەقینەدا شی بکرێنەوە و بە شێوەیەکی زانستی و مەوزوعی لێی بکۆلرێتەوە . تەنە بو چەواشە کردنی خەلك جارێك بیرێتەوە سەر ٥ عاملی جیغرافی ٥ سلسوۆم ٥ وە جارێك

بروانە لاپەڕە ٧

پەلکێشکردنی زەرفی دەولی خراپ

دەنگوباسی رووداوەکانی دنیا وێنەیەکی وا لە مێشکدا دروست ئەکەن ، کە پیاو ئەنجامەکەی دابەشبوونی ئوردوگا سیاسی و ئابورییەکانی دنیا ، بکوژ شانی و بلاوبوونی پێشەوە ، بێگومانییەت :

– ئیمپریالیزمی ئەمریکا .

– لە ئەوروپای خۆرئاوا ، یەکێتی ولاتە سەرمایەدارەکان .

– یەکێتی سوڤیەت و بلوکی ولاتانی خۆرهەلاتی ئەوروپا .

– چین .

– کوریە و ڤیەتنام و کەمبودیا ولاوس .

– ولاتانی گەشەکردو ، یاخود گەشەنەکردن ، وە یاخود هەر وەکو پێشی ئەلێن دنیای سێیەم .

کوردی چەوساوە و زورلێکراو لەو دەولەتە چەوسێنەرەوە و کونەپەرستانەش کە کوردیان تیا لەژێر بەشبکن لە دنیای سێیەم ، هەر لەبەر ئەوە ئەم جورە دابەشکردنە سەیر دێتە بەرچاو و لە بەینی ئەو ئوردوگایانەدا لە لایەک و لە ناو هەر ئوردوگایەکدا بە جیا لە لایەکی ترەوە ناکوکی و ناسازی هەیە ...

لەو دابەشبوونەی لە سەر ئاستی جیهان لەبینری ، لە هەمو کومەلێکی چینایەتیشدا ئەبینری ، وا لە کوردستانیشدا کە کومەلێکی چینایەتییە و چین و ئاستی کومەلایەتی جیا جیای تیایە با هەر بو وێنە رزگاری کورد لە هیلی سەرنجی جوریاریکی هەژاری کورد وەزەویدارێکی کوردەوە بێنینە بەرچاو ، کە رەنگە هەردوکیان بە دلسوزی و ئیمانداریەوە بەشداربین لە خەباتی رزگاریخوازانەی کوردا : هەرچی جوتیارەکەیە بە تەمای ئەوەیە لە سایەی رزگاری کوردەوە ، گوزەرانی خوشتر بێت ، ببێتە خاوەنی زەوی و زار و مەر و مالات و گاو گوتال و تراکتور و کشتوکال و بەرهەمێکی باشتر لە کاتێکا زەویدارەکە رەنگە بە هیوای ئەوەبێ زەوییەکانی بسێنێتەوە و لە دوارۆژیشدا پایەی کومەلایەتی و ئابوری بەهێزی خۆی بپارێزی .

لە مەسەلەی هەلسەنگاندنی زەرفی دەولی باش و خراپدا هەر وەهایە و لەمە بەندە بەو رێبازەوە کە شۆرشی کورد ئەیگرێت و چۆن دروست و هاوپەیمان و دوژمن و ناحەز لە ناوەوەی ولات و دەرەوەی ولاتدا جیا ئەکاتەوە ، جا لەوسا رەنگە کابرایەکی شیوعی تا ئەو زەمەنەی یەکێتی سوڤیەت یاخود چین پارمەتی و پشتیوانی کورد ئەسەلمێنن ئەوا زەرفی دەولی بە خراپ بزانی بو مەسەلەی سەرکەوتنی کورد و یەکێکی تر کە باوەری بە رژێمی سەرمایەداری و ئەو دیموکراتیەتە بە دیموکراتی کلاسیکی یا بورجوازی ناو ئەبری ، رەنگە پارمەتی ئەمریکا و ئوردوگای ولاتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپای خۆرئاوا بە شەرتی سەرکەوتنی بزوتنەوەی کورد بزانی ...

ئەوەی کورد لە چەند دەولەتێکا ئەژین کە کەوتونە روژهەلاتی ناوەراستەوە ، وەئەوان لەم دەولەتانە لە ریزی دەولەتە نەوتییە گەورەکانی دنیان و هەندی لە سەرچاوە دەولەمەندەکانی نەوتی ئەم ولاتانەش کەوتونە کوردستانەوە . روژهەلاتی ناوەراست جگە لە نەوت بایەخێکی ستراتیجی گرنگیشی هەیە . ئەمە سەرەرای ئەوەی بازاریکی گەورە و فراوان و پارەداریشە بو ساغکردنەوەی کەلوپەلی دروستکراو و بەرهەمی ولاتانی پیشەسازی وە کرینارێکی ئەوەندەرەشی چەک و ئەلاتی جەنگیە .

بولی جەند دەولەتی جیا جیای سەر بە جەند ئوردوگای ناکوک و جیاواز ، گیرخستنەوەی چەندین ناکوکی ئونتولیوژ وەکو مەسەلەی فەلەستین ، مەسەلەی کورد ، مەسەلەی ظەفار و خەلیج ، نەبونی ئازادی دیموکراتی ، جیاوازی گەورە و قولی نیوان چینە چەوساوەکان و چینە چەوسێنەرەکانی ئەم کومەلانە ، خولیسی هەلتوقاندنی سوپا لە سیاسەت و کودەتا ... لەمانە هەمو بلوکی سیاسی و کومەلایەتی و ئابوری و جەنگی بالەسرکاو و جیگری ئەبوری پس لە ئەلینەوە و بەردەوام کیبرکێیان لە ناوچەکەدا خولقاندوە ، هەریەکی خولیکردوە بو ئەوەی هەمو لەم ئوردوگایانە ، هەمویەکیان لە لایەکەوە ئەتەلای پەیداکردنی دوست و هاوپەیمان دەکەن بی خوازینەوە و خوری بی قایمکردن وە هەولی بەهێزکردن و پتەوکردنی پەیوەندی ئابوری و سیاسی و جەنگی لەگەل دەولەتانی ناوچەکە بدا .

جا یەکی سەرنج هەر لە لایەنێکە بێهەن لایەنێکی مەسەلەی کورد و دابەشبوونی جیهان و روژهەلاتی ناوەراست بدا :

کورد – گەلێکی بی دەولەت و سوپاو نەوت و پارە و پەلەکانی ، دابەشکراو و ژێردەستە و خاوەن دوژمن ؛

دەولەتە چەوسێنەرەکانی کوردیش – هەر یەکەیان پەیوەندی نزیک و دوریان ئەوە هەندێکیان پەیوەندی نوکەرانەیان لەگەل یەکێک یا چەند ئوردوگایەکیاندا هەیە .

جا ئەمی کام ئوردوگایان ، بو ئەوانی کورد خوی و ئەوانیەکانی و پەیوەندیەکانی لەگەل ئەم دەولەتانە بخانە گرەوە و کێشەوە ؟

ئەوەی مەسەلەکە بەم جورە بێنیتە بەرچاو ، وە زەرفی دەولی باش بو سەرکەوتنی کورد و خراپ بو ژێرکەوتنی بخەملی سەرەکی بزانی ، بێگومان دیمەنی زەرفی دەولی لە پێری ئیستادا بە نیسبەت کوردەوە ئەوەندە رەش و خراپ دێتە بەرچاو روژی روناکی لێ نابینێ دایەت ودنیای لی ئەبینە چەرمەسەر چولەکە و شوروسکەی سەرکەوتن پەری ناکەوێت و لە بەستاوێکتە بی بتلەکەی رابەرایەتی خەلکی لی ئەبینە ئایەت ، گوایە : کورد دوستی نیە ؟

هەندێک لایەنی سەلبی خەباتی کورد لە عیراقدا

خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا چەند تایبەتییەکی (خاصیة) هەیە ، کە تەنانەت رەنگە تەنها لە خەباتی‌زور گەلی چەوساوەی تری ئەم سەرزەمینە جیای بکاتەوە ، بگرە ئەتوانری بگوتری کە تەنانەت لە خەباتی گەلی کورد لە ولاتێکی وەکو ئیران یا تورکیەشی جیا ئەکاتەوە .

● خەباتی ئیستەی کورد لە عیراقدا ، وەکو هی سالانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی نیە کە راستەوخو دەستە و پێنجەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی ، هیزە جەکدار و کاربەدەستەکانی ئەو بوبی ، وەکو هی سەردەمی پاشایەتی بنەمالەی هاشمی سەر بە ئیمپریالیزمیش نیە . نە وەکو هی لبنانیە کە راستەوخو دوبەرەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی وە ئەوەش هی جەزائیر یا یەکی لەو ولاتانەیە کە ولاتێکی سەرمایەداری ئەوروپای ئەیلی و حوکم بکات . عیراق ولاتێکە کەوتوتە دنیای سێیەمەوە . ئەویش لەلایەن ئیمپریالیزم و هەندی ئوردوگای تر وە ئەبەوسێنرێتەوە ، ئەرمەی خاوی لی ئەکرێ و کەلوپەلی دروستکراوی بی ئەفروشری بەو نرخەی کە لە بازاری دنیای سەرمایەداریدا دیاری ئەکرێت . ولاتێکە هەژاری و دواکەوتن و نەخوشی ، ترس ئاستی گوزەران ، جیاوازی چینایەتی نیوان چینە هەژار و دەولەمەندەکانی ، دواکەوتنی باری ئابوری و کومەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و دەمارەستی نیشتەنیەکی دیاری بوەی . لە روی تیوریەوە ، وا چاوەروان ئەکری لە کاربەدەستانی عیراق ، کە لە ئونلەی خەباتیشدا بون دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی و ئوردوگا چەوسێنەرەکان ، لە پێناوی سەربەخوی سیاسی و ئابوریدا وە لە پێناوی گەشەکردن و بنیاتی ئابوری و کومەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگیدا . واتە ناکوکی سەرەکی عیراقیش ئەبی لەگەل ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئوردوگا چەوسێنەرەکانیدا بێت ، نەوەک لەگەل دانیشتوانی ولاتەکەی خوی یا بە شێکی دانیشتوانی ولاتەکەی خوی . وە بەری گەلی کوردیش لە روی تیوریەوە لەبو هەر بەم جورە بوایە و ناکوکی سەرەکی لەگەل ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئوردوگا چەوسێنەرەکاندا بوایە نەوەک لەگەل حکومەتی ولاتەکەی خوی . بەلام هەندی جار ناکوکی سەرەکی و ناکوکی لاوەکی ، یاخود ناکوکی یەکەم و دوەم جی گورکێ ئەکەن و لە ئونلێکا یەکێکیان جێگەی ئەوی تریان ئەگرێتەوە ، هەر وەکو لە ولاتەکەی ئێمەدا ئەبینرێت و کاربەدەستانی عیراق خویان کردوتە ناکوکی سەرەکی لەگەل کورد و ئەیانەوێ ئەنفورێنێ بکەن بەتایبەتی کە خەبات دژی کولونیالیزمی نوی کە ولاتەکەمان ئەچەوسێنێتەوە ئونندە گوی دراوە بە خەبات دژی ئەو حکومەتەی هەلی ئەو چەوسانەوەی پێی داوە و بوی ئەبلوێت ، سەبارەت بە سروشتە چینایەتییەکان و دەستکەوتی خوی .

● خەباتی ئیستای کورد لە عیراقدا دژی حکومەتێک نیە کە ئەنجامدانی پەیمانێکی جەنگی بەدناو بێت ، یا دژی حکومەتێکی خومالی‌یە ، کە گوایە ئەوانی مێهلی کردوە و یاسای چاکردنی کشتوکال جی بەجی ئەکا و لە دنیادا لای پێشکەوتنخوازی و شورشگێری و دوژمنایەتی ئیمپریالیزم لی ئەدا ، حزبێکی شیوعی بەشداری لە دەزگاکانیدا کە روژنامەی ئاشکرای هەیە ، پەیوەندی‌دوستانە و باشی لەگەل یەکێتی سوڤیەت و کومەلی گەلی چین هەیە و لەو شوینانەدا کە پروپاگەندە و چاوبەستەیپەرستی ئەکات ، بە پارەی خەلکی عیراق و بە زمانی خویان ، ئەشبریان لە هی شورشگێرانی ڤیتنام و فەلەستینییەکانی فەلەستین دریژ ترە .

● خەباتی ئیستای کورد لە عیراقدا ، هێشتا بە رادەی یەکەم سروشتێکی نەتەوەیی هەیە ، پاراستنی بونی کورد و دوخساری نەتەوەیی خاکی کوردستان و پەیوەندی ناسایی نەتەوەیی و فەرهەنگیەکانی کورد ، کە بە ناو حکومەتی عیراق چ بە دەستور و چ بە قانون و چ لە روژنامەو لە دەستپەیکاندا دانیان پیا ناوە و سەلاندویانە ، لە کاتێکا کە دەولەتەکانی دەور و پشت هەر وەکو پەکیردوە مافە نەتەوەییەکانی کوردیان پی قبول کردوە ، بە ئەشی دانی پیدا نانێن و نایسەلمێنن .

ئەم تایبەتیانەی خەباتی کورد دژی حکومەتێکی بەناو ، پێشکەوتنخواز ، و پەراستنی ، دیکتاتور و رەگەزپەرست و کونەپەرست ، لە عیراقدا کە بە فەرانبی کاربەدەستانی خوێنرێژی بەغدایە ، سەری لە زور لای پێگلاند و تەنانەت لە زور کوردیش تێکداوە بە تایبەتی ئەوانەی باش لە کولونیالیزمی نوی و پەیوەندییەکانی بە حوکمی بەغداوە نەگەیشتون .

گیروگرفتی کورد بە کێ و لە کوێدا چارەسەر ئەگرێت ؟

جیا کردنەوەی راست و دروستی دوست و دوژمن لە یەکتری ، لەسەر ئاستی کوردستان، عیراق ، روژهەلاتی ناوەراست و دنیا ، یەکێکە لە مەرجە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد ، بو ئەوەی کورد لەگەل هیزە دوست و هاوسەنگەر و هاوپەیمانەکانی پەل بگری ، دژی دوژمنەکانی بجەنگێت . ئەمە خوی لە خویا تا ئەندازەیەکی باش ، گیروگرفتی تێگەیشتنی زەرفی دەولی باش و خراپ ، چارەسەر ئەکاتەوە .

کێ بون ئەوانەی کوردستانیان دابەش کرد و نەتەوەی کوردیان لەبەش دابری ؟ کێ بون ئەوانە گەلی کوردیان لە مافی سەربەستی چارەی‌خوێنوسین بەشبراو کرد و کردیانە دیلی دیلان و بونە هوی تالانکردنی سەروەت و سامانی ولاتەکەی و وەستانی دانیشتوەکانی و دواکەوتنی ئابوری و کومەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی کوردو کوردستان ؟ کێ بون لەوانەی بزوتنەوەی

بروانە لاپەرە ٧

پاشماوەی زەرفی دەولی خراپ و ...

شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەم چەرخەی کوردیان لە گۆمی خوێن و فرمێسکدا خنکاندووە ؟ وە کێن ئەوانەی ناکۆ نیشتمانی تایەتی کورد بکا بە ئازادی و بزگاری و چونیەکی و پێشکەوتی ؟

لەمانە گەلانی تورک و فارس و عەرەب و ئاشوری ... بوون ؟ کرێکاران و جوتیاران و زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتانە بوون ؟ دەوڵەتە سۆشیالیستەکان بوون ؟ یاخود ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان و نۆکەرەکانی ئیمپریالیزم بوون ؟

ئەم پرسیارانە هەرکەسە بە پێی چۆنیەتی لێکەیشتنی خۆی لە مەسەلەی کورد و گەلان وە ئەو جیهانبینییەی هەیەتی و ئەو پێوانە سیاسی و ئایدیۆلۆجیانەی بەکاریان دێنێ وەڵامی ئەداتەوە . بۆیە وەڵامەکان جیاوازو لەیەک بەدور ئەبن . هەر وەکو پێشتریش گوترا ئەم تایبەتیانەی خەباتی کورد لە عێراقدا ، بە ئاڕاستەی دوژمنەکانی هەبەتی ؛ یارمەتی سەر لێ تێکچون و سەر لێ تێکدانی زور کەس ئەدا .

بویە بەکێک ، کە ڕەنگە دڵسوزی مەسەلەی کوردیش بێ ، سەبارەت بە جوری بیرکردنەوە و لێکەیشتنی سیاسی و باری جوگرافی کوردستان ، لای وایە ، ئەو کاتە « زەرفی دەولی » باشە بو کورد کە ئەمریکا و ئەندامانی پەیمانی سەنتو و ناتو ... یارمەتی کورد بدەن و پشتیوانی بکەن ، وە تا ئەوان نەبنە دوستی کورد مەسەلەکەی سەرناکەوێت .

هەر لەبەر ئەوە کابرایەکی لەم بابەتە کە ئەوانە مەبدائی هە لئاوردنی گەلانی چەوساوەی ئێران و شۆڕشگێڕانی فارس وئازەری و عەرەب و کورد ... لەوی یاخود شا و ڕژێمی ئێران ، شا و ڕژێمەکەی و سازمانی ئەمنیەت بە دوستی ... ی هەڵئەبژێرێت ئەوگەلانی ئێران .

بەڵام یەکێکی تر کە پێوانەی زانستی بەسەدەستەوەیە ئول ودوور بین وگشت لایی ئەڕوانێتە مەسەلەی گەلەکەی لەو جۆرە چیوە جیاوازێی و دەرلڕیەدا کە تیایەتی ، لای وایە بیلوەرەسی وەوە دەستکەوتنی چەوسێنەرەوە و زۆرداران و کونە پەرستانی دنیا پێکەوە بەستراوە ، وە هەروەها مەسەلەی گەلانی چەوساوە و زوردلێکراویش بە یەکەوە بەندە . ئیمپریالیزمی ئەمریکی بە دوژمنی هەرە گەورەی کورد و گەلانی زوردلێکراوی سەرزەمین ئەزانێ و چاوەڕوانی هیچ یارمەتی و دوستایەتیەکی دەولەتانی چەوسێنەرەوە و کونەپەرست و سەر بە ئیمپریالیزمی وەکو ئێران و تورکیە و ئیسرائیل ناکات . کورد وەکو گەلێکی چەوساوە کە خەبات ئەکات لە پێناوی نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و زولم وزوری چینایەتیدا لە پێناوی پەرەسەندنی مافی سەربەستی بیلوەری حوسوسین و پێشکەوتنی کومەلایەتی و ئابوری و ئەرمەنێکی دا . هاو دەردو هاو مەبەست و هاو ئامانج و هاوریکە و هاو دروشمە لەگەڵ هەمو ئەو گەلانەدا کە لە پێناوی بزگاری و پێشکەوتنا ، دژی چەوسانەوە و زولم و زور و دواکەوتن ، خەبات ئەکەن لە سەرتاسەری دنیادا ، وە ئەوانە بە دوست و هاوپەیمانی ئەزانێ . ئەمە چەوسێنەرەوەکانی نەتەوەکەی خوی و هەمو گەلان لیسر .

گەلان دروستکەرو هێزی بزوێنەری مێژون ، گەلان لێکدەرو ڕوخێنەری ئەوزاعی خراپی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتین . هەر گەلانی دنیا بون لەم چەرخەدا چەندین جار « هاو سەنگی نێوان هێزەکانی » دنیایان تێکداوە و « زەرفی دەولی » خراپیان بە چاک گوڕیوە و بونەتە هوی سەر ئەوزی ئاڵوگورنەوەی لورتوگا سیاسی و ئابوری و جەنگەلسانی دنیا . کوردیش ئەبێ خوی خەبات بکا بو چاک کردنی

پاشماوەی گلۆبلاری ڕێکخستن

گلوبلاری خەباتی سیاسی و جەنگی ، هی ڕێکخستن و سازدان بون .

کوردستانی عێراق ، تا ماوەیەک لەمەوبەر ئەلبەندی گەورەترین بزوتنەوەی چەکداری بو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، ڕێکخراوی سیاسی و پێشمەرگەیی گەورەو فراوانی ئەوتویان تیابو کە خاوەنی سەدانو بگرە هەزاران کادری پێشەیی بو . دیارە دوخێکی وەها جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ دوخی وڵاتیکی وەکو عەرەبستانی سعودی ، مە سقەطا ، بەحرەین و تورکیا وە بگرە پارچەکانی تری کوردستان .

ی.ن.ك لە زەمینەیەکی سیاسی بەمبارە ئەکپاراودا دەستی ئەکردوە بەکارکسردنو پەلهاویشتن . بەڵکو لەسەر قڵاو پەیڕەوی ڕێکخراوە سیاسی و پێشمەرگەییەیە دوخاوەکانی شورشی کوردستانی عێراق دروست بولەوە ؛ کەوەکو گوترا بە دریژایی چواردەساڵ وەیان هەزار کەس تیا بەشداو بون و ڕەنجو قوربانییان تیا داوە . هەر لەبەرئەوە ی.ن.ك لە قوناغی یەکەمی دامەزراندنیا سەبری‌مەسەلەی ئەندامەتی بە جوریکی تر ئەکرد و هەولی ئەدا هەرچی زوترو خێراتر کومەلانی خەڵکی هوشیارو پێشکەوتوو دلسوزو شورشگێڕو لێکۆشەر کوبکاتەوە ، لە ڕێکخراوێکی فراوانی شێوە ـ بەرەیی کە ڕێکەی پێکەوە ژیان وپێکەوە خەباتی پێ ل ئیلار ا ی پێشکەوتوانەی جیاجیای ناو کومەلی کوردستانی تیدا بینێتەوە . بەنیازی زو ڕێکخستنەوەی جەماوەری گەل لە بەرابەر پەلاماری ڕەگەزپەرستانەو فاشیستی گلوبەدەستانی عێراقدا . دژی بەعەرەب کردنی خاکی کوردستانو ئەفرونونا کردنی نەتەوەی کورد ، وەبو هوبژەدان بە خەباتی جەماوەری شورشگێڕانە لە پێناوی عێراقیکی دیموکرات و کوردستانیکی ئوتونومدا .

ی.ن.ك لانی گردنەوەیەکی نوێیە لە خەباتی ڕێکوپێکی کوردایەتی دا . بویە بێ گومان ڕێکخستنەکەشی شێوەی نوێ و تایبەتی خوی ئەخوازێت وقانونو بسپلینەکانی ڕێکخراوێکی شورشگێری ئەچە بەرە بو خوی هەڵئەبژێرێت وەوە دائەمەزرێت .

« بیروی ناوخو و دەولی خراپ » ، ئەو ئەزروفە دەولیەی بە پێچەوانەی پیروپیلانەکەی ڕابەرایەتی خێلەکیەوە نە ئەوسا ئەوەندە خراپ بو ، کە شورشی کوردستانی پێ بروخێنی (لە هەلێکی لەبارودا لەم ڕووەوە ئەدوێین) وە نە ئیستەش ئەوەندە خراپە مەحاڵە لەکەمانێکی بترسێنێ تا سەرلەنو بکا بو ئەو جەنگە لەتورو تونانەی بیدەنگەی گلوبەدەستانی ڕەگەزپەرستی عیراق بەربابان کردوە دژی .

کورد ئەگەر بە لەسای ئیمپریالیزمی ئەمریکی و دەولەتە کونەپەرستە چەوسێنەرەوەکانی ناوچەکە بێت ، پێگرمانی وا « زەروفی دەولی » خرابە و وەکو ڕابەرایەتی خێلەکی ئەیوت : کورد دوستی نیە .

خو ئەگەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردیش بە شێکی لەجیانەبوەوە ئەحالوی خەباتی گەلانی چەوساوە و زوردلێکراوی جیهان بێت ، وە لەسەر ڕێبازی مێژویی خوی بڕوا . وا لەمسار نوردوگا پێشکەوتوەکانی دنیادا لە ناو بزوتنەوەی شورشگێرانە و ڕزگاریخوازانەی گەلاندا ؛ لەناو بزوتنەوەی کرێکاری و پێشکەوتنخوازی نوردوگای وڵاتانی سەرمایەداریدا ، ژمارەیەکی زور دوستی دلسوزو هاوپەیمانی هەبەو ئەبەوریتەوە .

مەسەلەی کورد ، نەبە بڕیارو ڕاسپاردەی ڕێکخراوی ئەتەوە یەکگرتوەکان ، وە نە بە هەی کونفرانسی و پێشکەوتن و کاغی سەرسەر ، وە نە بە هی گرملێن ئەوترێ چارەسەر بکرێ . مەسەلەی کورد ، تەنیا لە ڕێگەی ئەتەوەی کورد خویەوە ، وە لەسەر ئەرزی کوردستان دەبێت چارەسەر کردن بە خەباتی شورشگێرانەی خەڵکی کوردستان بەڕابەرایەتی پارتیەکی پێشڕەوی ڕاپەسلیکە و بو هاو خەباتی لەگەڵ گەلانی عەرەب و تورک و فارس و ئاشوریدا .

پاشماوەی بیروڕای ئازاد

« ڕێکەوتنی عێراق و ئێران » و جاریکی تر « کەشمەرخەی کلاوەکانی پارتی » (١) ..

پەیوەستە ئەو ڕاستییە دانی پیدا بنرێت کە زالکردن و هەلاتنی ڕابەرایەتی شورش ، وە سەرشورکردنی بو ئەو پیلانە ئالوسکاوانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بو کوژاندنەوەی ئاگردانەکانی شورش لە ڕۆژهەڵاتدا و جێگیر کردنی ئارام و ئاسایش ، ڕێکی خستبو ، وە حکومەتەکانی عێراق و ئێران و سەرکردایەتی شورشی تێیەتی بەشێکیان لێ جێبەجێ کرد ، لە بڕی یەکەمدا شورشەکەیان تیکدا .

هوکانی شکستی شورشی کوردستان لە ناو خویدا بو ، نەک لە دەرەوە . هوکانی سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنیشی لە ناو خویدایەتی نەک لە دەرەوە ، لە زەرفی دەولی .. « مڵانم » ، یا لە تێکچون و خراپ بونی پەیوەنی عێراق و ئێراندا .

